# کوردستان

## دوای ئۆپەراسیۆنی مووسڵ و رەققە


■ دیڤید پۆلاك
■ د.جەهانگیر کەرەمی
■ ساڤین-دووگین
■ ئاسگەرۆڤ گاژار
■ بیلگای دوومان
■ د.عەبدوڵلا قران
■ د.هاشم محەممەد
■ د.ئەنوەر عیشقی
■ ئەردەشێر پەشەنگ
■ د.عوسمان عەلی
■ مامەند رۆژە
■ ئەلکساندر دووگین
■ د. سێس جەی فرانتزمان
■ عەبدولرەحمان کەریم دەروێش
■ کامەران محەممەد
■ زریان رۆژهەڵاتی
■ شنۆ عوسمان
■ د.عەبدوڵلا شمەری
■ د.عاید مەنناع
■ کەریم رەشید
■ د.دەنیز چیفچی
■ فەرحان مەتەر

د.سالار کەسرایی



ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو
Rudaw Research Centre

# کوردستان

## دوای ئۆپەراسیۆنی مووسڵ و ڕەققە

ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو

2017

# کوردستان
# دوای ئۆپەراسیۆنی مووسڵ و رەققە


- ديڤيد پۆلاك
- د.جەهانگیر کەرەمی
- ساڤین-دووگین
- ئاسگەرۆڤ گاژار
- بیلگای دوومان
- د.عەبدوڵڵا قران
- د.هاشم محەممەد
- د.ئەنوەر عیشقی
- ئەردەشێر پەشەنگ
- د.عوسمان عەلی
- مامەند رۆژە
- ئەلکساندر دووگین
- د. سێس جەی فرانتزمان
- عەبدولرەحمان کەریم دەروێش
- کامەران محەممەد
- زریان رۆژهەڵاتی
- شنۆ عوسمان
- د.عەبدوڵڵا شمەری
- د.عاید مەنناع
- کەریم رەشید
- د.دەنیز چیفچی
- فەرحان مەتەر

د.سالار کەسرایی

ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو
Rudaw Research Centre

چاپی یەکەم
2717 ـی کوردی - 2017 ـی زایینی
ResearchCentre@rudaw.net
ناونیشان: هەولێر - باشووری کوردستان
چاپی یەکەم: ئازاری 2017
کتێبی ژمارە: 3
دیزاین: بەختیار مستەفا

هەموو مافەکانی ئەو پەرتووکە پارێزراوە بۆ ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو، هەموو جۆرە لەبەرگرتنەوەو بەکارهێنانەوەیەکی قەدەخەیە.

ژمارەی سپاردنی لە کتێبخانەی گشتی هەرێمی کوردستان (            ) ی بۆ تەرخانکراوە

چاپخانەی کوردستان - سلێمانی
تیراژ: 1000 دانە

# نێوەڕۆك


کوردستان دوای ئۆپەراسیۆنی مووسڵ رەققە ........................ ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو 12

نەتەوە و دەوڵەتێکی تازە ........................................ ئاکۆ محەممەد 15

**بەشی یەکەم : کوردستان و ستراتیژییەکانی نەهێشتنی داعش** 19

- کوردستان و رۆژهەڵاتی نێوەڕاستی گەورە .................................. ئەلکساندر دووگین 20
- نیۆتیرۆریزم و رۆژهەڵاتی نێوەڕاستی گەورە .................................. لیۆنید ساڤین 30
- سیاسەتی رووسیا لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست دیاردەی داعش ..................... د.جەهانگیر کەرەمی 57
- پێگەی کورد لە ستراتیژی رووسیا لە دژی داعش .................................. ئاسگەرۆڤ گاژار 78
- کورد لەبەرامبەر داعش: هاوپەیمانەکانی ناتۆ .................................. دیڤید پۆلاك 94
- پرۆژەی راڕەوی کوردی و چەتری ئەتڵەسی .................................. مامەند رۆژە 106
- رۆڵی کورد لە تێکۆشانی تورکیا بەرامبەر تیرۆر .................................. بیلگای دوومان 122
- تورکیا، داعش و دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی .................................. د.عەبدوڵڵا قران 130
- ستراتیژی ئێرانی: جەنگی کورد دژ بە داعش .................................. د.هاشم محەمەد 171

**بەشی دووەم: کوردستان و لێکەوتە ستراتیژییەکانی ئۆپەراسیۆنی موسڵ - رەققە** 190

**1 -دەروازە**

- شەڕی موسڵ و رەققە و رەنگدانەوەی 192
  بە سەر ئاییندەی عێراق و سووریاوە .................................. د.ئەنوەر عیشقی
- بووژانەوەی کورد بەهۆی داعش و 207
  قەیران لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست.................................. ئەردەشێر پەشەنگ
- ئایندەی کورد پاش شەڕی رەققە و موسڵ .................................. د.عوسمان عەلی 219

**2 -کورد و ئۆپەراسیۆنی موسڵ** 343

- روانگەی کورد و شەڕی موسڵ .................................. د. سێس جەی فرانتزمان 344

- کاریگەری ئۆپەراسیۆنی موسڵ لەسەر
هەرێمی کوردستان ......................................... عەبدولڕەحمان کەریم دەروێش 258
- موسڵی دوای داعش و
ئاسایشی هەرێمی کوردستان ......................................... کامەران محەممەد 296
-کەوانەی ئەمنی کوردستان لە دەوری موسڵ ......................................... زریان رۆژهەڵاتی 312
- داعش و دیمۆگرافیای هەرێمی کوردستان ......................................... شنۆ عوسمان 326
- تێڕوانینێك لە دواڕۆژی هەرێمی سوننە لە عێراق ......................................... د.عەبدوڵڵا شمەری 343
- کورد و خەونی نیشتمانی نەتەوەیی ......................................... د.عاید مەنناع 347
- کاریگەریی میلیشیا شیعەکان لەسەر فۆرمی
داهاتووی دەوڵەتی عێراقی ......................................... کاردۆ کەریم رەشید 351

**بەشی سێیەم: ئۆپەراسیۆنی رەققە** 366
- رەققە و خەونی رزگاربوون ......................................... فەرحان مەتەر 367
- بەشداری کوردانی تورکیا لە خەباتی رۆژئاوا ......................................... د.دەنیز چیفچی 375
- **پاشکۆ:** شیکردنەوەیەکی کۆمەڵناسانەی دیاردەی داعش ......................................... د.سالار کەسرایی 389

# کوردستان
# دوای ئۆپەراسیۆنی مووسڵ رەققە

تینـك تانكـەكان ئەمـڕۆ رۆڵیكـی بێوێنەیـان لـە پێشـبینی، سیناریۆسـازی، شرۆڤەكردنـی پێشـهاتە گرنگەكانـی ئەمـڕۆ و سـبەرۆژدا هەیـە. بەوشـێوەیەش رۆڵێكی بەرچاویان سـەبارەت هاوكاریكردنـی ناوەندەكانـی بڕیارسـازی بـۆ جڵەوكردنـی سـەرچاوە جۆربەجۆرەكانـی هەڕەشـە هەیـە كـە لەنێویانـدا هەڕەشەكانی»ئاسایشـی نیشـتمانی» لەپێشـی پێشـەوە دێـن. لەمـڕوەوە رووداو وەك قەڵەمبازێـك لـە میدیـاو میدیاڤانـی كوردیـدا، شـەقڵی بەسـەر بەشـێكی گرنـگ لـە رۆشـنگەری و ئاراسـتەكردنی رای گشـتیدا هەیـە. ناوەنـدی لێكۆڵینـەوەی رووداویـش وەك نۆبـەرەی تینـك تانكـی ئـەم راگەیاندنـە، لەبەهـاری ئەمساڵەوە پێـی ناوەتە نێـو گۆرەپانـی دەزگاكانـی بەرهەمهێنانـی هـزری سـتراتیژییەوە.

پـڕۆژەی (كوردسـتان لـەدوای ئۆپەراسـیۆنی مووسـڵ – رەققـە) پـڕۆژەی دووەم كۆنفرانسـی ناوەنـدی لێكۆڵینـەوەی رووداوە كـە بەشـێوەیەكی سرووشـتی رێـك لەگـەڵ پرۆسـەی ئۆپەراسـیۆنەكانی مووسـڵدا هـاوكات ئەنجامـدرا . ئـەم پڕۆژەیـەش بەمەبەسـتی خوێندنەوەی رەهەندە جۆربەجۆرەكانی ئۆپەراسـیۆنی مووسـڵ – رەققە و لێكەوتە سـتراتیژییەكانی لەسـەر ئاینـدەی كوردسـتان رێكدەخرێـت. لـەڕووی میتۆدیشـەوە هەوڵنادرێـت خوێندنـەوەكان بـۆ سـتراتیژییەكانی نەهێشـتنی داعـش تەنیـا لـە دیدێكـی كوردییـەوە ئەنجامبدرێـت ، بەڵكـو هەوڵـدراوە بـە بەشـداری ژمارەیەك پسـپۆڕی سـتراتیژی لە وڵاتانـی جۆربەجـۆرەوە و لەدیدی بەرژەوەندییـە جیۆسیاسـییەكانی ئـەو وڵاتانـەوە پێگـەی كوردسـتان لـە سـتراتیژییەكانی دوای ئۆپەراسـیۆنی مووسـڵ - رەققـەدا بخوێنرێتـەوە.

داعـش یەكێـك لـە وەرگۆڕانـە جیۆسیاسـییەكانی رۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـتە كـە بەپلـەی یەكـەم كاریگـەری لەسـەر هەرێمـی كوردسـتان دانـاوە. داعـش بەپێـی ئـەو ئەدەبیاتـەی بـۆ گرتنـی باشـووری كوردسـتان خسـتوویەتیەڕوو، كوردسـتانی لـەدوای سـووریاو عێـراق بـە ویلایەتـی

سـێیەمی خەلافـەت ناوبـردووە. ئـەم کوردسـتانەی کـەوا داعـش داوای دەکات سەرانسـەری پارچەکانـی کوردسـتان دەگرێتـەوەو بگـرە کەرتـی باکـووری کەنداویـش لەخۆدەگرێـت. ئەمـەش دیاردەیەکـی جیۆسیاسـییە کـەوا پێگەی کوردسـتان لەدیدی داعشـەوە پیشـاندەدات. بۆیـە داعـش یەکەمجـار لـەدوای مووسـڵ لـە کوردسـتانەوە دەسـتی بـە پیادەکردنـی پـڕۆژە داگیرکارییەکـەی کـردو هـەر لـە کوردستانیشـەوە بـۆ یەکەمجـار زەنگـی تێکشـکاندن و نەهیشـتنی لێـدرا!

پەلامـاری داعـش وەنەبـێ تەنیـا گرفـت و هەڕەشـەی بـۆ کوردسـتان خوڵقاندبـێ، داعـش بـەو هێرشـەی زۆر هەلودەرفەتـی مێژوویـی زێڕینیشـی بـۆ کوردسـتان دەسـتەبەرکردووە. کارەسـاتی شـنگال و بەرخۆدانـی کۆبانـێ ، وێنـەی زۆر تراژیدییـان هەبـوو، بـەڵام ئـەم هێرشـە دۆزی کـوردی کـردە دۆزێکـی نێونەتەوەیـی و نێودەوڵەتـی . هەروەهـا جێیەکـی دەگەمەنـی لەنێـو سـتراتیژییە جیهانییەکانـی نەهێشـتنی تیـرۆردا بـۆ جووڵانەوەی کوردسـتان کـردەوە. سـەرهەڵدانی داعـش پێگـەی کوردسـتانی لـە سـتراتیژییەکانی قەڵاچۆکردنـی داعشـدا تۆکمەکـردووەو زۆر دەرفەتـی تازەشـی لەبـەردەم هێزە کوردسـتانییەکان راخسـتووە کـە ئەگـەری ئـەوەی لێدەکرێـت ئەگـەر کـورد ئامادەبـێ و دۆسـیەی ناوخۆیـی خـۆی رێکبخاتـەوە، ببێـتە هـۆی قەڵەمبـازی سـتراتیژی یەکلاییکـەرەوە.

لەوەتـی مووسـڵ وەك پایتەختـی عێراقـی داعـش بووەتە مەڵبەنـدی بەرهەمهێنانی هەڕەشـە بـۆ هەرێمـی کوردسـتان، دۆخێکـی ئاوارتـە لـە ناوچەکـە هاتووەتەکایـەوە. بۆیـە ئـەوەی بـۆ ستراتیژیسـتەکان و تەنانـەت ناوەندەکانـی تینـك تانـك و ناوەندەکانـی بڕیارسـازی گرنگـە، خـودی سـتراتیژیەتی نەهێشـتنی داعـش نییـە، چونکـە بەپێـی زۆربـەی پێشـبینییەکان و بەپێـی ئەزموونـەکان لـەدژی داعـش لـە ناوچەکانـی دیکـەی کوردسـتان و عێـراق، داعـش شکسـتدەهێنێ و چیدیکـە وەك دەوڵەتێکـی تیـرۆرکاری بوونـی نابێـت، بەڵکـو ئـەوەی گرنگـە پێگـەی مووسـڵ لەپـاش داعشـە کـە ئەگـەری زۆر ئەوەیـە گرێژەنـەی هێـزەکان و هاوسـەنگی بـاوی ناوچەکـە تێکبـدات.

ئۆپەراسـیۆنی موسـڵ یەکێـك لـە رووداوە گەورەکانـی ئـەم چەرخەیـە کـە لەپـاش خـۆی، دوو رەهەنـد دەخاتـەوە: یـان ئـەم ئۆپەراسـیۆنە دەبێتـە سـەرەتایەك بـۆ گۆڕینـی دیـدی سـتراتیژی هێـزە ناکۆکـەکان و تیڕوانیـن و بیرکردنـەوەی دەمارگیـری فراوانخوازییـان بەرامبەر یەکـتری دەگـۆڕن و قۆناخێکـی نـوێ لـە پەیوەندییەکانیـان دەسـتپێدەکەن و هاوکێشـەکانی ئـەم ناوچەیـە دەگـۆڕن کـە ئەمەیـش سـەردەمێکی ئارامـی و ئاشـتەوایی لێدەکەوێتـەوە، یاخـود دەبێـتە سـەرەتایەك بـۆ تەنگـژەی گەورەتـر کـە رەهەنـدی ناوخۆیـی، ناوچەیـی و سـەروناوچەیی تێکدەئاڵێنـێ و سـووتماکێکی گـەورە دەخاتـەوە کـە شـوێنەوارەکانی بـۆ

ماوەیەکی درێـژ بەردەوامدەبێـت و دوو – سێ وەچـەی دیکـەش تاوەکـو چەنـد دەیەیەکـی دیکـە باجـی ئـەم رۆژانـە دەبژێـرن! بۆیـە کۆنفرانسـی کوردسـتان لـەدوای ئۆپەراسـیۆنی مووسـڵ – رەققـە هەولێکـی بەراییـە بـۆ پێشـبینیکردنی سـیناریۆ ئایندەییەکانـی دوای داعش کـە پەیوەندییـان بـە چارەنوسـی هەرێمـی کوردسـتانەوە هەیـە.

(ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو)
19 ئۆکتۆبەری 2016

له جیاتی پێشەكی

# نەتەوە و دەوڵەتێكی تازە

**ئاكۆ محەممەد**
بەڕێوەبەری گشتیی تۆڕی میدیایی رووداو

شەڕە گەورەكان ئەنجامی سیاسی گەورە بەدوای خۆیاندا دێنن . شەڕی رووخاندنی رژێمی سەددام ، شەڕی رێكخراوی قاعیدە و دەستەخوشكەكانی ، راپەڕینەكانی «بەهاری عەرەبی» و دواتریش شەڕی رێكخراوی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) ، لێكەوتەی گەورەی هەبووەو ئەنجامی دیكەشی دەبن .
یەكێك لە ئەنجامەكانی ئەو ململانێ و شەڕانە ، دروستبوونی نەتەوەیەكی ئایینزایی تازەیە بەناوی « نەتەوەی شیعە»، ئەو نەتەوەیە بەشێوەیەكی راستەقینە دروستبووە ، بەڵام هیچ لایەك لەبەر هەندێ بەرژەوەندی و هەستیاری نایەوێت باسی بكات یاخود پێیانوایە دیاردەیەكی كاتی دەبێت .
«نەتەوەی شیعە» رایەڵە و تایبەتمەندییەكانی زۆر زیاتربوونە لەپێشتر ، جیاوازییەكانی لەگەڵ سوننەشدا ئەوەندە زۆربووە ، كە عەرەبێكی شیعە لەگەڵ عەرەبێكی سوننەدا، بەهیچ شێوەیەك هەست بەوەندە نزیكایەتییە ناكات كە لەگەڵ فارسێكی شیعەدا هەیەتی. ئەوە سەبارەت بە عێراق ، سووریا ، بەحرێن ، یەمەن ، سعودیە و پاكستان و هەموو وڵاتانی دیكە راستە .
چەكەرەكردن و دروستبوونی ئەو نەتەوەیە شەڕێكی گەورەی دروستكردووە لە ناوچەكەدا ، ململانێیەكی سیاسی و جوگرافی تازەی هێناوەتە كایەوە، كە زۆر سەختە بەبێ دروستبوونی نەخشەی تازە لە ناوچەكەدا ئەو شەڕە كۆتایی بێت. بەشی هەرە زۆری ئەو ئاڵۆزیەی لە ناوچەكەدا هەیە بەهۆی ململانێی ئەو نەتەوە تازەیە و بەرپەرچدانەوەی دەوروبەرە بەرامبەر دروستبوونی .

سـنوورەکانی سـایکس – پیکـۆ و دەوڵەتەکانـی لـە دروسـتکردنی ناسـنامەی نیشـتمانیدا شکسـتیان هێنـا . ئێسـتاش کـە ململانـێ و شـەڕێکی ناوخۆیـی کەوتووەتـە نێوخـۆی زۆر لـەو وڵاتانـەوە ، مانـەوەی زۆر لـەو دەوڵەتانـە بـەو سـنوور و سیسـتەمانەی ئێسـتایانەوە زۆر ئەسـتەمبووە .

لـە سـەدەی بیسـتەم دا ، کێشـەی کوردسـتان و کێشـەی فەلەسـتین گەورەتریـن کێشـەی ناوچەکـە بـوون ، هەردووکیشـیان کێشـەی نیشـتمانی و نەتەوەیـی بـوون ، ئـەو دوو کێشـەیە مایـەی ناسـەقامگیرییەکی زۆر گەورەبـوون ، هەرچەنـدە کێشـەی نەتـەوە لێـك جیـاوازە مێژوویيـەکان و تاڕادەیەکیـش سـنوور دیـارەکان بـوو. ئێسـتا کێشـەی ئایینزایـی (مذهبـي) ئەوەنـدە گەورەتـر دەرکەوتـووە لـە ناوچەکـەدا ، خەریکـە ئـەو دوو کێشـەیە گەورەیـەی ناوچەکـە لەبەرچـاو ونده‌کـەن . کێشـەی ئایینزایـی ململانـێ و شـەڕێکی ناوخۆیـی زۆر مەترسـیداری دروسـتکردووە ، شـەڕەکە وەك شـەڕی نەتەوەیـی ، شـەڕی دوو نەتـەوەو دوو جوگرافیـا نییـە ، بەڵکـو شـەڕەکان کەوتوونەتـە نێـو شـار و گەڕەکەکانـەوە ، لـە وڵاتێکـدا کـە شـەڕی ئایینزایـی بـە نەتەوەبـوو تێیـدا دروسـتبووبێت ، ئـارام و خۆشـگوزەران مانـەوەی دانیشـتووانی بـە تـەواوی ئەسـتەمە، تەنانـەت ڕەوایـی هێشـتنەوەی نەتـەوە جیاوازەکانیـش تێیـدا هێشـتا لاواز دەبێـت .

کێشـەی دابەشـکردن و کۆلۆنیالیکردنـی کوردسـتان ناوچەکـەی لەشـەڕێکەوە ڕاکێشـاوە بـۆ شـەڕێکی دیکـە لەناوخـۆی دەوڵەتـە تـازە درسـتکراوەکانی ناوچەکـە و تەنانـەت لەنێـوان دەوڵەتانـی ناوچەکەشـدا ، بـەڵام شـەڕی دروسـتبوونی نەتـەوەی تـازە «نەتـەوەی شـیعە» ، هەمـوو ناوچەکـەی خسـتووەتە شـەڕێکی گـەورەوە . ئـەو ململانـێ و شـەڕەی ئێسـتا ، ژینگەیەکـی لەبـارە بـۆ دروسـتبوونی ئـەو ڕێکخراوانـەی کـە سـەقامگیری هەمـوو جیهـان تێکـدەدەن ، بەرچاوتریـن نموونـەش دروسـتبوونی ڕێکخـراوی داعشـە . هـۆی سـەرەکی دروسـتبوونی ڕێکخـراوی داعـش لـە عێـراق و سـووریا ، ناکۆکـی و ململانێـی شـیعە و سـوننە بـوو . ڕاسـتریش بڵێیـن بەهـۆی چەوساندنەوەی سیسـتماکی شـیعەبوو بەسـەر سـوننەوە ، کـە بێگومـان پێـش ڕووخاندنـی ڕژێمـی سـەددام وێنەکـە پێچەوانەبـوو لەعێراقـدا .

ئێسـتا بەغـدا بـۆ عەرەبـی سـوننە ناسـنامەیەکی دیکـەی هەیـە . ئـەو بەغدایـەی پێـش 2003 ، بەگشـتی 40%ی سـوننە بـوو ، ئێسـتا بەپێـی لێکدانـەوە دیمۆگرافـی و ئاینزاییـەکان تەنیـا 15%ی دانیشـتوانەکەی سـوننەیە . ئـەوە بەکارکردنێکـی سیسـتەماتیك گـۆڕاوە . ئـەو کار لەسـەرکردنە سیسـتماتیکییە لـە پارێـزگای سـامەڕا و پارێـزگا سوننەنشینەکانیشـدا دەبینرێـت ، ئێسـتاش هەڵمەتـی بەشـیعەکردن لەپارێـزگای نەینـەوا دەسـتپێکردووە .

هێنانـی دروشـمە شـیعەییەکان لەلایـەن سـوپای عێـراق ، هاتنـی گرووپـە شـیعییەکان بـە دروشـمەکانیانەوە بەهیـچ شـێوەیەك ، شـەڕی موسـڵ لـە چوارچێوەیەکـی عێراقیـدا ناهێڵێتـەوە ، بەڵکـو چوارچێوەیەکـی هەرێمیـی پێدەبەخشـێت . هەوڵەکانـی گرتنـی شـاری موسـڵ لەلایـەن شـیعەکانەوە ، لەسـەردەمی سـەفەویەکاندا چەنـد جـار دووبارەبووەتـەوە ، بـۆ بەیەکەوەبەسـتنەوەی ئێـران لەگـەڵ حەلـەب و دیمەشـق . ئێسـتاش ئـەو هەوڵـە، رووبـەڕووی سـەرەتاکانی ململانێیەکـی تورکـی – ئێرانـی بووەتـەوە، کـە عێـراق و سـووریا لەپشـتەوەی ئێرانـن و ، دەوڵەتـە عەرەبییەکانـی کەنداویـش لەپشـت تورکیـاوە وەسـتاون . هـاوکات لەگـەڵ ئـەو ململانێیـەدا ، بەکارهێنانـی کارتـی کەمینـەکان لەنێـو سـنوور و لەسـەر سـنووری باشـووری کوردسـتان ، هەنگاوێکـە بـۆ گێچەڵپێفرشـتنێکی بـەردەوام بـە کوردسـتان لەلایـەن دەسـەڵاتدارانی بەغـداوە . کوردسـتان بـە مێژووەکـەی لەگـەڵ کریسـتیان و تورکمانـەکان ، هەروەهـا بەیەکنەتەوەییەکـەی لەگـەڵ کوردانـی ئێـزدی ، دەتوانـێ بەئاسـانی رێگـە لـەو هەنـگاوە بگرێـت ، بـەڵام بـە هەنـگاوی فراوانـتر و بەهێزتـر لەوانـەی ئێسـتای. هەروەهـا ئـەو هەنـگاوەی دەسـەڵاتدارە شـیعەکانی بەغـدا ، لەلایـەن هێـزە هەرێمییەکانیشـەوە مایـەی پەسـەندکردن نییـە ، بەهـۆی ئـەو ململانـێ ئایینزاییـە هەرێمییـەی لـە ناوچەکـەدا دروسـتبووە .

دروسـتبوونی «دەوڵەتـی کوردسـتان» ئێسـتا لەوبەشـەی کوردسـتاندا کـە خراوەتـە نێـو دەوڵەتـی عێراقـەوە ، باشـترین رێگەچارەیـە بـۆ رێگەگرتـن لـە فراوانتربوونـی شـەڕی ئـەو نەتـەوە تازەیـە «نەتـەوەی شـیعە» لـە ناوچەکـەدا ، کـە لەئەنجامـدا هەمـوو جیهانیـش کەوتووەتـە ناسـەقامگیرییەکی زۆرەوە . دروسـتبوونی دەوڵەتـی کوردسـتان هەمـوو رێگەکانـی هەناسـەدان و بەسـتنەوە بـۆ سـوننەکانی ناوچەکـە دەڕەخسـێنێ ، هەروەهـا شـەڕێکی نەبـڕاوەش لـە کـۆڵ « نەتـەوەی شـیعە « دەکاتـەوە .

ئەگـەر دەوڵەتـی تـازە « دەوڵەتـی کوردسـتان» درێژبێتـەوە بـۆ رۆژئـاوای کوردسـتان کـە لـە ئەنجامـی دابەشـکاریی سـایکس – پیکـۆدا خرایـە سـەر سـووریا ، هێڵـی ئارامییەکـە زیاتریش دەبێـت . زۆر بەئاسـانیش لـە ئەنجامـی رێککەوتنێکـی ناوچەییـدا دەکرێـت هەمـوو مەترسـییەکانی تورکیـاش سـەبارەت بـە رۆژئـاوای کوردسـتان بڕەوێندرێنـەوە و بەکـردەوەش گرەنتـی تـەواوی دەسـتکەوێت .

دروسـتبوونی ئـەو دەوڵەتـە تازەیـە ، دروسـتکردنەوەیەکی زۆر باشـتری رێگەکانـی گواسـتنەوەی نـەوت و غـاز دەبێـت بـۆ ئەوروپـا ، لـە بەرژەوەنـدی وڵاتانـی کەنداویشـدا . بەرژەوەندییـەکان لـە رێککەوتـن و قبوڵکردنـی ئـەو گۆڕانکاریانـەدان کـە لـە ناوچەکـەدا دروسـتبوونە . لـە ئەنجامـی دابەشـکارییە هەڵەکـەی سـایکس – پیکـۆ ، نەبوونـی روانگـەی

ناسنامەسازی ، نەبوونی یەکسانی و دروستبوونی جیاوازییەکی قوڵی کولتووری و کۆمەڵایەتی لەنێوخۆی دەوڵەتان و لەنێوان دەوڵەتانی سایکس - پیکۆدا ، ئەو نەخشەیە لە ناوچەکەدا هەر مایەی کوشتن و وێرانکاری و جیاوازی قووڵتر دەبێت .
بەهۆی نەبوونی ناسەقامگیرییەوە ، ئەو ناوچەیە سەرەڕای بوون و فرۆشتنی ئەو هەموو سامانە ژێر زەویەی، هێشتا لە دۆخێکی زۆر خراپدا دەژیت ، ئێستا بە رێککەوتن لەسەر هۆکارەکانی دروستکردنی سەقامگیری دەتوانێ سوود لە سامانە ماوەکانی وەربگرێت و دوارۆژێکی بێ شەڕ و گرەنتیکراو بۆ خۆی دابین بکات . شەڕی موسڵ و رەققە ، وەك دوو شەڕی سەربازیی رووت، شەڕی دیکە بەدوای خۆیاندا دێنن . زانایی و دانایی جەنگاوەران هەمیشە لەوەدابووە کە بیرێکی زۆرتریان لە دوای شەڕەکان کردووەتەوە . ئێستاش بۆ ئەوەی ئەو شەڕ و وێرانکاریانە دووبارە نەبنەوە ، دەبێ بیر لە چارەسەرە بنەڕەتییەکان بکرێتەوە . لێکۆلینڤانە بەشدارەکانی ئەو کتێبە روانگەی جیاواز دەخەنەڕوو سەبارەت بە کێشەکان ، بەڵام هەموویان لەسەر ئەوە کۆکن ، کە دەبێ بە چاوێکی وشیارانەی چارەسەرخوازییەوە تەماشای دوای شەڕی موسڵ و رەققە بکرێت . هەمووشیان نووسیوویانە و دەزانن ، ئارامی ناوچەکە لە چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوەیی و ئایینزایی ناوچەکەدایە ، ئەوە بە داشکردنەوەیەکی تازە و سیستەمی گونجاو بەدیدێت .
بەهێزی دەوڵەتان لە دەوڵەتی گەورەدا نییە ، بەهێزی دەوڵەتان لە سەقامگیری ، یەکگرتوویی کۆمەڵگەیی و ئابوورییەکی گەشاوەدایە . ئەو دەوڵەتانەی خاوەن ئابووری گەشاوەن ، نەتەوەکانیان یەکگرتووترن ، بەڵام گەشانەوەی ئابووری پێش هەموو شت پەیوەستە بە ئارامی ناوخۆییەوە

## بەشی یەکەم

# کوردستان و ستراتیژییەکانی نەهێشتنی داعش

# کوردستان و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی گەورە

**ئەلیکساندەر گێلیڤیچ دووگین**
زانای سیاسی رووسی و راوێژکاری ڤلادیمیرپۆتن سەرۆکی روسیا

لـه سـەرەتادا ئـەوەی پێویسـته گرنگـی پێبدەیـن و لێیوردبینـەوە ناسـنامەی کوردانـە. لـە جیهانـی ئەمـڕۆدا کۆمەڵـە مۆدیلێکـی ئاڵۆز بۆ پێناسـەکردنی جیـاوازی نێوان چەمکـی نەتەوە و گـەل هەیـە. گـەل چەمکێکـی سیاسـییە، بـەڵام نەتـەوە مێژووییـە. هەمـوو نەتەوەیـەك نابـێ بـە گـەل، هـەروەك چـۆن هەمـوو گەلێـك لـە نەتەوەیەکـی تایبـەت پێکنایێـت. بـۆ نموونـە لـە بەلجیـکا، چەندیـن نەتـەوەی جیـاوازی وەك فلامینگـس و وەڵێنـس دەژیـن کـە هەریەکێکیـان نوێنەرایەتـی کۆمەڵـە ئەتنۆسـێکی جیـاواز دەکـەن و بەیەکـەوە گەلـی بەلجیکایـان پێکهێنـاوە، بـەڵام قەوارەیەکـی سیاسـی لەنێـو وڵاتێکـدا کـۆی کردوونەتـەوە. کوردیـش هـەن و گومـان لـە نەتـەوە بوونیـان ناکرێـت. زۆر گرنگـە ئـەوە بزانیـن کـە لـە بیرۆکـەی کولتـووری پێکەوەبوونـدا، بێگوێدانـە ئـەوەی کـە ئایـا لـە تورکیـا، سـووریا، عێـراق یـان لـە ئێـران دەژیـن، ئـەوان وەك پێکهاتەیەکـی تەبـا و یەکگرتـوو دەردەکـەون. دووپاتیدەکەمـەوە کـە گومـان لـە نەتەوەبووونـی کـورد نییـە و لـەو چوارچێوەیەشـدا پێویسـتە هەمـوو ئـەو دەوڵەتانـەی کـە کوردیـان تێـدا دەژی، دان بـە نەتـەوەی کـوردا بنێـن.

مـن دەمـەوێ لـە دیاریکـردن و دەستنیشـانکردنی مانـای نەتـەوەدا، ئـەو چەمکـەی کـە خـۆم لـە پەرتووکەکانمـدا بـەکارم هێنـاوە، باسبکەم. نەتـەوە کۆمەڵـە خەڵکێکـن کـە قەدەرێکـی مێژوویـی بەیەکـەوە کـۆی کردوونەتـەوە و یەکیانگرتـووە. یەکبوونـی ڕەگـی ئەتنۆسـی یاخـود هاوئاینـی گـەلان ناکاتـە نەتـەوە، بـەڵام قـەدەر دەیانکاتـە نەتـەوە. بـە دڵنیاییـەوە،

زمـان و کولتـوور لەوبارەیـەوە ڕۆڵێکـی گرنـگ دەگێـڕن، بـەڵام مێـژوو لـەلای خـۆی هەمـوو شــتەکان دادەپۆشــێت. خەڵــك لەبــەر هۆکارێکــی مێژوویــی بــە زمانێــك قســە دەکــەن و زمانێکیـتر بـەکار ناهێنـن. بەدڵنیاییـەوە کـورد نەتـەوەن، پێکـەوە گرێـدراوی چارەنووسـێکی مێژوویی،کولتـووری و زمانیـی هاوبەشـن.

لـە پێکهاتـەی ناسـنامەی کوردیـدا مـن هەسـتم بـە شـتێکی سـەرنجڕاکێش کـرد: ئەویـش ئەوەیـە کـە ئێزدییـەکان زۆر بـە قوڵـی هەسـت بـە ناسـنامەی کـوردی خۆیـان دەکـەن و کاری لەســەر دەکــەن. ئێزدییــەکان لەنێــو کــورددا کەمینــەن، بــەڵام ئــەوان پێناســە یاخــود نوێنەرایەتـی دڵ و شـێوازی نەتـەوەی کـورد دەکـەن. ئێزدییـەکان بـە تەنیـا بریتـی نیـن لـە چالاکتریـن کـورد، بەڵکـو هەمـوو ئـەو کوردانـەی دیکـەش کـە هەوڵـی بـە دەسـتهێنانی ناسـنامەی تەواویـی کـوردی و تایبەتمەندییـە رەسـەنەکانی خۆیـان دەدەن بەهەمـان شـێوە سـەیردەکرێن .

مـن حەزدەکەم سـەرنج بدەمـە نادادپـەروەری شـوێنکەوتووانی گرووپە ئایینییـە جیاوازەکانی نێـو کـوردان بـۆ لای سـەنتەری ناسـنامەی کوردی .

بـە بـڕوای مـن ئێزدییـەکان گەوهـەری ناسـنامەی کوردیـن. چونکـە ئـەوان جێبەجێـکار و پارێــزەری ئــەو شــتەن کــە دەتوانرێــت بــە "ڕەمــزی کــوردی" ناوبنرێــت . ئایینــی ئیســلام شـوێنکەوتووانی خـۆی لـە سرووشـت و گەوهـەری کـوردەواری دوورخسـتووەتەوە و زیاتـر و ئاسـانتر ئاوێتـەی کۆمەڵگەکانـی دیکـەی کـردووە.

بەگوێـرەی بیروباوەڕێـك، کـورد مێژوویەکـی یەکگرتوویان هەیـە. لە هەمانکاتدا نیشـانیانداوە کـە خەڵکێـك دەتوانـێ بەبـێ دەوڵەتیـش هەبـن یـان بەشـێك نەبـن لـەو گەلـەی کـە مـاوەی ســەدان ساڵیشــە لەنێویــدا دەژیــن. گــەل - تێگەیشــتنێکی سیاســی ســەردەمیی نوێیــە. پێکهاتـەی دەوڵەتـی نەتەوەیـی لـە ئەوروپـا بـووە شـێوازێکی تایبەتـی سیاسـی و ئـەوەش تەنیـا لـە سـەردەمی ریفۆرمـی سـەدەی شـانزدەیەمدا سـەریهەڵدا.

کاتێـك دەوڵەتـی فرەنەتەوەیـی لـە ئەورووپـا دروسـتبوون، ئـەوان بیرۆکـەی نەتەوەیـان ڕەتکــردەوە. لەجیاتــی ئــەوەش گەلیــان وەك کۆمەڵگەیــەك پێناســە دەکــرد کــە تێیــدا هاووڵاتیبـوون گرنگـە نـەك نەتـەوە. هەمـوو نیشـانەکانی دیکـەی داوونەریتـی نەتـەوەی زۆرینــەش بەســەر ئەوانیدیکەشــدا ڕەنگیدایــەوە.

ئەگــەر لەنێــو داوونەریتــی خێڵەکــی کۆمەڵگەکانــدا خەڵــك بــەو زمانــەی کــە دەیانــەوێ قســەدەکەن، ئــەوە لەنێــو میللەتــدا یاخــود گەلــدا دەبــێ بــەو زمانــە قســەبکەن کــە دەستنیشـانکراوە یاخـود لەنێـو کۆمەڵگـەدا زمانـی زۆرینەیـە. یـەك مۆدێلیـی بـۆ هەمـوو

کۆمەڵگە بەدەردەکەوێت. لەوکاتەدا بەشێوەیەکی ئاسایی لە هەموو زیاتر جیاوازییەکە لە نەریتدا دەردەکەوێت .

لەبەرئەوە، سیاسەتی نەتەوەیی وەك دیاردەیەکی بوورژوازی دەردەکەوێت.

پرسی کورد ئێستا پرسێکی واقعییە و هەیە. ئێستا کورد لەپێناو دەستەبەرکردنی مافەکانی و بۆ دروستکردنی کیانێك لە هەوڵی وەرگرتنی ئەزموونی نەتەوەکانی دیکەی وەك وڵاتانی عەرەبی یان تورکیا دایە. هەروەها لە هەوڵی بەرزکردنەوەی دەنگی دامەزراندنی دەوڵەتی نیشتیمانیدایە. واتە دەیانەوێت لە وڵاتێکی نەتەوەییەوە ببنە فرەنەتەوەیی. هەر ئەو هەنگاوەش کێشەیەکی گەورەی لەگەڵ گەلانی تورکیا، سووریا، ئێران و عێراق بۆ دروستکردووە.

لە راستیدا ئەگەر ئێمە بەوردی تەماشای بوونی دەوڵەتانی نەتەوەیی سووریا و تورکیا و ئێران و عێراق بکەین، دەزانین کە ئەوانیش دێزاینێکی دەسکردن. لەکاتی خۆیدا ئەو شوێنانە بەشێك لە ئیمپراتۆریەتی ئاشووری و سۆمەری و فارسی و عوسمانییەکان بوون. دەوڵەتی نەتەوەیی،ئێستا کورتکراوە و بچووکردنەوەی شێوازی ئیمپراتۆریەتە ودروستکراوی شێوازی سەردەمی نوێیە.

لەو نێوەندەدا کورد بەسەر چەندین وڵاتدا دابەشکران کە لە دوای رووخانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی هاتنەکایەوە. لەسەردەمی ئیمپراتۆریادا هەست بە هیچ کێشەیەك نەدەکرا ، بەڵام ئەو کاتەی نەتەوەکانی دیکەی هاوسنووری ئیمپراتۆریەت دەستیان بە دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی کرد، پرسی دروسبوونی دەوڵەتی نەتەوەیی کوردیش هاتەئاراوە.

بێگومان، ئەو بارودۆخە بووە هۆی رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ هەموو ئەو دەوڵەتانەی کوردیان تێدا دەژیا. لەسەر ئەوە لە عێراق لە سەردەمی سەدام حوسێن دا، ئەو هەموو ئازار و دەردەسەریانە دەرکەوتن. لەگەڵ ئەوەی دەوڵەتی نەتەوەیی لە تورکیا دروستکرا، لەوێشدا پێکدادانی جیددی روویاندا. راپەڕینی پارتی کرێکارانی کوردستان دژی تورکیا دەرکەوت ، بەڵام لە سووریا و ئێراندا نەگەیشتە ئەو ئاستە.

کوردی هەرچوار پارچەکە سەردەمێك لە سەردەمەکان کاریان کردووە و پڕۆژەی دروستکردنی دەوڵەتیان هەبووە. چەند زیاتر هەوڵیانداوە و پڕۆژەکانیان کاریگەرتر و بەهێزتربووە، ئەوەندەش زیاتر لەلایەن ئەو دەوڵەتە نەتەوەییانەی کوردیان تێدا دەژی دژایەتیکراون. ئا ئەوەش هۆکاری سیاسیی کێشەی کوردە.

لە راستیدا فاکتەری کوردی لە سەردەمی پۆست کۆڵۆنیالیزم و لە سەردمی

کۆڵۆنیالیزمـی ئینگلیزیـدا گرنگییەکـی وای پێنـەدراوە. هەرچەنـدە ئینگلیـزەکان لەگـەڵ کـورد بـۆ چارەسـەرکردنی هەندێـك لەکێشـەکانی دووبـارە دارشـتنەوەی جیهـان و لاوازکردنـی ئیمپراتۆریەتـی عوسـمانی کاریـان کـردووە، بـەڵام کـورد هـەر بـەم شـێوەیە مانـەوە و نەیانتوانـی دەوڵەتـی نەتەوەیـی دروسـتبکەن. بـەڵام لەسـەردەمی پۆسـت کۆڵۆنیالیزمـدا، ئێسـتاش حەزدەکـەن ئـەو دەوڵەتـە بـۆ خۆیـان دروسـتبکەن.
لـە سـەردەمی پێداچوونـەوەی سیاسـی بـە رۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـتدا، بەتایبەتـی لـە مـاوەی پـڕۆژەی دروسـتکردنی "رۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـتی گـەورە"ی ئەمریکییەکانـدا کـە کۆندەلیـزا رایـس لـە سـاڵی 2002 لـە ئەنقـەرە ئامـاژەی پێکـرد، پرسـیاری ئـەوە هاتەئـاراوە کـە ئایـا ئەمریکییـەکان هـاوکاری دامەزراندنـی دەوڵەتـی نەتەوەیـی کـوردی دەکـەن یـان نـا؟ لـەو سـاتەوە کۆڵۆنیالیزمێکـی سیاسـی نوێـی وڵاتانـی رۆژئـاوا بـە دیارکـەوت، بـەڵام ئەمجارەیـان لەجیاتـی ئینگلیـزەکان، ئەمریکییـەکان بـوون. ئـەوان بڕیاریانـدا نەخشـەی نەتەوەیـی دەوڵەتانـی رۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت بکێشـنەوە و لەوەشـدا نەخشـەی دەوڵەتـی کـوردی بەدیارکـەوت.
ئەوانـەی کـە پشـتگیری دروسـتکردنی دەوڵەتـی نەتەوەیـی کوردیـان دەکـرد، ئـەو لایەنانەبـوون کـە هاوپەیمانـە راسـتەوخۆکانی ئەمریـکا یاخـود ئـەو لایەنانـە بـوون کـە ئامێـری دەسـتی ئـەو وڵاتـەن. تاکـە دەوڵـەت لـە جیهانـدا کـە پەیمانـی دەوڵەتبوونـی بـە کـورد دا، ویلایەتـە یەکگرتووەکانـی ئەمریـکا بـوو. ئەمریکییـەکان بـۆ مەبەسـتی خۆیـان کوردیـان فریـودا، بـەڵام لـەوەدا چ ئامانجێکیـان هەبـوو؟
یەکەمیـن جـار، ئەمریکییـەکان لـە عێراقـدا هـاوکاری کوردیـان کـرد. سـەدام حوسـێن زۆر گوێڕایـەڵ و هـاوڕاو هاوپەیمانـی ئەمریـکا نەبـوو. هەروەهـا بـە هـاوکاری دانیشـتوانی سـوننە مەزهـەب سیاسـەتێکی رێکخـراوی تایبەتـی نەتەوەیـی پەیڕەودەکـرد و کـورد و شـیعەکانی عێـراق بوونـە قوربانـی ئـەو سیسـتەمی بەڕێوەبردنـە. ئەمریکییـەکان پێویسـتیان بـە گوشارخسـتنە سـەر سـەدام حوسـێن بـوو، بۆیـە بـەو ئەندازەیـە هـاوکاری کـوردە جوداخـواز و یاخیبووەکانـی کـرد تاوەکـو دەسـت لەکاروبـاری عێـراق وەربـدەن.
لەکاتـی پەلاماردانـی ئەمریکییـەکان بـۆ سـەر عێـراق، هاوکاریکردنـی کـورد رۆڵێکـی زۆر گرنگـی لـە دەسـتگیرکردنی سـەدام حوسـێن و سـزادانی گێـڕا. کـورد لەوکاتـەدا هـەروەك بەشـێك لـە هێزەکانـی ئەمریـکا لـە عێـراق بـوون.
بارودۆخەکـە لەگـەڵ کـورد لـە تورکیـادا بەتـەواوی جیاوازتـر بـوو، چونکـە تاوەکـو ئـەو سـاتانەش تورکـەکان هـەر گوێڕایەڵـی سیاسـەتی ئەمریکییـەکان بـوون. لەبەرامبـەردا،

کوردانـی تورکیـا وەك دووژمـن و دژبەرێکـی خۆیـان تەماشـای ئەمریکییەکانیـان دەکـرد و لەکاتـی شـەڕی سـارددا هـاوکاری یەکێتـی سـۆڤیەت بـوون.
هـەر لێرەشـدا، پارتـی کرێکارانـی کوردسـتان سـەریهەڵدا. بۆچـی ئـەو پارتـە ئەو نـاوەی هەیە یاخـود بـەو ناونیشـانەوە ناونـراوە؟ پێویسـتە ئـەوە بزانرێـت ئـەوان هیـچ پەیوەندییەکیـان بەلایەنـی کۆمۆنیسـتی و سـتایلی سـۆڤیەتییەوە نەبـووە، تەنیـا لەژێـر کاریگـەری لۆژیکـی جیۆسیاسـیدا ئـەو ناوەیـان لـە خۆیـان نـاوە، چونکـە نەیاندەتوانـی هیـچ جـۆرە هاوکارییەکی دیکـەی دەوڵەتـان بەدەسـتبێنن. بەوشـێوەیە پارتـی کرێکارانـی کوردسـتان دەرکـەوت کـە بـە پشـتگیری و هاوکارییەکانـی سـۆڤیەت، پێداگـری لـە مـاف و ئیمتیازاتەکانـی خۆیـان دەکـرد.
بارودۆخەکـە لەنـاکاو لەسـاڵی 2000 گۆڕانـکاری بەسـەردا هـات. کاتێـك تورکیـا وازی لـە پشتبەسـتن بـە ئەمریکییـەکان هێنـاو لـە پاراسـتنی خـاك و بەهێزکردنـی دەوڵەتـە نەتەوەیەکەیـدا زیاتـر گرنگـی بەخۆیـدا، واتـە ئـەو کاتانـەی کەمالییـەکان لـە تورکیـادا زیاتـر خۆیـان بـە دوورخسـت و گرژییەکانـی پەیوەندییەکانـی نێـوان رووسـیا و تورکیـا رەوینـەوە، ئەوکاتـە دەسـتی ئەمریکییـەکان بـە کوردانـی تورکیـا گەیشـت. لەوکاتـەدا پـڕۆژەی دەوڵەتـی کوردسـتان هاتـە ئـاراوە. ئـەوە پەیوەنـدی بـەوەوە هەبـوو کـە ئەمریکاییـەکان دەبوو پشـتی هاوپەیمانـە بچوکەکەیـان بگـرن کـە خـەو بەسـەربەخۆییەوە دەبینـن، بـۆ ئـەوەی تورکیـا کۆنـترۆڵ بکـەن. ئەمریکاییـەکان فاکتـەری کوردیـان بـۆ دژایەتیکـردن و گوشـاردانان لەسـەر ئەنقـەرە بەکارهێنـا.
کاتێـك کـوردی سـووریا و عێـراق و تورکیـا و ئێـران وەك گوێڕایەڵێکـی دەزگا نهێنییەکانـی ئەمریـکا بەدیارکەوتـن، دەسـتی ئەمریکاییـەکان بـە فاکتـەری کـوردی گەیشـت و پـڕۆژەی کوردسـتان وەك گرنگتریـن سـتراتیژی بەڕێوەبردنـی سیاسـەتی ئـەو وڵاتـەی لێهات.کـوردی سـووریا ئاراسـتەیان بـۆ لای ئەمریکایـە و بەشـێوەیەکی گشـتی لـە شـەڕی ناوخۆیـی سووریادا لەلایـەن ئەمریـکاوە هـاوکاری و یارمەتییـان پێـدەگات. هەروەها کـوردی عێراقیش بەشـێوەیەکی راسـتەخۆ لـە ژێـر کۆنترۆڵـی واشـنتن دان. بەڕێوەبردنـی کـوردی تورکیـاش راسـتەوخۆ لەلایـەن دەزگا ئەمنییەکانـی ئەمریـکا و تـوڕە ئەمنـی و دەزگا نهێنییەکانـی ئەمریـکا و بەریتانیـا لـە نـاو سـوپا و دەزگا نهێنییەکانـی تورکیاوەیـە.
مۆدیلـی خۆبەڕێوەبردنـی کـورد ئاڵـۆزە و کـورد هەموویـان یـەك جـۆرە خەڵـك نیـن و هەڵگـری یـەك بۆچـوون نیـن. ئەمریکاییـەکان بەشـێوەیەکی رێکخـراو، هەنـگاو بەهەنـگاو هەرجـارەو بەجۆرێـك کێشـەی کـوردی بەرزدەکەنـەوە تـا چـۆن بیانـەوێ و پێویسـت بـکات دژ بـە ئەنقـەرە بـەکاری بهێنـن. ئەردوغـان لـە ئەمریکاییـەکان تێگەیشـتووە و لـەو

حساباتانەدا دەریهێناون و بەشێوەیەکیتر سیاسەت دەکات. لەبەر ئەوە دەتوانین پێشبینی بکەین کە کورد لە سیاسەت و هەروەها لە بواری تیرۆریشدا بەشێوەیەکی ئەکتیفتر بەکاردەهێنرێن. پاش هەڵوەشاندنەوەی یەکێتی سۆڤیەت، پارتی کرێکارانی کوردستان بە هۆکاری ئەوەی سیاسەتی دژایەتیکردنی تورکیا پەیڕەو دەکات، تاکو دێت زیاتر جێگای بایەخی ئەمریکا دەبێت. رووسیا هیچ پاساوێکی پراکتیکی نییە بۆ ئەوەی کورد بۆ دەستخستنە ناوکاربارى ناوخۆی تورکیا بەکاربهێنێت بەڵام بە پێچەوانەوە ئەمریکا ئەنگیزەی زۆری هەیە.

ئێستا ئێمە لەنێو ئەو پلانە جیهانییە کوردییە داین کە کورد بریتین لە نەتەوە و بە دڵنیاییەوە لە قۆناخی ئێستادا لەبەر ئەو هۆکارانەی خوارەوە ئەمریکاییەکان لە هەوڵی ئەوەدان بیرۆکەی دەوڵەتی کوردستان وەك ئامرازێك بۆ حەز و ویستەکانی خۆیان بەکاربێنن:

یەکەم: لە بواری ئابووریدا خاکی کوردانی عێراق دۆڵەمەندە بە نەوت.

دووەم: سەرچاوە سەرەکییەکانی ئاوی هەموو عێراق دەکەونە ناوچە کوردییەکانەوە . لەبەرئەوە بەدڵنیاییەوە کورد دەتوانن زۆر بەجیددی ئیدارەی کاروباری سرووشتی و تانانەت ئیدارەی جوگرافیای سیاسی ناوچەکەش بکەن. بەوشێوەیە کورد ئەمڕۆ بوونەتە جێگەی سەرنجێکی زۆری یارییە جیۆسیاسییەکان لە ناوچەکەدا و بەگشتی کورد دوو هەڵبژاردەی جیۆسیاسی لەپێشە:

یەکەم: دروستکردنی دەوڵەتێکی نەتەوەیی کە بۆ ئەوە دەتوانن پشت بە هاوکاری و پشتگیرییەکانی ئەمریکا ببەستن کە لەم پرۆسەیەدا دەبینرێت. ئەمریکا دەیەوێت زۆرترین بەرژەوەندی ستراتیژی بەدەستبێنێ و دژی ئەسەد ئاراستەیان بکات یان بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەردۆغان و دروستکردنی کێشە بۆ ئێران وکۆنترۆڵکردنی عێراق بەکاریانبێنێت. هەر لەبەرئەو هۆکارەشە ئێستا هەندێك لە لایەنگرانی دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی کوردی نایانەوێت وەك داردەست و رێگەی بەدیهاتنی ئارەزووەکانی ئەمریکا لە ناوچەکەدا بن. ئەوەش بە دڵی کوردە ئێزدییەکانە کە زۆر لە ئەوروپا ئەکتیڤن و کەمتر لە ئەمریکا چالاکن. دەزگا ئەمنییەکانی ئەمریکا لەرێگەی پۆزشی ماقووڵ، ناسنامەی ئێزدییە رەسەنەکانیان لەنێو کورداندا بەرزکردووەتەوە تاوەکو ئامانجەکانی خۆیان بەدیبێنن. لەڕاستیدا، پڕۆژەی دروستکردنی دەوڵەتێکی نەتەوەیی کوردی لە بنچینەدا دەوڵەتێکی ئێزدییە. هەرچەندە ئێستا ئێزدییەکان ئایینێکی کەمینەن و لەنێو جیهانی ئیسلامیدا خاوەنی ئایینێکی نامۆن، بەڵام خاوەنی مێژوو و ئایدیۆلۆژیا

و تەنانـەت پەیوەندییەکـی ڕۆحـی و دەروونیـن لەگـەڵ ئیسرائیـل و ئامرازێکـی دیکـەی سیاسـی ئەمریکییـەکان لـە ڕۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت پێکدێنـن.
هەبوونـی پەیوەندییەکـی ڕاسـتەوخۆ لەگـەڵ دەزگا ئەمنییەکانـی ئەمریـکاو بەریتانیـا و بەرپرسـانی دەزگا ئەمنییەکانـی ئیسرائیـل، لایەنگرانـی دامەزراندنـی دەوڵەتـی کوردسـتان دەکاتــە ڕێبــەری ســتراتیژی گــەورەی جیۆسیاســی ئەتڵەســی و لــەو هەلومەرجانەشــدا کوردســتان وەك بەشـێك لـە پـڕۆژەی ئەتڵەسـی دەردەکەوێـت.
دووەم: ئاراسـتەی دووەم پەسـندکردنی ناسـنامەی کوردییـە بـە دەسـتەبەرکردنی مافـی ئۆتۆنۆمـی بـە بێئـەوەی دەوڵەتـی نەتەوەیـی دابمەزرێنێـت. ئـەوەش زۆر زیاتـر ئاشـتیانەترە و موڵتیپڵانیـترە بـۆ هاووڵاتیانـی کـورد. لێـرەدا جیاوازییەکـی گـەورە و دژبەیـەك لـە ڕادیکالییەکانـەوە تاوەکـو میانڕۆیـەکان هەیـە. زۆری بیـروڕای جیاوازی سیاسـی و ئایدیۆلۆژی و بزووتنـەوەی ئایینـی و ڕێکخراوەیـی سـەلەفییەکان کـە بەشـێکی فراوانـی کـورد پێکدێنـن و دەتوانیـن وەك میانڕۆیـەکان ناویـان بنێیـن، ئامێـری دەسـتی دەزگا ئەمنییەکانـی ئەمریـکا نیــن. ئــەو کوردانــە دەتوانــن لەنێــو پــڕۆژەی دووبــارە بنیاتنانــەوەی تــەرازووی هێــزی ئۆراسـیا لـە ڕۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـتدا شـوێنی خۆیـان ببینـەوە. ئـەوان دەتوانـن وەفـادار بـن بـۆ نموونـە بـۆلای هاوکۆلکـەی تورکـە کەمالییـەکان کـە لـە داهاتـوودا دروسـتدەکرێت ، ئەگـەر تورکیـا پشـت لـە ناتـۆ بـکات لـە ڕووسـیا نزیـك ببێتـەوە. کەواتـە لـە چوارچێـوەی مۆدیلـی ئۆراسـیادا، هەمـوو نەتـەوەکان، بەبـێ جیـاوازی ئـەوەی کـە دەوڵەتیـان هەیـە یـان نـا، لەنێـو چوارچێوەیەکـی تایبەتـی پارێـزراودا بەدیاردەکـەون. چونکـە ڕووسـیا خـۆی ئیمپراتۆرییـە. لەنێـو ئێمـەدا زۆر کەمینـەی نەتەوەیـی دەژیـن. هەروەهـا ئۆراسـیاییەکی زلهێزیـتر فرەئەتنیـك دەبێـت. لەبەرئـەوە پاراسـتنی ئـەو گرووپـە ئەتنۆسـانە یـان ئـەو نەتەوانـەی کـە دەکەونـە چوارچێـوەی پـڕۆژەی ئۆراسـیا، لـە کۆتاییـدا بـۆ ئـەوان ئەولەویەتی دەبێـت. لێـرەدا دەتوانیـن چارەسـەری زۆربـەی کێشـە کولتـووری و شارسـتانی و ئایینـی و ئەتنۆسـییەکانیش بکەیـن، ئەگـەر لـە بـەرەی ئۆراسـیادا بـن. بەدڵنیاییـەوە ئـەو بیرۆکەیـە پێویسـتی بـە چەنـد تەنازولێکـی دیاریکـراوە لەلایەنـی سیاسـیەتی تورکییـەوە کـە بەتـەواوی کـردە و هەنـگاوی جیـددی بـن.
گوتـارەکان ئێسـتا بـەو ئاراسـتەیەن کـە هیـچ کاتێـك نابـێ ناسـنامەی نەتـەوەی کـورد لاوازبکرێــت. پێویســتە هــاوکاری بەهێزکردنــی ناســنامەی نەتەوەیــی کــوردی بکرێــت، بـەڵام دەبـێ تـەواو لـە تووندڕەوی دابماڵریـت و لـە پـڕۆژەی ئەتڵەسـی ئەمریکییـەکان بـۆ دامەزراندنـی دەوڵەتـی نەتەوەیـی کـوردی دووربخرێتـەوە. لەپێـش نەتـەوەی کـورد، پڕۆژە

و ئاراستەی ئۆراسیا هەیە. ئەوە مانای رەتکردنەوەی داردەستبوونی ئەمریکییەکانە. هەروەها جەختنەکردنەوە لەسەر دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی کوردی کە لەژێر چاودێری ئەمریکییەکان بێت و ئاراستەکەی زیاتر دژایەتیکردنی ئۆراسیا یان هێزە تەقلیدییەکان وەك سووریا و تورکیای کەمالی و ئێرانی تەقلیدی و بەدڵنیاییشەوە عێراقی لێك هەڵوەشاوەش بێت. کوردانی عێراق پێویستیان بە پاراستنێکی جیددییە کە ئەمریکییەکان ناتوانن بۆیانی دابین بکەن. ئەو رێگەیە تەنیا کێشەیان لەگەڵ نەتەوەکانی دیکە بۆ دروستدەکات. لەوکاتەدا لە چوارچێوەی سیاسەتی ئۆراسیادا، تەواوی هێزە هەرێمییەکانی تورکیاو ئێران و سووریا لەگەڵ رووسیادا، وەك گرنگترین هاوپەیمانی ئەو ئۆراسیا رێکخراوە، دەتوانن ئەو بەرپرسیاریەی دابینکردنی ئازادی و سەربەخۆیی کوردستانی عێراق بخەنە سەرشانی خۆیان. بێگومان کورد کە بێنە سەر رێگەی ئۆراسیا و لە چوارچێوەی فرەجەمسەری جیهانەوە بەرگری لە ناسنامەی خۆیان دەکەن، هەموو شانسێکیان هەیە بۆ ئەوەی بە ئاشتیانە بگەنە تەواوی ئامانجە مێژووییەکانیان. بە رێگەیەکی ئارام، دەتوانین نموونەی چیچان بێنینەوە کە لە رێگەی راپەڕینە راستەوخۆکانەوە دژی رووسیا هیچ شتێکیان بەدەستنەهێنا، بەڵام لەرێگەی نەرموونیانی و سیاسەت هەموو شتێکیان بەدەستهێنا. چیچان ئێستا یەکێکە لە هەرێمە هەرە پێشکەوتووە ئۆرجیناڵییەکانی رووسیا. ئەگەر کورد بێنە بەرەی ئۆراسیاوە، ئەوا هەموو ئەو شتانە بەدەستدێنن.

فاکتەری کۆتایی کە پێویستە گرنگی پێبدەین و لێیوردبینەوە، ئەو هێزەیە کە لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستی گەورە بەدەرکەوت و کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر ژیان و چارەنووسی کورد هەبوو، ئەویش دەوڵەتی ئیسلامییە کە لە ئیسلامییە سوننە توندڕەوە وەهابییەکان و سەلەفییەکان پێکدێن. سعودیە و قەتەریش وەك دوو هێز لە پشتیەوەن بۆ ئاراستەکردنی ئەو بزووتنەوەیە. ئەوانە هیزێکی دیکەی دەرەکین کە هەڕەشەیەکی ترسناك بۆ سەر ژیانی کوردانی سووریا و عێراق و تورکیا دروستدەکەن. لەگەڵ ئەوەشدا ئەوانە ئامێریکی دیکەی سیاسین بەدەست ئەمریکاوە بۆ ئەوەی بالانسی هێز لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست تێکبدەن.

عەرەبە توندڕەوە سوونەکان هەڕەشەیەکی دیکەی تیرۆریستیان پێکدێنن، چونکە هەر ئەوانە بەرپرسیاری راستەوخۆی جینۆسایدی کوردانن. ئەوانە هێرشدەکەنە سەر هێزەکانی تورکیا، ئەوانە لە هەوڵی ئەودان رژێمی بەشار ئەسەدی عەلمانی بڕووخێنن و لەدژی رووسیا دەجەنگن.

ئـا لێـرەدا خاڵێکـی زۆر گرنـگ بەدەردەکەوێـت: رەنگـە ئەمـڕۆ بـۆ کـورد، دەوڵەتـی ئیسـلامی (داعـش) ترسـناکترین هەڕەشـە بێـت ، بـەڵام هەڕەشـەی دیکـەش هەیـە. نـە ئەسـەد، نـە ئەنقـەرە، نـە ئێرانیـش کـە نەرمـە بـۆ کوردانـی ئێـران، هەروەهـا نـە هاوپەیمانـی کـوردی – شـیعی لـە عێراقـدا کـە هەمـوو ئـەو رێکخراوانـە یـان دڵسـۆزبوون بـۆ کـورد، یـان هەندێـك رەخنـە و گازندەیـان لێیـان هەیـە، بـەڵام هەڕەشـە نیـن بـۆ کـورد. بەڵکـو ئیسـلامییە تیرۆریسـتە عەرەبـە سـوننی و وەهابییـەکان بوونەتـە هەڕەشـە بـۆ سـەر کـورد. ئەوانـە جینۆسـایدیان بەسـەر کـورد، بەتایبـەت بەسـەر گەوهـەر و دڵـی کـوردان کـە ئێزدیـن هێنـا. لـە پشـت دەوڵەتـی ئیسـلامی و لـە پشـت دەوڵەتـی نەتـەوەی کـوردی یـەك هێـز راوەسـتاوە ئەویـش ئەمریکایـە. هەردوو ئاراسـتەکەش، پاشـماوەی بەجێـماوی پلانی پـڕۆژەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاسـتی گـەورەن ، کـە لەئەنجامـدا عێراقـی بەسـەریەکدا وێرانکـرد و لیبیاشـی تێکوپێکـدا و سـووریای نقومـی شـەڕێکی خوێنـاوی کـرد و تورکیـاش لـە تەقینەوەدایە.

ئایا کـورد لـەوە تێدەگـەن کـە بەشـێوەیەکی واقیعـی ئـەو هێـزەی کـە ئەمـڕۆ پشـتگیرییان دەکات، داعشـی دروسـتکرد و پرچەکـی کـرد و هاوکاریکـرد کـە کـوردی جینۆسـاید کـرد؟ هاوپەیمانێـك کـە بەدەسـتی خۆیـان داعشـیان دروسـتکرد بـۆ چارەسـەرکردنی ئامانجەکانیـان لـەو ناوچانـەدا، لەگـەڵ ئـەو هێـزەی کـە کـورد لەتدەکـەن راوەسـتاوە. ئـەوە هۆکارێکـی زۆر گرنگـە.

پێویسـتە هەمـوو کـورد ئـەو راسـتییە بزانـن کـە دروسـتکردنی دەوڵەتـی نەتەوەیـی کـوردی بـە پشـتگیری ئەمریـکا مەحاڵـە. ئـەوە تەنیـا هەوڵێکـە بـۆ شـەڕی ناوخـۆ. لـەم بارودۆخـەدا کاری تیرۆریسـتی و جینۆسـاید بـەردەوام دەبـن. لەوانەیـە هـەر ببێتـە هـۆکاری لەنێوچوونـی نەتـەوەی کـورد. کـورد چ بکـەن؟ بـەدوای ئەمریکییـەکان بکـەون یـان تەنیـا بـە کـۆت و مەرجەکانـی ئێسـتا رازی بـن؟ هـەردوو رێگـە خۆکوشـتنە ، بۆیـە رێگەیەکـی دیکـە پێویسـتە. مـن ئێسـتا لەوبـاوەڕەدام کە پێویسـتە سـەرنجبدەین و لـە مانای ئۆراسـیا تێبگەیـن. هەروەها پێویسـتدەکات مۆدێلـی ئۆراسـیا بـۆ کوردسـتان بگونجێنیـن. پێویسـتە قسـەبکەین لەسـەر یەکخسـتنی نەتـەوەی کـورد وەك کۆمەڵەیەکـی یەکگرتـووی مێژوویـی و ئـەو کۆمەڵەیـە بەشـداربکەین لـە دروسـتکردنی پـڕۆژەی ئۆراسـیادا. بـەوە درزێـك لـە پەیوەندییەکانیـان لەگـەڵ ئەمریـکا دروسـتدەبێت. دەبـێ پەیوەندییەکـی سـتراتیژی دریژخایـەن لەگەڵ رووسـیا دروسـبکەن تاوەکـو گرەنتـی ئاشـتی و پێکەوەبوونیـان بـۆ دابیـن بـکات. لەهەمانکاتـدا کـورد دەیانتوانـی بـە هـاوکاری و کارکـردن لەگـەڵ رووسـیادا دۆخێـك لەگـەڵ ئەنقـەرەدا بدۆزنەوە. لـەم بارودۆخـەدا هەمـوو گومانەکانـی ئێـران دەڕەوێتـەوە و دەتوانرێـت قسـە لەسـەر

دروستکردنی دەوڵەتیکی شیعی - کوردی یان ناوچەیی بکرێت و لە چوارچێوەی پڕۆژەی ئۆراسیا دووبارە چاو بە ستراکچەری ئیستای دەوڵەتی کوردیدا بخشێنرێتەوە. ئەوکاتە کورد تەنیا یەك دووژمنی دەمینێت کە ئەویش داعشە. ئێستا تەماشای وڵاتانی دەوروپشت دەکەین و لەو ناوچانەدا داعش دووژمنی سووریا و عێراق و ئێران و تورکیا و رووسیاشە. ئەگەر کورد دەیانەوێ بەسەر دووژمنێکی تیرۆریستی راستەقینەدا سەربکەون، ئەوا پێویستە بەدوای هاوپەیمانیدا بگەڕێن. تەنانەت لەنێو ئەو هاوپەیمانە زلهێزانەش کە هەمووکات پەیوەندییەکی باشیان لەگەڵی نەبووە. پێویستە کورد بچنە نێو هاوپەیمانی دژی هێزی داعش لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست کە رووسیا دەتوانێ سەرۆکایەتی بکات. چونکە وڵاتێکی بێلایەن و زلهێز و بەرژەوەندیخواز نییە. لەراستیشدا قەڵای شارستانییەتی ئۆراسیا و گرەنتی سەرەکی بەرزکردنەوەی فرەجەمسەریی ئۆراسیایە کە ئەمڕۆ لەگەڵ داعش لە شەڕدایە.

**وەرگێڕانی لە رووسییەوە : دانەر ئەبووبەکر**

# نیوتیرۆریزم و رۆژهەڵاتی نێوەڕاستی گەورە

**لیۆنید ساڤین**
پسپۆڕی جیۆپۆلیتکی رووسی وسەرنووسەری گۆڤاری ناوەندی توێژینەوەی کاتهۆن- مۆسکۆ

لـە ناونیشـانی ئـەم باسـەدا دوو زاراوەی نـوێ بەکارهێـنراون. یەکەمیـان پەیوەنـدی بـە وەرگێڕانـی دیـاردەی تووندوتیژیەکـی رێکخـراوی ناشـەرعییەوە هەیـە کـە وەك تیرۆریـزم نـاسراوە. دووەمیشـیان پەیوەسـتە بـەو جوگرافیایـەی کـە ویلایەتـە یەکگرتووەکانـی ئەمریـکا بـە نـاوی "رۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـتی گـەورە" باسـیکردووە. ئەگـەر بـەو دوواییانـە شـێوازێکی نوێـی تیرۆریـزم نێوبانگـی پەیداکردبێـت، ئـەوە بنەماکـەی بیرۆکـەی رۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـتی گەورەیـە کـە سـەرەتاکەی دەگەڕێتـەوە بـۆ سـاڵانی هەشـتاکان. هەندێـك لـە شـارەزایان لـە زنجیرەیـەك لـەو رووداوە سیاسـییانەی کـە لـە ناوچەکـەدا روویانـداوە – لەوانـە هاتنـە سـەر دەسـەڵاتی سـەدام حوسـێن، چوونـی هێـزی سـۆڤیەت بـۆ ئەفغانسـتان و شـۆڕشـی ئیسـلامی لـە ئێـران- راسـت تێنەگەیشـتوون.

لـە نێوانەشـدا" نەخشـە رێگـەی " رۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـتی گـەورە لـە دووتوێـی پێشـنیازە دیارەکـەی بێرنـار لویـس و چالاکڤانـی دژی یەکێتـی سـۆڤیەت تاوەکـو " نەخشـەی خوێنیـن "ی رالفـا پیـتر، زەوینـەی دەرکەوتنـی رێکخـراوی قاعیـدە و دەوڵەتـی ئیسـلامی لـە عێـراق و شـام دروسـتکرد.

## جیاوازی جۆرەکانی تیرۆریزم

لـەم سـەردەمەدا تیـرۆر وەك ئامرازێکـی سیاسـی- حکومـی بەرفـراوان بەکـردەوە جێبەجێدەکرێـت. پێویسـتە ئـەوە بڵێیـن کـە شـێوازی تیـرۆری رێکخـراو لـە فەرەنسـا و لـە کۆتایـی سـەدەی هـەژدەدا دەرکـەوت و پاشـان بـەرەو وڵاتـە ئەوروپییەکانـی دیکـەش

ڕۆیشت و بووە شێوازێك بۆ پێكهێنانی حكومەت. بەوجۆرەش تیرۆریزم لەسەر شێوازی تاكەكەس و لەسەر شێوازی ڕێكخراوەیی دەركەوت و توندوتیژی دژی هاووڵاتی بێتاوان بە ئامانجی سیاسی پەیڕەوكرا. زۆر ڕاستترە بڵێین كە تائێستاش لە ئەوروپای ڕۆژئاوا و لە دیموكراتییە لیبراڵییەكەی ئەمریكاشدا ئەم شێوازە بۆ سیاسەتی دوورمەودا بەكاردەهێنرێت.

## گۆڕانی ڕێبازی تیرۆر لە ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكادا

كۆلن گرەی جیۆپۆلەتیكناسی بەنێوبانگ لە ژمارەیەك نووسینیدا لە دوای ڕووداوەكانی 11 سێپتەمبەری 2001، ئاماژەی بەوە كردووە كە پێویستبوو ئەمریكا ئامانجەكانی خۆی بەرامبەر قاعیدە ڕوونبكاتەوە (كە تەنیا ئیدارەی ئۆباما لە ستراتیژی نوێی ئاسایشی نەتەوەییدا كردوویەتی) چونكە تێگەیشتن لە " تیرۆریزمی جیهانی" لێكدانەوە و تێگەشتنی جیاواز لەخۆ دەگرێت. لەگەڵ ئەوەی ئەمریكا ئۆپەراسیۆنی تایبەتی دژی تیرۆر ئەنجامداوە ، بەڵام خۆیشی كاری وەك تیرۆر ئەنجامبداون. وەك ئەو تاوانانەی لە عێراق و ئەفغانستان ئەنجامیداون كە لەوبارەیەوە ڕەخنەیش لێگیراوە. لە شیكاری كاریگەرییەكانی ئەو داگیركارییانەدا، زۆر لە لیكۆلینڤانان و دیپلۆماتكارەكان دانیان بەوە داناوە كە سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەی بۆش زۆر بەڕوونی دوژمنكارانە بووە و باش نەبووە.

بە بۆچوونی مێلڤینە لێفلیرە پرۆفیسۆری مێژوو لە زانكۆی ڤێرجینیا، تاوەكو 9/11 تیرۆریزم لەپێشەوەی كارەكانی ئیدارەی بووش دا نەبووە، بەڵكو كاری پێشینە بۆ ئەوان بریتیبوو لە ڕووسیا و چین، پاریزگاریكردن لە ئاشتی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و دروستكردنی سیستەمی بەرگری موشەكی لەبەرامبەر حكومەتە ترسناك و " خراپەكانی" وەك عێراق، ئێران، لیبیا و كۆریای باكوور[1] . دوای هێرشەكانی 11ی سێپتمەمبەر ، هەموو سەرنجەكانی ئەمریكا لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و ئاسیای ناوەند چڕبوونەوە و لەگەڵ ئەوەشدا پرسی ئاگاداربوون ( بەپێی ستراتیژی ناڕاستەوخۆ) لە ڕووسیا و چین وەك خۆی مایەوە و تاوەكو ئەمڕۆش هیچ گۆڕانكارییەك لە بابەتەكان و خشتەی كارەكانیان واشنتندا ڕووینەداوە.

---

1 - Leffler M. September 11 in Retrospect. Foreign Affairs. September/October 2011. http://www.foreignaffairs.com/articles/68201/melvyn-p-leffler/september-11-in-retrospect

ئەوبابەتـەی کـە لێـرەدا گرنگـە، ئەوەیـە کـە ژمارەیـەك لێکۆلینڤـان بـە لەبەرچاوگرتنـی ڕەخنەکانـی هاووڵاتیانـی ئەمریکـی، بەردەوامـن لـە گـەڕان بـە دوای ڕێگەیەکـدا بۆئـەوەی بزانـن ئەمریـکا چـۆن بتوانـێ مافـی بەکارهێنانـی هێـز و بەردەوامبوونـی هێلـی گیگیمۆنیسـتۆڤ درێـژە پێبـدات. جـۆن بێلینژێـر کـە جـێ پەنجـەی سـەبارەت بـە یاسـای نێودەوڵەتـی و نیشـتیمانی و بـواری ئاسایشـدا دیـارە، ئامـاژەی بەوەکـردووە کـە پێویسـتە یاسـای نێودەوڵەتـی بارودۆخێکـی تایبـەت بـۆ بەکارهێنانـی هێـز لەلایـەن ویلایەتـە یەکگرتووەکانـی ئەمریـکاوە لەبەرچـاو بگرێـت[1].

سـیمۆن جـۆن یەکێـك لـە دامەزرێنەرانـی قوتابخانـەی ڕەخنـەی جوگرافیـای سیاسـی زۆر بەکورتـی و پووختـی دەڵـێ کـە " ئەمـە گۆڕانـکاری نەخشـەی سیاسـی و جوگرافـی ناوچەکـە و جیهانـە." [2]

هەمـوو ئاراسـتەکان بـۆ فراوانبوونـی دەسـەڵاتی ئەمنـی و بەکارهێنانـی میتـۆدی تایبەتـی جەنـگ و گەڕانـی تـازە بـۆ دۆزینـەوەی چەکی نـوێ بەردەوامـە و بـەردەوام دەبـن. ویلایەتە یەکگرتووەکانـی ئەمریـکا بازاڕەکانـی بەچەکـی خـۆی پرکـردووە و بەفەرمـی دەیداتـە وڵاتـە شـەریکەکانی لەوانـەش سعودیە بـۆ ئـەوەی پارێزگاری لـە ئاسایشـی خۆیان بکەن. بەشـێکی کۆمپانیـا ئەمنییەکانیـش سـەرەتا فەرمـان لـە پنتاگۆنـەوە وەردەگـرن، پاشـان دەچنـە نێـو عێـراق و ئەفغانسـتان. لەگـەڵ ئەوەشـدا ئەوانـە وەك ئـەوەی کـە بـلاك ووتـەر لـە کوشـتنی هاووڵاتییـە عێراقییەکانـدا ئەنجامیدابـوو چالاکییەکانیـان بـە خراپـی ئەنجامـدەدەن. زیاتـر لـەوەش سـەبارەت بـە کاری بەشـێك لـە کۆمپانیـا سـەربازییەکان و پێکهاتەکانیـان، دەکرێـت بگوترێـت کـە بەشـدابووەکانیان لـە کەسـانی بەکرێگیـراوی وڵاتەکانـی دیکـە بـە تایبەتـی ئەفریقـای دراوسـێ پێکدێـن.

ئەگـەر تاوەکـو هێرشـەکانی11 سـێپتەمبەر، ویلایەتەیەکگرتووەکانـی ئەمریـکا لـەڕووی داراییـەوە هـاوکاری مرۆیـی و ئابـووری ئەفریقیـای کردبێـت، ئـەوا دوای دەسـتپێکردنی پرۆسـە سـەربازییەکان، بودجـەی هـاوکاری ئـەوان کەمیکـرد ، بـەڵام هەوڵەکانـی بـۆ بـە سـەربازیکردنی ئەفریقیـا دووئەوەنـدە زیـادی کـرد. لەگـەڵ ئەوەشـدا بـە هاوکاریکردنـی تەکنەلۆجیـا و شـارەزایی بـۆ هەندێـك وڵاتـی دیاریکـراو لـە کیشـوەری ڕەشپێسـتەکان،

1- Bellinger III, John. Revisiting a Stale Counterterrorism Law. CFR, September 1, 2011. http://www.cfr.org/counterterrorism/revisiting-stale-counterterrorism-law/p25742?cid=nlc-public-the_world_this_week-link1520110902-

2 - Dalby, Simon. Ten years after: September 11th and its aftermath//The Geographical Journal, Volume 177, Issue 3, September 2011, P. 198–202

ویلایەتــە یەکگرتــووەکان بنکــەی ســەربازی خــۆی لــەو وڵاتانــە دانــا و لــە پنتاگۆنــەوە هەیکەلــی نوێیــان وەك فەرماندەیــی ســوپای ئەفریقیــا AFRICOM دانــرا و بەوجــۆرەش کــە نــەك تەنیــا لەکێشــەکانی دژایەتیکردنــی تیــرۆر ، بەڵکــو لــەو کێشــانەش کــە گرێــدراوی پاراســتنی بەرژوەندییەکانــی ئەمریــکا بــوون وەك ســەرچاوەی سرووشــتی، بەشــداریکرد. لەکاتێکــدا ئەمــە جۆرێکــی داگیرکــەری بــوو، ئەمریــکا بانگەشــەی دیموکراســی دەکــرد و ئەمــەش بــووە هــۆی ســەرهەڵدانی تیرۆریزمــی نــوێ کــە لەنێــو ئەمانەشــدا گرووپــی توونــدڕەو بەدەرکەوتــن.

تاوانبارکردنــی هەندێــك وڵات لەلایــەن وەزارەتــی دەرەوەی ئەمریــکاوە بــەوەی کە پشــتگیری لــە تیــرۆر دەکــەن و مێژوویەکــی چەنــد ساڵەیان لەگــەڵ تیرۆریزمــی جیهانیــدا هەیــە، جگــە لــە ئامرازێکــی گوشــاری سیاســی هیچــی دیکــە نەبــوو. ئێســتا ســوودان لەنێــو ئەولیســتەدایە کــە دابەشــکراوە بــۆ دوو دەوڵــەت، هەروەهــا ئێــران و سووریایشــی تێدایــە.[1] دوای ئــەوەی پیۆنگیانــگ هەندێــك تەنازولــی دیاریکــراوی کــرد (هەرچەنــدە ئێســتا ســەرلەنوێ خراوەتــەوە نــاو لیســتەکەوە)کۆریای باکــوور لــەو لیســتەدا دەرهێــنرا .کوبــا کــە لــە نیســانی 2015 لــە لیســتەکە دەرهێــنراوە، تاوانبارکرابــوو بــەوەی کــە بەشــێوەیەکی گشــتی هیــچ ڕەخنەیەکــی لــەو هێرشــانە نەگرتبــوو کــە بەرامبــەر ئەمریــکا ئەنجامــدران . ئەمریــکا رایگەیانــدووە کــە مافــی تــەواوی هەیــە نــاوی تیرۆریســت لــە هــەر دەوڵەتێــك بنێــت.

ئەگــەر ئێمــە بــە وریاییــەوە ســەیری ئــەو حکومەتــە بکەیــن، ئــەوا دەبیبنیــن کــە کولتــووری شارســتانی ئــەوان بــە تــەواوی لــە گــەڵ هەیکەلــی کۆمەڵگــەی ئەمریکــی جیــاوازە و شــەرعیەتدانە بــە توونــدوتیــژی ، لــە ریــزی پێشــەوەی سیاســەتی یەکگرتنــی نێــوان ویلایەتــە یەکگرتووەکانــی ئەمریــکادا جێــی هەیــە .

بــۆ نموونــە دەکــرێ ســەیری شــیکردنەوەیەکی یاســایی جیــاواز بــۆ " توونــدوتیــژی" لــە ئەمریــکا لــە کۆتایــی ســەدەی هــەژدە و ســەرەتای ســەدەی نــۆزدەدا بکرێــت کــە بەهۆیــەوە ســزای تــاوان دیاریکــراوە و حکومــەت ئامــادەی کــردووە. لــە ویلایەتــی ماساچوســێتس لــە ســاڵی 1641 دا ئامــاژە بــە ئــازادی کــراوە و باســی ئەوەکــراوە کــە " دەتوانرێــت تاوانبارێــك سزابدرێت " ئەگــەر ئــەو کەســە دانــی بــە تاوانەکەیــدا نــا، بــەڵام لەگــەڵ ئەوەشــدا " ســزاکە نابــێ هەڕەمەکــی و نامرۆڤانــە بێــت."

لــە ڕاپۆرتێکــی نهێنــی CIA دا [2]لــە کۆتایــی ســاڵی 2011 دا ئامــاژە بەوەکــراوە کــە بارودۆخــی

---

1 - http://www.state.gov/s/ct/c14151.htm

2 -CIA Red Cell. A Red Cell Special Memorandum. 5 Feb. 2010

توونـدڕەوەکان و ئـەو هاووڵاتیانـەی ئەمریـکا کـە پشـتیوانی لـە تیـرۆر دەکـەن بەجۆرێکـە کـە دەکرێـت کاریگـەری هەبێـت لەسـەر پەیوەندییـە نێودەوڵەتییـەکان لەنێـو ئەوانەشـدا پرسـی دەسـتگیرکردن و گواسـتنەوە و تۆمەتبارکـردن لەگـەڵ وڵاتانـی دیکـەدا.

لــە بەڵگەنامەکانــدا نــووسراوە کــە زمانــی ئینگلیــزی لەلایــەن توونـدڕەوەکانــەوە بــۆ بڵاوکردنــەوەی پەیامەکانیــان بەکارهاتــووەو بەمــەش دەتوانرێــت کێشــەکان بگوازرێنــەوە. لەگـەڵ ئەوەشـدا ویلایەتـە یەکگرتوەکانـی ئەمریـکا ئیمـزای لەسـەر بەڵگەنامەکانـی دادگای تاوانـی نێودەوڵەتـی نەکـردووە، چونکـە خـۆی پێشـینەیەکی میژوویـی لەگـەڵ تیـرۆر و توندڕەویـدا هەیـە. ئاماژە بەوەکـراوە کـە هەندێـك مێژوونـووس گومانـی ئـەوە دەکـەن دەزگای هەواڵگـری بەریتانـی هەندێـك نازییـان لەنێـو خاکـی ئەمریـکا کوشـتبێت، بـەڵام ئـەو ئەمریکییانـەی کـە لەبنچینـەدا ئێرلەنـدی بـوون بـۆ ماوەیەکـی زۆر لەژێـر چاودێـری سـوپای کۆمـاری ئێرلەنـدا ماونەتـەوە. ئەندامانـی بنەماڵـەی کلان ناگەیـل تەقینەوەیـان لەنێو میـترۆ لـە لەنـدەن، لـە سـکۆتلەندا، لـە پەرلەمانـی ئەوروپـا و لـە قـەڵای تاوئێـر ئەنجامـدا و، کۆمیتـەی هاریـکاری ئیرلەنـدای باکـوور لەکۆتایـی سـاڵی 1960 لـە ویلایەتـە یەکگرتوەکانـی ئەمریـکا دامـەزرا. ئـەوان دەیانویسـت لـە ڕێگـەی کڕینـی چەکـەوە پشـتیوانی مـادی بـۆ جەنگاوەرانـی ئێرلەنـدا پەیـدا بکـەن. د.بـاروخ گۆلدشـتێین لەسـاڵی 1994 لـە نیۆیۆرکـەوە چـووە ئیسرائیـل و نێـو گرووپـی توونـدڕەوی کاخ و 29 کەسـی فەلەسـتینی لەکاتـی نوێـژدا لـە مزگـەوت لـە مەرقـەدی ئیبراهیـم کوشـت . ئـەو کارەش وەك وەڵامێـك بـوو بـۆ کارەکانـی حەمـاس لـە سـەرەتای سـاڵی 1995. لـە کانوونـی یەکەمـی 2008 ئەمەریکییەکانـی پاکسـتان (دێڤـد خێدل)یـان بـە تۆمەتـی هەبوونـی پەیوەنـدی لەگـەڵ ڕێکخراوێکـی تیرۆریسـتی، لـە مۆمبـای کـە 160 کەسـی کوشـتبوو دەسـتگیرکرد. چەندیـن کـەس لـە موسـڵمانانی ئەمریکـی کـە ویسـتبوویان بچنـە جیهـاد لەنێـو ریزەکانـی تالیبـان و قاعیـدە، دەسـتگیرکرابوون.

ئـەوەی لـە بەڵگەنامەکانـدا بەکورتـی گوتـراوە ئەوەیـە کـە ئەمریکابەشـێوەیجیاواز تیرۆریـزم یـان تیـرۆر بـۆ هەمـوو وڵاتـان دەنێرێـت و ئەمـەش بەجۆرێـك نییـە کـە لـە یـەك شـێوە بێـت و تەنیـا پەیوەنـدی بـە ئیسـلامی توونـدڕەو و هاووڵاتیانـی ڕۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت و ئەفریقیـا یـان باشـووری ئاسـیاوە هەبێـت. بـۆ نموونـە لـەم کاتانـەی دواییـدا هاووڵاتییـە ئەمریکییـەکان دەچوونـە نێـو ریـزی خۆبەخشـەکانی دەوڵەتـی ئیسـلامی (داعـش) یـان هەوڵیانـدەدا بـۆ ئـەوەی هێـرش لەنێـو وڵاتەکـەی خۆیانـدا ئەنجامبـدەن.

لێـرەدا دەتوانیـن ئـەوە بڵێیـن کـە زۆر لـە ڕێکخـراوە توونـدڕەوەکان کـە لـە ئەمریـکا کاری ڕەگەزپەرسـتانەیان ئەنجامـدەدا، لەوانـە کوکلوکـس و هاوشـێوەکانی لـە چالاکییەکانیـان لـە

ویلایەتە جیاوازەکان بەردەوامبوون و یەکێك لەوانە کە بە ناوی کلان ناسراوە زیاتر لە دەیان هەزار ئەندامی هەبووە کە لە بارەگاکەیان لە تێنیسی، بە هۆکاری رەگەزی و دینی و ئایدۆلۆجی تاوانیان ئەنجامدەدا.
د.ئیسماعیل سەلامی ئەوجۆرە توندڕۆییە وەك "رقلێبوونەوە" ناودەبات کە لە ئینگلیزیدا بەhatetivists دێت کە لە دوو ووشە پێکدێت ئەوانیش رق و چالاکییە.[1]

## ستراتیژی تیرۆریزم

تیرۆریزم بریتییە لە شێوازێکی تایبەتی ململانێی دەروونی، جەنگێکە لە پێناو حەزەکاندا کە بە هاوکاری عەقڵ دەکرێت.[2] بۆ نموونە بە پشتیوانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کوشتن لە وڵاتەکانی دیکە ئەنجامدەدرێت ، بەڵام ئەو هەوڵدەدات لەبەر چاوی رای گشتی بیشارێتەوە. لەکاتێکدا کە پەیامنێران وەك پەیامنێر لەگەڵ یەکەیەکی سەربازی ئەمریکادا دەڕۆن، تیمێکی تایبەتی دەروونی باسی چالاکییە سەربازییەکان و جەنگیان بۆ دەکەن تاوەکو ورەیان بەرزبێتەوە و خۆشەویستی نیشتیمان لە ناخیاندا زیاد بکەن.
لەلایەکی دیکەوە هەڕەشەی بەردەوامی رێکخراوە تیرۆریستیەکان وای لە ژمارەیەك لە حکومەتەکان کردووە کە ستراتیژێکی نوێ بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریزم دابنێن[3] کە کاریگەری لەسەر وڵاتان و هەرێم و حکومەت و دین و کومەڵە و کەمینەکان و کاری کومپانیاکان هەیە. ئەگەر پێشتر تیرۆر بریتی بوویێت لە چەند لادانێکی دیاریکراو، لادانەکانیش پێوەرێکی توندوتیژیان بۆ دیاریکرابێت کە ئەوانەش بەپێی یاسای نێودەوڵەتی و سەرجەم رێککەوتننامەکان باسکرابوون، ئێستا بیروبۆچونەکان دەربارەی تیرۆر ئەوەیە کە شێوازێکی تازەیە و پێویستە لێی تێبگەیت و بتوانیت مامەڵەی جدی لەگەڵ بکەیت.
P.Naiman ، M.L.P.Cmit لە بەشی لێکۆڵینەوەی سەربازی کۆلیژی شاهانەی لەندەن ئاماژە بەوە دەکات کە هەرچەندە تیرۆریزم جۆرێك" پەکخستن "ی تێدایە، بەڵام

---

1 -Ibidem Salami, Ismail. Racism and «Hate Crime» in the U.S.: The Ku Klux Klan Still «Kill At Will» Global Research, April 7, 2012. www.globalresearch.ca/index.php?context=va&aid=30186.

2 -Chaliand, Gerard . Terrorism: From Popular Struggle to Media Spectacle, London: Saqi Books, 1987.

3 -National Strategy for Combating Terrorism. February 2003. https://www.cia.gov/fr/cia-the-war-on-terrorism/Counter_Terrorism_Strategy.pdf

پێویسـت نـاکات کـە وەك شـتێکی ناسرووشـتی و لـە رێ دەرچـوون سـەیر بکرێـت، بـە بۆچوونـی ئـەوان پێویسـتە زیاتـر وەك سـتراتیژێکی سـەربازی سـەیری تیرۆریـزم بکرێـت.[1] نووسـەرەکان پێیانوایـە تەنیـا لـە رێگـەی لێکۆڵینـەوە لـە دینامیکـی سـتراتیژی تیرۆریزمـەوە دەتوانرێـت چوارچێوەیەکـی تێگەیشـتنی وا دابڕێژرێـت کـە بەتـەواوی لـە رۆڵـی توندوتیژی لـە تیرۆریـزم تێبگەیـن کـە هەندێـك لـەو گرووپانـە ئەنجامیـدەدەن.

ئەگـەر وەك سـتراتیژێکی سـەربازی لـە تیـرۆر تێبگەیـن، ئۆتۆماتیکـی دەبێتـە ئامرازێـك بـۆ دەسـتەبەرکردنی ئامانجـی سیاسـی کـە نـەك تەنیـا لەلایەنـی گرووپـە توندڕەوەکانـەوە بەڵکـو لەلایـەن حکومەتەکانیشـەوە بەکاردێـت.

دەکرێـت بگوترێـت تیرۆریـزم وەك ئـەوەی کـە هەیـە پشـت بـە دروسـتکردنی تـرس وەك بنەمایـەك لەگـەڵ بەکارهێنانـی یـان هەڕەشـە و توندوتیـژی جەسـتەیی دەبەسـتێت و ئـەوەش بـە مەبەسـتی کاریگـەری سیاسـی بـۆ سـەر گرووپێکـی دیاریکـراو بەکاردەبرێـت. ئـەم پێناسـەیەش پشـت بـە لێکۆڵینەوەکـەی T.P.Torntona[2] دەبەسـتێت کـە تێیـدا زانیـاری زۆری دەربـارەی تیرۆریـزم پێشکەشـکردووە.

لەو لێکۆڵینەوەیەدا ئاماژەی بە سێ لایەنی گرنگی ئەم دیاردەیە کراوە:

- توندوتیـژی زۆر بـۆ کاری تیـرۆر، ئـەو شـێوازەیە کـە تیـرۆری لـە شـێوازەکانی دیکـەی ناتوندوتیـژی پـێ جیادەکرێتـەوە. وەك خۆپیشـاندانی گشـتی و بڵاوکـراوە و تاد... لەڕاسـتیدا هەرچەنـدە خەڵکـی هەندێکجـار رووبـەڕووی تیـرۆر و تـرس دەبنـەوە، بەبـێ ئـەوەی هیـچ هەڕەشـەیەکی جەسـتەییش لـە ئـارادا بێـت. ئـەو شـێوازانەش کـە زۆرتریـن کات بۆ تیـرۆر بە کاردەهێنرێـن و لەنێـو خەڵکیـدا بـاون شـێوازی توندوتیـژی فیزیکـی و جەسـتەییە. تۆرنتـۆن سرووشـتی توندوتیـژی بـە "نائاسـایی" ناودەبـات و ئـەوە واتـای دەستنیشـانکردنی ئاسـتی توندوتیژییەکـی سیاسـی رێکخـراو دەدات تاوەکـو بـە تیرۆریـزم ناوببرێـت. پێویسـتە لـە چوارچێـوەی بنەماکانـی هانـدان لەسـەر توندوتیـژی سیاسـی دەرچێـت و لـە کۆمەڵگەیەکی دیاریکـراودا قبـوڵ بکرێـت.

- سرووشـتی کاری توندوتیـژی لـە تەقینەوەیەکـدا واتایەکـی زۆر فراوانـتری هەیـە لـەوەی کـە راسـتەوخۆ لـە کردارەکـە دەردەکەوێـت. واتـە جگـە لـەو زیانـەی کـە مـردن و پێـکان و چەندیـن شـتی دیکـە لـە خۆدەگرێـت، دەشـێ هەڵوێسـت و پەیامـی سیاسـیی تێدابێـت

1 -Neumann, Peter R. & M. L. R. Smith. Strategic terrorism: The framework and its fallacies. Journal of Strategic Studies, 2005, 28: 4, 571 — 595

2 -Thornton, T.P. «Terror as a Weapon of Political Agitation» in Harry Eckstein (ed.), Internal War: Problems and Approaches, New York: Free Press, 1964, pp.71–99

کە تیرۆریستەکان بۆ دانانی پەیوەندییەکانیان پشتی پێدەبەستن. لەبەر ئەو هۆیە دەتوانی لە ڕێگەی هەڵسەنگاندنی نێوەڕۆکی هێما یان " پەیامەکان"ەوە لە کاری تیرۆریستی تێبگەیت. جگە لەوەش جێبەجێکردنی پرۆسەی تیرۆری نەخشە بۆکێشراو چەند قۆناخی هەیە و دەمودەست ناکرێت.

هەبوونی تۆڕێکی تیرۆریستی بە کارێکی سەرەکی و هەنگاوی یەکەم لە پرۆسەی تیرۆر دادەنرێت. تیرۆریستەکان ئەو بڕوایەیان لەلادروست دەبێت کە کارەکەی ئەوان وادەکات بگەنە دەسەڵات و وای پیشاندەدات کە دەسەڵات ناتوانێ بەرگری لە هاونیشتیمانیانی خۆی بکات. جا بۆ بەدیهێنانی ئەم مەرامەش دەبێ پەیوەندی نێوان کۆمەڵ بپچڕێندرێت. لەبەرئەوە زیادکردنی توندوتیژی بۆ ئەوەی کە بە ئاشکرا بیسەلمێنێت کە دەسەڵات توانای ڕێگرتن لە ئاژاوەی نییە خاڵێکی گرنگ و سەرەکییە.[1] تیرۆریستەکان لە هەمووجێگەیەك مەبەستیانە پشتیوانی خەڵك بەدەستبێنن تاوەکو بتوانن لە کاری توندوتیژی بەردەوامبن، بۆ ئەوەش ئەوان ئامانجی فەرمی و نافەرمی بۆ خۆیان دیاریدەکەن. وەك بنەمایەك، ئامانجە فەرمییەکان بریتین لە نوێنەرایەتییەکانی حکومەت - سیاسییەکان، بەرپرسان، سەرباز، دادگا، پۆلیس و تاد.. کە ئەمانە وەك بریکاری حکومەت سەیر دەکرێن.

لە قۆناخی دووەمدا وەڵامدانەوەی واقیع دەردەکەوێت. N.Beri دەڵێ کە لەم کاتەدا تیرۆریستەکان هەوڵدەدەن بە چالاکییەکەیان یارییەکی گونجاو بکەن و وەڵامی دوژمنەکەیان بدەنەوە. لەوانەیە لێرەدا بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریستان چەندین بژارە هەبێت.[2] یەکێك لەوانە تێگەیشتنە لە ئامانجی سەرەکی کردەوە تیرۆریستییەکە کە بەشێکی سەرەکییە لەکاری تۆڕە تیرۆریستیەکە و تیرۆریستەکان هەمووکات هەوڵدەدەن لە ڕێگەی ئەنجامدانی کاری نایاساییەوە یاری بە حکومەت بکەن. لە ئەنجامدا کارە تیرۆریستییەکان زۆربەی کات بەهۆی ئامانجە خراپەکانیانەوە دەبنە هۆی توندوتیژییەکی زۆر و بارودۆخێکی نائاسایی دروستدەکەن.[3]

پێداچوونەوەی دەسەڵات بە خۆی دەتوانێ بارودۆخەکە بگۆڕێت. ئەمەش سیناریۆیەکە دژی گرووپێکی بە ئامانج گیراو (حکومەت) کە تێیدا پشتیوانی کۆمەڵگەی لەدەستداوە

1 -Knauss, Peter and D.A. Strickland, 'Political Disintegration and Latent Terror', in Michael Stohl (ed.), The Politics of Terrorism, New York: Marcel Dekker, 1979, p.77.

2 -Berry, N.O. 'Theories on the Efficacy of Terrorism', in Paul Wilkinson and A.M. Stewart (eds),Contemporary Research on Terrorism, Aberdeen: Aberdeen UP, 1987, pp.293–304.

3 -Wilkinson, Paul. Terrorism and the Liberal State, London: Macmillan, 1986, p.296

چونکـە نەیتوانیـوە بەشـێوەیەکی گونجـاو لەگـەڵ هەڕەشـەی تیرۆریسـتیدا مامەڵـە بـکات. لەوکاتــەدا حکومــەت پێیوادەبێــت کــە پشــتگیری کۆمەڵگــە بــۆ ئــەو بــەس نابــێ بــۆ ئاراسـتەکردنی سیاسـەتی حکومـەت دژی تیرۆریسـتان. وەك دیـارە لـە ئەزموونـی مێژووییـدا سـیناریۆی ئـاوا کێشـەیان بـۆ زۆر لـە سیسـتەمەکان دروسـتکردووە، بەتایبەتـی بـۆ ئـەو حکومەتانـەی لـە چوارچێـوەی سیسـتەمی لیبراڵـی دیموکراتیـدا کاردەکـەن .

یەکێـك لـە وەڵامەکانـی دیکـە ئەوەیـە کـە حکومـەت هەڵـە دەکات ئەگـەر توندوتیـژی بەرامبـەر بـە گرووپێکـی ئۆپۆزیسـیۆن بـکات. بـۆ نموونـە ئەگـەر حکومـەت دەسـت بـە توندوتیـژی بـکات و بڕیـاری داخسـتنی پارتـی سیاسـی بـدات و رۆژنامـەکان دابخـات وخەڵـك دەسـتگیر بـکات و هاووڵاتیـان بڕفێنێـت کاری هەڵـە دەکات. ئـەو بۆچوونـە هەڵەیە کـە هەندێـك دەڵێـن پەیوەنـدی لەنێـوان کاری تیرۆریسـتی و کاری ئۆپۆزیسـیۆندا هەیـە و ئـەوان دەتوانـن پێکـەوە کاربکـەن. بـۆ نموونـە سـوپای کۆماریـی ئیرلەنـدی هەیکەلێکـی یاسـایی بـە نـاوی شـین فیـن هەیـە کـە کاری سیاسـی یاسـایی دەکات و جیاخوازەکانـی "ئێتـا"ش باڵێکـی سیاسـییان بـە نـاوی هـەری باتاسـونا هەیـە. هەروەهـا نموونـەی دیکـەی وەك شۆڕشـی ئیسـلامی لـە ئێـران پیشـانیدەدات کـە توندوتیـژی هەڵـە و ناراسـت، تەنیـا کەوتنـی حکومـەت خێراتـر دەکات.

جگـە لــەوە تیرۆریســتان مەبەســتیانە بتوانــن کەســیان لــە حکومەتــدا هەبێــت ( بــۆ بەکارهێنانـی بەڵگەنامـەی سـاختە و جلوبەرگـی فەرمـی) تاوەکـو کەسـایەتی حکومـەت لەبەرچـاوی کۆمەڵگـە لەکـەدار بکـەن.

قۆناخــی ســێیەم بریتییــە لــە دەســتەبەربوونی ڕەوایــی کــە ئەمــەش یــان لــە ڕێگــەی شـارەزاییەکی تـەواو لـە ئامرازەکانـی ڕاگەیانـدن دەبێـت یـان لە ڕێگـەی هاندانی سیاسـییەوە دەبێـت بـەوەی کـە پەیوەندییەکـی بـاش و چـالاك لەگـەڵ خەڵکـدا دروسـتبکرێت. ئێسـتا لــە ڕێگــەی ئینتەرنێتــەوە دەکرێــت ئــەو پەیوەندییــە دروســتبکرێت و ئــەوەی لێــرەدا دیاربێـت ئەزموونـی ئیسـلامییە جیهادییەکانـە کـە لەوبارەیـەوە زۆر چـالاك بـوون. زۆرکات بەدەسـتهێنانی ڕەوایـی پەیوەسـتە بـە کۆمەڵگەیەکـی کولتووریـەوە کـە تیرۆریسـتان کاری خۆیانـی تێـدا دەکـەن و لەوەشـدا ڕەوشـت بـە توندوتیـژی و مردنـەوە پەیوەندیـدار کـراوە. لـە لێکۆڵینەوەیەکـدا کـە تایبـەت بـووە بـە تیرۆریـزم[1] و گرنگـی بـە ئامـار داوەو بەراوردێکـی لەسـەر ژمـارەی مردنـەکان کـردووە، ئاماژەکـراوە بـەوەی کـە لـە جیهانـدا لـە هەمـوو سـاڵی 2011دا ، ملیۆنێـك و چوارسـەد هـەزار کـەس بـە ڕووداوی هاتووچـۆ 1 مـردوون، بـە ئایـدز

---

1 -Myhrvold, Nathan. Strategic Terrorism. A Call to Action. Research paper NO. 2 – 2013

1 ملیۆن و 700 حەوت سەد هەزارکەس مردوون و لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا تەنیا لە ڕێگەوبانـدا 29757 کەس مـردوون. لـە کارەساتی کەوتنـە خـوارەوەی فڕۆکـەدا 494 کـەس مـردوون. کوژراوانـی کارە تیرۆریسـتیەکەی 11 سـێپتەمبەری 2011 گەیشـتنە 2996 کـەس و لـە بۆمبارانکردنـە ئەتۆمییەکـەی هیرۆشـیمادا 90 هـەزار کـەس کـوژران. لـە کارەساتە تسـۆنامییەکەی ئوقیانووسـی هینـدی لـە سـاڵی 2004 دا 230 هـەزار کـەس مـردن. نووسـەر ئـەو پرسـیارە دەکات کـە تاچەنـد هەڵوێسـتی ڕەوشـتیی کاری توندوتیـژی لەلایـەن تاکـەوە ترسـناکترە لـەو ڕووداوانـەی کـە لەلایـەن مرۆڤـەوە دەکرێـن یـان بـە کارەسـاتی سرووشـتی ڕوودەدەن؟ بەتایبەتـی ئەگـەر وابیـر لـەوە بکەینـەوە کـە ئـەو بۆمبارانکردنـە ئەتۆمییـەی کـە لـە شـارەکانی ژاپـۆن ڕوویانـدا پێویسـتبوو ڕوونـەدات. ئـەم کارە لەلایـەن ویلایەتـە یەکگرتووەکانـی ئەمریـکا و هاوپەیمانەکانییـەوە بـە کارێکـی تیرۆریسـتی دانانرێـت. واڵـتر واسـیل میـد لێکۆڵینڤانـی دیـار لـە پەیوەندییـە نێودەوڵەتییەکانـدا ئامـاژە بـۆ لێکۆڵینەوەیەکـی ئاماریـی پرۆفیسـۆر جـۆن مولـر لـە زانکـۆی ئۆگایسـکی دەکات کـە دەڵـێ لێـدان بـە تیشـکی شـاراوە لەژێـر زەویـدا تیرۆرێکـی ترسـناکە و شـاردنەوەی شـت لـە ژێرخـاك لـە کارەکانـی بـن لادن ترسـناکترە.[1] جـۆن مولـر لێکۆڵینەوەیەکـی بـە نێوبانگـی لـە ئەمریـکا هەیـە و تێیـدا بیروبۆچوونـی گشـتی لەسـەر ئـەو شـەڕانەی کـە لـەم دواییانـەدا ئەنجامـدراون وەرگرتـووە. تێیـدا خەڵـك ڕەخنـە لـە دەسـەڵاتدارە سیاسـییەکان دەگـرن کـە پێیانوایـە تیرۆریسـتە ئیسـلامییەکان دەتوانـن چەکـی کۆمەڵکوژی دەسـتەبەر بکـەن. مولـر ئامـاژە بـەوە دەکات کـە چەندیـن لێکۆڵینـەوە و زانیـاری و ڕاپۆرتـی هەواڵگـری هەیـە لەسـەر ئـەوەی کـە ڕێکخـراوی قاعیـدە هیـچ کاتێـك ناتوانـێ بۆمبـی ئەتۆمـی دروسـتبکات و بەدەسـتی بێنێـت. لەگـەڵ ئەوەشـدا لـە دوای ڕووداوەکانـی 9/11 لـە هەمـوو جیهانـدا نزیکـەی چەنـد سـەد کەسـێك کـوژراون کـە بێگومـان ئـەوەش هـەر زۆرە، بـەڵام ئـەو هەڕەشـە ترسـناکە نییـە کـە باسـدەکرێت.[2]

ڕەخنەگرێـك لـە سیاسـەتی دەرەوەی ئەمریـکا ئامـاژە بـە هۆکارەکانـی مردنـی ژمارەیەکـی زۆری هاووڵاتیانـی عێراقـی لـە کاتـی داگیرکردنـی ئـەو وڵاتـە لەلایـەن ئەمریـکاوە دەکات. بەپێـی ڕاپۆرتـی ئـەم ڕێکخراوانـە Physicians for Social Responsibility، Physicians for Global Survival International Physicians for the Prevention of Nuclear War

1 ڕێبازێکی نوێ بۆ پەیوەندی نێودەوڵەتی، لە ئیمپراتۆرەوە بۆ کۆمەڵگاK ئێتسیۆنی ئە. م. لادۆمیر، 2004. ل.130.

2 -Mueller، John. The Truth About al Qaeda. Foreign Affairs. August 2، 2011 http://www.foreignaffairs.com/articles/68012/john-mueller/the-truth-about-al-qaeda

لەکاتی داگیرکردنی عێراق لەلایەن بەریتانیاو ئەمریکاوە، 1 ملیۆن و 300 هەزار کەس کوژراون. کە ئەم ژمارەیە بە بەراورد لەگەڵ ئەو هێرشە تیرۆریستییانەی کە دەکرانە سەر ویلایەتە یەکگرتووەکان زۆر لاسەنگە. ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر سەرکەوتوو نەبووە و واشنتن تۆمەتبار دەکرێت بەوەی لە جێبەجێکردنی سیاسەتەکانیدا چەندین شێوازی تیرۆریستیی پەیڕەوکردووە. هەرچەندە ئێستا لەم کاتەدا لە رۆژئاوا وادەبینرێت کە ترسناکترین تیرۆر بەسرووشتی خۆی بریتییە لە تیرۆری ئیسلامی، بەڵام ئەو بارودۆخەی کە ئێستا تیرۆری جیهادی نێودەوڵەتی پێ جیادەکرێتەوە سێ رەهەندی هەیە: نامەرکەزی، ناوخۆیی، تاکە کەسی. ئەمەش وەڵامێکە بۆ سەرنەکەوتنی جەنگ دژی تیرۆر لە ساڵی 2001 ەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا گۆڕانکارییەك هەبووە لەوەی کە گرووپە جیاوەزەکان لەڕووی ئایدولۆژی و نەژاد و ناوچەی جوگرافی جیاجیاوە بەیەکەوە جیهاد بکەن، چونکە بەشێکی زۆری جیهادییەکان پێیانوایە کە جیهادی رێکخراو باشترە لە جیهادێك کە بە تەنیا بێت.[1] لەنێو ئەوانەی کە باسکرا پرسیارێك دێتە پێشەوە سەبارەت بەوەی کێ لە پشت ئەو هەموو تیرۆر و رێکخراوە توندڕەوانەوەیە؟. دەتوانرێت تیرۆریستەکان، بە تایبەتی ئەگەر ئەوانە لە گرووپێکی نێودەوڵەتی بن وەك بابەتێك بۆ جەنگ بەکار بهێنرێن. بەڵام دەکرێت لە تارماییدا چەندین شتی دیکە بکرێت کە ئەمەش لایەنی سێیەم سوودی لێدەبینێ جا چ حکومەت بێت یان گرووپێکی چەکداری کە ناوێکی سەربازی لە خۆیان دەنێن. لێرەدا سووریا باشترین نموونەیە کە لەوێدا چەندین حکومەت هەیە کە دەیانەوێ پارێزگاری لە بەرژەوەندییەکانی خۆیان بکەن لە ناوچەکەدا و لە بەرامبەر حکومەتی شەرعیدا پشتیوانی و راهێنان بە تیرۆریستان دەکەن.

بە دڵنیاییەوە ئێمە نابێ حکومەتە تیرۆریستییەکانمان لە بیر بچێت چونکە ئەوان زۆر بەئاسانی ئەتوانن ستراتیژی خۆیان بگۆڕن، بەتایبەتی ئەگەر چەند حکومەتێك وەك گرووپێك پێکەوە کاربکەن.

## تیرۆری دەوڵەت

لێرەدا پێناسەی تیرۆری دەوڵەت هەرجۆرە توندوتیژیەك بەهۆی حکومەت و دەزگا

1 -Ungerer، Carl. Beyond bin Laden. Future trends in terrorism. ASPI، Dec. 2011، P. 17

جـۆر بەجۆرەکانییـەوە دژی هـەر دەوڵەتێـك یـان هـەر دژایەتییـەك کـە لـە نـاوەوە بکرێـت لەخـۆ دەگرێـت. لـەم کاتانـەدا تیـرۆری دەوڵـەت بریتـی دەبێـت لـە کاری دووژمنـکاری سـەربازی و دادگاییکردنـی خـراپ و مامەڵـەی نادروسـتی پۆلیـس و هەمـوو ئەوانـە لەپێنـاو چارەسـەرکردن و بەدەسـتهێنانی ئامانجەکانـی حکومـەت لـە نـاوەوەو دەرەوەی وڵات دەکرێـت.

شـارەزای بەریتانـیC.Cigler پێناسـەیەکی گونجـاوی بـۆ تیـرۆری دەوڵـەت کـردووە و پێیوایە خراپتریـن بەکارهێنانـی دەسـەڵاتە و بـە بەکارهێنانـی داوودەزگاکانـی توندوتیـژی لەلایـەن دەوڵەتێکـەوە بـۆ مەبەسـتی پاریزگاریکـردن لـە نیـزام و ئاسایشـی نیشـتیمانی دژی گەلەکەی خـۆی نـاوی دەبـات. ئەمـەش کاری نایاسـایی وەك سـزادان، کۆچپێکـردن و کوشـتنی نهێنـی و بەکارهێنانـی "تیمـی مـەرگ" و تـاد دەگرێتـەوە. رەگـەزی سـەرەکی تیـرۆر وەك لـە ئەسـڵی وشـەکەوە دەبینیـن بریتییـە لـە ترسـاندن و بـەدوای ئەوەشـدا بریتییـە لـەو کارانـەی کـە ئامانجـی ترسـاندنی حکومەتـەکان و هاووڵاتییەکانـی هەیـە. بـە مانایەکـی فـراوان دەکرێـت بەوجـۆرە لـە تیـرۆر بگەیـن کـە چ لەکاتـی شـەڕدابێت یـان لەکاتـی ئاشـتیدابێت هـەر روودەدات. بـۆ نموونـە بۆمبارانکردنـی فسـفۆریی درێژدینـە لەلایـەن هاوپەیمانەکانـەوە یـان وەك پێشـتر باسـمانکرد بۆمبارانکردنـی هیرۆشـیما و ناکازاکـی کـە لـە سرووشـتی خۆیـدا کارێـك بـوو بـۆ ترسـاندن کـە پێویسـت نـاکات وەك سـتراتیژێکی سـەربازی سـەیر بکرێـت. ئـەوە لەوکاتـەدا تەنیـا بـۆ دژایەتیکردنـی خەڵکـی ژاپـۆن نەبـوو بەڵکـو بـۆ وڵاتەکانـی دیکـەش بـوو. بەدڵنیاییـەوە لـە روانگـەی یاسـاییەوە ئـەوە دیاردەیـەك بـووە لـە نیـوەی دووەمـی سـەدەی بیسـتەمدا روویـداوە کـە بارودۆخەکـەی زۆر جیاوازبـووە، بـەڵام ئەگـەر لەگـەڵ واتـای تیـرۆر و ئـەو کارە تیرۆریسـتی و دووژمنکاریانـەی کـە پێشـتر روویانـداوە بـەراوردی بکەیـن وەك ململانێـی چەکـداری چینییـەکان دژی ژاپـۆن، لـە زۆر لـەو حاڵەتانـە زیاتـر سرووشـتێکی دامەزراوەیـی و رێکخراوتـری هەیـە. بـەڵام لێـرەدا راسـتییەکی ئاشـکرا هەیـە، ئەویـش ئەوەیـە کـە بـۆ چوونـە نێـو زۆر دەوڵـەت و دەستخسـتنە نێـو کاروبارەکانـی، رێگـەی پشـتگیریکردن لـەو دامەزراوانـەی توندوتیـژی دەکـەن لـە ئارادایـە. ئـەوەی کـە لێـرەدا زۆر دیـارە، دامەزرانـدن و پشـتیوانیکردنی ویلایەتـە یەکگرتووەکانـی ئەمریکایـە بـۆ گرووپـی مـەرگ لـە ئەمریـکای لاتیـن. لـە هەمانکاتـدا پشـتیوانی هونـەری و سـەربازی و دابینکردنـی چـەك و پێداویسـتی بـۆ ئـەو چەکدارانـەی کـە دانیشـتوانی مەدەنـی گوندێکیان بـە تـەواوی لەنێوبـرد و رژێمێکـی زۆرەملێیـان دامەزرانـد کە ئەمـەش بە پشـتیوانی ئیسرائیل و بەریتانیـای گـەورە کـرا. لەبەرئـەوە، راستە ئەگـەر بڵێیـن هاوپەیمانییەکـی نێودەوڵەتـی بـۆ

ئەنجامدانــی تیــرۆر هەیــە. ئــەو دوو دەوڵەتــە بــۆ ســەرکوتکردن و ئەنجامدانــی توونــدوتیــژی دژی بزوتنــەوە شۆڕشــگێرییەکانی ژێردەســەڵاتی خۆیــان لــە ئەمریــکای لاتیــن راهاتــوون و ئەزموونێکــی گرنگیــان بــۆ ململانــێ لەگــەڵ " دووژمنــی " ناوخــۆ لــە ئێرلەنــدا و فەلەســتین هەیــە. بــەڵام ئێســتا ئەمریــکا و شــەریکەکەی لــە رۆژهەڵاتــی نێوەڕاســتدا کــە ئیسرائیلــە، زۆر چالاکانــە ئەزموونەکانــی واشــنتن بەکاردەهێنــەوە و چەندیــن مۆدێلــی نوێــی خۆشــیان تاقیدەکەنــەوە.

لــەم دوواییانــەدا لەســەر بنەمــای بەرگریکــردن نــەك جەنــگ و فڕانــدن کــە ئیسرائیــل پێشــتر لــە جەنگــدا لەبەرامبــەر لوبنــان بەکاریدەهێنــا، ســتراتیژێکی نــوێ دژی فەلەســتین گیراوەتــە بــەر. پێــش ئــەوەش ئیسرائیــل زۆربــەی کات لــە پرۆســە ســەربازییەکانیدا مۆدیلــی رۆژئاوایــی بەکاردەهێنــا، وەك پرۆســەی Cast Lead کــە لــە مــاوەی 27 کانونــی یەکەمــی 2008 تاوەکــو 21 کانوونــی دووەمــی 2009 ئەنجامیــدا و هەروەهــا ( رێمیکــەم) کــە پرۆســەیەکی ئەمریکییە واتــای (شــۆك و ترســاندن )دەدات و لەســاڵی 2003 لــە عێــراق جێبەجێکــرا. لــەم جــۆرەدا لەئاســمانەوە بەشــێوەیەکی خێــرا لــە دووژمــن دەدرێت.[1]بــەڵام ئێســتا ســتراتیژێکی نــوێ بەکاردەهێنرێــت کــە ئەویــش گوشــاری بەردەوامــە بــۆ ســەر بەرامبــەر لەجیاتــی هێرشــی بۆمبایــی . ئــەم گوشــارە بەردەوامــە کاریگەرییەکــی لەســەر یــەك کەڵەکەبــوو دروســتدەکات و باشــتر لــە هێرشــی ســەربازیی پچڕپچــڕ ئامانــج دەپێکێــت. ئێســتا ئیسرائیــل بەرامبــەر بــە دژەکانــی خــۆی لــە ســەدەی بیســتویەکدا ئەوجــۆرە ســتراتیژە پەیــڕەودەکات.[2] ئیفرایــم ئینبــار و ئیتــان شــامیر دوو زانــای بەنێوبانگــی ئیسرائیلیــن لــە زانکــۆی بارئیلانســك زۆر بەڕوونــی ئــەوە روونەکەنــەوە کــە بۆچــی بەکارهێنانــی هێــزی ســەربازیی لەلایــەن ئیسرائیلــەوە بــۆ رووبەڕووبونــەوەی فەلەســتینییەکان وەك تاکــە ســتراتیژ دەردەکەوێــت. ئــەوان پێیانوایــە کــە پێویســتە تەلئەبیــب لــەوە تێبــگات کــە لەلایــەن رۆژئــاواوە رەخنــە لــە بەکارهێنانــی هێــزی ئیسرائیــل بەرامبــەر عــەرەب دەگیرێــت. بــەڵام لەگــەڵ ئەوانەشــدا ئیسرائیلییەکانــی ناوخــۆ پێیانوایــە ململانێــی عــەرەب - ئیسرائیــل چەندیــن ســەدە دەخایێنێــت و چارەســەرکردنی لــە ماوەیەکــی نزیکــدا ناکرێــت. لەبەرئــەوە ئیسرائیــل ســتراتیژی مامەڵــە لەگــەڵ فەلەســتین وەك دووژمــن دیاریــدەکات، بــەڵام خــۆی لــە داگیرکارییەکــی درێژخایــەن بەدووردەگرێــت کــە ئەوجــۆرە ســتراتیژەش لــە بیروبۆچوونــە سیاســی و ســەربازییەکاندا " بڕینــی گژوگیــا "ی پێدەگوترێــت و ئــەوەش دووژمــن لەنێودەبــات یــان هــەر پلانێکــی دووژمنکارانــەی دیکــە

1 -Fogelman، Shai. ‘Made in Israel’، Haaretz، 24 Dec. 2011

2 -Shabtay، Shay. The War after the Next War: The Era of Protracted Conflicts، Maarachot، No. 440، Dec. 2011

کە دژی ئیسرائیل بێت تێکدەدات[1]. دەستەواژەی" پۆکەس تراڤ " لە رابردوودا لەلایەن سوپای ئیسرائیلەوە بەکاردەهێنرا ، بەڵام لەساڵی 2013ەوە بووە زاراوەیەکی ئەکادیمی و لەلایەن ئەفسەرانی پلە باڵاوە بەکاردەهێنرێت. [2]
ئەو نووسەرانەی کە لەسەرەوە ئاماژەیان پێکرا، ئەوە رووندەکەنەوە کە لەئەیلوولی ساڵی 2000 ئیسرائیل بە پێویستیزانی ئەوە بە رای گشتی بڵێت کە فەڵەستین شەریکێکی باشە لە هێنانە ئارای ئاشتی لە ناوچەکە و لە سەرەتای دەستپێکردنی "بەهاری عەرەبی" ئەو ئاماژانە زیاتر دەرکەوتن. بەتایبەتی بەهاتنی بزووتنەوە ئیسلامییە توندڕەوەکانی دژە ئیسرائیل و دژە رۆژئاوا لەڕووی ئایدۆلۆجییەوە کە بۆ دژایەتییەکی بەهێزی دەوڵەتی زایۆنی سەرەتایەکی دیکە بوو. [3]
یەکێك لە رەگەزە سەرەکییەکانی ئەو ستراتیژەی ئیسرائیل ئەوەیە کە چۆن وەك ئەمریکا لە پاکستان، ئەفغانستان، یەمەن و عێراق بەکاریدەهێنا،[4] لەڕێگەی فڕۆکەی بێفڕۆکەوانەوە پلانی کوشتن دابنێت. پرەنسیپی " پۆکەس تراڤ " کە مێژووییەکی کۆنی هەیە و دێڤید بن گوریۆن یەکێك لە سەرۆك وەزیرەکانی ئیسرائیل کاری لەسەر کردووە و لەبارەی ئاسایشی ئیسرائیل دوو گریمانەی سەرەکی هەبووە کە بریتین لە:
1 – دژایەتیکردنی عەرەب بۆ حکومەتی ئیسرائیل بۆ ماوەی چەندین دەیەی دیکە بەردەوام دەبێت.
2 – هێزی ئیسرائیل لە ناوچەکە و دانیشتووانەکەشی روو لە کەمبوون دەکات.
لەسەر ئەم بنەمایە دەتوانین بڵێین کە بەتەواوی دژایەتی عەرەبی دووژمنی دەکات ، چونکە بن گۆریۆن پێیوایە ئیسرائیل ناتوانێ بەتەواوی پابەندی هەر پەیماننامەیەکی ئاشتی لەگەڵ دراوسێیەکانیدا بێت، تەنانەت لەوکاتانەش کە لە پێگەیەکی بەهێزیشدا بێت.

1 -Inbar، Efraim & Eitan Shamir. Mowing the Grass: Israel's Strategy for Protracted Intractable Conflict. Journal of Strategic Studies. Oct. 2013

2 -for example look at . http://www.idf.il/1613-15468-he/Dover.aspx и http://www.ynet.co.il/articles/0،7340،L-4340652،00.html

3 -Ben-Meir، Yehuda and Olena Bagno-Moldavsky، The Voice of the People: Israeli Public Opinion on National Security، 2012، Memorandum 126. Tel Aviv: INSS، March 2013.

4 -Byman، Daniel. Curious Victory: Explaining Israel's Suppression of the Second Intifada، Terrorism and Political Violence 24/5/2012.

## شکستی ڕۆژئاوا لە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر

ئاشکرایە کە ستراتیژی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر لەسەر یاسای دەوڵەتان و سیستەمی سیاسی واتە گرنگترین تیۆرییەکانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، ڕێککەوتن و یەکێتییەکان دەوەستێت. ئەو بۆچوونەی پێیوایە مۆدێلی ڕۆژئاوا کە پێشنیازی سەروەری یاسا، نرخدانان بۆ دیموکراسی، ئازادی، سیکۆلاریزم، لەنێوبردنی تیرۆر بەیاسا نێودەوڵەتییەکان دەکات لە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆردا کاریگەر نییە ، زۆر کۆن نییە.
بەگشتی دوای کردەوەکانی ڕێکخراوی قاعیدە و دوای داگیرکردنی عێراق و دەرئەنجامەکانی، هەروەها دروستبوونی داعش و سەرهەڵدانی قەیرانی سووریا، دەتوانین گومان لە سیستەمی دیموکراسی و لیبراڵیزم بکەین. زیادبوونی تیرۆریستەکان لەنێو وڵاتانی ڕۆژئاواو ئەوروپا، نەبوونی لێپێچینەوەی کاریگەر، بوونە هۆی ئەنجامدانی تەقینەوەکانی بەلجیکاو فەرەنساو وڵاتانی دیکە و ڕێگەی بۆ خراپبوونی شارستانییەتی ڕۆژئاواو تێکچوونی بارودۆخ و پەیوەندی نێوان ئایینەکان بەتایبەت کریستیان و ئیسلامییەکان کردەوە. هاوکات قەیرانی ئابووریشی زیادکرد و هەموو ئەوانەش کە باسکران پێکەوە ڕۆڵیان لە دروستبوونی خراپەکاری و تیرۆردا گێڕا.
لە یەك دەیەی ڕابردوودا دەرکەوت کە ناتۆ و ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی ناتوانن ڕووبەڕووی تیرۆر ببنەوە. پلانەکانیان کاریگەر نەبوون و هێرشە سەربازییەکانیان خەڵکی مەدەنی کردە قوربانی و ئەوەش وایکرد بیرۆکەی خراپ سەبارەت بە دیموکراسی و لیبراڵی دروست بێ و دەرفەت لە بەردەم تیرۆریستان واڵا بێت تاوەکو چالاکی زیاتر ئەنجامبدەن. لەگەڵ ئەوانەشدا واشنتن چارەسەری سیاسی بۆ کێشە هەرێمی و جیهانییەکان پەیدا نەکرد.
بەشێوەیەکی گشتی مێژوو شایەتە کە ئەمریکا سیاسەتێکی هەڵەی هەیە کە دووبارەی دەکاتەوە. ئەویش ئەوەیە کە کردەوەی سەربازی لە سنوورێکی دیاریکراودا دەکات و بۆ مەبەستی سیاسی خۆی ، هێزەکانی تاوەکو ماوەیەکی درێژ لەو سنوورە دەهێڵێتەوە. ئەنتۆنی کۆردیسمان لەسەنتەری لێکۆڵینەوەی نێودەوڵەتی لە واشنتن،گوتی کە ئەمریکا ستراتیژییەکی هەڵەی بۆ چۆنییەتی هەڵسوکەوتکردن لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و لەگەڵ وڵاتانی ئیسلامی هەیە.
ئێستا سەلەفی و گرووپە جیهادییەکان زیادیان کردووە. لە ڕاپۆرتێکی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکادا هاتووە کە لە ماوەی ساڵانی 1998 بۆ 2004 ، ساڵانە 300 کردەوەی

تیرۆریستی لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست روویانداوە و لە ساڵی 2008 ، بەگشتی 1600 کردەوەی تیرۆریستی هەبووە و لە 2010یشدا ، 1500کردەوەی تیرۆریستی هەبووە. لە 2011 دا 1700 کردەوەی تیرۆریستی هەبووە، لە 2012دا بەگشتی 2500 و لە 2013 بەگشتی 4650 کردەوەی تیرۆریستی روویانداوە. ئەمەش ئەوە دەردەخات کە کردەوە تیرۆریستیەکان بەبەراورد لەگەڵ ساڵی 2002 پانزە ئەوەندە زیادیان کردووە و بەبەراورد بەساڵی 2010 دە ئەوەندە زیادیان کردووە. ئەو ئامارانە بەبێ ئەو کردەوانەیە کە لە ئەفغانستان و پاکستان روویانداوە. زانیاری هەبوو کە گرووپە تیرۆریستییەکان چالاکتر دەبن ، بەڵام ئەمریکا هیچی نەکرد بۆ ئەوەی رێگە لە دروستبوونی داعش بگرێت. راپۆرتە هەواڵگرییەکان ئاماژەیان بەوە دەدا کە جوڵەی گرووپە تیرۆریستییەکان لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە هەیە و ئەگەری ئەنجامدانی کردەوەی تیرۆریستی زیاتر هەیە. سەرئەنجام ئەمریکا پێیزانی و وردە وردە بەشێوەیەکی ناستراتیژی دەستی بە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر کرد کە لە ئەنجامی ئەوەشدا ئێمە ئێستا بەرهەمەکەی دەبینین کەچی لەو گرووپە تیرۆریستییانە دروستبووە. کۆردیسمان دەڵێت: "ئێستا ئێمە ستراتیژییەکی تەواومان بۆ بەرەنگاربوونەوەی دووژمنەکانمان نییە و ستراتیژییەکی نادیارمان لە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆردا هەیە. ئامارەکان وادەردەخەن کە لە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆردا سەرکەوتوو نەبووین، بۆیە پێویست نییە تەنیا ئەوە دووبارە بکەینەوە کە لە عێراق و سووریا ئەنجاممانداوە. دەبێ بەشێوەیەکی گشتگیرتر و بە ستراتیژییەکی باشتر و بە هاوئاهەنگی لەگەڵ دەوڵەتە ئیسلامییەکان رووبەڕووی تیرۆر ببینەوە. لەکاتێکدا ئەوە زیاتر لە 10 ساڵ بەسەر 11ی سێپتەمبەردا تێپەڕیوە، تائێستا هیچ یەك لەوانەمان نەکردووە.

کۆردیسمان بەشیوەیەکی لۆژیکی کێشەکە دەبینێ بەتایبەت دەربارەی سووریا کە پێیوایە واشنتن لەوێ بەشێوەیەکی ناستراتیژی کاریکردووە. لێرەدا مەبەست لە ناستراتیژی ئەوەیە بەبێ ئامادەکاری پێویست کارێك ئەنجامبدەیت. ئەمریکییەکان نایانەوێت دان بەهەڵەکانی خۆیان دابنێن، بۆیە بیر لە دۆزینەوەی پاساوێکی نوێ بۆ کردەوەکانیان دەکەنەوە. ئەو ناستراتیژیەی ئەمریکا بووەتە هۆی دروستبوونی ئاژاوەیەك کە ئەمریکا و هاوبەشەکانی بە رشتنی خوێن و ئەنجامدانی کردەوەی سەربازی بۆ زیادکردنی نفوزی خۆیان لە داهاتوودا، تێیدا سوودمەند دەبن. کێشەکانی جێبەجێکردنی ستراتیژی ئەمریکا لەلایەن (سەنتەری لێکۆڵینەوەی راند)ەوە بینراون کە فەرمانەکانی پنتاگۆن جێبەجێدەکات. ئەو سەنتەرە لێکۆڵینەوەیەکی لەسەر شەڕەکانی ئەمریکا لە

13 ساڵی رابـردوودا کـردووە و نووسـەرەکانی ئـەم سـەنتەرە حـەوت وانەیـان لـەو شـەڕانە دەرخسـتووە کـە ئەمریـکا بەشـداری تێـدا کـردوون:

1 -کەموکورتی لە تێگەیشتنی ستراتیژی

2 -کەموکورتی لە داڕشتنی ستراتیژی

3 - هەڵە لە جێبەجێکردنی رەگەزی سیاسی گرنگ لە ستراتیژی جەنگدا

4 - نەگۆڕینـی تەکنۆلۆژیـای کـۆن بـۆ زانینـی کولتـوور و بـواری کۆمەڵایەتـی و مێـژوو کـە ئـەوە زۆر گرنگـە بـۆ تێگەیشـتن لـە ململانـێ و روونکردنـەوەی سـتراتیژی لەکاتـی گونجـاودا.

5 - هەڵـە لـە پلاندانـان و جێبەجێکردنـی کـردەوەکان بـۆ ئـەوەی لـە دوای رووبەڕوونـەوەی یاخییـەکان و دەستبەسـەرداگرتنی شـارێك ئارامـی دروسـتبێت.


6 -گرنگـی پێنەدانـی تـەواو لـە رێکخسـتندا و پشتبەسـتن بـە رێکخسـتن تەنیـا لەڕێگـەی شـەڕەوە بـۆ چارەسـەری ناکۆکییـەکان.

7 - ناتەواویـی هێـزی مەدەنـی لـە ئەنجامدانـی کـردەوە هاوبەشـەکان بـۆ دروسـتبوونی هاوئاهەنگـی لەنێـوان ئەمریـکاو هاوپەیمانەکانـی. دوای ئـەو هەمـوو خەسـڵەتە نەرێنیانـە پێویسـتبوو واشـنتن وەك کۆتاییەکانـی سـەدەی بیسـتەم بگەڕێتـەوە بـۆ سیاسـەتی دوورکەوتنـەوە لـە ململانـێ نێودەوڵەتییـەکان، بـەڵام دەرکـەوت کـە بەپێچەوانـەوە واشـنتن چالاکییەکانـی لـە مەیدانـی نێودەوڵەتـی بەتایبـەت لەبـواری کـردەوەی سـەربازی زیاترکـردووە. بەگشـتی ئێسـتا دەرکەوتـووە کـە کـردەوە سـەربازییەکانی رابـردوو کاریگـەر نەبـوون و ئاشـکرایە کـە ئەمریـکا لەمـاوەی درێـژی رابـردوودا بـە دوو پـلان کاری کـردووە:

1 - تیـۆری پێنـج سـتراتیژیی بازنەیـی، ئۆپەراسـیۆنی هێـزی ئاسـمانی ئەمریـکا یەکێکـە لـە نموونـە هـەرە دیارەکانـی ئەمـە لـەدوای سـاڵی 1991 ، ئـەوەش دوای ئـەوەی کە سـەرکەوتنی لـە جەنگـی کەنـداو دژ بـە عێـراق بەدەسـتهێنا.

2 - ئەمریـکا کاریکـرد بـۆ ئـەوەی دەسـەڵاتی ئاسـمانی زۆر بەهێزبـێ بەشـێوەیەك کـە بـۆ ئەنجامدانـی هەمـوو کردەوەیەکـی سـەربازی پێویسـت بـکات پـرس بـەوان بکرێـت.

ئەندازیـاری هێرشـە ئاسـمانییەکانی ئەمریـکا بـۆ سـەر عێـراق سـەرهەنگێکی هێـزی ئاسـمانی ئەمریـکا بـوو بەنـاوی (جـۆن وارن) کـە بەرپرسـی بەشـی کـش مەلیـك بـوو. ئـەو هێرشـە لەژێـر نـاوی "برووسـکەی خێـرا" بەڕێوەچـوو و یەکێـك لـە گرنگتریـن رەگەزەکانـی دروسـتبوونی ئۆپەراسـیۆنی "ڕەشـەبای بیابـان" پێکدەهێنێـت. ئاشـکرایە کـە بـۆ هەمـوو دەوڵەتێـك پێنـج بنچینـە هـەن کـە لـە ژیانـی ئـەو دەوڵەتانـەدا زۆر گرنگـن کـە ئەوانیـش چـەك، خەڵـك، حکومـەت، پیشەسـازی و هۆکارەکانـی پەیوەندیـن.




## له راستیدا رۆژئاوا چی دەوێت؟


بەو رەفتارە نامۆ و بیرو تێگەشتنە جیاوازانەوە کە لەلای بەرپرسە سیاسی و سەربازییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەیە، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە تیرۆر لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا بریتییە لەو کارەی کە واشنتن و شەریکە سیاسییەکانی گرنگی پێدەدەن کە رەفتارەکانی ئیسرائیل لەوبارەوە زۆر روون و ئاشکرایە. وەك پرۆفیسۆر ئیفرایم نیبار لە ئابی 2016دا لەسەر سایتی ئینتەرنێتی سەنتەری لێکۆلینەوەی ستراتیژی Begina-Sadat ئیسرائیل بڵاویکردووەتەوە، لەنێوبردنی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام هەڵەیە چونکە دەکرێت بۆ رووبەڕووبوونەوە و بەربەستکردنی حیزبوڵڵای لوبنانی و ئێران بەکاربهێنرێت.

ئەگەر ئەمە حاڵەتێکی راست بێت، ئەوا چینیش پێویستە گرنگی بە پشتیوانیکردنی یاخیبووانی کەرەستە هۆشبەرەکان لە مەکسیك بۆ وەستاندن و بەربەستکردنی ئەمریکا بدات. هەرچەندە پەکین تێروانینی تەواو جیاوازی هەیە سەبارەت بەرەنگاربوونەوەی کارە تیرۆریستییەکان بەهەرشێوەیەك بێت و بەرەنگاربوونەوەی جیۆسیاسی هێزە گەورەکان.


بەڵام پرۆفیسۆر ئینبار دەڵێ کە بۆ زیاتر بەڵگەی یاسایی لەسەر بوونی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام بدات کە کاری ئەمریکایە، تاوەکو بەوهۆیەوە ئاژاوە لە ناوچەکەدا هەبێت و ئەویش بەوهۆیەوە باڵادەستی خۆی بەسەر ناوچەکەدا بسەپێنێت. بۆ ئەمەش بەکارهێنانی رێبازی جەنگی هەمەلایەنە پێویست دەکات کە دانەری ئەم پێناسەیەش فرانك گ.خۆفمان – ئەفسەری پێشووی دەریایی ویلایەتە یەکگرتووەکان و کارمەندی وەزارەتی بەرگری ئەمریکا بووە.

ململانێکان جیاوازن و جەنگیش لەسەر شێوازە دێرینەکان نییە و ئەوەش لەلایەن شارەزا سەربازییەکانەوە پشتڕاستدەکرێتەوە. پێویستە لە هۆکاری بەکارهێنانی هەڕەشە جۆراوجۆرەکان بەشێوەیەکی فراوان لە بەڵگەنامەکانی ناتۆ و پنتاگۆن تێبگەین.

**جێگرەوەی شێوازی پێنج ئەڵقەیی**



خۆفـمان دەڵـێ کـە ململانێیەکانـی داهاتـوو بەهـۆی چەندیـن ناوەنـدەوە، لـە چەندیـن ڕێگـەوە و چەندیـن بـژارەوە بـەردەوام دەبـن کـە ئەمـەش لەگـەڵ بنەماکانـی دابەشـکردن بـۆ رەش و سـپی ناگونجێـت. چەندیـن شـێوازی جیـا بـۆ جەنـگ هەیـە و زۆربـەی کات لـە گەشـەکردندان. لـە جەنگـە دوولایەنەکانـدا هەڕەشـەکان گونجاوتـرن و بەشـیوەیەکی گشـتی جیـاوازە لەگـەڵ ململانێیەکانـی دیکـەی وەك تەقلیـدی و ناپێوانەیـی و تیرۆریسـتی کـە دەچنـە خانـەی ململانـێ و لـە هەمانکاتـدا لەوانەیـە رەفتـاری تاوانیـش لـەو ململانێیانـەدا هەبێـت. بەپێـی بۆچوونـی خۆفـمان هەڕەشـەکانی داهاتـوو تێکەڵـتر دەبـن وەك لـە جـۆرە نەریتـی و نارێکخـراوەکان و نامەرکـەزی و ئەوانـەی کـە ئەنجامدەرەکانـی ناحکومیـن، لەگـەڵ هەمـوو ئـەو تەکنۆلۆژیـە سـادەو ئاڵۆزانـەی کـە بەهەمـوو ئاراسـتەیەك داهێـنراون. هەڕەشـەی هەمەلایەنـەی زۆر نیزامـی تـازەی جەنـگ دەگرێتـەوە، لەوانـە بەکارهێنانـی چەکـی پێوانەیـی و پـلان و پێکهاتـەی نارێکخـراو وکـردەوەی تیرۆریسـتی وەك توونداوتیـژی و زۆرلێکـردن و هـەر تاوانێکـی دیکـە. هەروەهـا دەکرێـت جەنگـی هەمەلایەنـە لەنێـوان حکومەتەکانـدا و چەندیـن لایەنـی ناحکومیـدا تێکـەڵ بێـت. دەکرێـت جێبەجێکردنـی ئـەو کردەوانـە بـە هاوبەشـی هەموویـان بێـت کـە لـە ململانێیەکـەدان یـان تەنیـا یەکێـك لـەو لایەنانـە ئەنجامیـدات کـە دەکرێـت ئـەوەی دەبێتـە دژ (حکومـەت بێـت، گـرووپ بێـت، یـان هەرلایەنیـك کـە حکومـەت چاودێـری دەکات و خۆیـان هەمـوو پشـتگیریەکی دارایـی چالاکییەکانیـان دەکـەن) تاوەکـو دەگاتـە بەکارهێنانـی توانـا سـەربازییە نوێیـەکان وەك سیسـتەمی فەرماندەیـی نهێنـی و بەکارهێنانـی رۆکیتـی ( زەوی – هەوایـی ) و هـەر سیسـتەمێکی دیکـەی نوێـی لەنێوبـردن و هەروەهـا جەنگـی یاخیبوونـی پارتیزانـی کـە تێیـدا تەقینـەوە و کوشتنبەشـێوەیکەمین بەکاردەهێنریـت. دەشـێ سـەرجەم توانـا تەکنیکییـە باڵاکانـی حکومـەت وەك پارێزگاریکـردن لەرێگەی مانگە دەسـتکردەکانەوە دژی تیرۆریسـتان و جەنگـی ئەلیکترۆنـی و دارایـی بەکاربهێنرێـت. ئـەو پرۆسـانە و تاکتیکـی رێکخـراو لـە چوارچێوەیەکـی سـەرەکیدا بـۆ بەدەسـتهێنانی لێکەوتـە مادییـەکان دەکرێت بـە بەکارهێنانی سـەرجەم ئاسـتەکانی جەنـگ دەسـتەبەربکرێت. مایـکڵ ئەیشـێرڤود لـە کتێبەکەیـدا (هێـزی ئاسـمانی لەجەنگـی دوولایەنـەدا ) کـە پەیمانگـەی میشـێلی کۆمەڵایەتـیBBC لـە ویلایەتـە یەکگرتوەکانـی ئەمریـکا لەسـاڵی 2009دا بڵاویکردووەتـەوە، ئـەم پێناسـەیەی خـوارەوەی بـۆ جەنگـی هەمەلایەنـە دانـاوە.




جەنگی هەمەلایەنە جیاوازی نێوان جەنگی نەریتی تەواو و جەنگی ناڕێکخراو لادەبات. ئەم دەستەواژەیە سێ پاشکۆی هەیە کە دەکرێت لە یەکەمیاندا بڵێین پەیوەندیدارە بە ژینگەی کوشتارگە و مەرجەکانی و لە دووەمیاندا بریتییە لە ستراتیژ و تاکتیکی دژبەیەك و لە سێیەمیشدا لەگەڵ جۆرێك لە هێز پەیوەستە کە دەبێ ئەمریکا دروستی بکات و پشتگیری لێبکات. لە لێکۆلینەوەکانی رابردوودا ئەم دیاردەیە زۆربەی کات دژی ئەم لێکدانەوانە بەکارهاتووە. لە شوباتی 2009 دا جیمس ماتیس ژەنەراڵی دەریایی سەبارەت دووژمنی هەمەلایەنە و هێزە چەکدارییە هەمەجۆرەکان دوواوە کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەتوانێ کاری لەسەر بکات بۆ ئەوەی دژیان بوەستێتەوە.

ئایشێرڤود دەنووسێت کە هێزی هەمەلایەنەی داهاتووی ئەمریکا دەتوانن ڕووبەڕووی حکومەت و ناحکومەتە دژەکان ببنەوە کە بەشێوەیەکی فراوان هەرجۆرە چەکێکی "ئاسایی" مووشەکی ئاراستەکراو و رۆکێت وتەنانەت چەکی ئەلیکترۆنی بکوژ و نەکوژ بەکاردەهێنن و دەکرێت ئەوانەی کە دژن لە رۆژیکدا بۆسە دابنێن و لە رۆژێکی دیکەشدا هێرشە ئاساییەکانی خۆیان ئەنجامبدەن.

بەوشـێوەیە چـەك و پلانـی سـەربازی هەمەلایەنـە دەبێتـە هـۆی تێکەڵکردنـی جەنگـی تەقلیـدی و ناتەقلیـدی. کاتێـك ئـەم کارە دەچێتـە نێـو ئامانجـی سیاسـییەوە، جەنگـی هەمەلایەنـە شـێوازێکی جەنگـی نارێکخـراو وەردەگرێـت بەجۆرێـك کـە لەوێـدا یاسـاییبوون و سیسـتەمی شـەرعی جێبەجێدەکرێـت.

بەسـەیرکرنی دەوڵەتـی ئیسـلامی و بەکارهێنانـی تەکنەلۆژیای سـەردەم و دەسـتگرتن بەسـەر ناوچەیەکـی دیاریکـراودا هەمـوو ئەمانـە بەپێـی بۆچوونەکانـی خۆفـمان و ئایشـێرڤود ئەنجامـدراوە. لەلایەکـی دیکـەوە چەنـد واتایەکـی دیکـەی جیـاواز بـۆ جەنـگ هەیـە کـە لـە ویلایەتـە یەکگرتووەکانـی ئەمریـکادا دانـراوە.

فەرمانـدەی پرۆسـە تایبەتییەکانـی ویلایەتـە یەکگرتووەکانـی ئەمریـکا USSOCOM زۆر چالاکانـە کار بـۆ تێگەشـتن لـە جەنگـی ناتەقلیـدی دەکات و پێناسـەی جەنگـی ناتەقلیـدی HB دەکات بـەوەی کـە" چالاکییەکـە لەپێنـاو دروسـتکردنی بزووتنەوەیەکـی بەرگـری و یاخیبـوون بـۆ لاوازکـردن و خسـتنی ئـەو دەسـەڵات و حکومەتـەی کـە هەیـە و بـە هـاوکاری هێـزی پارتیزانـی لـەو ناوچەیـەدا کـە بەرەنگاربوونـەوەی تێدایـە کاردەکات. "

جەنگـی ناتەقلیـدی بریتییـە لـە یەکێـك لـە پێکهاتەکانـی جەنگـی تایبـەت. بـۆ ئـەم پێناسـەیە سـەیری 3/ADRP 5 بکـە کـە دەڵـێ جەنگـی تایبەتـی لـە پرۆسـەی پشـتگیری زانیـاری سـەربازی و بەرگـری ناوخۆیـی و دەرەکـی و جەنگـی ناتەقلیـدی پێکهاتـووە. لـە باسـەکانی پێشـوودا بەوجـۆرە بـاس لـە جەنگـی تایبەتـی کـراوە کـە پرۆسـە نەفسـییەکان و بەرەنگاربوونـەوەی یاخیبـوون و جەنگـی ناتەقلیدیـش دەگرێتـەوە.

قۆناخەکانی جەنگی تایبەتی شەش شێوازی سەرەکی لەخۆ دەگرێت:

- ئامانجەکـەی بریتییـە لـە بەدیهێنانـی ئارامـی و جێگیـری یـان خسـتنە لەرزینـی رژێمـی بەئامانـج گیـراو.

- هاوبەشە ناوخۆییەکان هەوڵە بنەڕەتییەکان یەکدەخەن.


- هێزی چەکداری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەکەمی لە وڵاتدا جێبەجێیدەکات.

- ئەوانـە وەك بنەمایـەك بریتیـن لـە کاتێکـی درێژخایـەن و دەتوانـن لـە مـاوەی مانگێکـدا ( یـان سـاڵێکدا ) بـەڵام نـەك رۆژێـك ئامـادەکاری گـەورە بکـەن.

- ئـەو جەنگـە پێویسـتی بـە هـاوکاری چـڕە لەنێـوان لایەنـەکان ، بەجۆرێـك کـە وەزارەتـی بەرگـری دەتوانـێ ببێتـە شـوێنکەوتەی وەزارەتـی دەرەوە یـان دەزگای هەواڵگـری ناوەنـدی.

- بەکارهێنانـی رێبازەکانـی "جەنگـی سیاسـی" بـۆ جوڵانـدن، یەکخسـتن و یەکگرتنـی تاکەکان یـان گرووپـەکان لەگـەڵ تاکتیکـدا تاوەکو ئاسـتی سـتراتیژی.


وەك گوتـراوە پێویسـتە وەك هونـەری سـازان یـان تێكدانـی هاوپەیمانـی لـە جەنگـی سیاسـی تێبگەیـن. بەپێـی مێـژوو هێـزی تایبەتـی ئەمریـكا لـەڕووی ئاسـتی پلانسـازییەوە (سیاسـەتی بەكارهێـنراو)، جیاوازییەكـی ڕێژەیـی لـە ململانێـی سیاسـیدا هەیـە و دەزگاكانـی حكومەتەكانـی دیكـە لەسـەر ئاسـتی سـتراتیژی كاردەكـەن. ئـەم رەگـەزە لـە جەنگـی سیاسـی، بەشـێكە لـە هەنـگاوە سـەربازییە تایبەتەكانـی ویلایەتـە یەكگرتـووەكان و لەنێـوان هاوبەشـەكانیدا پێویسـتی بـە هـاوكاری زۆرە . هەروەهـا دەبـێ لەلایـەن وەزارەتـی دەرەوە یـان دەزگای هەواڵگـری ناوەندییـەوە پشـتیوانی هێـزە هاوبەشـەكە بكرێـت.




لـە كۆتاییـدا، بەپێـی پەیماننامـەی پرۆسـە تایبەتییـەكان كـە دەزگای سـوپای هاوبـەش لـە تەممـوزی سـاڵی 2014دا بڵاویكردووەتـەوە، لـە هێڵـكاری جەنگێكـی ناڕێكخـراو بەئاشـكرا روونكراوەتـەوە كـە سـوپای ئەمریكـی بـۆ بەرگریكردنێكـی كلاسـیكی و ئەنجامدانـی كاری تێكدەرانـە لـە وڵاتەكانـی دیكـە ئامـادە دەكرێـت. هەمـووی دەوەسـتێتە سـەر ئـەوەی كـە كـێ پێویسـتە پشـتیوانی بـكات. ئەگـەر ئـەو هاوپەیمانییـە لەگـەڵ یاخیبـوان و بزووتنـەوەی بەرەنگاربوونـەوە كێشـەی بـۆ دروسـتبوو، ئەوكاتـە پێویسـتە زنجیرەیـەك ئۆپەراسـیۆن بـۆ

لەنێوبردنیـان ئەنجامبدرێـت. بـەڵام ئەگـەر دەوڵەتەکـە بریتیبـێ لـە دەوڵەتێکـی دووژمـن ، ئـەوا هاوکارییەکـە بـۆ یاخیبـووەکان و بزووتنـەوە دژەکـە دەبێـت.

لـە هێڵـکاری سیسـتەمی بنەڕەتییانـدا تەنیـا جیاوازییەکـی بچـووك هەیـە – لـە لیسـتی ئەوانـەی کـە پێویسـتە بچووکبکرێنـەوە وەك تیرۆریسـت، بـەڵام لـە جەمسـەرەکانی دیکـەوە بەتـەواوی دژی هەڵوێسـتی یەکـترن. بـەڵام بەگشـتی دڵنیایـن لـەوەی کـە ئاشـکرایە ویلایەتـە یەکگرتووەکانـی ئەمریـکا بەئاسـانی ناتوانـێ پشـتیوانی تیرۆریـزم بـکات. بـۆ ئەمـەش ڕێگەی دیکـە هەیـە - یـان لەڕێگـەی بازرگانییـەوە (چالاکییـەکان هەمـان شـت دەبێـت، بـەڵام تیرۆریسـتەکان ئەوانـە دەبـن کـە یاخیبـوون یـان لەپێنـاوی سـەربەخۆییدا دەجەنگـن)، یـان لەڕێگـەی بریکارەکانیانـەوە دەبـێ (جاسووسـەکان) کـە ئەگـەر لیسـتی تیرۆریسـتەکان مەترسـی بـۆ سـەر وەزارەتـی دەرەوەی ویلایەتـە یەکگرتووەکانـی ئەمریـکا هەبێـت یـان ئەوانـە مەترسـی ئەوەیـان لێبکرێـت کـە لەژێـر کۆنترۆڵـدا نەمێنـن.





کەواتـە یەکێـك لـە تێگەیشـتنە تـازەکان، گەشـەکردنی ئۆپەراسـیۆنی تایبەتـی سـوپای ویلایەتـە یەکگرتووەکانـە دژی جەنگێکـی ناتەقلیـدی. ئـەوەش پێناسـە دەکرێـت بـەوەی " سـتراتیژی هەمـوو حکومەتەکانـە بـۆ یەکخسـتنی ڕێبـازی نیشـتیمانیان لـە جەنگـی

نارێکخـراودا تاوەکـو هەوڵـی هەمەلایەنـەی حکومەتـە نێودەوڵەتییـە هاوبەشـەکان دژی پرۆسـە سـەربازییە ناتەقلیدییەکانـدا بێـت."

لـە لێکۆڵینەوەیەکـی تایبـەت بـەو بابەتـە ئامـاژە بەوەکـراوە کـە پێویسـتە دەسپێشـخەری ناتەقلیـدی بـۆ بەرەنگاربوونـەوەی ئـەو مەترسـی و هەڕەشـە هەمەلایەنانـە بکرێـت.

شـێوازی سـوپای ئەمریکـی پیشـانیدەدات کـە لەسـەر جەنگـی ژێرزەوینـی و پارتیزانـی رێکخـراوە. لەوانـە پرۆسـەی کوشـتن بەشـێوەی چالاکـی، وەك دوو دڵۆپـە لـە ئـاو و بیرهێنانـەوەی شـێوازی کودەتایـی حکومەتـەکان بـە رێگـەی "شۆڕشـە رەنگاوڕەنگـەکان".

لـەو حاڵەتـەدا جیاوازییەکـە تەنیـا لـە چەنـد روویەکـی کەمـی دوولایەنـەدا دەبـێ کـە بـە شـێوازی پارتیزانـی کلاسـیکی و بەکارهێنانـی توندوتیـژی ئەنجامیـدەدەن.



بـه سـەیرکردنی ئـەوە ئایـا سـەرکردەی حکومەتـەکان و هێـزە سیاسـییەکانی وڵاتانـی ڕۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت بـاوەڕ بـەوە دەکـەن کـە ویلایەتـە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پرۆسـەی بەگژداچوونـەوەی تیـرۆر ئەنجامـدەدات؟ لـە کـوێ گرەنتـی ئـەوە هەیـە کـە جەنگی سیاسـی بەهێـزی ئۆپەراسـیۆنی تایبەتـی و ڕێکخـراوی بزووتنـەوەی یاخیبـووان بـە ئامانجـی گۆڕانـی ڕژێـم و سـەپاندنی دەسـەڵاتێکی داگیـرکاری نـوێ ئەنجامنادرێـت؟

ئـەم راسـتیانە یەکێـك لـەو هۆکارانـەن کـە لایەنـی رووسـی هەمیشـە لـە گفتوگۆکانیـدا سـەبارەت سـووریا دان بـە هەندێـك ڕێکخـراوی نیمچـە سـەربازی وەك ئۆپۆزیسـیۆنێکی سیاسـی نانێـت و بـەردەوام وەك تیرۆریسـت سـەیریان دەکات، لەکاتێکـدا وەزارەتـی دەرەوەی ویلایەتـە یەکگرتووەکانـی ئەمریـکا پێداگـری لەسـەر ئـەوە دەکات کـە ئەوانـە " ئۆپۆزیسـیۆنی میانـڕۆن. "

## فاکتەری کوردی

بێگومـان پێویسـتە کارکـردن بـۆ بەگژداچوونـەوەی تیـرۆر تەنیـا ئایدۆلۆژیانـە نەبێـت. لەنێـو ئەوانـەدا لایەنـی دینـی نەبێـت و لایەنـی ڕەگـەزی - ئەتنـی لەبەرچـاو بگیرێـت.

لـە ڕۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت هەوڵـەکان بـۆ بەگژداچوونـەوەی دەوڵەتـی ئیسـلامی لـە عێـراق و شـام بەبـێ بەشـداری کـورد هیـچ واتایەکـی نابێـت. ئـەوەش لـە کاتێکدایـە کـە کـورد دەکەونـە نێـو ئـەو دوو دەوڵەتـەی کـە زۆرتریـن چالاکـی و کاری ئـەو ڕێکخـراوە تیرۆریسـتیانەی تێدایـە کـە ئەوانیـش عێـراق و سـووریان. بـەڵام قسـەیەك هەیـە سـەبارەت ئـەوەی کـە چالاکییـە یەکگرتووییەکانـی کـورد سـتراتیژێکە نـەك تەنیـا دژی تیرۆریـزم بەڵکـو بەگشـتی لەسـەر داهاتـووی ناوچەکەیـە و ئەمـەش جـارێ زووە.

لـە خاڵـی یەکەمـدا کـورد بـە سـەر عێـراق، ئێـران، سـووریا و تورکیـادا دابەشـبوونە، هەروەها کـورد یـەك سـەرکردەی سیاسـی هاوبـەش و یـەك بیروباوەڕیـان نییـە. لێـرەدا هیـچ شـتێکی خـراپ نییـە کـە لـە هاوشـێوەی ئەوانـەدا دەتوانرێـت زۆر لـەو کۆمەڵـە نەتەوانـە ببینرێـت کـە تەنیـا سـنووری حکومەتـەکان دابەشـیکردوون. هەرچەنـدە بەشـێکی زۆری رووسـەکان لـە رووسـیای فیـدراڵ دەژیـن، بـەڵام کـەم نیـن ئـەو رووسـانەی کـە دەکەونـە کازاخسـتان، ئۆکراینـا، بیـلارووس و ژمارەیـەك وڵاتـی دیکـەی یەکێتـی سـۆڤیەتی پێشـوو یـان لـەو حکومەتانـەش کـە ئێسـتا لەنێـو یەکێتـی ئەوروپـادان.

جەنگـی ناوخۆیـی ئۆکراینـا لـەڕووی ناسـنامەی نەتەوەییـەوە فاکتەرێکـی راسـتی

و مەترسـیداره و ، بـۆ مۆسـکۆ هەڵبژاردنێکـی قـورس بـوو. ئەگـەر وادابنێیـن کـە کـورد سـەنتەرێکی سیاسـی مەرجداریـان هەیـە، بـۆ نموونـە لـە کوردسـتانی عێراقـدا بەهـۆی سـەربەخۆیی سیاسـی و دەسـتووری خۆیانـەوە، ئیسـتا هەسـت بـە ئارامـی زیاتـر دەکـەن. بـەڵام ئایـا ئـەوان ئەزموونـی پۆزەتیـڤ و نێگەتیڤـی وڵاتانـی دیکـە لەبەرچـاو دەگـرن؟ کۆسـۆڤۆ بـە هـاوکاری بۆمبارانـی ناتـۆ بڕیـاری سـەربەخۆیی دا و لـە سربیـا جیابـووەوە و ئێسـتا پێشـینەیەکی یاسـایی گرنگـی هەیـە بـۆ پێکهێنانـی حکومەتـی نـوێ هەیـە کـە شـایانی لەبەرچاوگرتنـە. لەگـەڵ ئەوەشـدا بـە بـڕوای ئیمـە بەراوردکردنـی گەشـەکردنی وڵاتـە تایبەتەکانـی ئەوروپـا لەگـەڵ کـورد قبوڵکـراو نییـە. ئەوروپـای ڕۆژئـاوا و ویلایەتـە یەکگرتووەکانـی ئەمریـکا بـۆ خۆیـان بەشـیوەیەکی ئاسـایی بـە سـەرجەم قۆناخەکانـی کۆمەڵگەیەکـی تەقلیـدی بـۆ سـەردەمی نـوێ و ئـەو بارودۆخـەی کـە ئێسـتا هەیـە واتـە قۆناخـی نـوێ و جیهانگیـری تێپەڕیـون. لەڕاسـتیدا لەسـەر ئـەرزی واقیـع کـورد خۆیـان لـە دوای ڕووداوەکان دەبیننـەوە.

هەندێك هێـزی ڕەگـەزی و تەقلیـدی لـە زۆر ڕێگـەوە ڕووداوی نێودەوڵەتـی دروسـتدەکەن وەك ئـەوەی کەمالیسـتەکانی تورکیـا و بەعسـییەکانی سـووریاو عێـراق ئەنجامیانـداوە. پێویسـتە بەبیـری بێنینـەوە کـە ئـەو دەوڵەتانـە سـنووری خۆیـان لـە ئەنجامـی سـەرلەنوێ دابەشـکردنەوەی ڕۆژئـاوا، فەرەنسـا و بەریتانیـا دیاریکـردووە کـە بـەوە بۆمبێکـی تەوقیتکراویـان لەژێـر ململانـێ ئەتنییـەکان لـە ڕۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـتدا دانـاوە.

بەشـێوەیەکی گشـتی، پێویسـتە بـە بیرکردنـەوە لـە تەقلیـدی سیاسـی ڕۆژئـاوا، لەگـەڵ گریمانـەی بوونـی سیسـتەمی جەمسـەربەندییەکانی جیهـان، یارمەتـی پێکەوەنانـی ڕێگەیەکـی تـەواو بـۆ پێکهێنانـی ئاینـدەی ڕۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت لەسـەر بنەمـای هاوکاریی هەمەلایەنـە بدرێـت.

**وەرگێڕانی لە ڕووسییەوە :** د.هونەر ئەمین

# سیاسەتی رووسیا لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست
## دیاردەی داعش: رەهەند و لێکەوتەکان

**د.جەهانگیر کەرەمی**
بەڕێوەبەری گرووپی لێکۆڵینەوەکانی رووسیا و ئاوراسیای ناوەند

## پێشەکی

دەوڵەتی ئیسلامیی عێراق و شام لەم ساڵانەی دواییدا، لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست و بەتایبەتی لە عێراق و سووریا بووەتە دیاردەیەکی ئەمنیی گرنگ و پانتایی مەترسییەکانی ئەم رێکخراوە هەر لەم ناوچانە قەتیس نەماوەتەوە و پەلی بۆ ناو هێزە گەورەکان لە ئاوراسیا و ئەمریکاش هاوێشتووە. هەر لەم پەیوەندییەدا، دەوڵەتی رووسیاش کە لە سێ دەیە لەمەوبەرەوە واتە دەیەی 1980، بەگژ ئیسلامگەرایی لە ئەفغانستان چووەتەوە و لە دەیەی 1990 لە ناوچەکانی ئاسیای نێوەڕاست و قەفقاسیا تووشی شەڕ بوو، ئێستا بە توندترین شێوە لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست ڕووبەڕووی ئەم دیاردەیە بووەتەوە. لە سەرەتای گۆڕانکارییەکانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستی عەرەبی لە ساڵی 2011ەوە تائێستا، مۆسکۆ نیگەرانی ئەم رووداوانەیە و سیاسەتی ئەم وڵاتە لەبەرامبەر گۆڕانی سیستەمە سیاسییەکان لە تونس، میسر، لیبیا، یەمەن و سووریا خۆپارێزانە و دواتر بەرهەڵستانە بووە. لەبەر نیگەرانی لە دەسوەردانە نێودەوڵەتییەکانی رۆژئاوا و پەرەسەندنی دەسەڵات و دەسڕۆیشتوویی ئەوان و تێکچوونی هاوسەنگی ناوچەیی، لەبەرامبەر سەرهەڵدان، جێگیربوون و پەرەسەندنی توندڕەوی ئیسلامی لە ناوچەکەدا پەرچەکرداری نیشانداوە. دەکرێ هەڵسوکەوتەکانی رووسیا لەبەرامبەر دیاردە تیرۆریستییەکان بە دەسپێکی قۆناخێکی نوێ لە سیاسەتی ئەو وڵاتە سەبارەت بە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست دابنرێ کە ئەمەش دەتوانێ بۆ سیاسەتی نێودەوڵەتی و سیستەمی ناوچەیی و وەیەکییەکی وڵاتەکانیش ئەنجامی جیددی بەدواوە بێت.

مەبەستی ئەم وتارە ئەوەیە کە بە تاوتوێکردنی سیاسەتی رووسیا لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست، تەتەڵەی تێڕوانینی ئەم دەوڵەتە بۆ دیاردەی داعش دەربخات و لێکەوتەکانی لە ئاستی نێودەوڵەتی، ناوچەیی و نیشتمانی تاوتوێ بکات. پرسیاری سەرەکی لێردا ئەوەیە کە دەوڵەتی رووسیا چ سیاسەتێکی لەبەرامبەر داعش گرتووەتەبەر و ئەم سیاسەتە چ دەرەنجامی دەبن بۆ سیاسەتە نێودەوڵەتییەکان و دەسەڵاتی ئەو وڵاتە بەدواوە دەبێت؟ بیرۆکەی سەرەکی نووسینی ئەم وتارە ئەوەیە کە رووسیا بەهۆی نیگەرانی لە توندڕەوی لەنێو وڵاتەکەی خۆی و کۆنترۆڵکردنی لە ناوچە دوورترەکان، سیاسەتێکی بەربڵاوی دژەتیرۆری گرتووەتەبەر و ئەمەش کاریگەری ناوچەیی رووسیا و رۆڵی ئەو وڵاتەی لە سیاسەتی نێودەوڵەتی زیادکردووە. لە هەمانکاتدا دەبێ بزانین کە لە 5 ساڵی رابردوودا، ئەولەویەتی سەرەکی بۆ سیاسەتی رووسیا لەبارەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست، پاراستنی سیستەمی سیاسی و دەوڵەتی سووریا بووە و داعش ئەولەویەتی کەمتری هەبووە. هەر بەوپێیە، هەوڵە سەربازییەکانی مۆسکۆ زیاتر لەسەر ناوچەکانی دەورووبەری دیمەشق و بەتایبەتی پێگەی سەربازیی ئەم وڵاتە لە کەنارەکانی سووریا لە دەریای سپی چڕبووەتەوە. بۆ تاوتوێ و شیکاری ئەم گریمانەیە، هەوڵمداوە تاوەکو سەرەتا چاوێك بە پێشینەی پەیوەندییەکانی سۆڤیەت و رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا بخشێنم و پاشان سیاسەتی سۆڤیەت لەبەرامبەر رۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە سێ دەیەی رابردوودا بخەمە بەرباس و بە تێڕوانین بۆ قەیرانی سووریا و دیاردەی داعش لە عێراق و سووریا، رەهەند و لێکەوتەکانی هەڵسوکەوتی رووسیا لەوبارەوە شیبکەمەوە.

## 1ـ چاوخشاندنێك بە پێشینەی پەیوەندییەکانی سۆڤیەت و رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا

لە سەدەی هەژدەی زایینی بەدواوە، هێزە جیهانییەکان لە هەوڵی ئەوە دابوون کە دزە بکەنە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست و کاریگەری و دەسەڵاتی خۆیان لەو ناوچەیەدا پەرەپێبدەن و ئەم بابەتە لە سەدەکانی نۆزدە و بیستدا بە چڵەپۆپەی خۆی گەیشت و سۆڤیەتیش یەکێك لەو دەسەڵاتانە بووە کە لە سەدەی نۆزدەی زایینییەوە لە رێگەی داگیرکردنی ناوچەکانی باکووری ئێرانەوە هاتووەتە نێو هاوکێشەی دەسەڵات لەم ناوچەیەدا. دەسڕۆیشتوویی و ئامادەیی لە ناوچە جیاجیاکانی جیهان لە سەردەمی شەڕی سارددا، بۆ مۆسکۆ بابەتێکی ئایدۆلۆژی بووە و ئەو وڵاتە پشتیوانی لە رەوتە

چەپــەکان و دۆزینــەوەی دۆســت و هاوپەیــمان لەنێــو دەوڵەتانــی جیهانــی ســێیەم وەك پرەنســیپ دانابــوو. ئــەم بابەتــە ڕکابەرایەتــی و ململانێیەکــی جیهانیــی لێکەوتــەوە کــە بەشــێوازی جۆراوجــۆر لــە تــەواوی ســاڵانی 1945 تاوەکــو 1991 ناوچــە جۆراوجۆرەکانــی جیهانــی گرتبــووەوە. لــە ڕۆژهەڵاتــی نێوەڕاســتیش، سۆڤیەت پشــتیوانی لــە حکومەتــە تــازە ســەربەخۆکان دەکــرد کــە خۆیــان بەرهەمــی کودەتا یان شۆڕشــەکان بــوون. لەم ســەردەمەدا، یەکێتــی ســۆڤیەت پشــتیوانی بەرەیەکــی چەپــی دژە ڕۆژئاوایــی دەکــرد کــە لەبەرامبــەر ڕۆژئــاوا و دەوڵەتانــی هاوپەیمانــی ئەمریــکا دەرکەوتبــوون. بــە لێکهەڵوەشــانی ســۆڤیەت لەســاڵی 1991دا ، ڕۆژهەڵاتــی نێوەڕاســت ئیــتر ئــەو گرنگییــەی پێشــووی بــۆ ڕووســیا نەمــا. بــەڵام بــە هاتنــە ســەرکاری پووتیــن لەســاڵی 2000دا و داڕشــتنی سیاســەتێکی نــوێ لەچــاو رابــردوو، ڕۆژهەڵاتــی نێوەڕاســت بــۆ ئــەم وڵاتــە پێگەیەکــی گرنگــتری پەیداکــرد. هەڵبەتــە دەبــێ بڵێیــن کــە ئــەم پێگەیــەش هێنــدە بەرچــاو نەبــوو و گرنگــی ڕۆژهەڵاتــی نێوەڕاســت بــۆ ئــەو وڵاتــە دەکەوتــە دوای گرنگیــی وڵاتانــی ســی.ئای.ئێس، ئەورووپــا، ئەمریــکا و وڵاتانی ڕۆژهەڵاتــی چیــن. لــەو ســەروبەندەدا، کۆمەڵێــك سیاســەت و پەیوەنــدی نــوێ دەســتیپێکرد و هەنــدێ لــە پەیوەندییەکانــی پێشــووش زیندووکرانــەوە. بەپێچەوانــەی ســەردەمی یەڵتســین، ڕۆژهەڵاتــی نێوەڕاســت لەنێــو ڕۆژەڤ و بەرنامــەی کاری ڕووســەکاندا جێگــەی گــرت. لــە هەمانکاتــدا، بەهیــچ کلۆجێــك نابــێ زێدەڕۆیــی لــەم بابەتــەدا بکــرێ و ئــەم سیاســەتە هێنــدەش چــالاك و کاریگــەر نەبــووە و ڕووســیا لــە زۆر هاوکێشــەی ڕۆژهەڵاتــی نێوەڕاســتدا ڕۆڵێکــی کەمڕەنگــی گێــڕاوە و لــە پەراوێزدابــووە. پــاش گۆڕانکارییەکانــی ســاڵانی 2011 و 2012 و دواتــر شۆڕشــە عەرەبییــەکان، شــایەتی چەنــدان گۆڕانکاریــن کــە نیگەرانییەکانــی ڕووســیا لەبــارەی ڕۆژهەڵاتــی نێوەڕاســت زیاتــر دەکــەن . ئــەم نیگەرانیانــە لــە رادیکاڵیزمــی ڕۆژهەڵاتــی نێوەڕاســت و هەروەهــا ڕۆڵــی ڕوولەزیادبــووی تورکیــا لــە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاســت و هەوڵــی میحــوەری ڕۆژئــاوا ــ عەرەبــی بــۆ ڕووخاندنــی ئــەو دەوڵەتانــەی کــە پەیوەنــدی باشــیان لەگــەڵ ڕووســیا هەیــە، خــۆی دەبینێتــەوە. دۆخێکــی بەوشــێوەیە بەباشــی لــە ســووریادا بەرچــاوە و ڕووســیا لــە ڕووخانــی دەوڵەتــی ســووریا نیگەرانــە.

یەکێــك لــە کۆڵەکەکانــی سیاســەتی ڕووســەکان لــە ڕۆژهەڵاتــی نێوەڕاســت لــە دەیــەی 1950ی زایینــی، دریژەدانــی پەیوەنــدی لەگــەڵ عێــراق بــووە. دەوڵەتــی عێــراق لــە هاوپەیمانانــی نەریتیــی ڕووســیایە و پێشــینەی پەیوەندییەکانــی بــۆ کودەتــای ســاڵی 1958ی عێــراق و دەرچوونــی ئــەم وڵاتــە لــە پەیمانــی ئاسایشــی ناوچــەی بەغــدا دەگەڕێتــەوە. بەهاتنــە ســەرکاری حیزبــی بەعــس، پەیوەندییەکانــی مۆســکۆ- بەغــدا جیددیــتر بــوون و

لـە سـاڵی 1972 "پەیمانـی دۆسـتایەتی و هاوکاریـی نێـوان عێـراق و سـۆڤیەت" بەسـترا کـە کۆمەڵێـك گرێبەسـتی ئابـووری، سـەربازی و کڕینـی چەکـی بـەدواوە بـوو. هەرچەنـدە پەنابردنـی عێـراق بـۆ وڵاتانـی وەك فەرەنسـا بـۆ دابینکردنـی چـەك و بەسـتنی گرێبەسـتی دروسـتکردنی وزەخانـەی ئەتۆمـی و لەسـێدارەدانی کۆمۆنیسـتەکان لـە بەغـدا، تاوەکـو رادەیـەك پەیوەندییەکانـی سـۆڤیەت و عێراقـی خسـتە ژێـر کاریگەرییـەوە، بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا سـۆڤیەت وەك یەکێـك لـە سـەرچاوە سـەرەکییەکانی دابینکردنـی چـەك و کەلوپەلـی بەرگریـی ئـەو وڵاتـە مایـەوە. ئەوگۆڕانکارییانـەی لـە سـاڵی 1985 لـە سـەردەمی گورباچـۆف لـە یەکێتـی سـۆڤیەت روویانـدا و "بیرۆکـەی نوێـی سیاسـەتی دەرەوە"ی ئـەو وڵاتـەی لێکەوتـەوە، بـواری بـۆ ئیدانەکردنـی هێرشـی عێـراق بـۆ سـەر کوەیـت لەلایـەن رووسـیا و قبوڵکردنـی بڕیارنامەکانـی جێگـەی پەسـندی ئەمریـکای لەوبارەیـەوە خۆشـکرد. هەرچەنـدە رووسـەکان هەوڵیانـدا بـە ناوبژیوانیـی خۆیـان، رێگـە لـە هێرشـی سـەربازیی بـۆ سـەر عێـراق بگـرن، بـەڵام ناکامییەکانیـان لـەم بـوارەدا، رێگـەی بـۆ هێرشـی سـەربازیی ئەمریـکا تەختکـرد.

لـە راسـتیدا، لـە سـەردەمی گورباچـۆف کـە چەقـی قورسـایی سـەرەکی سیاسـەتی دەرەوەی مۆسـکۆ "هـاوکاری لەگـەڵ رۆژئـاوا" بـوو، گرنگیـی وڵاتانـی وەك عێـراق بـۆ سـۆڤیەت کـەم بـوو. ئەوجـۆرە وڵاتانـە لـە پەراوێـزدا دەمانـەوە . بـە لێکهەڵوەشـانی سـۆڤیەت، سیاسـەتی دەرەوەی رووسـیا بـەرەو "لێکنزیکبوونـەوە لـە رۆژئـاوا" چـوو. لـەم سەردەمەشـدا، پێگـەی هاوپەیمانەکانـی پێشـووی ئـەم وڵاتـە زۆر دابـەزی و عێـراق کەوتـە ژێـر گوشـارە جۆراوجۆرەکانـی رێکخـراوی نەتـەوە یەکگرتـووەکان . لەئاکامـی رووکردنـە رۆژئـاوا، سرووشـتیبوو کـە وڵاتانـی دیکـە و بەتایبەتـی هاوپەیمانانـی کۆنـی رووسـیا، گرنگـی و بایەخـی جارانیـان نەمێنـێ. ئەمـەش بەهەنـد نەگرتنـی وڵاتانـی وەك عێـراق، سـووریا و لیبیـا لەلایـەن رووسـیای لێکەوتـەوە. هاوئاهەنگیـی رووسـیا لەگـەڵ رۆژئـاوا تاوەکـو رادەیـەك چـووە پێـش کـە رووسـەکان لـە هاوکاریکردنیـان لەگـەڵ ئەمریـکا بـۆ چاودێریـی گەمـارۆ نێودەوڵەتییەکانـی سـەر عێـراق، دوو پاپۆڕیـان رەوانـەی کەنـداو کـرد. هـاوکاری و نزیکیـی رووسـیا لـە وڵاتانـی ئەندامـی ئەنجوومەنـی هاوکاریـی کەنـداوی فـارس، بەتایبەتـی رێککەوتنـی بەرگریـی ئـەم وڵاتـە لەگـەڵ کوەیـت لـە نۆڤێمبـەری 1993 کـە بـە راشـکاوی لایەنـی دژەعێراقـی پێـوە دیاربـوو - هەروەهـا مانـۆڕی دەریایی هاوبەشـی رووسـیا - کوەیت لـە دیسـەمبەری هەمـان سـاڵدا، لەکەشـێکی بەوشـێوەیەدا جێبەجێکـرا. بـەڵام هـاوکات لەگـەڵ گۆڕانکارییەکانـی ناوخـۆی رووسـیا و هاتنەسـەرکای بـژاردە نوێیـەکان، دەوڵەتـی

رووسـیا لـە ژێـر گوشـاری رای گشـتی، کۆمۆنیسـت و نەتەوەپەرەسـتە توونـدڕەوەکان، بەرەبـەرە رێگـەی دژایەتـی لەگـەڵ گەمارۆکانیـان گرتەبـەر. ئەمـەش لـە نیـوەی دووەمـی ئـەو دەیەیـەدا، جیددیـتر بـووەوە.

## 2ـ سیاسەتی رووسیای نوێ سەبارەت بە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست

بەپێـی دوایـین بەڵگـەی راوێـژی سیاسـەتی دەرەوەی رووسـیا لـە سـاڵی 2013دا، ناوچـەی رۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت بـۆ رووسـیا لـە ئەولەویەتـی چوارەمـی ئـەو وڵاتـەدا جێدەگرێـت. بـەڵام ئەمـە بـەو واتایـە نییـە کـە ئـەم ناوچەیـە بـۆ رووسـیا گرنـگ نییـە. ئەمڕۆکـە گرنگترین کێشـەی ئاسایشـی ناوخـۆی رووسـیا، وەك تیرۆریـزم، جیاخـوازی، رادیکاڵیزمـی ئایینـی و ئەتنیکـی ریـز دەکرێـن. گرنگیـی ناوچـەی رۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت بـۆ رووسـیا لەبـاری ئەمنییـەوە، ئەوەیـە کـە ئایدیـای کێشـە ناوخۆییەکانـی رووسـیا، لـە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستەوە تیۆریـزە دەکرێـت و هەرلەوێشـەوە پشـتیوانی دارایـی بـۆ دابیـن دەکرێـت. ئـەم بابەتـە وەك پرسـی ناوخۆیـی رووسـیا دەژمێـردرێ و پرسـی جیاخـوازی پرسـێکی چەندسـەت ساڵەی رووسـیایە، بـەڵام ئایدیـای ئایینـی و پشـتیوانی رێکخراوەیـی و دارایـی لـەم پرسـە، زیاتـر لـە رۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـتەوە دەکرێـت و هەرلەوێشـەوە چەکـی بـۆ دابیندەکرێـت. رۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت سـنوورەکانی باشـووری رووسـیا دەگرێتـەوە و نزیکـە لـە CISکـە وەك یەکەمیـن ئەولەویەتـی رووسـیا دەژمێردرێـت. لـە ناوخـۆی رووسـیا دیدگایـەك هەیـە کـە پێیوایـە نزیکـەی 30 ملیـۆن موسـڵمان لەنێوخـۆی رووسـیان، ئەویـش لـە هەسـتیارترین شـوێنەکانی رووسـیا لـە قەفقاسـیای باکـوور و نێوەڕاسـت نیشـتەجێن. لـە پشـتەوەی ئـەو سـنوورانەش 70ملیـۆن موسـڵمان لـە ئاسـیای نێوەڕاسـت و قەفقاسـیا دەژیـن ، لـە پشـت ئەوانیشـەوە 400ملیـۆن لـە موسـڵمانانی ناعـەرەب لـە ئەفغانسـتان ، پاکسـتان ، ئێـران و تورکیـا هـەن و لـە کۆتاییشـدا عەرەبـە موسـڵمانەکانن کـە لـە رۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـتدا جێگیـرن و ئەمـەش یەکێکـە لـەو مەترسـییە گرنگانـەی کـە هەرچەنـدە لـە روانگـەی بەرپرسـانی رووسـیا و لـە بەڵگەکانـی ئاسایشـی نیشـتمانی ئـەو وڵاتـەدا وەك هەڕەشـەی سـتراتیژی دیـاری نەکـراوە، بـەڵام لـە داهاتـوودا، ئـەو ئەگـەرە هەیـە کـە گرفـت بـۆ رووسـیا دروسـتبکات. گرنگیـی رۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت لـەڕووی سیاسـییەوە ئەوەیـە کـە رووسـیا بەسـەرنجدان لـە رەوشـی "هاوشـانیی سـتراتیژی" دەیـەوێ لـە هەنـدێ ناوچـە و پرسـدا رۆڵـی هەبـێ و یەکێـك لـەو ناوچانـەش رۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـتە کـە لـە پرسـە جیهانییەکانـدا گرنگیـی تایبەتـی هەیـە.

لـەڕووی ئابووریشـەوە هەرچەنـدە پەیوەندییـە ئابوورییەکانـی رووسـیا لەگـەڵ تـەواوی رۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت نزیکـەی 50 ملیـار دۆلارە و بڕەکـەی هێنـدە زۆر نییـە، بـەڵام لـەو دۆخـە ئابوورییـە کـە رووسـیای تێکەوتـووە، ئـەوەش گرنگـە . ئـەم ئاڵوگۆڕانـە بەسـەرنجدان لـە رۆڵـی چـەك و تەکنەلـۆژی سـەربازی بـۆ رووسـیا، توانـا و دەسـەڵاتێك بـۆ رووسـیا دروسـتدەکات کـە بـۆ ئـەو وڵاتـە وەك هەلێکـی زۆر بـاش لەقەڵـەم دەدرێـت. بـەڵام دوای گۆڕانکارییەکانـی رۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت، رووسـیا لـە مـاوەی ئـەم پێنـج ساڵەی دواییـدا، بەکـردەوە چ سیاسـەتی سـەبارەت بـەو گۆڕانکارییانـە گرتوونەتـە بـەر؟ لـە قۆناخەکانـی یەکەمـی ئـەم گۆڕانکارییانـەدا، رووسـیاش وەك زۆر لـە وڵاتانـی دیکـە خافڵگیـر بـوو. واتـە ئەویـش نەیدەزانـی کـە چ روویـداوە و چ روودەدات. لـە راسـتیدا رووسـیا نەیدەزانـی قەبـارە و پانتایـی ئـەم رووداوە دەگاتـە کـوێ. لـە قۆناخـی دواتـردا، رووسـیا دژایەتـی لەگـەڵ ئـەم گۆڕانکارییانـە کـرد و هەوڵیدا سـەبارەت بەو گۆڕانکارییانە و بەتایبـەت گۆڕینی حکومەتەکان هەڵوێسـتی دژایەتـی بگرێتەبـەر. لەئەنجامـدا رووسـیا سیاسـەتی بەرەنگاریـی لەبەرامبـەر رۆژئـاوا و ڤیتۆکردنـی پەسـندکردنی بڕیارنامەکانـی ئەنجوومەنـی ئاسـایش گرتەبـەر. رەنگـە تاقـە نموونـەی نـاوازە لـەم بـوارەدا بـۆ پرسـی لیبیـا بگەڕێتـەوە کـە رووسـیا بڕیارنامـەی ژمـارە 1973 - کـە کەڵـك وەرگرتـن لـە کەرەسـتە پێویسـتەکانی وەك هێـزی سـەربازی بـۆ پاراسـتنی گیانـی هاووڵاتیانـی مەدەنـی بـە رەوا دەزانـی -ی ڤیتـۆ نەکـرد و دەنگـی سـپی پێـدا. جیـاوازی هەڵسـوکەوتی رووسـیا سـەبارەت بـە لیبیـاش، زیاتـر رەنگدانـەوەی کێشـە ناوخۆییەکانـی ئـەو وڵاتـە بـوو. هەرچۆنێـك بێـت ، راسـتییەکە ئەوەیـە کـە لـە رووسـیادا، جیـاوازی بۆچـوون لەنێـوان میدڤیـدۆف و پووتیـن دا هەیـە. روانینـی میدڤیـدۆف زیاتـر لەسـەر بنەمـای گەشـە، پێشـکەوتنی ئابـووری و هەروەهـا پەیوەنـدی لەگـەڵ رۆژئاوایـە و پووتیـن بـە تێڕوانینـی سـەربازی- ئەمنـی و شـوێن و شـکۆی نێودەوڵەتییـەوە لـە زۆربـەی پرسـەکان دەڕوانێـت. کاتێـك ئـەم بڕیارنامەیـە پەسـندکرا، دەسـبەجێ لەنێوخـۆی رووسـیا هەڵایـەك دروسـتبوو. نوێنـەری رووسـیا لـە رێکخـراوی نەتـەوەکان بانگهێشـتکرا و وەزیـری دەرەوە کۆبوونـەوەی نائاسـایی کـرد و لەئەنجامـدا گوتیـان کـە ئـەم هەنـگاوە بـە بڕیـاری سـەرۆك وەزیـر بـووە. بەوشێوەیە سیاسـەتی رووسـیا سـەبارەت بـە لیبیـا، لـە ژێـر کاریگەری ناکۆکییەکانـی سـەرۆکوەزیر و سـەرکۆماردا مایـەوە. بەجۆرێـك کـە پووتیـن لـەو بڕوایەدابـوو کـە دەبووایـە رووسـیا لەبنەڕەتـدا بڕیارنامـەی 1973ی ڤیتـۆ بکردایـە، لەکاتێکـدا میدڤیـدۆف بـە ئاشـکرا رایگەیانـد کـە هەڵوێسـتی رووسـیا، لـە هاوئاهەنگـی و هـاوکاری لەگـەڵ کۆمەڵگـەی جیهانیدایـە. بـەڵام رووداوی بەوجـۆرە دوای لیبیـا دووپـات نەبوونـەوە. جیـا

لـە ناکۆکییـە ناوخۆییـەکان، ڕەنگـە بەشـێك لـەم هەڵسـوکەوتەی رووسـیا کـە لەبەرامبـەر بڕیارنامەکـەی رۆژئـاوا نەوەسـتایەوە، بەوهۆیـە بوویێـت کـە لیبیـا بەقـەدەر وڵاتانـی دیکـە بـۆ رووسـیا گرنـگ نییـە.

## 3ـ رووسیا و قەیرانی سووریا

سیاسـەتی رووسـیا لـە رۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت، بەگشـتی ئەنجامـی ئـەو نیگەرانییـە ئەمنـی و سـتراتیژییانەیە کـە لەدەسـتچوونی دەسـەڵات و دەسڕۆیشـتوویی لـە رۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت و بەتایبەتـی لـە سـووریا بـە مەترسـییەکی ئەمنـی جیـددی دەبینێـت و پێیوایـە پانتایـی نائەمنـی رۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت تاوەکـو ناوچەکانـی دەوروبـەری خـۆی لـە قەفقاسـیا و ئاسـیای نێوەڕاسـت و دواتـر نـاوەوەی سـنوورەکانی فیدراسـیۆنی رووسـیا پەرەدەسـتێنێت. مۆسـکۆ لەبـەر هـۆکاری جۆراوجـۆر پشـتیوانی لـە دیمەشـق دەکات. بـەڵام ڕەنگـە گرنگتریـن بابـەت لـەم بـوارەدا بگەڕێتـەوە بـۆ تێکچوونـی هاوسـەنگییەکان و بارودۆخـی جیۆپۆلیتیکـی ناوچەکـە و بەرگەنەگرتنـی ناوچەکانـی باشـووری رووسـیا لـە ملـی دەریـای رەش و دەستپێڕاگەیشـتن بـە ئاوەکانـی دەریـای سـپی. لـەم پەیوەندییـەدا بنکـەی سـەربازی تەڕتـووس رۆڵـی کاریگـەری هەیـە. تورکیـا لەسـەردەمی شـەڕی ساردیشـدا بـۆ سـۆڤیەت جێگـەی مەترسـی بـوو، بـەڵام مەترسـییە سـەرەکییەکانی تورکیـا بـۆ سـەر رووسـیا بـۆ سـەدەکانی پانـزە و نـۆزدە دەگەڕێتـەوە کـە شـەڕی گـەورە لەنێوانیانـدا روویـداوە و دواترینیشـیان شـەڕی کریمیـا لەنێـوان سـاڵەکانی 1854 تاوەکـو 1857 و شـەڕی 1877 تاوەکـو 1878ی سربیـا بـوو. بەبوونـی بیرۆکـەی عوسـمانیگەری نـوێ لـە تورکیـای ئەمـڕۆدا، چاوەڕوانـی بەرهەمهاتنـەوەی ئـەو کێشـمەکێش و ناکۆکییانـە بەشـێوازی دیکـە، سرووشـتییە. رووسـیا لـە چوارچێـوەی جۆراوجـۆردا شـیکاری گۆڕانکارییـە ناوچەییـەکان دەکات. یەکـەم ئەوەیـە کـە ئـەو وڵاتـە، گۆڕانکارییـەکان لـە روانگـەی رکابـەری جیۆپۆلیتیکـی لەگـەڵ رۆژئـاوادا سـەیر دەکات. واتـە رووسـیا هەسـتدەکات کـە ئـەو رکابەرییـە لەگـەڵ رۆژئـاوا رەوتێکـی نوێـی گرتـووە. لەڕاسـتیدا رووسـیا مودێلێکـی رووخـان لەتەنیشـت مودێلـی پەرەسـەندنی دەسـەڵات و دەسڕۆیشـتوویی بـۆ رۆژئـاوا لـە ناوچەکـەدا پێشـبینیدەکات. هەروەهـا گۆڕانکارییەکانـی رۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت لـە قەڵەمـڕەوی جیهانـی ئیسـلامدایە و ئـەم پرسـەش بـۆ رووسـیا گرنگـی زۆری هەیـە. چونکـە رووسـیا پرسـی فیدرالـی هەیـە و لـەم سـۆنگەیەوە پەرچەکـرداری رووسـیا لەبەرامبـەر موسـڵمانەکانی ناوخـۆی وڵاتەکـەی، بەردەوام

جۆرێـك دژایەتیکـردن و ململانێـی تێدابـووە. ململانـێ لەسـەر بابەتـە ژێرخانییـەکان، پرسـی پەرەسـەندنی ژمـارەی موسـڵمانان و یـان جووڵانـەوە ئایدۆلۆژییـە رادیکاڵـەکان لەژێـر نـاوی وەهابیـزم بـە پشـتیوانی دەزگاکانـی هەواڵگـری سـعودیە، سـووریا و هەندێجـار بەریتانیـا و دانیـمارك بـۆ رووسـەکان گرنگـە . هـەر بەوشـێوەیە، بایەخـی سـووریا لـەلای رووسـەکان نـە تەنیـا لەبـەر گۆڕانکاریـی میکانیکـی و ئاسایشـی ناوخـۆی ئەو وڵاتەیـە، بەڵکـو لەچوارچێوەی ئەوەشـدایە کـە فەرەنسـییەکان ئاسایشـی دەریـای سـپی وەك ئەولەویەتـی خۆیـان سـەیر دەکـەن. لەلایەکـی دیکـەوە ، ئـەو رێوشـوێنە ئەمنییانـەی کـە لـە رۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـتدا خەریکـن دروسـتدەبن ، واتـە کەمبوونـەوەی دەرفەتـەکان بـۆ ئیسرائیـل و هـاوکات گۆڕانـی شـێوەی مەترسـییەکان لەوبـارەوە کاریگەرییـان هەیـە. کەواتـە رووسـیا پوانێکـی نـوێ بـۆ خـۆی لـە سـووریا دەسـتەبەردەکات کـە دەکرێـت بگوترێـت خولێکـی بەشـێوەی زۆر لاواز بەڕێوەبـرد. بەتایبەتـی لـە 1991 تاوەکـو 2002 کـە رووسـیا لـەو سـەردەمەدا بەهـۆی لێکهەڵوەشـانەوە تووشـی کێشـەی ناوخۆیـی بـوو. لـە 2001ەوە و دواتـر تاوەکـو نزیکـەی 2006، رووسـیا بـەرەو رێکخسـتنی پەیوەندییەکانـی خـۆی لەگـەڵ سـووریا هەنـگاوی نـا و لە 2006 بـەدواوە، جموجۆڵێـك لـە پەیوەندییەکانـی سـووریا و رووسـیادا دەبینیـن. بەتایبەتـی لـە سـاڵی 2011دا بـەرەو گەڕانـەوەی ئاسایشـی رووسـیا لـە سـووریا دەگۆڕێـت. لـە راسـتیدا یەکێـك لـەو هۆکارانـەی کـە سـووریا هەوڵیـدا تاوەکـو لـە گۆڕانکارییەکانـی رۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت ببێتـە هاولفـی ئێـران، ئەوەبـوو کـە ئـەو وڵاتـە نەیدەتوانـی بەخێرایـی لەگـەڵ ئـەو وڵاتانـەی کـە دەتوانـن رۆڵـی پشـتیوانی بـۆ سـووریا بگێـڕن، هاوپەیمانـی بـکات. خاڵـی جێگـەی سـەرنج، گۆڕانکارییەکانـی ئەودواییـەی لیبیـا و عێراقـن کـە رووسـیا ناچـار دەکـەن زۆربـەی هێلکەکانـی لـە سـەبەتەی سـووریادا دابنێـت.

خاڵـە سـەرەکییەکان لـە سیاسـەتی راگەیێنـدراوی رووسـیا سـەبارەت بـە پرسـی سـووریا ئەوەیـە کـە یەکـەم: رووسـەکان لـە سـاڵەکانی یەکەمـی پەیوەندییـەکان لەگـەڵ سـووریادا خۆپارێزانـە دەجووڵانـەوە. لەکاتێکـدا پشـتیوانییان لـە بەشـار ئەسـەد دەکـرد، لەگـەڵ دژبەرەکانیشـی گفتوگۆیـان دەکـرد. دووەم: بۆچوونـی رووسـەکان بـۆ جێگـرەوەی بەشـار ئەسـەد و رەوتـی رۆژئاواخـوازی جێگـەی پەسـندی ئەمریـکا و ئـەو رەوتـەی کـە تورکیـا پشـتیوانی لێـدەکات بـە جۆرێکـە کـە هـەردوو رەوتەکـە بـە زیانـی خـۆی دەبینێـت. بەگشـتی رووسـەکان مەیلـی پێویسـتییان بـۆ پشـتیوانی راسـتەقینە لـە بەشـار ئەسـەد نەبوو، بـەڵام لەبـارەی جێگـرەوەی بەشـار ئەسـەدەوە شـتێکی باشـیان بەدینەدەکـرد. پشـتیوانی هەمەلایەنـەی ئێـران لـە سـووریا، بـۆ رووسـەکان زۆر چارەنووسـاز بـوو. هـەر بەوهۆیـەوە

دەکرێ بڵێین کە یەکێك لە فاکتەرە گرنگ و هاوبەشەکانی نێوان ئێران و رووسیا لە سەردەمی دوای پووتین، پرسی سووریایە. رووسەکان بەدڵنیاییەوە بیریان لە سووریای دوای بەشار ئەسەد کردووەتەوە. بەشی سەرەکی وتووێژەکانی نێوان رووس و دژبەرانی بەشار ئەسەد دەگەڕێتەوە بۆ ئەوە. واتە رووسەکان ئەو ئامادەییەیان هەیە لە داهاتوودا لەگەڵ ئەم گرووپانە دانوستاندن بکەن کە مەرج و داخوازی دژبەرەکان بۆ وتووێژ لەگەڵ رووسەکان لە وەلانانی بەشار ئەسەددا خۆی دەبینێتەوە. ئەگەر ئەم پرسە چرای سەوزی رۆژئاواییەکانی لەگەڵدا بێت، گرەنتییەکەی زیاتر دەبێت. ئێران چ سیناریۆی بۆ داهاتووی سووریا کێشاون؟ ئێران هێشتا بیری لە سووریای بێ بەشار ئەسەد نەکردووەتەوە و ئەمە بەو مانایە دێت کە ئێران لەم بوارەدا، هەنگاوێك لە رووسیا لە پاشترە. جیا لەوە، ئێران بەپێچەوانەی رووسیا، هیچ جۆرە وێنایەکی لە داهاتووی خۆی لە سووریای دوای بەشار ئەسەد نییە و ئەمەش یەکێکی دیکە لە خاڵە جێناکۆکەکانی نێوان ئێران و رووسیا سەبارەت بە پرسی سووریا پێکدەهێنێت.
پەنابردنی دەوڵەتی رووسیا بۆ ئەنجامدانی کردەوەیەکی سەربازیی راستەوخۆ لە دەرەوەی کۆمارەکانی یەکێتی سۆڤییەت، بە یەکێك لە دیاردە نوێیەکانی سیاسەتی نێودەوڵەتی لەم دەیەیەی دواییدا دەژمێردرێت. دوای دەرچوونی سوپای سوور لە ئەفغانستان، مۆسکۆ بۆ یەکەمین جار، بە مەبەستی ستراتیژی هاتووەتە نێو قەیرانێکی ناوچەیی گرنگەوە کە هەم دەتوانێ یارمەتی چارەسەرکردنی بدات و هەم دەتوانێ پرسەکە ئاڵۆزتر بکات. بەهێزکردنی سوپای سووریا و پتەوکردنی پێگەکانی لە ناوچەکانی رۆژئاوای سووریا، وتووێژەکانی جنێڤ و ئەو رێککەوتنانەی لەم وتووێژانەدا کراون، گرژی لەگەڵ تورکیا لەسەر کەوتنە خوارەوەی فڕۆکەی سەربازی و دواتر هاتنە ناوەوەی سوپای تورکیا بۆ ناوچەیەکی نزیکی موسڵ، تاوەکو ئێستا بە گرنگترین ئەنجامەکانی هەوڵەکانی رووسیا لە سووریا لەقەڵەم دەدرێن .
لەم کورتە لێکۆڵینەوەیەدا هەوڵدراوە وێڕای تاوتوێکردنی هەندێك لە رەهەندەکانی سیاسەتی رووسیا لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست و بەتایبەتی ئامادەیی سەربازیی ئەو وڵاتە لە قەیرانی سووریا، ئەم بابەتە بێتەگۆڕێ کە هەرچەندە هەنگاوەکانی رووسیا یارمەتی پتەوکردنی پێگەکانی دەوڵەتی سووریای داوە، بەڵام لەگەڵ هەنگاوەکانی تورکیا بۆ بەئامانج گرتنی فڕۆکەی رووسیا و هاتنی بۆ نێو خاکی عێراق و جیددیتربوونەوەی هاتنی دەوڵەتانی رۆژئاوایی بۆ نێو ئەو قەیرانە، دۆخەکە لە مانگەکانی داهاتوودا ئاڵۆزتر دەبێ و لەوانەیە شەڕێکی ناوچەیی بەربلاوتری لێبکەوێتەوە. تەنانەت ئەم

مەترسییەش لەوانەیە جیددیتر بێتەوە کە جیۆپۆلیتیکی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە تێپەڕینی ئەم قەیرانە، تووشی گۆڕانکاری بێت و ئەنجامەکانی بۆ ساڵانێك لە ناوچەدا، سەرچاوەی گرژی و ئاڵۆزی نوێ بێت. لەم قۆناخە نوێیەدا گرنگترین پەیوەندییەکانی نێوان بەرژەوەندییەکان و سیاسەتی دەرەوەی رووسیا، بۆ گرنگی ناوچەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست بۆ رووسیا دەگەڕێتەوە ، چونکە پێکەوەبەستراوەیی سەرزەوینی و ئەتنیکی و ئایینی لە نێوان رۆژهەڵاتی نێوەڕاست و قەفقاسیا و ئاسیای نێوەڕاست تاوەکو ناوخۆی رووسیا هەیە. فاکتەری دیکە، پەیوەندی ئابووریی رووسیا لەگەڵ وڵاتانی ناوچەیی وەك ئێران، ئیسرائیل، میسر و سعودیە یە. فاکتەری سێیەمیش لە چوارچێوەی پرسە جیۆپۆلیتیکییەکانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست شیکاری بۆ دەکرێت. لەڕاستیدا، کارلێکەکان لە دەوروبەری رووسیا چ لە رۆژئاوا، واتە چین و ژاپۆن و چ لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست واتە ململانێی ئێران لەگەڵ تورکیا و سعودیە گرنگیی تایبەتی بۆ رووسەکان هەیە. کەواتە لە تەنیشت هۆکارەکانی پەیوەندیدار بە پێکەوەبەستراوەیی سەرزەوینی، کولتووری و ئابووری دەبێ ئەو توخمە جیۆپۆلیتیکییەش لەبەرچاوبگرین. لەم نێوانەدا پەیوەندیی لەگەڵ سووریا لەبەر هاوپەیمانییەکی کۆنی بۆ دەوڵەتی رووسیا و هەروەها دراوسێبوونی سووریا لەگەڵ تورکیا و دەریای سپی و لەوەش گرنگتر ئەو پێگە سەربازییەی کە رووسیا لەوێ هەیەتی، بووەتە هۆی ئەوەی کە رووسیا لەبارەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست زۆر هەستیاربێت و چەمکی سووریا لە سیاسەتی رووسیادا شرۆڤەی تایبەتی بۆ بکرێت.

گۆڕانکارییەکانی ساڵانی 2011 و 2012 بەدواوە و شۆڕشە عەرەبییەکان، پەرەی بە نیگەرانییەکانی رووسیا لەبارەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست داوە. ئەم نیگەرانییانە سەچاوەکەی بۆ بوونی رادیکالیزمی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست و هەروەها رۆڵی رووڵەزیادبووی تورکیا لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست و هەوڵی تەوەرەی رۆژئاوا ــ عەرەبی بۆ رووخاندنی ئەو دەوڵەتانە دەگەڕێتەوە کە هەندێکیان پەیوەندی باشیان لەگەڵ رووسیا هەیە. بارودۆخێکی وەها بەباشی لە سووریا دەبینرێت و رووسیا نیگەرانی رووخانی دەوڵەتی سووریایە. بەگشتی، پەرچەکرداری رووسیا سەبارەت بە گۆڕانکاری لە وڵاتانی عەرەبیدا، جیاواز بوو. هەرچەندە رووسەکان لە سەردەمی میدوڤیدۆف لە پرسی لیبیادا هاوکاری رۆژئاوایان کرد، بەڵام دەوڵەتی رووسیا کاتێك پرسی سووریا هاتەئاراوە، بە هەستیارییەکی تایبەتەوە بەدواداچوونی بۆ بارودۆخەکە کرد. خاڵی سەرنجراکێش لێرەدایە کە هەرچەندە رووسەکان لەبارەی رووخانی دەوڵەتی سووریادا

پەرچەکرداریـان پیشـاندەدا، بـەڵام لـە توانـای خۆڕاگـری دەوڵەتـی سـووریا لەبەرامبـەر نەیارەکانیـدا بێهیـوا ببـوون. پێدەچـێ لێـرەدا ئێـران زۆرتریـن رۆڵـی گێڕابـێ تاوەکـو توانیبێتی بەرپرسـانی رووسـیا رازی بـکات کـە بەشـێوەیەکی دیکـە بەدواداچـوون بـۆ پرسـەکانی سـووریا بکـەن. لەوانەیـە ئێـران توانیبێتـی رووسـیا بـەوە رازی بـکات کـە ئەگـەر دۆخـی سـووریا تێکبچێـت، تـەواوی ناوچەکـە تووشـی شـڵەژان دەبـێ و رووسـیاش زیانـی پێـدەگات و دەکرێـت لەبەرامبـەر نەیارانـی بەشـار ئەسـەد دا بوەسـتنەوە.

راسـتییەکەی ئەوەیـە کـە هیـچ کـەس پێشـبینی دەسـتوەردانی سـەربازیی رووسـیای نەدەکـرد و نووسـەری ئـەم بابەتـەش لـەو بڕوایـەدا نەبـوو کـە دەوڵەتـی رووسـیا تاوەکـو ئـەو قۆناخـە خۆڕابگرێـت و دواتـر، بەشـێوەی سـەربازی بچێتـە نێـو سـووریاوە. ئـەم گۆڕانکارییانـە دەگەڕێنـەوە بـۆ کۆمەڵێـك بـارودۆخ کـە بەرەبـەرە ئـەو بـوارەی خۆشـکرد تاوەکـو دەوڵەتـی رووسـیا کـردەوەی سـەربازی بـە تێچوونـی کەمـەوە لەسـەر داوای سـووریا ئەنجامبـدات. ئـەوەی کردەوەکانـی رووسـیای کـردە بابـەت، ئـەو رووداوانـە بـوون کـە لـە گۆڕەپانـی سـووریادا هاتنەئـاراوە. کردەوەکانـی داعـش، بـۆ وێنـە کوشـتنی پەیامنێرانـی رۆژئـاوا و دواتـر شـەپۆلی کـۆچ لـە سـووریاوە بـەرەو ئەورووپـا، رەوایـی بـە کردەوەکانـی رووسـیادا و کەشـی لەبـاری نێودەوڵەتـی بـۆ هەنگاوەکانـی ئـەو وڵاتـە خۆشـکرد. ئـەوەی گرنگـە و زیاتـر لـە هەمـووان کاریگـەری لەسـەر کـردەوەی سـەربازی رووسـیا لـە سـووریا هەبـوو، بابەتـی دوودڵـی و راڕایـی لایەنـی رۆژئاوایـی بـوو. دەوڵەتـی رووسـیا پێشـتر لـە ئەگـەری هێرشـکردنی رۆژئـاوا بـۆ سـەر سـووریا بەبیانـووی کەڵکوەرگرتنـی ئـەم وڵاتـە لـە چەکـە کیمیاییـەکان، هاتـە نـاو هاوکێشـەکە و لـە رێگـەی "گەڵاڵەپێشـنیاری داماڵینـی چەکـە کیمیاییـەکان"، حکومەتـی ئەسـەدی لـەو دۆخـە دەرهێنـا. لەوکاتـەوە و بـە دەسـپێکردنی قەیرانـی ئۆکرانیـا، دەوڵەتـی رووسـیا بـەو ئاکامـە گەیشـت کـە ئەگـەر بتوانـێ لایەنـەکان پەلکێشـی وتووێـژ بـکات، لـەڕووی دیپلۆماسـی و پڕوپاگەندەییـەوە دەسـکەوتێکی بـاش بـۆ خـۆی بەدەسـتدێنێ و هـەر بەوشـێوەیە، لەگـەڵ لایەنـی رۆژئـاوا ــ عەرەبـی و تورکیـا دانوسـتاندنی کـرد. لەونێوانـەدا بـوو کـە رووسـەکان تێگەیشـتن لایەنـی رۆژئـاوا سیاسـەتێکی دیاریکـراوی بـۆ داهاتـووی سـووریا نییـە و هیوایەکـی بـە رووخانـی ئەسـەد و دوورنیگایەکی بـۆ قۆناخـی پـاش ئەسـەد وێنـا نەکـردووە.

رووسـەکان لـەوە گەیشـتن کـە تەنیـا هـەردوو دەوڵەتـی سـعودیە و تورکیـا بیـر لـە رووخاندنـی ئەسـەد دەکەنـەوە . هـۆکاری پێداگرییەکەشـیان ئەوەبـوو کـە چوونـە نـاو بواری سـەربازییان بـە قازانجـی خۆیـان دەبینـی. بۆیـە رووسـیاش پەنـای بـۆ بـژاردەی سـەربازی

بـرد و رووسـەکان لەکەشـێکی بەوشـێوەیەدا چوونـە گۆڕەپانـی سـووریاوە. ئـەوان بەوجـۆرە بارودۆخەکەیـان بـە قازانجـی دەوڵەتـی سـووریا گۆڕی و کەشـێکیان بـۆ وتوویژ رەخسـاند. بە رێکـەوت رووداوەکان هـەر بەوشـێوەیە چوونەپێـش کـە رووسـیا دەیویسـت و وتووێژەکانـی جنێـڤ بەرهەمـی تەگبیـر و کردەوەیەکـی بەوشـێوەیەن. پشـتیوانی مۆسـکۆ لـە حکومەتـی دیمەشـق، لەبـەر هـۆکاری جۆراوجـۆرە. بـەڵام رەنگـە گرنگتریـن هـۆکار، نیگەرانـی بێـت لـە تێکچوونـی هاوکێشـەی جیۆپۆلیتیکـی ناوچەکـە و بەرگەنەگرتنـی ناوچەکانـی باشـووری رووسـیا لـە دەریـای رەش و دەسپێڕاگەیشـتن بـە دەریـای سـپی. لەوبـارەوە رۆڵـی بنکـەی سـەربازیی تەرتـووس زیاتـر دەبێـت. ئـەم بنکەیـە لەوبـارەوە گرنگـە کـە لـە لێوارەکانـی دەریـای سـپی و نزیـك خاکـی تورکیـا دایـە کـە بـەردەوام بـۆ رووسـیا جێگـەی مەترسـی بـووە و لـەم سـاڵانەی دواییشـدا، گرنگـی زیاتـری پەیداکـردووە.

## 4 ـ کردەوەی سەربازیی رووسیا دژی داعش

دەوڵەتـی رووسـیا، داعـش بـە هەڕەشـەیەکی جیـددی بـۆ سـەر ئاسایشـی ناوچەیـی و نیشـتمانیی خـۆی دەزانـێ و بـۆ کۆنترۆڵکردنیشـی هەوڵـی جۆراوجـۆری بەشـێوەی یەکلایەنـە و بەشـێوەی چەندلایەنـەش لەگـەڵ وڵاتانـی ناوچەکـە داوە. بارودۆخـی ئێسـتای رۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت و باکـووری ئەفریقیـا لـە وڵاتـی ماڵـی و میـسر و یەمەنـەوە تاوەکـو سـووریا و عێـراق، کـە دەوڵەتەکانیـان بەکـردەوە کۆنترۆڵێکـی زۆریـان بەسـەر سـەرزەوییەکانی خۆیانـەوە نییـە، زەمینـەی رەخسـاندووە تاوەکـو داعـش و جۆرەهـا گرووپـی توندئـاژۆی دیکـە، پانتاییەکـی بەرینیـان لـە رۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـتەوە تاوەکـو نێوەڕاسـتی ئەفریقیـا لەژێـر رکێـف دابێـت، کـە ئەمـەش خـۆی سـەرچاوەکەی بـۆ داگیـرکاری و سـووکایەتی، رکابـەری، کێشـمەکێش و دەسـتوەردانە نێودەوڵەتییـەکان (لـە دەسـتدرێژیی سـۆڤیەت بـۆ سـەر ئەفغانسـتان تاوەکـو دەسـتدرێژیی ئەمریـکا بـۆ سـەر عێـراق) و بەرپرسـیارێتی وەرنەگرتنـی دەوڵەتانـی ناوچەکـە دەگەڕێتـەوە. ئـەوەی کـە رۆڵـی هـەر یەکێـك چەنـدە و تاوەکـو چ رادەیەکـە، هێنـدە گرنـگ نییـە، بـەڵام گرنـگ ئەوەیـە کـە لـەم نێوانـەدا رۆڵـی ئێـران، تورکیـا و سـعودیە لەوانیدیکـە زیاتـرە.
داعـش بەرهەمـی بۆشـایی دەسـەڵات لـە عێـراق و پێکهاتەیـەك لـە توخمـە ئایینـی، بەعسـی و ئەتنیکییەکانـی عەرەبـی سـوننەیە کـە زۆر لـە لاوانـی موسـڵمانی دانیشـتووی وڵاتانـی رۆژئـاواش بەشـداری بـوون. رۆڵـی رۆژئـاوا لـەو پەیوەندییـەدا وەك رۆڵـی رێکخـراوی

قاعیـده دەچـێ. هاوئاراسـتەیی تاکتیکیـی نێـوان ڕۆژئـاوا، تورکیـا و سـعودیە لەگـەڵ داعـش سـەبارەت بـە پرسـی سـووریا، ڕاسـتییەکە و ناکـرێ لـەم پەیوەندییـەدا زێدەڕۆیـی بکرێـت. تێکهەڵچـوون لەگـەڵ گرووپـە تیرۆریسـتییەکان لـە سـووریا، دەتوانـێ ڕووسـیا و ڕۆژئـاوا لەسـەر داهاتـووی ئـەم وڵاتـە تاوەکـو سـنووری بەرەنگاربوونـەوە لەگـەڵ یەکـتری ببـات. بتـەوێ و نەتـەوێ پەرەسـەندنی تێکهەڵچوونـەکان لـە ناوچەکـە، جیـا لـە کێشـە و مەینەتییـە مرۆیـی و کۆمەڵایەتییـەکان، بـۆ سـنوورەکانی ئێسـتای ڕۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـتیش کـە لـەم سـاڵانەی دواییـدا، لەلایـەن یەکـە نادەوڵەتـی و نیمچەدەوڵەتییەکانـەوە بڕاوەتـە ژێرپرسـیار، ئەنجامـی کاریگـەری دەبێـت. دەکـرێ لـە کـۆی گۆڕانکارییەکانـی ئێسـتا، بگەنـە ئـەو ئەنجامـە کـە دەوڵەتـی ڕووسـیا دوای ئێـران زۆرتریـن نیگەرانـی و ڕووبەڕووبوونـەوەی لەگـەڵ گرووپـە تیرۆریسـتییەکان هەبـووە و لـە داهاتوویەکـی نزیکـدا، ڕووبەڕووبوونـەوەی زیاتـری لەگـەڵ داعـش و گرووپـە تیرۆریسـتییەکانی دیکـە دەبێـت. هەڵبەتـە نابـێ چـاو لـەم ڕاسـتییە بنووقێنیـن کـە ڕووسـیا زیاتـر پەرژاوەتـە سـەر ناوچەکانـی ڕۆژئـاوای سـووریا و ناوچەکانـی نزیکـی سـنووری تورکیـا لـە باکـووری ڕۆژئـاوای سـووریا. بەوپێیـە ڕووسـیا خـۆی کەمـتر بـە داعشـەوە سـەرقاڵدەکات.

ڕووسـیا لـە یـەك سـاڵی ڕابـردوودا، زۆر کـردەوەی سـەربازیی فراوانـی لەژێـر نـاوی "لەنێوبردنـی بەربـڵاو"، لـەدژی داعـش لـە سـووریا، بـە بەشـداریی 69 فڕۆکـەی شـەڕکەری سـۆخۆ و بۆمبهاوێـژی (تۆپۆلۆفـی 160) و ژێردەریایـی و پاپۆڕەکانـی خـۆی لـە دەریـای سـپی دەسـتپێکردووە و هـەر لەوبارەیـەوە داوای لـە بەغـدا کـردووە، چالاکـی فڕۆکەخانەکانـی هەولێـر و سـلێمانی لـە باکـووری ئـەو وڵاتـە بـۆ ڕێگرتـن لەهـەر ڕووداوێـك، ڕابگرێـت. هـەر لـەم پەیوەندییـەدا سـەرچاوەیەکی ئـاگاداری عێراقـی ڕایگەیاندکـە هاتووچـۆی تـەواوی فڕۆکەکانـی فڕۆکەخانەکانـی هەولێـر و سـلێمانی داخـرا.

سـوپای ڕووسـیا، زۆربـەی هێرشـە موشـەکییەکانی خـۆی بـۆ سـەر داعـش لـە سـووریا لـە دەریـای خـەزەرەوە ئەنجامـدەدات، کـە بـۆ ئـەوەی موشـەکەکانی شـوێنی مەبەسـت لەنێـو خاکـی سـووریا بپێکـن، پێویسـتبوو بەسـەر هەرێمـی ئاسـمانیی ئێـران و باکـووری عێراقـدا تێبپـەڕن.

لەلایەکـی دیکـەوە ، میدیـاکان بـاس لـە چڕبوونـەوەی کـردەوەی سـەربازیی فڕۆکـە شـەڕکەرەکانی ڕووسـیا دژی تەکفیرییـەکان لەسـەر سـنوورە هاوبەشـەکانی تورکیـا و سـووریا دەکـەن. میدیـا عەرەبییـەکان ڕایانگەیانـد کـە فڕۆکـە شـەڕکەرە ڕووسـییەکان ناوچـەی نوێیان لەسـەر سـنوورەکانی تورکیـا و سـووریا کردووەتـە ئامانج. فڕۆکە شـەڕکەرەکانی ڕووسـیا دوای

بۆردوومانـی تێپەڕگەکانـی سەرسـنووری سـووریا لەگـەڵ تورکیا لـە لازقییە، ئیدلـب و حەلەب، ئەمجـار بۆردوومانـی ناوچـەی سەرسـنووری (الدانا)یـان کـردووە. ناوچەکانـی (الطامنـە) و (عیـدون) لـە دەورووبـەری پارێزگاکانـی حەمـا و ئیدلبیـش کەوتوونەتـە بـەر قورسـترین هێرشـی فڕۆکـە شـەڕکەرەکانی رووسـیا. لـە بارودۆخیکـی بەوشـێوەیەدا، میدیایەکـی رووسـی باسـی راگرتنـی هێرشـی فڕۆکـە شـەڕکەرەکانی ئەمریـکا، لـە دوای جێگیرکردنـی سیسـتەمی مووشـەکی ئێـس 400ی رووسـیا لـە سـووریادا دەکـەن. بەپێـی راپۆرتی (راشـا تـوودەی)، پاش ئـەوەی رۆژنامـەی (حوڕییـەت) باسـی راگرتنـی هێرشـی فڕۆکـە شـەڕکەرەکانی تورکیـای بـۆ سـەر سـووریا کـرد، بەرپرسـانی رووسـیا لـە سـووریاش باسـیان لـە راگرتنـی هێرشـی فڕۆکـە شـەڕکەرەکانی ئەمریـکا دوای جێگیرکردنـی سیسـتەمی مووشـەکیی ئێـس 400 لـەو وڵاتـە کـرد. پێنتاگۆنیـش راگرتنـی کـردەوەی سـەربازیی ئەمریـکای لـە سـووریا پشتڕاسـتکردەوە. رووسـیا دوای کەوتنەخـوارەوەی فڕۆکەیەکـی شـەڕکەری لەلایـەن تورکیـاوە، سیسـتەمی مووشـەکی ئێـس 400ی لـە بنکـەی سـەربازی (حەمیـم)ی سـووریا جێگیرکـرد و گوایـە هـەر ئـەم بابەتـە لـە راگرتنـی هێرشـەکانی تورکیـا و ئەمریـکا بـۆ سـەر سـووریا و بەتایبەتیـی ناوچەکانـی دەورووبـەری ئـەم بنکەیـەدا رۆڵـی هەبـووە.

لـە سـاڵێك لەمەوبـەرەوە کـە سـەرۆککۆماری رووسـیا بڕیـاری شـەڕی لەنێوبردنـی داعشـی دەرکـرد، ئـەم بابەتـە لـە میدیـا و رای گشـتی جیهانیـدا بایەخـی زۆری پێـدراوە. کاتێـك کـە سـەلمێنرا داعـش هـۆکاری کەوتنەخـوارەوەی فڕۆکـەی نەفەرهەڵگـری رووسـیایە لـە سـەحرای سینا، سـەرۆکی ئەرکانـی سـوپای سـووریا پەیوەنـدی بـە سـەرۆك ئەرکانـی سـوپای فەرەنسـاوە کـرد و بڕیـاردرا چالاکییەکـی هاوئاهەنـگ ئەنجامبـدەن و فڕۆکـە شـەڕکەرەکانی فەرەنسـا و هێـزی دەریایـی ئـەو وڵاتـە، وەك هاوپەیمانێـك لـە تەنیشـت رووسـیا بەشـداریی شـەڕی دژی داعـش بکـەن. پووتیـن داوای لـە هاوتـا فەرەنسـییەکەی کـرد هاوئاهەنگیـی پێویسـت لەنێـوان فڕۆکەوانـەکان بکرێـت، تاوەکـو رووداوی ئاسـمانیی لەنێـوان فڕۆکەکانـی رووسـیا و فەرەنسـا روونـەدات. هـەر لـەو پەیوەندییـەدا فڕۆکەوانەکانـی رووسـیا و فەرەنسـا و هەروەهـا پلەدارانـی هێـزی دەریایـی ئـەو دوو وڵاتـە لەگـەڵ یـەك کۆبوونـەوە. فڕۆکـە بۆمبهاوێژەکانـی تۆپۆلۆفـی 160ی رووسـی لەگـەڵ فڕۆکەکانـی سـۆخۆ، بـۆ وێنـە جیلـی پێنجەمـی سـۆخۆ 35، بـە شـەو و رۆژ پێگـە و بنکەکانی داعشـیان لـە سـووریا بۆردوومان کرد و پێگەکانـی بـەرەی (النـصرە) لـە ئیدلـب، حەلـەب و دەورووبـەری حومسـیان بۆردوومـان کـرد. بەپێـی گوتـەی بەرپرسـانی رووسـیا لـە کـردەوەی شـەڕی وێرانکـەردا، تـەواوی ئـەو ناوچانـەی کـە شـوێنەوارێکی لـە داعـش و بـەرەی (النـصرە) و گرووپـە تیرۆریسـتییەکانی

پەیوەندیـدار بەوانـەوە پێوەبـووە، بۆردوومـان کـراون.
تەنانـەت باسوخواسـی ئـەوەش هاتـە ئـاراوە کـە هـەر لـەم پەیوەندییـەدا، لـە نێـوان رووسـیا و میـسردا دانوسـتاندن هەبـووە تاوەکـو قاهیـرە مۆڵـەت بداتـە رووسـیا ناوەندەکانـی داعـش لـە سـەحرای سـینا بکاتـە ئامانـج. لەبـارەی لیبیـاوە، وادیـارە رووسـیا و فەرەنسـا بەنیـازی ئەوەنیـن مۆڵـەت لـەو وڵاتـە وەربگـرن تاوەکـو بەتایبەتـی لـە شـاری سـیرتە هێـرش بکەنـە سـەر ناوەندەکانـی داعـش . بەپێـی راپۆرتـەکان داعـش لـە لیبیـا ئامادەیـی بەربـڵاو و بەهێـزی هەیـە. وابڕیـارە فڕۆکـە بۆمبهاوێژەکانـی تۆپۆلۆفـی 160 بۆمبـی دوو تەنـی بەسـەر ناوەندەکانـی داعشـدا بەربدەنـەوە و بەوجـۆرە بنکـە و بارەگاکانیـان بەتـەواوی خاپـوور بکـەن. لەهەمانکاتـدا رووسـیا بڕیاریـداوە تـەواوی ناوەندەکانـی فەرماندەیـی و عەمبارەکانی چـەك و تەقەمەنـی و هەروەهـا ناوەندەکانـی راهێنانـی داعـش بەتـەواوی لەنێوببـات و رایگەیانـدووە ئەگـەر لـە ناوەندێکـدا تەنیـا کەسـێکی داعشـی لێبێـت، ئـەو شـوێنەش لەگـەڵ خـاك تەختـدەکات. سـەرۆککۆماری رووسـیا رایگەیانـد: "ئێمـە لـەو ئیمپراتۆریانەیـن کـە داعـش ناتوانـێ بمانبەزێنێـت. ئەگـەر پیاوانـی ئێمـە نەتوانـن لەگـەڵ داعـش شـەڕ بکـەن، باشـترە ژنانـی ئێمـە بڕۆنـە بەرەکانـی شـەڕ و پیـاوان بچـن چیشـت لێبنێـن. جەنگـی ئێمـە دژی داعـش بێبەزەییانـە دەبێـت. داعـش تێـدەگات کـە وەڵامـی هێـرش بـۆ سـەر فڕۆکـەی نەفەرهەڵگـری رووسـی چییـە. داعـش دەبینـێ کـە چـۆن فڕۆکـە شـەڕکەرەکانی رووسـی بێبەزەییانـە و بەبـێ هیـچ تێبینییـەك ناوەندەکانیـان خاپـوور دەکات". ئـەو هەروەهـا گوتی:" کـردەوەی شـەڕی وێرانکـەر لـەڕۆژی چوارشـەممەوە بـە هاوئاهەنگیـی فڕۆکەکەنی فەرەنسـا دەسـتپێدەکات و بێوچـان درێـژەی دەبێـت. بەپێـی زانیاریـی سـەرچاوە ئەمنییەکانـی رووسـیا و وێنـە سـەتەلایتیەکان کـە لـە ناوەندەکانـی داعـش گیـراون، داعـش مووشـەکی زەوی بـەرەو ئاسـمانی نییـە، کەواتـە ناتوانـن هیـچ کام لـە فڕۆکـە شـەڕکەرەکانی ئێمـە بکەنـە ئامانـج. فەرمانـدە سـەربازییەکانی رووسـیا، بەباشـی ئـاگاداری جـۆری ئـەو مووشـەکانەن کـە لەبەردەسـتی داعشـدان". هەرچۆنێـك بێـت، هەواڵـەکان لـەم یەکسـاڵەی دواییـدا دەریدەخـەن کـە رووسـیا و داعـش بەچـڕی لەبەرامبـەر یەکـدا ریزیـان گرتـووە و بـۆ دژایەتـی یەکـتر قۆڵیـان هەڵماڵیـوە.
رووسـیا لـەم سـاڵانەی دواییـدا، هاوئاهەنگـی سـەربازیی گرنگـی بـۆ پاراسـتنی دەوڵەتـی بەشـار ئەسـەد کـردووە و لـەم پەیوەندییـەدا دوایـن جـۆری ئـەم هـاوکاری و هاوئاهەنگییە، کەڵکوەرگرتنـی بنکـەی سـەربازی نـووژەی ئێـران لەلایـەن رووسـیاوە بـوو. لـەو پێنـج سـاڵەی دواییـدا، ئێـران و رووسـیا بەشـێوازی جۆراوجـۆر بـۆ بەرەنگاربوونـەوەی تیرۆریـزم

و بەتایبەتـی لـە قەیرانـی سـووریادا هـاوکاری و هاوئاهەنگییـان لەنێوانـدا هەبـووە کـە شـێوازی ئـەو هاوکارییانـە بەپێـی نێوەڕۆکـی چالاکییـە سـەربازییەکان و ئاسـت و دۆخـی هاوکارییەکانـی نێوانیـان، بـەردەوام گۆڕانـی بەسـەرداهاتووە. لـە قۆناخێکـدا لـە بـواری پێدانـی زانیـاری و هاوکاریـی مەیدانـی و لـە قۆناخێکـدا، بەڕێکردنـی مووشـەك لـە ناوچـەی هاوبەشـی هـەردوو وڵات لـە دەریـای خـەزەر و لـە قۆناخێکـی دیکـەدا کەڵکوەرگرتـن لـە بنکـەی سـەربازی نـووژە بەمەبەسـتی گەیاندنـی سـووتەمەنی بـۆ فڕۆکەکانـی رووسـیا، لەگـەڵ یـەك هـاوکاری و هاوئاهەنگیـان بـووە. بابەتـی کەڵکوەرگرتـن لـە بنکـەی سـەربازی نـووژە، بەشـێوەی هەتاهەتایـی نەبـووە و فۆڕمـی هاوکارییەکانـی نێـوان ئـەو دوو وڵاتـە لـە پێنـج سـاڵی رابـردوودا، جۆراجـۆر بـووە و کۆتاییهاتنشـی بـەو مانایەیـە کـە پێویسـتییە مەیدانییەکانـی ئەوجـۆرە هاوکاریانـە گەیشـتووەتە کۆتایـی . هەرچەنـدە وێدەچـێ ئـەم هاوکارییانـە درێـژەی هەبـێ، بـەڵام شـێوازەکەی بەپێـی پێویسـتی هەلومەرجـی مەیدانـی و هاوکارییـە هاوبەشـەکانی نێـوان دوو وڵات جیاوازدەبێـت.

تەنانـەت لـە هەنگاوێکـی گرنگـدا، دەوڵەتـی عێراقیـش خوازیـاری هـاوکاری رووسـیا دژی داعـش بـوو. حەیـدەر عەبـادی سـەرۆکوەزیری عێـراق لەچاوپێکەوتـن لەگـەڵ دیمیـتری میدڤێـدۆف، هاوتـای رووسـیی خـۆی لـە مۆسـکۆ، خوازیـاری پەرەپێدانـی هاوکارییـەکان بـوو بـۆ تێکشـکاندنی داعـش . عەبـادی لـەم دیـدارەدا گوتـی: "ئێمـە دەزانیـن کـە مەترسیی تیرۆریـزم، نـەك تەنیـا عێـراق بەڵکـو وڵاتانـی دراوسـێشـی گرتووەتـەوە". سـەرۆکوەزیری عێـراق رایگەیانـد: "تیرۆریـزم پەرەدەسـتێنێ و شـێوازی نـوێ بەخـۆوە دەگـرێ و ئـەم بابەتـە پێویسـتی بـە جموجـۆڵ و چالاکـی زیاتـری رووسـیایە و ئێمـەش لەوبـوارەدا چاوەڕێـی هـاوکاری چالاکانەتـری رووسـیاین". ناوبـراو وێـڕای بەراوردکردنـی داعـش لەگـەڵ نازییـەکان، روویکـردە سـەرۆکوەزیری رووسـیا و گوتـی: "ئێمـە دەتوانیـن بەسـەر ئـەم هێـزە نوێیانـەدا سـەربکەوین. هـەر بەوجـۆرەی ئێـوە لـە رابـردوودا سـەرکەوتن". عەبـادی لەگـەڵ پووتیـن سـەرۆککۆماری رووسـیاش کۆبـووەوە و سـەبارەت بـە پەرەپێدانـی هـاوکاری لەبـواری بەرگریـدا لەگـەڵ مۆسـکۆ راوێـژی کـرد. رووسـیا سـاڵی رابـردوو فڕۆکـەی ئافەنـدی MI-28 دایـە سـوپای عێـراق .

دەوڵەتی رووسـیا هەروەها پێیخۆشـە هاوکاری هەرێمی کوردسـتان لە خەباتی دژی داعشـدا بـکات. لـەو پەیوەندییـەدا سـەرۆکی هەرێمـی کوردسـتان، جەختـی لـەوە کردووەتـەوە کـە بەرپرسـانی ئـەم هەرێمـە پێشـوازی لـە هەرجـۆرە پشـتیوانییەکی هێزەکانـی رووسـی لـە پێشـمەرگە دەکـەن لـەدژی گرووپـی تیرۆریسـتیی داعـش. نووسـینگەی مەسـعود بارزانـی

سـەرۆکی هەرێمی کوردسـتان لـە بەیاننامەیەکـدا رایگەیاند: "پێشـمەرگە هێزێکـی کاریگەری دژی داعشـە لەسـەر زەوی، کـە لەوماوەیـەدا بـە پشـتیوانی کاریگـەری هاوپەیمانیـی نێودەوڵەتـی بەسەرپەرشـتیی ئەمریـکا توانیویەتـی سـەرکەوتنی بەرچـاو بەدەسـتبێنێ. ئێمـە پێمانوایـە هاوئاهەنگـی و هاوکاریـی نێـوان رووسـیا و هێزەکانـی هاوپەیمانـان ئاکامـی ئەرێنـی بـۆ دژایەتیکردنـی داعـش لێکەوتووەتـەوە و هـەر بەوپێیـە، پێشـوازی لـە هەرجـۆرە هاوکارییەکـی رووسـیا لـە پێشـمەرگە دەکەیـن". بارزانـی بـە ئاماژەکـردن بـەوەی کـە دەبـێ شـەڕ لەگـەڵ داعـش و ریشەکێشـکردنی ئـەم گرووپـە تیرۆریسـتییە بکرێتـە خاڵـی هەرلەپێشـی کارنامـەی گشـت وڵاتانـەوە، جەخـت لـە بەرەنـگاری هیزەکانـی هەرێمـی کوردسـتانی عێـراق لـەدژی تیرۆریـزم کـردەوە. کـۆی ئـەم پرسـانە، دەریدەخـەن کـە رووسـیا بـۆ بەرەنگاربوونـەوەی داعـش، هیـوای بـە هـاوکاری لەگـەڵ دەوڵەتـەکان و هێـزە ناوچەییـەکان بەسـتووەو لـەم پەیوەندییـەدا تائێسـتا هەنـگاوی هاوبەشـی نـاوە.

## 5 ـ ئەنجامە نێودەوڵەتی و ناوچەییەکان

سـتراتیژی رووسـیا لـە ناوچـەی رۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت و بەتایبەتـی لەبـارەی قەیرانـی سـووریا و هەروەهـا لـە بەرەنگاربوونـەوەی داعـش، لەگـەڵ سـتراتیژی ئـەم وڵاتـە لـە سـێ دەیـەی رابـردوودا بەتـەواوی جیـاوازە. لەراسـتیدا، لەسـاڵی 1984دا کـە میخائیـل گورباتچـۆف گەیشـتە دەسـەڵات تاوەکـو سـاڵی 2012 ، دەوڵەتـی فیدراڵیـی رووسـیا، تووشـی هیـچ قەیرانێکـی سـەربازیی لـە دەرەوەی قەڵەمـڕەوی وڵاتانـی سـەربەخۆی هاوبەرژەوەنـد نەبـوو. لـە سـاڵانی 1987 تاوەکـو 2012 ، زۆر لـە پێگـەی سـەربازی و ئـەو هێزانـەی کـە لـە دەرەوەی یەکێتـی سـۆڤیەت بـوون، بەرەبـەرە گەڕێنرانـەوە نێـو فیدراسـیۆنی رووسـیا. نموونـەی بەرچـاوی ئـەو رەوتـە، چوونـەدەری سـۆڤیەت بـوو لـە ئەفغانسـتان لەسـاڵی 1987 و هەروەهـا گەڕانـەوەی هێزەکانـی یەکێتـی سـۆڤیەت لـە سـنوورەکانی ئەورووپـای رۆژئـاواوە بـۆ ناوخـۆ و هەڵوەشـانەوەی پەیمانـی وارشـۆ. لەکاتـی لێکهەڵوەشـانی یەکێتـی سـۆڤیەت تاوەکـو سـاڵی 2012 ، سـنووری دەسـتوەردانەکانی فیدراسیۆنی رووسـیا زیاتـر لـە ناوخـۆی وڵاتانـی سـەربەخۆی هاوبەرژەوەنـدCIS و زیاتـر بـە هـاوکاری وڵاتانـی ناوچەکـە و لـە چوارچێـوەی رێکخـراو و بنیاتـە ناوچەییەکانـدا بـوو.

یەکەمیـن بابـەت کـە دەوڵەتـی فیدراڵیـی رووسـیا لـە چوارچێـوەی وڵاتانـی سـەربەخۆی هاوبەرژەوەنـد و بەبـێ رەزامەندیـی بنیـات و دەوڵەتانـی ناوچەیـی پەنـای بـۆ کـردەوەی

سـەربازی بـرد، قەیرانـی ئۆسـیتیا بـوو. واتە بەهاتنـی هێزەکانی رووسـیای فیدرال بـۆ ناوچەی ئۆسـیتیای باشـوور و ئابخازیـا، شـەڕ لەنێـوان دەوڵەتـی گورجسـتان و رووسـیا هەڵگیرسـا. دواتـر لەسـاڵی 2014 ئێمـە شـایەتی قەیرانـی ئۆکراینـا و داگیرکردنـی نیمچەدوورگـەی کریمیا بووین لەلایـەن رووسیاوە. هـاوکات لەگـەڵ قەیرانـی ئۆکرایناش، دەوڵەتـی رووسیا بەرەبـەرە لـە پرسـی سـووریا تێـوەگلا، کـە سـەرەتاکەی دەگەڕێتـەوە بـۆ کۆتاییەکانـی ساڵی 2015 کـە هێـزی ئاسـمانیی رووسـیا هێرشـی سـەربازیی توونـدی دژی نەیارانـی بەشـار ئەسـەد و گرووپـە تیرۆریسـتییەکان دەسـتپێکرد کـە هێشـتا درێـژەی هەیـە.
کەواتـە سـتراتیژییەکی سـەربازی بەتـەواوی بەرگریکارانـە لـە فیدرالـی رووسـیا، دوای لێکهەڵوەشـانی ئـەو وڵاتـە کـە بەتـەواوی جەختـی لـە بەرگـری لـە قەڵەمـڕەوی فیدرالـی رووسـیا دەکـردەوە، بەرەبـەرە گۆڕانـی بەسـەردا دێـت و بـە چالاککردنـەوەی جیددیانـە ئاراسـتەی ئـەو سـتراتیژییە بـەرەو قەیرانەکانـی دەورووبـەر دەکشـێت. هەڵبەتـە لـە ساڵانی 1991 تاوەکـو 2008 ، رووسـیا زۆر جـاران هاتووەتـە نێـو قەیرانەکانـی وەك تەنگـژەی مولداڤیـا یـان تاجیکسـتان لـە سنوورەکانی یەکێتـی سـۆڤیەتی پێشـوو، بـەڵام ئـەو کردەوانـە بـە رەزامەنـدی دەوڵەتـەکان و بەتایبەتـی لـە چوارچێـوەی بنیاتـە ناوچەییەکانـی وەك CISدا بـووە. بـەڵام لەسـاڵی 2008، رووداوی نـوێ هاتنەئـاراوە و کردەوەکانـی رووسـیا، هێرشـبەرانە و بەبـێ رەزامەنـدی دەوڵەتـەکان و بەپێـی ویسـت و بەرژەوەندییەکانـی کرێملـن جێبەجێدەبـوو کـە ئەوانـەش دەرخـەری گۆڕانێـك بـوون لـە سـتراتیژیی سـەربازیی رووسـیادا. واتـە لـە سـتراتیژیەکی بەتـەواوی بەرگریکارانـە و ناچالاکـەوە بـۆ سـتراتیژییەکی بەتـەواوی سـەربازی، هێرشـبەرانە و چـالاك گـۆڕاوە.
دەرکەوتنـی سـتراتیژی سـەربازی هێرشـبەرانەی رووسـیا، بەتـەواوی لـە قەیرانـی سـووریادا خـۆی نوانـدووە. ئـەوە لـە کاتێکدایـە کـە وڵات و هێزەکانـی وەك تورکیـا، سـعودیە، قەتـەر، ئێـران، هێزەکانـی حیزبوڵـڵا، وڵاتانـی رۆژئـاوا و بەتایبەتـی ئەمریـکا، کـە بـە شـێوازی جۆراوجـۆر، لـە قەیرانـی سـووریاوە گلاون، هەوڵیانـداوە لـە پلـەی یەکەمـدا بەشـداری و چالاکـی سـەربازییان لـە قەیرانـی سووریادا کەمڕەنـگ پیشـانبدەن و رەهەنـدە ئاشـکراکانی دابپۆشـن. لـە ئەنجامـدا هەوڵیاننـەداوە کـە راسـتەوخۆ خۆیـان تووشـی کـردەوەی سـەربازی بکـەن. بەڵکـو ئامادەیـی و کـردەوە سـەربازییەکانیان لـە قاڵبـی دەوڵەتـی سـووریا یـان لـە چوارچێـوەی ئـەو گرووپـە تیرۆریسـتی و بنیـات و رێکخراوانـەدا جێخسـتووە کـە لـە ناوچەکـەدا چالاکـن. بـەڵام دەوڵەتـی فیدرالیی رووسیا بە ئامادەیـی سـەربازی و بۆردوومانی ئاسـمانی هەوڵـدەدات بەکـردەوە بێتـە نێـو قەیرانـی سـەربازی و ئەمنیـی سـووریا. ئـەم

کـردەوە سـەربازییەی رووسـیا بەوشـێوەیە کاریگـەرە کەشـێکی ئەمنـی بـۆ دەوڵەتـی سـووریا دروسـتدەکات و گرووپـە تیرۆریسـتییەکان سـنووردار دەکات.
بەپێچەوانـەی سـاڵانی 2012 تاوەکـو 2014 کـە گرووپـە تیرۆریسـتییەکان بەشـێوەیەکی رووڵەزیادبـوو، خۆیـان لـە سـووریا و تەنانـەت لـە عێـراق پەرەپێدابـوو، دەبینیـن کـە ئـەم گرووپانـە لەسـاڵی 2015ەوە بەهـۆی کـردەوە سـەربازییەکانی رووسـیاوە، چوارچێـوەی چالاکـی سـەربازییان بەرتەسکبووەتەوە و بەتوونـدی لەژێـر گوشـاردان. کـردەوەی سـەربازی رووسـیا لـە گۆڕەپانـی سیاسیشـدا کاریگەربـووە، بەجۆرێـك کـە ناکۆکـی نێـوان نەیارانـی بەشـار ئەسـەدی لێکەوتووەتـەوە. ناکۆکـی نێـوان سـعودیە ، قەتـەر، تورکیـا و وڵاتانـی رۆژئـاواش بەتـەواوی دیـار و بەرچـاوە. لـە رووداوی کەوتنەخـوارەوەی فڕۆکـەی سـەربازیی رووسـیا لـە هەرێمـی ئاسـمانیی تورکیـادا، بـە زەقتریـن شـێوە خـۆی ناکۆکـی نێـوان تورکیـا و ناتـۆی دەرخسـت.
کـردەوە سـەربازییەکانی رووسـیا لـە رۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت و لەبەرامبـەر گرووپـە تیرۆریسـتییەکانی وەك داعـش، لـە شـوێنە نێودەوڵەتییەکانیـش پەرچەکـرداری جیـددی لەلایـەن بەرپرسـان و شرۆڤەکارانـی سیاسـی و پەیوەندییـە نێودەوڵەتییـەکان لێکەوتووەتەوە. ئەویـش بـەو ئاراسـتەیەدا کـە ئەگـەر ئـەو هاوکارییـە سـەربازییانەی رووسـیا بـۆ سـووریا درێـژەی هەبێـت، لـە نەبوونـی دەسپێشـخەری لەلایـەن وڵاتانـی رۆژئـاوا و بەتایبەتـی ئەمریـکاوە، دەتوانـێ فـەزای رۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت بەتـەواوی بگۆڕێـت. هەڵبەتـە سـتراتیژیی سـەربازیی رووسـیا فیـدرال بەهـۆی فاکتـەری دیکەشـەوە بەهێزبـووە، بـۆ وێنـە دەکـرێ ئامـاژە بـە کودەتـای سـەربازیی ئەودواییـەی تورکیـا و بێهیوایـی دەوڵەتـی تورکیـا لەلایەنەکانـی رۆژئـاوا و ناتـۆ، پرسـی کۆچبەرانـی رۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت و رۆیشـتنیان بەرەو ئەورووپـا و نیگەرانـی ئەورووپاییـەکان لـەم پەیوەندییـەدا بکەیـن، هەروەهـا پێشـێلکردنی بەربـڵاوی مافەکانـی مـرۆڤ لەلایـەن گرووپـە تیرۆریسـتییەکان و ئیدانـەی نێودەوڵەتـی ئـەوان. کـۆی ئەمانـە دۆخێکـی رەخسـاندووە تاوەکـو نـەك تەنیـا سـتراتیژی سـەربازیی رووسـیای فیـدرال کاریگەربێـت، بەڵکـو ئـەم سـتراتیژییە سـەربازییە جۆرێـك رەوایـی پەیـدا بـکات. جیـا لـە رەزامەنـدی و بانگهێشـتی دەوڵەتـی سـووریا کـە رەوای دەداتـە ئـەم کـردەوە سـەربازییەی رووسـیا، رەنگدانـەوەی نێودەوڵەتـی ئـەم بابەتـە لـە میدیـای جیهانـی و کاریگەرییەکـەی بەسـەر رای گشـتیدا وەك دژایەتیکردنـی گرووپـە تیرۆریسـتییەکان، بووەتـە هـۆی ئـەوەی کـە کـردەوەی سـەربازی رووسـیا نـەك وەك دەسـتوەردان، پێشـێلکردنی مافەکانـی مـرۆڤ، پێشـێلکردنی سـەروەری نیشـتمانی و خسـتنە ژێـر پێـی رێسـا و یاسـا

نێودەوڵەتییـەکان، بەڵکـو وەك کردەوەیەکـی دژی تیرۆریـزم کـە مەترسـییەکە بـۆ سـەر ئاشـتی و ئاسایشـی مرۆڤـەکان، لەقەڵەمبدرێت.کەواتـە گۆڕانکارییـەك کـە لـە سـتراتیژی سـەربازیی رووسـیای فیدرالـدا پێکهاتـووە، بابەتێکـی نـوێ و دەسپێشـخەرییەك بـووە کـە شـوێنی گرنگـی لـە پانتایـی چالاکـی لـە سـووریا، لـە پرسـە ناوچەییـەکان و تەنانـەت لـە بارودۆخـی نێودەوڵەتیـدا کردووەتـەوە. ئەگـەر بەکـردەوە وڵاتانـی دیکـە پەلکێشـێ ئـەم تەنگژەیـە بـن، بەتایبەتـی هاوڕایـی وڵاتانـی وەك چیـن و دەسـەڵاتەکانی دیکـە دەتوانـێ بارودۆخـی ناوچـەی رۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت زۆر جیاوازتـر بـکات لـە رابـردوو. بـەو مانایـە کـە هەرچەنـدە وڵاتانـی رۆژئـاوا ئامادەنیـن تاوەکـو بەشـێوەی جیددی کـردەوەی سـەربازی لـە رۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت ئەنجامبـدەن، بـەڵام دەوڵەتـی رووسـیا چالاکـی سـەربازی لـەم ناوچـە پڕئاڵۆزییـە ئەنجامـدەدات و ئەمـەش رووبـەڕووی جۆرێـك پێشـوازی یـان بێدەنگیـی نێودەوڵەتـی بووەتـەوە.

## ئەنجام

لـە کـۆی ئـەو لێکۆڵینەوەیـەدا ، دەکـرێ بگەینـە ئـەو ئەنجامـە کـە سیاسـەتی ئـەم پێنـج سـاڵەی دوایـی رووسـیا سـەبارەت بـە رۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت، بەتـەواوی لەگـەڵ سیاسـەتی ئـەو وڵاتـە لـە سـێ دەیـەی رابـردوودا جیـاوازە و لـە سیاسـەتێکی تاڕادەیـەك ناچـالاك و بەرگریکارانـەوە بـەرەو سیاسـەتێکی دەسپێشـخەرانە و هێرشـبەرانە چـووە. دەکـرێ گرنگترین دەرکەوتـەی ئەوجـۆرە سیاسـەتە لـە قەیرانـی سـووریا و هەروەهـا لـە هەڵسـوکەوت لەگـەڵ گرووپـە تیرۆریسـتییەکانی وەك داعـش بەدیبکرێـت. هەرچەنـدە مۆسـکۆ هێشـتا دەسـتی بـۆ هێرشـێکی بەربـڵاو و بـەردەوام لـەدژی داعـش نەبـردووە، بـەڵام نیشـانە و کـردارەکان دەریدەخـەن کـە رووسـیای فیـدرال لـە داهاتووشـدا بەشـێوازی بەرینـتر و تەنانـەت لـە قاڵبـی نێودەوڵەتیـدا، بەگـژ داعشـدا دەچێتـەوە. لـە روانگـەی دەوڵەتـی رووسـیاوە ناوچـەی رۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت جیـا لـە رەهەندەکانـی جیۆسـتراتیژی، لەبـاری ئەمنـی و سیاسـییەوە بەهـۆی پەرەسـەندنی رادیکالیـزم و ئەگـەری گواسـتنەوەی بـۆ ناوچەکانـی قەفقاسـیای باشـوور و ئاسـیای نێوەڕاسـت و دواتـر بـەرەو ناو رووسـیای فیـدرال ، دەتوانێ هەڕەشـەیەکی گـەورە بـۆ سـەر ئەمنـی ناوچەیـی و نیشـتمانی ئـەم وڵاتـە بێـت و هـەر لـەم سـۆنگەیەوە، بەربەرەکانـێ لەگـەڵ تیرۆریـزم لـە رۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت، بـە گرنگـتر لـە شـەڕی ناوخۆیـی لـە وڵاتەکـەی دادەنێـت.

ئـەم بابەتـە بەتایبەتـی کاتێـك گرنگـی و بایـەخ پەیـدادەکات کـە بزانیـن نزیکـەی هـەزار تاوەکـو دوو هـەزار کـەس لـە تیرۆریسـتەکانی نـاو سـووریا و عێـراق لـە سـەرزەوییەکانی نـاوەوە و دراوسـێی رووسـیاوە هاتوونەتـە ئـەو ناوچەیـە. لـە کـۆی کـردەوە سـەربازییەکانی رووسـیا لـە ناوچەکـە و گۆڕانـکاری لـە سـتراتیژە سـەربازییەکەیدا، دەکـرێ ئـەم ئەنجامانـە دەرخەیـن کـە یەکـەم، کـردەوەی سـەربازی لـە دەرەوەی وڵاتانـی CIS ، کردەوەیەکـی زۆر جیـددی و سـەربەگۆبەندانە بـووە. دووەم، ئـەم کـردەوە سـەربازییە بـە جۆرێـك بـووە کـە پەرچەکـرداری بەربـڵاوی هـەم لەلایـەن گرووپـە تیرۆریسـتییەکانی نـاو سـووریا و هـەم لەلایـەن دەوڵەتانـی تورکیـا، سـعودیە و وڵاتانـی رۆژئـاوا بەدواوەبـووە. سـێیەم: پانتایـی ئـەم کـردەوە سـەربازییەی رووسـیا لـە کردەوەیەکـی سـەربازیی تاکلایەنـە دەرچـووە و جۆرێـك هاوپەیمانیـی پاڵەکـی لەگـەڵ کۆمـاری ئیسـلامیی ئێرانـی لیکەوتووەتـەوە. جەخـت لەسـەر دەسـتەواژەی هاوپەیمانەتیـی پاڵەکـی دەکەینـەوە، چونکـە ئێمـە ناتوانیـن بـاس لـە هاوپەیمانییەکـی سـتراتیژی بکەیـن، بەڵکـو جۆرێـك هاوکاریـی سـەربازیی چـالاك و هاوپەیمانـی سـەربازیی پاڵەکـی دژی کۆمەڵێـك گرووپـی تیرۆریسـتی لەشـوێنێکی دیاریکـراو هەیـە کـە بـە کات و ئامانجـی سـنووردارەوە جێبەجێدەکرێـت.

سـەبارەت بـە داهاتـووی کردەوەکانـی رووسـیا دژی داعـش، لەوانەیـە هێشـتا زووبـێ هەڵسـەنگاندنێکی درێژمـاوەی بـۆ بکرێـت. بەڵکـو دەبـێ چاوەڕێبکەیـن و ببینیـن کـە بـارودۆخ لـە پانتایـی چالاکـی لـە سـووریا و عێـراق و فـەزای ناوچەیـی و نێودەوڵەتـی چـۆن دەچێتەپێـش و دەوڵەتـی داهاتـووی ئەمریـکا، ترەمـپ، چ سیاسـەتێك سـەبارەت بـە ناوچـەی رۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت و بەتایبەتـی لەبـارەی کـردەوە سـەربازییەکانی رووسـیا دەگرێتەبـەر. لـەوەش گرنگـتر ئەوەیـە کـە رەوتـی وتووێژەکانـی ئاشـتی چـۆن دەچێتـە پێـش. لـە بارودۆخێکـی بەوشـێوەیەدا ئێمـە دەتوانیـن هەڵسـەنگاندنێکی ورد بـۆ ئاکامەکانـی کـردەوەی سـەربازیی رووسـیا لـە ناوچـەی رۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت و بەتایبەتـی لـە قەیرانـی سـووریادا بکەیـن. بـەڵام تائێسـتا کـردەوەی سـەربازیی رووسـیا لـە قەیرانـی سـووریادا سـەرکەوتووبووە و ئـەم سـەرکەوتنە لـە درێژخایەنـدا ، بـە بارودۆخـی دەوڵەتـی نوێـی ئەمریـکا و رەوتـی دانوسـتاندنەکانی مۆسـکۆ و واشـنتن بەسـتراوە کـە لـە یەکلاییکردنـەوەی قەیرانـی سـووریادا رۆڵـی کاریگـەری دەبێـت.

**وەرگێڕانی لە فارسییەوە : هەژیر رەسووڵپوور**

# پێگەی کورد لە ستراتیژی رووسیا لە دژی داعش

**ئاسگەرۆڤ گاژار**
لێکۆڵەر و شرۆڤەکاری سیاسی- قرغیزستان

بۆ شیکردنەوەیەکی بابەتییانەی پێگەی کورد لە ستراتیژی رووسیا لە دژی داعش، پێویستە بەتایبەتی سەیری سیاسەتەکانی ئەو وڵاتە بەرامبەر داعش و بەگشتی سیاسەتەکانی بەرامبەر بە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست و رۆژهەڵاتی نزیك بکرێت و ئەولەویەتەکانی لە روانگەی سیاسەتی ناوخۆ و دەرەوە لە پێش چاو بگیرێن. رووسیای نوێ بەشێوەیەکی جیاواز لە یەکێتی سۆڤیەتی جاران وازی لە باوکایەتی ئایدۆلۆژی دەوڵەت و وڵاتانی دیکە هێناوە و خۆی لە بەندی دکتۆرینی ستراتیژیی دەقبەستوودا نەهێشتووەتەوە. بەتایبەتی لەسیاسەتی دەرەوەدا حەزی لەو بوارانە نییە کە تێچوونی لە داهاتەکەی کەمتربێت و هەنگاوەکانی لەسەر بنەمایەکی پراگماتی دەنێت.

## ئەولەویەتەکانی سیاسەتی ناوخۆ و دەرەوەی رووسیا

تێگەیشتنی دروست لە خاڵ و کارە لەپێشینەکانی سیاسەتی دەرەوەو ئاسایی نەتەوەیی رووسیا، یارمەتیدەر دەبێ تاوەکو پێشبینی ئەو ئاستە بکەین کە دەکرێت پەیوەندیی رووسیا و کورد پێبگات و ئاسانتر لەگەڵ رەوتی پەیوەندییەکانی رووسیا لەگەڵ کورد لە شەڕی دژی داعش تێبگەین.
رێبازی سەرەکی سیاسەتی نێودەوڵەتی رووسیا بە جۆرێکە کە هاوئاهەنگی لەگەڵ چین دەکات و تاوەکو بۆی بکرێت خۆی لە بەریەککەوتن لەگەڵ رۆژئاوا

دەپارێزێـت. هەروەهـا پەیوەنـدی خـۆی لەگـەڵ دراوسـێیەکانی بـاش دەکات و تاوەکـو بـۆی بکرێـت ناوچەکانـی دەسـەڵاتی خـۆی فراوانـدەکات. لـە دوای لکاندنـی کریمیـا[1] بـە رووسـیا لـە17ی نیسـانی 2014، دەسـەڵاتی مۆسـکو بـە وریاییـەوە لەبەرامبـەر گەمـارۆ ئابووریەکانـی رۆژئـاوا هەڵسـوکەوتی کـرد و خـۆی لـە قووڵکردنـەوەی ناکۆکییـەکان بەدوورگـرت و بـۆ ئاسـاییکردنەوەی پەیوەندییەکانـی لەگـەڵ رۆژئـاوا زنجیرەیـەك رەفتـاری سیسـتەماتیکی ئەنجامـدا. هۆکارێکـی هاوئاهەنگـی رووسـیا لەگـەڵ ئەمریـکا سـەبارەت بـە دەسـتوەردانەکەی لـە سـووریا، شـەڕکردن لەبەرامبـەر دووژمنێکـی هاوبەشـە، بـەڵام بەپێـی هەندێـك شـیکردنەوە ئەمـە کاریگـەری پۆزەتیڤـی لەسـەر هێورکردنـەوەی بارگـرژی نێـوان رووسـیا و ئەمریـکا لەسـەر ئۆکراینـا هەبـووە.

لەگـەڵ هاتنـی ڤلادیمیـر پووتیـن لـە سـاڵی 2000دا، رووسـیا کـە لەژێـر بـاری گرانـی ئابـووری و سیاسـی رووخانـی یەکێتـی سـۆڤیەتدا دەیناڵانـد، بەخێرایـی لـە قۆناخـی بەرگـری سـتراتیژییەوە بـۆ قۆناخـی هاوسـەنگی سـتراتیژی هەنـگاوی نـا. لـەو پەیوەندییەشـدا گەشـەپێدانی ئابـووری، باشـکردنی ئاسـتی خۆشـگوزەرانی خەڵـك و بەدەسـتهێنانی شـان و شـکۆی نێودەوڵەتـی و کەمکردنـەوەی بودجـەی پرچەککردنـی ئەتۆمـی بەبـێ زیانگەیانـدن بـە ئاسایشـی نێودەوڵەتـی و سـەقامگیری سـتراتیژی بـە بنەمـا وەرگـرت.

لـە بەڵگـەی سـتراتیژی ئاسایشـی نەتەوەیـی رووسـیادا کـە سـاڵی 2016 بڵاوکراوەتـەوە، ئەولەویەتەکانـی رووسـیا تاوەکـو سـاڵی 2020 باسـکراون،[2] جەخـت لـە هەوڵـدان بەرامبـەر شۆڕشـە رەنگینـەکان، رێکخـراوە توونـدڕەوە نەتەوەیـی و دینییـەکان کراوەتـەوە و باسـی نزیکبوونـەوەی ناتـۆ لـە سـنوورەکانی رووسـیا و مەترسـی چەکـی کیمیایـی و دروسـتبوونی وێنای"رووسـیای دووژمـن" لـە رای گشـتی جیهـان بەبۆنـەی قەیرانـی ئۆکرانیـا و جەنگـی زانیـاری و گەندەڵـی کـراوە.

بەرپرسـانی دەوڵـەت زۆرجـار باسـی ئەوەدەکەن کـە ئەولەویەتی رووسـیا ئەوەیە کـە رۆژئاوا بەرژەوەندییەکانـی ئاسایشـی نەتەوەیـی ئـەوان رەچاوبـکات لـەڕووی سـەربازی و سیاسـی و ئابوورییـەوە هاوسـەنگییەك لەنێوانیانـدا هەبـێ،[3] بەتایبەتـی باسـی ئـەوە دەکـەن کـە ئەگەر رێگەکانـی دیکـە دابخرێـن پەنـا بـۆ بـژارەی "هێـزی سـەربازی" دەبـەن.[4] رووسـیا لـە رێگـەی

1 -Присоединение Крыма к Российской Федерации. https://ru.wikipedia.org

2 -Указ Президента Российской Федерации от 31 декабря 2015 года N 683 «О Стратегии национальной безопасности

3 -Российской Федерации». Российская Газета, 31 декабрь 2015

4 -России не надо стараться всем понравиться. Все равно не оценят - Сергей Караганов. Россия в глобальной политике.

پەیوەنـدی لەگـەڵ هێـزە گەورەکانـی ئاسـیا وەك هیندسـتان و چیـن دەیـەوێ هاوسـەنگی لەگـەڵ رۆژئـاوا رابگرێـت. لـە رێگـەی دروسـتکردنی یەکـەی ئابـووری و سـەربازییەوە لـەو دەوڵەتانـەی لەگەڵیـدا هاوسـنوورن یـان لـە سـنوورەکانی یەکێتی سـۆڤییەتی پێشـوودا بوون، دەیـەوێ ناوچەکانـی جێـی نفـوزی خۆیشـی فراوانـتر بـکات. [1]یەکێتـی ئابـووری ئاوراسـیا کـە لـە 2015/11/1دا بـە بەشـداری رووسـیا لەگـەڵ بیلارووسیا،کازاخسـتان، قرقیزسـتان و ئەرمینیـا دروسـتکراوە، لەگـەڵ وڵاتانـی وەك ڤێتنـام، میـسر، تایلەنـد و ئێـران دەسـتی بـە دانوسـتاندن کـردووە. جگـە لـەوە وڵاتانـی وەك سـەنگافورە، پاکسـتان، چیـن، ئیسرائیـل، هیندسـتان و تونـس بایـەخ بـەو یەکێتییـە دەدەن.[2] بـە دیاریکـراوی رووسـیا لـە رۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت و نزیکـدا، لـە رێگـەی بەکارهێنانـی وڵاتانـی وەك ئێـران و سـووریا و عێـراق و لوبنـان کەبەشـێوەینەریتی پەیوەنـدی باشـی لەگەڵیـان هەبـووە، خوازیـاری پڕکردنـەوەی بۆشـاییەکانی هێـزە و دەیـەوێ لـەو ناوچەیـەدا کـە خەریکـە سـەرلەنوێ دیزایـن دەکرێتـەوە خـاوەن قسـە بێـت و تاوەکـو بـۆی بکرێـت ناوچـەی جێـی نفـوزی خـۆی فـراوان بـکات.

فیدراسـیۆنی رووسـیا لەلایەکـەوە پێداگیـری لەسـەر پاراسـتنی پێگـەی سیاسـی خـۆی لـە رۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت و دەسـتکارینەکردنی سـنوورەکانی ئێسـتای دەکات و لەلایەکـی دیکـەش وەك پشـتیوانی شـیعەکانی ناوچەکـە دەردەکەوێـت. رووسـیا پێیوایـە بەهـۆی دژایەتـی شـیعەکان و ئێـران لەگـەڵ ئەمریـکا، بەئاسـانی دەتوانـێ لـە رێگـەی ئەوانـەوە لـە ناوچەکـەدا شـوێنی خـۆی بدۆزێتـەوە. لەوبـارەوە بـە دیاریکـراوی مەسـەلەی سـووریای کردووەتـە بابەتێـك بـۆ مامەڵەکـردن و هەوڵیـداوە بەوهۆیـەوە پێگـەی سیاسـی و ئابـووری و جیۆپۆلیتیکـی خـۆی لـە شـوێنەکانی دیکـەی جیهـان بەهێزتـر بـکات. هەڵـە نییـە ئەگـەر وابزانیـن، دسـتوەردانی سـەربازی رووسـیا لـە سـووریا و هەوڵـە دیپلۆماتییەکانـی لەبـارەی ئـەو وڵاتـەوە، تەنیـا لەبـەر رۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت نییـە، بەڵکـو هێرشـێکی بەرگریکارانەیـە بـۆ ئـەوەی ناوچەکانـی نفـوز و کاریگـەری خـۆی لـە جیهـان بپارێزێـت.[3]

1 -http://www.globalaffairs.ru/pubcol/Rossii-ne-nado-staratsya-vsem-ponravitsya-Vse-ravno-ne-otcenyat-18298

2 -России не надо стараться всем понравиться. Все равно не оценят - Сергей Караганов. Россия в глобальной политике.

3 -Концепция внешней политики Российской Федерации. Совет Безопасности Российской Федерации. http://www.scrf.gov.ru/documents/2/25.html

## ڕوانگەی ڕووسیا بۆ کورد لە چوارچێوەی سیاسەتەکانی بۆ ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و نزیک

سیاسەتی دەرەوەی مۆسکو لە دوای ڕووخانی یەکێتی سۆڤییەت لەسەر بنەمای پاراستنی باردۆخی هەیی (دیفاکتۆ) لە جیهان و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، خۆپاراستن لە شۆڕشە ڕەنگینەکان و ڕێگرتن لە سەرهەڵدانەکانی هاوشێوەی "بەهاری عەرەبی" کە هەڕەشە لە ڕژێمەکانی ناوچەکە دەکەن، دانراوە. ڕووسیا بە چەند هۆکارێکەوە پێداگیری دەکات لەوەی کە بارودۆخی ئێستای (ڕژێمە سیاسییەکانی) ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و جوگرافیای موسڵمان وەك خۆی بمێنێتەوە.

بەر لە هەموو شتێك، دژایەتیکردنی ڕووسیا بۆ ئەو ستراتیژییانەی کە وابەستەی ئەمریکان و داڕێژەرە سەرەکییەکانیان لە ناوەندە ئەوروپییەکاندا نیشتەجێن و هاوسەنگییەکانی ناوچەکە تێکدەدەن، لەڕووی ناوخۆییەوە گرفت بۆ کرێملن دروستناکات بەڵکو ئاسانکاری بۆ دەکات. ئەگەری ڕووخانی ڕژێمەکانی سووریا و ئێران کەبەشێوەینەریتی پەیوەندی باشیان لەگەڵ ڕووسیا هەبووەو هەروەها ئەگەری شوێنگرتنەوەیان لەلایەن ڕژێمی لایەنگری ڕۆژئاوا، وەك هەڕەشەیەك لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی ڕووسیا سەیر دەکرێت و بە فاکتەرێك بۆ تێکدانی هاوسەنگییە جیۆستراتیژییەکان لە قەڵەم دەدرێت. مۆسکۆ پێیوایە ڕۆژئاوا خەریکە دەگاتە سنوورەکانی و لەملی باشوورەوە گەمارۆدراوە. ئاشکرایە کە هەموو جەنگەکان و هەموو گرژییە ناوچەییەکان هۆکارێکی ئابووریشیان هەیە. ڕووسیا نیگەرانە لەوەی کە یاریکەرە سەرەکییەکان لە ڕێگەی دەرخستنی هەندێك شەڕەوە کە توانای کۆنترۆڵکردنیان هەبێت، ناوچەکە بە جۆرێك دیزاین بکەنەوە کە بتوانن سەرچاوە ئابوورییەکان لەسەرووی هەمووشیانەوە نەوت و غازی سرووشتی بە قازانجی خۆیان بەکاربێنن. بۆیە وەك هێزێکی جیهانی، دەستوەردانی سیاسی و سەربازی و دیپلۆماتی لە ناوچەکە دەکات تاوەکو ئەویش پشکی خۆی وەربگرێت.

تورکیا لەماوەی 200 ساڵی ڕابردوودا بەشداری نزیکەی 28 شەڕی خوێناوی کردووە و وڵاتێکی ئەندامی ناتۆیە کە خۆی گەیاندووەتە نزیك سنوورەکانی ڕووسیا . زۆر کەس هەن کە پێیانوایە بۆ مۆسکۆ کە پەیوەندییەکی ڕکابەرانەی لەگەڵ ئەنقەرە هەیە، گونجاوترین هێز کە بتوانێ تورکیا بەرەوە ڕووخان بەرێت، جوڵانەوەی کوردییە و لەوبارەیەوە ڕاپۆرت و کتێبی جۆراوجۆر نووسراون.

هەڵبەت سەرەڕای ئەوەی کە عەقڵی سیاسەتی دەرەوەی ڕووسیا، تورکیا وەك وڵاتێکی

ڕۆژهەڵاتیی ئەندامی ناتۆ و سەر بە میحوەری ڕۆژئاوا سەیر دەکات و نایەوێ لە ناوچەکەدا زۆر بەهێزبێت، بەڵام نەیویستوە تورکیا تاوەکو ئەو جێگەیەی کە داوای ئازادی و سەربەخۆیی کورد قبوڵ بکات لاوازبێت. هەوڵدراوە هاوسەنگی نێوان هەردوو وڵات کە لە دوای ڕێککەوتننامەی قارسەوە[1] دروستکراوە بپارێزرێت. ڕووسیا لە ترسی ئەوەی کە نموونەیەك بۆ ئێران و سووریا و عێراق دروستبکات کە هاوپەیمانی ئەون، پشتیوانی بەهێزی لە جوڵانەوەی کوردی لە باکووری کوردستان نەکردووە و ستراتیژێکی تایبەتی بۆ دانەناوە. هەرچەندە لێدوانی بۆ پشتگیریکردن لە جوڵانەوەی کوردی دابێت ، بەڵام لە بنەڕەتدا لە چوارچێوەی سیاسەتی خۆی لەگەڵ ئەو دەوڵەتانەی بەسەر کوردستاندا زاڵن ڕەفتاری کردووەو وەك کارتێکی گوشار لەبەرامبەریان بەکاریهێناوە.

ڕەوشی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لەگەڵ هێرشی ئەمریکا بۆ سەر عێراق لە 20ی ئاداری 2003، بەرەو تێکچوون ڕۆیشتووە. لەوکاتانەدا ڕووسیا بە توندی دژی ڕووخانی ڕژێمەکەی سەدام دەرکەوت. لەڕاستیدا مۆسکۆ هیچ کات بەگەرمی پێشوازی لە دروستبوونی سیستەمێکی فیدراڵی لە باشووری کوردستان نەکردووە، بەڵام سەرئەنجام لەڕووی ناچاری و بۆ ڕەچاوکردنی بەرژەوەندییە ئابووری و سیاسی و جیۆپۆلیتیکییەکانی خۆی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستاندا پەیوەندی دروستکردووە.

سۆڤییەتی جاران کۆماری کوردستان لە مەهاباد1946-1947ی کردە قوربانی ڕێککەوتنی خۆی لەگەڵ دەوڵەتانی ڕۆژئاوایی و دەوڵەتانی ناوچەکە و سەرەڕای ئەوەی کە حکومەتی دینی لە ئێران، ڕووسیا بە "شەیتانی بچووك" ناودەبات، مۆسکۆ بەردەوام چاوپۆشی لە کوژارانی هەزاران کورد لەو وڵاتە کردووە.[2] دوای ئیمزاکردنی پرۆتۆکۆلی ئابووری[3] لەنێوان ڕووسیا و ئێران لەساڵی 1986، ئیدی ڕەوتی پەیوەندییەکانی هەردوولا زیاتر بەرەو پێشچوو.[4] لە مانگی 10ی ساڵی 2015دا بە بەشدای ئێران و ڕووسیا، لە بەغدا "هاوئاهەنگیی دژی تیرۆر" دامەزرا و لە ئابی 2016دا ڕووسیا بنکەی سەربازی هەمەدانی لەئێران بۆ هێرشەکانی لە سووریا بەکارهێنا و بەوشێوەیە پەیوەندییەکانیان زیاتر ڕوویەکی کردەیی وەرگرت. بەگشتی ڕووسیا بەرامبەر سیاسەتی ئێران لە دژی

1 -Евразийский экономический союз. https://ru.wikipedia.org

2 -SuriyeKriziveRusya’nınUluslararasıSistemleHesaplaşması. http://setav.org/tr/suriye-krizi-ve-rusyanin-uluslararasi-sistemle-hesaplasmasi/yorum/31207.

3 -Rusya ile Türkiye arasında ilişkileri, toprak sorunlarını düzenleyen Kars antlaşması 11 Eylül 1922 yılında yürürlüğe girdi. Türkiye’nin uluslararası konumunu güçlendiren antlaşmaya göre Kürdistan toprakları olan Kars eyaleti, Ardahan ve Agiri dağı Türkiye’ye teslim edilmiştir.

4 -Arıkan, P. (2014), “İran–Rusyamutabakatanlaşması: stratejikortaklıkmı?”, OrtadoğuAnaliz, 6 (64), 56-59.

کـورد و گرووپـە ئەتنییەکانـی دیکـە بێدەنگیـی هەڵبـژاردووە.
 رووسـیا لـە قەیرانـی سـووریا کـە سـاڵی 2011 دەسـتیپێکرد، بـۆ ڕێگرتـن لـە گۆڕانکارییەکـی بنەڕەتـی لـەو وڵاتـە، ڕێگـەی بەرگریکـردن لـە ڕژێمـی ئەسـەدی گرتەبـەر کـە پەیوەنـدی باشـی لەگـەڵ هەبـوو. رووسـیا کـە لەسـەر داوای حکومەتـی دیمەشـق دەسـتوەردانی لـە سـووریا کـرد، دەیویسـت هـەم قورسـایی خـۆی لـە ناوچەکـە زیـاد بـکات و لـە قەیرانەکـەدا خـاوەن قسـە بێـت، هـەم بنکـەی سـەربازی تەڕتـووس بپارێزێـت. بەهـۆی شـەڕی داعشـەوە توانـی تاوەکـو ئەندازەیـەك لـە گرژییەکانـی خـۆی لەگـەڵ ڕۆژئـاوا کەمبکاتـەوە کـە بەهـۆی کێشـەی ئۆکرانیـاوە زۆر ببـوون. ڕاگرتنـی هاوسـەنگی لەگـەڵ ڕۆژئـاوا لـەم ناوچەیەشـدا پەیڕەوکـرد و سیاسـەتێکی فرەڕەهەنـدی جێبەجێکـرد.
هــەر لەســاتی دەرکەوتنــی قەیرانــی ســووریاوە تائێســتا مۆســکۆ بــەردەوام جەخــت لــە پاراسـتنی یەکپارچەیـی خاکـی سـووریا دەکات[1] و خەمـی ئـەوەی نییـە کـە کـورد قەوارەیەکی سیاسـی بـۆ خۆیـان دەسـتەبەر بکـەن. سێرگی لاڤـرۆڤ وەزیـری دەرەوەی رووسـیا لـە 27ی ئـاب لـە جنێـڤ لـەدوای کۆبوونـەوەی لەگـەڵ هاوتـا ئەمریکییەکـەی ڕایگەیانـد:" کـورد بەشـێکن لـە دەوڵەتـی سـووریا و پێویسـتە وەك بەشـێکی چارەسـەرکردنیش بمێننـەوە. ناکرێ بـۆ دابەشـکردنی سـووریا بەکاربهێنرێـت. چونکـە دابەشـکردن زنجیرەیـەك پەرچەکـردار لـە ناوچەکـەدا دروسـتدەکات".[2] بەوجـۆرە جارێکـی دیکـە نیگەرانـی رووسـیای سـەبارەت بـە یەکپارچەیـی سـووریا هێنایـەوە سـەر زمـان.

## هۆکارەکانی دەستوەردانی رووسیا لە سووریا و دژایەتیکردنی داعش

 مۆسـکۆ بەشـداری هاووڵاتیانـی رووسـیا و وڵاتانـی دەورووبـەری لـە ڕیزەکانـی ڕێکخـراوە تیرۆریسـتییە ئیسـلامییەکان و شـەڕکردنیان لـە عێـراق و سـووریا و ڕۆژئـاوا و باشـووری کوردسـتان، وەك هەڕەشـەیەك لەسـەر ئاسایشـی نەتەوەیی سـەیر دەکات. لەگەڵ لاوازبوونی ڕێکخـراوە تیرۆریسـتییەکانی وەك داعـش و بـەرەی نـوسرە، هەوڵـی چەکـدارە بیانییەکانـی نـاو ئـەو ڕێکخراوانـە بـۆ گەڕانـەوە بـۆ وڵاتەکانیـان زیادیکـردووە. جگـە لـەوە ڕێکخـراوە تیرۆریسـتییەکان خۆیشـیان چەکـدارە بیانییـەکان ڕەوانـەی وڵاتەکانیـان دەکەنـەوە تاوەکـو لـەوێ چالاکـی بکـەن. لەحاڵەتێکـی بەوشـێوەیەدا ئـەو وڵاتانـەی کـە هاووڵاتییەکانیـان

---

1 -Arıkan, P. (2014), “İran–Rusyamutabakatanlaşması: stratejikortaklıkmı?”, OrtadoğuAnaliz, 6 (64), 58

2 -Arıkan, P. (2014), “İran–Rusyamutabakatanlaşması: stratejikortaklıkmı?”, OrtadoğuAnaliz, 6 (64), 58

چوونەتە ناو ڕێکخراوی تیرۆریستی ئامادەبایی و جموجۆڵیان دەستپێکردووە.
نزیکەی 20 ملیۆن موسڵمانی سوننی لەسەر خاکی رووسیا دەژی کە 7%ی ژمارەی دانیشتووانی پێکدەهێنێت. لە وڵاتانی ئازەربایجان، قرقیزستان، کازاخستان، بیلارووس، ئوزبەکستان و تاجیکستان کە هاتوچۆی بێ ڤیزەیان لەگەڵ رووسیا هەیە، 49 ملیۆن و 500هەزار موسڵمان دەژین. جگە لەوە لە وڵاتانی دراوسێی یەکێتی گومرکی ئاوراسیا وەك تورکمانستان، جۆرجیا، ئێران ، تورکیا و ئەفغانستانیشدا 196ملیۆن و 500هەزار موسڵمان دەژین. [1]
ژمارەی ئەو هاووڵاتییانەی رووسیاش کە لە عێراق و سووریا کاری تیرۆریستی دەکەن زۆر بەرزبووەتەوە. ئیدوارد ریبینتسیڤ یەکێك لە بەرپرسانی وەزارەتی ناوخۆی رووسیا لە 2015/10/25دا رایگەیاند:"ئێمە دەزانین کە تەنیا لە سووریا هەزاران هاووڵاتی رووسی هەن کە لە ریزەکانی داعشدا شەڕ دەکەن و 447سکاڵا لە دژی ئەوان تۆمارکراوە".[2] یەك مانگ دواتر ئەو ژمارەیە بۆ 889 بەرزبووەتەوە[3]. ئێڤگەنی سیسیەڤ سەرۆکی دەزگای هەواڵگریی رووسیا FSB لە 2015/10/10دا رایگەیاند کە لە رووسیا و وڵاتانی دەوروبەری 7000کەس لەنێو داعش جێگەیان گرتووە.[4] بەگوێرەی ئەو زانیارییە هەواڵگرییانەی کە لە رووسیا و وڵاتانی دیکەوە گەیشتوونەتە ناوەندەکانی لێکۆڵینەوە و لە راپۆرتەکاندا بڵاوکراونەتەوە، لە کۆماری ئۆتۆنۆمی داغستان کە وابەستەی رووسیایە 1000 کەس و لە کۆماری ئۆتۆنۆمی چیچان1700 کەس لە رێگەی تورکیاوە خۆیان گەیاندووەتە داعش . [5]
ئەلکساندر بۆرتنیکۆڤ سەرۆکی دەزگای هەواڵگری ناوخۆیی رووسیا لە 25ی حوزەیرانی 2016دا ، دەستگیرکردنی 220کەسی بڵاوکردەوە کە لە رێکخراوە ئیسلامییە تیرۆریستییەکاندا مەشقیان بینیوە و ئامادەکارییان کردووە تاوەکو لە رووسیا کردەوەی خۆکوژی ئەنجامبدەن.[6] لە راگەیاندنی رووسیا ئەوەش بڵاوکراوەتەوە کە لەچوارچێوەی شەڕی دژی داعشدا لە رۆژهەلاتی نێوەڕاست ، زیاتر لە 500 هاووڵاتی رووسیا کوژراون

1 -Лавров: Россия защищает в Сирии не кого-то персонально, а государство. http://ria.ru/syria/20160517/1435166880.html
2 -Лавров: курдов нельзя использовать для раздела Сирии. https://ria.ru/syria/20160827/1475428380.html
3 -Сколько мусульман живет в разных странах мира?http://muslem.ru // Ислам в России. https://ru.wikipedia.org/wiki/Ислам_в_России
4 -Эдуард Рыбинцев. Конференция №62. http://skfo.ru/conference/item/62_Eduard_Rybincev/
5 -Спецслужбы России вычислили сотни вернувшихся из Сирии и Ирака боевиков // РБК, 25.12.2015
6 -Замдиректора ФСБ рассказал о воюющих за «Исламское государство» россиянах. https://lenta.ru/news/2015/11/10/igil/

و ژمارەیەکی بە ئەندازەی ئەوەش لە هاووڵاتییە بە ڕەگەز ڕووسەکانی ناو داعش ئامادەکاری گەڕانەوەیان بۆ ڕووسیا کردووە. ئەمەشبەشێوەیسرووشتی دەزگا ئەمنییەکانی ڕووسیای بەجوڵە خستووە و ئەگەری ئەوەیان لە پێش چاو داناوە کە لەوانەیە هەندێك هاووڵاتی ئازەربایجان، ئوزبەکستان، قرقیزستان یاخود تاجیکسان کە دەتوانن بێ ڤیزە هاتووچۆی ڕووسیا بکەن لەخاکی ڕووسیا کردەوەی تیرۆریستی ئەنجامبدەن. بەپێی هەندێك زانیاری جۆراوجۆر، لە وڵاتانی ئاسیای نێوەڕاستەوە 3500-5000کەس بەشدارییان لە ڕیزەکانی داعشدا کردووە. هەندێك دامەزراوەی پسپۆڕ ئەوەیان دەرخستوە کە تەنیا لە ئۆزبەکستان 2500کەس لە ڕێکخراوە ئیسلامییە تیرۆریستییەکاندا ئەندامن. هێزە ئەمنییەکانی قرقیزستانیش ڕایانگەیاندووە کە 2000 کەس لە وڵاتەکەیانەوە چوونەتە ناو داعش و هەرچەندە ئەو ڕێکخراوە لاوازتر دەبێت ئەوانیش لە ڕێگەی جۆراوجۆرە دەیانەوێ بگەڕێنەوە وڵاتەکەی خۆیان.[1] بۆیە دەکرێ بگوترێت کە یەکێك لە هۆکارەکانی شەڕی ڕووسیا لە دژی داعش و بەرەی نووسرە دەگەڕێتەوە بۆ کوژاندنەوەی ئاگری تیرۆر لە ئاگردانەکەی خۆی و ڕێگرتن لە گەڕانەوەی هاووڵاتییەکانی لەنێو ئەو ڕێکخراوە یاخود بێ کاریگەریکردن و کۆنترۆڵکردنیان .

ڤلادیمیر پووتین سەرۆکی ڕووسیا لە گوتارێکدا بۆ خەڵك لە ڕۆژی 2015/12/3دا سەبارەت بەو کەسانەی لە ڕووسیا و وڵاتانی دەوروبەری چوونەتە ڕیزەکانی داعشەوە گوتی:" پێویستە لە شوێنە دوورەکان ڕووبەڕوویان بینەوە و لەنێویان ببەین".[2]

بێگومان یەکێکی دیکە لە پاڵنەرەکانی بەشداری ڕووسیا وەك هێزێکی جیهانی لە شەڕی دژی داعشدا لە سووریا، دەگەڕێتەوە بۆ ویستی ئەو وڵاتە لە پەیداکردنی ڕۆڵ لە دیزاینکردنەوەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست. دیدگا و شیکردنەوەی زۆر هەن سەبارەت بەوەی کە ڕووسیا دەیەوێ پێگەی ستراتیژیی خۆی لە ناوچەکە بەدەستبێنێتەوە کە دوای ڕووخانی یەکێتی سۆڤیەت لە کیسیدابوو. ڕەفتاری بەرپرسانی ڕووسیاش ئەو دید و بۆچوونانە بەهێزتر دەکەن. ڕووخانی سووریا وەك هاوپەیمانێکی کۆنی ڕووسیا کە لەسەردەمی یەکێتی سۆڤیەتەوە بۆی ماوەتەوە، واتای زەربەیەکی کوشندە لە بەردەوامیی کاریگەری ڕووسیا لە ناوچەکە دەدات.[3] هەڵوێستی ڕووسیا بەرامبەر قەیرانی سووریا لە 2011ەوە لەسەر چەند پرەنسیپێك بووە:

---

1 -Выходцы с Кавказа в рядах ИГ (ИГИЛ). http://caucasreview.com/2016/02/vyhodtsy-s-kavkaza-v-ryadah-ig-igil/

2 -На контроле спецслужб России находятся 220 потенциальных псевдошахидов. http://tass.ru/politika/3489196

3 -Выходцы с Кавказа в рядах ИГ (ИГИЛ) http://www.kavkaz-uzel.eu/articles/251513/

یەکەم: ئەوەیە کە نابێ رژێمی سووریا لە رێگەی نائاساییەوە بگۆڕدرێت و گەمارۆی لەسەر دابنرێت. هەروەها هێزە بیانییەکان بۆیان نییە بە پێچەوانەی ویستی حکومەتی سووریا لە خاکی ئەو وڵاتەدا کردەوەی سەربازی ئەنجامبدەن و نابێ هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن پڕ چەك بکەن. رووسیا لەگەڵ دەوڵەتی سووریا رێککەوت تاوەکو بەشداری ئۆپەراسیۆنی سەربازی لەو وڵاتە بکات بۆ ئەوەی رێگە لە کەوتنی رژێم بگرێت. چونکە پێیوابوو لەوانەیە دوای کەوتنی رووسیا ، نۆرە دەگاتە ئێران و تەنانەت تورکیا و لەوێشەوە وڵاتانی ئاسیاش ، ئەمەش ترسی شۆڕشە رەنگینەکانی لای مۆسکۆ بەهێزترکرد.

جگە لەوە مانەوەی دەوڵەت و رژێمێکی گونجاو لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی مۆسکۆ لە سووریا، گرنگییەکی ژیانیی هەبوو. ئەگەر ئەوە لەپێش چاو بگرین کە رووسیا لە دەرەوەی وڵاتەکەی خۆی تەنیا لە سووریا و ڤێتنام بنکەی سەربازی ئاویی هەیە، ئەوکات گرنگی بنکەی سەربازی تەڕتووس زیاتر دەردەکەوێت. ئەگەر بنکەی سەربازی دەریایی تەڕتووس و بنکەی سەربازی ئاسمانی حەمییم نەبێ، ناکرێت باس لە هەبوونی کاریگەری رووسیا لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست بکرێت. بۆیە رووسیا بە پاساوی شەڕی داعش قۆڵی بۆ بەرگریکردن لە رژێمی سووریا هەڵماڵی و بۆ ئەمەش ستراتیژێکی چوارلایەنەی جێبەجێکرد:

1 -دەرخستنی داعش وەك رێکخراوێکی تیرۆرریستی نێودەوڵەتی لەوەی کە بتوانێ هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی رووسیا دروستبکات.

2 -رێگرتن لە رووخانی لەناکاوی سووریا لە رێگەی پشتیوانی سەربازی، سیاسی و دیپلۆماتی بۆ ئەوەی بەرژەوەندییەکانی خۆی بپارێزێت.

3 -جوانکردنی وێنەی رووسیا لەبەردەم رای گشتی جیهاندا لە رێگەی شەڕی نێودەوڵەتی دژی تیرۆرەوە کە بە هۆی قەیرانی ئۆکرانیا وەك"رووسیای دووژمن" دەرکەوتبوو.

4 -بەدەستیهێنانی رێز و شکۆ لەئاستی نێودەوڵەتی و گەیاندنی ئەو پەیامەی کە هیچ کێشەیەکی نێودەوڵەتی بەبێ رووسیا چارەسەر ناکرێت.

زۆرن ئەو چاودێرانەی کە پێیانوایە دوای ئەو کارانە، پووتین توانیویەتی تابلۆی نیگەتیڤی رووسیا لە دوای قەیرانی ئۆکرانیا بگۆڕێت. هەروەها ئێستا ئیدی دەتوانرێت بگوترێت کە بەر لە هەر جۆرە گۆڕانکارییەك لە دیمەشق ، رووسیا بەرژەوەندییە سیاسی و سەربازییەکانی خۆی گرەنتی کردووە.[1] رەوتی مێژوو ئەوە دەردەخات کە

1 -ПосланиеПрезидента. http://www.5-tv.ru/news/102578/

ئایا ئەنجامدانـی یەکـەم کـردەوەی سـەربازی رووسـیا لـە سـووریا لـە دەرەوەی سـنوورەکانی یەکێتـی سـۆڤییەتی جـاران لـە دوای رووخانـی ئـەو یەکێتییـە، واتـای قۆناخـی گـوزەر لـە سیسـتەمێکی تاکجەمسـەری بـۆ سیسـتەمێکی فرەجەمسـەری لـە جیهـان دەدات یـان نـا؟

## هۆکارەکانی هاوکاریکردن لەگەڵ کورد

بەگشـتی هۆکارەکانـی بایەخدانـی رووسـیا بـە کـورد لـەدوای دەسـتپێکرنی هێرشـی ئاسـمانی بـۆ سـەر گرووپـە تیرۆریسـتییەکان و نەیارانـی ئەسـەد لـە30ی ئەیلوولـی 2015 بـەولاوە، دەگەڕێتـەوە بـۆ ئەوانـەی خـوارەوە:

1 - رووسـیا لەسـەر زەوی پێویسـتی بـە پشـتیوانی کـورد هەبـوو کـە لـە دژی داعش شـەڕیان دەکرد.

2 -رووسـیا کـە لـە دوای یەکێتـی سـۆڤییەت یەکـەم ئۆپەراسـیۆنی سـەربازی جیهانـی خـۆی ئەنجامدابـوو پێویسـتی بـە پشـتیوانی هەرجـۆرە هێزێکـی گـەورە و بچـووك هەبـوو.

3 -رووسـیا نەیدەتوانـی لـە دەرەوەی ئـەو حـەز و لایەنگرییـە لـە کـورد بمێنێتـەوە کـە بەهـۆی شـەڕی پێشـمەرگە و گەریـلا لـە دژی داعـش دروسـتببوو.

4 -پێویستبوو بە ئەندازەی ئەمریکا لە سووریا بایەخ بە کورد بدات.

5 - بەلەبەرچاوگرتنـی دابەشـبوونی ناوخۆیـی کـورد، لـە رێگـەی بەڵێنـی هـاوکاری و هاوکارییەکـی رێژەییـەوە دەیویسـت کـورد لەبەرامبـەر رۆژئـاوا تەیـار بـکات.

6 -بـە هـۆی نزیکبوونـەوە لـە کـورد دەیویسـت هـاوکاری ئـەوان لەگـەڵ رژێمـی ئەسـەد زیاتـر بـکات و بیرۆکـەی فیدراڵـی لـە پلانـی دواوەدا بهێڵێتـەوە.

7 -لەو شوێنانەی کە بەکردەوە لە کۆنترۆڵی کورددان پەیوەندی ئابووری دروستبکات.

دەکـرێ لێدوانێکـی سـێرگی مارکـۆڤ، سـەرۆکی ئەنیسـتیتۆتی لێکۆڵینـەوە سیاسـییەکانی رووسـیا سـەبارەت بـەوەی کـە "پێویسـتە کـورد لە ناوچەکـە خۆیان لـە ئەمریـکا دووربگرن"[1]، گوزارشـت لـە سیاسـەتی رووسـیا بەرامبـەر کـورد بـکات.

1 -SuriyeKriziveRusya’nınUluslararasıSistemleHesaplaşması. http://setav.org/tr/suriye-krizi-ve-rusyanin-uluslararasi-sistemle-hesaplasmasi/yorum/31207

## پەیوەندییەکانی PYD– رووسیا تا کوێ دەڕوات؟

پەیوەندییەکانی پارتی یەکێتی دیموکراتی PYD و رووسیا پێشتر لە ئاستێکی نزمدابوو، بەڵام لەو دوو ساڵەی دواییدا بەرەو بەرزبوونەوە رۆیشت. پێداگیری رووسیا لەسەر بەشداریکردنی کورد لە دانوستاندنەکانی جنێڤ رەهەندێکی دیکەی بە پەیوەندییەکانی کورد- رووس بەخشی. دوای تێکچوونی دانوستاندنەکانی جنێڤ، بەپرسانی PYD بەشدارییان لە کۆبوونەوەکانی مۆسکۆ کرد و لەو دانوستاندنانەی کە لەنێوان گرووپە نەیارەکان و حکومەتی سووریا لە مۆسکۆ کران، ساڵح موسلیم هاوسەرۆکی PYD ش بەشداربوو. [1]

لە سەرەتاکانی نیسانی 2015 و 6ی حوزەیرانی هەمان ساڵدا، ساڵح موسلیم زنجیرەیەك دیداری لە مۆسکۆ ئەنجامدا[2]. لە2015/10/8دا ساڵح موسلیم و میخائیل بۆگدانۆڤ جێگری وەزیری دەرەوەی رووسیا و نوێنەری پووتین لە رۆژهەڵاتی نزیك و ئەفریقیا لە پاریس، سەبارەت بە بابەتەکانی پەیوەست بە شەڕی داعش کۆبوونەوە. [3]

سەرئەنجام لە10ی شوباتی 2016دا نوێنەرایەتی کوردانی سووریا لە مۆسکۆ کرایەوە.[4] ئەو کۆمەڵەیەی کە بەناوی نوێنەرایەتی کوردانی رۆژئاوا لە سووریا لە مۆسکۆ کراوەتەوە، بەفەرمیبەشێوەیرێکخراوێکی ناحکومی لە رووسیا تۆمارکراوە. لە قۆناخی دوای خستنەخوارەوەی فڕۆکەی رووسیا لەلایەن تورکیاوە، کاتێك یەکەم نوێنەرایەتی دەرەوەی PYD بە فەرمی لە مۆسکۆ کرایەوە، ئەمە وەك کاردانەوەیەکی رووسیا بەرامبەر تورکیا شیکرایەوە. زانیارییەکانی بەردەستیش ئەوە پشتڕاستدەکەنەوە کە رووسیا دوای ئەوەی تورکیا فڕۆکەیەکی سو24-ی خستە خوارەوە ، پەیوەندی خۆی لەگەڵ جەنگاوەرانی کورد لە رۆژئاوا پەرەپێداوە.

لە کۆتاییەکانی مانگی 11ی ساڵی 2015دا رووسیا لە دەرووبەری عەزاز، بە پاساوی ئەوەی کە لە تورکیاوە لە رێگەی دەروازەی سنووریی (بابولسەلام)ەوە چەك و تەقەمەنی دەگاتە گرووپە تیرۆریستییەکان، رووسیا دێر جەمالی بۆردوومانکرد. هەندێك

1 -Suriye'deikioyunkurucu: RusyaveKürtler – Dr. MustafaPeköz. http://sendika10.org/201603//suriyede-iki-oyun-kurucu-rusya-ve-kurtler-dr-mustafa-pekoz/

2 -Markov: Kürdler, Suriye›de ABD›den uzak durmalı. http://bas-haber.com/tr/news/20144/markov-kurdler-suriyede-abdden-uzak-durmali#sthash.dSFy6FSo.dpuf

3 -Moskova›daSuriyebarışgörüşmeleri. http://www.bbc.com/turkce/haberler/2015/01/150128_moskova_suriye

4 -Россия начала военную поддержку сирийских курдов. https://cont.ws/post/155653

زانیاریـش سـەبارەت بـەوەی کـە هەندێـك لـەو هێرشـانەی سـووریا دژی داعـش و گرووپـە تیرۆریسـتییەکان بـە هاوئاهەنگـی لەگـەڵ یەکینەکانـی پاراسـتنی گـەل YPG کـراوە لـە میدیـای جیهانیـدا بڵاوکرانـەوە.
تەنانـەت لەوکاتانەشـدا کـە رووسـیا لـە ئاسـتێکی بـەرز پەیوەنـدی لەگـەڵ شـەرڤانانی کـورد لـە رۆژئـاوا هەبـوو، بـەردەوام جەختـی لـە یەکپارچەیـی خاکـی سـووریا کردۆتـەوە. لـە 17ی ئاداری 2016شـدا دوای ئـەوەی کـە سیسـتەمی فیدراڵـی رۆژئـاوا و باکـووری سـووریا راگەیێنـدران بەرپرسـانی وەزارەتـی دەرەوەی هێڵـی ئەسـتووریان بـە ژێـر ئـەو رسـتەیەدا هێنایـەوە کـە نابێـت سـووریا دابـەش بێـت و دامەزراندنـی هەرێمـە ئۆتۆنۆمـەکان شـتێکە کـە پێویسـتە خەڵکـی سـووریا بڕیـاری لـێ بـدات. لەمانەشـەوە دەکرێـت ئـەو ئەنجامـە دەربخرێـت کـە ئەگـەر بەرژەوەندییەکانـی رووسـیا پارێزراوبێـت، لەوانەیـە لـە دژی فیدراڵی کردنـی سـووریا و دروسـتکردنی هەرێمـی ئۆتۆنـۆم دەرنەکەوێـت.
سێ بابەتی دیکە لە نزیکبوونەوەی رووسیا و PYDدا جێگەی سەرنجن:
یەکـەم، تێکۆشـانی هاوبـەش دژی داعـش. تەنیـا ئـەو کاتـەی کـە داعـش بـە تـەواوی لـە رۆژئـاوای کوردسـتان هەڵدەکەنرێـت کۆتایـی بـە هـاوکاری تەکتیکـی سـەربازی رووسـیا و PYD دێـت.
دووەم، هەوڵـدان بـۆ گونجاندنـی PYD و رژێمـی ئەسـەد لەگـەڵ یەکتریـدا. گومانـی تێـدا نییـە کـە ئەگـەر پێکدادانـی نێـوان کـورد و ئەسـەد قـووڵ بێتـەوە، رووسـیا پێگـەی خـۆی لـە ئاسـتی ناوبژیـوان بـۆ لایەنگـری رژێمـی ئەسـەد دەگۆڕێـت.
سـێیەم، لـە پەیوەنـدی لەگـەڵ تورکیـا، دەیەوێـت کـورد وەك کارتێکـی گوشـار بەکاربێنێـت. لـەو رۆژانـەی کـە گرژییەکانـی نێـوان ئەنقـەرە و مۆسـکۆ بەهـۆی قەیرانـی فڕۆکەکـەوە لـە ئاسـتێکی بەرزدابـوو، پەیوەندییەکانـی رووسـیا و PYD قووڵتربوونـەوە، بـەڵام کاتێـك پەیوەندییەکانـی هـەردولا ئاسـایی بوونـەوە، جـۆش و خرۆشـی رووسـەکان سـەبارەت بـە PYD کەمیکـرد.
پووتیـن، تاوەکـو ماوەیـەك بـەر لەئێسـتا تورکیـای بـە بازرگانـی نـەوت لەگـەڵ داعـش و بەهێزکردنـی رێکخـراوە تیرۆریسـتییەکان تۆمەتبار دەکـرد و تۆمەتی قورسـی وەك "هاوکاریی تیرۆریسـتان"ی [1] دەخسـتە پـاڵ رەجـەب تەیـب ئەردۆغـان سـەرۆککۆماری ئـەو وڵاتـە، لـە 24ی ئابـی 2016دا چاوپۆشـی لـە لەشکرکێشـی تورکیـا کـرد بـۆ جەرابلـوس بـە چەکـی

1 -Зам главы МИД России встретился с лидером курдских сил самообороны Сирии. Комсомольская правда. 09.10. 2015. http://www.kp.ru/online/news/2187398/

قورسەوە بۆ دەرکردنی کورد، کە تاوەکو دوێنێ هاوکاری رووسیایان دەکرد. دەکرێت ئەمەش ئاماژەیەکی بەهێزبێت بۆ ئەوەی کە رووسیا بەهۆی پەشیمانبوونەوەی تورکیا لە پێداگریکردن لەسەر رۆیشتنی ئەسەد رەفتارێکی پراگماتییانەی وەهای نیشاندابێ و هەروەها دەرخەری ئەوەشبێ کە کورد ناتوانن لە پەیوەندییەکانی خۆیان لەگەڵ مۆسکۆدا چاوەڕوانی هەڵوێستێکی جێگیر و سەقامگیر بن.

دەردەکەوێت کە رووسیا ستراتیژێکی تایبەت بە کوردی نییە و کاتێك باس دێتە سەر کورد، ئەویش سەرەڕای ناکۆکییە فرەڕەهەندەکانی لەگەڵ ئەمریکا، هاوشێوەی ئەمریکا رەفتار دەکات.

رووسیا بۆ هێورکردنەوەی ئەو نیگەرانییانەی لە ئەمریکا سەبارەت بە خۆی لە ئارادایە، نایەوێ سەبارەت بەو بابەتانەی کە بە گرنگیان نازانێ هیچ ناکۆکییەکی لەگەڵ واشنتن هەبێت. هەروەها دەیەوێ سووریا وەك زەوینەیەك بۆ باشکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەمریکا بەکاربێنێت. لەم روانگەیەوە رووسیا کە وەك فاکتەرێکی لاوەکی سەیری مەسەلەی کورد دەکات و تاوەکو ئەو جێگەیەی کە مەترسی لەسەر رژێمی ئەسەد دروستنەکات، بەگوێرەی ئەمریکا دەجوڵێتەوە. جۆن کێری رایگەیاندووە کە ئەوان دژی سەربەخۆیی کوردن[1] و سێرگی لاڤرۆف وەزیری دەرەوەی رووسیاش بە گوتەی "پێویستە کورد وەك بەشێك لە سووریا بمێننەوە"،[2] هەمان قسەکانی ئەوی دووبارە کردووەتەوە. بەپێی زانیارییەکان، رووسیا لە سیاسەتی خۆی سەبارەت بە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست هیچ گۆڕانکارییەك سەبارەت بە کورد ناکات.

رووسیا هیچ سیاسەتێکی بۆ سەربەخۆیی کورد نییە و ئەو پەیوەندییەی کە لەچوارچێوەی شەڕی داعش لەگەڵ کورد هەیەتی وەك درێژکراوەی پەیوەندی ئەمریکا لەگەڵ کورد لە بازنەی شەڕی داعش سەیردەکرێت. لەم ساڵانەی دواییدا کەم بینراوە کە ئەمریکا و رووسیا سەبارەت بە بابەتێك لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست کۆك بن، بەڵام مەسەلەی کورد وانییە و لەم روانگەیەوە کورد رۆڵی لە یەکخستنی ئەمریکا و رووسیادا هەیە. وەك ئەوەی کە پشتیوانی سەربازی لە کورد ئەرکێکی هاوبەش بێت، رووسیا و ئەمریکا درێژەی پێدەدەن.

1 -В МосквеоткрылосьпредставительствоСирийскогоКурдистана. http://www.tvc.ru/news/show/id/86367)

2 -Путин обвинил Турцию в пособничестве терроризму. http://www.tvc.ru/news/show/id/81445

## یارمەتی سەربازی و لۆجستیکی

لەچوارچێوەی شەڕی دژی داعش، پێدانی چەکبەشێوەیفەرمی بە حکومەتی هەرێمی کوردستان لەلایەن زۆر لە وڵاتانی جیهان بە یەکێك لە قۆناخە گرنگەکانی بەرەو دەوڵەت رۆیشتنی هەرێمی کوردستان سەیر دەکرێت. دوای وڵاتانی ئەوروپا، رووسیاش چەك و تەقەمەنی رەوانەی کوردستان کرد و ئەوەش لە پەیوەندییەکانی رووسیا-کوردستاندا گرنگی خۆی هەیە. مۆسکۆ لە رێگەی ئاسمانی هەرێمی کوردستانەوە لە شەڕی دژی داعشدا یارمەتی کوردانی رۆژئاوای داوە.

ڤلادیمیر پووتین سەرۆکی رووسیا لە وتارەکەیدا لە نەتەوەیەکگرتووەکان لە30ی ئەیلوولی 2015 گوتی:" بەشێوەیەکی راستەقینە تەنیا سوپای سووریا و کورد شەڕ دژی داعش دەکەن". بەوجۆرەش ئاماژەی بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی رووسیای لەگەڵ PYD دابوو. لە 16ی ئاداری 2016دا ئارتەم گرێگۆریان لە کونسوڵخانەی رووسیا لە هەولێر رایگەیاند کە پێنج دۆشکەی[1] دوو لوولەی 23-ЗУ-2 یان لەگەڵ 20 هەزار گوللەیان داوەتە هەرێمی کوردستان .[2] ئەمەش چوارەم یان پێنجەم هاوکارییە کە رووسیا دەیگەیێنێتە هەرێمی کوردستان.[3]

لە کۆتایی حوزەیرانی 2016دا کلاشینکۆف و 940هەزار گوللە دراوەتە پێشمەرگەی کوردستان کە ئامادەکاری بۆ گرتنی موسڵ دەکرد و بەرپرسانی رووس باسیان لە یارمەتییەکی نزیك لە 70 تەن چەك و کەرەستەی سەربازی کردووە.[4] لە گوتەکانی نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە رووسیا کە رایگەیاندووە هەرێمی کوردستان لەمەودایەکی 1000کیلۆمەتریدا شەڕی داعش دەکات پێویستی نەك بە 5دۆشکە بەڵکو بە سەدان دۆشکەیە و لەمەشەوە ئەوە دەردەکەوێت کە یارمەتییەکانی رووسیا زیاتر روویەکی سیمبوولییان هەیە.

هێشتا هیچ زانیارییەکی فەرمی نییە سەبارەت بەوەی کە ئایا بەدەر لە هێرشی ئاسمانی بۆ سەر بنکەکانی داعش، رووسیا هیچ جۆرە چەك و تەقەمەنییەکی داوەتە YPG و هێزەکانی سووریای دیموکرات یان نا. هەرچەندە هەندێك کەناڵی راگەیاندن

---

1 -Лавров заявил об обязательном участии курдов в объединении Сирии http://www.interfax.ru/world/525500

2 -ЗУ-23–2 çift namlulu, 23 mm kalibreli uçaksavar. Havaya doğru atış mesafesi 1500 metre. Bir dakikada 2000 mermi sıkıyor. Ağırlığı 950 kg. 22 mart 1960 yılında kullanıma sunulmuştur.

Иракские курды получили 5 российских зенитных установок и 20 тыс. снарядов. Российскаягазета.- 3 16. 03. 2016

4 -Россия поставила иракским курдам оружие и боеприпасы http://www.vestifinance.ru/articles/68663

بەتایبەتـی میدیـای تورکیـا زوو زوو باسـی ئەوەیـان دەکـرد کـە رووسـیا لـە پاییـزی 2015وە یارمەتـی YPG داوە، بـەڵام نـە رووسـیا و نـە بەرپرسـانی YPG ئـەو زانیارییانەیـان پشتڕاسـتنەکردووەتەوە.

## ئەنجام

تێکۆشـانی سیاسـی و سـەربازی کـورد لەبەرامبـەر داعـش وەك خوێناویتریـن رێکخـراوی تیرۆریسـتی مێـژووی هاوچەرخـی جیهـان، وەك چـۆن متمانـەی هەرێمـی کوردسـتانی لـە ئاسـتی جیهانـدا زیادکـردووە، رەواییشـی داوەتـە PYD و YPG ، وەك نوێنـەرە سـەرەکییە سیاسـی و سـەربازییەکانی کوردانـی رۆژئـاوا. رووسـیا وەك هێزێکـی نێودەوڵەتـی کـە بەرامبـەر سـەقامگیری جیهـان بەرپرسـیاری هەیـە، نەیدەیتوانـی لـە شـەڕی دژ بـە رێکخراوی داعشـدا نکوڵـی لـە رۆڵـی کـورد بـکات. هەرچەنـدە رابـردووی پەیوەندییەکانـی رووس- کورد شـوێنێکی تێـدا نییـە کـە شـانازی پێـوە بکرێـت ، بـەڵام هاوکارییەکانـی رووسـیا لەگـەڵ کـورد لـە چوارچێـوەی شـەڕی دژی داعشـدا دەتوانێـت زەوینـە بـۆ قۆناخێکـی دیکـە بڕەخسـێنێت. رووسـیا لـە سـەردەمی قەیسـەری، یەکێتـی سـۆڤیەت و ئێسـتاش وەك فاکتەرێکـی لاوەکـی لـە سیاسـەتی رۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت سـەیری کـورد دەکات و وەك کارتێگـی گوشـار بەرامبەر ئـەو دەوڵەتانـەی کوردسـتانیان داگیرکـردووە بـەکاری دەهێنێـت.
رووسـیا لەبەر سـتراتیژی ئاسایشـی نەتەوەیی خـۆی نایەوێت وڵاتـان و رژێمەکانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاسـت و نزیـك بڕووخێـن. عەقڵـی قووڵـی رووسـیا دەزانـێ کـە دەوڵەتـی عێـراق بـە کـردەوە دابەشـبووە و سـووریا بـەرەو قۆناخـی رووخـان دەچێـت و بوومەلـەرزەی کێشـە سیاسـییەکانی تورکیـا درێـژە دەکێشـن و ئێرانیـش تاوەکـو ماوەیەکـی زۆر بـە رژێمێکـی دینی ئیـدارە ناکرێـت، بۆیـە لەجیاتـی ئـەوەی لـە ناوەنـدی گۆڕانکارییەکانـدا بێـت، هەوڵیـداوە خـۆی بـۆ گۆڕانکارییـەکان ئامادە بـکات. لـەو روانگەیـەوە بـە وریاییـەوە سیاسـەتی خـۆی بەرامبـەر کـورد وەك شـەمەندەفەری دیموکراسـی رۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت جێبەجێـدەکات. چاوەڕواندەکرێـت رووسـیا بەردەوامبـێ لـە پشـتیگیری خـۆی لـەو دەوڵەتانـەی کـە بـە گرەنتـی سـەقامگیری ناویـان دەبـات و سـەبارەت بـە کوردیـش بەشـێوەیەکی هاوئاهەنـگ لەگـەڵ ئەمریـکا بجوڵێتـەوە. لەگـەڵ ئەوەشـدا بـەردەوام جەخـت لـەوە دەکاتـەوە کـە لـە دنیـای تاکجەمسـەرییەوە بـۆ دنیایەکـی فرەجەمسـەر رۆیشـتووین.
بۆچوونێـك پێیوایـە کـە لاوازبوونـی داعـش لـە سـووریا و رۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت، هـاوکاری

نێـوان رووسـیا و کـوردی رۆژئـاوا کەمدەکاتـەوە و ئاسـتی پەیوەندییەکانیـان بـۆ قۆناخـی بـەر لـە دەرکەوتنـی داعـش دەگێڕێتـەوە. بـەڵام لـە بیرمـان نەچێـت کـە لـە کاتێکـدا ناوچەکـە دیزایـن دەکرێتـەوە، هـەم رووسـیا و هـەم ئەمریـکا وەك هێزێکـی سـیکۆلار پێویسـتیان بـە کـوردە. ئیـدی کـورد لـە رۆژهەڵاتـی نزیـك و نێوەڕاسـتدا هێزێکـی سیاسـی و سـەربازییان هەیـە و هـەر پرۆژەیـەك ئـەوان لەبەرچـاو نەگرێـت چانسـی سـەرکەوتنی نابێـت. بەرپرسـانی رووسـیا بـەردەوام لێدوانـی وادەدەن کـە کـورد بەشێکی چارەسـەرکردنی کێشـەکانی رۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـتن و دەکرێـت ئەمـەش وەك لەبەرچاوگرتنـی کـورد سـەیر بکرێـت. لـە تەنیشـت ئەمەشـدا دەتوانیـن ئـەوە ببینیـن کـە رووسـیا نـەك بـە دەوڵەتبـوون بەڵکـو لەگـەڵ بەدەسـتهێنانی دەسـەڵاتی ئۆتۆنۆمدایـە بـۆ کـورد. لـەم روانگەیەشـەوە وەڵامدانـەوەی پێویسـتی رووسـیا بەرامبـەر کـورد لـە شـەڕی بەرژەوەندییـەکان لـە سـووریا بە"گەشـبینییەکی وریایانـە"وە نزیکایەتییەکـی دروسـت دەبێـت.

وەرگێڕانی لە تورکییەوە : دیجلە زەکی

# کورد لەبەرامبەر داعش: هاوپەیمانەکانی ناتۆ

**دیڤید پۆلاک**
لێکۆڵەر و پسپۆڕی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست- ئەنیستیتۆی واشنتن

## پێشەکی: پێناسە و چارسەرکردنی کێشەکە

گومانی تێدا نییە هێزە کوردییەکان لە عێراق و سووریا، واتە هێزەکانی پێشمەرگە لە عێراق و هێزەکانی یەکینەکانی پاراستنی گەل YPG لە سووریا، دوو هاوپەیمانی گرنگی ئەمریکا و ناتۆن لە جەنگی دژی تیرۆریستەکانی دەوڵەتی ئیسلامی(داعش). ئەمە تەنیا بۆچوونی نووسەری ئەم بابەتە نییە، بەڵکو هەڵسەنگاندنی وردبینانە و ئاشکرای گەورەترین بەرپرسانی هەواڵگری ئەمریکا، سەرکردە سیاسییەکان، دیپلۆمات و ئەو فەرماندە سەربازییانەشە کە پەیوەندییان بە جەنگەوە هەیە.
زۆر هۆکار هەن وایانکردووە ئەم هێزە کوردییانە بازنەیەکی گرنگی ناو زنجیرەی هاوپەیمانێتییەکان و ئەو هاوبەشییە نافەرمییانە بن، کە ئێستا خەریکە لە دوو وڵاتی گرنگی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا شکست بە داعش دێنن. لەنێو ئەو هۆکارانەشدا دەکرێت ئاماژە بە دیسیپلینی سەربازی، توانا، پاڵنەر، رابردووی سەرکەوتوویان و وەفاداری هێزە کوردییەکان بۆ دۆستەکانیان بکەین. بەڵام ئەوە تەنیا هۆکارە جۆری و چۆنایەتییەکان نین کە وایانکردووە هێزە کوردییەکان هێندە بایەخیان هەبێت، بەڵکو ژمارەی ئەو هێزانەش گرنگی خۆی هەیە. مەزندە دەکرێت ژمارەی هێزەکانی پێشمەرگە نزیکەی 70هەزار سەربازبن کە بۆ ئۆپەراسیۆنەکان لە عێراق ئامادەن، لە کاتێکدا YPG یش نزیکەی 30 هەزار شەڕڤانی لە سووریا هەیە (کە 5000کەسیان میلیشاکانی هۆزە عەرەبییەکانن و بەشیك لە هێزەکانی سووریای دیموکرات پێکدەهێنن). ئەم دوو هێزە لەنێوان کاریگەرترین و گرنگترین ئەو هێزانەن کە لە عێراق و سووریا لە دژی داعش هەن.

بـەڵام لـە هەمانكاتـدا دەبـێ ئامـاژە بـەوەش بكـەم كـە هەرچەنـدە هێـزە كوردییـەكان گرنگـن ، بـەڵام تاكـە بازنـەی نێـو زنجیـرەی هاوپەیمانێتییـەكان نیـن. بەڵكـو دوو هێـزن لەنێـو زۆر هێـزی دیكـە و هێـزە عەرەبـی و توركمانییەكانیـش هـەن. هەڵبـەت دەكرێـت ئامـاژە بـە رووسـیا و ئێـران و هێزەكانـی دیكـەش بدەیـن . ئـەم هاوپەیمانانـەش، یـان ئـەو هاوبەشـانەی بەرژەوەنـدی كۆیكردوونەتـەوە، هەمـوو كات دۆسـتی یەكـتر نیـن. لەراسـتیدا هەندێـك لـەو هاوپەیمانانـە زۆربـەی جـاران بـە وریاییـەوە مامەڵـە لەگـەڵ یەكـتر دەكـەن یـان هاوئاهەنگییەكـی كاتییـان پێكـەوە هەیـە. یـان ركابـەری یەكدیـن و بگـرە دەشـێت دوژمنیـش بـن. هـەر بۆیـە تائێسـتاش، یەكێـك لـە ئەولەوییەتـە سـەرەكییەكان و تەحـەدا چارەسـەرنەكراوەكانی ئەمریـكا و ناتـۆ ئەوەیـە ئایـا دەكـرێ ئـەم هاوبەشـە پارچـە پارچانـە لەنێـو یـەك هاوپەیمانێتـی یەكانگیـردا كۆبكەنـەوە، یـان هـەر هیـچ نەبێـت هاوپەیمانێتییەك دروسـتبكەن كـە لەنێـوان ئەندامانیـدا گـرژی نەبێـت، بـۆ ئـەوەی بتوانـن گرەنتی سـەركەوتن بكـەن. لەكاتێكـدا پانتاییـە سیاسـی و سـەربازییەكە یەكجـار دابـڕاو و گـۆڕاوە، تەحەدایەكـی دیكـەش ئەوەیـە كـە ئەگـەر بشـێت ئەمـە بكرێـت شـێوازی جێبەجێكردنەكـەی چۆنـە؟

دوو نموونـەی بنەڕەتـی بـۆ ئەمـە جەنگـی ئازادكردنـی دوو پایتەختەكـەی داعـش لـە سـووریا و عێراقـە، واتـە رەققـە و موسـڵ. هـەم بەرپرسـانی ئەمریكـی و هـەم بەرپرسـانی كـورد دەڵێـن پلانـی ئەوەیـان هەیـە بـە هاوئاهەنگـی یەكـدی سـتراتیژییەك بـۆ ئـەم دوو هێرشـە ئامـادە بكـەن، كـە لـە چەنـد مانگـی داهاتـوودا و بـە بەشـداری هێـزە كوردییـەكان و هێزەكانـی دیكـە ـ لەوانـە تـورك، عەرەبـی سـوننە و تـادـ بەڕێوەدەچێـت. تائێسـتا دیـار نییـە ئـەم هاوئاهەنگیـە كـە هـەم ئاڵـۆزە و هـەم كێشـەی لەسـەرە چـۆن دروسـتدەكرێت.

خاڵێكـی دیكـەش كـە بـە هەمانشـێوە ناڕوونـە، پەیوەنـدی بەوسـتراتیژە گرنگـەوە هەیـە كـە دەبـێ بـۆ "رۆژی پـاش" كۆنترۆڵكردنـەوەی هەمـوو ناوچـەكان دابنرێـت: بـۆ نموونـە پـاش دەركردنـی داعـش كـێ كۆنترۆڵـی رەققـە و موسـڵ دەكات؟ ئەمـەش بـەو مانایـە دێـت كـە دەبـێ رێگەیـەك بـۆ رێككەوتنـی هەمـوو ئـەو هێزانـە بدۆزرێتـەوە كـە ئیدارەكردنـی ئـەم ناوچانـە بـە مافـی خۆیـان دەزانـن. بـۆ ئـەوەی كـورد بتوانـێ بەشـدارییەكی تـەواوی لـە سـەركەوتنێكی بەرهەمـداردا هەبـێ، پێویسـتە لەپـاڵ توانـا و ئازایەتـی سـەربازیی، ئامادەیـی نەرمـی نوانـدن و تەنانـەت هاوكاریشـی لەگـەڵ هەندێـك دووژمنـی سـوێندخواردووی هەبێـت. هەرچەنـدە ئەمـە تەحەدایەكـی سـەختە، بـەڵام بەجۆرێـك نییـە كـە كـورد نەتوانـێ بیبڕێـت.

بـەڵام تەحەدایەكـی سـەختی دیكـە پەیوەنـدی بـە پێناسـەی سـەركەوتنەوە هەیـە. چونكـە

تەنانەت ئەگەر بە هاوکاری کورد لە عێراق و سووریا شکست بە داعشیش بهێنرێت، دیسان ئەمە بەمانای کۆتاییهاتنی ئەو هەڕەشانە نییە کە داعش دەتوانێ لەسەر ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی دروستیبکات. لەڕاستیدا بەپێچەوانەوە، شکستی داعش لە مەیدانەکانی جەنگدا دەکرێت ببێتە هۆی ئەوەی هەڕەشەکانی لق و لایەنگرانی داعش لە شوێنەکانی دیکە یان هێرشە پچڕ پچڕەکانیان لە هەموو ناوچەکە، ئەوروپا و ئەمریکا و تەنانەت دەرەوەی ئەم سێ ناوچەیەش، زیاتر ببێت. ئەم هەڕەشەیەی دووایان واتە هێرشە پچڕپچڕەکان هەڕەشەیەکی راستەقینەن، بەڵام هەڕەشەیەکی لاوەکییە بەبەراورد لەگەڵ توانای داعشێکی خاوەن بەرەی جەنگ و دەسەڵات لە عێراق و سووریا، کە تواناکانی خۆی بۆ کوشتار و وێرانی بەکاردەهێنێت. هەڵبەت دەتوانین بڵێین شکستی سەربازیی داعش سەرئەنجام کەمبوونەوەی ژمارە، دابەزینی وره و توانایی ئەو چەکدارانەی لێدەکەوێتەوە کە دێنە نێو داعشەوە. بەڵام دیسان هەڕەشەی تیرۆریستی کێشەیەکی مامناوەندە کە زیاتر ئەمریکا و ناتۆ دەگرێتەوەو هێزە کوردییەکان، هەر بە سرووشتی خۆیان پەیوەندییەکی ئەوتۆیان لەگەڵ ئەم هەڕەشەیەدا نییە.

پاش ئەم پێشەکییە، ئێستا دەتوانین بگەڕێینەوە لای بیرکردنەوە لەو رۆڵە سەرەکییەی هێزە کوردییەکان بۆ پشتگیریکردنی هەڵمەتی ئەمریکا و ناتۆ لە دژی داعش دەیگێڕن. ئەم باسە سەرەتا بە کورتی باسی مێژووی ئەم دواییەی کورد، رووداوەکانی ئەم دواییە و سیناریۆکانی داهاتوو دەکات. بەڵام بەر لەوەی لەم بەشەوە بچینە سەر بەشەکانی دیکە، دەبێ چاوێکیش بەسەر پێش زەوینە دیموگرافی، جوگرافی و سیاسییەکاندا بخشێنین.

## کورد لە عێراق و سووریا: پێش زەوینەیەکی ستراتیژی

هەرێمی ئۆتۆنۆمی کوردستان لە عێراق، بە پێنج ملیۆن دانیشتووی رەسەن ( هەروەها دوو ملیۆن پەنابەر و ئاوارە کە بەشی زۆریان عەرەبن)، شانازی بە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکات کە خاوەنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان ، پەرلەمان و سوپای خۆیەتی (واتە هێزی پێشمەرگە) ، بەڵام ئابووری هەرێمی کوردستان کە ئابووری نەوتە، کێشەی خۆی هەیە و پشت بە بۆری نەوت و پشتگیری تورکیا و عێراق، یان هەردووکیان دەبەستێت. ئەوەی سەیرە ئەوەیە حکومەتی هەرێمی کوردستان و تورکیا،

پاش دوو دەیە پەیوەندی ناخۆش و تەنانەت هەندێکجار دووژمنکارانە، لە ماوەی پێنج ساڵی رابردوودا لەڕووی سیاسی، سەربازی و ئابوورییەوە بوونەتە نزیکترین دۆست.
ژمارەی کوردی سووریا هەم وەك خۆیان و هەم بە بەراورد لەگەڵ دانیشتووانی سووریا ژمارەیەکی کەمە، بەجۆرێك نزیکەی سێ ملیۆن کورد لە بەشی باکووری سووریا و بەدرێژایی سنووری سووریا لەگەڵ تورکیا نیشتەجێن و تاوەکو ئەم دواییەش وەك بلێی بێدەنگبوون. لەنێوان ساڵانی 2004 بۆ 2005 کەمپینێکی ناڕەزایی و خۆپیشاندانی مەدەنیان رێکخست، بەڵام بەهۆی سەرکوتکاری توندی حکومەتی بەشار ئەسەدەوە کپکرانەوە. بە ماوەیەکی کەم دوای سەرهەڵدانی سووریا لە 2011، ژمارەیەکی زۆر لە هێزەکانی ئەسەد لە ناوچە کوردییەکان کشانەوە، ئەمەش وایکرد جۆرێك لە ئۆتۆنۆمی دیفاکتۆ بۆ ئەوان بێتە ئاراوە کە تائێستاش بەردەوامە.
لە نێوەڕاستی 2014ەوە کوردی سووریا و عێراق سوودیان لە دەرکەوتنی دووژمنێکی هاوبەش بینیوە، کە لە ناوچەکانی دراسێی هەرێمە کوردییەکان سەریهەڵدابوو، ئەو دووژمنە هاوبەشە رێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی (داعش) بوو. لە ئابی 2014 هێندە نەمابوو داعش دەست بەسەر هەولێر، پایتەختی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بگرێت، بەڵام هێزی پێشمەرگە ـ بە پشتیوانی ئەمریکا و ئێران ـ توانی پاشەکشەیان پێبکات. لەوکاتەوە ئەمریکا و وڵاتانی دیکەی نێو هاوپەیمانی نێودەوڵەتی هاوکاری راستەخۆی سەربازیی وشکانی و ئاسمانییان پێشکەشی هێزە کوردییەکانی عێراق کرد، هەروەها وەك پێشدیکەش جەخت لەوە ناکرێتەوە کە هەرێمی کوردستان لەڕووی ئابوورییەوە دەبێت پەیوەستبێت بە عێراقەوە. لە سووریاش، ئەمریکا هاوکاری راستەوخۆی سەربازیی پێشکەشی حیزبی سەرەکی کوردیی سووریا واتە پارتی یەکێتی دیموکراتی PYD و میلیشیاکانی ئەو پارتە یەکینەکانی پاراستنی گەل YPG کردووە، کە لە دژی داعش شەڕ دەکەن. ئاکامی ئەمەش، بەئەنقەست بووبێ یان نا ، ئەوەبووە کە ئۆتۆنۆمی هەرێمە کوردییەکانی لە هەردوو وڵاتدا بەهێزتر کردووە.
بەڵام ئەم پشتگیرییانە سەربەخۆیی کوردستانیان لەخۆ نەگرتووە. ئەمریکا و زۆربەی وڵاتان، بەتایبەتیش وڵاتانی دراسێی وەك تورکیا، ئێران و وڵاتانی دیکەش بە حکومەتە ناوەندییە لاوازەکانی عێراق و سووریاشەوە، هەموویان سوورن لەسەر ئەوەی دژایەتی سەربەخۆیی هەرێمە کوردییەکان بکەن. هەربۆیەش کاتێك مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، بەردەوام هۆشداری دەدات کە گشتپرسیی سەربەخۆیی کوردستان بەڕێوەیە، زۆربەی چاودێرە شارەزاکان دەیانەوێت ئەمە وەك لاف لێدانێك یان وەرقەی

یاری لێکبدەنەوە کە زۆر زیرەکانە دانراوە بۆ ئەوەی بەوهۆیەوە هەم پێگەی نێوخۆیی خۆی پێ بپارزێت و هەم باشترین رێککەوتن لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ مسۆگەر بکات. بە هەمانشێوە، کاتێک PYD پلانێکی فەرمی بۆ دامەزراندنی هەرێمی فیدراڵی کوردی لە سووریا راگەیاند، ئەمە بووە بناخەیەک بۆ ئەوەی یەکدەنگییەک بۆ دژایەتی ئەم پرۆژەیە لەلایەن هەموو دراوسێیەکانیان بێتە ئاراوە. جیا لەمە رژێمی ئەسەد، ئۆپۆزیسیۆنی سووریا، تورکیا، ئەمریکا و تەنانەت حکومەتی هەرێمی کوردستانیش کە رکابەری PYDیە لەوبەر رووبارەکە، دژایەتی پرۆژەکە بکەن. تەنیا رووسیا بوو کە رایگەیاند دەشێ پرۆژەکەی PYD رێکارێکی عەقڵانی بێت بۆ چارەسەرکردنی جەنگی نێوخۆیی سووریا. هەرچەندە ئەنقەرە بە فەرمی PYD بە بەشێک لە پارتی کرێکارانی کوردستان PKKی "تیرۆریست" لەقەڵەم دەدات، بەڵام هەم PYD و هەم تورکیا خۆیان لەشەڕی دەستەویەخە لەسەر سنوورە هاوبەشەکانی نێوانیان دوورگرتووە. ئەمە وایکردووە کوردی سووریا ئۆتۆنۆمییەکی دیفاکتۆیان لەنێو وڵاتەکەی خۆیاندا هەبێت، هەرچەندە پێگەیەکی یاساییشی نییە.

## ئاڵۆزییە نوێیەکانی تورکیا

لە ناوخۆی تورکیا، حکومەتی ناوەندی وPKK وازیان لە پەیوەندییە ئارامە چەقبەستووە هێناوە کە لەنێوان ساڵانی 2013 بۆ 2015 هاتبووە ئاراوە و دەستیان بە شەڕ و پێکدانێکی سووک کردووەتەوە. PKK داوای ئۆتۆنۆمی بۆ ناوچە کوردییەکان دەکات، بەڵام پارتی داد و گەشەپێدان AKP کە پارتی دەسەڵاتدارە، بیر لەوە دەکاتەوە هیچ نەبێ ئازادی کولتووری و ئیداری زیاتر بداتە ناوچە کوردییەکان. ساڵی رابردوو وادیاربوو جیاوازی و ناکۆکییەکانی نێوان AKP و PKK رووی لە کەمبوونەوە نابێت، بەڵام ئێستا یەکجار فراوانبووەتەوە. رەنگە رۆژێک نەک لەگەڵ PKK، بەڵکو لە پارتە رەسەنە کوردییەکانی دیکە لەوانەش پارتی گەلانی دیموکراتی HDP ئەم ناکۆکییانە چارەسەر بن. کێشەکانی حکومەتی تورکیا و PKK یەکێکە لەو نموونانەی کە تێیدا کلێشەی "هیچ چارەسەرێکی سەربازیی نییە" زۆر راستە.

ئەوەی لەسەرەوە باسکرا، لە یەک رووەوە پەیوەندی سەرەکی بە بابەتی ئەم وتارەوە هەیە، پەیوەندییەکەش ئەوەیە کە حکومەتی تورکیا بە شێوەیەکی فەرمی PYD دەخاتە نێو هەمان کۆمکاری "تیرۆریست"یەوە کە PKK و تەنانەت داعشی تێدایە. هەڵبەت

ئەمە هەموو کات وانەبووە. بۆ نموونە، دوو ساڵ لەمەوبەر تورکیا زۆر بەرێزەوە بۆ دانوستاندنێکی فەرمی ساڵح موسلیم سەرۆکی PYDی بانگهێشتکرد. تەنانەت بەم دواییەش، کاتێك ئەمریکا بڕیاری پڕچەککردنی PYDی لە دژی داعش دا، تورکیا بێدەنگی هەڵبژارد، هەڵبەت بەومەرجەی کوردی سووریا لەلای رۆژئاوای رووباری فورات لە سنوورەکانی تورکیا لە باکووری سووریا نزیك نەکەونەوە. لە نیسان تاوەکو ئایار تورکیا پشتگیری لە ئۆپەراسیۆنی هێزەکانی PYD و میلیشیا عەرەبەکان کرد بۆ دەرکردنی داعش لە مونبیج ، کە دەکەوێتە دیوی رۆژئاوای رووباری فورات و 30کلیۆمەتر لە سنوورەکانی باشووری تورکیاوە دوورە. هەڵبەتە ئەو هێزانە لەوێ وەستان و پێشڕەوی زیاتریان نەکرد. بەڵام لە دوای ئاساییبوونەوەی پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و رووسیا و هەروەها لەدوای کودەتا شکستخواردووەکەی مانگی تەمموزی 2016لە تورکیا، هەموو ئەم شتانە گۆڕانیان بەسەردا هات. مانگێك پاش ئاساییبوونەوەی پەیوەندییەکانی تورکیا و رووسیا، تانك و سەربازەکانی تورکیا بۆ یەکەمجار ئاودیوی سنوورەکانی سووریا بوون و لەیەك کاتدا لە کۆریدۆری جەرابلوس پاشەکشەیان بە داعش و PYD کرد. جگە لەوە هێزە ئاسمانییەکانی تورکیاش بە فڕۆکە هێزە کوردییەکانی بۆردوومانکرد کە لەلایەن ئەمریکاوە پشتگیری دەکرێن. جۆ بایدن جێگری سەرۆکی ئەمریکا، لەکاتی سەردانەکەی ئەنقەرەدا بە ئاشکرا هانی چەکدارە پیاو و ئافرەتەکانی YPG ی دا بەرەو رۆژهەڵاتی رووباری فرات بکشێنەوە. بە گوتەی بایدن YPG پێشتر بەڵێنی ئەوەی بە ئەمریکا دابوو. وادیاربوو باراك ئۆباما سەرۆکی ئەمریکا، لە کۆبوونەوەکەی 4ی ئەیلول لەگەڵ رەجەب تەیب ئەردۆغان سەرۆککۆماری تورکیا، پشتگیری لە هەمان هەست و سۆزی بایدن کردووە. بەرپرسانی ئەمریکیش لە لێدوانەکانیاندا جەخت لەسەر "یەکێتی"ی خاکی سووریا دەکەنەوە، واتە بە ناڕاستەوخۆ خەونی کورد بۆ ئۆتۆنۆمی لە چوارچێوەی جۆرێك لە "فیدرالیزم" رەتدەکەنەوە. ئەردۆغان زۆر لەمەش راشکاوانەتر دوا و بەڵێنیدا هەرچی لەدەستیان بێت بیکەن بۆ ئەوەی رێگە نەدەن "کۆریدۆری تیرۆر" بە درێژایی سنووری سووریا و تورکیا دابمەزرێت.

ئەو بەرپرسە ئەمریکییانەش کە پلەیان نزمترە، تائێستا نەیانتوانیوە لەوبەرە نوێیەی جەنگی سووریادا رێگە لە دروستبوونی ئەگەری شەڕ و پێکدادان لەنێوان کورد و تورکدا بگرن. بە مانایەکی دیکە، توانیویانە جۆرێك لە ئاگربەستی ناوخۆیی و نافەرمی بهێننە ئاراوە، بەڵام نەیانتوانیوە لێکتێگەیشتنێکی فراوان لەنێوان ئەو دوو لایەنە ناکۆکەدا دروستبکەن و شەڕی پچڕ پچڕ لە نێوانیاندا بەردەوامە. ئەمریکا بە جیا

هـەم لەگـەڵ تورکیـا و لەگـەڵ کـوردی سـووریا هاوپەیمانـە، بـەڵام ئـەم هاوپەیمانییـەی دژی داعـش مەترسـی هەڵوەشـانەوەی لەسـەرە و دەکرێـت ببێتـە قوربانـی شـەڕ و پێکدادانـی نێـوان سـوپای تورکیـا و هێـزە کوردییـەکان.

بێگومـان واقیعـە ناخۆشـەکە لێـرەدا ئەوەیـە کـە ئەمریـکا و ناتـۆ لـە جەنگـی دژی داعـش پێویسـتیان بـە تورکیـا و کـورد هەیـە. ئێسـتا وادیـارە کـە هاوسـەنگی سیاسـەتی ئەمریـکا بـەلای تورکیـا دەشـکێتەوە، کـە هێرشـێکی لەنـاکاوی ئەنجامـدا و جەختیـش لەسـەر ئـەوە دەکاتـەوە کـە نابـێ رێگە بدرێتـە PYD کۆنترۆڵـی جەرابلۆسـی لەژێردەسـتدابێت. جەرابلۆس سـێ کانتۆنـی کـوردی بەدرێژایـی سـنووری نێـوان سـووریا و تورکیـا یەکدەخـات. ئەمریـکا تائێسـتاش سـوورە لەسـەر ئـەوەی PYD دەتوانێـت لـە ناوچـە کوردییـەکان پارێـزگاری لـە ناوچەکانـی خـۆی بـکات و تەنانـەت لـە دەرەوەی ئـەو ناوچانـەش گوشـار لەسـەر داعـش دروسـتبکات.

برێـت مەکگـۆرك، نوێنـەری تایبەتـی ئەمریـکا لـە هاوپەیمانیـی نیودەوڵەتـی دژی داعـش، سـەرەتای مانگـی ئەیلولـی 2016 سـەردانی ئەنقـەرە و رۆژئـاوای کـرد، ئەمـەش هـەم ئاماژەیەکـە بـەوەی واقیعەکـە چۆنـە و هەمیـش ئاماژەیەکـە بـەوەی ئەمریـکا دەیەوێـت ئـەو واقیعـە رابگرێـت. میدیـا کوردییـەکان ئاماژەیـان بەوەکـردووە کـە مەکگـۆرك دڵنیایـی داوەتـە PYD و YPG و هێزەکانـی سـووریای دیموکـرات کـە سـەرەڕای هێرشـەکانی تورکیـا بـۆ سـەریان، پشـتگیرییەکانی ئەمریـکا بـۆ PYDو YPG هێزەکانـی سـووریای دیموکـرات بـەردەوام دەبـن. پرسـیارێك کـە لێـرەدا بـە کراوەیـی دەمێنێتـەوە ئەوەیـە ئایـا پشـتگیری و پشتبەسـتنی ئەمریـکا بـە کـورد لـە هێـرش بـۆ سـەر شـاری رەققـەش بـەردەوام دەبێـت یـان نـا؟

## پاشکۆیەك لەبارەی ئێرانەوە

دوای رێککەوتنـە ئەتۆمییەکـەی ئێـران لەگـەڵ گرووپـی 5+1 و بـێ مەیلـی ئەمریـکا بـۆ فراوانکردنـەوەی شـوێن پێـی خـۆی لـە رۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت، هەندێـك لـە واشـنتن هاتوونەتـە سـەر ئـەو بڕوایـەی ئێـران هـەم لـە سـووریا و هـەم لـە عێـراق بووەتـە هابەشـێکی دیفاکتۆیـی لـە جەنگـی دژی داعشـدا. بـەڵام بەپێـی ئـەم بۆچوونـە هەڵەیـەش بێـت، دیسـانیش ئێـران لـە لیسـتی هاوبەشـەکانی جەنگـی دژی داعشـدا هـەم لە خـوارەوەی لیسـتەکەیە و هەمیـش کەمتریـن چاوەڕوانـی لێدەکرێـت. ئەمـەش هـەم لـە روانگـەی

مافەکانی کوردەوە راستە و هەم لەوێوە کە ئایا ئێران دەتوانێ لەنێو جەنگێکی هاوبەش لەدژی داعشدا بەشداربێت. ناکرێ بڵێین چەرمەسەرییەکانی 7 بۆ 12ملیۆن کوردی ئێرانیش میراتی ئیمپریالیزمن. هەرچەندە کوردی ئێران لەو پرۆسەیەدا بەشدارن کە بە سیاسەتی نیشتمانی ئێران ناودەبرێت، بەڵام لە ناوچەکانی خۆیاندا لە هەموو جۆرە ئۆتۆنۆمییەکی راستەقینە و تەنانەت ناسنامەی خۆشیان بێبەشکراون. پارێزگاری پارێزگا کوردییەکان لە تارانەوە دەستنیشاندەکرێن و زۆربەی جارانیش کورد نین. لە ئاستێکی زۆر نزمدا رێگە بە زمانی کوردی دەدرێت، هەر بۆیە سەیر نییە کە دەبینین یەکەم بەشی زمانی کوردی لە زانکۆدا رێگەی کرانەوەی پێدرا. هەرجۆرە نارەزاییەکی ئاشکرا زۆر بێرەحمانە سەرکوتدەکرێت، وەك چۆن نموونەی ئەمەمان لە خۆپیشاندانەکەی ساڵی رابردووی مەهابادا بینی. لە ماوەی سەرۆکایەتی حەسەن رووحانیدا ژمارەی لە سێدارانی کورد (هەروەها غەیرە کورد)، بە تۆمەتی محارەبە، رووی لە زیادبوون کردووە ، بەجۆرێك بەگوێرەی ژمارەی دانیشتووان، ژمارەی لە سێدارەدانەکانی ئێران دە هێندەی ژمارەی لەسێدارەنەکانە لە سعودیە. جگە لەوە، ئێران لە ناوچە کوردییەکان کارتی تایفی و مەزهەبیش بەکاردەهێنێت: بەشی هەرە زۆری لایەنگرانی کۆماری ئیسلامی سەر بە دانیشتووە کوردە شیعەکانن، کە چڕییەکەیان دەکەوێتە شاری سنە. ژمارەیەك لە هێزە کوردییەکانی دژی رژێم بە کوردە هاوکارەکانی حکومەتی ئێران دەڵێن "جاش"، وەك چۆن کوردی عێراقیش هەمان دەستەواژەی بۆ ئەو گرووپە کەمە لە کورد بەکاردەهێنا کە لایەنگریان لە سەدام دەکرد.

لە ماوەی دوو ساڵی رابردوودا، واتە لە ئابی 2014ەوە تاوەکو ئابی 2016 ، ئەمریکا و ناتۆ هاوئاهەنگییەکی خێرا و سەرکەوتوویان لەگەڵ هێزە کوردییەکانی عێراق و سووریا لە دژی داعش هەبووە. ساڵی یەکەمی ئەم هاوئاهەنگییە خۆی لە هێرشە ئاسمانییەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانان، ئاڵوگۆڕی زانیاری هەواڵگری و دواییش ناردنی هێزی تایبەتی ئەمریکا بۆ هاوکاری پێشمەرگەدا بینییەوە، کە ئامانج لێیان پاراستنی هەولێر، ئازادکردنی شنگال و پاشەکشەکردنبوو بە داعش لەسەر سنوورەکانی کوردستانی عێراق بەتایبەتیش لە ناوچەکانی دەوروبەری موسڵ و کەرکووك بوو.

لە ئەیلولی 2016دا فەرماندە ئەمریکی، عێراقی و کورد بەئاشکرا خەریکی تاوتوێکردنی دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنی ئازادکردنی موسڵن کە دەکرێت لە چەند مانگی داهاتوودا و رەنگە پێش کۆتایی ئەمساڵ دەستپێبکات.

لە ساڵی دووەمی هاوپەیمانییە سەربازییەکان، واتە لە ئەیلوولی 2015 تاوەکو ئەیلوولی

2016، هاوکارییــە ســتراتیژییەکان بەهێزترکــران . هەروەهــا هاوکارییەکــی چــالاك و کارا لەگــەڵ PYD و YPG  دەســتیپێکرد کــە ئامانــج لێیــان ئازادکردنــی شــارە ســەرەکییەکانی وەك کۆبانــێ، گرێســپی، شــەدادی و مونبیــج لــە دەســتی داعــش بــوو بــۆ ئــەوەی پــاش هەمــوو ئەمانــە پــلان بــۆ دابرِانــدن و رزگارکردنــی رەققــەی پایتەختــی داعــش دابنێــن.

## ئاڵۆزییەکانی رەوشی کورد لە سووریا

بەپێچەوانــەی عێــراق، هاوئاهەنگــی ناتــۆ و ئەمریــکا لەگــەڵ کــوردی ســووریا نارِەزایــی تورکیــای لێکەوتووەتــەوە و ئەمــەش هاوئاهەنگــی ئەمریــکا و ناتــۆ لەگــەڵ هێــزە کوردییەکانــی ســووریا ئاڵۆزکــردووە. بەوحاڵەشــەوە هاوئاهەنگییــەکان بەردەوامــن. ئامانجــی هاوبــەش و درێژخایەنــی هەمــوو لایەنــەکان -نــەك هــەر بــۆ تێکشــاندنی داعــش، بەڵکــو بــۆ دەستەبەرکردنی ئامانجــە گــەورە ناوچەییەکانــی لایەنەکانیــش ـ وادەخوازێــت پەیوەندییەکی هاوشــێوەی پەیوەندییەکانــی ئەنقــەرەو حکومەتــی هەرێمــی کوردســتان، لەنێــوان تورکیــا و کــوردی سووریاشــدا دروســتبکرێت. حــەوت یان هەشــت ســاڵ لەمەوبەر، تورکیــا و حکومەتی هەرێمــی کوردســتان دووژمنێکــی تەواوبــوون، بــەڵام لەوکاتــەوە گۆرِانکارییەکــی مێژوویــان کــردووە و پەیوەندییەکانیــان گەیشــتووەتە ئــەو ئاســتەی ئێســتا هەیــە، واتــە بــوون بــە نزیکتریــن دۆســتی ئابــووری، ســەربازی و سیاســی لــە ناوچەکــەدا. ئەمــە هەرچەنــدە بــۆ کــوردی ســووریا قورســە، بــەڵام لــە هەمانکاتــدا ئامانجێکــی واقیعبینانەشــە.
بێگومــان PYD کــە حیزبــی ســەرەکی کوردییــە لــە ســووریا، مێژوویەکــی کێشەســازی لەگــەڵ PKK لــە تورکیــا هەیــە. ئێســتاش PKKلەبــەر نەفرەتــی ئەنقــەرە دایــە ، بــەڵام کــوردی ســووریا و تورکیــا بــەدوای بەرژەوەندییەکانــی خۆیانــدا دەگەرِێــن کــە هــەم دوو بەرژەوەنــدی جیــاوازن و هــەم لــەرِووی جوگرافییــە لــە یەکــدی دابــرِاون. PYDلەمــاوەی پێنــج ســاڵی رابــردوو توانیویەتــی ســەرکەوتنێکی ســەربازی بــۆ ئۆتۆنۆمییەکــی دیفاکتــۆ بــۆ کــوردی ســووریا بەدەســتبێنێت، هــەر ئەمــەش وایکــردووە تاوەکــو بێــت زیاتــر لــە PKK جودابێتــەوە و سیاســەت و ناوەنــدی برِیــاری خــۆی پێکبێنێــت. لەســاڵی 2012 ، PYD بەگوێــرەی رێنماییەکانــی مەســعود بارزانــی ، ســەرۆکی هەرێمــی کوردســتان، برِیاریــدا نــە خــۆی بــە راســتەوخۆ لەگــەڵ تورکیــا شــەرِ بــکات و نــە لــەم شــەرِەدا یارمەتــی PKKیــش بــدات. جیــا لەمــە، ناوچەکانــی ژێــر کۆنترۆڵــی PYD ، تاکــە بەشــی ســنوورەکانی تورکیــا و ســووریان کــە چــەك، مــادەی هۆشــبەر و پــارە تێیــدا بــە قاچــاخ ناگوازرێتــەوە. ئەمــەش

وایکـردووە PYD ببێتـە هاوکارێـك بـۆ تورکیـا بـۆ ئـەوەی ئـەم وڵاتـە سـنوورەکانی خـۆی لـە دژی داعــش، PKK و هەڕەشــەکانی دیکــە بپارێزێــت.
لەنێوخـۆی سـووریاش، سـەرەڕای هەمـوو ئـەو قسـە و باسـە توونددانـەی دەکرێـت، PYD دووژمنـی ئۆپۆزیسـیۆنی عەرەبـی سـووریا نییـە. هەرچەنـدە ژمارەیـەك لـە ئەندامانـی PYD دەسـتیان لـە پاکتـاوی رەگـەزی هەندێـك لـە ناوچەکانـی وەك گـرێ سـپیدا هەبـووە، بـەڵام ئێسـتا PYD میلیشـیایەکی پێکهێنـاوە کـە زیاتـر لـە 5000چەکـداری عـەرەب لەخـۆ دەگرێت و لـە دژی داعـش و دووژمنـە هاوبەشـەکانی دیکـە دەجەنگـن . کەواتە ئەم گرووپـە دەتوانێ لـە رزگارکردنـی رەققـەدا هاوپەیمانێکـی سـەرەکی بێـت کـە دەکرێـت دواتـر بـۆ میلیشـیا عەرەبــەکان بەجێبهێڵرێــت بــۆ ئــەوەی ئیــدارەی بکــەن. هێــزی پێشــمەرگەی هەرێمــی کوردسـتانیش دەتوانـن لـە رزگارکردنـی موسـڵ لـە عێـراق هاوبەشـێکی سـەرەکی بـن.
بــەڵام ئــەوەی ئێســتا دەیبینیــن ئەوەیــە ئۆپۆزیســیۆنی عەرەبــی میانــڕەوی ســووریا پەیوەندییەکـی ئاڵـۆز و گرژیـان لەگـەڵ PYD هەیـە. لایەنەکانـی ئۆپۆزیسـیۆنی سـووریا دەیانتوانــی، ئەگــەر لەگــەڵ PYD یەکیــش نەگــرن، نەرمــتر بــن. لــەم حاڵەتــەدا دەکــرا پێکـەوە دەسـتکەوتی زۆر باشـتریان لـە جەنگـی دژی داعـش و رژێمی ئەسـەد بەدەستهێنابا. بـەڵام عەرەبـەکان ئامادەنەبـوون دان بـە هیـچ کام لـە مافـە ئەتنیکییەکانـی کورددا بنێـن. ئارگۆمێنتــی سەرەکیشــیان ئەوەیــە PYD هــاوکاری رژێمــی ئەســەد دەکات، ئەمــەش لەکاتێکدایـە کـە بەڵگـەش زۆر کەمـە بـۆ ئـەوەی ئەمـە لـەڕووی سـەربازی یـان سیاسـییەوە پشتڕاسـتبکاتەوە. لەڕاسـتیدا بەودواییـە رژێمـی سـووریا لـە قامشـلۆ و حەسـەکە هێرشـیان کـردە سـەر هێزەکانـی PYD. گومانـی تێـدا نییـە کـە PYD بەشـێوەیەکی گشـتی هەوڵیـداوە خـۆی لـە جەنگـی دژی هێزەکانـی رژێـم دووربگرێـت، بـەڵام ئەمـە پەیوەنـدی بـە پاراسـتنی بەرژەوەندییەکانـی PYD هەیـە و ئاماژەیـەك نییـە بـۆ هـاوکاری PYD لەگـەڵ دیمەشـق. هەندێـك لـە لایەنەکانـی ئۆپۆزیسـیۆنی عەرەبـی بەشـێوەیەکی نهێنـی قەبووڵیـان کـردووە کـە دەبـێ PYD حکومەتـی سـووریای دوای ئەسـەد شـوێنێکی هەبـێ ، بـەڵام ناتوانـن دان بەوەدابنێـن کـە کـوردی سـووریا هەرێمـی ئۆتۆنۆمیـان هەبێـت. لەپەیوەنـدی لەگـەڵ رۆڵـی رووسـیاش دەبـێ بگوترێـت کـە PYD هەندێـك چـەك و زانیـاری و پشـتگیری دیپلۆماتـی لـە مۆسـکۆ وەرگرتـووە، بـەڵام PYD خـۆی مەیلـی بـۆ ئەوە زیاتـرە پشـتگیری زیاتـری ئەمریکای بـۆ بێـت نـەك رووسـیا. رووسـیا تاکـە لایـەن بـوو کـە داوای دەکـرد نوێنـەری PYDش لـە دانووسـتاندنەکانی ئاشـتی جنێـڤ دا ئامادەبێـت، بـەڵام ئـەم هەڵوێسـتەی رووسـیاش بـەو دواییـە کـە پەیوەندییەکانـی نێـوان تورکیـا و رووسـیا خەریکـە ئاسـایی دەبێتـەوە لـەرزۆك

بـووه. جیـا لەمـە، ئەمریـکا خۆیشـی خەریکـە سـەبارەت بـە سـتراتیژێکی دژی داعـش لـە سـووریا لەگـەڵ رووسـیا رێکدەکەوێـت . هـەر بۆیـە پەیوەندییەکـی سـنووردار لەنێـوان PYD و رووسـیا رێگـر نییـە لـەوەی لـەم شـەڕەدا هاوئاهەنگیـی بەرفراوانـی کـورد لەگـەڵ ئەمریـکا و هاوپەیمانەکانـی دیکـەی ئەمریـکا بـەردەوام بێـت.
پەیوەندییەکانـی PYD لەگـەڵ کوردسـتانی عێراقیـش ئاڵـۆز و فـرە لایەنـە و هـەم جۆرێـك لـە وابەسـتەیی و نزیکایەتـی و هـەم جۆرێـك لـە دووژمنایەتـی لەخۆدەگرێـت. هـەر بۆیـە دەبینیـن لـە کاتـە جیاوازەکانـدا میـزاج لـە گرتنەبـەری رێوشـوێنەکاندا رۆڵ دەگێڕێـت. بـەڵام ئەسـڵی کێشـەکە بریتییـە لـەوەی لـە مـاوەی پێنـج سـاڵی رابـردوودا لـەم ناوچەیـەدا، وەك زۆربـەی ناوچەکانـی دیکـە، بەرژەوەندییـە سیاسـی و سـەربازییەکانی کـورد بەپێـی جوگرافیـا گۆڕانیــان بەســەردا دێــت. واتــە وەك چــۆن پارتــەکان، بزووتنەوەکانیــان، میلیشــیاکان و دامەزراوەکانـی کـوردی سـووریا لـە کـوردی تورکیـا دابـڕاون، ئاوهـاش لـە ئامۆزاکانیـان لـە عێـراق دابـڕاون. ئەمڕۆکـە کـوردی عێـراق و سـووریا زۆر لـە یەکـتر جـودان، لـە زۆربـەی حاڵەتەکانـدا ئـەوان لـە پـاڵ یەکـتردا ناجەنگـن و سیاسەتەکانیشـیان پێکـەوە هاوئاهەنـگ نییـە. زێدەڕۆیـی نییـە ئەگـەر بڵێیـن حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان هێنـدەی لـە تورکیـاوە نزیکـە هێنـدە لـە PYD نزیـك نییـە. بەشـێوەیەکی بەرفراوانـتر دەتوانیـن بڵێیـن، زۆربـەی کـورد لـە سـووریا، عێـراق، ئێـران و تورکیـا وازیـان لـە خەونی سیاسـەتی پـان کـوردی هێناوە، بـۆ ئـەوەی بتوانـن لـە وڵاتەکانـی خۆیانـدا هـەوڵ بـۆ بەدەسـتهێنانی مافەکانیـان بـدەن.

## ئەنجامگیری و ئاماژە سیاسییەکان بۆ کورد و ئەمریکا

لـە پەیوەنـدی لەگـەڵ کـورددا دەبـێ بپرسـین: لێـرە بـەدواوە هاوپەیمانیـی کـورد لەگـەڵ رۆژئـاوا لـەدژی داعـش بـەرەو کـوێ دەچێـت؟ بەپێـی شـیکردنەوەی سـەرەوە کۆمەڵێـك خـاڵ بەشـێوەیەکی سـەرپێی دەخەمـەڕوو:
یەکـەم: سـنوورە کۆنـەکان تائێسـتا مـاون و پـڕۆژەی پـان ـ کوردی یەکێـك لـە ئەڵتەرناتیڤەکان نییـە، هـۆکاری ئەمـەش تەنیـا ناگەڕێتـەوە بـۆ سـەروەری وڵاتـەکان ، بەڵکـو دەگەڕێتـەوە بـۆ ناکۆکییـە نێوخۆییەکانـی کورد خۆیشـی.
دووەم: سـەربەخۆیی تـەواو یـان جودابوونـەوەی یەکێـك لـە بەشـەکانی کوردسـتان، تەنانەت لـە عێـراق و سـووریاش، لـە ماوەیەکـی مامناوەنـددا نایەتە ئـاراوە.
سـێیەم: ئۆتۆنۆمـی یـان فیدرالـی رۆژ لـە دوای رۆژ دەبێتـە بژارەیـەك کـە زیاتـر جێـی

پەسەند بێت. ئەمەش نەك هەر لە سووریا و عێراق، بەڵكو هەرچەندە ئێستا شەڕێكی كوشندە لەنێوان توركیا و PKK لەئارادایە سەرئەنجام دەشێ لە توركیاش بێتە ئاراوە. چوارەم: بەو دواییە پەیوەندییەكانی نێوان هەولێر و ئەنقەرە زۆر گەرم و گوڕبووە، ئەمەش ئاماژەیەكی بەهێزە كە مەرج نییە ناكۆكییە ئەتنیكییە كۆنەكان بەربەستێكی گەورەبن لەبەردەم لێكنزیكبوونەوەی سیاسی. بڕوابكەین یان نەكەین، رۆژێك دادێت كە توركیا هەست بەوەبكات كە دروستبوونی هەرێمی فیدرالی كوردی لەسەر سنوورەكانی سووریا دەكرێت لەگەڵ بەرژەوەندییەكانی توركیا تەبا بێت، وەك چۆن هەرێمەكەی سەر سنووری عێراقیش هەروا دەچوو. ئاماژەكان بۆ سیاسەتی ئەمریكاش لە ناوچەكە روونن. ئەوەی ئەمریكا دەتوانێ پشتگیری لێبكات سەربەخۆیی كوردستان نییە (چ جای خەونی پان ـ كوردی)، بەڵكو ئۆتۆنۆمییەكی راستەقینەی كوردستانە لەو سێ وڵاتەی كە جێی باسی بابەتەكەی ئێمەن، واتە عێراق، سووریا و تەنانەت توركیاش، هەڵبەت ئەوەی توركیایان لە درێژخایەندا دەكرێت و پێویستیی بە رەزامەندی ئەنقەرەیە. ئەگەر حەزبكەن دەكرێ ناوی ئەم پڕۆژەیە بنێین "سایكس پیكۆی لایت یان سووك" ، ئێران چوارەم وڵاتی ناو ئەم تێكەڵەیەیە. بەڵام بەداخەوە رێككەوتنی ئەتۆمی و ژمارەیەك واقعی دیكە وایانكردووە پرسی كورد لەم وڵاتە ببێتە پرسێك كە ئەمریكا و لایەنەكانی دیكە خۆیانی لێ بەرپرسیار نەبینن.

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە:رێبوار قارەمانی

# پڕۆژەی ڕاڕەوی کوردی و چەتری ئەتڵەسی

**مامەند رۆژە**
شرۆڤەکاری سیاسی- ئەندامی ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو

## پێشەکی

ڕەجەب تەیب ئەردۆغان سەرۆککۆماری تورکیا لە کۆبوونەوەی گرووپی 20 بە باراك ئۆبامای ڕاگەیاند: "ئێمە لە باشووری سنوورەکانمان ڕاڕەوی تیرۆرمان ناوێت". مەبەستیشی ئەو ڕارەوەیە کە ماوەیەکە لە میدیاکانی جیهان بەناوی "ڕاڕەوی کوردی"یەوە باسی لێوەدەکرێت[1]. لێرەش دیدی ستراتیژی تورکی لەمەڕ پڕۆژەی ڕاڕەوی کوردی دەخاتەڕوو کە بە "ڕاڕەوی تیرۆر" وەسفیدەکات!

هێزەکانی ئەتڵەسی بەتایبەت ئەمریکا و فەرەنسا بەکردەوە پشتیوانی لە هێزەکانی سووریای دیموکراتی دەکەن. لێرشەوە لارییەکی وایان لە پڕۆژەی پێکەوە بەستنەوەی باکووری سووریا لەتوێی نەهێشتنی ڕاڕەوی لۆجستی داعش لە سنووری سووریا نەنواندووە. ستراتیژی ئەتڵەسی و هاوپەیمانی دژی داعش بریتییە لە دابڕینی دەرگا سنوورییەکانی داعش و گەمارۆدانی. ئەم ستراتیژییە تاوەکو ڕادەیەك یارمەتی ستراتیژی کوردی داوە بۆ پێکەوەبەستنەوەی کانتۆنەکان . ئەمەش تورکەکانی توڕەکردووە. [2]
لەگەڵ دەستپێکردنی مەرتاڵی فرات و هاتنە ناوەوەی هێزەکانی تورك و هەندێك

1 -www.haberturk.com – 5 Eylul 2016

٢ - -ئەنستیتۆی واشنتۆن بۆ بەرزکردنەوەی کوالێتی سیاسەتی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، بابەتی فابریك باڵانچ، توێژەری ستراتیژی و مامۆستای زانکۆی لیۆن، بەناوی هەوڵدان بۆ گرتنی کۆریدۆری عەزاز دەبێتەهۆی کاردانەوە و دەسوەردانی تورکیا.....

گرووپی سەر بە سوپای ئازاد و گرتنەوەی جەرابلۆس و راعی، هێزەکانی ناتۆ بەتایبەت ئەمریکا بۆ دڵراگرتنی تورکان تاڕادەیەك بێدەنگ بوون و داواشیان لە هێزەکانی سووریای دیموکراتی کردووە لە مونبیج زیاتر نەچن.[1] لەولاش داوایان لە تورکەکان کردووە بەرەو مونبیج نەکشێن! ئێستا دۆخەکە راگیراوە، بەڵام ئەگەری پێشهاتی جیۆسیاسی دیکەش هەن.

پڕۆژەی ڕاڕەوی کوردی رووبەڕووی تەگەرەی کردەکی پڕۆژەی تورکی بۆ "ناوچەی تامپۆنی" بووەتەوە. تورکەکان جەخت لەسەر "هێڵی سوور"ی خۆیان واتە "نەپەڕینەوە بۆ بەری رۆژئاوای فرات" دەکەنەوە. کاتێکیش هێزە کوردییەکان گوێ بەو خواستە جیۆسیاسییە نادەن، ئەوە تورکەکان پڕۆژەکەیان لە دیوی هزرەوە بۆ دیوی عەمەلیات گواستووەتەوە و بەناوی "سپەری فرات" بەکردەوە تەنگژە بۆ پڕۆژەی ڕاڕەوی کوردی دەنێنەوە.[2]

یەکێك لەو دەستەواژانەی کەوا لە قەیرانی سووریاوە لە جیهاندا بەرەوی سەندووە، دەستەواژەی "ڕاڕەوی کوردی"یە.[3] ئەم دەستەواژەیە ئەمڕۆ بە دەستەواژە باوەکانی ناو زانستی جیۆپۆلیتیك و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان پەیوەستبووە. هەروەها لە میدیاکانیش بەچڕی باس لەم دەستەواژەیە و پاشهاتە ستراتیژییەکانی دەکرێت.

پێدەچێ ڕاڕەوی کوردی[4] بەکردەوە بووبێتە ستراتیژی هێزە کوردستانییەکان لە رۆژئاوای کوردستان. هەروەها پێدەچێ هێزە کوردستانییەکان لە باشووری کوردستانیش بەنهێنی هانی ئەم ستراتیژییە نیوەچڵە کوردستانییە بدەن. ئەگەر بنیاتنانی ڕاڕەوی کوردی بووبێتە بڕبڕەی پشتی سیاسەتی جیۆپۆلیتیکی هێزە کوردستانییەکان، ئەوا لەباربردنی ئەم پڕۆژەیە بووەتە ستراتیژی نەیارە ناوچەییەکانیان.[5]

ئێستا پرسی پێکەوەبەستنەوەی دوورگە کوردییەکانی رۆژئاوا لە رێگەی ئۆپەراسیۆنی مونبیج لەگەڵ ئۆپەراسیۆنەکانی رەققە و موسڵدا یەکیگرتووە. دوو پرسیاری سەرەکیش کە وەڵامەکەی بڕبڕەی پشتی ئەم لێکۆڵینەوەیە پێکدەهێنن ئەوەیە ئایا پارادایمی تورکی لەگەڵ پڕۆژەی جیۆسیاسی کوردی واتە ڕاڕەوی کوردی لەکوێ پێکدادەدات؟ هەروەها پرسیاری دووەمیش ئەوەیە ئایا چەتری ستراتیژی ئەتڵەسی بەتایبەت ئەمریکا

1 -www.sozcu.com.tr 27 Eylul 2016- Fırat Kalkanı kapsamında Suriyede bulunan Amerika askerlerine buyuk şok-

2 -www.sabah.com.tr – Fırat Kalkanı harekatının bir aylik bilançosu. 22 Eylul 2016

3 -www.dunya48.com – Doğu Perinçek, ABD ve İsarilin Kürt Koridoru, 7 kasım 2012 – Silivri

٤ -Kurdish Corridor

5 -www.mehmetaliguller.com – Kürt Koridorunun Petropolitiği – Aydinlik gazetesinin yazari – 26 kasım 2013

تاوەکـو کۆتایـی بەسـوودی پێکەوەنانـی ڕاڕەوی کـوردی بەردەوامدەبێـت یـان نـا؟

## نەتەوەی بێدەوڵەت و هێزی جیۆستراتیژی

لـە زانسـتی جیۆپۆلیتیکـدا دەسـتەواژەی جیۆپۆلیتیکـی کەمینـەکان هەیـە.[1] بەپێـی ئـەم دەسـتەواژەیە کەمینـە لەبەرانبـەر زۆرینـە خـۆی پێناسـە دەکات. لەنێـو گوندێـك، شـارێك، وڵاتێـك، تەنانـەت دیـن و شارسـتانییەکیش کەمینـە و زۆرینـە هـەن. بـۆ نموونـە لەنێـو شـارە گەورەکانـی وەك پاریـس و لەنـدەن گیتـۆی ئەرمەنـی و هیندییـەکان بـە کەمینـەی ئـەو شـارانە وەسـفدەکرێن. یاخـود لەنێـو دینـی ئیسـلامدا شـیعە بـە مەزهەبـی کەمینـە لەئاسـت زۆرینـەی سـوننە هەژمـار دەکرێـت. یـان لـە سـووریادا کـورد لەبەرانبـەر عـەرەب بـە کەمینـەی ئـەو وڵاتـە دەژمێردرێـت.
کەمینـەکان لەنێـو زانسـتی جیۆپۆلیتیکـدا بەسـەر دوو جـۆردا دابەشـدەکرێن: یەکـەم، ئـەو کەمینانـەی کـە خـاوەن خـاك و زەوی تایبـەت بەخۆیانـن. دووەم، ئـەو کەمینانـەی کە خاوەن خاکـی تایبـەت نیـن و لەنێـو زۆرینـەدا بـە پرشـوبڵاوی[2] دەژیـن. جـۆری یەکـەم، لـەڕووی جیۆسیاسـییەوە پێگـەی گرنگـترە، چونکـە ئەگـەر تواناکانـی لـەو ئاسـتەدا بـن بەرەنـگاری دەسـەڵاتی زۆرینـە ببێتـەوە، ئـەوە بـەرە - بـەرە خواسـتی خۆسـەری یـان سـەربەخۆیی لـەلا گەڵاڵـە دەبـێ و بەکـردەوە هەوڵـی بـۆ دەدات.[3]
ئەگـەر تواناکانـی لەئاسـت زۆرینـە کەمـبن و نەتوانـێ بەرگـری لەخـۆی بـکات، ئـەوە سـتراتیژی بەرەنگاربوونـەوەی دەگـۆڕێ و ئەوجـارە لەچوارچێـوەی سـتراتیژی خۆگونجانـدن لەگـەڵ دەسـەڵاتی زۆرینـەدا هەڵـدەکات. جـاری واش هەیـە لەبـەر سیاسـەتی زەبروزەنگـی زۆرینـە، کەمینـە ناچـارە پاشەکشـێیەکی درێژخایـەن بـکات و خـۆی بـۆ نـاو قاڵبـی خـۆی بکێشـێتەوە و بـۆ ماوەیەکـی درێـژ سیاسـەتی بێدەنگـی و مەنـدی هەڵبژێرێـت.
زۆرجـار کەمینـەکان بـۆ بەرەنگاربوونـەوەی زۆرینـە ناچـارن لەگـەڵ کەمینـەی دووەم ڕێکبکـەون و پێکـەوە بەرەنـگاری زۆرینـە ببنـەوە. جـاری واش هەیـە کەمینـەی دووەم لەبـەر هاوبەشـی کولتـووری و سیاسـی لەگـەڵ زۆرینـە، بـۆ سـەرکوتکردنی کەمینـەی یەکـەم پشـتیوانی لـە زۆرینـە دەکـەن و پێکـەوە کەمینـەی یەکـەم دادەپڵۆسـێنن.

1 -دکتر محمدرضا حافظ نیا، اصول و مفاهیم ذئوئلیتیك، موسسة و انتشارات استان قدس رضوی، تهران، 1390، ص 91 – 92
2 -Suat İlhan, Jeopolitk Duyarlılk, Ötüken, İstanbul, 1989 , s.48-49.
3 -Faruk Sönmezoğlu, Hakan Güneş, Erhan Keleşoğlu, Uluslararası İlişkilere Giriş, Der Yayinları,İstanbul, 2015, s.208 – 209 – 210.

هەندێکجاریــش کەمینــەی نــاو وڵاتێــك بــۆ تێکشــکاندنی زۆرینــەی باڵادەســت، لەگــەڵ زلهێزێکــی ناوچەیــی یــان جیهانــی یەکدەگــرێ و پێکــەوە پەلامــاری دەســەڵاتی زۆرینــە دەدەن. هەندێجــارش زۆرینــەی دەســەڵاتدار بــۆ شــکاندنی کەمینــەی راپەڕیــوی ناوخۆیــی، کۆمەکــی زلهێزێکــی ناوچەیــی یــان جیهانــی دەقۆزێتــەوە و پێکــەوە تێیدەسرەوێنــن.

لێــرەدا لــە هەڵســوکەوتمان لەگــەڵ ئــەم چەمکــە گەیشــتووینەتە ئــەو بــاوەڕەی چەمــك و دەســتەواژەی جیۆپۆلیتیکــی کەمینــەکان بــۆ شــیکاری دۆخــی نەتــەوەی بێدەوڵــەت ناشــێ و بەشــناکات. بۆیــە ناچاریــن دەســتەواژەی "جیۆپۆلیتیکــی نەتــەوەی بێدەوڵــەت"ی بــۆ دابهێنیــن و بــۆی بقۆزینــەوە. بەپێــی جیۆپۆلیتیکی نەتــەوەی بێدەوڵــەت، ئەگــەر نەتــەوەی بێدەوڵــەت ژمــارەی دانیشــتووان و رووبــەری خاکــی لەگــەڵ نەتــەوەی سەردەســت جیــاوازی زۆری نەبــێ، ئــەوە ناکرێــت بــە کەمینــە لەقەڵەمبدرێــت.[1]

لەلایەکــی دیکــەش دەمانــەوێ بــۆ ئــەم پەڕەیــە کەڵــك لــە چەمــك و دەســتەواژەی هێــزی جیۆســتراتیژی[2] و هێــزی جیۆپۆلیتیکی کۆهــەن وەربگریــن، چونکــە زۆرتــر لەگــەڵ گریمانــەی ئــەم بابەتــەی ئێمــەدا دێتــەوە. کۆهــەن پێیوایــە زلهێــزە جیهانییــەکان هێــزی جیۆســتراتیژین و بریتیــن لەوانــەی خــوارەوە: 1 - زلهێــزی دەریایــی ئەتڵەســی کــە ئەمریــکا نوێنەرایەتــی دەکات. 2 - زلهێــزی کیشــوەری ئۆراســیایی کــە رووســیایە. 3 – زلهێــزی کیشــوەری – دەریایــی باشــووری رۆژهەڵاتــی ئاســیا کــە چینــە.[3]

ئەمــڕۆ لــە ســووریا کــورد کــە نوێنەرایەتــی نەتــەوەی بێدەوڵــەت دەکات ، لەئەنجامــی بۆشــایی جیۆسیاســی و داڕووخانــی بیرۆکراسیەتی دەوڵەتــی ســووریا، کۆمەڵێــك دەســکەوت و داوودەزگای بنیاتنــاوە. لەلایەکــی دیکەشــەوە بەهــۆی ســتراتیژیەتی نەهێشــتنی تیــرۆرەوە هێــزی ئۆراســیایی و هێــزی ئەتڵەســی بەکردەنــی دەســتوەردانیان هەیــە. هەروەهــا هێــزی جیۆپۆلیتیکــی وەك ئێــران، تورکیــا و ســعودیەش هاتوونەتــە نــاو هاوکێشــەکەوە.[4]

کــورد وەك نەتــەوەی بێدەوڵــەت خەریکــە دەبێتــە هێزێکــی ژێرناوچەیــی کارا. ســتراتیژی نەهێشــتنی تیرۆریــش پێگــەی ئــەم هێــزەی تۆکمەکــردووە. لەلایەکیشــەوە دینامیکیەتەکانــی دەرەوە بەتایبــەت پشــتیوانی ئاســمانی هێــزی جیۆســتراتیژی (ئەمریــکا) پێگــەی ئــەم هێــزە

---

١ -مامەند رۆژە، قووڵایی ستراتیژی، دەزگای توێژینەوە ستراتیژییەکان، ٢٠١٦، لا ٨.

٢ -الدكتر نسیم بلهول، عن الجیواستراتیجیة، دار الروافد الثقافیة، بیروت، ٢٠١٥، ص ٢٥٧.

٣ -سائول برنارد کوهن، ذئوثلیتیك نظام جهانی، ترجمه عباس کاردان، موسسه مطالعات و تحقیقات بین المللی ابرار معاصر تهران، ١٣٨٧، ص ٧٧.

4 -SETA – Siyaset, Ekonomi ve Toplum Araştırmaları Vakfı,Bayram Sinkaya, Arab Baharı Sürecinde İranın Surye Politikası, 4 Mays 2012.

جیۆپۆلیتیکییـە ناوخۆییـەی بەهێزکـردووە.
پێشـڕەوی هێـزی جیۆپۆلیتیکـی نەتـەوەی بێدەوڵـەت (کـورد) لەنێـو سـووریا، بووەتـە هـۆی کاردانـەوەی توونـدی هێزێکـی جیۆپۆلیتیکـی ناوچەیـی (تورکیـا). لـەولاوە هێـزی جیۆسـتراتیژی (ئەمریـکا) کـە کاریگـەری یەکلاکـەرەوەی لەسـەر هاوکێشـەکە هەیـە، ناتوانێ بەئاسـانی هەڵوێسـتی سیاسـی خـۆی بەسـوودی یـەك لـە هـەردوو هاوپەیمانەکـەی یەکلابکاتـەوە. ئەمـەش پێشـڕەوی زیاتـری هێـزی نەتـەوەی بێدەوڵەتـی جلّەوکـردووە. لەئەنجامیشـدا هەڵوێسـتی هێـزی جیۆسـتراتیژی، کاریگـەری یەکلاکـەرەوەی لەسـەر دەسـکەوتەکانی جیۆپۆلیتیکـی نەتـەوەی بێدەوڵـەت دەبێـت. [1]

## ڕاڕەوی کوردی: پڕۆژەی جیۆسیاسی کوردی

لەوەتـەی پرسـی تیـرۆری سـەلەفی لـە سـووریا سـەریهەڵداوە، یەکێـك لـەو دەسـتەواژانەی میدیـاکان، ناوەنـدە هەواڵگرییـەکان و نێوەنـدە ئەکادیمییـەکان باسـی لێوەدەکـەن، زاراوە و دەسـتەواژەی "ڕاڕەوی کوردی"یـە. هەندێـك لـە نێوەنـدە ئەکادیمییەکانـی ڕۆژئـاوا لـەو بڕوایـەدان پێکەوەنانـی "ڕاڕەوی کـوردی" بـۆ سـتراتیژی نەهێشـتنی تیـرۆر ڕۆڵێکـی یەکلاکـەرەوەی هەیـە. ئەمـە لەکاتێکدایـە زۆر نێوەنـدی سیاسـیش ئـەم پڕۆژەیـە بـە پـڕۆژەی لەگرێژەنـە بردنـی ڕۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت وەسـفدەکەن!
[2]ڕاڕەوی کـوردی چییـە؟ لـەدوای ئـەوەی کـورد بەپشـتیوانی هێـزی ئاسـمانی ئەمریـکا توانیـان ناوچـەی گرێسـپی لـە داعـش پاکبکەنـەوە، کۆتاییـان بـە قەڵشـی سـتراتیژی لەنێـوان جزیـرە - کۆبانـی هێنـا و هـەردووك کانتۆنەکەیـان پێکەوەبەسـتەوە. لێـرەوە کـورد توانیـان لـە عێـن دیـوارەوە لەسـەر سـنووری هەرێمـی کوردسـتان و تورکیـا تاوەکـو جەرابلـۆس قەڵەمڕەوەکەیـان بگەیێننـە 400 کـم کـە 250 میـل دەکات. ئـا لێـرەوە بیرۆکـەی کردنـەوەی ڕاڕەوی کـوردی لەنێوەنـدە میدیایـی و سیاسـییەکاندا بـرەوی سـەندووە. [3]
بەگشـتی مەبەسـت لـە ڕاڕەوی کـوردی پێکەوەبەسـتنەوەی شریتـی پچـڕ - پچـڕی ناوچـە کوردییەکانـی ڕۆژئـاوای کوردسـتانە کـە لـە دێرکـەوە دەسـتپێدەکات و تاوەکـو عەفریـن دەکشـێت. ئـەم ناوچەیـە 750 کـم لەخـۆ دەگرێـت. ڕاڕەوی کـوردی وەنەبـێ تەنیـا یـەك

1 -www.bilgesam.org- prof Dr.Atilla Sandıklı, ABAnın PYD politikası duşmanca bir yaklaşımdır, 26 Şubat 2016.

2 -www.washingtonpost.com, Biden warns Kurds not seek separate enelave on Turkish – Syrian border, 24 Asugust 2016.

3 -www.al-manitor.com, Fehim Taştekin, Kurds eye new corridor to Mediteranean, 24 june 2015.

واتا و یەك چەمکی جیۆسیاسی تاکانە بگەیێنێ، بەڵکوو چەند دیدێکی جیاواز بۆ ئەم زاراوەیە هەن. واتایەکی ئەوەیە کە ئەم ڕاڕەوە هەرێمی کوردستان بەسەر ڕۆژئاوای کوردستاندا بە دەریای سپی دەگەیێنێت. مانایەکی دیکەیشی ئەوەیە کە ڕۆژئاوای کوردستان پێکەوە دەبەستێتەوە و کۆتایی بە لاوازی جیۆپۆلیتیکی پچڕ- پچڕی ئەم پارچەیە دەهێنێت. [1]

هەندێك پێیانوایە ئەم ڕاڕەوە لە سنووری هەرێمی کوردستانەوە دەستپێدەکات و تاوەکو عەفرین لە سنووری تورکیا دەکشێت. هەندێکی دیکەش پێیانوایە لە دێرکەوە تاوەکو شاری کەسەب لەکەناری دەریای سپی دەڕوات. بۆیە ئەوانەی باس لەم ڕاڕەوە کوردییە دەکەن بە بیانی و ناوخۆییەوە بەسەر دوو گرووپدا دابەشدەبن. بەگشتی لەنێو کورددا تەنیا ژمارەیەکی کەم دیدێکی واقیعیان بۆ ئەم پرسە هەیە و پێیانوایە ئەم ڕاڕەوە لە شاری دێرکەوە تاوەکو ناوچەی عەفرین بەردەوامدەبێ و ناگاتە دەریا . بەشی زۆری بژارەی کوردی پێیانوایە ئەم ڕاڕەوە هیچ پچڕانێکی تێدا دروستنابێ و لە دێرکەوە تاوەکو شاری کەسەب دەکشێت. بەتایبەت لەو دواییەدا کە چیتر جیۆپۆلیتیك ستاتیك نییە و دینامیکتر بووە و گۆڕانکاری لەسەر نەخشەی ناوخۆیی هێزەکان بەسانایی بەدیدێت ، خواستی ئەم دەستەبژێرە کوردە پەرەی سەندووە. ئەگەر ئەم ڕاڕەوە کوردییە پێکبێت ، ئەوە چەند کارکردێکی جیۆسیاسی دەخاتەوە:

- سنووری جوگرافی کوردستان کامڵدەکات.
- سنووری جوگرافی کوردستان لە دەریا نزیکدەکاتەوە.
- کۆتایی بە داخرانی جیۆسیاسی کوردستان دەهێنێت.
- سنوورەکانی تورکیا و جیهانی عەرەبی سوننە لەیەك دادەبڕێت. [2]

لێرەدا دەکرێ لە خواستی جیۆسیاسی کورد تێبگەین کە بەدوای کامڵکردنی جوگرافی و جیۆسیاسی وڵاتەکەوەن. کوردی ڕۆژئاوا لە هەندێك ڕووەوە بەشێوەیەکی واقیعی و بەپەرێزەوە سیاسەت دەکەن و تەنانەت لەبەر ڕەچاوکردنی هاوکێشە ستراتیژییەکان، ناوێرن جەخت لەسەر ناسنامەی کوردستان بکەنەوە و بگرە ئیدارەکەش ناوی کوردستانی پێوە نییە و ئەم پێویستییە بە "ڕۆژئاڤا" پێناسە دەکەن.

لەکاتێکدا لەڕووی ناونانەوە گەلێك واقیعبینن، کەچی لەڕووی ڕەچاوکردنی هاوسەنگی

---

1 -کوردستان و پۆست داعش، کۆمەڵێك نووسەر، ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕووداو، هەولێر، بەهاری 2016، لا 148.

2 -www.haaretz.com, Turkey Bombs ISIS, Kurdish Targets in Syria, Says “Opening Corridor” for Moderate Rebels, 22 Aug 2016.

جیۆسیاسـی ناوچەکـە بـۆ برەوپێدانـی قەڵەمڕەوەکەیـان ئەوەنـدە واقیعـی نیـن و تەنانـەت ئایدیالـی و میسالیشـن . چونکـە لێـرەدا دۆزی کـوردی لـە سـووریایان بەتـەواوی بـە دۆزی کـوردی لـە تورکیـا بەسـتووەتەوە. ئەوەنـدەی موخاتەبـی پرسـەکە بـە ئەنقـەرە دەزانـن، ئەوەنـدە دیمەشـق بـە موخاتەبـی نازانـن. ئەمـەش زۆر گرفتـی جیۆسیاسـی بـۆ دۆزی کـوردی لـە سـووریا ناوەتـەوە. ئەگەرنـا چـۆن قەوارەیەکـی کـوردی پێکەوەدەنێـی ، بـەڵام ناتـەوێ حیسـاب بـۆ هاوسـێیەکی جیۆسیاسـی گـەورەی وەکـو تورکیـا بکـەی کـە 750 کـم سـنوورت لەگەڵـی هەیـە؟

هەروەهـا سیمبوولەکانیشـیان سـیمبوولی کـوردی باکـوورن و ناتوانـن جەخـت لـە ناسـنامەی تایبەتـی خۆیـان بکەنـەوە. دۆزی ستراتیژیشـیان بەتـەواوی بـە دۆزی سـتراتیژی کـوردی باکـوورەوە بەسـتووەتەوە و لەوبڕوایەشـدان کـە دووژمنـی سـتراتیژی هـەردوو دۆزەکـە لـە سـووریا و لـە تورکیـاش تەنیـا رژێمـی ئەنقەرەیـە. ئەمـەش سـەرەتای دۆزێکـی گـەورەی جیۆسیاسـییە کـە پێناچـێ کـورد سـوودی لێببینـن!

سـتراتیژی جیۆپۆلیتیکـی هێـزە کوردییەکانـی رۆژئـاوای کوردسـتان دەشێبەشـێوەیخوارەوە پووختبکرێتـەوە. واتـە دەکـرێ پـڕۆژەی جیۆپۆلیتیکـی هێـزە کوردسـتانییەکان بـۆ ئـەم سـێ خاڵـەی خـوارەوە کورتبکرێتـەوە: یەکـەم، کامڵکردنـی جوگرافـی و پێکەوەبەسـتنەوەی کانتۆنـەکان. دووەم، پێکەوەنانـی قەوارەیەکـی فیدراڵـی کـە لـە دۆخـی دیفاکتـۆوە بـۆ دۆخـی دیجـۆر بگوێزرێتـەوە، سـێیەم، بەشـداربوونی کارا لـە داڕشـتنەوەی سـووریای تـازە.[1] هێـزە کوردییەکانـی رۆژئـاوا لـە هەوڵـی ئـەوەدان بەسـوودوەرگرتن لـەم هۆکارانـەی خـوارەوە، پـڕۆژە جیۆسیاسـیەکەی خۆیـان سـەربخەن. ئـەم هۆکارانـەش جیۆپۆلیتیکیـان دینامیـك کـردووە کـە بریتیـن لـە: یەکـەم، تێکچوونـی بیرۆکراسـیەتی دەوڵـەت لـە سـووریا . دووەم، بەردەوامبوونـی جەنگـی ناوخۆیـی. سـێیەم، قۆسـتنەوەی سـتراتیژییەکانی نەهێشـتنی داعـش.

ئەگـەر کـورد بتوانن هەمـوو کۆسـپەکانی بـەردەم پیادەکردنی سـتراتیژییە جیۆسیاسـییەکەیان تێکبشـێنن و شریتـی جوگرافـی دێـرك – عەفریـن بەیەکـەوە ببەسـتنەوە، ئـەوە بۆیـان هەیـە هەنگاوێـك زیاتـر بـەرەو پیادەکردنـی دوایـن خواسـتی جیۆسیاسـی خۆیـان بـۆ پێشـەوە بنێـن کـە ئەویـش پێشـڕەوییە بـەرەو کەنارەکانـی دەریـای سـپی. جارێـك زووە کـورد لەسـەر ئەمـە دوایـن قسـەی خـۆی بـکات. تەنیـا ئەوەنـدە هەیـە کـە پێشـمەرجی یەکـەم بـۆ ئـەم

1 -مامەند رۆژە، وەرگۆڕانی ستراتیژی، بابەتێك لەسەر دیفاکتۆی خۆرئاوای کوردستان، ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو، بەهاری 2016، لا 9.

پڕۆژەیە بەستنەوەی کۆبانی بە عەفرینە کە ئێستا پەلامارە کوردییەکە لە تەلرەفعەت لە کەرتی ڕۆژئاوا و مونبیج لە ڕۆژهەڵات پەنگی خواردووەتەوە، لە مونبیجیش کشایەوە بە گوشاری ئەمریکا بۆ ڕازیکردنی تورکیا.
کۆریدۆری کوردی لەو ناوچەیە قەتیس ماوەتەوە کە پێیدەگوترێ "هێڵی سووری تورکیا" ، یاخود کۆریدۆری عەزاز. تورکەکان بەم دژپڕۆژەیە دەیانەوێ خواستی جیۆسیاسی کورد جڵەوبکەن و بەئاشکرا دەڵێن"کۆریدۆری کوردی قبوڵناکەین". بۆیە ئێستا دەستوەردانی جیۆسیاسی تورکی بووەتە تەگەرەی سەرەکی لەبەردەم پڕۆژەی ڕاڕەوی کوردی. واتە دەیانەوێ "ڕاڕەوی کوردی" بە"قەڵغانی تورکی" جڵەوبکەن. [1]

## ستراتیژی تورکیا: جڵەوکردنی پڕۆژەی کوردی

ڕۆژی 24 ئۆگۆستی 2016 ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، فەرمانی دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنی "قەڵغانی فرات"ی دەرکرد. بۆ یەکەمجار لەوەتەی قەیرانی سووریا هەیە، هێزە چەکدارەکانی تورك هاتنەناو خاکی سووریاوە. ئەردۆغان تەوقیتی ئەم ڕۆژەی بەئەنقەست هەڵبژاردووە، چونکە ڕێك دەکاتە یادەوەری پێنجسەتساڵەی جەنگی مەرجی دابق کە تێیدا لەم ڕۆژەدا سوڵتان سەلیمی عوسمانی بە تێکشکاندنی سوپای عەرەبی – تورکی مەمالیکی میسر، خاکی شامی داگیرکرد. [2]
دابق لە بیرەوەری مێژوویی تورکەکان و داعشیشدا گەلێك واتاو هێمای گەورەی لەخۆگرتووە. بەپێی ڕیوایەتی جیۆپۆلیتیکیان تورکەکان پێیانوایە دابق دەرگای ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی بەڕووی عوسمانیدا کردووەتەوە. بۆیە بە هەڵبژرادنی کاتوشوێنی ئەم ئۆپەراسیۆنە ڕێك لەسەر دووبارەکردنەوەی هێما و بیرەوەرییە مێژووییەکان کاردەکەن. پرسی دابق، ڕۆژی 24 ئۆگۆست، جەنگی مەرجی دابق و ئۆپەراسیۆنی "قەلغانی فرات" تاڕادەیەکی زۆر پشتی بەو ڕیوایەتە مێژووییە بەستووە کە "دابق" دەرگای ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەرووی تورکیای تازەدا دەکاتەوە.
لەلایەکیشەوە داعش کار لەسەر حەدیسی پێغەمبەری خودا لەمەڕ دابق دەکات . لەو حەدیسەدا پێغەمبەری ئیسلام مژدەی ئەوە بە موسڵمانان دەدات کە شەڕی گەورە

1 -Fabrice Balanche, The Struggle For Azaz Corridor could spur a Turkish Intervention? The Washington Institute for Middle East Poltics and www.huffingtonpost.com, Joseph V.Micallef, Turkey and The Kurdish Corridor: Why The Islamic State Survives? 16 Aug 2015.

2 -www.haber7.com, Mercidabnıkın 500. Yıl dönümünde Fırat Cerablus Harekatı, 24 Aug 2016.

لەنێوچەیەك بەناوی دابق لە شام لەنێوان سوپای موسڵمانان و كافراندا دێتەكایەوە. ئەم جەنگە بەپێی ئەم ریوایەتە دوایین جەنگ دەبێو تێیدا هەشتا سوپای نەیاران یەكدەگرن، بەڵام سەرەنجام سوپای موسڵمانان سەردەكەوێ و هەشتا سوپای كافران تێكدەشێ و ئیسلام سەركەوتنی یەكجارەكی بەدەسدەهێنێت. داعش چاوەڕێی سەرگرتنی ئەم مژدەیە دەكات! [1]

فابریك باڵانچ توێژەری ئەنستیتۆتی واشنتن بۆ بەرزكردنەوەی كوالیتی سیاسەتی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست، لە وتارێكی بەناوی "هەوڵدان بۆ كردنەوەی ڕاڕەوی عەزاز، دەستوەردانی توركەكانی بەدوادا دێت" ، ئاماژە بەوە دەكات كە ئەگەر كورد لەسەر كردنەوەی ئەم راڕەوە سووربن، ئەوە توركەكان پەلاماری خاكی سووریا دەدەن. ناوبراو ئەم هەنگاوەی توركەكان بە جۆرێك لە "داگیركاری نوێ" وەسفدەكات. [2]

كاتێك ئاوڕ لە ستراتیژییەكانی توركیا لەمەڕ سووریا دەدەینەوە، بە ئاسانی هەست بەوەدەكرێ كە "پرسی كورد" و تەنانەت فۆبیای كوردی بڕبڕەپشتی ئەم ستراتیژییە پێكدەهێنێت. ئەوەی بۆ توركیا گرنگە بریتییە لەوەی بە هەر شێوەیەك بووە، پێش بە پەرەسەندنی زیاتری PKK لە باكووری سووریا بگرێت. دیوەكانی هزری ستراتیژی توركیا لەو بڕوایەدان، ئۆپەراسیۆنی قەلغانی فرات ناچارییە و ئەنقەرە بۆ پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی خۆی ناچارە دەستی تێوەربدات.

فیكرەت بیللا كە نووسەرێكی ستراتیژی توركە دەڵێت: "توركیا ناچارە دەست لە كاروباری سووریاوە وەربداو لە باكووری سووریا جێگیرببێت. چونكە PKK هەرچەند بەناو ستراتیژییەكانی گۆڕیوە، بەڵام بەكردەوە كار لەسەر پیادەكردنی ستراتیژییە سەرەكییەكەی واتە كوردستانی سەربەخۆ دەكات. ئەم دەوڵەتە چوار پایەی هەیە كە یەكیان باكووری عێراقە، یەكیان لە ئێرانە، یەكیان باكووری سووریایە و گرنگترینیشیان باشووری رۆژهەڵاتی توركیایە. PKK خەریكە پایەی باكووری سووریای كامڵدەكات و بەشێنەیی خەریكە دەسەڵاتێكی كوردی پێكەوەدەنێت." [3]

ئەو نووسەرە پێیوایە ئەگەر ئەم دەوڵەتە پێكبێ و سنوورەكانی لە دەریاش نزیكبكاتەوە، ئەوە بەپلەی یەكەم دەبێتە هەڕەشە بۆ سەر ناوچەكانی باشووری رۆژهەڵاتی توركیا . واتای ئەم خوێندنەوەیە بریتییە لەوەی ئەگەر PKK بتوانێ لە باكووری سووریا

1 -www.clarionproject.com, Islamic State – ISIS- ISIL- Propaganda Mgazine – Dabiq – 10 September 2014.

2 -Fabrice Balanche, The Struggle For Azaza Corridor could Spur a Turkish Invention?

3 -www.milliyet.com.tr, Fikret Billa, Fırat Kalkanı, 24 Aug 2016.

مۆدێلێکـی حوکمڕانـی پێکەوەبنـێ، ئـەوە شـەپۆلەکانی ناوچـە کوردنشـینەکانی تورکیـا دەگرێتـەوە.

مەولـوود چاوشـئۆغڵوو وەزیـری دەرەوەی تورکیـا لەمـەڕ ئۆپەراسـیۆنی قەڵغانـی فـرات دەڵـێ "تاوەکـو YPG بـۆ ئەوبـەری فـرات نەکشـێتەوە، ئـەم ئۆپەراسـیۆنە بەردەوامدەبێـت". هەروەهـا چەنـد جارێـك داوای لـە ویلایەتـە یەکگرتووەکانـی ئەمریـکا کـردووە کـە بەڵێنەکانیـان لەمـەڕ کشـانەوەی هێزەکانـی YPG بـۆ بـەری ڕۆژهەڵاتی فـرات جێبەجێبکەن. ئەمریکییەکانیـش چەنـد جارێـك لـەزاری وتەبێژەکانـی وەزارەتـی دەرەوەو پنتاگـۆن ئاماژەیان بەوەکـردووە هێزەکانـی سـووریای دیموکراتـی بـۆ ئەوبـەری فـرات کشـاونەتەوە. [1]

ئەردۆغـان خـۆی چەندیـن جـار لەسـەر ئـەم پرسـە ڕایگەیانـدووە کـە ئەمریکییـەکان بەڵێنەکانیـان نابەنەسـەر. ئەمـە لەکاتێکدایـە ژەنەراڵێکـی سـوپای تورکیـا ڕایگەیانـدووە ئەگـەر کـورد ناوچەکانـی جەرابلـۆس – عـەزاز داگیربکـەن، ئـەوە بەفەرمـی خاکی عـەرەب و تورکمانـەکان داگیردەکـەن و لێرەشـەوە دەسـت بـە پاکسـازییەکی ئەتنـی دەکـەن و هەوڵـی گۆڕینـی دیمۆگرافـی ناوچەکـە دەدەن. ئـەو فەرماندەیـە ئامـاژە بـەوەدەکات لـە دۆخێکـی وادا تورکیـا ناتوانـێ بێدەنـگ بێـت! [2]

تورکیـا بەئاشـکرا ئامـاژەی بەوەکـردووە قەڵغانـی فـرات بەشـێکی بەمەبەسـتی ڕاونانـی هێزەکانـی داعشـە، بـەڵام بەشـی سـەرەکی بـۆ ئەوەیـە ڕێگـە لـە پێشـڕەوی هێزەکانـی سـووریای دیموکراتـی بگرێـت بـۆ بـەری ڕۆژئـاوای فـرات. تورکیـا چەندیـن جـار ئـەوەی دووبارەکردووەتـەوە پەڕینـەوە بـۆ بـەری ڕۆژئـاوای فـرات لەلایـەن YPG بەزاندنـی هێڵـی سـوورە. بۆیـە ئۆپەراسـیۆنی قەڵغانـی فـرات دەشـێ لـە چوارچێـوەی سـتراتیژی سـووریایی تورکیـا بـۆ جڵەوکردنـی پێشـڕەوی هێـزە کوردییەکانـی نزیـك لـە PKK پۆلێنبکرێـت.

ئەولەویەتە ستراتیژییەکانی تورکیا لە سووریا بریتین لەوانەی خوارەوە:

- جڵەوکردنی ڕاڕەوی کوردی بۆ یەکپارچەنەبوونی ناوچە کوردییەکان
- پێشگرتن لە دامەزرانی قەوارەیەکی کوردی
- پێکەوەنانی ناوچەیەکی تامپۆنی بۆ عەرەبی سوننەو تورکمانەکان
- سەپاندنی ناوچەی نفوزی فیعلی و ناوچەی فڕینی ئاسمانی

تورکیـا بـۆ پیادەکردنـی ئـەم سـتراتیژیەتەی پشـت بـە هەندێـك گرووپـی عەرەبـی سـوننە و تورکمانـی دەبەسـتێ کـە بـەزۆری بەنـاوی سـوپای ئـازاد کاردەکـەن . بـەڵام بەکـردەوە

1 -www.hurriyet.com.tr, ABD YPGnın sözününun tutmasını bekliyoruz, 26 Aug 2016.

2 -هەمان سەرچاوەی پێشوو ڕۆژنامەی ئەلکترۆنی حورریەت، 26 ئۆگۆستی 2016.

بەشـێکی زۆر لـە هێـزی زرێپۆشـی خـۆی هێناوەتـە نـاو ئـەم پرۆسـەیەوە. نزیکـەی 100 تانکـی تورکـی لەسـەر هێڵـی جەرابلـۆس – عـەزاز جێگیرکـراون. هەروەهـا تۆپخانـەی تورکیـا بـەردەوام سـەنگەرەکانی هێزەکانـی سـووریای دیموکراتـی دەپێکێـت. ئەگـەری ئـەوەش هەیـە ئەگـەر کاردانـەوەی تووندی ئەمریـکا نەبـێ، بـەرە – بـەرە هێـزە ئاسمانییەکانیشـی بقۆزێتـەوە.

لەدیـدی تورکیـاوە ئەمریـکا و ئیسرائیـل لەپشـت دامەزراندنـی قەوارەیەکـی کوردییـەوەن کـە سـنوورەکانی تورکیـا – سـووریا واتـە سـنوورەکانی تورکیـا و جیهانـی عەرەبـی سـوننە لەیـەك دادەبڕێـت کـە تورکیـا بـە قووڵایـی سـتراتیژی خـۆی دەزانێـت. ئەگـەر کـورد بتوانـن ڕاڕەوە کوردییەکـە پێکەوەبنێـن و عەفریـن بـە کۆبانییـەوە ببەسـتنەوە، ئـەوە 750 کـم لـە سـنوورەکانی تورکیـا – سـووریا بەکـردەوە لەلایـەن کـوردەوە کۆنترۆڵدەکرێـت . تەنیـا 200 کمێـك لـەم سـنوورانە تاوەکـو دەریـا دەمێنێتـەوە.

تورکیـا لـەدوای ئۆپەراسـیۆنی قەڵغانی فـرات بەکردەوە پـڕۆژەی ڕاڕەوی کوردی پەکخسـتووە. ئێسـتا هێزەکانـی سـووریای دیموکراتـی نـە لـە ڕۆژهەڵاتـەوە و نـە لـە ڕۆژئـاواوە ناتوانـن پەلامـاری هێزەکانـی داعـش یاخـود هێزەکانـی بـەرەی ئیسـلامی و بـەرەی فەتحـی شـام بـدەن . لەنێوچـەی شـەهبا دوای پرۆسـەی ئاگربەسـت هێزەکانـی سـووریای دیموکـرات پەلامـاری هێزەکانـی داعشـیانداو گوندێکیـان ڕزگارکـرد. دەسـتبەجێ هێزەکانـی سـوپای ئـازاد بەپشـتیوانی سـوپای تورکیـا بنکـەی هێـزە کوردییەکانیـان تۆپبارانکـردووە!

بەوجـۆرە یەکـەم کۆسـپی جیۆسیاسـی لەبـەردەم پـڕۆژەی سـتراتیژی کوردیـدا قوتبووەتـەوە. هەڵکەندنـی ئـەم پـوازە جیۆسیاسـییە بـۆ کـورد ئاسـان نییـە. تاقـە فاکتەرێـك کـە بـۆی هەیـە ئـەم هاوکێشـە سـتراتیژییە بگـۆڕێ، پشـتیوانی ئەمریـکاو هێزەکانـی ئەتڵەسـییە. ئەگـەر هێزەکانـی ئەتڵەسـی بەتایبـەت ئەمریـکا سـنوورێك بـۆ پێشـڕەوییەکانی تورکیـا دابنێـن، ئـەوە کـورد دەتوانـێ ڕاڕەوەکـەی پێکەوەبنێـت. ئەگـەر بەپێچەوانـەوە بـێ، ئـەوە عەفریـن دەکەوێتـە نـاو گەمارۆیەکـی ترسـناك کـە لـە لای باکـوور و ڕۆژئـاواوە تورکیایـەو لـەلای ڕۆژهـەڵات و باشووریشـەوە هێزەکانـی بـەرەی ئیسـلامی و بـەرەی فەتحـی شـامن.

ڕاڕەوەکـە لەدیـدی درێژخایەنـەوە بـۆ پرسـی کـورد ڕەهەنـدی سـتراتیژی دەئافرێنێـت. هـەر لـە کامڵکردنـی جوگرافییـەوە بگـرە تاوەکـو کۆتاییهێنـان بـە داخرانـی جیۆسیاسـی لەتوێـی ئـەم ڕەهەنـدە درێژخایەنـەدا پۆلێندەکرێـن.

لەدیـدی کورتخایەنـەوە پێکەوەنانـی ئـەم ڕاڕەوە بـۆ پاراسـتنی ئاسایشـی خـاك و ئاسایشـی نیشـتمانی ناوچـەی عەفریـن زۆر گرنگـە. بـەڵام وەك باسـی لێوەکـرا، پارادایمـی تورکـی

کۆسپی سەرەکی لەبەردەم ئەم پرۆژەیەدا دروستکردووە.

## پرۆژەی ئەمریکا: کورد – ستراتیژی نەهێشتنی داعش

سائول بەرنارد کۆهەن لە تێزەکەیدا بنیاتی جیۆپۆلیتیکیی جیهان بەسەر سێ بەشی سەرەکیدا دابەشدەکات:

حەوزی جیۆستراتیژی: باڵاترین ئاستی پێکهاتی جیۆسیاسی دەگرێتەوە کە ئێستا تەنیا سێ حەوزی دەریای ئەتڵەسی، کیشوەری ئۆراسیایی و کیشوەری - دەریایی باشووری رۆژهەڵاتی ئاسیا واتە چین بوونیان هەیە.

حەوزی جیۆسیاسی: ژێربەشی حەوزی جیۆستراتیژییە و هەندێك لە هێزە کیشوەری و ناوچەییەکان ئەم حەوزە پێکدەهێنن وەك هیندستان، ئێران، تورکیا، سعودیە، بەرازیل، باشووری ئەفریقیا و تاد.

حەوزی دەوڵەتە نەتەوەییەکان: ئەمە بریتییە لەو هێزانەی کە لەسەر ئاستی نەتەوەیی کاریگەرییان هەیە و بریتییە لە دەوڵەتە نەتەوەییەکان، نیوەدەوڵەتەکان، هێزە نێوان – دەوڵەتییەکان و یەکەی نەتەوەیی بێدەوڵەت. [1]

لێرە فۆرمولێك هەیە کە جاری واهەیە هاوکێشەکە وادەکەوێتەوە هێزی حەوزی جیۆستراتیژی لەگەڵ هێزێکی جیۆسیاسی یەکدەگرێ و بەمەش هاوکێشەی ستراتیژی دەپەستێون. بۆ نموونە رووسیا لەگەڵ ئێران پشتیوانی لە سووریای ئەسەد دەکەن و بەمەش دۆخێکی جیاوازیان دروستکردووە.

جاری واش هەیە هێزێکی جیۆستراتیژی بەپشتیوانی هێزێکی دەوڵەتی نەتەوەیی یاخود هێزێکی یەکەی نەتەوەی بێدەوڵەت، کاریگەری لەسەر هێزێکی جیۆسیاسی دەکەن و دەیپەستێون . بۆ نموونە هێزێکی جیۆستراتیژی وەك رووسیا بەپشتیوانی یەکەی نەتەوەی بێدەوڵەتی وەك ئەبخازیا و ئۆسێتیا دەوڵەتی نەتەوەیی گورجستانی لەتکرد. یان ئەمریکا بەپشتیوانی هەرێمی کوردستان دەوڵەتی عێراقی رووخاندووە.

گریمانەی ئەم بابەتە ئەوەیە کە یەکگرتنی هێزێکی سەرووهەرێمی لەگەڵ هێزێکی ژێرهەرێمی یاخود هاوکاری هێزێکی جیۆستراتیژی لەگەڵ هێزێکی ژێرناوچەیی وەك یەکەی نەتەوەیی بێدەوڵەت، بۆی هەیە وەرگۆڕانی جیۆسیاسی دەستەبەربکات. ئێستا هێزەکانی ئەتڵەسی بەتایبەت ئەمریکا و فەرەنسا، لەتوێی ستراتیژییەکانی نەهێشتنی

---

1 -سائول برنارد کوهن، ژئوپلیتیك نقام جهانی، سەرچاوەی پێشوو، ص 77.

داعشـدا پشـتیوانی لـە کـوردی رۆژئـاوای کوردسـتان دەکـەن.[1]
ئـەم پشـتیوانییە لـە تەنگـژەی کۆبانێـوە دەسـتیپێکردووە کـە دۆزی کـورد بووەتـە دۆزێکـی جیهانـی. لـەوە بـەدوا هێـزە کوردییـەکان لەتوێـی سـتراتیژییەکانی نەهێشـتنی داعشـدا مامەڵـەی پراگماتیانەیـان لەگـەڵ دەکرێـت. هەروەهـا ئـەم مامەڵـە پراگماتییـە بـەرە – بـەرە بـۆ هاوپەیمانییەکـی مەیدانـی سـەربازی لـە چوارچێـوەی سـتراتیژی قەڵاچۆکردنـی داعشـدا وەرگـۆڕاوە. ئەمـەش هەلێکـی گـەورەی بـۆ هێـزە کوردییـەکان دەسـتەبەرکردووە.[2]
کـورد بەپشـتیوانی ئـەم پارادایمـە سـەرووهەرێمییە، توانیویانـە قەڵەمـڕەوی سـتراتیژی خۆیـان برەوپێبـدەن. هەروەهـا توانیویانـە پرۆسـەی دەزگاسـازی نەتەوەیـی خۆیـان خێراتـر بکـەن . کـورد لەژێـر نـاوی هێزەکانـی سـووریای دیموکراتـی سـنووری جوگرافـی نەتەوەیـی خۆیشـیان تێپەڕانـدووەو بـەرەو ناوچـە عەرەبـی و تورکمانییـەکان پێشـڕەوییان کـردووە. ئـا لێـرەدا ئـەم فاکتـەرە ژێرنەتەوەییـە لەگـەڵ فاکتـەری جیۆسیاسـی تورکیـادا بەریـەك دەکەون. بۆیـە لێـرەوە هەرسـێ فاکتـەری سـەرووهەرێمی (فاکتەری جیۆسـتراتیژی ئەمریـکا)، هەرێمی (فاکتـەری جیۆسیاسـی تورکیـا) و فاکتـەری ژێرهەرێمـی (یاخـود فاکتـەری ژێرناوچەیی کورد) پێکدادەکێشـن. ئەگـەر فاکتـەری جیۆسـتراتیژی لـەدژی فاکتـەری جیۆسیاسـی پشـتیوانی لـە فاکتـەری نەتـەوەی بێدەوڵـەت بـکات، ئـەوە هێـزی جیۆسیاسـی دەیدۆڕێنێـت. کاتێـك ئەمریـکاو کـورد یەکیانگـرت، رووخاندنـی رژێمـی سـەددام ئاسـانتر بـوو.
جـا ئەگـەر فاکتـەرە سـەرووهەرێمییەکە لەگـەڵ فاکتـەرە هەرێمییەکـە کێشـەی جیۆسیاسـی هەبـێ، ئـەوە هاوکێشـەکە بەسـوودی فاکتـەرە ژێرنەتەوەییەکە دەشـکێتەوە. ئەگـەر فاکتەری سـەرووهەرێمی و فاکتـەری هەرێمـی هاوپەیـمان بـن، ئـەوە فاکتـەری سـەرووهەرێمی لەنێـوان دوو دۆسـتدا رادەمێنـێ و توانـای بژاردنـی سـتراتیژی یەکلاکـەرەوەی نامێنێـت. وەك ئـەو دۆخـەی ئەمریـکا لەنێـوان تورکیـای هاوپەیمانـی ناتـۆ و کـوردی سـووریادا تووشـی بـووە.
ئەمریـکا لـە تەنگـژەی کۆبانێـوە بەسـوودی کـورد پشـتیوانی ئاسـمانی، هەواڵگـری و لۆجسـتی بۆیـان دەسـتەبەرکردووە. بۆیـە ئـەم پشـتیوانییە چەترێکـی سـتراتیژی بـۆ کـورد فەراهەمکـردووە. لێـرەوە زۆر پسـپۆڕ پشـتیوانی ئەمریـکا بـە فاکتەرێکـی یەکلاکـەرەوە وەسـفدەکەن. بـەڵام تورکیـا تائێسـتاش ئـەم پشـتیوانییە یەکلاکەرەوەیـە هـەرس نـاکات

1 -www.bbc.com, Syria War: US warns over Kurdish – Turkish violence, 29 Aug 2016.

2 -www.theguardian.com, Kareem Shaheen, Kurdish Forces besiege ISIS Figthers in Kobani after massacre of Civilians, 26 June 2015.

وبەشـێوەیجۆربەجۆر بەرپەرچـی دەداتــەوە کــە دواهــەم پەرچەکــرداری دەســتوەردانی زەوینییـە. ئەمــەش هەڕەشــەیەکی سـتراتیژی بــۆ هێــزە کوردییــەکان دەخوڵقێنێــت.
خـۆی ئامادەیـی ئەمریـکا لـە رۆژئـاوای کوردسـتان چەنـد سـتراتیژییەك دەشـۆپێنێت. پێگـەی کـورد لـە رۆژئـاوای کوردسـتان لـە چوارچێـوەی ئـەم سـتراتیژییەدا پۆلێندەکرێـت. هەرچەنـد ئەمریـکا تائێسـتا بەفەرمـی پشـتیوانی لـە پـڕۆژەی کـورد بـۆ پێکەوەنانـی فیدراڵـی رۆژئـاوا - باکووری سـووریا نەکـردووە، بـەڵام بەکـردەوە هاوپەیمانـی سـەربازی لەنێـوان ئەمریـکا و هێزەکانـی سـووریای دیموکراتـی تاڕادەیەکـی زۆر هاوکێشـەی سـتراتیژی گۆڕیـوە. سـتراتیژی ئەمریـکا لەمـەڕ سـووریا و هێـزە کوردییـەکان بریتییـە لـە:

• قەڵاچۆکردنی داعش و تیرۆری سەلەفی جیهادی
• تۆکمەکردنی هێزەکانی سووریای دیموکراتی بۆ قەڵاچۆکردنی داعش
• هێشتنەوەی دۆخی کوردی نافەرمی تاوەکو یەکلابوونەوەی جەنگی ناوخۆیی سووریا

لێـرەوە دەردەکـەوێ ئەمریـکا لەتوێـی سـتراتیژیەتی نەهێشـتنی داعشـدا بایـەخ بـە پێگـەی سـەربازی هێــزە کوردییــەکان دەدات. بۆیــە راســتەوخۆ لــەڕووی زەوینییــەوە خــۆی تێــوە ناگلێنـێ بەڵکـو تەنیـا لەڕووی ئاسـمانی، هەواڵگـری، راوێـژکاری و تاڕادەیەکیش لۆجسـتییەوە پشـتیوانی لــە هێــزە کوردییــەکان دەکات. ئەمریــکا لەکاتــی رووبەڕووبوونــەوەی کــورد و هێزەکانـی ئەسـەد لەشـاری حەسـەکە بەسـوودی کـورد هۆشـداری دایـە هێـزی ئاسـمانی سـووریا.[1] بــەڵام لەکاتــی هێرشــی ســوپای تورکیــا بــۆ ســەر هێــزە کوردییــەکان هەمــان هەڵوێسـتی نەبـووە.
ئەمریـکا هەوڵـدەدا وەك ناوبژیـوان هێرشـەکانی تورکیـا لـەدژی هێـزە کوردییـەکان رابگرێـت ، بـەڵام هێشـتا ئەمـە یەکلایـی نەبووەتـەوەو دیـار نییـە ئەمریـکا تاوەکـو کـوێ پشـتیوانی لـە کـورد دەکات. ئەمریـکا ئەمـڕۆ لەنێـوان تورکیـا و کـورددا راوەسـتاوە. تورکیـاش پێشـنیازی ئــەوە دەکات راســتەوخۆ لەجیاتــی هێزەکانــی ســووریای دیموکراتــی لــە ئۆپەراســیۆنی نەهێشـتنی داعـش لـە رەققـە بەشـداری بـکات ، بـەڵام واشـنتن تائێسـتا وەڵامـی ئەرێنـی بـۆ ئـەم داخـوازەی تورکیـا نەبـووە.[2]
لێـرەدا مەترسـی ئەوەیـە ئەمریـکا ئـەم دەسـتوەردانەی تورکیـا بـۆ رەققـە قبوڵبـکات . ئەوسـا رۆڵــێ ســتراتیژی کــورد لــە چوارچێــوەی ســتراتیژیەتی نەهێشــتنی داعشــدا کاڵدەبێتــەوەو ئەگـەری ئـەوە هەیـە کۆتایـی بـە پـڕۆژەی سـتراتیژی کـوردی بێـت. بـەڵام ئەمـە زۆری مـاوە

1 -www.al-manitor.com, Kadri Gursel, ABDnın Suryedeki Caydırıcı Gücü, Amerikan bayrağı, 21 Aug 2016.
2 -www.cnnturk.com, Erdoğan Obamanın Rakka önerisini açıkladı, 7 Eylul 2016.

و پێناچێ هێزەکانی ئەتڵەسی متمانەی تەواویان بە تورکیا هەبێت . لەگەڵ ئەمەش دەستوەردانی تورکیا، پڕۆژەی ڕاڕەوی کوردی خستووەتە مەترسییەوە. بۆیە پرسیاری سەرەکی ئەوەیە گەلۆ ئەمریکا لەبەرانبەر ئەم پەلامارەی تورکیادا تاوەکو کوێ پشتیوانی لە کورد دەکات و ئایا سنوورێك بۆ تورکەکان دادەنێت؟

## ئەنجام

ڕاڕەوی کوردی لەگەڵ ئەوەی بووەتە ڕۆژەڤی زۆر ناوەندی ئەکادیمی و ڕۆژنامەڤانی، بەکردەوە لەدوای ئۆپەراسیۆنی یەکینەکانی پاراستنی گەل لە گرێسپی و لەگەڵ پێکەوەبەستنەوەی جزیرە - کۆبانی تاڕادەیەك بەدیهاتووە. بەڵام لەوەتەی ئۆپەراسیۆنی هێزە کوردییەکان لە مونبیج سەرکەوتووە و ویستی ئۆپەراسیۆن بۆ جەرابلوس و باب هاتووەتەکایەوە، ڕووبەڕووی کۆسپی جیۆسیاسی تورکیا بووەتەوە. لێرەدا خواستی ڕاڕەوی کوردی بە پارادایمی تورکی ڕاوەستێندراوە!
تورکیا بە ستراتیژی قەڵغانی فرات کۆسپی بۆ "ڕاڕەوی کوردی" ناوەتەوە. بەشێك لەم پرۆسەیە بۆ هەڵەی ستراتیژی خودی کورد دەگەڕێتەوە کە نەیتوانیوە مامەڵەیەکی پراگماتیانە لەگەڵ هاوسێیەکی گەورەی وەك تورکیادا بکات. بەشێکیشی بۆ سیاسەتی کوردۆفۆبیا و سیندرۆمی کوردی لە تورکیا دەگەڕێتەوە کە تائێستاش تێنەپەڕێندراوە. هەروەها تێکەڵکردنی دۆزی ستراتیژی کوردی لە تورکیا لەگەڵ دۆزی کوردی لە سووریا هۆکارێکی گەورەی ناکام مانەوەی پڕۆژەی ڕاڕەوی کوردییە.
ئەگەر پڕۆژەی ڕاڕەوی کوردی بەدیبێ، ئەوە کورد گەلێك دەسکەوتی ستراتیژی لەسەر دەدوورێتەوە: کۆتایی بە جیۆسیاسەتی حەبیسی کوردستان دێت، دەرگاکانی کوردستان بەڕووی جیهانی ئازاددا دەکرێتەوە، سنوورێکی دەریایی بۆ خۆی دەستەبەردەکات، دەتوانێ ئەم ڕاڕەوە بۆ پڕۆژەی گواستنەوەی وزەی هەرێمی کوردستان و ڕۆژئاوای کوردستان بقۆزێتەوە کە بە ڕاڕەوێکی نوێی وزە وەسفدەکرێت. بەمەش زیانێکی گەورە بەپێگەی ترانزێتی تورکیا دەگەیێنێت.
لەگەڵ ئەمە پڕۆژەی ڕاڕەوی کوردی لەگەڵ واقیعی ستراتیژی ناوچەکەدا نایەتەوە. هەرچەند کورد توانیویەتی سنوورەکانی بەدرێژایی 400 کم لە دێرکەوە تاوەکو کۆبانێ فراوان بکات، بەڵام تائێستا نەیتوانیوە ئەم سنوورە لەسەر جەرابلوس - عەزازەوە بە عەفرین بگەیێنێت. ئەمەش عەفرین لەنێو گەمارۆیەکی کوشندەی تورکیا و هێزە

سـەلەفییەکاندا دەخنکێنـێ کـە ئەگـەری کارەسـاتی مرۆییشـی لێدەکرێـت.
لێـرە کـورد تەنیـا بەسـێ فاکتـەر دەتوانـێ پـڕۆژەی راڕەوەکـەی سـەربخات. ئـەم سـێ فاکتـەرەش بریتیـن لـە: یەکـەم، پشـتیوانی ئەتڵەسـی بەتایبـەت ئەمریـکا بـۆ سەرخسـتنی ئـەم پڕۆژەیـە. دووەم، هـاوکاری هێـزی ئۆراسـیایی رووسـیا بـۆ ئـەم پڕۆژەیـە . سـێیەم، رێککەوتـن لەگـەڵ تورکیـا و دەسـتەبەرکردنی هـاوکاری هێـزە محەلییـەکان.
ئـەوەی لـە هەمـوو فاکتـەرەکان بـۆ کـورد یەکلاکەرەوەتـرە بریتییـە لـە پشـتیوانی هێـزە ئەتڵەسـییەکان بەتایبـەت ئەمریـکا. ئەمریـکا دەتوانـێ گوشـار بخاتـە سـەر ئەنقـەرە بـۆ ئـەوەی ئۆپەراسـیۆنی قەلغانـی فـرات رابگرێـت. هەروەهـا ئەمریـکا توانـای ئـەوەی هەیـە بەمیکانیزمـی جیـاواز پشـتیوانی لـە هێـزە کوردییـەکان بـکات بـۆ ئـەوەی بەدەوردانـەوەی هێزەکانـی تورکیـا لەسـەر هێڵـی جەرابلـۆس – عـەزاز، کۆردیدۆرێکـی نـوێ لەباشـووری ئـەم هێڵـە بـەرەو عەفریـن بکەنـەوە.
لــەوە واوەدیکــەش ئەگــەری رێککەوتنــی کــورد لەگــەڵ تورکیــا بەگوشــاری ئەمریــکا، گەلێـك هەڕەشـەی سـتراتیژی لەسـەر کـورد دەڕەوێنێتـەوە. ئەمـە بژارەیەکـی گونجـاوە، چونکـە تائێسـتاش لەنێـو دەوڵەتـە هاوسـێیەکانی کـورددا تورکیـا سـەرباری ئـەو جەنگـەی ئێسـتا هەیـە، لەبارترینیانـە کـە راسـتینەی کـوردی قبوڵبـکات. بۆیـە ناوبژیوانـی ئەتڵەسـی بـۆ پێکهاتنـی کـورد و تورکیـا یەکلاکـەرەوە دەبێـت. بەمـەش پـڕۆژەی راڕەوە کوردییەکـە تاڕادەیـەك لـە واقیـع نزیکدەبێتـەوە.

# ڕۆڵی کورد لە تێکۆشانی تورکیا بەرامبەر تیرۆر

**بیلگای دوومان**

لێکۆلینڤانی شارەزا لە کاروباری ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە ناوەندی ئۆرسام

دژایەتیکردنی تیرۆر یەکێکە لە بابەتە سەرەکییەکانی سیاسەتی دەرەوەی تورکیا و ساڵانێکە لە پارتی کرێکارانی کوردستان PKK وەك ڕێکخراوێکی جوداخوازی ئەتنییەوە بگرە تاوەکو چەپێکی توندڕەوی وەك DHKP-C و گرووپە تیرۆریستییەکانی وەك قاعیدە و داعش و ئاساڵا و 17ی سێپتەمبەر، ڕووبەڕووی جۆرە جیاوازەکانی ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان دەبێتەوە. هاوکاری ناوچەیی و نێودەوڵەتی شوێنێکی گرنگی ئەم تێکۆشانەی تورکیا دەگرێتەوە. بۆ دروستکردنی میکانیزمی بەهێزی دژایەتیکردنی تیرۆر، تورکیا هەم گرنگی بە پەیوەندی دوولایەنە و فرەلایەنە داوە، هەم لە زۆر لە پلاتفۆرمە نێودەوڵەتییەکانیشدا شوێنی خۆی گرتووە. تورکیا پشتیوانی لە ستراتیژی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر کردووە کە ساڵی 2006 بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر بە هەر جۆرە ئامانجێك پەسندکراوە. لەو پەیوەندییەشدا ڕۆڵێکی بەهێزی لە هەوڵە جیهانییەکانی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆردا گێڕاوە.

## تورکیا و ستراتیژی بەرەنگاربوونەوەی داعش

لەدوای دەرکەوتنی داعش، تورکیا لەسەر بنەمای ئاسایشی نەتەوەیی، سەقامگیری ناوچەیی و هەوڵە نێودەوڵەتییەکانی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆردا، وەك بەشێکی گرنگی دژایەتیکردنی داعش دەوری گێڕاوە و دەگێڕێت. تورکیا وڵاتێکە کە زووتر لە هەمووان دەرکی بە هەڕەشەی داعش کردووە. هەر لە ساڵی 2013ەوە، بەرلەوەی داعش و بەرەی نوسرە بەشێکی زۆری خاکی عێراق و سووریا بگرن، بە فەرمی ئەو

ڕێکخراوانـەی لـە لیسـتی تیـرۆر دانـاوە. دوای ئـەوەش، داعـش لـە حوزەیرانـی سـاڵی 2014دا موسـڵی گـرت و باڵادەسـتی خـۆی بەسـەر هەندێـك ناوچـەی عێـراق و سـووریادا سـەپاند. لەقۆناخـە سـەرەتاییەکاندا هێرشـەکانی داعـش بۆسـەر ئۆپۆزیسـیۆن لـە سـووریا و کۆمەڵکوژییەکانـی ئـەو ڕێکخـراوە لـە عێـراق، زۆر سـەرنجی ئەمریـکا و کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتـی ڕانەکێشـا. بـەڵام دواتـر پێشـڕەوییەکانی داعـش لـە عێـراق و کوشـتاری گرووپـە ئەتنـی و مەزهەبییـەکان لـەو وڵاتـە بوونـە هۆکارێـك تاوەکـو ئەمریـکا بکەوێتـە جووڵـە. لەبەرئـەوەش بـۆ ڕزگارکردنـی عێـراق بەبـێ دابەشـبوون، وازی لـە پشـتیوانیکردنی مالیکـی هێنـا و پشـتیگری قۆناخـی دەستنیشـانکردنی سـەرۆك وەزیرێکـی نوێـی کـرد کـە بتوانـێ پشـتیوانی کـورد و سـوونەکانیش دەسـتەبەربکات. لـەو چوارچێوەیـەدا لـە 30ی نیسـانی 2014دا، سـێ مانـگ دوای هەڵبـژاردن، فوئـاد مەعسـووم وەك سـەرۆککۆمار هەڵبَژێـردرا و حکومەتـی نوێـی عێراقیـش دوای دانوسـتاندنێکی زۆر و سـەخت، 5مانـگ دوای هەڵبـژاردن واتـە لـە ئەیلوولـی 2014دا پێکهێـنرا.

لەلایەکـی دیکـەوە دوای ڕوونتربوونـەوەی هەڕەشـەی داعـش، ئەمریـکا سـەرەتا 300 ڕاوێـژکاری سـەربازی ڕەوانـەی عێـراق کـرد و دوای ئـەوەش بـۆ ڕێگرتـن لـە داعـش و پشـتیوانیکردن لـەو گرووپانـەی لـە گەمـارۆی ئـەو ڕێکخـراوەدا بـوون لـە 8ی ئابـی 2014ەوە هێرشـی ئاسـمانی بـۆ سـەر داعـش دەسـتپێکرد. ئـەم هێرشـە ئاسـمانییەش زیاتـر لـە سـتراتیژییەکی هەمەلایـەن، جووڵەیەکـی تاکتیکـی بـوو بـۆ ئـەوەی لەبەرامبـەر داعـش پشـتیوانی لـە کـورد و میلیشـا شـیعەکان بـکات. لەگـەڵ ئەوەشـدا ڕۆژ لـەدوای ڕۆژ داعـش بەهێزتـر بـوو. بەشـداریکردنی کەسـانێك لـە ئەمریـکا و ئەورووپـا بـۆ نـاو ئـەو ڕێکخـراوە، توانـای پەرەپێدانـی چالاکییەکانـی لـە دەرەوەی سـووریا و عێراقـی بـۆ ئـەو ڕێکخـراوە زیاترکـرد. بەوجـۆرەش دەرکەوتنـی داعـش وەك هەڕەشـەیەکی ناوچەیـی و تەنانـەت نێودەوڵەتـی، ئەمریـکای ناچارکـرد تاوەکـو بکەوێتـە جووڵـە. بـاراك ئۆبامـا سـەرۆکی ئەمریکا لـە10ی ئەیلوولـی 2014دا سـتراتیژی بەرەنگاربوونـەوەی داعشـی ڕاگەیانـد و بـەر لـەوەش هـاوکات لەلایـەك پشـتیوانی لـە هەوڵەکانـی پێکهێنانـی حکومەتـی عێـراق کـرد و لەلایەکـی دیکەشـەوە لـە کۆبوونـەوەی لووتکـەی ناتـۆ لـە گالـەر ، هاوپەیمانییەکـی دژی داعـش بـە بەشـداری 10 ئەندامـی ناتـۆ پێکهێنـا و دەسـتی بـە دانوسـتاندن لەگـەڵ هاوپەیمانـە عەرەبەکانـی لـە ڕۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت کـرد تاوەکـو بەشـداری ئـەو هاوپەیمانییـە بکـەن. ئۆبامـا لـە ئێـوارەی 10ی ئەیلوولـی 2014دا لـە گوتارێکـی تەلەڤزیۆنیـدا سـتراتیژی بەرەنگاربوونـەوەی داعشـی ڕاگەیانـد و جەختیکـردەوە کـە ئامانجەکەیـان ئەوەیـە لەڕێگـەی

ستراتیژییەکی فرەلایەنە و قابیلی بەردەوامبوونەوە "پاشەکشە بە داعش بکەن و دواتر لەناوی بەرن". بۆ ئەوەش ستراتیژییەکی راگەیاند کە لە چوار لق پێکهاتبوو:
-هێرشی ئاسمانی بۆ سەر ئامانجەکانی داعش.
-یارمەتیدانی ئەو گرووپانەی بە مەیدانی لەدژی داعش شەڕدەکەن.
-بەکارهێنانی توانای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر بۆ رێگرتن لە هێرشەکانی داعش.
-درێژەپێدانی یارمەتی مرۆیی ئەو کەسانەی بەهۆی هێرشەکانی داعش ئاوارەبوون.
ئۆباما جەختی لەوەشکردەوە کە ئەوان هێزی پیادە بۆ شەڕی داعش رەوانە ناکەن و شەڕێکی وشکانی دیکە لە عێراق ناکەن . بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەرووی مەشق و راهێنان و یارمەتی لۆجستی و هەواڵگرییەوە پشتیوانی سوپای عێراق و هێزە کوردییەکان دەکەن و بۆ رێکخستنی ئەو هاوکارییانەش راوێژکاری سەربازی رەوانە دەکەن . لەگەڵ ئەوەشدا بۆ بەرەنگاربوونەوەی داعش لە سووریا لەگەڵ حکومەتی دیمەشق هاوئاهەنگی ناکەن و لەجیاتی ئەوە یارمەتی سەربازیی ئۆپۆزیسیۆنی سووریا دەدەن و داوای لە کۆنگرێسی وڵاتەکەی کرد پشتیوانی لەم بڕیارەی بکات. سەبارەت بە ستراتیژی سێیەم، ئۆباما رایگەیاند کە لەگەڵ هاوپەیمانەکانمان کاردەکەین تاوەکو بتوانین سەرچاوەی دارایی داعش وشك بکەین و هەواڵگری بەهێزبکەین و رووبەڕووی ئایدیۆلۆژیای داعش ببینەوە. ئۆباما باسی کەسە بیانییەکانی ناو داعشیشی کرد و رایگەیاند کە پێویستە رێگە لە بەشداریکردنی شەڕکەرە بیانییەکان بۆ ناو داعش بگیرێت. وەك خاڵی چوارەمیش ئۆباما باسی لەوەکرد کە درێژە بە هاوکاری مرۆیی کەسانی شیعە و سوننە و مەسیحی و کەمینە ئایینییەکانی دیکە دەدەن کە بەهۆی داعش ئاوارەبوون و تێکۆشانی دژی ئەو رێکخراوەی کە بە "شێرپەنجە" ناوی برد بە شتێکی درێژخایەن ناوزەدکرد.
تورکیا لە قۆناخی سەرەتادا بەرامبەر ستراتیژی ئەمریکا بێ جووڵە مایەوەو رایگەیاند کە شتێکی هەمەلایەن نییە. بەرپرسانی تورك زۆر بەڕوونی ئەوەیان هێنایە سەرزمان کە ئەو ستراتیژیەی بەرگری لە پرۆسەیەکی سیاسی هەمەگیر لە عێراق و سووریا نەکات سەرناکەوێت. لەم چوارچێوەیەشدا جیاوازی بۆچوونی تورکیا و ئەمریکا سەبارەت بە دژایەتیکردنی داعش لە عێراق و سووریا و گۆڕانکارییەکانی سووریا دەرکەوت. بەتایبەتی لە سووریا بەهۆی شەڕی ناوخۆیی، نێوەڕۆکی هەڕەشەکان گۆڕانکارییان بەسەردا هات. لە قۆناخی سەرەتادا رژێمی سووریا وەك کێشەیەکی سەرەکی سەیر دەکرا ، بەڵام دواتر لەگەڵ درێژەکێشانی شەڕ، هەڕەشەی دیکە دەرکەوتن. بۆ ئەمریکا

ڕژێمی سووریا وەك هەڕەشەی یەکەم نەما و تورکیا پانتایی شەڕی دژی تیرۆری زیاترکرد و جەختی لەوەکرد کە پێویستە لە تەنیشت داعش، پارتی یەکێتی دیموکراتی PYD وەك درێژکراوەی پارتی کرێکارانی کوردستان PKK لە باکووری سووریاش بە ئامانج بگیرێت. لەوبارەوە ئاسایشی سنوور بۆ تورکیا وەك بابەتێکی هەرە گرنگ دەرکەوت، بەڵام ئەمریکا هەڵوێستی جیاوازی پیشاندا و بەپاساوی شەڕی دژی داعش مەیدانی بۆ PKK و PYD کردەوە کە هەڕەشە لە سنووری تورکیا دەکەن. تورکیا پێشنیازی دروستکردنی ناوچەیەکی ئارامی لە سووریا کرد، بەڵام ئەمریکا بە پێداگیرییەکی زۆرەوە دژی دەرکەوت. سەبارەت بە سنوورەکان چاوەڕوانی یەکەم ئەوەبوو کە هاتنی پەنابەران لەودیو سنوورەکانی تورکیا کۆنترۆڵبکرێت ، دوای ئەوەش زاڵبوونی ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان لە سنوورەکان زیادبوو. بەهۆی باڵادەستیی داعش، PKK ، PYD و ڕژێمی سووریا لە سنوورەکان، تورکیا وەك ئامانجێکی کراوەی تیرۆریستانی لێهات.
لەوچوارچێوەیەدا سەبارەت بە ستراتیژی بەرەنگاربوونەوەی داعش بەپێی ئەولەویەتەکانی خۆی جووڵاوەتەوە. لەگەڵ ئەوەی پشتیوانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعشی کرد کە ئەمریکا پێشەنگایەتی دەکات، بۆ پڕکردنەوەی بۆشاییەکانی ستراتیژی ئەمریکا لە شەڕی دژی داعش بەپێی ئاسایشی نەتەوەیی خۆی کاری کرد. بۆ نموونە تورکیا سەبارەت بە سەقامگیری سیاسی لە عێراق بە ئاشکرا پشتیوانی خۆی دەربڕیوە و باسی دەرەفەت و ئیمکانەکانی خۆی بۆ هاوکاری لەگەڵ حکومەتی ناوەندی عێراق کردووە.
بەڕوونی وەڵامی داواکارییەکانی حکومەتی عێراقی سەبارەت بە یارمەتی چەك و کەرەستەی سەربازی دایەوە کە بەر لە ڕاگەیاندنی ستراتیژی ئەمریکا و وڵاتانی ڕۆژئاوایی بۆ دژایەتیکردنی داعش کردبووی. هەر لە چوارچێوەی ستراتیژی ئەمریکا بۆ بەرەنگاربوونەوەی داعشیشدا ڕایگەیاندبوو کە ئامادەیە هاوکاری سەربازی پێشکەش بکات. بەڵام دژایەتی خۆی بۆ پێدانی چەك و کەرەستەی سەربازی دەربڕی. تورکیا نیگەرانی ڕەوای هەیە سەبارەت بەوەی کە ئەمە ناسەقامگیری لە تورکیا و عێراق و سووریا زیاتر دەکات. چونکە دوای ئۆپەراسیۆنەکانی داعش لە حوزەیران بەولاوە، قۆناخێکی بەهێزبوونی میلیشیاییبوون لە عێراق دەبینرێت. حکومەتی ناوەندی عێراق یارمەتی سەربازی ئەو هێزانە دەدات کە دژایەتی داعش دەکەن و ئەمەش لەدوای داعش یان لەکاتی لاوازبوونیدا دەتوانێ وەك فاکتەرێك بۆ ناسەقامگیری عێراق ڕۆڵی هەبێت.

## تورکیا و کورد لە چوارچێوەی تێکۆشانی دژی داعشدا

تورکیا لە یەك کاتدا دژی یارمەتیدانی سەربازی بوو بۆ حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق. وەك دەزانرێت هێشتا کێشە سەرەکییەکانی نێوان حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان سەبارەت بە کۆنترۆڵکردنی سەرچاوەکانی وزە، دابەشکردنی داهاتی نەوت، کەرکووك و ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان، بودجەی هەرێمی کوردستان و پێگەی پێشمەرگە چارەسەر نەکراون. لەوانەیە کاتێك کە هەڕەشەی داعش کەمبێتەوە، کێشە بنەڕەتییەکانی عێراق جارێکی دیکە سەرهەڵبدەنەوە. لەبەرئەوەی یارمەتییە سەربازییەکانی ئەمریکا و وڵاتانی رۆژئاوایی دەبنە هۆی پڕچەکبوون و لەوانەشە مەترسی پێکدادانیش لەگەڵ خۆیدا بێنێت. ئاشکرایە کە حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵانی 2011 و 2012دا لەڕووی سەربازییەوە بەرامبەر یەك دەرکەوتوون. ئەم بارودۆخەش بەخراپی کاریگەری لەسەر یەکێتی سیاسی و یەکپارچەیی خاکی عێراق دادەنێت کە تورکیا بەرگری لێدەکات. دەکرێت بگوترێت کە ئەگەر شتێکی بەوشێوەیە لە عێراق رووبدات، تەنیا بەو وڵاتەوە سنووردار نابێ و کاریگەری لەسەر مەسەلەی سووریاش دادەنێت. جگە لەوە، ئەگەری ئەوە هەیە کە ئەو چەك و یارمەتییە سەربازییانەی بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق دەکرێن بکەونە دەستی PKK کە هێشتا لە ناوچەکانی ئەوێ خۆی جێگیرکردووە و تورکیاش ئەم نیگەرانیانەی خۆی بەڕاشکاوی هێناوەتە سەرزمان و بە ئاشکرا بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراقیش باسکراوە. بەڵام داژیەتیکردنی تورکیا بۆ پێدانی چەك و یارمەتی سەربازی لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراقەوە بە هەڵە لێکدراوەتەوە و تەنانەت نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەت لە لێدوانێکیدا گوتوویەتی کە ئەو یارمەتییەی ئەوان لە تورکیا چاوەڕوانیان دەکرد، نەکراوە. ئەمەش وەك هۆکارێك بۆ پرسیارکردن لە رای گشتی هەرێمی کوردستانی عێراق سەبارەت بەوەی کە ئایا پەیوەندییەکانی تورکیا و حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق خراپ بوونە یان نا، رۆڵی هەبووە. لە رۆژی 28-29ی ئەیلوولی 2014دا نێچیرڤان بارزانی کە بۆ بەشداریکردن لە کۆڕبەندی ئابووری جیهان سەردانی ئیستەنبوڵی کردبوو، لەگەڵ هەریەك لە رەجەب تەیب ئەردۆغان سەرۆککۆمار و ئەحمەد داودئوغڵو سەرۆکوەزیری ئەوسادا دیداری کرد. دەکرێت بگوترێت کە بەپێی ئەو شتانەی سەبارەت بە دیدارەکان بۆ دەرەوە ئاشکراکران، حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق

هەوڵی"نوێکردنـەوەی متمانـە"ی داوە. بـەڵام بەگشـتی دەرکـەوت کـە سیاسـەتی تورکیـا بەرامبـەر عێـراق و حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتانی عێـراق نەگـۆڕاوە. لەسـاڵی 2015دا لـە ئەنجامـی رێککەوتنـی تورکیـا و ئەمریـکا، پرۆگرامـی "فێرکـە و پڕچـەك کە"بـۆ ئـەو هێزانـەی دژی داعـش شـەڕدەکەن دانـراوە. لـەو پرۆگرامـەدا، لـە تەنیشـت گرووپەکانـی ئۆپۆزیسـیۆنی سـووریا، مەشـق و راهێنـان بـە پێشـمەرگەش کـراوە و یارمەتـی لۆجسـتی دراوە. لەگـەڵ ئەوەشـدا بـە هاوئاهەنگـی لەگـەڵ هاوپەیمانـی نێودەوڵەتـی و رێککەوتنـی دوولایەنـەی حکومەتـی عێـراق، ناوەندێکـی مەشـق و راهێنـان لـە باشـیك کراوەتـەوە. تورکیـا لەلایەکـەوە لەشـەڕی دژی داعشـدا پشـتیوانی لـە حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان کـردووە و لەلایەکـی دیکەشـەوە بـۆ ئـەو هاوسـەنگییە سیاسـییەی کـە لـە ناوچەکـەدا لەوانەیـە دوای داعـش دروسـتببێت پەیوەندییەکانـی خـۆی لەگـەڵ ئیـدارەی مەسـعود بارزانـی درێژەپێـداوە.

لـە روانگـەی تورکیـاوە شـەڕی دژی تیـرۆر لـە عێـراق و سـووریا واتایەکـی گشـتی هەیـە. بەوهۆیەشـەوە پێویسـتە لـە یـەك چوارچێـوەدا سـەیری تێکۆشـانی دژی داعـش و PKK و PYD لـە عێـراق و سـووریا بکرێـت. کاتێـك مەسـعود بارزانـی رایگەیانـد سـەبارەت بـە شـەڕی دژی داعـش لەگـەڵ تورکیـا رێککەوتوویـن، واتـای ئـەوەی دەگەیانـد کـە پشـتیوانی لـە ئۆپەراسـیۆنەکەی تورکیـا بـۆ سـەر جەرابلـوس دەکات. رۆڵـی تورکیـا سـەبارەت بـە ئۆپەراسـیۆنی موسـڵ، گرنگـی بـۆ کاریگـەری مەسـعود بارزانـی لـە ناوچەکـەدا هەیـە . تورکیـا لـە چوارچێـوەی هاوپەیمانـی نێودەوڵەتـی دژی داعـش، یارمەتـی هەمـوو ئـەو هێـزە لۆکاڵییانـەی داوە کـە دژی داعـش شـەڕ دەکـەن. هـەر لـەو چوارچێوەیـەدا دەزانرێـت کـە تورکیـا لـە ناوخـۆی وڵاتەکـەی و لـە عێراقیـش راهێنـان بـە پێشـمەرگە دەکات. لەگـەڵ گرنگییەکـەی بـۆ مەشـق و راهێنانـی هێـزە لۆکاڵییـەکان، هێـزی تورکیـا کەمپـی باشـیك لـە روانگـەی لەنێوبردنـی داعشیشـەوە گرنگـی خـۆی هەیـە. هێـزی تورکیـا لـە باشـیك تائێسـتا نزیکـەی 470 تیرۆریسـتی داعشـیان کوشـتووەو زیانـی مـادی زۆریـان بـەو رێکخـراوە گەیانـدووە. بەوهۆیەشـەوە بوونـی تورکیـا لـەو ناوچەیـەدا رۆڵـی ئاسـانکاری و پشـتیوانی بـۆ دژایەتیکردنـی داعـش دەگێڕێـت.

لەلایەکـی دیکـەوە، لـە ئەگـەری ئەنجامدانـی ئۆپەراسـیۆنێکی سـەربازی بـۆ نـاو شـاری موسـڵ لـەدژی داعـش، پێویسـتە تورکیـا و هێزەکانـی مەسـعود بارزانـی لـەو ناوچەیـە، بـۆ لاوازکردنـی PKK و PYD لـە شـنگال و دەوروبـەری بەیەکـەوە کاربکـەن و بجوڵێنـەوە. لەنێوبردنـی رێکخـراوە تیرۆریسـتییەکانی دیکـە لەگـەڵ داعـش، بـۆ تورکیـا وەك گرنگییەکـی ئاسایشـی نەتەوەیـی و سـەقامگیری ناوچەیـی دەردەکەوێـت. دەزانرێـت کـە رێکخـراوی

تیرۆرریسـتیی PKK و PYD دەیانەوێـت قەوارەیەکـی بەیەکـەوە بەسـتراو کـە شـنگالی تێدابـێ لـە باکـووری سـووریا و باکـووری عێـراق دروسـتبکەن. ئەمـەش لـەدوای داعـش وەك گرنگتریـن هەڕەشـەی ناوچەیـی لەبەردەمـمان دەردەکەوێـت. ئـەو هێرشـەی لـە باکـووری عێراقـەوە بکرێتـە سـەر تورکیـا، هەروەهـا دەرکەوتنـی پێکهاتەیـەك کـە ئاسایشـی باکـووری عێراقیـش بخاتـە مەترسـییەوە، ناسـەقامگیری سیاسـی بـۆ عێـراق و حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتانی عێـراق زیاتـر دەکات. لـەم خاڵەشـەوە نـەك تەنیـا بەرەنگاربوونـەوەی داعـش ، بەڵکـو دژایەتیکردنـی هەمـوو رێکخـراوە تیرۆریسـتییەکان بـۆ دابینکردنـی ئاسایشـی ناوچەیـی گرنگـە.

لەگـەڵ ئەمانەشـدا لاوازبوونـی PKK و PYD بـۆ کوردایەتیـی مەسـعود بارزانـی لـە ناوچەکـە و پاراسـتنی هێـزی حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتانی عێـراق گرنگـە. هەڵـە نییـە ئەگـەر بڵێیـن لەنێـوان PKK بـە سـەرۆکایەتی عەبـدوڵا ئۆجـەلان و پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان PDK بەسـەرۆکایەتی مەسـعود بارزانیـدا سـەبارەت بـە سـەرکردایەتیکردنی کـورد لـە رۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت ململانێیـەك هەیـە. لەبەرئـەوە دەتوانرێـت بـاس لـە بوونـی رکابەرییەکـی ناوچەیـی لەنێـوان مەسـعود بارزانـی و PKK و PDKدا بکرێـت. ئـەم رکابەرییـە نـەك تەنیـا لـە مەسـەلەی کـورد لـە ناوچەکـەدا، بەڵکـو لە ململانـێ سیاسـییەکانی نـاو حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتانی عێراقیشـدا رەنگیداوەتـەوە. گۆڕینـی هـاوکاری یەکێتی نیشـتمانیی کوردسـتان PUK و بزووتنـەوەی گـۆڕان بـۆ رێککەوتنێکـی نێوانیـان، لـەڕووی سیاسـییەوە پێگـەی PDKی خسـتووەتە ژێـر گوشـارەوە . ئـەوان بـۆ دروسـتکردنی گەمـارۆ و گوشـارەکەیان لەسـەر PDK لـە سیاسـەتی ناوخـۆ، پشـتیوانی لـە PKK و PYD دەکـەن و لـەدژی PDK بەکاریاندەهێنـن. چونکـە هەرچەنـدە گـۆڕان و PUK لـە سیاسـەتی گشـتیدا کاریگەریشـیان هەبێـت، بـەڵام لـە هەولێـر و دهـۆك و ناوچەکانـی ژێـر کاریگـەری PDK لـە شـوێنەکانی وەك شـنگال، زومـار و فیشـخابور کاریگەرییەکـی ئەوتۆیـان نییـە و بـۆ ئـەوەش لـەو ناوچانـەدا هێـز و کاریگـەری PKK و PYD بەکاردەهێنـن تاوەکـو PDKی پـێ لاواز بکـەن. سەرنجڕاکێشـە کـە ئەوکاتـەی مەسـعود بارزانـی سـەردانی تورکیـای کـرد، مـەلا بەختیـار و شـاندێکی PUK چوونـە بەغـدا و بەنـاوی حیزبەکەیـان و حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتانی عێراقـەوە دانوسـتاندنیان کـرد.

وادەردەکەوێـت کـە مەسـعود بارزانـی دەیەوێـت هاوسـەنگی ناوچەیـی لەبەرچاوبگرێـت. ئـەو رۆژەی مەسـعود بارزانـی سـەردانی تورکیـای کـرد، هێمـن هەورامـی بەرپرسـی پەیوەندییەکانـی دەرەوەی PDK رایگەیانـد کـە مەسـعود بارزانـی سـەردانی ئێـران دەکات

و ئەمـەش سەرنجراكێشـبوو. ئـەم راگەیاندنـە واتـای ئـەوەی دەدا کـە مەسـعود بارزانـی ڕۆڵـی ئێـران لـە هاوسـەنگییە ناوخۆییەكانـی حكومەتـی هەرێمـی كوردسـتانی عێـراق لەبەرچاودەگرێـت. خـۆی لـە خۆیـدا هاوسـەنگییەكی نـوێ لـە ڕۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت پەیـدا دەبێـت. لـەم هاوسـەنگییەدا، توركیـا دەیـەوێ بەپێـی ئاسـاییكردنەوەی سیاسـەتی دەرەوە، دیاریكردنـی پێگـەی خـۆی بەپێـی هاوئاهەنگـی و میكانیزمەكانـی هـاوكاری ناوچەیـی، بجوڵێتـەوە. بەتایبەتـی هەنـگاوی بەرچـاوی چارەسـەری سـەبارەت بـە تیـرۆری ناوچەیـی، پێگـەی توركیـا بەهێزتـر دەكات. مەسـعود بارزانـی دەیەوێـت سـەبارەت بـەو هاوسـەنگییەی کـە خەریكـە دیاردەبێـت، هەڵوێسـتێكی هەبێـت و دەسـتكەوتەكانی لـەدوای 2003ەوە بپارێزێـت. بۆیـە دەتوانرێـت بگوترێـت لـە قۆناخـی داهاتـوودا ئەگـەری دەركەوتنـی میكانیزمەكانـی هاوكارییەكـی فرەلایەنـە لەنێـوان توركیـا و حكومەتـی هەرێمـی كوردسـتان لـە ئارادایـە.

وەك ئەنجـام لـە تێكۆشـانی توركیـا دژی تیـرۆردا، لەنێـو كـوردەوە دوو ئەكتـەر دەردەكەوێت. توركیـا لـە شـەڕی دژی تیـرۆردا حكومەتـی هەرێمـی كوردسـتانی عێـراق وەك هاوبـەش سـەیر دەكات. بـەڵام PKK و PYD کـە ئەمریـكا بەبیانـووی شـەڕی دژی داعـش لـە سـووریا پشـتیوانیان دەكات، بەشـێكی گرنگـی شـەڕی توركیـا لـەدژی تیـرۆر پێكدەهێنـن. توركیـا لەوبـارەوە، بەتایبەتـی لەسـەر بەرگریكـردن لـە سـنوورەكان بەشـێوازێكی سـەربەخۆ دەجوڵێتـەوە و تەنانـەت رووبـەڕووی "هاوپەیمانـە سـتراتیژییەكەی" واتـە ئەمریـكا دەبێتەوە. ئۆپەراسـیۆنی قەڵغانـی فـرات لـە ئابـی 2016 ، کـە سـوپای توركیـا دژی داعـش و PKK و PYD لـە باكـووری سـووریا ئەنجامیـدا، وەك نیشـانەیەكی ئـەوە سـەیر دەكرێـت. بـە لەبەرچاوگرتنـی ڕەوتـی پەیوەندییەكانـی توركیـا و ئەمریـكا و ویسـتی هـاوكاری هـەردوولا سـەبارەت بـە ناوچەكـە و هەروەهـا قۆناخـی ئاسـاییبوونەوەی پەیوەندییـەكان لەگـەڵ ئێـران و رووسـیا، هەروەهـا بـە لەبەرچاوگرتنـی پێشـهاتەكانی ناوخـۆی حكومەتـی هەرێمـی كوردسـتانی عێـراق، پەیوەنـدی توركیـا لەگـەڵ حكومەتـی هەرێمـی كوردسـتان لـە قۆناخـی داهاتـوودا لـەڕووی شـەڕی دژی داعـش و PKK و PYD ڕۆڵـی كلیلـی دەبێـت.

وەرگێڕانی لە توركییەوە: دیجلە زەكی

# توركیا، داعش و دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی

**پ.د.عەبدوڵڵا کران**
پسپۆڕی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان- زانکۆی ئالپ ئارسڵان- موش

سیاسەتی تورکیا لە بەرامبەر باشووری کوردستان، بەپێی کات و سەروەریی ئەکتەرە سیاسییەکانی ناوچەکە، دەگۆڕێت . ئەم سیاسەتە کە بەگشتی جوان نییە و بەپێی کونژکتۆرەکان دەگۆڕدرێت، دەکرێ لەنێو خۆیدا بەوشێوەیە پۆلێن بەندی بکریت:
1 - سەردەمی 1920 تاوەکو 1926 . لەم قۆناخەدا تورکیا باشووری کوردستان لە چوارچێوەی سنوورەکانی "میساقی میللی" خۆیدا دەبینێ و دەخوازێت ئەم ناوچەیە بخرێتەوە سەر خاکی خۆی. 2 - قۆناخی 1926 تاوەکو 1986. لەم قۆناخەدا تورکیا دەخوازێت کە هەرێمی کوردستان لەگەڵ عێراق ئەنتگرە بکات و بۆ بنپێکردنی کێشەی نەتەوەیی گەلی کورد، جار جارە بە دزی و جار جارەش بە ئاشکرا هاوکاری عێراق دەکات. 3 - سەردەمی 1990تاوەکو 2003.[1] لەم قۆناخەدا تورکیا جار جارە باسی گەڕاندنەوەی ویلایەتی موسڵ بۆ سەر خاکی تورکیا دەکات و جار جارەش بە کەڵکوەرگرتن لە کارتی تورکمان، هەوڵدەدات کە ئاستەنگ لە پێش ئۆتۆنۆمییەکی فراوانی کورد دابنێ. 4 - قۆناخی چوارەمیش لە 2003ەوە تاوەکو ئەمڕۆ دێت. لەم وتارەدا ئێمە هەوڵدەدەین زیاتر سەبارەت بە قۆناخی چوارەم باسەکەمان درێژە پێبدەین. [2]

1 -Abdullah Kıran, Turkiye’nin Kuzey Irak Politikası, Birikim, Sayı: 148, Ağustos 2001
2 --Ji bo nîrxandineke li ser serdemên pêşî bnr: Abdullah Kıran, Turkiye’nin Kuzey Irak Politikası, Birikim,

## سیاسەتی تورکیا دوای 2003 و کێشەی کەرکووك

لەو رۆژەوەی عێراق دروستبووە تاوەکو ساڵی 2003 ، دەوڵەتی تورکیا لە سیاسەتەکانی دەرەوەیدا هەرچەندە بەردەوامیش نەبووبێت، بەڵام زۆربەی جار لە دژی کورد هاوکاری دەوڵەتی عێراقی کردووە. دوای داگیرکردنی عێراق لەلایەن ئەمریکا و رووخاندنی رژێمی سەدام حوسێن، تورکیا ناچاربوو پێداچوونەوەیەك بە هەڵوێستی خۆی لە بەرامبەر کورد بکات و کاتێك ئۆتۆنۆمی هاتە رۆژەڤەوە، لە دژی ئۆتۆنۆمییەکی فراوان بۆ کورد، وەستایەوە[1]. لەجیاتی ئەوەش، ئەو سیستەمەی بەباشتر زانی کە لەلایەن پۆل برێمەرەوە پێشنیازکرا و عێراقی بۆ 18 ویلایەت دابەشدەکرد. چونکە ئۆتۆنۆمییەکی فراوان دەیتوانی نەتەوەپەروەریی کوردی بەهێزتر بکات و هاندەری بزووتنەوەی کوردیی پارچەکانی دیکەش بێت. بۆیە تورکیا بۆ پێشگرتن بە تەشەنەکردنی نەتەوەپەروەریی کوردی، تورکمانەکانی عێراقی لە دژی کورد بەکاردەهێنا و بۆ ئەوەی کورد نەتوانن بەشێوەیەکی فەرمی کەرکووك بخەنەوە سەر خاکی هەرێمی کوردستان، هەرچی لە دەستهات کردی.

بەپێی دەستووری عێراق کە 15ی ئۆکتۆبەری 2005 لە گشتپرسییەکی فراواندا پەسندکرا، دەبووایە هەرسێ پارێزگای کورد وەك هەرێمێك دانی پێدابنرایە و لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بەڕێوەببرایە. لە خاڵی 113ی دەستووردا کە حکومەتی هەرێمی کوردستان بەرپرسی ئاسایش و هێمنایەتی نێوخۆیەتی و پێشمەرگەش بەشێوەیەکی فەرمی هێزی پاراستنی هەرێمی کوردستانە .[2] هەروەها بەپێی مادەی 140ی دەستووری عێراق دەبووایە لە کۆتایی ساڵی 2007 گشتپرسییەك بۆ چارەنووسی کەرکووك بکرایە و لەئەنجامدا بڕیار لەسەر چارەنووسی کەرکووك بدرایە کە ئایا کەرکووك لەگەڵ حکومەتی ناوەندیی عێراق بمێنێتەوە یان بکەوێتەوە سەر هەرێمی کوردستان. ئەوکات تورکیا بەتووندی لە دژی گشتپرسی وەستایەوە و گوتی بە هەزاران کورد لە کەرکووك نیشتەجێکراون و دیموگرافیای شارەکە لەلایەن کوردەوە گۆڕدراوە .[3] تاوەکو

Sayı: 148, Ağustos 2001

1 -James Dobbins, Seth G. Jones, Benjamin Runkle, Siddharth Mohandas, Occupying Iraq a history of the

2 -Kenneth Katzman & Carla E. Humud, Iraq: Politics and Governance, Congressional Research Service, March 9,2016, https://www.fas.org/sgp/crs/mideast/RS21968.pdf

3 -"Turkey Ponders Northern Iraq Measures, Talabani 'Regrets' Threats," Journal of Turkish Weekly, April 11, 2007, http://www.turkishweekly.net/news/44194/turkey-ponders-northern-iraq-measures-talabani-regrets-

کۆتایـی سـاڵی 2007، تورکیـا حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتانی بـە بەرپرسـیاری سـەرەکیی هێرشـەکانی پارتـی کرێکارانـی کوردسـتان PKK دەزانـی و بـە ئابڵۆقـەی ئابووری هەڕەشـەی لـە باشـووری کوردسـتان دەکـرد.

لـەم قۆناخەدا تورکیا زیاترین کێشـەی لەسـەر کەرکـووک دەنایەوە و نەیدەخواسـت کەرکووک بکەوێتـە سـەر هەرێمـی کوردسـتان. بـەڕای تورکیـا کەرکـووک شـارێکی کـوردی نییـە و بـە مێـژوو و ناسـنامە تورکمانیبـووە. بـەڵام هـەر بەوجـۆرەی کـە نووسـەری ئەنسـکلۆپێدیای پێشـوو کـە بەزمانـی تورکـی بڵاوکراوەتـەوە، لـە کتێبەکـەدا بەنـاوی (قامووسـی ئەلعالـەم)دا دەڵێت"کەرکـووك بەشـێوەیەکی مێژوویـی شـاری کوردانـە". شەمسـەدین شـامی بەوشـێوەیە دەنووسـێت: "سـێ لـە چـواری شـاری کەرکـووك کـورد، یەك لـە چوارەکـەی دیکـەی تورکمان، عـەرەب و کەمـە نەتەوەکانـی دیکـەن . لـەم شـارەدا 760جوولەکـە و 460کریسـتیانیش نیشـتەجێن. "[1]

کەرکـووك لەسـەردەمی عوسـمانییەکاندا ناوەنـدی بەڕێوەبەرایەتـی ویلایەتـی شـارەزوور بـوو. سـاڵی 1879 کەرکـووك خرایـە سـەر ویلایەتـی موسـڵ و کرایـە شـارۆچکەیەکی ئـەو شـارە. سـاڵی 1918 کاتێـك ئینگلیـزەکان موسـڵیان داگیرکـرد، لـە هەولێـر پارێزگایەکـی نوێیـان دامەزرانـد. بەپێـی زانیـاری ئینگلیـزەکان لەسـاڵی 1921دا بەگشـتی 75000 کـەس لـە دانیشـتووانی کەرکـووك کـوردن، 35000 تورکـمان، 10000عـەرەب، 1400جوولەکـە و 600کەسـیش کلدانـی لـەو شـارەدا نیشـتەجێبوون . سـاڵی 1925 لیژنەیەکـی کۆمەڵـەی نەتـەوەکان (عصبـە الامـم) بـۆ چارەسـەرکردنی کێشـەی موسـڵ دێنـە هەرێمەکـە و لێکۆڵینـەوە لەسـەر دیمۆگرافیـای ناوچەکـە دەکـەن. بەپێـی زانیارییەکانـی ئـەم لیژنەیـەش 63%ی دانیشـتووانی کەرکـووك کـورد، 19% تورکـمان و 18% عـەرەب بـوون. [2]

لەسـاڵی 1963ەوە بەشـێوەیەکی سیسـتماتیك دەرکـردن و کۆچبەرکردنـی کـورد لـە کەرکـووك دەسـتپێکردوو. لـە ئابـی 1963دا، عەلـی ساڵح ئەلسـەعدی بـە نـاوی رژێمـی بەعسـەوە، 13 گونـدی کـورد لـە دەوروبـەری کەرکـووك دەڕووخێنێـت. 34 گونـدی دووبـز چۆڵـدەکات و کەسـانی عـەرەب لـە شـوێنیان نیشـتەجێدەکات. بێگومـان ئەمـە سـەرەتا بـوو. پـاش ئـەوەی رژێمـی بەعـس بـە تـەواوی پێگـەی خـۆی پتەوکـرد و سـەروەریی عێراقـی بەدەسـتەوە گـرت و، بـەردەوام خەریکـی دەرکردنـی کـورد بـوو لـە کەرکـووك. لەنێـوان سـاڵانی 1963 تاوەکـو

threats.html.

1 -Mehmet Emin Bozarslan, Tarihteki İlk Türkçe Ansiklopedi’de Kurdistan ve Kurdler, Deny Yayınları, İstanbul 2001, r.151

2 -Nouri Talabany, “Who Own Kirkuk? The Kurdish Case,” Middle East Quarterly, Winter 2007, r.75-78

1988 ، بەگشتی 779 گوندی کورد لە دەوروبەری کەرکووك وێرانکران و بۆئەوەی رێگە لە گەڕانەوەی کورد بگیرێت، مووچە و مەزراکانیان سووتاندن، مەڕ و ماڵاتەکانیان تاڵانکردن، بیری ئاوەکانیان کوێرکردنەوە و گۆڕستانەکانیان وێرانکردن . لەئەنجامی ئەم کردەوە قڕکەرانەدا، 37726 خێزانی کورد لە گوندەکانیان دەرکران. ئەگەر سەری هەر خێزانێك 5-4 کەسیش بێ، کەواتە نزیکەی 200000 کەس لە خاك و وڵاتی خۆیان کران . رژێمی بەعس تاوەکو دەستپێکردنی شەڕی ئێران و عێراق کاری بە سەر تورکمانەکانەوە نەبوو، بەڵام لەکاتی شەڕدا گوندی تورکمانە شیعەکانی کەرکووك رووخێنران.[1]
بێگومان دەوڵەتی عێراق تەنیا کوردانی نیشتەجێی گوندەکانی لە شوێنی خۆیان دەرنەخست، بەڵکو کوردانی نێو شارەکانیش لە ئامانجیدا بوو. کرێکارانی کۆمپانیا نەوتییەکان، فەرمانبەران و مامۆستایانیش بەر پڕیشکی ئەم هۆڤییەتییە کەوتن. رژێمی بەعس ناوی سەرجەم کۆڵان و خوێندنگەکانی گۆڕی و ناوی عەرەبیی لەسەر دانان. ئەو کوردانەی لە شارەکەی دەرکران تەنیا دەیانتوانی موڵکەکانی خۆیان بفرۆشنە عەرەبەکان و جگە لە عەرەب رێگە بە کەسی دیکە نەدەدرا لە کەرکووك موڵك بکڕن. بە هەزاران شوێنی نیشتەجێبوون و گەڕەکی نوێ بۆ عەرەبەکان کرانەوە. جینۆسایدی ئەتنیکی، دوای شەڕی 1991ی کوەیتیش درێژەی هەبوو. حکومەتی عێراق لەساڵی 1997دا قەڵای کەرکووکی رووخاند کە کەوتبووە نێوەڕاستی شار و دێر و مزگەوتی تێدابوو. بەڕای کومیتەی چاودێری مافی مرۆڤ، حکومەتی عێراق لە ساڵی 1991ەوە تاوەکو 2003، بەگشتی 120 تاوەکو 200 هەزار کەس لە کەرکووك دەرکران.[2]
تورکیا بەهیچ شێوەیەك ئەم هۆڤییەتییەی کە لە دژی گەلی کورد ئەنجامدەدرا، وەك پێشێلکردنی مافی مرۆڤ سەیر نەدەکرد. چۆڵکردن و تێکدانی دیمۆگرافیای کەرکووك لە روانگەی تورکیاوە کێشەیەکی نەبوو، بەڵام کاتێك لە 2003 ساڵی دەرفەتێك بۆ کورد هەڵکەوت کە بگەڕێنەوە بۆ ماڵی خۆیان، ئینجا تورکیا باسی تێکدانی دیمۆگرافیای شارەکەی کرد . تورکیا نەیدەخواست کەرکووك بکەوێتە سەر هەرێمی کوردستان، چونکە کاتێك کەرکووك بکەوێتە دەستی کورد، ئەوا کورد لە رێگەی سەربەخۆیی ئابووریدا هەنگاوی گرنگ دەنێن و سەرکەوتنێکی مەزن بەدەستدێنن.
سیاسەتی تورکیا لە بەرامبەر باشووری کوردستان، پاش هاتنە سەر حوکمی پارتی

1 -Nouri Talabany, “Who Own Kirkuk? The Kurdish Case,” Middle East Quarterly, Winter 2007, r.7578-

2 -Iraq: Forcible Expulsion of Ethnic Minorities, vol. 15, no. 3(E) (New York: Human Rights Watch, Mar. 2003). https://www.hrw.org/reports/2003/iraq0303/

داد و گەشـە پێـدان AKPو تێپەڕینـی سـاڵان، گۆڕانـی بەسـەردا هـات، بـەڵام هەڵوێسـتی تورکیـا سـەبارەت بـە کێشـەی گەڕانـەوەی کەرکـووك بـۆ سـەر خاکـی کوردسـتان، گۆڕانێکـی بەخـۆوە نەدیـت. دوای حوزەیرانـی 2014 و داگیرکردنـی موسـڵ لەلایـەن داعشـەوە، کەرکـووك کەوتـەوە دەسـت کـورد و دۆخێکـی نـوێ هاتـە ئـاراوە. پێـش ئـەوەی باسـی ئـەم دۆخـە نوێیـە بکەیـن، پێویسـتە هەندێـك سـەبارەت بـە گۆڕانـکاری لـە سیاسـەتەکانی تورکیـادا بدوێیـن .

## پارتی دادوگەشە پێدان و گۆڕانی سیاسەتەکانی تورکیا

بێگومـان ئـەم گۆڕانکارییـە یەکسـەر دروسـتنەبوو، چونکەAKPیـش لـە سیاسـەتی دەرەوەدا زۆر خێـرا وازی لـەو کردەوانـەی پاشـماوەی سـەردەمی کەمالیسـتەکان، نەهێنا. یاشـار یاکیش، وەزیـری پێشـووتری کاروبـاری دەرەوەی تورکیـا، لـە هەڤپەیڤینێکـی مانگـی ئابـی 2013دا لەگـەڵ تووبـا تەکەرەکـی ئەندامـی دەسـتەی نووسـەرانی رۆژنامـەی (تـەرەف) ، بەوشـێوەیە باسـی ئـەم گۆڕانـە دەکات: "13 سـاڵ پێـش ئێمـە تـازە پارتـی خۆمـان دامەزراندبـوو، وەزیـری پاراسـتنی حکومەتـی هاوپەیمانـی سـەبارەت بـە کوردانـی باکـووری عێـراق راگەیاندنێکـی دابـوو. تێیـدا گوتبوویـان : "ئەوانـە دەیانـەوێ ئۆتۆنۆمـی خێـڵ دروسـتبکەن، دەی بـا بیکـەن بزانیـن". ئـەو کاتـە منیـش ئـەو رۆژنامەیـەم هەڵگـرت و چوومـە ژوورەکـەی عەبدوڵـڵا گیـول و پێمگـوت: "سـەرەتا دەبـێ ئێمـە حکومـەت پێکبێنیـن و دواتـر پێویسـتە ئەوەنـدەی دەتوانیـن خۆمـان لـە راگەیاندنـی بەوشـێوەیە دووربخەینـەوە، چونکـە هێـزی تورکیـاش سـەبارەت بـە رووداوەکانـی عێـراق سـنوورێکی هەیـە. لـە عێـراق چ روودەدات دەبـێ عێراقییـەکان بڕیـاری لەسـەر بـدەن. ئەگـەر عێراقییـەکان بڕیـاری دامەزراندنـی ئـەو ئۆتۆنۆمییـە بـدەن، ئـەوا دروسـتدەکرێت.
پێویسـتە تورکیـا پەیوەنـدی دۆسـتانە لەگـەڵ ئـەم هەرێمـە کوردییـە دروسـتبکات، لەوانەیـە ئـەم هەرێمـە لـە داهاتـوودا ببێتـە دەوڵەتێکـی سـەربەخۆ". ئـەو گوتـی :"باشـە ، بـەڵام بڵێـی ئێمـە بتوانیـن لەنێـو ئـەم هەمـوو رووداوەدا کـە خێـرا روودەدەن، بادانەوەیەکـی بەوشـێوەیە بکەیـن؟ مـن گوتـم :نـا ناتوانیـن ، بـەڵام دەبـێ هەڵوێسـتێکی وامـان هەبێـت". دواتـر هەڵبـژاردن کـرا، بەڕێـز گیـول بـووە سـەرۆك وەزیـران و منیـش بوومـە وەزیـری کاروبـاری دەرەوە. ئەمجـارە پێیگوتـم "یاشـار ئـەوا تـۆ بـووی بـە وەزیـری کاروبـاری دەرەوە، بزانـە دەتوانـی ئـەوە بکەیـت؟ "، گوتـم: ئێسـتا ئەمریکـی هەرێمەکـە داگیردەکـەن، بۆیـە

دژواره، بـەڵام مـن هێشـتا لەسـەر قسـەکەی خۆمـم. ئەوکاتـە سـاڵی 2000 بـوو مـن ئـەم هوشـدارییەم دابـووە بەڕێـز گیویـل، بـەڵام ئەمڕۆکـە ئێمـە لـە پەیوەندیـی دۆسـتانە لەگـەڵ هەرێمـی کوردسـتاندا کەوتووینەتـە پێـش ئەمریـکاوە. واتـە دۆسـتایەتی ئێمـە و کـورد ئەوەنـدە نزیکبووەتـەوە. ئێسـتا مـن بـۆ باکـووری سـووریاش لەسـەر ئـەو بڕوایـەم: دەبـێ سـوورییەکان خۆیـان بڕیـار بـدەن کـە لـە سـووریا چ رووبـدات. پێویسـتە ئێمـە لەگـەڵ کوردانـی سـووریاش بـاش رەفتـار بکەیـن. "[1]

ئـەم گۆڕانـە سیاسـییە یەکجـێ و لەپـڕ دروسـتنەبوو، کاتێـك بـاس دەهاتـە سـەر مافـی کـورد و دەسـتکەوتەکانیان، تورکیـا بـەردەوام خـۆی گێـل دەکـرد. لەگـەڵ ئـەوەی کـە حکومەتـی ناوەندیـی عێـراق لـە ئاریشـەی PKKدا گرنگییەکـی زۆری بـە سیاسـەتەکانی تورکیـا نـەدەدا، بـەڵام تورکیـا بـەردەوام دەیخواسـت کـە لـە دژی کـورد، یارمەتـی بەغـدا بـدات. دیـارە تورکیـا خەمـی کوردانـی نەبـوو، بـەڵام دۆخـی سـووننەکانی عێراقـی بـەدڵ نەبـوو. لـە تشرینـی دووەمـی سـاڵی 2011 کاتێـك ئەمریـکا هێزەکانـی خـۆی لـە عێـراق کێشـایەوە، ئینجـا حکومەتـی ناوەنـدی عێـراق هەڵوێسـتی توونتـری بەرامبـەر سـووننەکان گرتەبـەر. کاتێـك بڕیـاری دەستبەسـەرکردنی تـارق هاشـمی، جێگـری سـەرۆککۆمار دەرکـرا و هـەڵات بـۆ کوردسـتان، تورکیـا بڕیاریـدا وەك پەنابـەر وەریبگرێـت. پـاش ئـەوەی هاتـە تورکیـا، کاربەدەسـتانی سیاسـی خۆشـحاڵییەکی زۆریـان نوانـد و چییـان لەدەسـتهات بـۆ پاراسـتنی کردیـان. تەنانـەت کاتێـك ئینتەرپـۆل بوولتەنێکـی سـووری بۆگرتـن و دەستبەسـەرکردنی ئـەو دەرکـرد، تورکیـا رادەسـتی نەکـرد و بەشـیر ئاتـاڵای جێگـری سـەرۆك وەزیـران، لـە راگەیاندنێکـدا گوتـی: "ئێمـە وڵاتێکـی میوانپەروەریـن . ئێمـە بـە هەسـتیارییەوە بـە دواداچوونـی رووداوەکان دەکەیـن . هاشـمی ئێسـتا میوانـی ئێمەیـە و ئێمـە خاوەندارێتـی لـە میوانەکانمـان دەکەیـن .[2] لـە تەمـووزی 2012دا تورکیـا مافـی پەنابەریـی داوەتـە تاریـق هاشـمی".[3]

ئەیلوولـی سـاڵی2012، رەجـەب تەیـب ئەردۆغـان سـەرۆك وەزیرانـی تورکیـا، بانگهێشـتی نـوری مالیکـی سـەرۆك وەزیرانـی عێراقـی کـرد بەمەبەسـتی ئـەوەی بەشـداری کۆنگـرەی

---

1 -Tuğba Tekerek, “ Asker Suriye’ye Girerse Dönemez,” Taraf, 29.07.2013,

2 -Atalay’dan Haşimi Açıklaması, Sabah, 10.05. 2012, http://www.sabah.com.tr/gundem/2012/05/10/atalay-dan-hasimi-aciklamasi

3 -Ipek Yezdani, “Turkey Gives al-Hashemi, His Team Residence Permit,” Hurriyet Daily News, July 31, 2012, http://www.hurriyetdailynews.com/turkey-gives-al-hashemi-his-team-residence-permit.aspx?pageID=238&nID=26723&NewsCatID=359.

گشـتیی AKP بێـت. لـە هەمـان سـاڵدا پەیوەنـدی عێـراق و تورکیـا بـەرەوە خراپـی دەچـوو و ئەردۆغـان دەیویسـت بـەم بانگهێشـتە، پەیوەندییـەکان باشـتر بکاتـەوە. بـەڵام بانگهێشـتەکەی ئەردۆغـان بـە بیانـووی کاروبـاری دیکـە، قبووڵنەکرا. بەغـدا لـەم بانگهێشـتە دوورکەوتـەوە، بـەڵام حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان بەگەرمـی بەشـداری کونگـرەی AKP بـوو. نزیکبوونـەوەی هەولێـر و ئەنقـەرە، بەغـدای زیاتـر دوورخسـتەوە و درز و کەلێنـی نـوێ کەوتـە پەیوەندیـی نێـوان ئـەم دوو وڵاتـە.

## بەهاری عەرەبی و ئێران، تورکیایان لە کورد نزیکترکردەوە

دوو دینامیکـی هەرێمـی دەورێکـی سـەرەکیان لـە نزیکبوونـەوەی تورکیـا و هەرێمـی کوردسـتاندا، بینـی: 1 - کاریگەرییەکانـی ئێـران لەسـەر حکومەتـی ناوەندیـی عێـراق. -2ئـەو رووداوانـەی هـاوکات لەگـەڵ بەهـاری عەرەبـی، دۆخـی رۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـتیان ئاڵۆزتـر دەکـرد و بـەردەوام تەشـەنەیان دەسـتاند. بەتایبەتـی دوای سـاڵی 2007، کـورد هەوڵیانـدەدا کـە کاریگەریـی ئێـران لەسـەر عێـراق بخەنـە رۆژەڤـەوە تاوەکـو هـاوکاری و پەیوەندییەکانی ئـەم دوو لایەنـە، دەسـتکەوتەکانی گەلـی کـورد نەخاتـە ژێـر مەترسـییەوە. ئەوکاتە هـاوکاری و هاوپەیمانیـی ئێـران و عێـراق لەسـەر بنەمایەکـی ئایینـی گەشـەی دەکرد. لەسـاڵی 2003وە دەسـەڵاتی سیاسـی عێـراق لەدەسـت سـووننەکاندا نەمابـوو و شـیعەکان شـوێنی ئەوانیـان گرتبـووەوە . هەربۆیـە سـووننەکان بەگەرمـی پێشـوازییان لـە گشتپرسـی دەسـتووری عێـراق نەدەکـرد .[1] هـەروەك چـۆن لـە سـەردەمی سـەدامدا سـووننەکان نەیاندەویسـت دەسـەڵاتی عێـراق لەگـەڵ شـیعەکان بـەش بکـەن، ئـەوا ئێسـتاش شـیعەکان سـووننەیان لـە کاروبـاری بەڕێوەبەرایەتـی وڵات دووردەخسـتەوە و شـوێنی ئەوانیـان لـە بیرۆکراسـیی دەوڵەتـدا نەدەکـردەوە. بەوهۆیـەی کـە ئێـران راسـتەوخۆ پشـتگریی شـیعەکانی دەکـرد، هیـچ دەرفەتێـك بـۆ سـووننە و کـورد نەمابـوو کـە بتوانـن لـە بەرامبـەر ئەمـە پەرچەکردارێك بنوێنـن. لـە هەمانکاتـدا هیـچ هاوکارییـەك لەنێـوان سـووننە و کـورددا نەبـوو و تەنانـەت هێـزی سـووننەش لەنێوخـۆدا زۆر پـەرش و بڵاوبـوون.
لـەم دۆخـە ئاڵـۆزەی عێراقـدا، تاکـە یـەك رێگـە لـە پێـش کـورددا هەبـوو: یـان دەبووایـە رادەسـتی ئێـران و شـیعە بـن یـان روو لـە هێزێکـی دیکـەی هەرێمـی بکـەن و بـە هاوکاریی

1 -Kenneth Katzman & Carla E. Humud, Iraq: Politics and Governance, Congressional Research Service, March 9,2016, https://www.fas.org/sgp/crs/mideast/RS21968.pdf

ئەو هێزە لە بەرامبەر هاوپەیمانیی ئێران و شیعەی عێراق، هاوسەنگییەك دروستبکەن. لەو هەلومەرجەدا هیچ دەوڵەتێکی دیکەی ناوچەکە جگە لە تورکیا نەبوو کە بتوانن پەیوەندی و دانوستاندنێکی لەگەڵ دروستبکەن. لە رۆژهەڵاتی ئەوان ئێران، لە رۆژئاوایان سووریا، لە باشووریان شیعەکانی عێراق و لە باکووریشیان تورکیا هەبوو. نەك هەر عێراق بەڵکو پێش ئەوە، سووریا هاوپەیمانی ئێران بوو. هەربۆیەش تەنیا رێگەی تورکیا لە پێش کورددا کراوەبوو. ئەگەر کورد بیانتوانیبا بە ستراتیژێکی راست، ئەم دەرگایە بکەنەوە، ئەوا دەیانتوانی گوڕ و تینێکیان تێبکەوێتەوە، ئەگەر نا، ئەوا کارەکەیان زۆر دژوار دەبوو. رێگەی بەرەوپێشبردنی پەیوەندییە سیاسییەکان، بە بەهێزکردنی پەیوەندییە ئابوورییەکانەوە بەسترابووەوە. لە هەمانکاتدا کوردستان سەرلەنوێ ئاوەداندەکرایەوە و هەزاران کۆمپانیای وەربەرهێنان لەهەولێر بارگەیان خستبوو و زۆر کۆمپانیای تورکیش لەنێویاندا بوون . حکومەتی کوردستان زۆر پڕۆژەی مەزنی وەبەرهێنانی دایە کۆمپانیا تورکییەکان کە پڕۆژەی دروستکردنی فڕۆکەخانەی هەولێر و سلێمانیش لە نێویاندا بوو. لە ساڵی 2003 بەدواوە خودی ئەمریکاش هەوڵی نزیکبوونەوەی کورد و تورکیای دەدا. [1]

هۆکاری دووەم بەهاری عەرەبی بوو. لەگەڵ سەرهەڵدانی بەهاری عەرەبی، هەموو دینامیکی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست سەروبن بوو. بەتایبەت سووریا کاریگەرییەکی زۆری لەسەر تورکیا دانا، چونکە ئەم دوو وڵاتە هاوسنوور بوون و زیاتر لە 900کم سنووریان لە نێواندایە. لە ناوچەکەدا، تورکیا هەر لەسەرەتاوە ئەو هەڵوێستە سیاسییەی پەژراندبوو کە لە دژی رژێمی بەشار ئەسەد بوو. هەروەها تورکیا دەیبینی کە ئێران لەگەڵ عێراق، راستەوخۆ پشتگری سووریا دەکەن. هاوپەیمانیی ئێران، عێراق و سووریا لەسەر بنەمایەکی مەزهەبی گەشەی دەکرد. بەوجۆرەش ئێران دەیویست هێڵێکی ئایینی دروستبکات و لە کەنداوی فارسەوە تاوەکو دەریای سپی وەك هیلالێك کە ناوی "هیلالی شیعە"[2] بێت، دابمەزرێنێت . ئەم بەرنامەیەی ئێران بۆ دامەزراندنی هیلالی شیعە، بەرنامەیەکی ستراتیژی بوو کە لە زووەوە بیری لێدەکردەوە. لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست ، دەوڵەمەندترین سەرچاوە نەوتییەکان لە هیلالی شیعەدان . لەم کاتەدا

1 -Soner Çagatay and Evans Tylyer "Turkey's Changing Relation With Iraq, Kurdistan Up, Baghdat Down," Policy Focus, October, 2012, r. 1. https://www.washingtoninstitute.org/uploads/Documents/pubs/PolicyFocus122.pdf, gihîştin:14.08.20016

2 -Peter W. Galbraith, The End of Iraq, How American Incompetence Created a War Without End, Simon&Scuster (New York,: Paperbacks, 2006) r.6,7189-

ئەنقـەرە دەیویسـت لـە بەرامبـەر ئـەو میحـوەرە شـیعەیە، هاوپەیـمان بـۆ خـۆی بدۆزێتەوە. لـەو دۆخـە ئاڵـۆزەدا، باشـووری کوردسـتان و سـوننەی عێـراق، وەك باشـترین هاوپەیـمان بـۆ ئەنقـەرە دەژمێـردرا.

هۆکارێکـی دیکـەش، دۆخـی PKKبـوو. چونکـە تورکیـا لەسـەر ئـەو بڕوایـە بـوو کـە ئێـران و سـووریا لـە ژێـرەوە هاوکاریـی PKKدەکـەن. لەگـەڵ نزیکبوونـەوە لـە حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان، تورکیـا هیـوای وابـوو کـە کوردانـی باشـووریش، لـە بەرامبـەر PKKبەشـێوەیەکی دیکـە هەڵسـوکەوت بکـەن.

نزیکبوونـەوەی تورکیـا و حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان کاریگەریـی نەرێنـی لەسـەر پەیوەندییەکانـی ئەنقـەرە و بەغـداش دانـا. چونکـە بەغـدا نەیدەویسـت تورکیـا بەبـێ راوێـژ و ئاگاداریـی ئـەوان، راسـتەوخۆ لەگـەڵ کـورد دانوسـتاندن بـکات. بـەڕای عێـراق، تورکیـا بەو کردەوانـە خەسـار لـە سـەروەریی و دەسـەڵاتداریی عێـراق دەدات. بـەر لـەوەی لەگـەڵ کـوردان پەیوەندیـی هەبێـت، دەبـێ لەگـەڵ حکومەتـی ناوەندیـی عێـراق راوێـژ بـکات.

## پەیوەندییەکان لە بواری وزەدا

تورکیـا تاوەکـو ماوەیەکـی نزیـك بـەر لـە ئێسـتا، بـۆ بابەتـی وزە بەغـدای بـە بەردەنگـی خـۆی دەگـرت. نۆرمەکانـی یاسـا نێودەوڵەتییەکانیـش پێویسـتیی بەوەبـوو. تانـەر یڵـدز، وەزیـری وزەی تورکیـاش رایگەیانـد کـە تورکیـا بەپێـی پەیمانـە نێودەوڵەتییـەکان رەفتـار دەکات و بەبـێ رەزامەندیـی بەغـدا، هیـچ پەیمانێکـی بنچینەیـی لەگـەڵ هەولێـر واژۆ نـاکات. ئەگـەر رێککەوتنێکیـش لەگـەڵ هەولێـر لەسـەر بابەتـی وزە دروسـتبکرێت ئـەوا بـە رەزامەنـدی عێـراق دەبێـت.[1]

لـە ئایـاری 2013دا سـەرۆك وەزیـران، ئەردۆغـان ئـەوەی دەربـڕی کـە تورکیـا و ئێکسـۆن مۆبیـل لەگـەڵ حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان پەیمانـی جۆراوجـۆر لەسـەر نـەوت، دەبەسـتن.[2] دوای ئـەوە بـە دوای ئـەو رێگەیانـەدا گـەڕا کـە بەپێـی یاسـا نێودەوڵەتییـەکان بتوانـێ لـە کوردسـتانەوە نـەوت هاوردە بـکات. دانوسـتاندنێکی بەوشـێوەیە، دوو ئاسـتەنگی لـە پێشـدا هەبـوو: -1 لـە بابەتـی بەرهەمهێنـان، دابەشـکردن و فرۆشـتندا، لەنێـوان

---

1 -Denise Natali, “Baghdad and Erbil Clash over Oil,” al-Monitor, June 6, 2012, http://www.al-monitor.com/pulse/originals/2012/almonitor/iraqs-energy-imbroglio.html.

2 -Ollgu Okumuş, “Turkey energy deal with KRG lacks transparency,” Al- Monitor,01.08.2014

حکومەتـی ناوەنـدی و حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتاندا، لێکتێگەیشـتنێك نەبـوو. -2 بەپێـی یاسـا نێودەوڵەتییـەکان، دەبووایـە ئـەم دانوسـتاندنە دانوسـتاندنێکی ڕەوابێـت.
لـە تشرینـی دووەمـی 2013دا تورکیـا و هەرێمـی کوردسـتان پەیمانێکیـان لـە بـواری وزەدا واژۆکـرد. ئامانجـی ئـەم پەیمانـە ئەوەبـوو کـە نەوتـی کوردسـتان سـەرەتا بگاتـە کەنـاری جەیهـان لـە تورکیـا و لەوێـوە هەنـاردەی بازاڕەکانـی جیهـان بکرێـت. بـەڵام حکومەتـی بەغـدا بـە تـەواوی لـەدژی ئـەم پەیمانـە راوەسـتا و گوتـی کـە فرۆشـتنی نـەوت تەنیـا دەبـێ بـە ڕەزامەنـدی ئـەوان بێـت و ئـەم کارە پێشـێلکردنی یاسـاکانی عێـراق بـە دوای خۆیـدا دەهێنێـت، بۆیـە پەیمانێکـی ڕەوا نییـە. ئەمریـکاش پشـتگریی ئـەم هەڵوێسـتەی حکومەتـی عێراقـی کـرد .[1] لەوبـارەوە تورکیـا رایگەیانـد کـە نەوتـی کوردسـتان لـە بەنـدەری جەیهـان عەمبـار دەکرێـت و دوای ئـەوەی حکومەتـی ناوەندیـی عێـراق مۆڵەتیـدا هەنـاردە دەکرێـت. کاتێـك گوشـارە نێودەوڵەتییـەکان لەسـەر تورکیـا زیاتـر بـوون ، کـە گوشـارەکان زیاتـر لـە لایـەن ئەمریـکاوە بـوون، ئـەوکات وەزارەتـی وزەی تورکیـا ئەوەنـدەی توانـی خـۆی لـەم بابەتـە نەبـان کـرد. هەرچەنـدە بەغـدا دەیگـوت کـە ئـەم کێشـەیە دەباتـە دادگای نێودەوڵەتیـی نێوبژیوانیـی پاریـس(International Court of Arbitration in Paris)، تورکیـا لـە ژێـرەوە دەیویسـت دڵـی رابگرێـت. [2]
بێگومـان پرسـێکی گرنـگ لـەم بابەتـەدا، گەیانـدن و گواسـتنەوەی نـەوت بـوو کـە لـە کام ڕێگـەوە یـان بـە کام هێڵـی بۆڕیـدا، نەوتـی کوردسـتان بگاتـە تورکیـا. ئایـا راسـتەوخۆ هێڵێـك لـە کوردسـتانەوە بکێشرێـت یـان لـە ڕێگـەی هێڵـی کەرکـووك- جەیهانـەوە بگوازرێتـەوە؟ هێڵـی کەرکـووك- جەیهـان بەدرێژایـی 970کـم لەسـاڵی 1977دا لەسـەردەمی دەسـەڵاتی ڕژێمـی بەعسـدا راکێشرابـوو .[3] بەپێـی پەیمانـی نێـوان هـەردوو وڵات، نـە تورکیـا و نـە عێـراق بەبـێ ڕەزامەندیـی لایەنەکـەی دیکـە ناتوانـێ ئـەو هێڵـە بەکاربێنێـت . چونکـە پێشـتر کـە تورکیـا ویسـتبووی هێڵـی باکۆ-جەیهـان لـە شـوێنێکدا بخاتـە سـەر هێڵـی کەرکـووك – جەیهـان، حکومەتـی عێـراق مۆڵەتـی پێنەدابـوو .[4] ئەگـەر تورکیـا بیتوانیبـا

1 -Ozan Serdaroglu, “The Turkish-Kurdish energy deal could pave way for Iraq’s breakup,” Middle East Eye, 31 August 2015, http://www.middleeasteye.net/columns/turkish-kurdish-energy-deal-could-pave-way-iraq-s-breakup-617359973

2 -Dorian Jones, “Turkey, Iraqi Kurdistan Seal 50-Year Energy Deal,” VOA, 06.05.2014,http://www.voanews.com/a/turkey-iraqi-kurdistan-seal-50-year-energy-deal/1930721.html

3 -Herçiqas bi awayê Lûleya Kerkuk- Ceyhanê tê binavkirin jî, ya rast du lûle hene. Lûleya pêşî di sala 1977an de ya din jî di sala 1987an de hat vekirin.

4 -Ollgu Okumuş, “Turkey energy deal with KRG lacks transparency,” Al- Monitor,01.08.2014

ڕەزامەندیی عێراق بۆ مەبەستی گواستنەوەی نەوت بە هێڵی کەرکووک – جەیهان وەربگرێت، ئەوا دەیتوانی داهاتێك بۆ خۆی دەستەبەر بکات. ڕێك لەوکاتەدا کە گەڕان بۆ گواستنەوەی نەوتی کوردستان دەستی پێکردبوو، ئاشتی هەورامی، وەزیری وزەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەستنیشانیکرد کە حکومەتی هەرێمی کوردستان هێڵێکی نوێی گواستنەوەی نەوت کە ڕۆژانە توانای گواستنەوەی یەك ملیۆن بەرمیلی هەبێت، ڕادەکێشێت. ئاشتی هەورامی گوتی ڕاکێشانی ئەم هێڵە هەرە زۆر 18مانگ تاوەکو دوو ساڵی پێدەچێت و لە تشرینی دووەمی 2014دا ئامادە دەبێت. [1]

دوای ئەوەی کە ئەمریکاش پشتگریی عێراقی کرد، حکومەتی هەرێمی کوردستان بە دوای ڕێگەیەکدا گەڕا کە ڕێککەوتنێك لەگەڵ حکومەتی عێراق دروستبکات و بەوجۆرەش لە 2ی تشرینی یەکەمی 2014دا هەولێر و بەغدا لەسەر مەرجەکانی فرۆشتنی نەوت ڕێککەوتن. بەپێی ئەم ڕێککەوتنە، حکومەتی هەرێمی کوردستان دەیتوانی ڕۆژانە 300هەزار بەرمیل نەوت بفرۆشێت و 17%ی داهاتەکەی لەلای خۆی بهێڵێتەوە و پاشماوەکەی ڕادەستی SOMOی عێراق بکات. [2] ئەو نەوتەی کە لەلایەن باشووری کوردستانەوە ڕەوانەی بازاڕەکانی جیهان دەکرا، سەرنجی کڕیارانی وەك ئیتاڵیا، فەرەنسا، یۆنان و ئیسراییلی ڕادەکێشا. بەپێی ڕێککەوتنەکە، دەبووایە داهاتی فرۆشتنی نەوتەکە لە هاڵك بانکی تورکیا کۆبکرێتەوە کە ئەمریکا ئەوەی بە دڵ نەبوو. [3]

لەنێوان مانگەکانی ئایار و ئابی 2015دا ، ئیسرائیل 19ملیۆن بەرمیل نەوتی کوردستانی کڕی کە بەهاکەی دەیکردە یەك ملیار دۆلار. ئیسرائیل بەگشتی سێ لەسەر چواری ئەو نەوتەی دەکڕی کە لە کوردستانەوە دەگەیشتە جەیهان . 17%ی نەوتی کوردستان گەیشتە ئیتاڵیا، 8%بۆ یۆنان و 9% خودی تورکیا کڕیویەتییەوە. سەرەڕای ئەوەی کە هەندێك دەیانگوت ئیسرائیل نەوتی کوردستان بە هەرزان دەکڕێت، حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەوەی ڕەتکردەوە. بەپێی هەندێك ڕوانگە، ئیسرائیل بە مەبەستی

1 -K.Irak›tan Türkiye›ye yeni boru hattı," Aljazeere Turk, 31 Ekim, 2013, http://www.aljazeera.com.tr/haber/kiraktan-turkiyeye-yeni-boru-hatti

2 -Lihevkirina HKIê û Bexdayê, tam li ser çi bingehê pêk hat baş nayê zanîn. Li gor ku Amberîn Zaman dinivîse, di Çileyê Pêşî yê sala 2014an de, bi handana DYAyê HKIê û Bexdayê li ser vê bingehê li hev kirin: Ji bo ku Kurd para xwe ya ji butçeye wergirin ewê rojê 550 000 varîl petrole bifiroşin şirketa netewî ya Iraqê SOMOyê. Belê pişt ev Peyman neket jiyanê.

3 -Balkêş e, piştî destnîşankirina vê peymanê, hem muxalefata Tirkiyê û hem jî PKK bi hev re li hember derketibûn.

هاوکاریکردنی کوردستان، نەوتەکەی دەکڕێت .[1] بێگومان فرۆشتنی نەوت بە ئیسرائیل، بەغدای نیگەران دەکات، چونکە عێراقیش وەك زۆر دەوڵەتی عەرەب، دان بە دەوڵەتی ئیسرائیل دانانێن . دیارە ئەگەر بە عێراق بێت، کورد نە دەبێ نەوت بفرۆشن و نە دەبێ هیچ شتێکی دیکە بکەن. سەرەڕای ئەوەی بەپێی یاسای بودجەی عێراق دەبێ 17%ی بودجەی عێراق بۆ کوردستان تەرخانبکرێت، بەڵام حکومەتی ناوەندیی عێراق هەرگیز ئەو مەرجەی بەجێنەهێناوە. لە شوباتی 2014ەوە تاوەکو کۆتایی 2016، لە بەغداوە هیچ پارەیەك رەوانەی کوردستان نەکراوە و حکومەتی عێراق 18ملیار دۆلار قەرزداری کوردستانە.[2]

بێگومان کێشەی ئابووریی کوردستان تەنیا لە ئاستەنگەکانی بەغدا و دابەزینی نرخی نەوت لە بازاڕەکانی جیهاندا سەرچاوەی نەگرتووە. پرسی پەنابەرانیش بووەتە سەرباری ئەمانە و دۆخی کوردان زیاتر تێکدەدات. ئەمڕۆکە 1.8 ملیۆن ئاوارە و پەنابەر کە لە دەست داعش هەڵاتوون لە کوردستان گیرساونەتەوە. بەیان سامی عەبدولڕەحمان، نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئەمریکا کاتێك باسی ئەم پەنابەرانە دەکات سەرنج بۆ سەر ئەم خاڵە رادەکێشێت: "لە ئوردن و لوبنانیش ژمارەیەکی زۆر پەنابەر هەن، بەڵام ئەوان وەك ئێمە لەگەڵ داعش لە شەڕدا نین."[3]

تورکیا نەك هەر بۆ نەوت بەڵکو بۆ گواستنەوە و فرۆشتنی گازی سرووشتیی کوردستانیش لە بازاڕەکانی جیهاندا، بەردەوام هەوڵدەدات. بەتایبەتی دوای ئەوەی لە 24ی تشرینی دووەمی 2015دا فڕۆکەیەکی رووسی لەلایەن هێزە ئاسمانییەکانی تورکیاوە خرایە خوارەوە، بابەتی پەیوەندیی تورکیا بە گازی سرووشتیی رووسیا زیاتر کەوتە رۆژەڤەوە. کۆمپانیای گەنەل ئێنێرژی تورکیا بەمەبەستی ئەوەی کارەکانی لە بواری کێڵگە گازییەکانەوە لەگەڵ هەرێمی کوردستان زیاتر پێشبخات ، دەستی بەهەوڵی نوێکرد. بمانەوێ و نەمانەوێ هاوپەیمانیی تورکیا و هەرێمی کوردستان لە بواری وزەدا راکێشانی هێڵی بۆری و عەمبارکردن دێنێتە رۆژەڤەوە. گەنەل ئێنێرژی بە هیوایە لە ماوەی دوو سێ ساڵدا بنچینەی راگواستنی گازی سرووشتیی کوردستان دروستبکات. ئامانج ئەوەیە کە ساڵانە 20ملیار مەتری سێجا گازی سرووشتی لە کێڵگەکانی هەرێمی کوردستانەوە کە 300کم دوورە بۆ تورکیا، بگوازێتەوە. یەدەگی گازی سرووشتی کە

---

1 -David Sheppard, John Reed and Anjli Raval, “Israel turns to Kurds for three-quarters of its oil supplies,” Financial Times, August 23, 2015

2 -Amberin Zaman, “ Irak Kürdistanı ekonomik çöküşün eşiğinde mi?”, Al- Monitor, 20 Ocak 2016

3 -Amberin Zaman, “Irak Kürdistanı ekonomik çöküşün eşiğinde mi?,” Al- Monitor, 20 Ocak 2016

تائێستا لـە کوردسـتان دۆزراوەتـەوە بـە 11تریلیـون مەتـر سـێجا مەزنـدە دەکرێـت. تورکیـا سـاڵانە 50ملیـار مەتـر سـێجا گازی سرووشـتی بەکاردێنـێ و %55ی لـە رووسـیاوە هـاوردە دەکات .[1] کەواتـە ئـەم هاوکارییـە ئابوورییـە، بخـوازی و نەخـوازی ئـەم دوو وڵاتـە لـە یەکـتر نزیکدەکاتــەوە.

## پرسی سەربەخۆیی و سێ داینامیکی سەرەکی

بابەتـی ئابـووری لەنێـو ئاسـتەنگەکانی پێـش سـەربەخۆیی کوردسـتاندا، پێگەیەکـی گرنگـی هەیـە. پەیوەنـدی فەرمـی کـورد لەگـەڵ بەغـدا، چارەسـەرکردنی کێشـەی ئابـووری ئاڵۆزتـر دەکات. پێـش هەمـوو شـت ئەگـەر کوردسـتان سـەربەخۆ بووایـە، کـورد دەیتوانـی داوای هـاوکاری لـە نەتـەوە یەکگرتـووەکان بـکات و، قـەرز لـە رێکخراوەکانـی بانکـی جیهانـی و IMF وەربگرێـت، تەنانـەت گواسـتنەوەی و رادەسـتکردنەکان بـە فەرمـی بـکات، بـەڵام کـورد لـەوەش بێبەشـن ، چونکـە دەوڵەتێکـی سـەربەخۆیان نییـە.
مەسـعود بارزانـی سـەرۆکی هەرێمـی کوردسـتان، چەندیـن سـاڵە داوای کوردسـتانێکی سـەربەخۆ دەکات. بـەڵام لـە پرسـی سـەربەخۆییدا سـێ داینامیکـی سـەرەکی دێنـە مەیـدان: 1 - داینامیکـی ناوخۆیـی 2 - داینامیکـی هەرێمـی. 3 - داینامیکـی نێونەتەوەیـی. بێگومـان ئەمانـە کاریگەرییـان لەسـەر یەکـتر هەیـە و جارجـارەش تێکەڵـی یەکـتر دەبـن.

**1 - داینامیکی نێوخۆیی**

رای گشـتیی گەلـی کـورد، پارتـە سیاسـییەکان، کۆمەڵگـەی مەدەنـی، هێزەکانـی رێکخسـتن، بەڕیوەبەرایەتیـی نەتەوەیـی و بنەمـا ئابوورییەکانـی، داینامیکـی نێوخۆیـی پێکدێنـن. کاتێـك لێککردنێکـی نەتەوەیـی پێکبێـت، ئـەوا بـە گشتپرسـییەك ، داینامیکـی نێوخۆیـی دەتوانـێ بـۆ سـەربەخۆیی ئامـادە بکرێـت . بـەڕای مـن داینامیکـی نێوخۆیـی رۆڵێکـی سـەرەکی بـۆ سـەربەخۆیی هەیـە. هەبوونـی درز و کەلێـن لەنێـو داینامیکـی نێوخۆییـدا، ئاسـتەنگ لـە پێـش هێـزە سـەربەخۆییخوازەکان بـۆ دروسـتکردنی دەوڵەتێکـی سـەربەخۆ دروسـتدەکات. کاتێـك هەندێـك پارتـی کـوردی بـۆ ئـەو مەبەسـتە دڕدۆنگییـان نوانـد، ئـەوا ئـەم کارە دژوارتـر دەبـێ، چونکـە یەکێتـی ناوخـۆ و سیاسـەتێکی بەبڕیـار، بـۆ ئامادەکردنـی

1 -“Genel Energy courts Turkey with Kurdish gas to reduce reliance on Russia,” Hurriyet Daily News, April 28,2016

داینامیکەکانی دیکەش پێویستییەکی حاشا هەڵنەگرە. ئینجا کاتێك ئێمە لە نزیکەوە سەیری داینامیکی نێوخۆیی بکەین، دیمەنەکان بەبڕیاربوونێکی هاوبەش نیشان نادات. چونکە جار جارە هەندێك پارتی کوردی لە بەرامبەر سەربەخۆیی دەوەستنەوە و ئەمە بە هەموو شێوەیەك بۆ کورد کۆسپ دروستدەکات . بۆ نموونە نەوشیروان مستەفا رێکخەری گشتیی بزووتنەوە گۆڕان، ئێستاش پەیامێکی پتەوی بۆ سەربەخۆیی کوردستان نەداوە و تەنانەت لە هەندێك لە قسەکانیدا لە بەرامبەری وەستاوەتەوە . دوایین جار نەوشیروان مستەفا لە 27ی تەمموزدا گوتی: "لە کاتێکدا پەرلەمان داخرابێت و حکومەت درز و کەلێنی تێدا هەبێت، ئێمە ناتوانین باسی راپرسی و سەربەخۆیی بکەین. گەلی ئێمە ئەوە قبووڵ ناکات." [1]

هەڵوێستی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان و گۆڕان بەرامبەر سەربەخۆیی، لەلایەن سیاسەتمەدارانی عێراقیشەوە وەك هەڵوێستێك لە دژی سەربەخۆیی ئاماژەی پێدەکرێت. نوری مالیکی سەرۆك وەزیرانی پێشووی عێراق، بە ئاژانسی فەرمی ئێرانی راگەیاند: "یەکێتی نیشتمانی کوردستان و گۆڕان، هیچ ئامانجێکی ئەوتۆیان بۆ سەربەخۆیی و دابڕان لە عێراق نییە. ئەم دوو پارتە تەنیا دڵی پارتی دیموکراتی کوردستان خۆشدەکەن و دەزانن کە ئەم بابەتە ناچێتە سەر." [2]

جگە لە یەکێتی وگۆڕان، جارجارەش PKKلە دژی سەربەخۆیی کوردستان قسە دەکات. جەمیل بایك هاوسەرۆکی کۆما جڤاکێن کوردستانKCK ، لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ رۆژنامەی گاردیانی بەریتانی، لە دژی دابەشبوونی عێراق دەوەستێت و دەڵێت: "ئەگەر عێراق دابەشبێت ئەوا شەڕ قووڵتر دەبێت و داعش دەرفەتی زیاتری دەبێت ،بەڵام کاتێك لە دژی داعش یەکبگرن، لە داهاتوودا لە رێگەی دیالۆگەوە جیاوازیی بیروڕاکان چارەسەر دەکرێت" .[3] بایك بەم هەڵوێستەی خۆی ئەوە دەردەخات کە باسی سەربەخۆیی کوردستان ئەوەندەی شەڕ لە بەرانبەر داعش گرنگ و ستراتیژی نییە. راستییەکەی ئەوەیە کە داعش دوو سێ ساڵێکە هەیە، بەڵام سەت ساڵە کورد داوای دەوڵەت دەکات. دووران کالکانی ئەندامی کۆمیتەی بەڕێوەبەریی KCKیش ماوەیەك

1 -“Goran›dan Barzani›ye: Referandum ve bağımsızlık konuşamayız,” 27.07.2016 http://rudaw.net/mobile/turkish/kurdistan/2607201613

2 -“Maliki: YNK ve Goran Bagımsız Kurdistan’a karşı,’’ AmedToday, 15.08.2016 http://www.amedtoday.org/mobil/haber/9693/maliki-ynk-ve-goran-bagimsiz-kurdistana-karsi.html

3 -Fazel Hawramy, “Exclusive: Senior Kurdish rebel leader warns Iraq must stay united to defeat ‹savage› Isis,” The Guardian, 24 December, 2014

پێش ئێستا گوتی کە ئەوان لە دژی سەربەخۆیی کوردستان و دابەشکردنی عێراقن. کاڵکان لە هەمان پەیامدا دەڵێت: "ئێمە لە عێراق دژی بە ناوەندیکردن و هەروەها دژی دابەشکردنی بچووکیشین و ئەوە بە راست نازانین. ئێمە پێمانوایە خۆسەریی دیموکراتیك بۆ گەلانی عێراق بە کەڵکترە." [1]
بخوازی و نەخوازی مرۆڤ دەکەوێتە بیرکردنەوە لەوەی کە ئایا بەڕێوەبەرانی PKK نازانن کە ئۆتۆنۆمی بەپێی یاسا نێوخۆییەکانی دەوڵەتان پێکدێت؟ ئەگەر گەلێك هێزی هەبێ و مەرجە نێودەوڵەتییەکانیش کەم تا زۆر ئامادەبن، ئەوکات ئەو گەلە دەتوانێ راستەوخۆ سەربەخۆیی خۆی رابگەیێنێت، بەڵام ئۆتۆنۆمی دەتوانێ بە گۆڕین و بە سیستەمبوونی یاسای نێوخۆیی پێکبێت.[2] جگە لەوەش ئەمڕۆ هەم لە عێراق و هەم لە سووریا سەربەخۆیی کورد لە دیموکراتیزەکردنی ئەو وڵاتانە ئاسانترە. وەك بڵێی ئەم قسانەی بەڕێوەبەرانی PKKکەم بێت، جارجارەش ساڵح موسلیم هاوسەرۆکی پارتی یەکێتی دیموکراتی PYD، لە بەرانبەر دەوڵەتی سەربەخۆ دەوەستێت و ئامۆژگاریی کوردانی باشوور دەکات کە پێملی سەروەریی بەغدا بن[3]. ئەوەی راستی بێت شرۆڤەکردنی ئەم هەژارییە سیاسییە، زۆر دژوارە.
کاتێك پارتە کوردییەکان بابەتی سەربەخۆیی وەك پرسێکی نەتەوەیی نابینن و ویستی سەربەخۆیی دەکەنە قوربانیی سیاسەتی ناوخۆیی، ناتوانن بۆ بابەتی ئازادی و سەربەخۆیی، پشتگیرییەکی جیهانی پەیدا بکەن.

## 2 - دینامیکی هەرێمی

دەوڵەتانی جیران و دەوروپشتی کورد، پێکهێنەری دینامیکی هەرێمین. دەوڵەتانی جیران تاوەکو چەند ساڵێك پێش ئێستا، ئێران، عێراق، سووریا و تورکیا بوون، ئێستاش لەسەر کاغەز دیارن. بەڵام ئێمە دەزانین کە لەم چوارە، ئێستا سووریا و عێراق، کاریگەرییەکی ئەوتۆیان نەماوە. بۆیە کاتێك باسی دینامیکی هەرێمی دەکەین، لە جیرانە نزیك و هاوسنوورەکان، ئێران و تورکیا بەبیری مرۆڤدا دێن. هەڵوێستی ئەم دوو

1 -“Duran Kalkan: Iran’ın parçalanmasina karŞiyiz,” Bashaber, 10.05.2016 http://bas-haber.com/tr/news/14416/duran-kalkan-rakin-parcalanmasina-karsiyiz

2 -Abdullah Kiran, “Neden bu savaŞ sürdürülemez,” Serbestiyet, 27.08.2015, http://www.serbestiyet.com/yazarlar/abdullah--kiran/neden-bu-savas-surdurulemez-164780

3 -“Elî Ewnî’den Salih Muslim’e: Kanımızı kole olmak için mi doktuk? Basnews, 15.06.206, http://basnews.com/index.php/tr/news/kurdistan/281773

ئەکتەرە سەرەکییە لە پرسی سەربەخۆییدا گرنگە. لەم دوو وڵاتە، هەرچی ئێرانە کەم تاوەکو زۆر هەڵوێستی ئاشکرایە. هەر لە دەستپێکەوە ئێران، دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی وەك هەڕەشەیەك بۆ سەر یەکێتی و یەکپارچەیی خاکی وڵاتەکەی دەبینێت و بەهیچ شێوەیەك ئەوە قبووڵ ناکات. پاش هەڵوەشاندنەوەی رژێمی بەعس و سەدام حوسێن، عێراق و هەروەها دوای "بەهاری عەرەبی"، سووریا بە تەواوی کەوتە ژێر دەستی ئێران. بە تایبەت لە سیاسەتی دەرەوەی ئێراندا، بەغدا و شام بوونەتە دوو ساتراپ (ویلایەت)ی سەردەمی ئیمپراتووریای پارسەکان[1] . لە سەرەتای بڵاوبوونەوەی ئیسلامەوە، واتە لە سەدان ساڵ پێش ئێستاوە، ئەمە جاری یەکەمە کە بەغدا و شام بەوجۆرە بکەونە ژێر کاریگەریی ئێران. بۆیە هەرچەندە عێراق و سووریا لاوازیش بووبێتن، لە پرسی سەربەخۆیی کوردستاندا، ئێران لەجیاتی ئەوانیش بڕیار دەدات. ئەوەی کە ئێران بڵێت "بەڵێ" یان "نا"، ئەوە قسەی ئەوانیشە.
هەرچی تورکیاشە، تاوەکو ماوەیەك پێش ئێستا لەوبارەیەوە وەك ئێران بیری دەکردەوە و راگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی وەك هێڵی سووری سیاسەتی درەوەی خۆی دەستنیشاندەکرد. بۆ نموونە لە 16ی ئایاری 2001لە رۆژنامەی حوڕییەتدا، وتارێك لە سەروتاردا بڵاوکرایەوە کە ئیمزای بولەنت ئەجەوید سەرۆك وەزیرانی ئەوکاتی تورکیای لەسەر بوو. لە هەمان وتار کە لە سەرەوەی نووسرابوو "شاراوە" و "بەپەلە"، بۆ هەشت دەزگای ستراتیژیی دەوڵەت لەوانە، میت، سکرتاریەتی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی و ... رەوانە کرابوو، دەستنیشانیان کردبوو:"راگەیاندنی دەوڵەتی کوردی لە باکووری عێراق، راگەیاندنی شەڕە لە دژی ئێمە". هەروەها لە راگەیاندنەکەدا نووسرابوو: "سیناریۆی راگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی لە باکووری عێراق، لەلایەن ئێمەوە قبووڵ ناکرێت. جاڕدانێکی بەوشێوەیە بۆ ئێمە بە واتای دەستوەردان دێت "[2]. تەواوی ئەم ساڵانە راگەیاندن و گوتاری لەم شێوەیە بە دەیانجار لە رۆژنامەکاندا بڵاوکرانەوە.
ئەمڕۆکە ئەگەر یەکێك لەم دوو جیرانە پشتگیریی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی بکات و ئەمریکاش "گلۆپی سەوز"ی بۆ هەڵبکات، راگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆ کارێکی ئاسان دەبێت .[3] دیسان چ دەبێ با ببێ، بەڵام هەڵوێستی ئەم دوو وڵاتە یەکێك نییە. لەنێو ئەم ساڵانەدا گۆڕانێکی کۆنکرێت لە هەڵوێستی تورکیادا هاتە ئاراوە. ئەگەر

---

1 -Abdullah Kiran, “Türkiye-Kurdistan İttifakı ve Yeni Ortadogu,” Nêrînaazad, 07.07.2014 http://www.nerinaazad.com/columnists/abdullah_kiran/turkiye-kurdistan-ittifaki-ve-yeni-ortadogu

2 -Hurriyet, 16 Mayıs 2001

3 -Amberin Zaman, “Irak Kurdistanı ekonomik çöküşün eşiğinde mi”

قۆناخـی ئاشـتی و چارەسـەری لـە تورکیـا شکسـتی نەهێنابایـە، ئەمڕۆکـە روانگـەی تورکیـا زۆر باشـتر دەبـوو.
هەڵوێسـتی تورکیـا لـە بەرامبـەر کوردسـتانێکی سـەربەخۆ بەتایبـەت لـە قۆناخـی ئاشـتیدا گۆڕانێکـی بەخـۆوە بینـی. حوسـێن چەلیـك، جێگـری سـەرۆکی گشـتی و گوتەبێـژی پارتـی داد و گەشـەپێدان AKP، لـە حوزەیرانـی 2014دا راگەیاندنێکـی بەوشـێوەی سـەبارەت بـە مـژاری سـەربەخۆیی کوردسـتان دا:"بەداخـەوە بەهـۆی سیاسـەتی هەڵـەوە، ئەمڕۆکـە عێراق لەنـاو خۆیـدا وەك سێ پارچـە دەردەکەوێـت. ئێمـە هەرگیـز ئەمـە ناخوازیـن، بـەڵام کاتێـك عێـراق بەوشـێوەیە و بـە فەرمـی دابەشـبێت، وەك هەمـوو گەلانـی عێـراق، کوردیـش مافـی ئەوەیـان هەیـە دەربـارەی داهاتـووی خۆیـان بڕیـار بـدەن. "[1]
وەك دەزانیـن لەنێـو پارتـە سیاسـییەکانی تورکیـادا ئـەوەی زیاتـر لـە هەمـووان "دژی کـورد"ە و سیاسـەتی تورکپەرسـتی بەڕێوەدەبـات پارتـی بزووتنـەوەی میللـی MHPیـە. لەگـەڵ دەسـپێکردنی قۆناخـێ ئاشـتی، نەرمبوونێـك لـە هەڵوێسـتی ئـەم پارتـەدا بەدیدەکرێـت. بەرلـەوەی قۆناخـی ئاشـتی شکسـت بێنێـت و جارێکی دیکە شـتەکان ئاڵۆز ببنەوە، سـەرۆکی فراکسـیۆنی MHP لـە پەرلەمانـی تورکیـا، یوسـف حـەلاج ئۆغڵـوو لـە هەڤپەیڤینێکـدا لەگەڵ رادیـۆی DWدا دەڵێـت: "لـە باکـووری عێـراق دەوڵەتێـك هەیـە کـە بەشـێوەیەکی کردەیـی لـە سـەرکارە. لـەوێ مەرجەکانـی دەوڵـەت پێکهاتـووە. بۆیـە ئەگـەر ئێمـە وەك حیـزب، بـە تەنیـا یەکێتـی و یەکپارچەیـی خاکـی عێـراق بپارێزیـن هیـچ واتایەکـی نابێـت. لـە ئەنجامـدا بـۆ بابەتـی دان پێدانـان یـان نەنـان بـۆ سـەربەخۆیی کوردسـتان، قسـەی یەکـەم حکومـەت دەیـکات. هەڵوێسـتی ئـەوان لەسـەر ئـەم بابەتـەش ئاشـکرایە".حەلاج ئوغڵـوو لـە هەمـان هەڤپەیڤینـدا دەڵێـت کـە راگەیاندنـی دەوڵەتـی کـوردی کاریگەرییەکـی نەرێنـی لەسـەر تورکیـا دادەنێـت. [2]

## بـارزانـی و ئـەردۆغـان لە دیاربـەکر لاپـەڕەیـەکـی نـوێیـان کـردەوە

پێشـڤەچوونی قۆناخـی ئاشـتی، پەیوەندییەکانـی تورکیـا و باشـووری کوردسـتانی گەیانـدە ئاسـتێکی نـوێ. سـەرۆك وەزیـر ئەردۆغـان لـە 16ی بەفرانبـاری 2013دا لـە دیاربەکـر میوانداریـی مەسـعود بارزانـی، سـەرۆکی هەرێمـی کوردسـتانی کـرد. لـەو رۆژەدا دیاربەکـر

---

١ -“AK Partili Çelik: Kurdistan›ı Tanırız Demedim,” Haberler.com, 30 Haziran 2014

2 -Aram Ekin Duran, “Türkiye, ‘Kürdistan’a hazır mı? Deutsche Welle Türkçe, 04.07.2014,

کـه لـە مێشـك و دڵـی کوردانـدا وەك پایتەختـی کوردسـتان جێی گرتبـوو، بە ئاڵای کوردسـتان ڕازایـەوە. لەسـەر هەندێـك لـە لافیتـەکان بـۆ پێشـوازی لـە بارزانـی نووسرابـوو: "بەخێـر بێـت بـۆ ماڵـی خـۆت"، "بـژی سـەرۆك بارزانـی". مەسـعود بارزانـی لـەم سـەفەرەدا شـڤان پـەروەری هونەرمەنـدی کـوردی لەگـەڵ خـۆی هێنابـوو. شـڤان پـەروەر پـاش 37سـاڵ دووری و تاراوگـە، بـە سـەربەرزی گەڕایـەوە بـۆ وڵاتەکـەی. ئەردۆغانیـش وەك ژێسـتێکی بـاش، هونەرمەنـدی نـاودار ئیبراهیـم تاتلیسەسـی لەگـەڵ خـۆی بـۆ دیاربەکـر هێنابـوو. بارزانـی و شـڤان پـەروەر لەکاتـی هاتنـدا لەلایـەن مەهـدی ئەکـەر، وەزیـری دەوڵەتـەوە پێشـوازییان لێکـرا. بـە هـەزاران دیاربەکریـش بـە ئـاڵای ڕەنگینـەوە چوونـە پێشـوازیی بارزانـی. دیاربەکر تاوەکـو ئـەوکات میوانداریـی گەلێـك ڕۆژی مێژوویـی کـردووە، بـەڵام ئـەو ڕۆژە ڕۆژێکـی جیـاواز بـوو. لـەو ڕۆژەدا شـڤان پـەروەر بـەو وشـانە هەسـتەکانی خـۆی هێنایـە زمـان: "بـا ئێمـە هەموومـان دڵشـاد بیـن. ئێمـە بـۆ ئـەوە هاتیـن کـە بەشـداری ئـەم شـادییە بیـن. گەلێـك شـت هەیـە کـە باسیان بکەیـن، بـەڵام دواتـر باسیان دەکەیـن. ئێمـە هاتینـەوە بـۆ وڵاتـی خۆمـان. شـتی خـۆش ڕوودەدەن، مـن زۆر سوپاسـتان دەکـەم. "[1]

سـەرۆك بارزانـی لـە دیاربەکـر لەلایـەن لیژنەیەکـی بـاڵاوە پێشـوازی لێکـرا. ئەحمـەد داود ئۆغڵـوو وەزیـری کاروبـاری دەرەوە، هاتـە دیاربەکـر و سـەفەرەکەی ئەمریـکای دواخسـت. ئـەو ڕۆژە موعەممـەر گولـەر وەزیـری کاروبـاری ناوخـۆ، نابـی ئاوجـی وەزیـری پـەروەدە، مەهـدی ئەکـەر وەزیـری کار و کشـتوکاڵ، فاتمـە شـاهین وەزیـری خێـزان و سیاسـەتی کۆمەڵایەتـی، بولەنـت ئارنـج، بەشـیر ئاتـاڵای و بەکـر بـۆزداخ جێگرانـی سـەرۆك وەزیـران، هەمـوو لـە دیاربەکـر بـوون. لـە پارتـی ئاشـتی و دیموکراتـی BDP، عوسـمان بایدەمیـر، سـەرۆکی شـارەوانیی مـەزن و سـڕی سـاکیك، ئاڵتـان تـان، ئەسـەد جانـان و لەیـلا زانـا پەرلەمانتارانـی سـەربەخۆ، لـە فڕۆکەخانـەی دیاربەکـر، لەگـەڵ نوێنـەران و وەزیرانـی پارتـی داد و گەشـە پێـدان، پێشـوازییان لـە سـەرۆك وەزیـران ئەردۆغـان کـرد. [2]

لەکاتـی شـەڕ و پێکدادانەکانـدا کاتێـك سـەرۆك وەزیـران ئەردۆغان یـان وەزیرانـی حکومەت دەهاتنـە دیاربەکـر، شـارەوانیی دیاربەکـر بەمەبەسـتی ئیدانەکـردن تەنانـەت زبڵەکانـی سـەر شـەقام و کۆڵانەکانـی کۆنەکـردەوە. بـەڵام ئەمجـارە شـار وەك بووکێـك ڕازێنرابـووەوە. کاتێـك بەهـۆی زۆری ترافیـك ئەگـەری ڕاوەسـتانی هاتوچـۆی ئۆتۆمبێلـەکان دروسـتبوو، هاووڵاتییـەك سـواری ئۆتۆمبیلـی پۆلیـس بـوو و بـە کـوردی و تورکـی داوای لـە خەڵـك

1 -“Barzani ve Perver Diyarbakir’da,” 16 Kasım 2013

2 --“Barzani ve Perver Diyarbakir’da,” 16 Kasım 2013

دەكرد تاوەكو ڕێگە بكەنەوە.
ئەردۆغان لە قسەكانیدا باسی هاتنی مەلا مستەفا بارزانیی بۆ دیاربەكری كرد كە چۆن 81 ساڵ پێش، واتە ساڵی 1932كاتێك شار و گوندی كوردان بومبارانكرابوون، ئەوان لە عێراق هەڵاتن و لە شەمزینانەوە دەربازی توركیا بوون. لەو سەفەرەدا مەلا مستەفا بارزانی ترسی ئەوەی لێ نیشتبوو كە توركیا لەسێدارەیان بدات، بەڵام ڕەفتارێكی باش و ئینسانیان لەگەڵ كرابوو. ئەردۆغان بە هێنانەوەی ئەكتێك لە قازی محەممەد باسی دینداری و دڵسۆزی و دروستبوونی مەلا مستەفای كرد و ڕێزی لێگرت. سەرۆك وەزیرانی توركیا بەوشێوەیە درێژە بە قسەكانی دەدات: "منیش ئەمڕۆ میوانداریی كوڕەكەی مەلا مستەفا، هاوڕێی بەڕێزم مەسعود بارزانی دەكەم. تۆش وەك باوك و مامەكانت بەخێربێی بۆ وڵاتی براكانت لە توركیا. بەخێربێی بۆ شارەكەمان. من سڵاوی گەرمی خۆم ئاراستەی بەڕێزت و لە ڕێگەی كەسایەتی بەڕێزتانەوە ئاراستەی براكانم لە هەرێمی كوردستانی باكووری عێراق دەكەم. "[1]
پێشكەوتنی پەیوەندییەكانی توركیا و باشووری كوردستان، نەرمبوونەوەیەكی لە هەڵوێستی توركیا بەرامبەر دامەزراندنی دەوڵەتی كوردی نیشاندەدا و ترسە مێژووییەكەی توركیای شكاندبوو یان تاوەكو ئاستێك كەمی كردبووەوە. كاتێك كە هێشتا قۆناخی ئاشتی بەردەوامبوو، ڕۆژنامەی Frankfurter Allgemeine Zaitung پرسیارێكی ئاوای لە ئەحمەد داود ئۆغڵوو كردبوو: "لە كوردستانی عێراق دەلاقەیەك بۆ ڕاگەیاندنی دەوڵەتێكی سەربەخۆ كراوەتەوە، ئایا ئەمە هەڵگری هیچ مەترسییەكە بۆ توركیا؟" ، ئەحمەد داود ئۆغڵوو ئاوا وەڵامی دابووەوە: "كوردستانێكی سەربەخۆ نەك بۆ توركیا، بەڵكو دەتوانێ مەترسییەك بێت بۆ سەقامگیریی ناوچە. كاتێك سنوورەكان بگۆڕدرێن، پێكدادان و گرژیی نێوان دەوڵەتەكان زیاتر دەبێت. باشتر وایە سنوورەكان وەك خۆیان بهێڵنەوە. " [2]
پاش ئەوەی قۆناخی ئاشتی كۆتایی پێهات، هەڵوێستی گەلی تورك بەرامبەر ڕاگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆی كوردی بەرەو خراپی گۆڕا. كۆمپانیای لێكۆڵینەوەیی و ڕاوێژكاریی ئۆپتیمار لە 26شاری توركیا ڕاپرسییەكی لەگەڵ 2037كەس ئەنجامدا، كە یەكێك لە پرسیارەكان سەربەخۆیی كوردستان بوو. كۆمپانیا پرسیارێكی ئاوای لە بەشداربووانی

1 -Erdogan İlk Kez "Kürdistan" dedi, mynet, 17 Kasım 2013, http://www.mynet.com/haber/guncel/erdogan-ilk-kez-kurdistan-dedi--8626371-

2 -"Davutoglu: Bagımsız Kurdistan bölge için tehlike," İlke Haber,14.01.2015,

راپرسـییەکە کردبـوو: "ئەگـەر عێـراق و سـووریا دابـەش بـبن و کوردسـتانێکی سـەربەخۆ دابمەزرێـت (کـورد سـەربەخۆیی رابگەیێنـن)، تورکیـا دەبێ چ بـکات؟"، 37%ی بەشـداربووان دەڵێـن "دەبـێ بەشـێوەیەکی دیپلوماتـی رەفتـار بکرێـت و ئـەو بڕیـارە پەسـەند نەکرێـت"، 33.1%دەڵێـن "ئەگـەر پێویسـت بێـت دەبـێ دەسـتتێوەردانێکی سـەربازی بکرێـت و رێگـە لـەم بڕیـارە بگیرێـت"، 13.1% دەڵێـن "رێکخـراوە نێودەوڵەتییـەکان چۆنیـان رەفتارکـرد دەبـێ تورکیـاش وابـکات"، 7.9% دەڵێـن "دەبـێ دان بـە کوردسـتانی سـەربەخۆ دابنرێـت و پشـتگیری لێبکرێـت". حیلمـی داش دەمیر، سـەرۆکی لێژنـەی بەڕیوەبەرایەتیـی ئۆپتیـمار دەڵـێ ئـەوان چـوار جـاران ئـەم راپرسـییەیان ئەنجامـداوە. [1]

## ترسی ئێران لە دەوڵەتی کوردی کەمنەبووە

لەنێـو دەڵەتانـی ناوچەکـەدا ئـەوەی لـە هەمـووی زیاتـر دژی دامەزراندنـی دەوڵەتـی کوردییـە و هەمیشـە بەتوونـدی لـە دژی دەوەسـتێتەوە ئێرانـە. کاتێـك ئایەلـەت شـاکاد وەزیـری دادی ئیسرائیـل، لـە قسـەکانیدا گوتـی: "پێویسـتە لەنێـوان تورکیـا و ئێرانـدا کوردسـتانێك دروسـتبێت" ، ئێـران زۆر تـووڕە بـوو. عەلـی ئەکبـەر ویلایەتـی کـە 16سـاڵ وەزیـری دەرەوەی ئێـران بـوو، بەوشـێوەیە وەڵامـی شـاکاد دەداتـەوە: "رژێمـی زایۆنیسـتی دەیەوێـت لـە ناوچەکـە ئیسرائیلـی دووەم و سـێیەم دروسـتبکات". ویلایەتـی بەوشـێوەیە درێـژە بـە قسـەکانی دەدات: "دووژمنانـی ئیسـلام بەشـێوەیەکی سرووشـتی قسـەی لـەم شـێوەیە دەکـەن. بـەڕای ئێمـە تورکیاش مۆڵەتی شـتی لەم چەشـنە نـادات و رژێمیزایۆنیسـت هەرگیـز ناگاتـە ئـەم ئامانجـەی. "[2]
سـەرەڕای ئـەوەی پەیوەندییەکانـی ئێـران و ئیسرائیـل بـەر لـە شۆڕشـی ئیسـلامی زۆر باشـبوون، دوای شـۆڕش ئایەتوڵـڵا خومەینـی ئیسرائیلـی بە دووژمنی ئیسـلام راگەیاند. موشـێ ئارەنـس کـە سـەردەمێك وەزیـری دەرەوەی ئیسرائیـل بـوو سـەبارەت بـە پەیوەندییەکانـی هـەردوو وڵات گوتبـووی: "ئێمـە پەیوەندییەکـی پتەومـان لەگـەڵ شـای ئێران هەبـوو، بـەڵام لـە شـەوێکدا تێکچـوو".[3] لـە روانگـەی خومەینییـەوە ئەمریـکا "شـەیتانی گـەورە" و ئیسرائیل

1 -"Turkler Bağımsız Kurdistan'a Nasıl Bakıyor? Çarpıcı Sonuçlar," Bitlisname, 03.03.2016 http://www.bitlisname.com/201603/03//turkler-bagimsiz-kurdistana-nasil-bakiyor-carpici-sonuclar/

2 -İran: "2. İsrail, Kürdistan'a izin vermeyiz," http://www.viagazete.com/201628/01//iran-2-israil-kurdistana-izin-vermeyiz/

3 -Alain Gresh, "Turkish- İsrael- Syrian Relations and Their İmpact on the Middle East", The Middle East

"شـەیتانی بچـووك" بـوو [1]. دیـارە کـە هەڵوێسـتی ئیسرائیـل سـەبارەت بـە کێشـەی گەلـی کـورد، ڕۆڵێکـی گرنگـی لـە دووژمنایەتـی ئێـران و ئیسرائیلـدا هەیـە.
حوسـێن ئەمیـر عەبدوڵلاهیـان لـە وەزارەتـی دەرەوەی ئێـران، گوتبـووی: "ئێـران بـە هەمـوو شـێوەیەك دژی دابەشـبوونی عێراقـە.[2] بەگوێـرەی هەواڵەکانـی ئاژانسـی فـارس، حوسـێن جابـری ئەنسـاری، گوتەبێـژی وەزارەتـی دەرەوەی ئێـران سـەبارەت بـە دیـدار لەگـەڵ مـەسرور بارزانـی سـەبارەت بابەتـی سـەربەخۆیی کوردسـتان دەڵێـت: "سـەربەخۆیی و یەکپارچەیـی خاکـی عێـراق بـۆ پاراسـتنی بەرژەوەندییەکانـی گەلـی عێـراق و بـۆ پاراسـتنی بەرژەوەندییەکانـی ناوچەکـە و جیهـان گرەنتییـە. "[3]
لـە پرسـی سـەربەخۆیی کوردسـتاندا هەڵوێسـتی کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتـی و بەتایبـەت دەوڵەتانـی ئەندامـی ئەنجوومەنـی ئاسایشـی نەتـەوە یەکگرتـووەکان (ئەمریـکا، چیـن، رووسـیا، فەرەنسـا و بەریتانیـا) زۆر گرنگـە. چونکـە ئەمڕۆکـە کاتێـك دەوڵەتێك سـەربەخۆیی رابگەیێنێـت و بخـوازێ ببێتـە ئەندامـی نەتەوەیەکگرتـووەکان، سـەرەتا دەبـێ ئەندامـە هەمیشـەییەکانی ئەنجوومەنـی ئاسـایش، ئـەو دەوڵەتـە پێشـنیاز بکـەن بـۆ ئەنجوومەنـی گشـتی و ئەنجوومەنیـش داخـوازی بـە ئەندامبوونـی بخاتـە دەنگدانـەوە .[4] مەسـعود بارزانی لـە هەڤپەیڤینێکـدا لەگـەڵ کەناڵـی ئەلجەزیـرەدا سـەبارەت بـە هەڵوێسـتی ئەمریـکا و ئەورووپـا دەربـارەی پرسـی سـەربەخۆیی کوردسـتان دەڵێـت: "ئـەوان لـە دۆخـی کـورد و راسـتییەکان تێدەگـەن. پێدەچـێ دەربـارەی کاتـی گشتپرسـی روانینـی جودایـان هەبێـت و ئـەوەش دەرببـڕن، بـەڵام هیـچ لایەکیـان دژی سـەربەخۆیی کوردسـتان نیـن." [5]
هەرچەنـدە دەوڵەتـە مەزنـەکان لـە پرسـی سـەربەخۆیی کوردسـتاندا راشـکاوانە رای خۆیـان دەرنابـڕن و ئەمریـکا پێیوایـە کـە هێشـتا زووە، بـەڵام دەوڵەتـە دیموکراتەکانـی ئەورووپـا بەتایبـەت دەوڵەتانـی سـکاندیناڤیا و ئیسرائیـل لـە هـەر دەرفەتێکـدا پشـتگیری خۆیـان بـۆ دەوڵەتـی کـوردی دەردەبـڕن. بنیامیـن نەتانیاهـوو، سـەرۆك وەزیرانـی ئیسرائیـل سـاڵی 2014گوتـی: "کـورد میللەتێکـی شـەڕڤانن و مافـی ئەوەیـان هەیـە سـەربەخۆیی سیاسـییان

Journal, vol. 52, Number 2, Spring 1998.

1 -Peter W. Galbraith, End Of Irak, Simon & Schuster Paperbacks, New York,2006, r.14.

2 -" İran Şaşırtmadı: bağımsız Kurdistana Karşıyız," İlke Haber, 02.07.2014

3 -" İran Şaşırtmadı: bağımsız Kurdistana Karşıyız," İlke Haber, 02.07.2014, http://www.ilkehaber.com/haber/iran-sasirtmadi-bagimsiz-kurdistana-karsiyiz٣٠٠٠١-.htm

4 -UN Charter, Chapter III, Article: 4

5 -"Barzani: ABD ve Avrupa bagımsız Kurdistan'a karşı değil," Ufkumuz, 16.04.2016, http://www.ufkumuz.com/barzani-abd-ve-avrupa-bagimsiz-kurdistana-karsi-degil-49015h.htm

هەبێـت. "[1]

بەهـاری 2015سـەرۆکی کوردسـتان بـۆ گەشـتێك رووی لـە ئەوروپـا کـرد و لـە یەکـەم وێسـتگەدا لـە هەنگاریـا، کۆبوونەوەیەکـی لەگـەڵ سـەرۆك وەزیـر ڤیکتـۆر ئۆربـان سـازکرد. پـاش کۆبوونەوەکـە کاتێـك هـەردوو سـەرۆك چوونـە کۆنفرانسـی رۆژنامەڤانـی، سـەرۆك ئۆربـان لـە وەڵامـی پرسـیارێکی پەیامنێـری (تـۆڕی میدیایـی رووداو)دا گوتـی: "هەنگاریـا هـاوکاری و پشـتگیری سـەرجەم ئـەو گەلانـە دەکات کـە دەیانـەوێ سـەربەخۆ بـن. هـەر بەپێـی ئەمـەش ئێمـە هەرێمـی کوردسـتانیش دەپارێزیـن. سـەرەڕای ئـەوەی کوردسـتان ئێسـتا سـەربەخۆ نییـە، بـەڵام لـە شـەڕی بەرانبـەر تیـرۆردا نوێنەرایەتیـی جیهـان دەکات".[2]

## داعش: مەترسی و دەرفەتەکانی بەردەم کوردستان

لـە 6ی حوزەیرانـی 014دا هێزەکانـی داعـش لـە نزیـك موسـڵ لەگـەڵ هێـزە ئەمنییەکانـی عێـراق تێکهەڵچـوون و لـە باشـووری شـارەکە لـە ناوەنـدی ئیسـتخباراتی ئەلقاهیـرە تەقینـەوەی خۆکوژییـان ئەنجامـدا. لـە 7ی حوزەیرانـدا لـە هەندێـك لـە گەڕەکەکانـی شـار لەوانـە، ئەلیەرمـووك کارەبـا بـڕا. 8ی حوزەیـران شـەڕ لـە باکـووری رۆژهەڵاتـی شـارەکە گوڕتـر بـوو. 9ی حوزەیـران نەخۆشـخانە و باڵەخانەکانـی حکومـەت لـە نەینـەوا کەوتنـە دەسـت داعـش و ئوسـامە نوجەیفـی پارێزگاری موسـڵ، داوای هـاوکاری کـرد. 10ی حوزەیران فڕۆکەخانـەی موسـڵ کەوتـە دەسـت داعـش و بـە هاوکاریـی سـوپای نەقشـبەندیی موسـڵ، تـەواوی شـارەکە لەلایـەن داعشـەوە کونترۆڵکـرا. نـووری مالیکـی سـەرۆك وەزیرانـی عێـراق داوای لـە پەرلەمـان کـرد کـە دۆخـی نائاسـایی رابگەیێنێـت .[3] لـە 11ی حوزەیرانـدا 500هەزار کـەس لـە موسـڵ هەڵاتـن کـە سێسـەت هەزاریـان روویانکـردە هەرێمـی کوردسـتان. لەوکاتـەدا حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان 30 هـەزار پێشـمەرگەی نـاردە سـنووری موسـڵ و 20 هـەزار پێشـمەرگەش لـە هەرێمـی کەرکـووك و گەرمیـان جێگیرکـرد. شـاری تکریـت کـە بـە وڵاتـی سـەدام حوسێن دەناسرێـت کەوتـە دەسـت داعـش و، داعـش لـە شـاری سـامەرا نزیکبـووەوە کـە تەنیـا 100کـم لـە بەغـداوە دوورە. لـە هەمـان رۆژدا داعـش لـە موسـڵ

1 -“Bagımsız Kurt Devletini Tanıyacagını Açıklayan İlk Ulke,” Bitlisname, 07.02.2016 http://www.bitlisname.com/۰۷/۰۲/۲۰۱٦/bagimsiz-kurt-devletini-taniyacagini-aciklayan-ilk-ulke/

2 -“Bagımsız Kurdistan’a Macaristan’dan destek,” İlke Haber, 11.05.2015, http://www.ilkehaber.com/haber/bagimsiz-kurdistana-macaristandan-destek۳۲٦۰۱-.htm

3 -IŞİD Musul’da kontrolü ele geçirdi,” Hürriyet, 10.07.2014

هێرشـیکردە سـەر کونسـوولخانەی تورکیـا لـە موسـڵ و 49کارمەنـدی کونسـوولخانەکەی بـە بارمتـە گـرت. 12ی حوزەیـران هێزەکانـی پێشـمەرگە کەرکووکیـان بـە تـەواوی کونترۆڵکـرد.[1]
هەمـوو کـەس چاویـان بڕیبـووە ئـەوەی کـە ئایـا داعـش پـاش موسـڵ، روو لـە کام لا دەکات و کـوێ داگیـردەکات. داعـش دوو رێگـەی لـە پێشـبوو:

1 - هێرشکردنە سەر بەغدا و کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی حکومەتەکەی مالیکی.

2 - رووکردنە کوردستان .

کاتێـك دۆخـی پێشـمەرگە و سـوپای عێـراق پێکـەوە بـەراورد دەکـرا، کـەس مەزنـدەی ئەوەی نەدەکـرد کـە داعـش روو لـە کوردسـتان بـکات و پێشـمەرگەش بکاتـە دووژمنـی خۆی.
هێشـتا مانگێـك بەسـەر داگیرکردنـی موسـڵدا تێنەپـەڕی بـوو، داعـش رووی لـە کوردسـتان کـرد و لـە 3ی ئابـی 2014دا شـەنگالی داگیرکـرد. ئـەو هێزانـەی پێشـمەرگە کـە پارێزڤانیـان لـە شـەنگال دەکـرد، شـکان . ناوچـەی شـەنگال کەوتـە دەسـت داعـش، دەیان هـەزار کوردی ئێـزدی کـوژران و دیلکـران. دوای شـەنگال، داعـش رووی لـە مەخمـوور کـرد و مەترسـییەکی گـەورەی بـۆ هەولێـر و کەرکـووك دروسـتکرد. هەمـوو دونیـا و کوردیـش لـە ناویـدا لـە هێـز و هۆڤییەتیـی داعـش واقیـان وڕمابـوو. پێشـمەرگە چـۆن و بـە چ شـێوەیەك سـەنگەرەکانی چۆڵکردبـوو و لـە ترسـی داعـش هەڵاتبـوو؟ بـەرای مـن چەنـد هـۆکاری گرنـگ هەبـوون:

1 - پێشمەرگە بەهیوای ئەوە نەبوو کە داعش هێرشبکاتە سەر خاکی کوردستان.

2 - پێشـمەرگە بەگشـتی لـە بـواری هێرشـکردن و پاشەکشـەدا خـاوەن ئەزمـوون بـوو و، لەبابەتـی پاراسـتنی ناوچەیەکـدا زۆر لێهاتـوو نەبـوو.

3 - نزیکـەی 15سـاڵ لـە راسـتینەی شـەڕ دوورکەوتبـووەوە. وەك هێزێـك کـە بـەردەوام لەنێـو شـەڕدا بێـت وەك پێویسـت ئامـادە نەبـوو.

4 - لە بواری فەرماندەییدا بێ سیستەمی، کەموکوڕی هەبوو.

5 - داعـش کـە یـەك لـە سـێی خاکـی عێـراق و یـەك لـە سـێی خاکـی سـووریای داگیرکردبـوو، ئەوەنـدەی دەوڵەتێکـی گـەورە خـاوەن چـەك بـوو. مودێرنتریـن چەکەکانـی لەبەردەسـتدا بوو.

6 - حکومەتـی مالیکـی 8 مانگـی رەبەقبـوو کـە بەشـە بوودجـەی کوردسـتانی بڕیبـوو. بەهـۆی گەمـارۆی بەغـداوە، حکومـەت نەیدەتوانـی چەکـی مودێـڕن و پێشـکەوتوو بـۆ

1 -Kronoji: IŞİD'in Musul İşgali," Aljazeera Turk, 12.07.2014- http://www.aljazeera.com.tr/haber/kronoloji-isidin-musul-isgali

پێشـمەرگە بکرێـت.[1]
ئایـا هێرشـی داعـش بـۆ سـەر کوردسـتان، بـۆ دەوڵەتـی ئیسـلامی بڕیارێکـی راسـت و سـتراتیژی بـوو یـان داعـش هەڵەیەکـی مـەزن و سـتراتیژی کـرد؟ کاتێـك داعـش هـەم لـە سـووریا و هـەم لـە عێـراق، زۆربـەی ناوچـە سوننەنشـینەکانی خسـتبووە دەسـت خۆیـەوە، دوو رێگـەی لـە پێشـیدا دەمایـەوە:
1 - دوای مووسل روو لە بەغدا بکات.
2 - رۆیشتن بەرەو کوردستان و بەدەستخستنی سەرچاوەکانی وزە.
هـەروەك پێشـتریش ئاماژەمـان پێـدا، داعـش بڕیـاری رۆیشـتن بـەرەوە کوردسـتانیدا. بـەڵام بۆچـی کوردسـتان؟ بۆچـی بەغـدا نـا؟ لێرەشـدا سـێ هـۆکاری سـەرەکی لـە پێشـماندا زەقدەبنـەوە:
1 - بـە هـۆی نەبوونـی دەوڵەتێکـی سـەربەخۆوە، خاکـی کـورد وەك خاکێکـی بـێ خـاوەن دەژمێـردرا و هـەر کـەس داگیـری بـکات بـۆی دەمێنێتـەوە.
2 - کردنەوەی کەناڵێك بەرەو دەریای سپی لە رێگەی خاکی کوردستانەوە.
- بەهـۆی نەتەوەپەرسـتیی عەرەبەکانـەوە، بەغـدا وەك ئامانجێکـی سـەرەکی کورتمـاوە نەدەژمێـردرا .
ئەم سـێ هۆکارە سـەرەکییە رووی داعشـی بەرەو کوردسـتان وەرسـووڕاند. چونکە سـەرەڕای ئـەوەی رێکخراوێکـی تیرۆریسـتیش بێـت، بـەڵام سـتراتیژی سیاسـیی تایبەتـی خـۆی هەیـە. تیرۆر،کوشـتن، هۆڤییەتـی، قڕکـردن و کوشـتنی مرۆڤـان بـە ئەشـکەنجە، خزمەتـی بەرنامـە سیاسـییەکانی داعـش دەکـەن. بەکورتـی داعـش ئـەم هۆڤییەتییـە بـۆ "خۆشـی" نەدەکـرد. هەمـوو ئەمانـە بەئامانجـی سیاسـی دەکـران. هەرچەنـدە داعـش سیاسـەتی جیهـادی هەمیشـەیی هەڵبژاردبێـت، بـەڵام ئامانجـی کورتمـاوە، نێـوان کورتمـاوە و درێژماوەشـی هەیـە. ئامانـج و مەبەسـتەکانی داعـش بریتیـن لـە:
ئامانجـە کورتمـاوەکان ئەمانـە بـوون: دامەزراندنـی دەوڵەتێکـی ئیسـلامیی سـوننە لـە شـوێنە سوننەنشـینەکانی عێـراق و سـووریا.
ئامانجـی نێـوان مـاوە: گەشەسـەندن بـەرەوە دەوڵەتـە ئیسـلامییەکانی دیکـە و کۆکردنـەوەی هەموویـان لـە ژێـر چەتـری خەلافەتـدا.
ئامانجـی درێژمـاوە: گەشەسـەندن لـە دارولئیسـلامەوە بـەرەو دارولحـەرب. پـلان ئەوەبـوو لـە درێـژ مـاوەدا شـوێنی وەك ئەندەلـوس کـە سـەردەمێك موسـڵمان بـوون، داگیربکرێـت و

1 -Abdullah Kıran, Yeni Bir Ortadogu ve Kurtler, Nas Yayınları, İstabul 2016, r.129

لـەم ڕێگەشـەوە زیاتـر گەشـە بـکات.[1]
ئەگـەر داعـش ڕووی لـە کوردسـتان نەکردبایـە و ڕاسـت بـەرەو بەغـدا ڕۆیشـتبایە و پـاش گرتنـی بەغـدا بـە دوای گەشەسـەندن بـەرەو خاکـی شـیعەکان بڕۆیشـتایە، ئەوکاتـە دونیـا لـەم ئاسـتەدا دووژمنـی نەدەبـوو. چونکـە بەغـدا لەمێـژە وەك شـارێکی عەرەبـی سـوننە دەناسرێـت، پێدەچـوو تووشـی کاردانەوەیەکـی وەهـا توونـد نەبووایـە. تەنانـەت داعـش لـە دۆخێکـی وەهـادا نـەك تـەواوی شـاری بەغـدا، بەڵکـو دەیتوانـی نیـوەی شـارەکە کـە عەرەبـی سـوننەی تێـدا نیشـتەجێیە، کونترۆڵبـکات، لەوکاتـەدا ئـەم کردەیـەی داعـش لەلایەن تورکیـا و سـعودیە پشـتگیری لێدەکـرا. بەهـۆی ئـەوەی کـە لـە هەرێمەکـەدا ئیـدی سـووریا تێکچـووە، کـەس هیـچ نرخێکـی بـە قسـەکانی نـەدەدا، بـەڵام ئێـران بەهەمـوو هێزیـەوە دژی داگیرکردنێکـی لەوشـێوەیە دەوەسـتا.
کاتێـك داعـش هێرشـیکردە سـەر کوردسـتان، کـورد پێویسـتیی خێرایـان بـە هاوکاریـی چەکبـوو. لـەم کاتـەدا دەوڵەتانـی دراوسـێ دەیانتوانـی خۆیـان بگەیێننـە کوردسـتان. ئێـران لـە هەمـان شـەوی هێرشـدا دوو فڕۆکـەی بـە بـاری چەکـەوە ڕەوانـەی کوردسـتان کـرد. هەمـوو کـەس چاوەڕێـی ئەوەبـوو تورکیـا بـە هـاواری کـوردەوە بێـت، بـەڵام تورکیـا لەوکاتـەدا بێدەنگیـی هەڵبـژارد. (بـەڕای مـن ئـەم بێدەنگییـە مایـەی لـە بیرکـردن نەبـوو، بەڵکـوو تورکیـا دەیویسـت بزانـێ ئایـا ئەمریـکا کـورد دەپارێزێـت یـان نـا). تەنانـەت لـە سـەرەتاکاندا دەگوتـرا کـە تورکیـا هیـچ هاوکارییەکـی کـوردی نەکـردووە، بـەڵام دواتـر مەسـعود بارزانـی لـە بەرنامەیەکـی سـکای نیـووزی عەرەبیـدا گوتـی: "یەکـەم هاوکاریـی سـەربازی لەلایـەن ئێرانـەوە هـات، ئێمـە هیوامـان بـە تورکیـاش هەبـوو. تورکیـا دواتـر هاوکارییەکانـی نـارد، بـەڵام بەهـۆی هەسـتیاریی دۆخـی ناوخۆیـەوە داوای لـە ئێمـە کـرد کە ئاشـکرای نەکەیـن. لەوکاتـەدا بـەرەو هەڵبژاردنـی سـەرۆککۆماری دەڕۆیشـتن و بارمتەکانیـان بـە دەسـت داعشـەوە بـوون".[2] بارزانـی لـە هەمـان هەڤپەیڤینـدا ئاشـکرایکرد کـە ئـەوان چاوەڕێـی هاوکاریـی زیاتریـان دەکـرد، چونکـە تورکیـا دەیتوانـی زووتـر بکەوێتەگـەڕ و چەکـی زیاتـر بنێرێـت.
مەسـعود بارزانـی لـە هەمـان گفتوگـۆدا لەسـەر هەڵوێسـتی تورکیـا سـەبارەت بـە کوردسـتان ڕادەوەسـتێت و دەڵێـت: "مـن تورکیـا بـە دۆسـت دەزانـم. مـن پێموانییـە تورکیـا لـە دژی پێشـکەوتنی کوردسـتان بوەسـتێت. بابەتـی سـەربەخۆیی شـتێکی دیکەیـە. ئـەوەی ڕاسـتی

---

1 -Abdullah Kıran, Yeni Bir Ortadogu ve Kurtler, r.99

2 -“Mesut Barzani: Türkiye yardım etti, açıklamadık,” Hurriyet, 14 Ekim 2014

بێـت مـن نازانـم کـه دوا هەڵوێسـتی تورکیـا و وڵاتانـی دیکـە سـەبارەت بـە سـەربەخۆیی چ دەبـێ. "[1]

## هێرش بۆ سەر کۆبانێ

لـە 13ی ئەیلوولـی 2014دا ئەمجـار داعـش هێرشـیکردە سـەر کوبانـێ. نزیکـەی سـێ مانـگ شـەڕێکی قـورس لـە نێـوان پارتـی یەکێتـی دیموکراتـی PYDو داعـش درێـژەی هەبـوو. بـەڵام داعـش لـە بـواری چـەك و چۆڵـەوە زۆر لـە PYD بەهێزتـر بـوو و، PYD بـەردەوام گوندەکانـی چۆڵدەکـرد و بـەرەو ناوەنـدی شـارەکە پاشەکشـەی دەکـرد. تاوەکـو کۆتاییەکانـی 2014 داعـش 350گونـدی کوبانێـی داگیرکـرد و نزیکـەی 300هـەزار کوردیـش بـەرەو تورکیـا هەڵاتـن. گەمارۆدانـی کوبانـێ و تۆپبارانکردنـی بـەردەوام، رای گشـتیی جیهانـی ورووژانـد. یەکینەکانـی پاراسـتنی گـەل YPGلـە کوبانـێ خۆڕاگرییەکـی وەك سـتالینگرادی نوانـد و خۆشەویسـتیی هەمـوو جیهانـی بەدەسـتهێنا. لـە 28ی ئەیلوولـەوە ئەمریـکا دەسـتی بـە بومبارانـی داعـش کـرد. دوای ئـەوەی تورکیـا مۆڵەتـی بـە هێزەکانـی پێشـمەرگەدا بـە خاکـی تورکیـادا بپەڕێنـەوە بـۆ کوبانـێ، دۆخەکـە گـۆڕا. لـە سـەرەتای شـوباتی 2015دا داعـش لـە کوبانـێ تێکشـکا وypg و پێشـمەرگە گوندەکانیـان یـەك بـە یـەك کونترۆڵکـردەوە.

هێرشـی سـەر کوبانـێ زەبرێکـی کوشـندەی لـە قۆناخـی ئاشـتیدا. لـە کاتـی گەمـارۆی کوبانێـدا، PKKو پارتـی دیموکراتیـی گـەلان HDP هەوڵیانـدا تورکیـا وەك پشـتیوانی داعـش نیشـانبدەن. لەسـەر داوای HDP لـە زۆر شـوێن، لەوانـە دیاربەکـر، خۆپیشـاندان سـازکرا و لـە رووداوەکانـی نێـو خۆپیشـاندانداندا زیاتـر لـە چـل کـەس کـوژران. دوای ئـەوە قۆناخـی ئاشـتی کەوتـە دۆخێکـی خراپـەوە و کـەم تـا زۆر زیانـی بـە پەیوەندییەکانـی تورکیـا و باشـووری کوردسـتانیش گەیانـد. پـاش ماوەیـەك پەیوەندیـی هەردوولایـەن زیاتـر تێکچـوو و دۆخەکـە ئاڵۆزتربـوو. پـاش هەڵبژاردنـی 7ی حوزەیرانـی 2015، قۆناخـی ئاشـتی بـە تـەواوی راوەسـتا و لـە تەمـووزی 2015دا جارێکـی دیکـە شـەڕ لـە نێـوان PKKو دەوڵەتـی تورکیـادا دەسـتیپێکردەوە.

ئاشـتی لەنێـوان ئـەو کەسـانەدا دروسـتدەکرێت کـە پێشـتر دووژمنایەتـی یەکیـان کـردووە و لـە یەکیـان کوشـتووە. ئاشـتی نێـوان گـەل و دەوڵەتانیـش وەهایـە. هەروەهـا ئاشـتی لەسـەر بنەمایەکـی متمانـە و بـڕوا بـە یـەك بـوون دروسـتدەبێ. تومـاس هۆبـز، فەیلەسـووفی

1 --"Mesut Barzani: Türkiye yardım etti, açıklamadık," Hurriyet, 14 Ekim 2014

ئینگلیـزی دەڵێـت: "شـەڕ لـە بـێ متمانەیـی مرۆڤـەکان بـە یەکـدی دروسـت دەبێـت." لـە تورکیـا قۆناخـی ئاشـتی لەسـەر بنەمـای متمانـە بـە یەکـدی، گەشـەی نەکـرد. بـە تایبـەت لـە بابەتـی ڕۆژئـاوادا تورکیـا و PKKمتمانەیـان بـە یەکـدی نەبـوو. هـەر بۆیـە بابەتـی سـووریا، سـەری ئاشـتیی خـوارد. ئەوکاتـەی قۆناخـی ئاشـتی بەردەوامبـوو، لـە دیدارەکانـی ئیمرالیـدا بابەتـی کوردانـی سـووریا هاتـە ڕۆژەڤـەوە و ئاشـکرایە کـە ئەمـە کاریگەریـی هەبوو لەسـەر دەسـتپێکردنەوەی شـەڕ لـە تورکیـا . سـڕی سـورەیا ئونـدەر لـە دیـداری تشرینـی یەکەمـی سـاڵی 2013دا باسـی دیـداری خـۆی لەگـەڵ سـەرۆك وەزیـر ئەردۆغـان بۆ عەبدوڵـڵا ئۆجەلان دەکات، ئەردۆغـان دەڵێـت: "تـۆ لـە مـن دەپرسـی کـە مـن چ دەکـەم، مـن دەڵێـم هەمـوو شـت دەکـەم. کاتێکـی ئێـوە هەیـە و مـن لەسـەر ئـەم بابەتـە لەگـەڵ ئاپـۆ ڕێککەوتـووم. مـن تەنیـا هێڵێکـی سـوورم هەیـە، ئەویـش سـووریایە. مـن قـەت ناهێڵـم سـتاتۆیەکی وەك باکووری عێـراق، لەوێـش دروسـتببێ."

عەبدوڵـڵا ئۆجـەلان (بـە تووڕەییـە): "تـۆش پێیبڵـێ ئێمـە هەرگیـز کـورد لەنێـو دەوڵەتـی ناوەندیـی سـووریادا بەجێناهێڵیـن، ئەمـەش هێڵـی سـووری ئێمەیـە". لـە هەمـان دیـداردا جارێکـی دیکـە بابەتـی سـووریا و ڕۆژئـاوای کوردسـتان دێتـە ڕۆژەڤـەوە. ئۆجـەلان ڕەخنـە لـە سیاسـەتی حکومـەت لەبەرانبـەر ڕۆژئـاوای کوردسـتان دەگرێـت و دەڵێـت: "ئەگـەر یەکێتییـەك لـە دژی کـورد دروسـتبێت ئەوکاتـە شـەڕ حاشـاهەڵنەگرە. مـن بـە لێژنـەی دەوڵەتیشـم گـوت ئێمـە لـە سـووریا هاوپەیمانییـەك دروسـتدەکەین. داوود ئۆغڵـوو دوو سـاڵی لـە کیسـدا. بۆچـی دیـوار دروسـتدەکەن؟ (ئـەو دیوارانـەی لـە سـنووری ڕۆژئـاوای کوردسـتاندا دروسـتدەکرێن) ئێـوە هاربـوون؟ (...) تەنیـا دەیانـەوێ کـورد لـەوێ نەبنـە[1] هێـز. "

## تورکیا، ئەمریکا و دەستوەردانی تورکیا بۆ سووریا

ئەوکاتـەی هێشـتا قۆناخـی ئاشـتی بەردەوامبـوو، هەڵوێسـتی تورکیـا سـەبارەت بـە PYD نەرمتربـوو. سـاڵح موسـلیم لـە ئەنقـەرە و ئیسـتەنبووڵ لەلایـەن وەزیـری دەرەوەی تورکیـا پێشـوازی لێدەکـرا و پەیوەندییەکانـی هـەردوو لایـەن لـە ئاسـتێکی بـاڵادا گەشـەی دەکـرد و تورکیـا PYDی وەك ئەکتەرێکـی لۆژیکـی لـە سـووریادا دەبینـی .[2] ئەوکاتـە سیاسـەتی

1 -Oral Çalışlar, “PYD siyaseti değişmez mi? Radikal, 05.03.2016

2 -Kurtuluş Tayiz, “Turkiye’nin PYD politikasi yanlış mi? Akşam, 13 Şubat 2016

"گەیاندنی کێشەکان بە سفر لەگەڵ دراوسێیەکان" سەبارەت بە PYDش پەیڕەودەکرا[1]. بەڵام دوای ئەوەی شەڕ لەنێوان PKKو تورکیا دەستپێکردەوە، هەڵوێستی تورکیا بەرانبەر PYDگۆڕا. ئەمڕۆکە ئیدی تورکیا PYDو YPG وەك لقەکانی PKK لە سووریا دەبینێت و دەیەوێت ئەم ڕێکخراوانەش لە ئاستی نێودەوڵەتیدا وەك تیرۆریست بناسرێن.
بێگومان تورکیا بەر لەهەموو دەوڵەتانی دیکە دەیەوێت کە ئەمریکا PYD وەك PKK بە ڕێکخراوێکی تیرۆریست لەقەلەمبدات، بەهیچ شێوەیەك دانوستاندنی لەگەڵ نەکات، تەنانەت وەك هاوپەیمانێکی 60 ساڵەی تورکیا، لەگەڵ تورکیا لە دژی PYDشەڕ بکات. بەڵام پەیوەندیی نێوان ئەمریکا و PYDچەند ساڵی بەسەردا ڕادەبرێت و ئەمریکا، PYDوەك هاوپەیمانێکی دڵسۆز و بەکەڵك لەشەڕی دژی داعشدا ناودەنێت. لەشەڕی دژی داعشدا بەتایبەت لە شەڕی وشکانی، واشنتن PYDوەك چالاکترین هاوپەیمان بۆشەڕکردن دژی داعش بۆخۆی قبووڵ دەکات. [2]
لە پەیوەندییەکانی ئەمریکا و تورکیادا دوو شت ئەمریکا دڕدۆنگ دەکات: -1لە شەڕی دژی داعشدا ئەمریکا پێویستیی بە ئەنجەرلیکە، چونکە ئەنجەرلیك نزیکە و ئەمریکا دەتوانێ هێرشە ئاسمانییەکانی بەئاسانی لەوێوە ئەنجامبدات. بۆ پێشگرتن لەو جیهادییانەی کە لە سنووری سووریاوە ئاودیوی تورکیا دەبن و لەوێشەوە دەتوانن بەرەو چوار گۆشەی جیهان بڕۆن. ئەمریکا پێویستی بە هاوکاریی تورکیایە. لەلایەکی دیکەوە ئەمریکا بۆ ئەوەی بتوانێ لە زەوییەوە شەڕێکی چالاکتر لە دژی داعش بەڕێوەببات، پێویستیی بە کوردانی سووریایە بەتایبەت پێویستیی بە PYDیە. هەربۆیە ئەمریکا نە دەیەوێت تورکیای لەدەستبچێت و نە PYD هەرچی تورکیایە دەیەوێ ئەمریکا یەکێك لەم دوو بژارە هەڵبژێرێت و یان لەگەڵ تورکیان یان لەگەڵ PYDبێت.
کاتێك برێت مەکگورك، نوێنەری تایبەتی ئۆباما، لە سەرەتای مانگی شوباتدا سەردانی کوبانێی کرد، جۆن کێربی گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لە وەڵامی پرسیارێکی پەیامنێری تۆڕی میدیایی ڕووداودا گوتی: "ئێمە PYDبە ڕێکخراوێکی تیرۆریست نابینین"، سەرۆك کۆماری تورکیاش کاردانەوەیەکی توندی نیشاندا. ئەردۆغان لە 10ی شوباتی 2016دا گوتی: "ئەمریکا PYDبە ڕێکخراوێکی تیرۆریستی نازانێت. PYDو YPG ڕاستەوخۆ ڕێکخراوی تیرۆریستن. هەروەك چۆن PKKڕێکخراوێکی تیرۆریستییە،

1 -Attila Yayla, , “Turkiye’nin PYD politikasi yanlış mi?, Yeni Yüzyil, 12.02.2016

2 -Gonul Tol, “Is Turkey a US Ally Against ISIS?” The New York Times, August 26, 2016

ئەوانیش رێکخراوی تیرۆریستین. هۆ ئەمریکا من چەند جاران پێمگوتی؟ ئێوە لەگەڵ ئێمەن یان لەگەڵ PYDو YPG؟". [1]

دۆخی تورکیا و PYDبۆ ئەمریکا کێشەیەك دروستدەکات. واشنتن دەیەوێ ئەم کێشەیە بەشێوەیەك چارەسەر بکات کە نە تورکیا و نە PYDلەدەستنەدات. ئەگەر ئەمریکا بتوانێ تورکیا رازی بکات و سەرلەنوێ قۆناخی ئاشتی دەستپێبکاتەوە، ئەوا تورکیا دەتوانێ هەڵوێستی خۆی لە بەرانبەر PYDنەرم بکاتەوە. کودەتای 15ی تەمموز، لەلایەکەوە هەردوو لایەنی لە دژی یەك تیژکردەوە، لەلایەکیش وایکرد کە هەردوو لایەن وردبینانەتر سەیری کێشەکانی خۆیان بکەن. چونکە تاوەکو تورکیا لەناوخۆدا لەگەڵ PKKشەڕ بکات، PYDبە دووژمن دەبینێت و لە سووریا شەڕی لەگەڵ دەکات. هەروەها کاتێك PYDو تورکیا رووبەڕوویانکردە یەکدی، ئەوا تێکۆشانی دژی داعش زیانی پێدەگات . بۆ ئەوەی تورکیا جارێکی دیکە متمانە بکات و بگەڕێتەوە سەر مێزی گفتوگۆ، دەبێ ئەمریکا هەندێك هەنگاوی کۆنکرێت هەڵبگرێت. بە رای گونول تۆل ، سەرۆکی بەشی تورکیا لە ئەنستیتۆی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست، بۆ ئەوەی تورکیا جارێکی دیکە قۆناخی ئاشتی دەست پێبکاتەوە، ئەمریکا دەتوانێ تورکیا بە دوو شت رازیبکات. -1 رادەستکردنەوەی فەتحوڵا گویلەن بۆ تورکیا. -2 کۆنگرێسی ئەمریکا رێگەی کڕینی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان بۆ تورکیا بکاتەوە. چونکە تورکیا بۆ پێشخستنی تەکنۆلۆژیای پاراستنی خۆی لەمێژە بە شوێن کڕینی ئەم فڕۆکانەوەیە، بەڵام کۆنگرێسی ئەمریکا تەگەرە دەخاتە سەر رێگەی .[2]

بەڕای من بۆ دەستپێکردنەوەی قۆناخی ئاشتی ئەم دوو مەرجە بەشناکات. بەر لە هەموو شت، تورکیا دەیەوێت کورد لە رۆژئاوای کوردستان واز لە پلانی پێکەوە نووساندنی عەفرین و کوبانێ بێنن. چونکە تورکیا دەترسێ کاتێك عەفرین و کوبانێ ببنە یەك، چونکە هیچ سنوورێکی تورکیا لەگەڵ جوگرافیای عەرەب نامێنێت. ترسی تورکیا تەنیا لە رزگاریی رۆژئاوای کوردستان و پێکەوەنووسانی عەفرین و کوبانێ نییە، ترسی هەرەگەورە ئەوەیە کە کورد بەشێوەیەك، کوریدۆرێك بەرەو دەریای سپی بکەنەوە و گرنگیی جیۆستراتیژیی تورکیا، بسڕنەوە. چونکە لە دۆخێکی وادا لە داهاتوودا کوردی باشوور و رۆژئاوای کودستانن دەتوانن ببەن یەك و رێگەی وشکانی

---

1 -1 -“Erdoğan’dan ABD’ye ‘PYD’ tepkisi: Bu nasıl Ortaklık? BBC Türkçe, 10 Şubat 2016

2 -Missy Ryan, “In Syrian border battle, Pentagon touts role of fighters from troubled train-and-equip program,” The Washington Post, 24 August, 2016

و دەریایی و ئاسمانییان بەرەوە دونیا بکرێتەوە و پێویستی و گرێدراوییان بە وڵاتانی دراوسێوە نەمێنێت. ئەم ترسە نەك هەر ترسی تورکیا، بەڵکوو ترسی ئێران، عێراق و سووریاشە.

هیچ گومانێك نییە کە لەگەڵ چوونە ناو رۆژئاوای کوردستان، تورکیا بابەتی گەڕانەوەی بۆ قۆناخی ئاشتیی خراپترکرد. ئۆپەراسیۆنەکانی تورکیا کە رۆژی 24ی ئابی 2016 بۆ پاككردنەوەی جەرابلۆس لە داعش دەستیپێکرد. پێش هەموو شت وەك شەڕی پاراستنی جیۆستراتیژیی تورکیا خۆی نیشاندەدات. تورکیا لە مێژە دەڵێ کاتێك کورد رووباری فرات دەربازبکەن و بەرەوە عەفرین بچن، ئەوا ئەو بە سوپای خۆی موداخەلە دەکات [1]. هەروەها رێك لە رۆژی هاتنی جۆ بایدێن بۆ ئەنقەرە ، ئۆپەراسیۆنەکە دەستیپێکرد. مەولوود چاوش ئۆغڵوو، وەزیری دەرەوەی تورکیا رایگەیاند کە پلانی ئۆپەراسیۆنەکە لەگەڵ ئەمریکا دانراوە.[2] لە چوارچێوەی هەمان ئۆپەراسیۆندا، هێزە ئاسمانییەکانی ئەمریکا لەسەرەوە هاوکاری تورکیایان کرد. فڕۆکەی ف.10 و ف.16کان بە هێرشی ئاسمانی، سەنگەرەکانی داعشیان تێکشکاند. ئەو هاوکاریەی ئەمریکا لە هێرشی جەرابلۆسدا دایە تورکیا، لەو هاوکارییانەی لە هێرشی منبج دایە هێزەکانی سووریا دیموکرات، زیاتربوو. [3]

شاری جەرابلۆس کە لەسەر سنووری تورکیایە، شوێنێکی وایە کە داعش چەکدارانی پێدا دەپەڕێنێتەوە و بۆ بەدەستهێنانی چەك و تەقەمەنیش کەڵکی لێوەردەگرت. بەڵام بۆ ئەنقەرە پێشگرتن و ئاستەنگکردنی پلانی یەکپارچەکردنی خاکی کورد لە دەرپەڕاندنی داعش گرنگتربوو. هەر بۆیە تورکیا لەدژی وەستا. [4]چونکە تورکیا وایدادەنێ کاتێك خاکی کورد یەکپارچە نەبێت ئەوا کوردی سووریا وەك کوردانی باشووری کوردستان داوای ئۆتۆنۆمییەکی فراوان ناکەن. یەکێکی دیکە لە ترسەکانی ئەوەیە کە بەهێزبوونی کوردانی رۆژئاوای کوردستان ، کاریگەریی لەسەر کوردانی تورکیاش دابنێت. [5]

تورکیا بەئاشکرا دەڵێ کە بەر لە ئۆپەراسیۆنی مونبیج لەگەڵ ئەمریکا رێککەوتبوون. مەولوود چاوش ئۆغڵوو دەڵێ کە ئەوان لەگەڵ ئەمریکا "پەیمانێکی سەربازیی

---

1 -Patrick Cockburn, “End Times for the Caliphate?” London Review of Books, Vol.38, No:5, 3 March 2016

2 -Henri J. Barkey, “Washington Tightrope Act in Syria,” Foreing Affairs, 25 August, 2016

3 -Missy Ryan, “In Syrian border battle, Pentagon touts role of fighters from troubled train-and-equip program,” The Washington Post, 24 August, 2016

4 -Tim Arango, “Kurds Fear the Us Will Again Betray Them in Syria,” The New York Times, Sept.1, 2016

5 -“A complicated Alliance with Turkey,” The Newyork Times, 25 August,2016

نهێنییـان واژۆکـردووه" .[1] سـەرەڕای ئـەوەی کـە سـەبارەت بـە نێوەڕۆکـی پەیمانەکـە هیچـی نەگوتـووە، پـاش ئـەوەی مونبیـج لەدەسـت داعـش دەرهێـنرا گوتـی: "بـە ئێمەیـان گوتبـوو دوای کۆتاییهاتنـی ئۆپەراسـیۆنی مونبیـج، PYDدەگەڕێتـەوە رۆژهەڵاتـی فـڕات. ئێسـتا دەبێ ئەمریـکا ئـەو بەڵێنـەی خـۆی بباتـە سـەر. "[2]

ئۆپەراسـیۆنی جەرابلـۆس، پرسـیاری لەسـەر چۆنییەتـی پەیوەنـدی PYD و ئەمریـکای هێنایە رۆژەڤـەوە کـە ئایـا ئـەم پەیوەندییـە لەسـەر چ بنەمایـەك دانـراوە؟ ئـەم ئۆپەراسـیۆنە ئـەوەی دەرخسـت کـە پەیوەندییەکانـی PYDو ئەمریـکا زیاتـر لـە پەیوەنـدی سیاسـی، هاوپەیمانییەکـی سـەربازییە. چونکـە ئەمریـکا بـۆ بەشـداریی PYDلـە دانیشـتنەکانی جنێڤ گوێـی خـۆی گـرت و نەیدەویسـت کـە تێیـدا بەشـداربێت. زیاتـر لـە 300ئەندامـی هێـزی تایبەتـی ئەمریـکا لـە رۆژئـاوای کوردسـتان لەگـەڵ YPG لـە دژی داعـش شـەڕدەکەن ، بـەڵام لەگـەڵ ئـەوەش پەیوەندییەکانـی هـەردوولا سـنووردارە. هەرچەنـدە پەیوەنـدی ئەمریـکا لـە مەیدانـی شـەڕ، لەگـەڵ YPG هەیـە، بـەڵام لـە بـواری سیاسـیدا ئـەم پەیوەندییـە لەگـەڵ PYDنییــە یــان زۆر کەمــە، ئــەوەش بتــەوێ و نەتــەوێ ئــەو پرســیارە زەقدەکاتــەوە، ئایــا ئەمریـکا جارێکـی دیکـە پشـت لـە کـورد نـاکات و بەجێیـان ناهێڵێـت؟ چونکـە لـە سـەرەتای سـاڵانی حەفتاکانـدا دەزگای هەواڵگریـی ئەمریـکا CIA چەکـی دەدایـە کـورد بـۆ ئـەوەی باشـتر بتوانـن لەگـەڵ رژێمـی سـەدام حوسـێن شـەڕ بکـەن. بـەڵام کاتێـك سـاڵی 1975 ئێـران و عێــراق پەیمانــی جەزائیریــان واژۆکــرد، هێــنری کیســینجەر لەنــاکاو ئــەم هاوکارییــەی راگـرت و کوردیـان بەتەنیـا بەجێهێشـت. ئەمـڕۆش ئـەم ترسـە لـەلای کـورد هەیـە و دیـارە کـە ترسـێکی بێبنەمـاش نییـە. ئەلیـزە ماقووسـیش بێئـەوەی پەیوەندییەکـی سیاسـی کـورد و ئەمریـکا هەبێـت، پـڕ چـەك کردنـی کـورد بـە دروسـت نازانێـت. [3]

وەك باسـدەکرێت، PYDبـەر لـە ئۆپەراسـیۆنی مونبیـج رەزامەنـدی دەربـڕی کـە بگەڕێتـەوە رۆژهەڵاتــی فــرات. بــەڵام دوای کونترۆڵکردنــەوەی مونبیــج، ویســتوویەتی لــە رێگــەی ناوچـەی ئەلبابـەوە خۆیـان بگەیێنێتـە عەفریـن کـە ئەمـە زیاتـر تورکیـای ترسـاندووە و ئەمریکاشـی تووڕەکـرد.[4] دەگوترێـت کـە ئەگـەر PYDمونبیجـی کۆنترۆڵنەکردبـا یـان پـاش کۆنترۆڵکردنــەوەی بکشــایەتەوە رۆژهەڵاتــی فــرات، تورکیــا ئۆپەراســیۆنی جەرابلۆســی

1 -“ABD ile Gizli Menbiç Anlaşması” Milliyet, 06.07.20016

2 -“Turkey expects US to fulfill promise, withdraw PYD from Manbij,” Daliy Sabah, August 15,2016

3 -Tim Arango, “Kurds Fear the Us Will Again Betray Them in Syria,”

4 -Amberin Zaman, “ABD Suriyeli Kürtleri ‘Sattı’ mı? Diken.com.tr, 26.08.2016

ئەنجامنـەدەدا، چونکـە نزیکـەی سـێ سـاڵ بـوو کە داعش لـەو سـنوورەدا بـوو .[1] ڕۆژنامەڤان عەمبەریـن زەمـان لـە مانگـی نیسـاندا نووسـیبووی کـە ئەمریـکا ڕێگەنـادات کـورد هەرسـێ کانتۆنەکانـی ڕۆژئـاوای کوردسـتان بگەیێننـە یەکـدی و لـە هێڵـی مونبیجـەوە بـەرەوە عەفریـن پێشـڕەوی بکـەن. چونکـە ئەمریـکا نایـەوێ لەئاسـتی نێودەوڵەتیـدا وەك هێزێـك بناسرێـت کـە خزمەتـی ئامانجەکانـی کـورد دەکات. لەلایەکـی دیکـەوە ئەمریـکا نایـەوێ دەوڵەتانـی عـەرەب بخاتـە بەرانبـەری خـۆی و بەهـۆی کـوردەوە پەیوەندییەکانـی لەگـەڵ ئـەوان تێکبـدات .[2] بەوجـۆرەی باسـدەکرێت، ڕاسـتی ئەوەیـە کـە تورکیـا و ئەمریـکا دەیڵێـن. ئەگـەر لەڕاسـتیدا PYDلـە سـەرەتادا بـەوە ڕازی بووبێـت کـە لـە مونبیـج بکشـێتەوە، ئـەی بۆچـی هێرشـیکردە سـەر مونبیـج؟ لـە شـەڕی مونبیجـدا زیاتـر لـە 300 شـەڕڤانی PYD کـوژران و 700یـش برینداربـوون.

ئینجـا مـرۆڤ بیـر لەوەشـدەکاتەوە: تـۆ بـە خوێنـی کـورد خاکـی کـورد ڕزگار بکەیـت و پاشـان بـۆ عەرەبـی بەجێبهێڵیـت؟. مـادام تورکیـا و ئەمریـکا نەیاندەویسـت YPG لـە مونبیـج بمێنێتـەوە، کەواتـە PYDدەیتوانـی بـۆ کوردانـی جگـە لەخـۆی دانوسـتاندنێکی لەگـەڵ ئەمریـکا بکردایـە و هـەر نەبـێ هێزەکانـی ئەنجوومەنـی نیشـتمانیی کـورد لـە سـووریا ENKSی لـەوێ جێگیربکردبایـە . لـە دۆخێکـی وادا هـەر هیـچ نەبـێ کـورد لەسـەر خاکـی خـۆی دەمایـەوە. بەداخـەوە کەمبوونـی ڕاوێـژی نەتەوەیـی، جارجـارە کورتهێنانـی سیاسـیش لەگـەڵ خـۆی دەهێنێـت.

ئایـا تورکیـا بـە چ شـێوەیەك توانیویەتـی ڕەزامەنـدی ڕووسـیا و ئەمریـکا بـۆ هێرشـکردنە سـەر سـووریا، وەربگرێـت؟ بـەڕای مـن وەڵامـی ئـەم پرسـیارە زۆر گرنگـە، چونکـە تورکیـا پێـش پێنـج سـاڵ، دەیویسـت لەنێـو سـنووری سـووریادا هەرێمێکـی تامپـۆن دروسـتبکات، بـەڵام هەرگیـز ئەمریـکا و ڕووسـیا بەگەرمـی پێشـوازییان لـەو پێشـنیارە نەکـرد. لەڕاسـتیدا تورکیـا بـە دیپلۆماسـییەکی زۆر بەهێـز لـە مانگـی تەممـووز و ئابـدا، بنچینـەی ئەمـەی داڕشـت. 9ی ئـاب سـەرۆککۆمار ئەردۆغـان چـووە ڕووسـیا و پەیوەندییەکانـی هـەردوو وڵات دیسـان گەرموگـوڕ بوونـەوە و دیـارە ڕێککەوتنێـك لەسـەر کێشـەی سـووریاش هاتووەتـە ئـاراوە. دواتـر 17ی مانـگ، چـاوش ئۆغڵـوو لەنـاکاو سـەفەری تارانـی کـرد و گوتـی لـەم شـێوەی دا: "ئێمـە بـەردەوام گوتوومانـە ڕۆڵـی ڕووسـیا و ئێـران لـە ناوچەکـەدا بـۆ

1 -Taha Akyol, “Firat Kalkanı,” Hurriyet, 01.09.2016

2 -Amberin Zaman, “Tam bir açmaz: Türkiye-ABD ilişkileri, IŞİD-YPG-PKK üçgenine sıkıştı,” Diken.com.tr, 03.04.2016

چارەسـەرکردنی کێشـەکانی سـووریا و عێـراق زۆر گرنگـە، رۆڵـی ئـەو بـۆ ئاوەدانکرنەوەیـە... ئێمـە بـۆ هـاوکاری ئامادەیـن. هـەر ئەوەنـدەی یەکێتـی خاکـی سـووریا بپارێزرێـت. دیـارە لـەم بابەتـەدا ئێمـە و ئێـران هاوڕایـن. رووسـیاش بـە ئێمـەی گوتبـوو کـە ئەویـش وەك ئێمـە بیـر دەکاتـەوە. "[1]

پـاش کودەتـای سـەربازیی 15ی تەممـووز و بـە تایبـەت رۆژانـی داتـر، پەیوەندییەکانـی تورکیـا و ئەمریـکا زۆر ئاڵـۆز بـوون و تەنانـەت هەندێـك کـەس و لایەنـی سیاسـی لـە تورکیـا و ئەمریکایـان بـە پشـتیوانی کودەتـا دەزانـی. ئەردۆغـان گلەییەکـی زۆری لـە ئەمریـکا CIA کـرد و داوایکـرد کـە فەتحوڵـلا گویلـەن رادەسـتی تورکیـا بکەنـەوە. رۆژێـك دوای کودەتـا ئەردۆغـان داوای لـە ئەمریـکا کـرد و گوتـی: "ئەگـەر ئێمـە هاوپەیمانـی سـتراتیژی بیـن، کەواتـە دەبـێ پێویسـتیی ئـەم هاوپەیمانییـە ئەنجامبدرێـت و تیرۆریسـتەکەی پەنسـیلڤانیا رادەسـتی ئێمـە بکەنـەوە. "[2]

بـە تێپەڕینـی کات ئەردۆغـان هەڵوێسـتی خـۆی لـە دژی ئەمریـکا توندتر کـرد. نزیکبوونەوە لـە رووسـیا و دیـدار لەگـەڵ پوتیـن، دڕدۆنگییەکانـی ئەمریـکای دەربـارەی ئـەوەی کـە تورکیـا لـەوان دوورەکەوێتـەوە و بـەو چوونـە دەتوانـێ واز لـە ئەمریـکا بێنێـت و بچێتـە باوەشـی پوتیـن، زیاترکـرد. بێگومـان ئەمریـکاش نەیدەویسـت کـە هاوپەیمانێکـی ناتـۆ و هەڤاڵبەندێکـی کۆنـی ئەمریـکا کـە لـە دوای شـەڕی جیهانیـی دووەمـەوە هاوپەیمانـی ئەمریکایـە، لەدەسـتبدات. مـاوەی پێنـج سـاڵ بـوو کـە تورکیـا دەیویسـت لـە سـنووری سـووریادا هەرێمێکـی تامپـۆن دروسـتبکات کـە درێژاییەکـەی 110کـم و قووڵاییەکـەی 40کـم بێـت. بـەڵام ئەمریـکا بـەردەوام ئـەم داوایـەی رەتدەکـردەوە. دوای خستنەخوارەوەی فڕۆکەکـەی رووسـیا، ئیـدی نـەك ئەمریـکا، بەڵکـو رووسـیاش لـە دژی ئـەم پلانـەی تورکیـا بـوو و کاتێـك کـە تورکیـا بەبـێ مۆڵـەت و رێککەوتـن لەگـەڵ رووسـیا شـتێکی وای بکردایـە، ئـەوە دەیتوانـی هـەر دوو وڵات بخاتـە نێـو شـەڕێکەوە. ئینجـا کاتێـك تورکیـا لەسـەر ئـەم بابەتـە لەگـەڵ رووسـیا رێککەوتن،ئەمریـکا ناچاربـوو ئـەم داوایـەی تورکیـا قبـووڵ بـکات، جگـە لـەوەش بـە هێـزە ئاسـمانییەکانی پشـتگیری تورکیـا بـکات.

جگـە لـەوەش وەك دەزانیـن ئەکتەرێـك کـە بـۆ هێرشـی نـاو سـووریا درەنگـتر لـە هەمـووان رەزامەنـدی خـۆی رابگەیاندایـە، رووسـیا بـوو. کاتێـك تورکیـا وازی لـە دووژمنایەتـی بەشـار ئەسـەد هێنـا و گوێـی لـە بەردەوامیـی دەسـەڵاتەکەی خەوانـد، ئینجـا رووسـیاش گڵۆپـی

---

1 -Hurriyet, 19 Ağustos 2016

2 -“Darbe girişimi - Erdoğan›dan ABD›ye Gülen çağrısı: İade edin,” BBC Türkçe, 16 Temmuz 2016

سـەوزی بـۆ هێـرش هەڵکـرد. ئێـران و رووسـیا بووچەنەکانیـان نزیکبـوون و هەڵبـەت ئێرانیـش نەیدەویسـت کـورد لـە سـووریا فیدرالـی دروسـتبکەن یـان داوای دەوڵەتێکـی سـەربەخۆ بکـەن. دیـارە ئێرانیـش ئەوەنـدەی تورکیـا دژی ئەوەبـوو کـە عەفریـن و کوبانـێ پێکـەوە بلکێندرێـن و لـەم ڕێگەشـەوە کـورد کۆریدۆرێـك بـەرەو دەریـای سـپی بکاتـەوە. ماوەیەکـی درێـژە کـە شـەڕی سـووریا بـۆ وەرگرتنـەوەی حەلـەب بەردەوامـە و سـەرئەنجام توانـی بگاتـە مەبەسـتەکەی. تورکیـا دەیویسـت حەلـەب نەکەوێتـە دەسـت ئەسـەد و بەدەسـتی ئۆپۆزسـیۆنی سـوننەوە بمێنێتـەوە، پێدەچـێ تورکیـا سـەبارەت بـەوە لەگـەڵ ئەسـەد ڕێککەوتبـێ یـان لەژێـرەوە ئـەم داوایـەی ئەسـەدی قبـووڵ کردبێـت. لـە ئێسـتاوە دەگوترێـت کـە زۆر لـەو ڕێکخراوانـەی لـە دەوروبـەری حەلـەب لـە دژی سـوپای سـووریا شـەڕیان دەکـرد، لەسـەر داوای ئەنقـەرە وازیـان لـە شـەڕی دژی ڕژێمـی ئەسـەد هێنـاوە و ڕوویانکردووەتـە کـورد و داعـش. هەروەهـا دەگوترێـت کـە بەپێـی ڕێککەوتـن لەگـەڵ رووسـیا، تورکیـا قبووڵیکـردووە کـە لـە دەوروبـەری حەلـەب لەگـەڵ سـوپای سـووریا نەکەوێتـە شـەڕ و سـووریاش لـەلای نەتـەوە یەکگرتـووەکان سـکاڵا لـە تورکیـا نـەکات.[1]

هۆکارێکـی ڕەزامەندیـی رووسـیاش بـە هەلوێسـتی YPG لەبەرانبـەر سـووریا راڤـە دەکرێـت. بەپێـی ئـەم ڕوانگەیـە، کاتێـك هێزەکانـی YPG بـە هـاوکاری ئەمریـکا لـە عەفرین هێرشـیانکردە سـەر سـوپای سـووریا کـە لـەوێ دەریـان بکـەن، ئەوکاتـە نییەتـی خۆیـان بـۆ دابەشـکردنی سـووریا و دامەزراندنـی دەوڵەتـی کـوردی، ئاشـکراکرد. چونکـە رووسـیا دەوڵەتێکـی کـوردی ناوێـت کـە دۆسـتی ئەمریکابـێ و دەسـتی بگاتـە کەنارەکانـی دەریـای سـپی، ئـەو شـوێنەی بارەگاکانـی ئـەوی لێیـە، واتـە لەبـەر لووتـی خـۆی بێـت.[2]

ماوەیـەك پێـش ئێسـتا تورکیـا پەیوەندییەکانـی لەگـەڵ ئیسرائیلیـش سـەرلەنوێ گەرمکـردەوە و لەنێـوان هـەردوو وڵاتـدا بـۆ چارەسـەر کردنـی کەشـتیی مارمـارەی شـین، ڕێککەوتـن. بـەو دیپلۆماسـییە بەهێـزەدا دیـارە کـە تورکیـا بـە باشـی بنەماکانـی ئۆپەرسـیۆنی جەرابلۆسـی دانـا. ئیبراهیـم کالـن گوتەبێـژی سـەرۆککۆمار، گوتـی: "تورکیـا بـەر لـە ئۆپەراسـیۆن، ئەمریـکا، رووسـیا و هێزەکانـی هاوپەیمانـی ئاگادارکردبـوو و هاوئاهەنگییـە پێویسـتەکانی

---

1 -Elijah J. Magnier “Putin and Erdogan have agreed on a restricted road map in Syria: the Kurds and Nusra will be the main losers,” Middle East Politics, https://elijahjm.wordpress.com/٣٠/٠٨/٢٠١٦/putin-and-erdogan-have-agreed-on-a-restricted-road-map-in-syria-the-kurds-and-nusra-will-be-the-main-losers/

2 -Elijah J. Magnier “Putin and Erdogan have agreed on a restricted road map in Syria: the Kurds and Nusra will be the main losers,”

ئەنجامدابــوو" .[1] حــەوت ڕۆژ بەســەر ئۆپەراســیۆنی "قەڵغانــی فــرات"دا تێپــەڕی، بــەڵام تائێســتا (کاتــی نووســینی ئــەم وتــارە) نەئێــران و نەهیــچ دەوڵەتێکــی عەرەبــی قســەیەکی خراپیــان بەرامبــەر ئــەو هێرشــە نەکــردووە.
ئایــا ســنوورەکانی ئــەم هێرشــی قەڵغانــی فراتــە چییــە و تورکیــا تاوەکــو کــەی لــە ســووریا دەمێنێتــەوە. ئیبراهیــم کاڵــن گوتەبێــژی ســەرۆککۆمار بەوشــێوەیە باســی ئامانجــی ئۆپەراسیۆنەکە دەکات: "ئــەم هێرشــە لە دژی ســەرجەم ڕێکخــراوە تیرۆریســتییەکانە ، لەوانە داعــش و PYD، ئەنجامدەدرێــت تاوەکــو ئەوکاتــەی ســنوور لــە تیرۆریســتان پاکدەکرێتــەوە و ئاســایش و هێمنیــی ســنوورەکان دابیــن دەکرێــت، درێــژەی دەبێــت". هەمــوو دونیــا و لەســەرووی هەمووشــیانەوە ئەمریــکا داوا لــە تورکیــا دەکات کــە شــەڕکردن لەگــەڵ داعــش لەپێشــتر بگرێــت و ســنوورەکانی هێرشــەکەی دیاریبــکات. دواییــن جــار ئەشــتۆن کارتــەر وەزیــری بەرگــری ئەمریــکا داوای لــە تورکیــا کــرد کــە قورســایی بداتــە شــەڕی دژی داعــش و شــەڕ لەگــەڵ کــورد نــەکات، بــەڵام مەولــوود چــاوش ئۆغڵــوو گوتی کــە ئامانجی هێرشــەکەیان ئەوەیــە نەهێڵــن YPG کونترۆڵــی ناوچەیەکــی زۆر بەدەســتەوە بگرێــت و عەفریــن و کوبانێ بگەیێنێتــە یــەك و کوریدۆرێــك بکاتــەوە. [2]
ئەمریــکا داوا لــە تورکیــا دەکات کــە هێرشــەکانی بــەرەو درێژایــی ســنوورەکان پــەرە پێبــدات و بــەرەو قووڵاییــەکان و بــەرەو لای مونبیــج نەچێــت. کاتێــك تورکیــا زیاتــر لــەوەی لەگــەڵ داعــش شــەڕ بــکات، ســەرقاڵی شــەڕی کــورد بێــت، ئــەوا ڕووســیاش ئــەم دۆخــەی زۆر بــەدڵ نابێــت .[3] لەلایەکــی دیکــەوە YPG و هێــزە سیاســییە کوردییەکانــی ســووریاش ئــەم هێرشــەی تورکیــا بــە داگیــرکاری ناودەبــەن و "ســوێند دەخــۆن ئەگــەر بــە مردنیــش بێــت خاکــی خۆیان دەپارێــزن. "[4]
کوردانــی تورکیــا و ســەرجەم کوردانــی جیهــان بــە ترســەوە ســەیری ڕووداوەکان دەکــەن. ئەگــەر کێشــەی تورکیــا نەخواســتنی داعــش لەســەر ســنوورەکانی بووایــە، ئــەوکات تورکیــا لــە ســەرەتاوە دەیتوانــی ڕێگەنــەدات و تەنانــەت کاتــی هێرشــی ســەر کوبانــێ بــە هــاواری کوردانــەوە بچووبووایــە. ئەگــەر تورکیــا لــە کوبانــێ پشــتگیریی کوردانــی بکردایــە، قۆناخــی

1 -İbrahim Kalin, “Rusya ve ABD’ye gerekli bilgilendirme yapıldı,” Suputnik Turkiye,31,08.2016

2 -“After Turkey›s Syria Incursions, Questions Grow Over Exit Strategy,”voanews.com, Septermber 1,2016

3 -Patrick Cokckburn, “Turkey’s foray into Syria to take on Isis is a gamble in a very dangerous game,” Independent, 24 August 2016

4 -Patrick Cokckburn, “Syrian Kurds vow to fight to the death to stop Turkey ‹invading› their territory,” Independent, 03.September, 2016

ئاشـتیش شكسـتینەدەهێنا.

چەنـد سـاڵە كـە زیاتـر لـە 600كـم لـە سـنووری توركیـا لـە ژێـر سـەرەوەریی PYDدایـە و تائێسـتا هیـچ كەسـێك تەنانـەت بەردێكیشـی نەگرتووەتـە توركیـا. لـەو سـنوورەی كـە داعـش لێیـەوە نزیكبـوو بـە سـەدان هێرشـكراوە و جـاری دواییـش داعـش لـە شـاییەكی كوردانـدا لـە دیلـۆك 54كەسـی كوشـت .[5] لـە سـووریا سـنوورەكانی ژێـر دەسـەڵاتی PYDبـە تـەواوی هێمنـە. نووسـەرێكی رۆژنامـەی حورییـەت لـە وتارێكـدا لـە 7ی حوزەیرانـی 2016دا نووسـیویەتی: "مـن وەك هاووڵاتییەكـی تـورك بەپێـی بەرژەوەندییەكانـی وڵاتەكـەم سـەیری بابەتەكـە دەكـەم. لەجیاتـی ئـەوەی لەسـەر سـنوورەكانمان رێكخـراوی تیرۆریسـتیی وەك داعـش، قاعیـدە و نـووسرە هەبـن، باشـترە كـە هێزەكانـی ئەسـەد یـان هێزەكانـی سـەربە PYDهەبـن. هـەر هیـچ نەبـێ ئەوكاتـە بومبـا بەسـەر ئێمـەدا نابـارن . "[6]

توركیـا لـە 24ی ئابـەوە لـە سـووریایە و كـەس نازانـێ كـە چەندیـتر لـەوێ دەمێنێتـەوە. بەرپرسـانی سیاسـی لـە قسـەكانیاندا دەڵێـن: "تاوەكـو ئەوكاتـەی سـنوورەكان لە تیرۆریسـتان پاكدەكرێنــەوە و هیمنایەتــی ســنوورەكان دەپارێزرێــت، درێــژەی دەبێــت". دیســان توركیـا دەیەوێـت وەك پێشـوو PYDبكشـێتەوە رۆژهەڵاتـی فـرات، بـەڵام سـبەی توركیـا دەتوانـێ بـەوەش قایـل نەبـێ و دوای ئـەوەی PYDكشـایەوە رۆژهەڵاتـی فراتیـش، دیسـان رانەوەسـتێ. هەڵبـەت PYDحیسـابی ئـەوە دەكات و ئـاگای لێیـە. یـان ئـەوەی كـە توركیـا سـبەی دەتوانـێ PYDلـە هیـچ شـوێنێكی سـنوورەكەی خـۆی نەخوازێـت و دیـارە كاتێـك لـە دەسـتیبێ ئەمـەش دەكات. لـەم شـەترەنجەدا مونبیـج ئامانجـی یەكەمـە و توركیـا بـە هیـوای ماتكردنـە. دیـارە كاتێـك كـە PYDلـە مونبیـج بكشـێتەوە، سـبەی رۆژ توركیـا داوادەكات لـە هەمـوو سـنوورەكان بكشـێتەوە. بێگومـان ئـەم سیاسـەتەش مانـەوەی توركیـا لـە سـووریا زۆر درێـژ دەكاتـەوە. ئەگـەر توركیـا بـە تەنیـا خـۆی بڕیـاری هاتنـە نێـو خاكـی سووریاشـی دابێـت، دەرچوونەكـەی لـە توركیـا هـەروا بەئاسـانی بەبـێ قەرەبـوو نابێـت. چونكـە دوای ماوەیـەك توركیـا لەگـەڵ دەوڵەتانـی وەك ئێـران و رووسـیا، دەكەوێتـە بەرانبـەری یـەك. تەنگكردنـەوە و سـنووردارکردنی شـوێنی كـورد لـە سـووریا بـۆ فرەكردنـی شـوێنی عـەرەب و سـوپای ئـازادە. بەوشـێوەیە سـبەی رۆژێ عەرەبـی سـوننە داوای حەلـەب دەكـەن، دوای حەلەبیـش چـاو دەبڕنـە شـام. ئینجـا ئـەو سیاسـەتە شـوێنی ئێـران و رووسـیاش تەنگـدەكات

5 -"Turkey: Suicide bomber kills more than 50 at wedding," Aljazeere, 22 August, 2016, http://www.aljazeera.com/news/201608//injured-blast-hits-wedding-hall-gaziantep-160820204150494.html

6 -Ertugrul Ozturk, "Sınırda IŞİD olacağına PYD olsun," Hurriyet, 07.06.2016

و ئـەوان رووبـەڕووی توركیـا دەكاتـەوە. هـەروەك چـۆن رووسـیا لـە ئەفغانسـتان، ئەمریـكا لـە ڤیتنـام و عێـراق، بـە ئاسـانی نەچوونـە دەرەوە، سبەی رۆژ توركیـاش لـە سـووریا گیـرۆدە دەبێـت. پـاش داگیركردنـی عێـراق لـە 2003دا پنتاگـۆن دەیویسـت كـە رۆژێك زووتـر كۆتایی بـەم داگیركارییـە بێـت و رژێمێكـی مەدەنـی دەسـەڵات بەدەسـتەوە بگرێـت، بـەڵام ئـەم كارە بـە ئاسـانی روویـنـەدا . [1]

تاوەكـو ئەوكاتـەی توركیـا خاكـی كـورد بخاتـە سـەر خاكـی عـەرەب، لەوانەیـە دەوڵەتانـی عـەرەب بێدەنـگ بـن، بـەڵام كاتێـك هاوسـەنگی هێـزی نێـوان عەرەبـی شـیعە و سـوننە تێكبچێـت، ئـەوكات عەرەبەكانیـش دەنگـی خۆیـان هەڵدەبـڕن. بـە كورتـی، ئاڵۆزیـی سـووریا دەتوانـێ ببێتـە پارچەیـەك ئاگـر و سـەرەتا شـەڕێكی هەرێمـی و دواتـر شـەڕێكی جیهانیشـی لێبكەوێتـەوە. بیسـماركی سـەرۆكی ئەڵمانیـا لـە خـۆوە نەیدەگـوت: "ئێـوە دەتوانـن بڕیـاری ئەوەبـدەن كـەی و لـە كـوێ دەسـت بەشـەڕ بكـەن، بـەڵام نازانـن كـە ئـەو شـەڕە لـە كـوێ و كـەی كۆتایـی دێـت". توركیـا خـۆی هەڵدایـە نێـو شـەڕێك كـە نازانـێ چـۆن لەنـاوی بێتـە دەرەوە. هـەروەك چـۆن چەنـد سـاڵ پێـش ئێسـتا سیاسـەتەكانی خـۆی بەرانبـەر كوردانـی باشـوور گـۆڕی، لەسـەر هەمـان بنەمـا، پەیوەنـدی لەگـەڵ كوردانـی سـووریاش پێشخسـتبایە، ئـەوا هـەم بـۆ برایەتـی تـورك و كـورد باشـدەبوو و هـەم ئـەم هەمـووە خوێنـە لـە سـووریا نـەدەڕژا.

## ئەنجام

یەكێـك لـە ئامانجەكانـی داگیركردنـی مووسـڵ و هێـرش بـۆ سـەر كوردسـتان، پێشـگرتنبوو لـە دەوڵەتـی سـەربەخۆی كوردسـتان بـوو، بـەڵام ئـەم سـتراتیژە لـە دوو رێگـەوە داوای دەوڵەتـی سـەربەخۆی بەهێزتـر كـرد:

1 - رزگاركردنی كەركووك

2 - پشتگیریی نێودەوڵەتی

دوای پەیدابوونـی داعـش و كەمبوونـەوەی دەسـەڵاتی بەغـدا، خاكـی ژێـر كونترۆڵـی كـورد لـە 40% زیاتربـوو و سـەرجەم ئـەو شـوێنانەی كـورد لەگـەڵ بەغـدا كێشـەی لەسـەری هەبـوو و دەبووایـە لـە داهاتـوودا چارەنووسـیان بـە گشتپرسـی دیارییبكرێـت، ئازادكـران.

1 -James Dobbins, Seth G. Jones, Benjamin Runkle, Siddharth Mohandas, Occupying Iraq a history of the coalition provisional authority, Rand Corporation, 2009, r.82

بێگومـان لەگـەڵ کەرکـووك، بیـرە نەوتییـەکان و هەندێـك ناوچـەی دیکـەش کـە کـورد و عـەرەب پێکـەوە تێیـدا دەژیـان، کەوتنـە دەسـت کـورد . [1]
ئەگـەر کـورد بـەر لـەوەی کەرکـووك بکەوێتـەوە سـەر کوردسـتان، سـەربەخۆیی ڕاگەیاندبایە، ئـەوا ئـەم سـەربەخۆییە کـرچ و کاڵ دەمایـەوە. دەوڵەتانـی دراوسـێ ئاسـانتر دەیانتوانـی هێرشـبکەنە سـەر کـورد، شـەڕی کـورد و عێـراق لەسـەر کەوکـووك هـەر بـەردەوام دەبـوو. لەگـەڵ گەڕانـەوەی کەرکـووك کـورد ئازادیـی ئابووریيـان بەدەسـتهێنا و بـۆ پاراسـتنی ئازادیـی سیاسـیش هێـز و توانایەکـی زیاتریـان هەیـە. پشـتیوانیی نێودەوڵەتـی لـە کـورد، پـاش هێرشـەکانی داعـش زۆر زیاتربـوو. بـە کورتییەکـەی، هیرشـی داعـش بـۆ سـەر موسـڵ، گۆڕانێکـی چۆنایەتیـی خوڵقانـد. نێچیرڤـان بارزانـی بەوشـێوەیە باسـی ئـەم گۆڕانـە بـۆ گۆڤـاری (ئیکۆنومیسـت) دەکات: "ئێـوە ناتوانـن جارێکـی دیکـە بگەڕێنـەوە بـۆ سیسـتەم و دۆخـی پێشـوو، چونکـە عێـراق وەسـفەکانی سـەروەریی خـۆی لەدەسـتداوە. نەتـەوەی عێـراق بوونـی نییـە، بـەڵام ئـەوان سـەربەخۆیی رادەسـتی ئیمـە ناکـەن، دەبـێ ئێمـە خۆمان وەریبگریـن" . [2]
لـە ڕێگـەی دامەزراندنـی دەوڵەتـی سـەربەخۆی کـورد، گەڕاندنـەوەی موسـڵ بـۆ سـەر کوردسـتان لـە قۆناخـی دواتـردا دەبێـت، شـەڕی نـاو سـووریا و دامەزراندنـی هەرێمێکـی کـوردی لـە ڕۆژئـاوای کوردسـتان، لـە قۆناخـی دووەمدایـە. هـەردوو ئـەم ڕووداوانـەش وەك دوو وێسـتگەی مێژوویـی کاریگەرییەکـی مەزنیـان لەسـەر دامەزراندنـی دەوڵەتی سـەربەخۆ و داهاتـووی کـورد دادەنێـن. بـۆ نموونـە بـۆ تورکیـا، بـەر لـەوەی کـە کـورد لـە سـووریا، سـەروەرییەك لەسـەر خاکـی خـۆی دابمەزرێنێـت، بەفەرمـی ناسـینی دەوڵەتـی کـوردی زیاتـر مومکیـن بـوو. بـەڵام ئەمـڕۆ ئیـدی وانییـە. لـەو دۆخـەی کـە ڕۆژئـاوای کوردسـتان هێشـتا ئـازاد نەبـوو، سـەربەخۆیی باشـووری کوردسـتان، هەرگیـز بـە واتـای سـەربەخۆییەکی تەواو و پێنەگەیشـتبوو. لەوکاتـەدا کـورد دەیانتوانـی سـەربەخۆییەکی گرێـدراو بەدەسـتبێنن. واتـە سـەربەخۆییەك کـە گرێـدراوی بەخـت و ویژدانـی تورکیـا و ئێـران بێـت. بـەڵام پەیدابوونـی پرسـی ڕۆژئـاوای کوردسـتان، داینامیکەکانـی سـەربەخۆیی کوردسـتانیان بـە تـەواوی گـۆڕی. کاتێـك کوردانـی ڕۆژئـاوای کوردسـتان ، کوبانـێ و عەفریـن پێکـەوە گرێـدەن و کەناڵێـك بـەرەو دەریـای سـپی بکەنـەوە، ئـەوکات بەخـت و چارەنووسـی کـورد دەگۆڕێـت. ڕاسـتی ئەوەیـە کـە دەریـای سـپی دەتوانـێ بەختـی ڕەشـی کـورد سـپی بکاتـەوە. ئەگەرنـا، کـورد

1 -Patrick Cockburn, “End Times for the Caliphate?” London Review of Books, Vol.38, No:5, 3 March 2016

2 -“Kurdistan ever closer to independence,” The Economist, 21 February 2015

سەربەخۆش بن، ئەو سەربەخۆییە سەربەخۆییەکی گرێدراو دەبێت. بەڵام کاتێك بگەنە دەریای سپی، ئەوا ئەو سێ ڕێگەیەی کورد بە ژیانەوە دەبەستنەوە، دەکرێنەوە: ڕێگەی زەوی و وشکانی، ڕێگەی ئاسمانی و ڕێگەی دەریایی. ئینجا کورد دەتوانن بە سەربەستی بەڕووی دونیادا بکرێنەوە، نەوت و گازی سرووشتی بەبێمنەت بگەیێننە بازاڕەکانی جیهان. ڕێگەی هەستانەوە و پێشڤەچوون بەڕووی کورد بکرێتەوە و ببنە ئەکتەرێکی نێودەوڵەتی لە سیاسەتی دونیادا.

هەر وەك پێشتریش ئاماژەمان پێدا ، تورکیا ڕەزامەندیی خۆی سەبارەت بە کوردستانێك کە لەنێو سنوورەکانی عێراقدا بمێنێتەوە، دەردەبڕێت ، چونکە ژیان و هەبوونی دەوڵەتێکی وا بە تورکیاوە بەستراوە و لە بواری ئابووریدا تورکیا بەهێزتر دەکات. بێگومان کوردیش گرنگییەکی ئەوتۆ دەدەنە دراوسێیەکانیان و نایانەوێت لەگەڵ ئەوان ناتەبا بن. لەنێو ئەم دراوسێیانەدا تورکیا پێگەیەکی جیاوازی هەیە. لەو چەند ساڵەی دواییدا پەیوەندییەکانی هەردوولا بەتایبەت لە بواری ئابووریدا لە ئاستێکی زۆردا پێشکەوتووە. ساڵی 2015 بازرگانیی هەردوولا لە 8ملیار دۆلار زیاتربووە و 100هەزار کەس کە خەڵکی دەوڵەتی تورکیان، لە هەرێمی کوردستان کار دەکەن . [1]

تورکیا ئەو کوردستانەی لە ڕێگەی ڕۆژئاوای کوردستانەوە بگاتە دەریای سپی، مەترسییەکی گەورە بۆ پێگەی جیۆستراتیژی خۆی دەبینێت. بەداخەوە ئەم ترسە کە لەسیاسەتی دەرەوەی تورکیادا ئاشکرایە و هەر بەوهۆیەشەوە بوو دەستی لە سووریا وەردا. ئەردۆغان لەساڵی 2012دا، چەند بەر لەوەی قۆناخی ئاشتی دەستپێبکات، پاش کۆبوونەوەی لووتکەی هێمنایەتی لە تەلەڤزیۆنێکەوە گوتی: "ئێمە لە باکووری سووریا هەرگیز ڕێگە نادەین ستاتۆیەك دابمەزرێت کە عەفرین و قامشلۆ پێکەوە ببەستێتەوە. لە ڕوانگەی ئێمەوە ستاتۆیەك کە لە باکوور دروستببێت ، تیرۆریستییە. موداخەلەکردنی ئێمە سرووشتیترین مافی ئێمەیە. چونکە ئەمە دەتوانێ پلانێکی وابێت کە باکووری عێراق بگەیێنێتە دەریای سپی . [2]

لە سەرەتاکانی شەڕی سووریادابوو کە ئەردۆغان ستاتۆیەکی وای وەك قەوارەیەکی تیرۆریستی دەبینی. دیارە کە نەك هەر PYD، بەڵکوو کام هێزی کوردی بیخواستبایە ستاتۆیەك لە ڕۆژئاوای کوردستان دابمەزرێنێت، تورکیا دۆستانە سەیری نەدەکرد. ترسێکی دیکەی تورکیاش ئەوەیە کە ئەم ستاتۆیە، تورکیا لە جیهانی عەرەب داببڕێت

---

1 -“Kurdistan ever closer to independence,” The Economist, 21 February 2015

2 -“Erdogan Mudahale Etme Hakkımız Var,” Hurriyet, 25 Temmuz 2012

و بە یەکجاری تورکیا مایەپووچ بکات. تورکیا دەیەوێ بە ئۆپەراسیۆنی قەڵغانی فرات، لەلای رۆژئاواوە پشتێنەیەکی عەرەب لەسەر سنوورەکان دابمەزرێنێت. ئەگەر تورکیا نەتوانێ بەرەو مونبیج و ئەلباب بڕوا ( کەئێستا نزیکیبووەتەوە) و رێگە نەدۆزێتەوە کە PYDلە رۆژهەڵاتی فرات دووربخاتەوە، ئەوکات لە لای سەروەوە لەنێوان عەفرین و کوبانێدا پشتێنەیەکی عەرەبی دادەمەزرێنێت و بەوجۆرەش ئەوشتەی رژێمی بەعسی لەساڵی 1963دا بە نیوەچڵ بەجێیهێشتبوو، تەواودەکات. چونکە تورکیا لە خەیاڵ یان ستراتیژیی کورد بۆ گەیشتن بە دەریای سپی زۆر تووڕەیە و زۆریش لێیدەترسێت. ئەمڕۆ فۆبیای تورکیا لە سیاسەتی دەرەوەدا، گەیشتنی کوردە بە دەریای سپی. ئەردۆغان لە 7ی شوباتی 2016دا کاتێك لە گەشتەکەی بەرەو ئەمریکای لاتین دەگەڕایەوە، لە فڕۆکەدا سەبارەت بە دۆخی سووریا گوتی: "ئەو هەڵەیەی لە عێراق کردمان، نامانەوێ لە سووریا دووبارەی بکەینەوە. من لایەنگری یاسای 1ی ئادار بووم، ئەوانەی لە دژیبوون ڕاشکاوانە نەیاندەگوت. ئەگەر یاسای 1ی ئادار لەکاتی خۆیدا پەسەند بکرایە و تورکیا لە عێراق بووایە، ئەوا دۆخی عێراق بەوشێوەیە نەدەبوو.[1]

هۆکاری موداخەلە بۆ رۆژئاوای کوردستان ئەوەبوو. لەبەرئەوەش تورکیا ناچاربوو سیاسەتی خۆی بەرانبەر بەشار ئەسەد بگۆڕێت و لەگەڵ رووسیا و ئێران رێکبکەوێت. ئینجا کاتێك کە سبەی لە هەرێمەکە دۆخەکە بگۆڕدرێت و ئەمریکا و رووسیا پێیڕازی بن کە کوردیش بگەنە دەریای سپی، ئەوکات تورکیا بەر لە هەموو دەوڵەتان هەرێمی دەوڵەتی کوردی سەربەخۆ بە فەرمی دەناسێت و ئامێزیان بۆ دەکاتەوە. چونکە راکێشانی سنوور لەنێوان تورکیا و کوردستاندا کارێکی ئەستەم و دژوارە. یاساکانی ئەوان زۆر قووڵ و لەناویەکدان. بەر لەهەموو شتێك گەورەترین شاری کوردی لەڕووی دانیشتووانەوە نە هەولێرە، نە کرماشانە و نە دیاربەکر، بەڵکو ئیستەنبووڵە. بەشێوەیەکی مێژووییشەوە کورد و تورك پێکەوە چوونەتە ئیستەنبووڵ.

فاکتەری داعشیش، فاکتەرێکی گرنگە بۆ دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی. ئەگەر کورد بابەتی داعش بە باشی نەخوێننەوە، لەوانەیە تووشی بەڵای زۆر لە داعش مەزنتر بن. داعش رەوابوونی داوای کوردی بە تەواوی دونیا دایە قبووڵکردن و خزمەتێکی گەورەی بۆ بەنێونەتەوەییبوونی پرسی کورد کرد. بەڵام پێویستە کورد شتێك باش بزانن، لەنێوبردن و تەفروتووناکردنی داعش نابێتە مەڵحەم بۆ دەردی کورد. دەردی کورد، بەتایبەت لە باشوور و رۆژئاوای کوردستان، دامەزراندنی دەوڵەتی کوردییە.

1 -Vahap Munyar, “Irak’taki hataya düşmek istemiyoruz,” Hurriyet, 7 Şubat 2016

لەنێوچـوون یـان لەنێوبردنـی داعـش پرسـی تیـرۆرە و شـتی گرنـگ ئەوەیـە: ئایـا ئـەو بۆشـاییە سیاسـییەی لـە دوای نەمانـی داعـش دروسـتدەبێ، لەلایـەن کێـوە پـڕ دەکرێتـەوە؟ هاوسـەنگییە سیاسـییەکانی ناوچەکـە، چ سیسـتەمێك بەخـۆوە دەگـرن. بەدەربڕینێکـی دیکـە ، کام هێـز یـان دەوڵـەت شـوێنی داعـش دەگرێتـەوە؟ هەڵبـەت دیـارە کۆمەڵگەیـەك هەیـە کـە داعـش بەخێـودەکات و خـۆی دەسـپێرێتە داعـش. هەمووومـان دەزانیـن ئـەو کۆمەڵگەیـەش، کۆمەڵگـەی سـوننەی عێـراق و سـووریایە. بەتایبـەت سـوننەی عێـراق، نزیکـەی 80-70 سـاڵ دەوڵەتـی عێراقیـان بەڕێوەبـرد و لـە دەرفـەت و پوانـی بەدەوڵەتبـوون بەهەمـوو شـێوەیەك کەڵکیـان وەرگـرت. ئەمڕۆکـە ئەگـەر 25%ی بەڕێوەبەرانـی داعـش لـە کۆنـە بەعسـییەکان پێکدێـن، ئەمـە دەربڕی راسـتییەکی سیاسـی و کۆمەڵناسـییە. سـوننەکانی عێـراق بەهیـچ شـێوەیەك خۆیـان گرێـدراوی بەغـدا نابینـن، هـەر بەوهۆیەشـەوە سـوننەی سـووریاش خۆیـان گرێـدراوی رژێمـی ئەسـەد یـان رژێمـی عەلـەوی نابینـن. پـاش رژانـی ئـەو هەمـووە خوێنـە، پـاش کۆچبەربـوون و ماڵوێرانـی، سـوننەکانی عێـراق و سـوننەکانی سـووریاش دەیانەوێـت کـە خۆیـان، خۆیـان بەڕێوەببـەن و ببنـە خـاوەن دەسـەڵاتی سیاسـی. بێگومـان پێویسـتە داعـش لەنێوبچێـت، بـەڵام لـەم نێـوەدا سـوننەی هـەردوو وڵاتیـش خـاوەن مافـی چارەنووسـی خۆیـان بـن، پێکـەوە یـان جـودا دەسـەڵاتی سیاسـی خۆیـان هەبێـت. تەنانـەت بـەر لـە کـورد، ئەوانـن کـە عێـراق و سـووریا دابەشـدەکەن. بەکورتـی مەترسـی بـەردەم کـورد ئەوەیـە: کاتێـك داعـش لەنێوبچێـت و سـوننەکانی عێـراق بکەونـە ژێـر دەسـەڵاتی بەغـدا و ئەوانـەی سـووریاش بکەونـە ژێـر دەسـەڵاتی دەوڵەتـی عەلـەوی، ئەوکاتـە ئیشـی کـورد زۆر دژوار دەبێـت. چونکـە ئـەو رۆژەی کـە بەغـدا و ئێـران موسـڵیان خسـتە ژێـر کونترۆڵـی خۆیـان، رۆژی دواتـر داوای کەرکـووك دەکـەن. بۆیـە تاوەکـو ئەلتەرناتیڤێکـی نـەرم و دیموکراتـی سـوننەکان دەرنەکەوێـت، کەوتنـی موسـڵ بـۆ کوردانـی باشـوور و کەوتنـی رەققـە بـۆ کوردانـی رۆژئـاوا مەترسـییە. هـەر بۆیـە دەبـێ کـورد سـەبارەت بـە پرسـی داعـش، جموجووڵـی سیاسـیی هەبێـت. لـەم کاژێـرە بـەدواوە دروسـتبوونی دەوڵەتێکـی سوونەسـتان، عەلەویسـتان و کوردسـتان حاشـاهەڵنەگرە. دەبـێ ئـەو هەرسـێ دەوڵەتـە کـە ئەمـڕۆ بەشـێوەیەکی دیفاکتـۆ دروسـتبوونە لەئاسـتی نێودەوڵەتیشـدا بەشـێوەیەکی فەرمـی دانیـان پێدابنرێـت.

دوا قسـە: ئەگـەر کـورد یەکبن، لەنێوخـۆدا ئاشـتییەك بنیاتبنێـن و هوشـیارانە رەفتـار بکـەن، ئیـدی دەوڵەتـی سـەربەخۆی کوردسـتان شـتێکی دوور نییـە.

# ستراتیژی ئێرانی:
# جەنگی کورد دژ بە داعش

**هاشم محەممەد ئەحمەد**
مامۆستای زانکۆ- کەلار

## پووختە:

بەهۆی زۆربوونی لایەنەکانی شەڕ دژ بە داعش، ئەم توێژینەوەیە تەنیا باسی پێگەی هێزە کوردییەکانی باشور و ڕۆژئاوای کوردستان لە روانگەی ستراتیژی ئێرانییەوە دەکات. سێ قۆناخی سەرەکی لە روانگەی ستراتیژی ئێراندا دەبینرێن: یەکەم، بەرزبوونەوەی ئاستی مەترسی داعش بەتایبەت دوای داگیرکردنی شاری موسڵ کە دەبێتە هۆی ئەوەی کورد وەك هێزی هاوپەیمانی ئێران سەیربکرێت . دووەم، کەمبوونەوەی ئاستی مەترسی داعش کە بە شکست لە شەڕی کۆبانێدا دەستپێدەکات و بەوهۆیەوە بەرژەوەندییە هاودژەکانی کورد و ئێران سەرهەڵدەدەن. سێیەم: کەمبوونەوەی مەترسی داعش تاوەکو نزمترین ئاست کە دەبێتە هۆی زاڵبوونی بەرژەوەندییە هاودژەکان و بەوهۆیەوە ئەگەری ئەوە دێتە ئاراوە کە بەشێوەیەکی بەرچاو لە هەڵوێستی ستراتیژی ئێران بەرامبەر بە هێزە کوردییەکاندا گۆڕانکاری بکرێت. تێگەیشتن لە بەرژەوەندی و ئامانجەکانی ئێران، ڕێنوێنی سەرەکییە بۆ تێگەیشتن لە ستراتیژی ئەم وڵاتە. لەم توێژینەوەدا گرنگی ستراتیژیی عێراق و سووریا بۆ ئێران ئاشکرا دەکرێن.
وشە سەرەکییەکان: ستراتیژی، ئێران، باشووری کوردستان، ڕۆژئاوای کوردستان، داعش

## پێشەکی:

بەهۆی ئەوەی لایەنەکانی شەڕی دژ بە داعش یەکجار زۆرن، پێویستە بە جیا، توێژینەوەیەکی تایبەت لەسەر هەر لایەنێك بکرێت. بەپێی هەندێك سەرچاوە تەنیا لە سووریا نزیکەی 1500 گرووپی جیهادی هەن[1]. بۆیە، لێرەدا تەنیا روانگەی ستراتیژیی ئێران لەبەرچاو دەگیرێت. بەم هەنگاوە، ئاڵۆزیی کێشەکە تارادەیەك کەمدەبێتەوە، بەڵام پێویستی بە وردبوونەوەی زۆرترە لەبەرئەوەی هاوپەیمانەکانی ئێرانیش لە شەڕی داعشدا جیاوازن و بەرژەوەندی و ئامانجی جیاوازیشیان هەیە. بەمەبەستی وردبوونەوەی زۆرتر "پێگەی هێزە کوردییەکانی باشور و رۆژئاوای کوردستان لە روانگەی ستراتیژی ئێران لە شەڕی داعش"، بە ئامانجی ئەم توێژینەوەیە دادەنرێت . ئامانجی دووەمی توێژینەوەکە، روونکردنەوەی بەرژەوەندییەکانی ئێرانە لە شەڕەکەدا. لەکۆتاییشدا، هەوڵدەدرێت بەرژەوەندی، هەڵوێست و کردارەکانی ئێران بەرامبەر بە هێزە کوردییەکانی باشور و رۆژئاوای کوردستان لە قۆناخی پاش شکستی داعش پێشبینیبکرێن .

کورد هەم لە باشوور و هەم لە رۆژئاوای کوردستان، رۆژ لە دوای رۆژ زۆرتر وەك هێزێکی کارامە لە شەڕ بەرامبەر بە تیرۆریستانی داعش دەردەکەوێت. وڵاتانی ناوچەکە و جیهانیش دانیان بەم کارامەییەدا ناوە، بەڵام مەرج نییە بەرژەوەندی ئەم لایەنانە و کورد، لەم شەڕەدا یەکسانبێ و یەك مانای بۆ هەمووان هەبێت. بۆیە، دەبێ بەمەبەستی تێگەیشتن لە هەڵوێست و کرداری هەر لایەنێك، بەرژەوەندییەکانی لەپێش چاو بگیرێت. بۆ پێکانی ئەم ئامانجە، دەبێ بەرژەوەندییەکانی ئێران لەم شەڕەدا ئاشکرابکرێن. بەوە، هۆ و ڕیشەی هەڵوێست و کردارەکانی ئێران بەرامبەر هێزە کوردییەکانی باشوور و رۆژئاوای کوردستان کە خەریکی شەڕی داعشن، ئاسانتر دەبێت.

دەتوانرێ پێگەی هێزی کوردی لە روانگەی ستراتیژی ئێران لەشەڕی داعشدا، بە سێ قۆناخی جیاواز دابەشبکرێت. لە قۆناخی یەکەمدا کە خاڵی دەستپێکەکەی داگیرکردنی موسڵە، داعش وەك هێزێك دەردەکەوێت کە یەکجار زوو گەشەدەکات، پەرەدەستێنێ و

1 -Hassan, H. (2016). Rebel Groups' Involvement in Syria. Understanding Iran's Role in the Syrian Conflict, Occational paper. P: 33, 3338- Available from: https://rusi.org/sites/default/files/201608_op_understanding_irans_role_in_the_syrian_conflict_0.pdf [Accessed August 2016].

بەخێرایی سەرزەوینێکی بەرفراوان داگیردەکات. داعش لەم قۆناخەدا پاش داگیرکردنی زۆرینەی ناوچە سوننەکانی عێراق و سووریا، پەل بۆ داگیرکردنی ناوچە شیعەنشینەکانی ئەم دوو وڵاتەش دەهاوێت و لە هەوڵی ئەوەدایە سیستەمی سیاسی هەردوو وڵاتەکە بەپێی خواستی خۆی دابڕێژێتەوە. لە روانگەی ستراتیژی ئێران، داگیرکردنی موسڵ و تێکشکانی سوپای عێراق لەسەر دەستی داعش و پاشان هێرشی داعش بۆ هەرێمی کوردستان، بووە هۆی ئەوەی کە کوردی باشوری کوردستان پێگەی هاوپەیمانێکی پێبدرێت کە لەگەڵ ئێران بەرژەوەندی هاوبەشی[1] هەیە. لە قۆناخی یەکەمدا "کورد بۆ ئێران دەبێتە دۆست بەهۆی ئەوەی دووژمنی دوژمنەکەیەتی".

لە قۆناخی دووەمدا، هێزی داعش لاوازدەبێ و توانای داگیرکردنی نامێنێ و رۆژ لە دوای رۆژ پاشەکشێی پێدەکرێت. خاڵی دەستپێکی ئەم قۆناخە، شەڕی کۆبانێیە کە بەشێوەیەکی چاوەڕواننەکراو بۆ سیاسەتمەدار و ستراتیژیستەکانی جیهان، داعش تێکشکا. لێرەدا مەترسی داعش کەمتر دەبێ و بەوهۆیەوە بەرژەوەندییە هاودژەکان دەردەکەون[2]. لەم قۆناخەدا بەهۆی ئەوەی هێشتا مەترسی داعش بنبڕ نەبووە، ئێران بە وریایی و مەترسییەوە بەرامبەر هێزە کوردییەکان - بەتایبەت لە باشوری کوردستان- هەڵویستی دەبێت. واتە، هەرچەندە هێشتا ئێران لەگەڵ هێزە کوردییەکان وەك هێزی دژبە داعش هاوبەرژەوەندە، بەڵام بەهۆی ئەوەی بەهێزبوونی هێزە کوردییەکانی باشوور و رۆژئاوای کوردستان دەرفەتیان دەداتێ کە بۆ یەکلاییکردنەوەی کێشەکانیان لەگەڵ سیستەمی سیاسی عێراق و سووریا هەنگاوبنێن، کە لە روانگەی ئێرانەوە لاوازی هەردوو وڵاتەکەی بەدواوە دەبێ و لە داهاتوودا لەوانەیە کۆمەڵێك کێشەی ناوخۆیی بۆ ئێرانیش لێبکەوێتەوە، بۆیە بەرژەوەندییە هاودژەکانی هێزە کوردییەکان و ئێران خۆی پیشاندەدات. لەم قۆناخەدا هێزە کوردییەکان بۆ ئێران جیا لە "رۆڵی دووژمنی دووژمنەکەم"، "رۆڵی دووژمنی دۆستەکەشم" دەگێڕن. هەربۆیە، ستراتیژی ئێران لە پشتگیری هەمەلایەنە و تەواو لە هێزە کوردییەکان بەرامبەر داعش، بۆ پشتگیری سنووردار دەگۆڕدرێت و هاوکات لەسەر پشتگیری هێزە شیعەکان چڕدەبێتەوە.

قۆناخی سێیەم، قۆناخی پێشبینیکردنی ستراتیژی ئێرانە پاش تێکشکاندنی داعش: خاڵی دەستپێکی ئەم قۆناخە بە ئازادکردنی موسڵ لە عێراق و رەققە لە سووریادا دەناسرێت. واتە بە ئازادکردنی ئەم دوو شارە کە بە دوو بنکەی سەرەکی داعش

---

1 -Common Interests

2 -Conflicting Interests

لــە عێــراق و ســووریادا دەناسرێــن، بەشــێکی گرنــگ لــە قۆناخــی تێکشــکاندنی داعــش جێبەجێدەبێـت. "داعـش بیرۆکـەی دامەزراندنـی خەلافەتـی ئیسـلامی هەیـە. بـۆ رازیکردنـی هێـزە دەمارگیـرەکان لـە هەمـوو شـوێنێکی جیهـان، پێویسـتی بـە داگیرکردنـی زەویـە. بۆیـە، هــەر شــەڕێکی کارامــە دژ بــە داعــش، شــەڕێکە کــە چەقــی قورســایی ســەرزەوینی داعــش بکاتــە ئامانــج. شــەڕی دژ بــە داعــش دەبــێ لەســەر بنەمــای ئازادکردنــی موســڵ، رەققــە، پالمیــرا، دەێــرەزوور و ئارامکردنــەوەی بارودۆخــی رووەمــادی بێــت".[1] بــە واتایەکــی دیکــە، داگیرکردنــی موســڵ و رەققــە تەنیــا ســەرەتای شکســتی یەکجارەکــی داعشــن و کاتێــك ئــەم قۆناخــە تەواودەبــێ کــە هیــچ شــارێکی گــەورە یــان بنکەیــەی گــەورەی داعــش لــە نــاو شــارەکاندا نەمێنێتــەوە.

لـەم قۆناخـەدا، ئەگـەری ئـەوەی هەڵوێسـت و کـرداری ئێـران بەرامبـەر هێـزە کوردییـەکان بەتـەواوی بگۆڕدرێـت، زۆرتـر لەهـەردوو قۆناخـی پێشـووترە. قۆناخـی پـاش کۆتایـی هـەر شـەڕێك، قۆناخـی سـەقامگیرکردنی بارودۆخـی نوێیـە بەپێـی رێککەوتنـی یاسـایی و سیاسـی. وەك هــەر شــەڕێکی دیکــە، قۆناخــی پــاش شکســتی داعــش، قۆناخــی رێکخســتنەوەی پەیوەنـدی نێـوان هێـزە سیاسـییەکان لەهەرسـێ ئاسـتی ناوخۆیـی، ناوچەیـی و نێودەوڵەتییە. لـەم قۆناخـەدا، هێـزە کوردییـەکان و ئێـران هـەر کام بەتـەواوی بیـر لـە بەرژەوەندییەکانیـان دەکەنــەوە و کەمتریــن بەرژەوەنــدی هاوبەشــیان پێکــەوە دەمێنێــت. لێــرەدا ئێــران، هێــزە کوردییــەکان وەك ئەکتــەری خوازیــاری گۆڕانــکاری لــە سیســتەمی ناوخۆیــی هــەردوو وڵاتـی سـووریا و عێـراق و لەنوێـوە داڕێشـتنەوەی پەیوەندییـە ناوچەییـەکان دەبینێـت کـە پێویسـتە کۆنترۆڵبکرێـن. بۆیـە، ئەگـەر زۆرە لـە قۆناخـی سـێیەمدا، پێگـەی کورد لە سـتراتیژی ئێرانـدا بگۆڕدرێـت و هەڵوێسـت و کردارەکانـی ئێـران لەسـەر بنەمـای کۆنترۆڵکردنـی هێـزە کوردییـەکان بـێ کـە دەیانەوێـت گۆڕانـکاری لـە "بارودۆخـی ئێسـتا"[2]دا بکرێـت.

## سەرهەڵدانی داعش و مەترسییەکانی

لـە ئاسـتی نێودەوڵەتیـدا، سـەرهەڵدانی داعـش، بەرژەوەنـدی ناوچەیـی وڵاتانـی رۆژئاوایـی

1 -Cafarella, J. and Gambhir, H. and Zimmerman, K. (2016) U.S. grand strategy: Destroying ISIS and AL QAEDA, Jabhat Al Nusra and ISIS: Sources of Strength. Washington D.C: Institute for the study of war (ISW). Report Three. P: 25, Available from: http://www.understandingwar.org/report/jabhat-al-nusra-and-isis-sources-strength [Accessed 9 February 2016].

2 Status quo

خستووەتە ژێر مەترسییەوە و ململانێیەکی لەنێوان زلهێزەکان بەتایبەت رووسیا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا دروستکردووە. رووسیا و ئەمریکا وەك دوو زلهێزی جیهان، لە کۆتایی جەنگی ساردەوە تاوەکو ئەمڕۆ لە هیچ شوێنێکدا ئەوەندەی ئەم ساڵانەی شەڕی داعش، تووشی ململانێ نەبوونەتەوە. "سەرهەڵدانی داعش نیشانەکانی گۆڕان و نامەرکەزیبوونی[1] سیستەمی نێودەوڵەتی، گۆڕانکاری لە هاوسەنگی هێز لە ئاستی ناوچەیی و نێودەڵەتی لە ئەنجامی دوورکەوتنەوە یان پاشەکشێی هێزەکانی جیهان و هەروەها سەرهەڵدانی هێزە ناوچەییەکان و دروستبوونی ئەکتەرە نێودەوڵەتییەکانی دەرخستووە.[2] شەڕی دژ بە داعش و جیهادییە ئیسلامییەکانیش زۆری ماوە تاوەکو کۆتایی پێبێت و بەدڵنیاییەوە ماوەیەکی درێژ دەخایێنێ تاوەکو رۆژهەڵاتی نێوەڕاست و بەتایبەت سووریا و عێراق ببووژێنەوە. هاوکات، ئەم گۆڕانکارییانە بۆ ساڵانێکی زۆر، رۆڵی سەرەکی لە داڕشتنەوەی داهاتووی سیاسی و سەرزەوینی تەواوی ناوچەکە و سیاسەتی ئەکتەرە نێودەوڵەتییەکان دەگێڕێت." [3]


لە ئاستی ناوچەییشدا، سەرهەڵدانی داعش مەترسییەکی گەورەی بۆ سەر ئاسایش، سەقامگیری و یەکپارچەیی سەرزەوینی دەوڵەتەکانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست دروستکردووە. "ململانێی نێوان ئێرانی شیعە و سعودیەی سوننە، مەکینەی کێشمەکێش و پێکدادانەکانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستە".[4] واتە، نابێ سەرهەڵدانی داعش بە دیاردەیەکی سیاسی لەناکاو سەیربکرێت، بەڵکو دەبێ ریشەی ئەم دەمارگیرییە لە ململانێی درێژخایەنی ئایدیۆلۆژی نێوان شیعە و سوننە ببینرێتەوە. ئێران و سعودیەش وەك دوو وڵاتی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست کە هەوڵیانداوە وەك نوێنەری ئەو دوو رێبازە ئایینییانە دەربکەون، هەرکات بە پێویستیان زانیوە لەسەر بنەمای ململانێی ئایدیۆلۆژی، لە بوارەکانی دیکەش بۆ نموونە لە بواری ئابووریدا، ململانێیان لەگەڵ یەکتری کردووە. بەپێی پێویستیش، پێچەوانەی هاورێبازە ئایینییەکانیان رەفتاریان کردووە. کەواتە، ئاشکرایە کە ئەم دوو وڵاتە رێبازی ئایینی وەك ئامێرێك بۆ ئامانجی سیاسی بەکاردەهێنن.

1 -Decentralization

2 -Non-State Actors

3 -Tziarras, Z. (2014). The Geopolitical Impact of ISIS: Actors, Factors, and Balances of Power in the Middle East. A roundtable discussion on ISIS and the Middle East, The University of Cyprus, Available from: https://thegwpost.com/201424/09//the-geopolitical-impact-of-isis-actors-factors-and-balances-of-power-in-the-middle-east [Accessed 24 September 2014].

4 -Bremmer, I. (2015). These are the top 10 geopolitical risks of 2015. Available from: http://time.com/3652421/geopolitical-risks-2015-ian-bremmer-eurasia-group/ [Accessed 5 January 2015.




نەخشەی ژمارە 1: دابەشبوونی ناوچەیی شیعە و سوننە لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا [1]

## روانگەی ستراتیژی ئێران بۆ هێزە کوردییەکان لە جەنگی داعش دا

بۆ تێگەیشتن لە ستراتیژی ئێران بەرامبەر هێزە کوردییەکانی باشوور و رۆژئاوای کوردستان لە شەڕی داعش، پێویستە ئاستی مەترسییەکان، هەروەها پۆلێنکارییەك بۆ بەرژەوەندی و ئامانجەکان بکرێت. روانگەی ستراتیژی ئێران بۆ هێزە کوردییەکان لەجەنگی دژبە داعش، بەپێی هەڵسەنگاندنی مەترسییەکان و ئامانجەکانی ئێران، دەگۆڕدرێن. لێرەدا، روانگەی ستراتیژی ئێران بەسەر سێ قۆناخدا دابەشکراون و لە هەر قۆناخیکدا بەپێی

1 -Fisher, M. (2015). 40 maps that explains the Middle east, Map number: 13. Available from: http://www.vox.com/a/maps-explain-the-middle-east [Accessed 26 March 2015].

ئەوەی کە ئەم وڵاتە، مەترسی داعش لە چ ئاستێکدا هەڵدەسەنگێنێت، یان چ ئامانجێك بۆی گرنگتر دەبێت، پێگەی هێزە کوردییەکانیش لە ستراتیژییەکەی خۆیدا دەگۆڕێت و هەڵوێست و کرداری جیاوازی بەرامبەریان دەبێت.

**1 - قۆناخی یەکەم:** روانگەی ستراتیژی ئێران بەرامبەر هێزە کوردییەکان، لەکاتی زاڵبوونی بەرژەوەندییە هاوبەشەکاندا.

خاڵی دەسپێکی ئەم قۆناخە، "داگیرکردنی موسڵ" واتە دووەم شاری گەورەی عێراق پاش بەغدا لەلایەن داعشەوەیە. تێکشکانی سوپای عێراق لە 10ی حوزەیرانی 2014 کە نزیکەی 25000 هێزی چەکداری هەبووە، تەنیا لە ماوەی شەش رۆژ پێکدادانددا [1]، کاریگەریی لەسەر هەڵسەنگاندنی هێزی داعش هەبووە. پاش داگیرکردنی موسڵ، ئێران چیدی نەیدەتوانی مەترسی داعش وەك پێش ئەم رووداوە هەڵبسەنگێنێت بەڵکو ئاستی مەترسی داعش و هێز و تواناکانی لەچاو ئێران تۆختر بوونەوە. ئێران ئەزموونی بەرەنگاربوونەوەی گرووپە سوننە دەمارگیرەکانی هەیە. نموونەی ئەم گرووپانە، جەیشولعەدلە کە بنکەی لە پاکستان و پارێزگای سیستان و بەلووچستان هەیە و جاروبار تیرۆر، هێرشێکی تاکتیکی یان تەقینەوەیەك لە ناوچە سنوورییەکانی ئێراندا ئەنجامدەدات . بەڵام داعش جیاوازە لەم گرووپانە ، لەبەرئەوەی پێشکەوتنێکی بەرچاوی هەبووە و توانیویەتی لە ماوەیەکی کەمدا، دەیان هەزار چەکدار لە سەرانسەری جیهان بخاتە خزمەتی خۆیەوە ، سەرچاوەی باش کۆبکاتەوە و ناوچەیەکی جوگرافی بەرفراوانیش کۆنترۆڵبکات. داعش، لەنێوبردنی شیعەکان و دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئیسلامی وەك ئامانجی خۆی دیاریکردووە. بۆیە، بەهێزبوونی داعش مەترسییەکی گەورە دەبێ بۆ سەر ئاسایشی ئێران[2]. دەتوانین بڵێین لەروانگەی ستراتیژیی ئێراندا، پاش داگیرکردنی موسڵ، داعش لە ریزبەندی مەترسیی و هەڕەشەکان بۆ سەر ئاسایشی ئێران، چووەتە پلەی یەکەمەوە .

بە چەند هۆکارێك، عێراق بۆ ئێران وڵاتێکی زۆر گرنگە. دەوڵەتی عێراق لەکاتی دامەزراندنییەوە تاوەکو ساڵی 2003ی زایینی، ئەگەر بەشێوەیەکی ئەکتیڤ دژەئێران

1 -Parker, N. and Coles, I. and Salman R. (2014) How Mosul fell - An Iraqi general disputes Baghdad›s story. Baghdad: Reuters. Special Report. Available from: http://www.reuters.com/article/us-mideast-crisis-gharawi-special-report-idUSKCN0I30Z820141014 [Accessed 14 October 2014].

2 -Esfandiary, D. and Tabatabai, A. (2015) Iran’s ISIS policy. International Affairs, 91 (1), 1–15, P: 2. Available from: https://www.chathamhouse.org/sites/files/chathamhouse/field/field_publication_docs/INTA91_1_01_Esfandiary_Tabatabai.pdf [Accessed 15 January 2015].

نەبووبێ ، ئەوا پەیوەندییەکی دۆستانەی لەگەڵی نەبووە. بەڵام پەیوەندییەکانی عێراق لەگەڵ ئێران هەرگیز ئەوەندەی ئەم دە ساڵەی رابردوو، دوولایەنە و نزیك و دۆستانە نەبووە. لەلایەکی دیکەیشەوە، کورد لە باشووری کوردستان، پەیوەندییەکی دێرینی سیاسی لەگەڵ ئێران هەبووە کە ئەم پەیوەندییە هەرچەندە بەرزی و نزمی بەخۆوە بینیوە، بەڵام هەر بەردەوامبووە. دیمۆگرافی ئایینی عێراق و دیموکراتبوونی سیستەمە سیاسییەکەی، دوو هۆکاری سەرەکین بۆ ئەوەی شیعەکانی عێراق بتوانن لەم وڵاتەدا هەمیشە باڵادەستبن. سنووری عێراق و ئێران بەدرێژایی 1458 کم کە دانیشتووانی هەردوو بەری سنوور یەکسانن، گرنگی عێراق بۆ ئێران دوو ئەوەندە دەکات. لەبەرئەوەی هەر گۆڕانکارییەك لە سیستەمی سیاسی و یەکپارچەیی سەرزەوینی عێراقدا بکرێت، کاریگەری راستەوخۆی لەسەر کورد و عەرەبی دیوی ئێرانیش دەبێت. لە روانگەی ستراتیژی ئێراندا، یەکەم ئامانج پێشگیریکردن لە داگیرکردنی ناوچە شیعەنشینەکانی عێراقە. ئێران بۆ دڵنیابوونەوە لەوەی داعش ناتوانێ ناوچە شیعەنشینەکان داگیربکات، هەمووجۆرە یارمەتییەکی پێویستی ئابووری، سوپایی، راوێژکاری و زانیاری خستووەتە بەردەستی سوپای عێراق و هاوکات هەوڵیداوە میلیشیایەکی شیعە بە ناوی (حەشدی شەعبی) دروستبکات کە هاوشێوەی میلیشیای "بەسیج"ی ئێرانە. پاش هێرشی داعش بۆ سەر باشووری کوردستان، هاوپەیمانییەکی نەنووسراو بەهۆی هاوبەرژەوەندیی ئاشکرا، لەنێوان هێزی کوردی باشووری کوردستان و ئێراندا دروستبووە. ئێران بە ناردنی چەك و تەقەمەنی بۆ باشووری کوردستان [1]، گوشاری داعش لەسەر میلیشیای پێنەگرتوو و سوپای سەرلێشێواوی عێراق کەمکردەوە. لە روانگەی ستراتیژی ئێراندا، هێزی کوردی باشووری کوردستان لەم کاتەدا بەهۆی ئەوەی کە "دووژمنی دووژمنەکەی"[2] ئێرانە، رۆڵی هاوپەیمانێکی بۆ ئێران گێڕاوە. ئێران دەزانێ کە عەرەبی سوننە بۆ هەر گۆڕانکارییەك لە سیستەمی سیاسی عێراقدا پێویستی بە پشتیوانی کوردی باشووری کوردستانە. لەڕاستیدا، هەوڵی داعش وەك هێزی سوننە بۆ داگیرکردنی باشووری کوردستان، بەهەمان هۆکارە کە پادشای عێراق لەکاتی دامەزراندنی ئەم وڵاتەدا ئاماژەی پێکردووە، واتە ناهاوسەنگی دیمۆگرافی عەرەبی سوننە لەگەڵ عەرەبی شیعە. بەواتایەکی دیکە، عەرەبی سوننە لەکاتی لاوازیدا،

1 -Coles, I. (2014) Iran Supplies weapons to Iraqi Kurds. Erbil: Reuters. Available from: http://www.reuters.com/article/us-iraq-security-kurds-idUSKBN0GQ11P20140826. [Accessed 26 August 2014].

2 -Collard, R. The Enemy of My Enemy: Iran Arms Kurds in Fight Against ISIS. Erbil: Time. Available from: http://time.com/3196580/iran-kurds-isis-erbil-iraq/ [Accessed 27 August 2014].

بەهـۆی قووڵبوونـی کێشمەکێشـی ئایدیۆلـۆژی سوننە-شـیعە، بـۆ ئـەوەی بتوانـێ هـەر سیسـتەمێك لـە عێراقـدا دامەزرێنێـت، پێویسـتی بـە دەنـگ و یارمەتـی کـوردە. بـەڵام، پـاش سـاڵی 2003 بەتایبـەت لەکاتـی سـەرهەڵدانی داعـش و دووژمنایەتـی ئـەم ڕێکخـراوە لەگـەڵ کـورد، کـوردی باشـووری کوردسـتان و عەرەبـی شـیعەی عێـراق، دووژمنێکـی هاوبەشـیان بـۆ دروسـتبوو کـە بـۆ بەرگریکـردن لـە خۆیـان و تێکشـکاندنی، پێکـەوە هـاوکاری دەکـەن و ئێرانیـش -بەتایبـەت پـاش سـەرهەڵدانی داعـش- بووەتـە هاوبەرژەوەنـدی هەردووکیـان. ڕوانگـەی سـتراتیژیی ئێـران لـە شـەڕی داعـش لـە سـووریا جیـاوازە. لەسـەرەتای قەیرانـی سـووریاوە، پەیوەندییـە ئایینـی، ئابـووری و سیاسـییەکانی نێـوان ئێـران و سـووریا قووڵـتر بوونەتـەوە. نابـێ ئـەوەش لەیادبکرێـت کـە سـووریا بەهـۆی دیمۆگرافییەکـەی کـە زۆرینـەی سـوننەیە و لەلایەکـی دیکـەوە بەهـۆی ئـەوەی کـە هاوسـنووری ئێـران نییـە، بـەراورد بـە عێـراق گرنگییەکـی کەمـتری بـۆ ئێـران هەیـە[1]. سـووریا یارمەتیـدەری ئێرانـە کـە قووڵایـی و نفـووزی جیۆپۆلیتیکی ناوچەیـی خـۆی ڕابگرێـت. هەروەهـا، ڕۆڵـی پردێکـی لۆجسـتیکی نێـوان ئێـران - حیزبوڵـڵای لوبنانـی هەیـە کـە لەکاتـی پێویسـتدا بتوانـێ ئاسایشـی ئیسرائیـل بخاتـە مەترسـییەوە. بەواتایەکـی دیکـە، سـووریا وەك ڕێگەیەکـی ناردنـی هێزە بۆ دەسـتێکی ئێـران کـە شمشـێری دامۆکلیسـی بـە سـەر ئیسرائیلـەوە ڕاگرتـووە. ئێـران بـە ڕاگرتنـی سـووریا، لـە ڕۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـتی داهاتـوودا دەتوانـێ لـە ڕێگـەی عێـراق – سـووریا - لوبنـان بـۆ گەیشـتن بـە دەریـای نێوەڕاسـت و سـنوورەکانی ئیسرائیـل کەڵـك وەربگرێـت. [2]لەدەسترۆیشـتنی سـووریا بـۆ ئێـران، هەرچەنـدە بەواتـای کەمبوونـەوەی قووڵایـی و نفـووزی جیۆپۆلیتیکـی ئێـران لـەو ناوچەیـەدا دەبێـت، بـەڵام مەترسـی ڕاسـتەوخۆ بۆسـەر ئاسایشـی ئێـران دروسـتناکات. هـەر بۆیـە، ئێرانیـش لـە شـەڕی داعشـدا، گرنگییەکـی کەمـتر دەداتـە هێـزی کـوردی ڕۆژئـاوای کوردسـتان و تەنیـا وەك هێزێکـی دژەداعـش کـە دەتوانـێ یارمەتیـدەری دەوڵەتـی سـووریا بێـت سـەیریان دەکات.

لـە ڕوانگـەی سـتراتیژی ئێرانـەوە، هێـزی کـوردی ڕۆژئـاوای کوردسـتان، جیـا لـەوەی کـە

1 -Esfandiary, D. and Tabatabai, A. (2015) Iran's ISIS policy. International Affairs, 91 (1), 1–15. P: 4. Available from: https://www.chathamhouse.org/sites/files/chathamhouse/field/field_publication_docs/INTA91_1_01_Esfandiary_Tabatabai.pdf [Accessed 15 January 2015].

2 -Aleksashenko, S. (2015). A three-sided disaster: The American, Russian, and Iranian strategic triangle in syria. Washington D.C: Brookings Institution. P: 5. Available from: https://www.brookings.edu/blog/order-from-chaos/201516/10//a-three-sided-disaster-the-american-russian-and-iranian-strategic-triangle-in-syria/ [Accessed 16 October 2015].

بــە راکێشــانی بەشــێك لــە هێزەکانــی داعــش بــۆ بەرەکانــی شــەڕ لــە رۆژئــاوا، گوشــاری داعــش لەســەر ســوپای ســووریا کەمدەکاتــەوە، ســوودی دیکەیشــی بۆیــان دەبێــت. ئەویــش، دابەشــبوونی کارامــەی ســوپای ســووریا لــە ناوچــە ســتراتیژییەکانە کــە بەهــۆی بەرفراوانبوونــی بەرەکانــی جەنگــی دەوڵەتــی ســووریا لەگــەڵ دووژمنەکانــی، زۆر گرنگــە. "پاژنــەی ئەخیلــی ســوپای ســووریا، ژمــارەی کەمــی ســەربازەکانییەتی"،[1] کــە رۆژ لــە دوای رۆژیــش کەمدەبنــەوە. کێشــەی ژمــارەی ســەرباز، گوشــارێکی زۆری خســتووەتە ســەر شــانی ســوپای ســووریا، بۆیــە دەبــێ تــاك تاکــی ســەربازەکانی بەباشــترین شــێوەو لــە گرنگتریــن ناوچــە ســتراتیژییەکاندا بــڵاوە پێبــکات. لەڕاســتیدا، پاشەکشــێی ســوپای ســووریا لــە رۆژئــاوای کوردســتان و خۆدوورگرتــن لــە شــەڕ لەگــەڵ هێــزە کوردییەکانــی رۆژئــاوا -کــە خەریکــی شــەڕ لەگــەڵ داعشــن- ئەگــەر لــەم ســۆنگەیەوە ســەیربکرێت، کارێکــی تاکتیکــی بەجێیــە.

**2 - قۆناخــی دووەم:** روانگــەی ســتراتیژیی ئێــران بەرامبــەر هێــزە کوردییــەکان لەکاتــی دەرکەوتنــی بەرژەوەندییــە هــاودژەکان.

ئەگــەر بمانــەوێ خاڵێکــی دەســتپێك بــۆ ئــەم قۆناخــە دیاریبکەیــن، ئــەوە "شــەڕی کۆبانــی" بە خاڵێکــی شــیاو دادەنرێــت. کۆبانــی کــە نــاوی ســەنتەری کانتۆنێکــی رۆژئــاوای کوردستانیشــە ، بــۆ مــاوەی چــوار مانــگ و نیــو، لــە ئەیلوولــی 2015 تاوەکــو کانوونــی دووەمــی 2016 لــە گەمــارۆ و شــەڕی داعشــدا بــووە، بــەڵام هێــزە کوردییەکانــی رۆژئــاوای کوردســتان ئامادەنەبــوون شــارەکە بەجێبێڵــن. هێزەکانــی رۆژئاوایــی بەتایبــەت ئەمریــکا بەبینینــی چڕبوونــەوەی هێزێکــی زۆری داعــش لەنێــو و دەورەبــەری کۆبانیــدا، سیاســەتی "بەگرنــگ نەزانینــی ئــەم شــارە"[2] و چاوەڕێــی داگیرکردنیــان وەلاوەنــا و سیاســەتی یارمەتیدانیــان گرتەبــەر. هــەر بەوجــۆرەی مایــکڵ رۆبــن دەڵێــت: "لــە شــەڕی کۆبانێــدا دەرکــەوت کــە پێویســتە ئەمریــکا واز لــە نەبینینــی کــوردی ســووریا بێنێــت کــە لــە گەمــارۆی کۆبانــێ و شــەڕی داعشــدا کارامەیــی خۆیــان ســەلماندووە".[3]

---

1 -Szlanko, B. (2014). Assad's Achilles's Heel: The manpower problem. Washington D.C: Carnegie Endowment for International Peace. Avalable from: http://carnegieendowment.org/syriaincrisis/?fa=54597 . [Accessed 21 Feburary 2014].

2 -Hunter, I. ISIS in Kobani: John Kerry says preventing the fall of the town is 'not a strategic objective'. INDEPENDENT. Avalable from: http://www.independent.co.uk/news/world/middle-east/isis-in-kobani-still-no-sign-of-turkey-reacting-to-threat-on-its-border-as-john-kerry-says-9783372.html [Accessed 8 October 2014].

3 -Rubin, M. Arm the Kurds to Fight ISIS? Try the YPG. Commentary. Avalable from: https://www.commentarymagazine.com/foreign-policy/middle-east/iraq/arm-the-kurds-to-fight-isis-try-the-ypg/ .

لە ئەنجامی بەرگری زەوینی هێزە کوردییەکان و یارمەتیدانیان لە رێگەی ناردنی چەك و تەقەمەنی و بوردوومانی ئاسمانی لەلایەن هێزە رۆژئاواییەکانەوە [1]، داعش دوای لەدەستدانی نزیکەی 2000 تیرۆریست تێکشکا. لەروانگەی ستراتیژی ئێرانەوە، شکستی داعش لە کۆبانێ، لانیکەم بەواتای پێویستی هەڵسەنگاندنی دووبارەی ئەم هێزە دێت. زانای بواری تیرۆریزم، "مارتا کرێنشاو"[2] لەو بڕوایەدایە کە تێکشکاندنی یەك دووژمنی ئەمریکا، چ ئێران بێت چ داعش، بێ بەهێزکردنی ئەویدیکە نابێت[3]. وادیارە ئێرانیش لە قۆناخی دووەمدا کە قۆناخی دەستپێکی پاشەکشێ و شکستی داعشە، پەیڕەوی هەمان بیرۆکەی ستراتیژی "کرێنشاو" بەرامبەر بە هێزە کوردییەکان و داعش دەکات. واتە، لەم قۆناخەدا ئێران لە هەڵسەنگاندنی نوێیدا، چیدی داعش بە مەترسییەکی گەورە بۆ سەر ئاسایشی وڵاتەکەی نازانێت. بۆیە، لە روانگەی ستراتیژییەوە پێویست ناکات وەك قۆناخی یەکەم پشتگیرییەکی تەواوی کورد بکات بەرامبەر داعش . هەر بۆیە، بە دەرکەوتنی نیشانەکانی لاوازی داعش، بەرژەوەندی و ئامانجە هاودژەکانی کورد و ئێران دەردەکەون.

[Accessed 17 May 2015].

1 -Hunter, I. Kurds are repelling ISIS attack on Kobani with help of US air strikes. INDEPENDENT. Avalable from: http://www.independent.co.uk/news/world/middle-east/kurds-are-repelling-isis-attack-on-kobani-with-help-of-us-air-strikes-9802806.html. [Accessed 17 October 2014].

٢ -Martha Crenshaw

3 -Patten, D. (2015) Defeating ISIS, Rolling Back Iran: Policy Brief. Middle East Quarterly. 22 (4). Available from: http://www.meforum.org/5479/defeating-isis-rolling-back-iran. P: 1. [Accessed Fall 2015].

<table>
<tr><th>ئامانج/بەرژەوەندی<br>لایەن</th><th>بەرژەوەندی/ئامانجی هاوبەش</th><th>بەرژەوەندی/ئامانجی هاودژ</th></tr>
<tr><td>ئێران</td><td rowspan="2">1- شکستی داعش لە عێراق و سوریا<br>2-پێشگیریکردن لە شەڕی ناوخۆی ئایینی و قەومی نوێ لە عێراق و سوریا</td><td>1- ڕاگرتنی سیستەمی سیاسی ئێستا<br>2-پاراستنی بازنەی رنفووزی جیۆپۆلیتیکی لە ناوچەکە<br>3-پێشگیریکردن لە دابەشبوونی عێراق و سوریا</td></tr>
<tr><td>هێزی کوردی باشور و رۆژئاوای کوردستان</td><td>1-گۆڕینی سیستەمی سیاسی لە سوریا و عێراق<br>2-چارەسەرکردنی کێشەی ناوچە کێشەلەسەرەکان[2] لە عێراق</td></tr>
</table>

خشتەی 1: لایەنەکان و ئامانج/بەرژەوەندی هاوبەش و هاودژ بۆ هەر لایەنێك

لەم قۆناخەدا، هەرچەندە پێگەی هێزە کوردییەکان، لە روانگەی ستراتیژی ئێراندا کەمدەبێتەوە، بەڵام پشتگیری لە هێزە کوردییەکان -لە باشووری کوردستان- بەتەواوی کۆتایی پێنایێت. پشتگیری ئێران لە کوردی باشوور لەم قۆناخەدا دوو ئامانج دەپێکێت: یەکێك، راگرتنی پەیوەندی دۆستانە بەمەبەستی رێگرتن لە دابەشبوونی عێراق. دووەم، رێگرتن لەوەی کە تۆمەتبار بکرێت کە پشتگیری یەکلایەنە لە هێزی سوپایی شیعە دەکات، بەوەی خەریکی هەڵگیرساندنی شەڕی ئایینی-نەتەوەییە. لەلایەکی دیکەوە، کەمبوونەوەی مەترسی داعش لەسەر کورد، هانیدەدات ئەو بەشە لە بەرژەوەندییەکانی کە بەهۆی مەترسی داعشەوە، لە ریزبەندی بەرژەوەندییەکاندا پلەیەکی خوارتریان پێدرابوو، دیسانەوە بخاتەوە دەست. ئەم بەرژەوەندییانە بریتین لە: هەوڵدان بۆ گۆڕینی سیستەمی سیاسی لە عێراق و سووریا و هەروەها، یەکلاییکردنەوەی کێشەی ناوچە کێشە لەسەرکان لە عێراق.

لە رۆژئاوای کوردستانیشدا، "زۆربەی حیزبەکانی کوردی سووریا تەنانەت ئەگەر لە رێگەی جیاوازیشەوە بێت، بەدوای خۆبەڕێوەبەری لە سووریادان" [1]، لەم پارچەیەی

1 -Hassan, H. (2016). Rebel Groups' Involvement in Syria. Understanding Iran's Role in the Syrian Conflict,

کوردستاندا، بەرژەوەندی کورد لەوەدایە کە سیستەمی ناوەندی[1] سووریا بۆ سیستەمێکی ناناوەندی وەك فیدراڵی یان کانتۆنی بگۆڕدرێت کە بەتەواوی بەپێچەوانەی بەرژەوەندی و ئامانجەکانی ئێران لەم وڵاتەیە. لە باشووری کوردستانیشدا، بەهۆی ئەوەی سیستەمی فیدراڵی نەیتوانیوە سەقامگیری و ڕەزامەندی لەنێوان ئایین و نەتەوەکانی عێراقدا بخوڵقێنێت، کورد گۆڕینی سیستەمی سیاسی عێراق بۆ کۆنفیدراڵی وەك کۆتایین ڕێگەچارە بۆ پێشگرتن لە دابەشبوونی عێراق دەزانێت. بەرژەوەندی و ئامانجی دیکەی کورد لە باشووری کوردستان، گەڕانەوەی ناوچە کێشە لەسەرەکان بۆ نێو سنووری فەرمی حکومەتی هەرێمی کوردستانە. لێرەدایە کە هاودژی بەرژەوەندی و ئامانجەکانی ئێران و هێزە کوردییەکانی بەشێوەیەکی ئاشکرا دەردەکەون. لە ڕوانگەی ستراتیژی ئێراندا، یەکلاییبوونەوەی باسی ناوچە کێشە لەسەرەکان –بەتایبەت کەرکووك کە نەوتێکی زۆری هەیە- و پەیوەستبوونیان بە حکومەتی هەرێمی کوردستان، بنەمایەکی ئابووری بەهێز دەداتە کوردی باشوور و لە تۆڕی وزەی جیهاندا شوێنیان دەکاتەوە کە سەرئەنجام دەبێتە هۆی ئەوەی کوردی باشووری کوردستان بتوانن بەدوای ئامانجێکی گەورەتر واتە سەربەخۆییدا بڕۆن. ئێران بەتەواوی دژی گۆڕینی سیستەمی سیاسی ئێستای عێراق و سووریایە ، لەبەرئەوەی کە بەپێی سیستەمی سیاسی دیموکراسی عێراق، شیعەکان باڵادەستدەبن و بەپێچەوانەوە، سیستەمی سیاسی تاکحیزبی بەعسی لە سووریا، بە قازانجی کەمینەی شیعەی سووریا دەبێ نەك سیستەمێکی دیموکراتی. بەرپرسەکانی ئێران بە قسەی خۆیان پشتیوانی لە یەکپارچەیی خاکی سووریا و گەڕانەوەی دەسەڵاتەکان بۆ دەوڵەتی ناوەندی سووریا دەکەن. لوبنانیزەبوونی[2] سووریا، واتە دابەشبوونی سووریا بەسەر چەند ناوچەی دژبە یەکتر و نیوەسەربەخۆ کە ئەمە لای ئێران بژاردەیەکی ناپەسەندە. بەڵام بە کردار، دیارە کە ئێران پشتگیری تەواو لە میلیشیاکانی عەلەوی - شیعەی سووریا و هەر جۆرێك لە بەدامەزراوەبوونیان دەکات. بۆیە، دەتوانین بڵێین لەوانەیە ئێران بۆ کاتی شکستی بارودۆخی ئێستا و دەوڵەتی ناوەندی ئەم کارانەی وەك "پلان بی" ئامادەکردبێت[3]. کەواتە، ئەگەر کورد لە ڕۆژئاوای

---

Occational paper. 3338-. P: 38. Available from: https://rusi.org/sites/default/files/201608_op_understanding_irans_role_in_the_syrian_conflict_0.pdf [Accessed August 2016].

1 -Decentralized

2 -Lebanonisation

3 -Ansari, A. and Bassiri Tabrizi, A. (2016). The View From Tehran. Understanding Iran's Role in the Syrian Conflict, Occational paper. 310-. P: 7. Available from: https://rusi.org/sites/default/files/201608_op_

کوردستاندا بتوانێ سیستەمێکی ناناوەندی دابمەزرێنێت، دوژمنی یەکەمی ئەم سیستەمە ئێران نییە لەبەر ئەوەی خودی ئێرانیش ئەگەری ئەو حاڵەتەی پێشبینیکردووە.

3 - **قۆناخی سێیەم:** پێشبینیکردنی ستراتیژی ئێران پاش تێکشکانی داعش

ئەم قۆناغە بە ئازادکردنی موسڵ کە بنکەی سەرەکی داعش لە عێراقە و ئازادکردنی رەققە کە پایتەختی ئێستایەتی، دەستپێدەکات. لەم قۆناغەدا، مەترسی داعش بۆ ئێران دەگاتە نزمترین ئاستی خۆی و بەو هۆیەوە هەڵوێستی ئێران بەرامبەر بە هێزە کوردییەکانیش دەگۆڕدرێت. لە روانگەی ستراتژی ئێراندا، هێزە کوردییەکانی باشوور و رۆژئاوای کوردستان، لەم قۆناغەدا نە وەکوو هێزی بەرامبەر بە داعش، بەڵکوو وەکوو هێزی بەرامبەر بە عێراق و سووریا سەیردەکرێن. بەواتایەکی دیکە، هێزە کوردییەکان رۆڵی "دوژمنی دۆستەکەم" بۆ ئێران دەبینن.
پاش شکستی داعش لە عێراق، یەکێك لە ئەگەرەکان ئەوەیە هێزی کوردی باشووری کوردستان و هێزی شیعەی عێراق، هاوکارییەکانیان دژ بە دوژمنی هاوبەش کۆتایی پێبێت. لێرەدایە کە بەرژەوەندییە هاودژەکانیان بەتەواوەتی تۆخدەبێتەوە. تەنانەت ئەگەری هەڵگیرسانی شەڕێکی ناوخۆیی نوێ لە عێراق، ئەمجار لەنێوان کورد و شیعەدا هەیە. "کورد و شیعە بۆ دوورەپەرێزی لە شەڕ، ڕووبەڕووی گوشاری ناوخۆیی و نێودەوڵەتی دەبنەوە، بەڵام ئەگەر ئەو فشارانە کاریگەرییان نەبێت، شەڕی نێوان کورد و شیعە لەوانەیە لە شەڕی ئێستایان لەگەڵ داعش گەورەتر بێت." [1]"دەسکەوتە سوپاییەکانی ئێستای حەشدی شەعبی، دەبێتە هۆی ئەوەی عێراق زۆرتر و بەرفراوانتر بکەوێتە ناو چنگی ئێرانەوە.
ئەگەر سەرکەوتنی هێزی شیعە بەرامبەر بە داعش، شەڕێکی ناوخۆیی تیرەیی لێبکەوێتەوە، ئەوە سەرکەوتنێکی بێبەهایە. بژاردەی پەسەندی ئێران ئەوەیە کە عێراق تووشی شەڕی ناوخۆیی نەبێتەوە، بەڵام ئەگەر بووەوە، بێگومان ئێران بۆ سەرکەوتنی یەکلاکەرەوەی هاوپەیمانەکانی هەرچییەکی لەدەست بێت دەیکات.[2] لە روانگەی

understanding_irans_role_in_the_syrian_conflict_0.pdf [Accessed August 2016].

1 -Wolf, M. (2016) The Kurd-Shia War Behind the War on ISIS. THE DAILY BEAST. Available from: http://www.thedailybeast.com/articles/201505/06//the-kurd-shia-war-behind-the-war-on-isis.html. [Accessed 5 June 2015].

2 -Patten, D. (2015) Defeating ISIS, Rolling Back Iran: Policy Brief. Middle East Quarterly. 22 (4). P: 5.

ستراتیژی ئێراندا، باشترە بە دیپلۆماسی کێشەکانی نێوان کوردی باشوور و شیعەی عێراق چارەسەربکرێت. بە هەڵگیرساندنی شەڕێکی نوێ لەنێوان کورد و شیعەدا، ئەگەری ئەوە دێتەئاراوە کە کورد و عەرەبی سوننەی عێراق ببنە هاوپەیمان و شەڕێکی نوێی گەورەتر دەسپێبکاتەوە کە قەڵشەکانی نێوان سوننە - شیعە ئەوەندە بترازێنێ کە ببێتە هۆی دابەشبوونی عێراق.

کەواتە، لەم قۆناخەدا، ئێران هەوڵدەدات رەزامەندی کوردی باشوور بە کەمترین دەسکەوت بەدەست بهێنێت. واتا هەوڵدەدات شیعەکانی عێراق رازیبکات بەشێك لە ناوچە کێشە لەسەرەکان کە گرنگی ستراتیژییان نییە، بدەن بە کورد و بەشە بودجەی براویشی بۆ دابینبکەنەوە. تەنانەت، ئەگەری ئەوەش هەیە رێگە بدەن کە کورد کۆنترۆڵی هەناردەکردنی نەوتی باکووری عێراقی بەدەستەوە بێت، بەڵام بەمەرجێك ناوچە ستراتیژییەکان بەتایبەت کەرکووك بە حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە پەیوەست نەبێت.

پاش شکستی داعش لە سووریا، هەڵوێستی ئێران بەرامبەر بە هێزی کوردی رۆژئاوای کوردستانیش دەگۆڕدرێت. تەنانەت لە دوو قۆناخی پێشوودیکەشدا، ئێران جگە لە راوێژی سەربازی و سیاسی بە سوپا و دەوڵەتی سووریا لەسەر چۆنێتی بەکارهێنانی هێزی کوردی رۆژئاوا دژ بە داعش لە رێگەی دوورەپەرێزی لە دوژمنایەتی کردنیان، پشتگیرییەکی ئەوتۆی لە کوردی رۆژئاوا نەکردووە. کەواتا، لە قۆناخی سێیەمیشدا ئەگەری ئەوەی دوژمنییەکی ئاشکراتر بەرامبەریان بکات زۆرترە. ئێران دەزانێت کە کوردی رۆژئاوای کوردستان پەیوەندییەکی زۆری هزری، سیاسی، کولتووری و زاراوەییان لەگەڵ کوردی باکووری کوردستان هەیە و ئەگەر لەسەر سیاسەتێك پەیڕەوبکەن کە بەردەوام تورکیا لە دەسوەردان لە سووریا بترسێنن و ببنە هۆی ئەوەی ئێران ئاسانتر سیاسەتەکانی لە سووریا جێبەجێ بکات، ئەوە لەوانەیە مانەوەیان وەکوو هێزێکی لاواز لە ناوچەیەکی بچوکدا، جێی قبوڵ بێت.

لە قۆناخی پاش ئازادکردنی موسڵ و رەققەدا، نیگەرانی ستراتیژی ئێران ئەوە دەبێت کە هەر هەنگاوێك کە داعش پاشەکشێ دەکات، هێزە کوردییەکانی باشوور و رۆژئاوا جێگاکەی پڕ بکەنەوە. بۆیە، لەم قۆناغەدا ئەگەری زۆرە ئێران هێزی حەشدی شەعبی بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی هێزی داعش بەکاربهێنێت و لە سووریایشدا، بە یارمەتیدانی میلیشیا شیعەکانی سووریا، حیزبوڵا و سوپای سووریا، هەوڵبدات نەهێڵێت ئەو بەشە

Available from: http://www.meforum.org/5479/defeating-isis-rolling-back-iran. [Accessed Fall 2015].

ستراتیژییانەی کە لە کۆنترۆڵی داعشدا نامێنن، بکەونە ژێر کۆنترۆڵی هێزی کوردی رۆژئاوای کوردستانەوە.
بۆ ئێران ئاشکرایە "بەهۆی ئەوەی کە سیاسەتی رووسیا، بێهێزکردن و پاشان شکست پێدانی هاوپەیمانە سورییەکانی واشنتنە، ئەمریکا پێویستی بە هەموو هاوپەیمانێك دەبێت بتوانێت دژ بە داعش شەڕ بکات. پێشڕەوی هێزەکانی سووریای دیموکراتی، لە شەڕی ناوخۆی سووریا و پشتیوانی ئەمریکا لەم هێزە، بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا تارادەیەکی زۆر دابیندەکات."[1] لەبەر ئەوەی ئێران توانای سوپایی ڕووبەڕووبوونەوەی ئەمریکای نییە، هەوڵەکانی لەسەر ئەوە دەبێت کە بۆ هاوسەنگی ئەمریکا، لەگەڵ رووسیا رێکبکەوێت. هەروەها، ئێران دەزانێت کە هیچ کام لە گۆڕانکارییەکانی ناو سووریا بەتایبەت لە روژئاوای کوردستان، بە قازانجی تورکیا نییە.
ئێران هەوڵدەدات تورکیایش کە هاوپەیمانێکی دێرینی ئەمریکا و ناتۆیە، بەرەو لای بەرەی رووسیا – ئێران - سووریا رابکێشێت و وەکوو کارتێکی فشار دژ بە سیاسەتی ئەمریکا لە سووریا و بەتایبەت هێزی کوردی رۆژئاوا بەکاری بهێنێت. بەواتایەکی دیکە، لە روانگەی ستراتیژی ئێراندا، هێزی کوردی رۆژئاوا دوژمنێکی گەورەی بەناوی تورکیا هەیە و بەوهۆیەوە ئێران بەپێویستی نازانێت بۆ پشتگیریکردنی دەوڵەتی سووریا، راستەوخۆ دژی هێزی کوردی رۆژئاوا ببێتەوە. هەرچەندە، دەسوەردانی تورکیا لە سووریا، بۆ کۆنترۆڵکردنی پێشڕەوی کورد، لەوانەیە سیاسەتەکانی ئێران لە سووریا، تووشی لەمپەرێکی نوێ بکاتەوە، بەڵام کێشەی ناوخۆیی تورکیا لەگەڵ کوردی باکووری کوردستان، تورکیا لە دەسوەردانێکی بێسنوور لە رۆژئاوا دەترسێنێت.

## ئەنجام

دەکرێت ئەنجامی شەڕی دژ بە داعش، ناسەقامگیری بەردەوامی وڵاتانی عەرەبی بەدواوە بێت. تەنانەت پاش شکستی داعش لە عێراق و سووریا، ئەگەری سەرهەڵدانەوەی لە میسر، تورکیا یان سعودیە هەیە و ئەم سەرهەڵدانەوەیش دەبێتە هۆی ئەوەی کە رکابەرە سوننە گەورەکانی دژی ئێران، لە ئاسایشی وڵاتەکەیاندا تووشی کێشەیەك بن

1 -Barfi, B. Kurds Now Our Best Ally Against ISIS in Syria. The Washington Institute. Available from: http://www.washingtoninstitute.org/policy-analysis/view/kurds-now-our-best-ally-against-isis-in-syria. [Accessed 9 October 2015].

کە بەرفراوانبوونی بازنەی نفووزی جیۆپۆلیتیکی ئێرانی بەدواوە بێت.

[1]لە روانگەی ستراتیژی ئێراندا، سووریا پیشاندەری نفووزی جیۆپۆلیتیکی ئێران لە ناوچەکەدایە. ئەمە لە حاڵێکدایە، کە عێراق بەهۆی پەیوەستبوونی دیموگرافی - ئایینییەوە، وەکوو بەشێك لە پێکهاتەیەکی گەورەتر دەبینرێت کە هەر گۆڕانکارییەك لە یەکپارچەیی خاکی یان سیستەمە سیاسییەکەیدا، رەنگدانەوەی راستەوخۆی لەسەر کوردی خۆرهەڵاتی کوردستان و عەرەبی شیعەی ناو ئێران دەبێت. "نە عێراقێکی بەهێز و نە عێراقێکی دابەشبوو، هیچ کامیان لە بەرژەوەندی ئێراندا نین". [2]بۆیە، تا کاتێك کە کوردی باشووری کوردستان مەترسی لەسەر یەکپارچەیی سەرزەمینی عێراق دروستنەکات یان بۆ گۆڕینی سیستەمی سیاسی عێراق هەوڵی جیددی نەدات، ئێرانیش زمانی دیپلۆماسی و هاوکاریکردنی کوردی باشووری پێ باشتر دەبێت.

هێزەکوردییەکانی باشوور و رۆژئاوای کوردستان، لەچاو عەرەبی سوننەدا، هێزی نەتەوەیی کوردن و چاوەڕوان ناکرێت هاوکاری و متمانەیەك لەنێوان عەرەبی سوننە و ئەم هێزە کوردییانەدا دروست ببێت. بۆ ئێرانیش ئاشکرایە کە دروستبوونی هاوکاری و متمانە لە نێوان عەرەبی سوننەی عێراق و سووریا لەگەڵ ئەو هێزە شیعانەی کە ئێران پشتیوانیان لێدەکا، ئەگەرێکی لاوازە. بێمتمانەیی عەرەبی سوننەی عێراق و سووریا بە هێزی کوردی و شیعە، دەبێتە هۆی ئەوەی کە دەوڵەتانی رۆژئاوایی بەتایبەت ئەمریکا بۆ شەڕی دژ بە داعش، بیر لە راکێشانی متمانەی عەرەبی سوننە و تەنانەت پێکهێنانی هێزێکی سوننەی میانەڕەو بۆ ئەوان بکەنەوە. ئەم حاڵەتە، دژی بەرژەوەندییەکانی کورد و ئێران دەبێت و توانای جووڵانەوەیان کەمتر دەکات. لێرەدایە کە ئاڵۆزی قەیرانی سووریا و عێراق بە باشی ئاشکرا دەبێت.

## چەند راسپاردەیەك

زەقکردنەوەی چەند خاڵێك بەمەبەستی راوێژێکی سیاسی بۆ هێزە کوردستانییەکانی

1 -Takeyh, R. and Marc Gerecht, R. (2015) Iran›s ISIS Trap: How Tehran Uses the Terrorist Group to Get Ahead. FOREIGN AFFAIRS. Available from: https://www.foreignaffairs.com/articles/syria/201515-11-/irans-isis-trap [Accessed 15 November 2015].

2 -Esfandiary, D. and Tabatabai, A. (2015) Iran’s ISIS policy. International Affairs, 91 (1), 1–15. P: 3. Available from: https://www.chathamhouse.org/sites/files/chathamhouse/field/field_publication_docs/INTA91_1_01_Esfandiary_Tabatabai.pdf [Accessed 15 January 2015].

باشــوور و ڕۆژئــاوای کوردســتان و تێگەیشــتن لــە ڕوانگــەی ســتراتیژی ئێــران بــۆ ئــەوان پێویســتە:

• عێــراق بەهــۆی پێکهاتــەی دیموگرافــی (کورد-عــەرەب) و ئایینــی (55% شــیعە) و هاوســنووربوونی (1458 کــم)، گرنگییەکــی ســتراتیژی بــۆ ئێــران هەیــە.

• لـە ڕوانگـەی سـتراتیژی ئێرانـدا، مەترسـی کـوردی باشـووری کوردسـتان بۆ سـەر سیسـتەمی سیاسـی یـان یەکپارچەیـی سـەرزەمینی عێـراق، هاوشـێوەی مەترسـی داعش سـەیردەکرێت و پشـتیوانی هەمەلایەنـە لـە حەشـدی شـەعبی تەنانـەت بـۆ شـەڕ لەگەڵ کـوردی باشووریشـی بـەدواوە دەبێت.

• سـووریا هێـمای نفـووز و قووڵایـی جیۆپۆلیتیکـی و سـتراتیژی ئێـران لـە ناوچەکەیـە و ڕۆڵـی پردێکـی هەیـە بـۆ هەناردنـی یارمەتـی لۆجسـتی و جبەخانـە بـۆ حیزبـوڵای لوبنـان و مەترسـی خسـتنە سـەر ئیسرائیـل. ئێـران بـە لەبەرچاوگرتنـی ئەگـەری شکسـتی دەوڵەتـی سـووریا، بـۆ پاراسـتنی ئـەم ئامانجانـە، ئامـادەکاری بـۆ جێبەجێکردنـی پلانـی "ب" دەکا کـە لوبنانیزەکردنـی سـووریایە.

• لەدیـدی ئێرانـدا، مەترسـی کـوردی ڕۆژئـاوای کوردسـتان بـۆ سـەر سیسـتەمی سیاسـی یـان یەکپارچەیـی سـەرزەمینی سـووریا، پێویسـتی بـە هەڵوێسـتی جیـددی ئێـران نابێـت و تورکیـا ئـەم کارە جێبەجێـدەکات.

• پێویســتە هێــزە کوردســتانییەکان لــە باشــوور و ڕۆژئــاوا، بــە دیپلۆماســی "بــەردەوام" و "شــاراوە"، بــۆ ڕەواندنــەوەی هەڕەشــە دوولایەنــەکان هــاوکاری یەکــتر بکــەن. هەروەهــا، نەهێڵــن باســکردنی گۆڕینــی سیســتەمی سیاســی پێویســت بــۆ کوردســتان، کاریگــەری نیگەتیڤـی لەسـەر بەرژەوەندییـە سـەرەکییەکان هەبێـت کـە بریتیـن لـە: بەرەنگاربوونـەوەی تیــرۆر، دامەزراندنــی سیســتەمێکی ناناوەنــدی، یەکلاکردنــەوەی بابەتــی ناوچــە کێشــە لەســەرەکان.

• هێـزە ڕۆژئاوایيـەکان پێویسـتیان بـە هێزێکـی عەرەبـی سـوننە هەیـە کـە هـەم لەنێـو کۆمەڵگـەی عەرەبـی سـوننە و هـەم لـە بەرەکانـی شـەڕدا دژ بـە داعـش بوەسـتێتەوە. هێـزە کوردسـتانییەکان دەبێـت پلانیـان بـۆ کاتـی دامەزرانـی ئـەم هێـزە سـوننەیە هەبێـت. لەبـەر ئـەوەی دامەزرانـی ئـەم هێـزە لـە قورسـایی هێـزە کوردسـتانییەکان کەمدەکاتـەوە. وا باشـترە ئـەم هێـزە بـە سەرپەرشـتی هێـزە کوردسـتانییەکان پێکبێـت.

• بـۆ قۆناخـی پـاش شکسـتی داعـش، بـۆ ئـەوەی لـە کاتـی ڕێکخسـتنەوەی پەیوەندییـە سیاسـی و یاسـاییەکاندا، مافەکانـی کـورد لـە هـەر دوو پارچـەی کوردسـتان بـە فەرمـی

بچەسـپێنرێت، پێویسـتە هاوکارییـەك بەمەبەسـتی رێکخسـتن و یەکخسـتنی داواکارییـە یاسـایی و سیاسـییەکان لـە نێـوان هێـزە کوردسـتانییەکانی باشـور و رۆژئـاوادا بێتەکایـەوە.

## بەشی دووەم

# کوردستان و
# لێکەوتە ستراتیژییەکانی
# ئۆپەراسیۆنی موسڵ – رەققە

# – 1 –
# دەروازە

# شەڕی موسڵ و ڕەققە
# ڕەنگدانەوەی بە سەر ئاییندەی عێراق و سووریاوە

**د. ماجید ئەنوەر عیشقی**
سەرۆکی ناوەندی لێکۆڵینەوەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست- جەدە، ژەنراڵی پێشووی سعودیا

## پێشەکی

ڕۆژنامەی "دەیلی تەلگراف"ی بەریتانی پرسیار دەکات: ڕێکخراوی "داعش" چۆن رووبەرێکی فراوانی لە عێراق و سووریا لە ماوەی تەنیا شەش مانگدا داگیرکرد، بۆ ئەوەی لەو ماوە کورتەدا ببێتە دەوڵەمەندترین ڕێکخراوی چەکدار لە جیهاندا؟ ئەمڕۆش وا لەسەر سنووری تورکیایە کە وەك ویلایەتە یەکگرتووەکان و بەریتانیا ئەندامی پەیمانی ناتۆیە.
لە یەنایەری ساڵی 2014دا، داعش لە پاش چەندین شەڕ و ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ سوپای ئازادی سووریادا توانی شاری ڕەققە لە سووریا کۆنترۆڵ بکات کە ژمارەی دانیشتووانی 220 هەزار کەسە و ئەو شارەشی کردە پایتەختی دەوڵەتی خەلافەت لە عێراق و شام.
مانگێك دوای کۆنترۆڵکردنی موسڵ، داعش توانی گەورەترین کێڵگەی نەوت لە سووریا داگیر بکات، هەروەها دوو لەسەر سێی خاکی عێراقیشی لە ئەنبار و تکریت و پارێزگای نەینەوا داگیرکرد. ئایا ئەم پێشڕەوییە بە هێزی خودی ڕێکخراوەکە بوو، یان ئەو یەکێکە لەو هێزانەی کە تەوەرەکانی سیاسەتی جیهانی گەمەیان پێدەکەن و بۆ

بەدیهێنانـی بەرژەوەنـدی و پلانەکانیـان ئاراسـتەی دەکـەن؟

## پاشخانی دیمەنەکە

رۆژنامـەی ئەلبایسـی ئیسـوپانی راپۆرتێکـی لەبـارەی گەرمـە شـەڕی عێـراق و سـووریا بڵاوکـردەوە. ئـەو راپۆرتـە دەڵـێ کـە پێشـبڕکێ لەپێنـاو کۆنترۆڵکردنـی ڕێڕەوەکانـی وزە، یەکێکـە لـە هۆیـە شـاراوەکانی پشـت هەڵگیرسـاندنی شـەڕی یـەك بـە دوای یـەك لـە سـووریا. لەسـایەی پێشـبڕکێی بـەردەوام لەپێنـاو دانانـی هێڵـی بـۆڕی نـەوت، دووان لـە گرنگتریـن پـڕۆژە هەرێمییـەکان لـە رووبـەڕووی یـەك دەبنـەوە.
لـەلای یەکەمـدا دەوڵەتانـی کەنـداوی عـەرەب دەبینین کـە هاوپەیمانـی تورکیـان و ویلایەتە یەکگرتووەکانیـش پشـتیوانییان دەکات. لـەلای دووەمیشـدا هێـزی شـیعەی هاوشـانی ئـەوان لـە ئێـران، عێـراق و سـووریا دەبینیـن کـە رووسـیا پشـتیوانییان دەکات.
بەکـر بـۆزداغ وەك وەزیـری دادی تورکیـا لـە 2016/6/21دا رایگەیانـد، هێزەیلـی نێودەوڵەتیی ئایینـی، رێکخـراوی داعشـیان دامەزرانـد بـۆ ئـەوەی ببێتـە بەڵایـەك بـۆ موسـڵمانان و بـۆ مرۆڤایەتـی. ئـەوە پڕۆژەیەکـی نێودەوڵەتییـە بـۆ بەدیهێنانـی دوژمنایەتـی لـەلای موسـڵمانان دەرهـەق بـە ئیسـلام و دوورکەوتنەوەیـان لـە ئایینەکـە. هەروەهـا رقیـان لـە برایانـی دیکەی موسـڵمانیان ببێتـەوە. ئامانجێکـی دیکـەش لەپشـت دامەزراندنـی ئـەو رێکخـراوەوە هەیـە، ئەویـش بریتییـە لـە دەسـتەبەرکردنی هەلومـەرج و زەمینـەی گونجـاو بـۆ بەدیهێنانـی ئامانجـی سیاسـیی ئـەو هێزانـەی لـە رۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـتدا دروسـتیانکردووە. دەکـرێ بڵێیـن ئـەو شـەڕەی لـە عێـراق و سـووریا بەرپایـە، شـەڕی نێـوان تـەوەرە نێودەوڵەتییەکانـی ئابوورییـە کـە بـە هاوپەیمانـی بەسـتن لەگـەڵ لایەنگرانیـان لـە هێـزی ناوچەییـەکان هەوڵـی بەدیهێنانـی ئامانجـی فراوانخوازانـەی ئابـووری و سیاسـی خۆیـان دەدەن.

## دامەزراندنی دەوڵەتی خەلافەت

راپۆرتەکانـی گۆڤـاری فۆریـن پۆلیسـی باسـیان لەوەکـردووە کـە سـەرەتای سـەرهەڵدانی داعـش لـە گونـدی (کفـر حەمـرە) لـە باکـووری شـاری حەلـەب بـوو. شـاندێك لـە لقـی رێکخـراوی قاعیـدە لـە عێـراق، رەنگـە ئەبووبەکـر بەغدایـی لـە نێویانـدا بووبێـت، داوای لـە گرووپەکانـی جیهـاد کـرد کـە بچنـە پاڵییـەوە و بـۆ دامەزراندنـی دەوڵەتـی ئیسـلامی

بەیعـەی بدەنـێ بـۆ ئـەوەی پشـتیوانی موسـڵمانان بێـت و جیهانـدا پەلبهـاون. هەروەهـا سـنوور، هاووڵاتییبـووی، دەزگا و کاری بیروکراتـی جێبەجێبکـەن. ئـەوان پێیانوابـوو لەبـەر ئـەوەی دەسـتیان بـە سـەر خاکێکـی تایبـەت بـە خۆیـان رانـاگات، کاری جیهادییەکانیـان هەمـووی بـا دەیبـات. خـۆ ئەگـەر ئـەو دەوڵەتـە ئیسـلامییە لـە یەکەمیـن قۆناخـی خۆیـدا توانیـی بمێنێتـەوە، بـۆ هەتاهەتایـە دەمێنێتـەوە.

ئـەو پەرەسـەندنە بـۆ بـەرەی نـوسرە و ئەبـوو محەمـەدی جۆلانیـی فەرماندەکەی کارەسـاتبار بـوو، چونکـە ئـەوە واتـای کۆتاییهاتنـی قاعیـدە لـە سـووریا بـوو. جۆلانـی فەرمانـی بـە لایەنگرانـی دا کـە نەچنـە پـاڵ داعـش بـەڵام، لـە پـاش چەنـد هەفتەیـەك 90%ی جەنگاوەرەکانـی لـە شـاری حەلـەب چوونـە پـاڵ داعـش.

تـا مایـۆی2013 کێبڕکێـی نێـوان داعـش و نـوسرە هێشـتا ئاشـتیانە بـوو، بـەڵام کاتێـك سـەنگی سـەربازییانەی داعـش رووی لـە هەڵکشـان کـرد، نـوسرە تۆمەتـی ئـەوەی دایـە پاڵ داعـش کـە بزووتنـەوەی جیهـادی لـە سـووریا دابەشـدەکات و لاوازی دەکات. لـە هەمـان بـەرواردا زەواهیـری نامەیەکـی بڵاوکـردەوە و پشـتیوانیی خـۆی بـۆ نـوسرە و رازینەبوونـی بـە دامەزراندنـی دەوڵەتـی خەلافـەت دووپاتکـردەوە. ئیـدی گەلێـك ئەندامـی نـوسرە گەڕانـەوەی ریـزی رێکخراوەکەیـان ولـە پشـتیوانیکردنی بەغـدادی پاشـگەزبوونەوە.

کاتێـك نائارامـی لەنێـوان هـەردوو بلۆکەکـەدا گەیشـتە تروپـك، نـوسرە و ئەحـراری شـام و سـوپای ئـازادی سـووریا کەوتنـە دەرکردنـی داعـش لـە ئیدلـب و هەروەهـا لـە هەندێـك بەشـی پارێـزگای حەلـەب دەریانکـرد. سـەرئەنجام، داعـش بڕیاریـدا دەسـت لـە تـەواوی ناوچـەی باکـووری رۆژئـاوای سـووریا هەڵگرێـت و دەسـەڵاتی خـۆی بـە سـەر باکـوور و رۆژهەڵاتـی سـووریادا بسـەپێنێت. چیـدی ناوچەکانـی هـەردوو رێکخراوەکـە (داعـش و نـوسرە) تێکـەڵ بـە یەکـدی نەمانـەوە.

لـە 2 کانوونـی دووەمـی 2014دا، داعـش کاروانێکـی بـە دووسـەد ئوتومبیلـەوە ئامادەکـرد کـە پڕبـوون لـە جەنـگاوەر و خێزانەکانیـان وچـەك و بارمتـەی بیانیشـی تێدابـوو. ئـەو کاروانـە سـێ کۆنتێنـەری پـڕ لـە ماددەی کیمیاویشـی تێدابـوو کـە لـە شـەڕی دژی بـەرەی نـوسرە و فەوجـی 111ی سـوپای سـووریا دەسـتی کەوتبـوون. کاروانەکـە تێکـڕا، روو لـە رۆژهـەڵات بـەرەو شـاری رەققـە کەوتـەڕێ و شـارەکەی داگیرکـرد و پاشـان وەك پایتەختـی دەوڵەتـی ئیسـلامی رایگەیەنـرا. (رۆژنامـەی سـەفیر-ی لوبنانـی،2016/8/22)

## موسڵ لەڕووی مێژووەوە

ژێدەرەکانی مێژوو دەڵێن، موسڵ لە ساڵی (1080ی- ب ز)ەوە، بە ناوی نەینەوا پایتەختی دەوڵەتی ئاشووری بوو.دواتر عەرەبیش بە موسڵ ناویان نا، چونکە ڕێچکەی پێکەوەگرێدانی هەردوو رووباری دیجلە و فراتە. لە سەدەی سێیەمی بەر لە زایینەوە، عەرەب و فارس تێیدا نیشتەجێبوون. مەیدانی ئەو شەڕانەش بووکە لەنێوان هەردوو دەوڵەتی ساسانی و رۆمیدا روویانددەدا. بەیارمەتیی ئەو هۆزە عەرەبانەی دەوروبەری، موسڵمانان لە ساڵی 637ز، دەربازی شارەکە بوون. پاش چوار ساڵ، موسڵ شەڕی ریدە (هەڵگەڕانەوە لە ئیسلام)ی بەخۆوە بینی و سەرەنجام موسڵمانان دەستیان بە سەردا گرت.

موسڵ لە پاش بەغدا، بە دووەمین شاری گەورەی عێراق دادەنرێت. لەم رۆژانەشدا ژمارەی دانیشتووانی دەوروبەری یەك ملیۆن و سێسەد هەزار کەس دەبێت.

هەر لەو بەروارەوە، موسڵ تووشی زنجیرەیەك کارەسات و جەنگ بووەتەوە، ئەویش لەپای پێگەی جوگرافی و ستراتیژی شارەکەوە کە لە نێوان پێدەشتی عێراق و وڵاتی شام و بانی ئەنادۆڵ دایە. خەسڵەتی مێژووەکەی وا بووە کە ئیمپراتۆرییەکان بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەو شارە ململانێیان کردووە. لە سەردەمی ئیسلامیشدا چەندین بنەماڵە حوکمڕانیی شارەکەیان کردووە. دەسەڵاتی ئەمەوی، عەباسی، حەمدانی، سەلجووقی و ئەتابەگیی بینیوە. لە ساڵی 1233دا، مەغۆل و تەتار هێرشیان کردە سەری و وێرانیان کرد و دانیشتووانی شارەکەشیان کوشت.

لە نێوەڕاستی سەدەی هەژدەمدا، دووەمین سوڵتان، سوڵتان سلێمان کوڕی سەلیم دەستی بەسەردا گرت. لە ساڵی 1732دا، سەفەوی لە سەردەمی نادرشادا هەوڵیاندا بە سوپایەك، کە بریتی بوو لە 300 هەزار جەنگاوەر، پەلاماری بدەن. شەڕێکی دژواریش قەوما، سوپای ئەگوشاری چەکی ئاگرینی تێدا بەکارهێنابەڵام، لە دامێنی شوورەی موسڵدا شکان. ئیدی شارەکە تا ساڵی 1918 لەژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا مایەوە. کە لەو ساڵەدا سوپای عوسمانی بەرانبەر بە ئینگلیز بەزی، ئینجا ئینگلیز دەستیان بەسەر شارەکەدا گرت. لەو بەروارەوە موسڵ بوو بەکارتێکی سازش لەدەستی ئینگلیزدا. لەگەڵ دەسەڵاتی پاشایەتیدا سازشیان بۆ ئەرێکردنی ماندات کرد و لەگەڵ تورکیشدا سازشیان کرد کە بخرێتە سەر دەوڵەتی عێراق. گشتپرسییەکیان تێدا کرد و ئەنجامەکەی ئەوە بوو کە عێراقییەکان قبووڵیان نەکرد لە پاڵ دەوڵەتی تورکەوە

بمێنن.
لە سەردەمی پاشایەتیدا، موسڵ زنجیرەیەك پەشێویی بە خۆوە بینی کە دیارترینیان شۆڕشی سوپا لە پاش تیرۆرکردنی سوپاسالار فەریق بەکر سدقی لە فڕۆکەخانەی موسڵ لە ساڵی 1937 و تیرۆرکردنی کونسوڵی بەریتانیا لە هەمان بەروار بوو.
خەڵکی موسڵ لە ساڵی 1942دا بەشدارییان لە شۆڕشی رەشید عالی گەیلانی و کودەتای شەواف (1959)دا کرد. هێزی ئەمریکا لە ساڵی 2003دا موسڵی داگیرکرد و توانیی هەردوو کوڕەکەی سەرۆکی عێراق، عودەی و قوسەی، لەوێ ئابڵووقە بدات و لە گەڕەکی سوککەر لە موسڵ هەردووکیان بکوژێت. لە ساڵی 2014شدا موسڵ بە دەستی رێکخراوی داعش کەوت.

## موسڵ چۆن کەوت؟

بۆ ئەوەی دەرك بە واتای کەوتنی شاری موسڵ بەدەستی هێزی داعش بکەین، هەر دەبێ پەی بە رەوشی سیاسی و کۆمەڵایەتیی نێو شارەکە ببەین.
موسڵ لە 1ئەپریلی 2003دا، واتا دوو رۆژ دوای کەوتنی بەغدا، کەوتە دەست سوپای ئەمریکا. لەو بەروارە بەدواوە، موسڵ بوو بە ناوەندی یاخیبوونی سوننە و رێکخراوی قاعیدە دژ بە شیعە. کردەی تیرۆرکردن لە دەرەوەی یاسا و چەوساندنەوەی سوننە پەیدابوو. لە پاش بەچڕی بەشداریکردنی سوننە لەژیانی سیاسیدا لەنێوان ساڵانی 2009 و 2010دا، ئەم یاخیبوونەش بەشێوەیەکی بەرچاو پاشەکشەی کرد. لەگەڵ کشانەوەی هێزی ئەمریکا لە ساڵی 2011دا، ژمارەی قوربانی لەنێو خەڵکی سڤیلدا رووی لە کەمی کرد. ئەمەش ئاماژە بوو کە رێکخراوی قاعیدە روو لە هەرەس دەنێت.

## سیاسەتی مالیکی

راپۆرتێکی رۆیتەرز دەڵێ:"پاش کشانەوەی ئەمریکا، مالیکی شاڵاوێکی پاکتاوکردنی دژ بە فەرماندەکانی سوننە و کورد لەنێو سوپای عێراقدا بەڕێوەبرد. ئەمەش یاخیبوونێکی نوێی لەنێو ناوەندەکانی سوننەدا دروستکردەوە." داعش ئەمەی قۆستەوە بۆ ئەوەی سۆزی ناوخۆیی بەدەستبهێنێت.
خەڵك وەك بەدیلێك بۆ شکستی مالیکی و حکومەتەکەی، لەرووی بنیاتنانی دامودەزگای

نیشـتیمانی، ڕێکخـراوی دەوڵەتـی ئیسـلامیی وەك فریـادڕەس و هاوتـای هێـزی حکومـەت بینـی. بۆیـە کەشـوهەوا بـە هەسـتی تایەفەگـەری، ناوچەگـەری و ڕەگەزپەرسـتییەکی نائاسـایی بـارگاوی بـوو.
کەڵەکەبوونـی ئـەم گرفتانـەش لەنێـوان قەوارەگەلـی سیاسـیی سـوننە و حکومەتـی بەغـدا، ڕێـی لـە هێـزەکان گـرت کـە لـە موسـڵ و سـەڵاحەدین و بەشـێکی کەرکـووك، شـەڕی داعـش بکە ن.

## کەوتنی سەربازیانەی موسڵ

ئــەو شــارەی لــە ســاڵی 1732 بەرانبــەر بــە ســوپای 300 هــەزار ســەربازی ســەفەویی - ئەگوشـاری بـە فەرماندەیـی نادرشـا خـۆی ڕاگـرت، لـە 6ی یۆنیـۆی 2014دا، بـە چەنـد کاژێرێـك کەوت.داخـۆ هۆیەکـەی چییـە؟
پـاش نیـوەڕۆی هەشـتی مانگـی یۆنیـۆ، هێـزی داعـش بـە سـوپایەك کـە لـە 100 ئوتومبیـل و 400 جەنـگاوەر پێکهاتبـوو، گەیشـتە نێـو موسـڵ. ئـا لـەو کاتـەدا شـانەی نووسـتوو کـە بـە هـەزاران دەبـوون، کەوتنەخـۆ و بەچـڕی هەڵمەتیـان بـرد. ئـەوەش دەریخسـت کـە سـوپای عێـراق لاوازە و بنیاتـی سـەربازی و هەواڵگرییەکـی شـلۆقی هەیـە.
فەریـق "جەبـار یـاوەر" ئەمینـداری وەزارەتـی پێشـمەرگە، هـۆی شکسـتەکەی بـۆ نەبوونـی باوەڕێکـی هاوبەشـی شـەڕکردن لەنێـوان توخمەکانـی سـوپای عێـراق و لاوازیـی پشـتیوانیی ئاسـمانی گەڕانـدەوە.
مەجیـد نعێمـی شـارەزای بـواری ئاسـایش بـەر لـە کەوتنـی موسـڵ گوتـی: ڕێکخراوەکانـی هـەواداری داعـش لـە ڕێـی رادەسـتکردنی پۆسـت و بەرپرسـیاری شـارەکە بـە ئەندامانیـان، شـارەکەیان کۆنترۆڵکردبـوو. نـاوی ئـەم ڕێکخراوانـەش بەمجـۆرە ریـز دەکات:
1 - جەیشی سەلەفیی موجاهیدین
2 - جەیشی پیاوانی تەریقەتی نەقشبەندی (بە فەرماندەیی عیزەت دووری)
3 - ڕێکخراوی جیهادیی ئەنساری سوننە
4 - ئەفسەرانی پێشووی سوپای هەڵوەشاوەی عێراق
بەرپرسـانی فەرمـی، "ئەلغـەڕاوی" فەرمانـدەی ئەمـن و ژمارەیـەك ئەفسـەری دیکەیـان کـردە قۆچـی قوربانیـی ئـەم شکسـتە و تۆمەتـی کەمتەرخەمییـان ئاراسـتە کـرا، بـەڵام "زێبـاری" وەزیـری پێشـووی دەرەوە دەڵـێ "غـەڕاوی ئەفسـەرێك بـوو ئەرکـی خـۆی بەجـێ دەگەیانـد،

بـەڵام وەك گەلێـك ئەفسـەری دیكـە بەختـی یـار نەبـوو. هەموومـان دەبـێ هەندێـك بەرپرسـیاری بگرینـە ئەسـتۆ."(ماڵپەڕی كەناڵـی ئەلحـوڕە، 20ی نۆڤەمبـەری 2014، هانـی فوئـاد ئەلغـراش.)

## موسڵ و توركیا

لـە سـاڵی 2009دا، ئەحمـەد داودئۆغڵـوو وەزیـری پێشـووی دەرەوەی توركیـا سـەردانی موسـڵی كـرد و بـە شـانازییەوە گوتـی: "رۆژێـك لـە رۆژان باپیرانمـان بـە سـواری ئەسـپەوە هاتنـە نێـو ئـەم ناوچەیـەوە، رۆژێـك دادێـت كـە ئێمەش بـە كەرەسـتەی نوێـوە دەگەڕێینەوە ئـەم ناوچەیـە."

بەریتانیـا بـەر لـە رووخانـی ئیمپراتۆریەتـی عوسـمانی، بـە پێـی ئاگربەسـتێكی تایبـەت كـە بـە "ئاگربەسـتی مندوس"دەنـاسرا و دابەشـكردنی میراتـی عوسـمانییەكانی دەگرتـەوە، موسـڵی دابـڕی... لەبـەر ئـەوەی بەریتانیـا بـە بـێ شـەڕ موسـڵی بـرد، مشـتومڕێكی تونـدی لەسـەر كـرا. توركیـا وایدانـا كـە لـەدەرەوەی چێـوەی رێككەوتننامەكانـی دوای یەكەمیـن جەنگـی جیهانییـە و هەرچـی بەریتانیـاش بـوو، ئەوێشـی خستەسـەر هەرێمەكانـی دیكـەی عێـراق.

لەپاش پەیماننامـەی سایكس پیكـۆوە، موسـڵ بـوو بـە مایـەی ناكۆكـی لەنێـوان بەریتانیـا و فەرەنسـابەڵام لـە كۆتاییـدا لـە ژێـر دەسـەڵات و هەژموونـی بەریتانیـا مایـەوە.

لەپـاش داگیركردنـی عێـراق لەلایـەن ئەمریـكا و دەرچوونـی موسـڵ لەژێـر دەسـەڵاتی دەوڵەتـی عێـراق، توركیـا بـە نیـاز بـوو دەسـت لـە نێـو موسـڵ وەربـدات. بەكردەنیـش لـە پەرلەمانـی ئـەو وڵاتـەوە بڕیارێـك دەرچـوو كـە لـە سـاڵی 2004دا بەشـداری لـە هێـزی هاوپەیمانـدا بـكات. بـەڵام ئـەوەی وایكـرد دەسـتوەردان نـەكات ئـەوە بـوو كـە هەندێـك گرووپـی بەرگریـی سـوننەی عێـراق، دەسـتەی ئایینـی و رەوتـی نەتەوەیـی و نیشـتیمانی رێگربـوون. ئیـدی لـە ترسـی گرووپەكانـی سـوننە كـە ناكـرێ پاسـاو بـۆ شـەڕی دژ بـە ئـەوان بهێندرێتـەوە، توركیـا لـە هاتنـی بـۆ عێـراق پاشەكشـەی كـرد.

ئەمـڕۆش میدیـای توركیـا قسـە لەبـارەی پێویسـتیی دەسـوەردان دەكات بـەر لـەوەی موسـڵ لەدەسـت بچێـت، بـەڵام توركیـا چ كارتێكـی بـۆ ئـەو دەسـوەردانە نییـە، چونكـە لـەرووی سـەربازی و سیاسـی و ئایینیـەوە، پەرۆشـی دروسـتكردنی كارتـی دەسـوەردان نەبـوو. بـەڵام ئێـران ئـەوەی كـرد. تەنانـەت ئـەو گرووپانـەی سـوننە كـە پشـتگیریی دەسـوەردانی

تورکیایــان دەکــرد، ئیــدی لــەرووی سیاســییەوە گۆشــەگیربوون. ئــەوەی ئەمــڕۆ قســەی دەڕوات، حەشــدی شــەعبی و هێــزی عێراقییــە کــە ئێــران پشــتگیریی دەکات.
بـۆ ئـاگاداری، تورکیـا پەیوەندیـی سـتراتیژیی لەگـەڵ هەرێمـی کوردسـتاندا هەیـە کـە بارزانی سـەرۆکایەتیی دەکات، مەشـقیش بـە پێشـمەرگە و ئاسـایش دەکات. لـە سـاڵی 2014ش، هێـزی خـۆی بـۆ ئـەو هەرێمـە نـارد. پاشـان لـە مانگـی دیسـەمبەری 2015دا هێـزی بـۆ پارێـزگای نەینـەوا، نزیـك بـە شـاری موسـڵ ناردکـە لـە 150 و 25 تانـك پێکدێـت. پـاش ئـەوەی حکومەتـی عێـراق ناڕەزایـی و بەرهەڵسـتیی دەربـڕی، حکومەتـی تورکیـا پاسـاوی بـۆ هەبوونـی ئـەو هێـزە هێنایـەوە کـە بـۆ بەرەنگاربوونـەوەی رێکخـراوە تیرۆریسـتیەکان کـە مەبەسـتی لـەوەش داعـش بـوو هاتووە.(ماڵپـەڕی ساسـە پۆسـت، یانایـەر/2016.)

## موسڵ و شیعە

گـەورە فەرماندەکانـی پـارت و میلیشـیاکان پێیانوایـە، بەشـداریکردنی حەشـدی شـەعبی لـە بەدەسـتهێنانەوەی موسـڵ، پرسـێکە یەکلاییبووەتـەوە و قابیلـی گفتوگـۆ نییـە، کەچـی سـەرکردەکانی رەوتەیلـی سیاسـیی سـوننە، هەروەهـا نوێنـەران و بەرپرسـانی ناوخـۆی پارێـزگای نەینـەوا، لـە بنەچـەوە هاتنـی میلیشـیا بـۆ خاکـی پارێزگاکـە رەتدەکەنـەوە. ئـەوان لـە ترسـی دووبارەبوونـەوەی کاری تۆڵەسـەندنەوە، کـە پێشـتر ئـەو میلیشـیایە دژبـە ناوچـەی دیکـەی سـوننە کردوویەتـی، پێیانوایـە حەشـد بارگرانییـە بەسـەر شـەڕی موسـڵ و ئاراسـتەیەکی تایەفەگەرانـەی پێـدەدات و خزمـەت بـە رێکخـراوی داعـش دەکات.
ئوسـامە نوجەیفـی جێگری پێشـووی سـەرکۆمار دووبـارە بیرۆکـەی دروسـتکردنی هەرێمێکی لـە چێـوەی سـنووری پارێـزگای نەینـەوا خسـتەڕوو. نەینـەوا لەسـەرەتای هەڵمەتێکدایـە بـۆ بەدەسـتهێنانەوەی شـاری موسـڵ لـە رێکخـراوی داعـش کـە بـە چارەنووسـاز نـاوی دەبـەن. هەندێـك سیاسـەتمەداریش لەبـارەی ئـەو بیرۆکەیـەوە، کۆمێنتیـان دا، بـەوەی تاقیکردنەوەیەکـە بـۆ بیرۆکـەی دامەزراندنـی هەرێمێکـی سـوننەی فراوانـتر لـە پارێـزگای نەینـەوا کـە پارێـزگای ئەنباریـش دەگرێتـەوە. ئەمـەش دەبێتـە پەرژینێـك و سـوننە لەنێـوان هـەردوو رژێمـی بەغـدا و دیمەشـقی دۆسـت بـە ئێـران دادەبڕێـت.

## موسڵ لە پاش داعش

ئەمڕۆ تەپڵی شەڕی رزگارکردنی موسڵ لە چنگی داعش لێدەدرێت. هێزە ناکۆکەکان پەرۆشی ئەوەن کە هەر یەکەیان لەو رزگارکردنەدا دەستی باڵایان هەبێت. دەکرێ ناوی ئەم هێزانەش بەمجۆرە بهێنین:

1 - هێزی سەربازیی حکومەت

2 - هێزی حەشدی شەعبی

3 - هێزی کوردی

4 - هێزەکانی تورکیا

5 - هێز و شارەزایانی ئەمریکا

بەرژەوەندیی ئەو هێزانەش بەگوێرەی ئامانجی ستراتیژیی نەخشەڕێژی خۆیان و پێی پلانی نێودەوڵەتی و هەرێمی و بەرژەوەندیی ئابووری و سیاسیانەی ئەوانەوە لە بەریەککەوتندایە.

## ئایا عێراقی پاش داعش دابەش دەبێت؟

سیناریۆی دابەشکردنی عێراق تیۆرییەکی پیلان یان بانگەشەیەك بۆ ترساندن نییە. قسە و قسەڵۆکی خاوەن ئەجیندایەکی هەرێمی و نێودەوڵەتی نییە، بەڵکوو پێشتر ئەو پڕۆژەیە بە نەخشەی دابەشکردنی ناوچەکەوە وابەستە بوو. ئەم قسەیە بۆ بەکاربردن و دووبارەکردنەوە نییە. دەڵێین بیرۆکەی دابەشکردنی عێراق لەنێو ئیسرائیل دەرچووە، خۆ رەنگە هەندێك لە سیاسەتمەدارانی عێراق کە لە پێش و پاش 2003 دڵیان بە لای تەل ئەبیبەوە بووبێت و سەردانی ئەوێشیان کردبێت ئەم شتەیان راستەوخۆ لە هەندێك کەسایەتیی فەرمیی دەوڵەتی عیبری یان شارەزایانی ناوەندەکانی توێژینەوەی ئایندەوە بیستبێت.ئەوان وەك بەشێك لە ئاسایشی قەوارەی زایۆنیی خۆیان، برەویان بە پڕۆژەی دابەشکردنی "تایەفی"ی ناوچەکە دا.

پڕۆژەی دابەشکردن لە سایەی بێ ئومێدیی گشتیی عەرەبی سوننە و پاش ئەوەی سیاسەتمەدارانی ئەوان بوون بە چەند گرووپێکی ناکۆکی بەرژەوەندخواز، دەبێتە خواستێك کە لەکاتی رزگارکردنی موسڵ و دوای پاککردنەوەی عێراق لە داعش، توندتردەبێت. ئەمریکایی و ئێرانییەکانیش ئەم شتەیان زیاتر چەسپاند و هەوڵیشیان بۆ

چارەسەرێك نەدا كە بەدیلێكی نوێ لە بژاردەی پاكی عەرەبی سوننە پێشكەشبكات. "دایناسۆرەكانی سوننە"ش لە شوێنی شایستەی خۆیان كە زبڵدانی مێژووە دانەنران. هەمبەر بە داخرانی قەیرانی سیاسیی عێراق و زاڵبوونی گەندەڵی، هەروەها نەبوونی ئامادەیی بۆ سازشكردن لە نێوەڕاستی ڕێیەكەدا، ئیدی عێراقی یەكگرتوو لە بەردەم زریانی دابەشكردنەكەی، خۆی ڕاناگرێت. ئەو دابەشكردنە لە كەلی ئاسۆ وەدەركەوتووە. (د. ماجید سامەڕایی، ڕۆژنامەی ئەلعەرەب، 2016/8/30.)

## شەڕی ڕەققە و دەرهاویشتەكانی

شاری ڕەققە ناوەندی پارێزگای ڕەققەیە، ژمارەی دانیشتووانی نزیك بە ملیۆنێك دەبێت. رووبەرەكەشی دەگاتە حەوت هەزار و شەش سەد مایلی دووجا و دەكەوێتە باكوور و نێوەڕاستی سووریا و لە كەناری باكووری رووباری فرات و200 كم لە ڕۆژهەڵاتی شاری حەلەب دایە. لەرووی ئابوورییەوە پشت بە بەنداوی فرات و كشتوكاڵ و كێڵگەكانی نەوتی هاوسنووری خۆی دەبەستێت. لەپاش مێژوویەكی درێژ لە گەشە، هەر لە دەوڵەتی عەباسی بەولاوە، هێزی چەكداریی ئۆپۆزسیۆنی سووریا لە ساڵی 2013دا كۆنترۆڵی كرد و ئیدی بوو بە یەكەمین پارێزگا كە لە دەسەڵاتی دەوڵەتی سووریا دەربچێت. پاشان ئۆپۆزسیۆن لە بەردەم ڕێكخراوی داعش كشایەوە و تا دەگاتە ئەمڕۆ، شارەكە لەژێر كۆنترۆڵی ئەو ڕێكخراوەدایە.
لە دوایین هەفتەی مانگی مایۆی 2016دا هێزی كورد هێرشێكی كردە سەر داعش لە ڕەققە تا لە دەستی داعش ڕزگاری بكات. هێزی كورد بەپشتیوانیی ئاسمانی لە هێزی هاوپەیمان دژ بە پێگەكانی داعش لە گوندەواری باكووری ڕەققەدا هێرشی بە ئاراستەی شارەكە كە لە سووریا دەستپێكرد.
هێرشەكە لە شاری كۆبانێ، گرێسپی، جزیرە و گوندەواری شارۆچكەی عەین عیساوە دەستی پێكرد، ئامانجیش كۆنترۆڵكردنی سێگۆشەی گرێسپی بوو كە شارێكی سەرووی جزیرەی سووریا و سەر بە پارێزگای ڕەققەیە. عەرەب و توركمان %90ی دانیشتووانی پێكدەهێنن. عەین عیسا لە باكووری ڕۆژئاوای شاری ڕەققە دایە. هێزی سووریای دیموكراتی، لە نێویشیاندا YPG، بە هاوئاهەنگی لەگەڵ هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی و هۆزەكانی ڕەققە، هێرشیان دەستپێكرد. هێزی ئاسمانیی ئەمریكاش، بەچڕی بۆردومانی دەستپێكرد، تا لەنێو قەڵاكەی خۆیدا لە شاری ڕەققە،گورزێك لە ڕێكخراوی داعش

بوەشێنن.
نزیکەی 25 راوێژکاری سەر بە سوپای ئەمریکا لە شاری عەین عیسان لە باکووری رەققە، سەرپەرشتیی مەشق پێکردنی شەڕڤانانی کورد لە یەکینەکانی پاراستنی گەل دەکەن. فڕۆکەی هەلیکۆپتەری ئەمریکاش کارگەیەکی چیمەنتۆی نزیك گوندی خەراب عیشق- یان کردووەتە بارەگای خۆیان. ئیدی شوێنەکە بووەتە بنکەیەك بۆ مەشقی سەربازی. وەزیری دەرەوەی رووسیاش گوتی، مۆسکۆ ئامادەیە بۆ دەرکردنی داعش لە رەققە، هاوئاهەنگی لەگەڵ کورد و واشنتن بکات.
لەگەڵ یەکەمین هەفتەی مانگی یۆنیۆ، سوپای سووریا بەرەو رەققە پێشڕەویی کرد. لە گوندەواری رۆژئاوای پارێزگای رەققە لەگەڵ هێزی داعش لێکیان دا. بە پشتیوانیی ئاسمانیی رووسیا، سوپای سووریا توانیی گوندی ئەبوول عیلاج، گردی سیریاتل و گردەکانی دەوروبەری کۆنترۆڵ بکات کە لە دووڕیانی زەکیە لە گوندەواری رۆژئاوای رەققەوە، نە کەمتر لە 7 کم و نە زیاتر لە 9 کم دوورە.
هێزی حکومەتی سووریا هەوڵیدا بەرەو رێی رەققە حەلەب و دەرپاچەی فرات لە تەبقەدا پێشڕەوی بکات. لە هەمانکاتدا هێزی داعش رووبەڕووی هێرشێکی فراوان بۆ سەر پێگەکانی لە گوندەواری باکوور بووەوە. هێزی هاوپەیمان کە لە هێزی سووریای دیموکراتی و هۆزەکانی خۆجێ و چەندین یەکەی سوپای ئازادی سووریا پێکدێت، بەپشتیوانیی ئاسمانیی هاوپەیمانان کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا سەرکردایەتیی دەکات، هێرشی دەکرد. ئاژانسی سپۆتنیکی رووسی ئاماژەی داوە بەوەی کە سوپای سووریا دەستی بە سەر چوارڕیانی رەسافە و بنکەی پۆلیسی رێوبانی گشتی لەسەر رێی نێودەوڵەتیی رەققەدا گرتووە. بەمجۆرە سوپای سووریا تا 18 کم نزیکی چوارڕیانی شاری تەبق گەیشتووە.
بەر لەو هێرشە، غەریب حەسۆ نوێنەری پارتی یەکێتیی دیموکراتی بە کوردی سووریای نیشتەجێی کوردستانی عێراقی راگەیاند: دوای رزگارکردنی شاری رەققە لە چنگی داعش، ئەو شارە دەخرێتە نێو سیستەمی فیدرالییەوە کە کورد لە باکووری سووریادا بناغەی دارشتووە. هێزی کورد و هاوپەیمانانی هەوڵدەدەن رەققە لە سنووری تورکیا بپچڕن کە لەرێی ئەوەوە پشتیوانی و تەقەمەنی بە تیرۆریستان دەگات. هێزی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی بە سەرکردایەتیی واشنتن بە بۆردومانی چڕی ئاسمانی، پشتگیری لە پێشڕەویی هێزی کوردی بەئاراستەی رەققە دەکات. لەگەڵ ئەمانەشدا واشنتن بیرۆکەی سیستەمی فیدراڵی لە باکووری سووریا رەتدەکاتەوە.

لـە مانگـی مارسـدا، کـورد لەرێـی کۆنگـرەی رمێلانەوە لـە گوندەواری حەسـەکەدا، سیسـتەمی فیدراڵیـی راگەیانـد کـە سـێ ناوچـەی خـاوەن ئۆتۆنۆمـی (کانتـۆن) دەگرێتـەوە کـە لـە سـاڵی 2014دا گرووپەیلـی کـورد دایانمەزرانـدوون. بەشـدارانی کۆنگـرە رایانگەیانـد، ناوچـە ئازادکـراوەکان دێنـە پـاڵ سیسـتەمی فیدراڵـی و سیسـتەمی فیدراڵـی باکـووری سـووریا و رۆژئاڤـا، نوێنەرانـی هەمـوو ئەتنیکەکانیشـی تێـدا دەبێـت.

یەکینەکانـی کـورد لـە مـاوەی چـوار رۆژی دەسـتپێکردنی هەڵمەتـی رزگارکردنـی رەققـەدا، توانییـان بـە مـەودای شـەش کـم بـە ئاراسـتەی شـارەکە پێشـڕەوی بکـەن و هەشـت شـارۆچکە و گوندیشـیان لـە دەسـتی داعـش رزگارکـرد.

پلانـی ویلایەتـە یەکگرتـووەکان پێکهێنانـی هێزێکـی هاوبەشـی عـەرەب و کـورد بـوو، بـۆ ئـەوەی ببێتـە سـەرەڕمی پرۆسـەی رزگارکردنـی پارێـزگای رەققـە لـە چنگـی داعـش. ئامانـج دابڕینـی پارێزگاکەیـە لـە هێڵـی لۆجسـتی لـە باکوورەوە لەگـەڵ تورکیـا و لـە رەققەشـەوە لەگـەڵ عێـراق، بـەڵام پلانەکـە گـۆڕا. هێـزی سـووریای دیموکراتـی بـەرەو ئەوپـەڕی باکووری رۆژهـەڵات لـە سـووریا لـە پارێـزگای حەسـەکە، بـۆ شـەڕی داعـش وەرسـووڕا.

هـۆی وەرسـووڕانەکەش، یەکینەکانـی پاراسـتنی گـەل رازینەبـوو شـەڕ لـە ژینگەیەکـی نامۆی دیموگرافـی بـکات، جـا بۆیـە هێـزی کـورد بێئـەوەی بـەرەو باشـوور بچێـت کـە شـارۆچکەی عەرەبنشـینی لێیـە، لـە شـارە کوردنشـینەکانی باکـووری رەققـە (وەك گرێسـپی)دا مانـەوە. ئەمـەش لەگـەڵ خواسـتی واشـنتن وێکدێتـەوە. حکومەتـی ئەمریـکا پێـی بـاش بـوو جەخـت لەسـەر حەسـەکە بکرێـت چونکـە هاوسـنووری عێراقـە. هـۆی سـێیەمیش هەیـە کـە دیـدی ئەمریـکا و دیـدی کـورد بـە یەکبگـەن. یەکینەکانـی پاراسـتنی گـەل، حەسـەکەی بـە دەسـکەوتێکی گەورەتـر لـە رەققـە بینـی، چونکەکێڵگـەی نەوتـی لێیـە و دەرامـەت و داهاتێکـی مفـت دابینـدەکات. هەروەهـا کۆنترۆڵکردنـی حەسـەکەش، پێگـە و قووڵایـی لـە پشـتێنەی سـنوور بـۆ کـورد دەسـتەبەر دەکات.

شـەڕ کـردن لەگـەڵ رێکخـراوی داعـش لـە رەققـە پێویسـتی بـە لێکدانـەوەی دیکـە هەیـە. کـورد بەتەنیـا شـەڕی داعشـیان لـە رەققـەدا پێناکرێـت و ئەمـەش خواسـتێکی ئەمریـکا و تورکیاشـە. هەروەهـا بەهـۆی زۆرینـەی عـەرەب لـە شـارەکەدا پێشـڕەویکردنی کـورد دەبێتـە مایـەی یەکڕیزیـی داعـش و سـوننە لـە رەققـە. وێـڕای ئـەوەی حکومەتـی ئەمریـکا کار بـۆ باڵادەسـتیی پێکهاتـەی سـەربازیی کـورد دەکات، بـەڵام رێگریـش نییـە لـە فراوانکردنـی بازنـەی جەنگاوەرانـی عـەرەب و ئامێـز بۆگرووپـی دیکـە بـۆ شـەڕی داعـش، وەك سـوپای شۆڕشـگێڕان لـە رەققـە، هەروەهـا هێـزی دیکـەی کـورد لـە دەرەوەی یەکینەکانـی پاراسـتنی

گەل و یەکینەکانی پاراستنی ژن ، پێشمەرگەی رۆژئاڤا دەکاتەوە کە سەربازی هەڵاتووی نێو سوپای رژێمن و لە کوردستانی عێراقدا مەشقیان کردووە.
واشنتن و ئەنکەرە هاوڕان، کە بوونی سەربازیی کورد، تەنیا بە یەکینەکانی پاراستنی گەل باڵی سەربازیی پارتی یەکێتیی دیموکرات قەتیس نەکرێت، بۆ ئەوەی کۆنترۆڵ لە باکووری رۆژهەڵاتی سووریادا لە دەستی فرە ئەتنیدا بێت کە عەرەب و کورد بە هەموو پێکهاتەی سیاسییەوە لە خۆ بگرێت. ئەمەش بۆ ئەوەیە تا رێ لەوە بگیرێت کە کورد ملکەچی تەنیا یەك هێز بن و ئەو هێزەش بە تەنیا بە سەر بڕیاری کورددا زاڵبێت و سیاسەتی خۆشی لە چێوەی ئامانجی خۆیدا پیادەبکات. هەروەها بۆ رێگرتنە لەوەی هێزی عەرەب بەتەنیا بمێننەوە. هەبوونی هێزی هاوشانی کورد، رێ لە هێزەیلی عەرەب دەگرێت کە لە بازنەی ئامانجی ئەمریکا دەربچن.
مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە بەردەم وەزیری بەرگریی فەرەنسا، ئامادەیی خۆی بۆ دەستوەردان لە رەققەی سووریا دەربڕی. هەروەها لەم بارەیەوە دانوستان لەگەڵ ئەمریکا هەیە تا لە رزگارکردنی رەققەدا، لە چوارچێوەی هێزێکی هاوبەشدا کە سەربە هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی بێت، بەشداری بە هێزی پێشمەرگە بکرێت.
ئەم هەنگاوە قەیرانێك لەنێو پێکهاتەکانی کورددا دەنێتەوە کە سەربە ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردین و لەلایەن کوردستانی عێراقەوە پشتیوانی دەکرێن و پەیوەندیی باشیان لەگەڵ تورکیادا هەیە. یەکینەکانی پاراستنی گەل و تەڤگەری (تەڤدەم) هەڕەشەیان کردکە ئەگەر پێشمەرگەی رۆژئاڤا بێنە سووریا، ئەوا هەڵمەتی دەسگیرکردن و رووبەڕووبوونەوەیان دەستپێدەکەن. YPG هەبوونی هەر پێکهاتەیەکی دیکەی سەربازیی کورد لەدەرەوەی فەرماندەیی خۆی رەتدەکاتەوە.
ئەو هەموو هاودژییە لەسەرەتای مانگی رابردوو (تەمووز)ەوە، بووەهۆی دواکەوتنی شەڕی رەققە. هەر ئەوانیش رەنگە ببنەهۆی گۆڕانکاری لە هاوپەیمانیی کورد لەگەڵ هێزەیلی هەرێمی و نێودەوڵەتی. رەققە بەوەی کەوتووەتە نێوەڕاستی حەسەکە لە رۆژهەڵات و حەلەب لە رۆژئاواوە و بە شادەماری ناوچەی باکوور دادەنرێت، رایەڵی سەرەکیی پێکەوە بەستنەوەی کوردیش لە سووریا پێکدەهێنێت.
لە راستیدا لەرێی سازانێکی نوێی نێودەوڵەتییەوە نەبێت کە وای پیشانبدات هەموو لایەنە ناکۆکە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان دەسکەوتێکی مێژووییان بەدیهێناوە، ناکرێ رەققە رزگاربکرێت و داعش لە سووریا لە کۆڵبکرێتەوە.

کاتێك سوپای سووریا و هاوپەیمانانی بەرەو تەبقە ورەققە جووڵاند، نیشانیدا کە دەسەڵاتی سووریا سەرەتا پەی بەم هاوکێشەیە نەبردووە، بەڵام پاشتر لێی حاڵی بوو. بۆیە بە بەهانەی دوورکەوتنەوەی لە بنکەکانی لۆجستی و پشتیوانیی سەربازیی، بەرەو ململانێی نەریتیی خۆی پاشەکشەی کرد.
هێزەکانی کورد ئەو هێڵە سوورانەیان بەزاندووە کە تورکیا کێشابوونی و بەرەو رۆژئاوای رووباری فرات پێشڕەوییانکرد. کورد بە ئەمریکای هاوپەیمانی خۆیان خۆشباوەڕ بوون، چاویان بڕییە دامەزراندنی قەوارەیەکی کوردی بێ لەمپەر یان ناوچەی دابڕ لە باکووری سووریا. ئەم بڕیارەش وەك ئەوە وایە کە لەدژی هەردوو دەوڵەتی تورکیا و سووریا شەڕ رابگەیەنن.
ئەمەش، پەرەسەندنەکانی ئەم دواییە راڤە دەکات کە بەچاودێریی ئێران، تورکیا و سووریا بۆ راگرتنی پێشڕەویی هێزەکانی کورد و دروستکردنی دابڕێکی گەورە کە خەونەکانی باکووری ئەوان لەیەك دادەبڕێت، لەیەك گەیشتن. ئەمەیش بەهاتنی سوپای تورکیا بۆ نێو خاکی سووریا و داگیرکردنی شاری جەرابلوس لە پاش لەیەك حاڵی بوون لەگەڵ داعش بۆ چۆڵکردنی شارەکە ئەنجامدرا. تورکیاش سووربوونی خۆی بە درێژەدان بە پێشڕەوی بەرەو باشوور بۆ هەردوو شاری منبج و باب راگەیاندووە.

## ئەنجام

داگیرکردنی موسڵ و داگیرکردنی رەققە، ئینجا راگەیاندنی دامەزراندنی دەوڵەتی خەلافەت لە عێراق و شام، بەرەنجامی ململانێی نێوان تەوەرە نێودەوڵەتی و هەرێمییەکانە. ناکرێ داعش بە دیاردەیەکی ئیسلامیی دابڕاو لەو ململانێ و پلانە فراوانخوازییە سیاسیانە داببڕین کە جۆن فۆستەر دالاس وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لە شەستەکانی سەدەی رابردوودا رایگەیاند کە بۆ بەدیهێنانیان پەنا بۆ بۆمبڕێژکردنی ناوخۆی ئیسلام ببردرێت. ئەو شەڕەی ئەمریکاش کە باراك ئۆباما رایگەیاند، پێی باش بوو لە دواوە سەرکردایەتی بکات و شەڕەکەش بە کاراکتەرە هەرێمییەکان بکات. جا بەمجۆرە بە بێ ئەوەی زیانی مرۆیی و ماددی بدات، دەسکەوت بەدەستدەهێنێت. هەرچی رووسیای فیدرالە، ئیدی بە دەرفەتی زانی بۆ ئەوەی لە چوارچێوەی دەوڵەتی هەرێمی دەربچێت بەرەو سەرکردایەتیکردنی جەمسەری نەیار بە ویلایەتە یەکگرتووەکان و هاوپەیمانانی هەنگاو بنێت. رووسیا لەژێر پەردەی داکۆکیکردن لە

یاسـای نێودەوڵەتـی و مسـۆگەرکردنی سـنووری خـۆی لـە هێرشـی تیرۆریسـتی، لەرێـی شـەڕێکی پێشـوەختەوە، کـە لەسـەر خاکـی رۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت دەیـکات، دەرفـەت رەخسـاندووە تـا عێـراق و سـووریا وەك گۆڕەپانـی سـاغکردنەوەی ئامانجەکانـی لـێ بـکات.

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە : تارق کارێزی

# بووژانەوەی کورد
## بەهۆی سەرهەڵدانی داعش و توندبوونەوەی قەیرانەکان لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست

**ئەردەشیر پەشەنگ**

توێـژەری بـاڵا لـە ناوەنـدی نێونەتەوەیـی توێژینەوەکانـی ئاشـتی IPSC و توێـژەری میـوان
لـە ناوەنـدی توێژینـەوە سـتراتیژییەکانی رۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت

### پـــــووخـــــتە

جەنگـەکان بـەردەوام بـەدوای خۆیانـدا ئـاکام و دەرەنجامـی جیاوازیـان لێکەوتووەتـەوە. لەلایـەك مەرگـی مرۆڤـەکان، ئاوارەیـی، خۆبەدەسـتەوەدانی کۆمەڵێك لەبەرامبـەر کۆمەڵێکی دیکـە، پێشـێلکردنی زیاتـری مافەکانـی مرۆڤـی بەدواداهاتـووە و لەلایەکـی دیکـەوە بوونەتە هـۆی گۆڕانـکاری لـە پێشـکەوتنی پیشەسـازی و تەکنۆلـۆژی تاوەکـو دەگاتـە مودێلـە نوێیـە سیاسـی و یاسـاییەکان و ... وەك بڵێـی پـاش هـەر جەنگێـك دنیایەکـی نـوێ سـەرهەڵدەدات. بەجۆریـك زۆربـەی سیسـتەم، پەیوەنـدی و پێکەوەهەڵکردنـە نێونەتەوەییـەکان تاوەکـو راکێشرانـی سـنووورە نێونەتەوەییـەکان بەهـۆی کاریگەریـی شـەڕەکان و گۆڕانکارییەکانـی جەنگەکانـەوە بـووە. دەکـرێ چڵەپۆپـەی ئـەم پرسـە لـە رۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت و قۆناخـە جیاجیاکانــی بەدیبکرێــت. لەراســتیدا، جەنگــەکان بــۆ ژمارەیــەك وەك دەرفــەت و بــۆ ژمارەیەکـی دیکـە وەك هەڕەشـە بـووە و هـەرواش دەبێـت. بـەڵام بێگومـان روودانـی جەنـگ و قەیـران بـۆ گـرووپ و رۆڵگێـڕە ناڕازییـەکان لـە دۆخـی هەیـی، لەلایـەك دەتوانـێ

زۆر پڕمەترسـی و کارەسـاتبار بـێ، بـەڵام لەلایەکـی دیکـەوە دەتوانـێ هەڵگـری زۆر دەرفەتـی شـاراوە بـۆ گۆڕینـی دۆخـی هەنووکەیـی بێـت. وێدەچـێ کـورد لـە ڕۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت و بەتایبەتـی لـە دوو وڵاتـی عێـراق و سـووریا پـاش سـاڵانێکی دوورودرێـژ و ڕوودانـی قەیرانگەلـی جۆراوجـۆر کـە زیاتـر و ئەگـەر بەبوێرییـەوە باسـبکرێ، بـەردەوام بـە زیانیـان تەواوبووە،کەوتوونەتـە دۆخێکـی نوێـوە. دۆخێـك کـە سـەرچاوەکەی بـۆ قەیرانـە هەنووکەیـی و قووڵەکانـی ڕۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت دەگەڕێتـەوە. ئەمـەش دەتوانـێ بـۆ ئەوان دەرفەتخوڵقیـن بێـت. لـەم نێوانـەدا سـەرهەڵدانی بەهـاری عەرەبـی و ناسـەقامگیرییەکانی ئـەو پێشـهاتانە، لـە باکـووری ئەفریقیـاوە تاوەکـو قووڵایـی ڕۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـتی عەرەبـی و پاشـان سـەرهەڵدانی داعـش کـە خـۆی تێکدەرێکـی نوێـی نیزامـی پێشـووی ڕۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـتە و، هەرچەنـدە نووکـی تیـژی ڕمـی پەلامـار و ڕووبەڕووبوونەوەکانـی ئـەم ڕێکخـراوە، کـوردی کردووەتـە ئامانـج، بـەڵام خـودی ئەمـەش بـواری بـۆ گۆڕانـکاری لـە ڕۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت خۆشـکردووە. گۆڕانکاریگەلێـك کـە هەندێـك لـە ڕێبەرانـی سیاسـیی کـورد وەك مەسـعود بارزانـی، سـەرۆکی هەرێمی کوردسـتان، وەك "لەڕێدابوونـی گۆڕانکاریی گـەورە" نـاوی دەبـەن. گۆڕانکاریگەلێـك کـە لەوانەیـە چارەنووسـی کـورد لەچـاو رابـردوو تووشـی گۆڕانـی بنەڕەتـی بکـەن کـە گرنگتریـن و ڕێتێچووترینیـان دەسـتەبەربوونی "مافـی چـارەی خۆنووسـین" لـە باکـووری عێـراق دەبێـت.

## پێـشـەکی

لەکاتـی ڕوودانـی شـەڕی چاڵدێـران (1514ی زایینـی) لەنێـوان دوو ئیمپراتـۆری ڕکەبـەری عوسـمانی و سـەفەوی و تێکشـکانی لایەنـی ئێرانـی، بەکـردەوە سـێ لەسـەر چـواری ناوچـە کوردنشـینەکان بـۆ هەمیشـە لـە ئێران جیابوونـەوە. چاڵدێـران ناوچەیـەك بـوو لەنێـو دڵـی کوردسـتان و کـورد سـوپاگەلێکیان لەنێـو دوو لایەنـی ململانێیەکـەدا هەبـوو. ململانێیـەك کـە یەکەمیـن زەبـری کاریگـەری بـۆ جیاکردنـەوەی سیاسـیی ئـەم ناوچانـە، لـەوان وەشـاند. پاشـان لـە سـەرەتاکانی سـەدەی نۆزدەیـەم بـە پووکانـەوەی بەرەبـەرەی ئیمپراتۆریـی عوسـمانی و بەتایبەتـی بـە شـکانی لـە جەنگـی جیهانیـی یەکەمـدا، شـایەتی دابەشـبوونی زەوییـە دابـڕاو و داگیرکراوەکانـی ژێـر دەسـەڵاتداری ئـەم ئیمپراتۆرییـە دەبیـن کـە ئـەم بابەتـە بـۆ کـورد، چارەنووسـێکی تاڵـتری بەدواوەدەبـێ، چونکـە بەپێچەوانـەی زۆربـەی گرووپـە ئەتنـی، نەتەوەیـی و مەزهەبییەکانـی ژێـر چەتـری عوسـمانی کـە بوونـە خاوەنـی

ئـاڵا و دەوڵەتـی خۆیـان، کـوردی ژێـر دەسـەڵاتداریی عوسـمانی بـە چەنـد هۆکارێـك کـە لـە پەیمانـی لۆزانیشـدا هاتـووە، بەکـردەوە بەسـەر سـێ وڵاتـی تورکیـا، عێـراق و سـووریا دابەشـبوون و لەگـەڵ ناوچـە کوردسـتانییەکانی ئێـران، بەکـردەوە بوونـە چـوار بەشـی جیـا لـە یـەك.

لـە مـاوەی سـەدەی بیسـتەمدا، پرسـی کـورد یەکێـك لـەو پـرس و قەیرانـە زۆر و جیاوازانـەی رۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت بـووە لـە چـوار وڵاتـی تورکیـا، عێـراق، سـووریا و ئێـران. هەڵبەتـە گرنگیـی ئـەم بابەتـە لـە قۆناخـە جۆراوجۆرەکانـدا جیـاواز بـووە، بەڵام لـە زۆربـەی کاتەکاندا ئـەم قەیرانانـە کەوتووەتـە ژێـر کاریگەریـی پـرس و قەیرانـە گەورەکانـی دیکـەی رۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت. درێژەکێشـانی سـەردەمی دەوڵەتسـالاریی لـە پەیوەندییـە نێونەتەوەییەکانیشـدا بـووە هـۆی ئـەوەی کەمەنەتـەوەکان و پرسـەکانیان لـەم وڵاتانـەدا، گرنگییەکـی کەمتریـان بۆ دەورگێـڕە گرنگەکانـی دیکـەی نێونەتەوەیـی و رێکخـراوە نێونەتەوەییەکانـی وەك کۆمەڵـەی نەتـەوەکان و رێکخـراوی نەتەوەیەکگرتـووەکان هەبێـت. بـەم پێیـە، پرسـی کـورد جیـا لـە دوو بڕگـەی جیاوازیـی زەمەنـی لـە دەیـەی 1970 و سـەرەتاکانی 1990، کەمـتر بووەتـە جێـی سـەرنج و بایەخـی رۆڵگێڕانـی بانناوچەیـی و بـە دەربڕینێکـی دیکـە، کەمـتر وەك قەیرانێکـی دژوار کـە پێویسـتیی بـە بوونـی ئیرادەیـەك بـۆ چارەسـەرییە، چـاوی لێکـراوە.

بـەڵام کـۆی گۆڕانکارییەکانـی دەیـەی کۆتایـی سـەدەی بیسـتەم کـە لێکهەڵوەشـانی یەکێتـی سـۆڤیەت و گـۆڕینـی سیسـتەمی زاڵـی دووجەمسـەری لێکەوتـەوە، هاوکاتبـوو لەگـەڵ شەڕاشـۆبیە نوێیەکانـی عێـراق لـە باشـووری کەنـداوی فـارس و هەروەهـا گۆڕانکارییەکانـی یەکەمیـن سـاڵەکانی سـەدەی بیسـت و یـەك، بـۆ وێنـە هێرشـی ئەمریـکا بـۆ سـەر ئەفغانسـتان و عێـراق، چوونەسـەری رکابـەری نێـوان وڵاتانـی بەهێـزی ناوچـە بـۆ بوونـە هێـز و دەوڵەتـی دەسـەڵاتداری ناوچەیـی لە سـەردەمی نوێـی پەیوەندییـە نێونەتەوەییەکان، زۆربوونـی ناکۆکییەکانـی ناسـنامەی ئەتنـی و مەزهەبـی - بەتایبەتـی ناکۆکیی نێوان شـیعە و سـوننی، سـەرهەڵدانی بەهـاری عەرەبـی و لێکەوتنـەوەی ناسـەقامگیریی لـە رادەبـەدەر لـە زۆر لـە وڵاتانـی ناوچـە و سـەرهەڵدانی نموونەیەکـی نـوێ لـە رادیکالیزمـی ئیسـلامی کـە بـە نواندنـی توونودتیـژی بـە شـێوازی سـەدەکانی نێوەڕاسـت، بەنیـازی دامەزرانـی خەلافەتێکـی ئیسـلامی پـاش نزیکـەی 9 دەیـە لـە هەڵوەشـانەوەیەتی. کـۆی ئەمانـە دەسـتیان داوەتـە دەسـتی یـەك تاوەکـو رۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت بەگشـتی و ناوچـە کوردسـتانییەکان بەتایبەتـی لـە سـێ وڵاتـی عێـراق، سـووریا و تورکیـا بەشـێوەی راسـتەوخۆ و لـە ئێـران و بەشـێوەیەکی ناڕاسـتەوخۆتر تووشـی گۆڕانکاریـی نـوێ بن. لەڕاسـتیدا لەم وتـارەدا بەنیـازم بەکەڵکوەرگرتن

لـە تیـۆری "جەنـگ و گـۆڕان" کـە لەلایـەن "گیلپیـن"ەوە هاتووەتـە بەربـاس، ئیدیعـای ئـەوە بکـەم کـە گـەڕی نوێـی قەیرانەکانـی ئێسـتای ڕۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت کـە هاوکاتـە لەگـەڵ جۆرێـك تەنگـەژە، توونددوتیـژی و شـەڕە ناوخۆییـە پەرەسـتێنەکان بـۆ ناوچەکانـی دیکـە، لـە ناخـی خۆیـدا بـۆ کـورد سـەرەڕای بوونـی هەڕەشـە سـەختەکانی، دەرفەتێکـی بێوێنـەی مێژووییشـی ڕەخسـاندووە تاوەکـو لەلایەکـەوە ڕۆڵـی نوێـی خۆیـان لـە ناوچەکـە و لـە ئاسـتی نێونەتەوەیـی بگێـڕن و لەلایەکـی دیکـەوە بکەونـە بیـری سـەرکەوتن بەسـەر دۆخـی نەخـوازراوی پێشـووی خۆیـان لـە ناوچـە جۆراوجـۆرەکان و دۆخیکـی دڵخوازتـر دەسـتەبەر بکـەن. لـەم گۆڕانـی بارودۆخـەدا، تراژیدیـا و حەماسـەت بـۆ کـورد بەشـێوەی هـاوکات لێـك ئـاڵاون و دۆخـی دڵخـواز بـۆ هەندێـك لـەوان بەواتـای مسـۆگەرکردن یـان لانیکـەم نزیککەوتنـەوە لـە مافـی یەکسـان لەگـەڵ دانیشـتووانی دیکـەی وڵاتەکەیـان بـە پاراسـتنی ناسـنامەی کوردیـی خۆیانەوەیـە و بـۆ بەشـێکی دیکەیـان دۆخـی دڵخـواز بەمانـای لەدایکبوونـی دەوڵەتێکـی نـوێ و هەڵدانـی ئاڵایەکـی نـوێ بەنـاوی کوردسـتان لـە ئاسـتی نێودەوڵەتیدایـە. بەسـەرنجدان بـە زۆریـی ڕۆڵگێـڕەکان و ناوچـە کوردنشـینەکان، بەربڵاویـی باسـەکە و نەبوونـی کات، لێـرەدا لەنێـوان چـوار ناوچـەی جیـاوازی کوردنشـین، تەنیـا ئامـاژە بـە تاوتوێـی کاریگەریـی سـەرهەڵدانی ڕادیکاڵیزمی داعشـی لەسـەر ناوچە کوردسـتانییەکانی عێـراق و دەرەنجـام و دوورەدیمەنەکانـی دەکەیـن و هیـوادارم وتارێکـی پووخـتر کـە سـێ بیاڤـی کوردنشـینی دیکـەش لەخـۆ بگـرێ، لـە یەکێـك لـە بڵاوکـراوە زانسـتییەکانی وڵاتـدا بڵاوبکەمـەوە.

لێکدانەوەی ڕووداو

## هەرێمی کوردستان بەرلە قەیرانەکانی ئەودواییە و سەرهەڵدانی داعش

بێگومـان درێژخایەنتریـن و کاریگەرتریـن جووڵانـەوەی خەباتکارانـەی کـورد لەمـاوەی ئـەم سـەت سـاڵەی دواییـدا، لـە باکـووری عێـراق هاتووەتـە ئـاراوە. جووڵانەوەیـەك کـە دوو سـاڵ پـاش بڵاوبوونـەوەی نافەرمیـی ڕێککەوتننامـەی سـایکس - پیکـۆ و دوو سـاڵ بـەر لـە دامەزرانـی عێـراق دەسـتپێکرد، بـەڵام تـا وەکـو سـاڵی 1958 بـەردەوام لەلایـەن دەوڵەتـی بەریتانیـا، دەوڵەتـی سەرپەرشـتیکار و دواتـر هاوپەیمانـی عێراقـی نـوێ و هاوپەیمانانـی عەرەبـی سـوننی بەغدانشـینەکەیەوە سـەرکوتکران. لـە 1961 بـە ڕێبەریـی مـەلا مستەفا

بارزانی ئەم جووڵانەوەیە، خوێنی تازەی وەبەرهاتەوە و لە 1968 کە حیزبی بەعس بە کودەتا هاتەسەرکار، بەسەرنجدان بە تێفکرین و بیرۆکە دژەئێرانییەکانی بەڕێوەبەرانی ئەم دەوڵەتە، بوونە هۆی ئەوەی تاران بەکردەوە بۆ گوشار خستنەسەر بەغدا، پشتیوانی لە شۆڕشی کورد بکات. هەڵبەتە ئەم پشتیوانییە چرای سەوزی ئەمریکاشی لەگەڵ بوو و تەنانەت ساواك لەو سەردەمەدا بواری بۆ پەیوەندیی مووساد لەگەڵ کوردیش خۆشکرد.

بەڵام بە واژۆکردنی پەیماننامەی 1975ی جەزائیر، لەنێوان محەممەدڕەزا پەهلەوی و سەدام حوسێن، کە بە کردەوە بە مانای پشتتێکردنی شا لەو کەسانە بوو کە تاوەکو ماوەیەك لەوەوپێش بە "برایانی ئاریایی" ناوی دەبردن. ئەو واژۆکردنەش بووە هۆی شکانی جووڵانەوەی کوردی و وایکرد هەرەسبێنێت. بەڵام چوار ساڵ دواتر بە سەرهەڵدانی شۆڕشی ئیسلامی و پاشان رووداني شەڕ لەنێوان ئێران و عێراق، باشترین دەرفەتی گونجاو بۆ بووژانەوەی جووڵانەوەی خەباتکارانە و نەتەوەییانەی کوردی عێراق بە پشتیوانی کۆماری ئیسلامیی ئێران پێکهات. لە دەیەی 1990یش هێرشی عێراق بۆ سەر کوێت و دواتر ئیدانەکرانی ئەم وڵاتە لەلایەن کۆمەڵگەی جیهانییەوە، بووە هۆی ئەوەی ئەمجارە بەپێچەوانەی قۆناخەکانی پێشوو، سەرکوتکردنی کورد و عەرەبە شیعەکان پەردەپۆشنەکرێ و ئەنجوومەنی ئاسایش بە دەرکردنی بڕیارنامەی 688 کە جەختی لەسەر پێکهێنانی ناوچەی دژەفڕین لە باکوور و باشووری عێراق دەکردەوە، بەکردەوە بواری بۆ بەهێزبوونی کورد و پێکهێنانی دەوڵەتێکی نیمچەئۆتۆنۆمی بۆ ئەوان رەخساند.

هێرشی ئەمریکا بۆ سەر عێراق لە 2003، بەفەرمی بووە هۆی گۆڕینی سیستەمی زاڵ بەسەر ئەم وڵاتە و کەمینەی عەرەبی سوننی لە لووتکەی دەسەڵات لابرا و ئەوەش بە شیعە و کورد سپێردرا. هەر لەو سەروبەندەدا سیستەمی دەسەڵاتداریی لە عێراق بۆ سیستەمی کۆماری فیدراڵی گۆڕا و لەنێوخۆ و دەرەوە، لە رووی یاساییەوە، باکووری ئەم وڵاتە بەفەرمی وەك "ناوچەی هەرێمی کوردستان" کە خاوەنی دەسەڵاتی بەرچاو بووە و هەیە، فەرمییەتی پێدرا.

بەڵام سەرەڕای هاوپەیمانیی کورد و شیعەکان و پیکهێنانی دەوڵەتی نوێ و سەقامگیربوونی سیستەمی نوێ لەم وڵاتەدا، ناکۆکییەکان سەرهەڵدەدەن و پەرەدەستێنن. ناکۆکیگەلێك کە زۆربەی پێکهاتەییە و ریشەی بۆ رابردوو دەگەڕێتەوە. گرنگترینی ئەو ناکۆکییانە دیاریکردنی چارەنووسی ناوچە جێناکۆکەکان بووە. ناوچەکانی وەك کەرکووك،

خانەقیـن لـە دیالـە، خورماتـوو لـە سـەلاحەدین و ناوچـەی وەك شـنگال لـە پارێـزگای موسـڵ کـە کـورد ئیدیعـای ئـەوە دەکـەن لەبـاری مێژووییـەوە ئـەم شـارانە کوردنشـینن و زۆربـەی دانیشـتووانی ئێسـتایان کـوردن و لـە سـەردەمی حکومەتـە جۆراوجۆرەکانـی عێـراق بەتایبـەت لـە سـەردەمی بەعسـدا، هەوڵـدراوە لـە ڕێگـەی بەعەرەبکـردن، کۆچـی زۆرەملێـی کـورد و سیاسـەتی زەوییـە سـووتاوەکان، دیمۆگرافییەکەیـان بگـۆڕن. لایەنـەکان بـۆ ڕەواندنـەوەی ئـەو ڕەوتـەش، سـەرەتا مـادەی 58ی دەسـتووری کاتـی و پاشـان مـادەی 140ی دەسـتووریان بـۆ تەرخانکـرد، تاوەکـو بەپێـی مـادەی 140 لـە سـاڵی 2007 و لـە پرۆسـەیەکی سـێ قۆناخیـدا چارەنووسـیان دیاریبکـرێ، بـەڵام دەوڵەتـی ناوەندیـی عێـراق بـە سـەرۆك وەزیریـی کاتیـی نـووری مالیکـی، هیچـکات بەکـردەوە لـەم پێنـاوەدا هەنـگاوی نەنـا. پرسـی پێشـمەرگە، پرسـی ئـاڵا، پرسـی بودجـە و لێکدانـەوەی دژبەیـەك سـەبارەت بـە دەسـتوور و دواتـر پرسـی نەوتیـش، لـەو کێشـانە بـوون کـە ناکۆکییەکانـی نێـوان کـورد و دەوڵەتـی ناوەندییـان دووهێنـدە زیادکـرد.

## کاریگەریی سەرهەڵدانی داعش لەسەر کوردی باشوور

بەوجـۆرەی ئامـاژەی پێکـرا، قەیـران و ڕووداوەکانـی ئەودواییـە بـۆ کـورد هـەم تراژیـدی بـووە، هـەم حەماسـەخوڵقێن. هـەرواش لێوانلێـو لـە هەڕەشـەیە و هـەم دەرفەتخوڵقێـن. بەوجـۆرەی کـە دەزانیـن، داعـش کەمـتر لـە هەفتەیـەك توانـی دەسـت بەسـەر زیاتـر لـە سـەتا چلـی خاکـی عێراقـدا بگـرێ و زۆر شـاری گرنگـی وەك مووسـڵ، تکریـت و ڕوومـادی داگیربـکا و تەنانـەت بگاتـە جەلـەولا 42 کـم لـە سـنوورەکانی ڕۆژئـاوای ئێـران دوورە. لـەم سـەروبەندەدا، عێـراق بەشـێوەی کتوپـڕ بەسـەر سـێ ناوچـەی جیـاوازدا دابەشـبووە و کـورد خۆیـان لـە سـنوورێکی 1040 کـم لەگـەڵ دراوسـێیەکی نـوێ بەنـاوی داعـش دیتـەوە. داعـش لـە قۆناخـی یەکەمـی هێرشـەکانیدا، زیاتـر بـەدووی داگیرکردنـی شـارە سوننینشـینەکان و پاشـان دەستبەسـەرداگرتنی بەغـدا بـوو، بـەڵام لـە کاتێکـدا لـە مـەودای چەنـد کیلۆمەتـری بەغـدا بـوون، لەنـاکاو ئاراسـتەی پەلامارەکانیـان گـۆڕی و بـەرەو کوردسـتان لەشکرکێشـییان کـرد و لـە ماوەیەکی کورتدا شـاری ئێزدنشـینی شـنگال و شـارەکانی دیکـەی وەك زوومماریان داگیرکـرد و لـە کەمـتر لـە 50 کیلۆمەتـری هەولێـر جێگیربـوون! هەڵبەتـە لـەو قۆناغـەدا داعـش دەسـتی لـە کوشـتنی بێبەزەییانـەی پیاوانـی ئێـزدی و دەسـتدرێژیی سیسـتەماتیك بـۆ سـەر ژنانـی دیلیـان نەپاراسـت. دواتـر کـە شـنگال ڕزگارکـرا، گـۆڕە بەکۆمەڵەکانـی

ئێزدییـەکان یەك‌لەدوای‌یـەك هەڵدەدرێنـەوە. کاریگەریـی دیکـەی داعـش پەلکێشـکردنی کەسـانێك لەنێـو کـورد و زیاتـر لـە ناوچـە کەمـتر پەرەسـەندووەکانی وەك هەڵەبجـە بـوو کـە دەوتـرێ لانیکـەم 500 کـوردی باشـوور لـەم دوو سـاڵەی دووایییـدا چوونـە ریزەکانـی داعشـەوە.

## دەرەنجامە نەرێنییەکانی داعش بۆ کوردی باشوور

هەرچەنـدە گرووپـە رادیکاڵـە ئیسـلامگەراکان لـە عێـراق و سـووریا، بەرەبـەرە رێکخـران و بەهێزبـوون، بـەڵام دەوڵەتـی ئیسـلامی عێـراق و شـام (داعـش) کـە لـەو بەسـتێنە و لـە ناخـی چەندیـن گرووپـی دیکـەوە هەڵقـوڵا، توانـی لەژێر ئـەو نـاوەدا بەخێرایی و کارەبائاسـا پەلوپـۆ بهاوێـت. داعـش لـە مەودایەکـی کورتـدا لـە بەهـاری 2014دا توانـی دەستبەسـەر لانیکـەم سـەتا چلـی خاکـی عێـراق و شـارە گرنگەکانـی وەك موسـڵ، تکریـت و ...دا بگرێـت. داعـش کـە لـە سـەرەتادا ناوچـە عەرەبنشـینەکانی وەك بەغـدای کردبـووە ئامانـج، پـاش ماوەیـەك لەنـاکاو ئاراسـتەی هێرشـەکانی گـۆڕی و بەرەیەکـی نوێـی دژی کـورد پێکهێنـا.
ئـەم پەلامـارە دەرەنجـام و ئاکامـی سـلبی جۆراوجـۆری بـۆ کـورد بـەدواوە بـووە کـە دەکـرێ بەمجـۆرە دیارییانبکەین:

1ـ داسەپاندنی شەڕێکی نەخوازراو بەسەر هەرێمی کوردستاندا
2ـ پەرەسەندنی نائەمنی لە کوردستان
3ـ پچڕانـی زۆربـەی رێگەکانـی پەیوەندیـی هەرێمـی کوردسـتان لەگـەڵ سـووریا و دەوڵەتـی ناوەندی
4ـ چوونەسەرەوەی تێچووە ئابوورییەکان
5ـ زیادبوونی ژمارەی ئاوارەکانی سووریا، عەرەبی عێراقی، مەسیحی و کوردی ئێزدی
6ـ ئەندامگیریـی لەنێـوان گرووپـە ئیسـلامگەراکانی دژ و رەخنەگـری سەرسـەختی هەرێمـی کوردسـتان
7ـ کەمبوونەوەی داهاتەکانی گەشتیاری
8ـ کەمبوونەوەی پڕۆسەی راکێشکردنی سەرمایەگوزاریی دەرەکی

## دەستکەوتەکان بۆ کورد:

هەربەوجۆرەی ئاماژەی پێکرا، سەرهەڵدانی داعش بۆ کورد، لە تەنیشت ئەو مەترسی و تراژیدییانەی کە هەیبووە، هاوکات دەرفەتی بێوێنەشی بۆ خوڵقاندوون کە بەوهۆیەوە کورد توانیویانە لە چەند بواردا سەرکەوتنی بەرچاو دەستەبەر بکەن کە لێرەدا ئاماژە بە ژمارەیەکیان دەکەین:

1ـ بەنێونەتەوەیی‌بوونی پرسی کورد

پاش داگیرکرانی شنگال و ئەو کارەساتانەی کە بەسەر کوردانی ئێزدیدا هات و کۆچکردنیان بەرەو شاری کریستیاننشینی قەرەقووش، بینیمان کە شەپۆلێکی هاودەردیی نێونەتەوەیی لەگەڵ کورد هاتەئاراوە. پرسی کۆبانی لە رۆژئاوای کوردستان، توانی رەهەندی نێونەتەوەیی و سەرنجی میدیاکان بۆ ئەم پرسە دووهێندە بکات. بەڕای من، لە ماوەی ئەم یەکسەد ساڵەی دواییدا، پرسی کورد تەنیا سێ جار بەنێونەتەوەیی کراوە: یەکەمجار دەگەڕێتەوە بۆ پەرچەکرداری کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی لەبەرامبەر کیمیابارانی هەڵەبجە، دووەمجار لە بەرامبەر شنگال و دژی کوردانی ئێزدی هاتەئاراوە و سێیەمین جاریش کاتێك بوو کە لەلایەنی تراژیکەوە چووە قۆناخی حەماسەتەوە واتە لە کاتی بەرگریی مێژوویی کورد لە کۆبانی لە بەرامبەر داعشدا بوو.

2ـ داگیرکردنی ناوچە جێناکۆکەکان

سوپای پۆشتەوپەرداخی عێراق، بەبێ رووبەڕووبوونەوە شارەکانی موسڵ و رومادی چۆڵکرد. ئەم هێزانە بێ‌سێ ودوو لەبەرامبەر داعشدا، شارەکانی کەرکووك، شنگال، خانەقین، جەلەولا، سەعدیەیان بەبێ تێکهەڵچوون جێهێشت. لەو سەروبەندەدا، پێشمەرگە بەر لە هاتنی داعش توانیان لە کەرکووك، شنگال و خانەقین جێگیربن و نەیانهێشت ئەو شارانە بکەونە دەست داعش. بەڵام موسڵ، رومادی، تکریت و تاد، یەك بەدوای‌یەکدا کەوتن و داعش دەستی بەسەرداگرتن. دواتر شنگال بۆ ماوەی 15 مانگ کەوتە دەست داعش و پاشان کەوتەوە دەست هێزە کوردییەکان. ئێستا زیاتر لە سەتا 95ی ناوچە کیشەلەسەرەکان، بە دەست هێزە کوردییەکانەوەیە و لە روانگەی هەندێك لە سەرکردەکانی وەك مەسعود بارزانی و تەنانەت هەندێك لە رێبەرانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، مادەی 140 بەکردەوە جێبەجێ بووە.

3ـ دەستەبەرکردنی پشتیوانی دیپلۆماتی نێونەتەوەیی

دەسـکەوتێکی گرنگـی دیکـە پشـتیوانی بەرچـاوی دیپلۆماتـی نێونەتەوەییـە. تەنانـەت پـاش سـەرهەڵدانی داعـش، ئێمـە دەبینیـن کـە داواکاریـی نـووری مالکـی بـۆ هەنـگاوی بەکـردەوە و دەسـوەردانی ئەمریـکا و رۆژئـاوا لـە عێـراق هێنـدە بەگرنـگ ناگیـرێ، بـەڵام بـە لـە مەترسـیکەوتنی ئاسایشـی هەرێمـی کوردسـتان، سـێ وڵاتـی ئەمریـکا، بەریتانیـا و فەڕەنسـا، دەسبەجێ پشـتیوانیی خۆیـان لـە هەرێمـی کوردسـتان و دواتر لـە دەوڵەتی عێراق دەربـڕی. لـەو مـاوە زەمەنییـەدا، هەولێـر بـووە ناوەندێکـی گرنگـی پڕهاتوچـۆی سـەفەری دیپلۆماتـی بەرپرسـانی جۆراوجـۆری نێونەتەوەیـی و ناوچەیـی. ئامادەبوونـی سـەرۆکوەزیران و و وەزیرانـی دەرەوەی ئەوروپایـی و تەنانـەت یەکەمیـن سـەردانی فەرمیـی وەزیـری دەرەوەی ئێـران و دواتـر سـەرۆکی پەرلەمانـی ئـەو وڵاتـە بـۆ هەرێمـی کوردسـتان، خـۆی پیشـاندەری سـەرکەوتنی دیپلۆماسـیی کـورد بـووە. ئـەم بابەتـە تاڕادەیـەك تـای تـەرازووی لـە گۆڕانکارییـە ئەکتیـڤ و هەنووکەییەکانـی عێـراق بەقازانجـی ئـەوان قـورس کـردووە.

4ـ کڕینی فەرمیی چەکوچۆڵی سەربازی

یەکێکـی دیکـە لـە سـەرکەوتنە بەرچـاو و دیارەکانـی کـورد کـە بەرەنجامـی سـەرهەڵدانی داعشــە، کرانــەوەی کەناڵــی فەرمــی کڕیــن و وەرگرتنــی چەکوچۆڵــی پێشــکەوتووتر لــە وڵاتانـی جۆراوجـۆری ئەورووپـای رۆژئـاوا و رۆژهـەڵات و تاڕادەیـەك ئەمریکایـە. بابەتێـك کە بەرلـەوە بـۆ کـورد بەهیـچ شـێوەیەك مسـۆگەر نەبـووە. زۆربـەی چەکوچۆڵـی کـورد کۆنـن و هـی کاتـی رووخانـی سـوپای سـەدام لـە ساڵـی 2003 بـووە، بـەڵام ئێسـتا ئـەو دەرفەتەیـان بـۆ رەخسـاوە، چەکوچۆڵەکانیـان نـوێ بکەنـەوە. لەبەرامبـەردا دەوڵەتـی ناوەندیـی عێـراق لـەم رەوتـە ناڕازییـە و تـا ئـەو جێیـەی بـۆی کرابـێ پێشـی رادەسـتکردنی راستەوخۆی چـەك و تەقەمەنـی بـە پێشـمەرگەی گرتـووە.

5ـ بوونی پێشمەرگە بە هێزێکی جێی متمانە

باشـتربوونی روخسـاری گشـتیی کـورد و بەتایبەتـی پێشـمەرگە، یەکێکـی دیکە لە دەسـکەوتە گرنگـەکان بـۆ هەرێمـی کوردسـتان بـووە. زۆربـەی راڤەکارانـی سـەربازی و بەرپرسـانی باڵای رۆژئـاوا و تەنانـەت رووسـیا، کـورد بـە گرنگتریـن هێـزی سـەربازیی لەسـەر زەوی لـەدژی داعـش لەقەڵەمـدەدەن. هـەر بـەم پێیـە سـتراتیژیی هێرشـە ئاسـمانییەکان و هێرشـەکانی

سـەر زەوی لەلایـەن پێشـمەرگەوە، بـۆ ئـەوان ئەنجـام و دەسـکەوتی بەرچـاوی لێکەوتۆتەوە. دەتوانیــن بڵێیــن رۆژاوئاییــەکان بــە گرتنەبــەری ئــەم ســتراتیژییە کــە هــاوکات لــە عێــراق و ســووریا جێبەجێیدەکــەن، پێویســتییان بــە دابەزاندنــی هێــزی ســەربازی نەکــردووە و بەکــردەوە تەنیـا پشـت بـە هێرشـە ئاسـمانییەکان و دانـی چەکوچـۆڵ دەبەسـتن، چونکـە ئـەوان بەتونـدی لـە دووپاتبوونـەوەی ئەزموونەکانـی شـەڕ لـە ئەفغانسـتان و عێراقـی پـاش 2003 نیگەرانــن.

6ـ پێکهاتنی هاوپەیوەندیی ناوخۆیی لەنێوان کورددا

پرســی کــورد لــەم چــوار وڵاتــەدا، لەلایەکــەوە هەڵگــری جۆرێــك پەیوەنــدی و هاوپشــتی و لەلایەکیــترەوە هــەرکام لــەم بەشــانە خاوەنــی تایبەتمەنــدی و هەندێجــار چارەنووســی جیــاوازن. وێدەچــێ ســەرهەڵدانی داعــش و هێرشــی ئــەم رێکخــراوە بــۆ ســەر ناوچــە جۆراوجۆرەکانــی کوردســتان، بووبێتــە هــۆی ئــەوەی بــۆ یەکەمجــار کۆمەڵــە و حیزبــە کوردییەکانـی هـەر چـوار بـەش، سـەرەڕای بوونـی کیشـە و هەڵوێسـتی جیـاواز، شانبەشـانی یـەك لـە یەكریـزدا بجەنگـن. لـە شـنگال، لـە باشـووری کوردسـتان و لـە کۆبانـی ئـەم بابەتـە بەباشــی خــۆی دەرخســتووە.

7ـ بوون بە رۆڵگێڕێکی دیار لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست

کـۆی ئـەم بابەتانـە، ئـەم راسـتییەمان پێدەڵێـن کـە کـورد لـە عێـراق و هەڵبـەت سـووریا، بوونەتـە دەورگێڕێکـی جیـددی و لۆکاڵـی کـە ئێسـتا ئیـتر ناکـرێ لـە دانوسـتاندنەکان، لـە هاوکێشـە و پلانەکانـی داهاتـوو بـۆ رۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت، وەك پێشـوو پشـتگوێبخرێن!

8ـ بەهێزبوونی دۆخی کورد لە هاوسەنگی لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندیی عێراق

لـە مانگـی سـێپتەمبەری 2016، شـاندێك لـە هەرێمـی کوردسـتان بـە سەرپەرشـتی نێچیرڤـان بارزانـی، سـەرۆکوەزیرانی هەرێـم، سـەردانی بەغـدای کـرد. لـە مـاوەی ئـەم چەنـد سـاڵەی دواییـدا، وەفـدی جۆراوجـۆر بـۆ تاوتوێکردنـی چۆنێتـی چارەسـەریی ناکۆکییەکانـی هەردوولا لـە نێـوان بەغـدا و هەولێـردا لـە هاتوچـۆدا بوون و ئەمـە ببووە بابەتێکی ئاسـایی، بـەڵام ئەم سـەفەرەی دوایـی نێچیرڤـان بارزانـی، جیاوازییەکـی بنەڕەتـی لەگـەڵ سـەفەرەکانی پێشـوو هەبـووە، چونکـە بـە وتـەی هوشـیار زێبـاری وەزیـری دارایـی عێـراق کـە خۆیشـی کـوردە، لـەم وتووێژانـەدا، بـۆ یەکەمجـار بـاس لـە پێویسـتیی پێکهێنانـی دوو شـاند بـۆ تاوتوێکردنـی

پرسـی سـەربەخۆیی و جیابوونـەوەی هەرێمـی کوردسـتان کـراوە و هـەردوولاش جەختیـان لەسـەر ئـەم بابەتـە کردۆتـەوە. ئەمـەش بابەتێکـە کـە تـا بـەر لـەوە لەلایـەن دەوڵەتەکانـی زاڵ بەسـەر عێراقـدا، وەك هێڵـی سـوور دەژمێـردرا. لـە پێکهێنانـی دۆخێکـی وەهـادا، توخـم و هـۆکار و بارودۆخگەلـی جۆراوجـۆر کاریگەرییـان هەبـووە کـە لـە کورتخایەنـدا، یەکێـك لـە گرنگتریـن فاکتـەرەکان سـەرهەڵدانی داعـش و لێکەوتـە و دەرەنجامـە جۆراوجـۆر و چەنـد رەهەندییەکانـی بـۆ عێـراق و کـورد بـووە. قبوڵکردنـی پێکهێنانـی شـاندەکان بـۆ تاوتوێکردنـی پرسـی جیابوونـەوەی کـورد لەلایـەن دەوڵەتـی ناوەندییـەوە، بەکـردەوە بـە مانـای قورسـتربوونی تـای تـەرازووی کـورد لـە هاوسـەنگیی خۆیـان لەگـەڵ بەغـدا لـە دۆخـی ئێسـتادایە.

## دوورەدیمەنەکانی داهاتوو

هەربەوجـۆرەی ئامـاژەی پێکـرا، جەنـگ و قەیرانـی هەنووکەیـی لـە رۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت، بـۆ رۆڵگێـرە جۆراوجـۆرەکان، هـەم مەترسـی بەدواوەیـە و هـەم دەرفـەت و یەکێـك لـە دەرهاویشـتەکانی "گـۆڕان"ە، تەنانـەت هەنـدێ لـە راڤـەکاران و سیاسـەتڤانان لەسـەر ئـەو بڕوایـەن، سـەد سـاڵ پـاش سیسـتەمی پەیماننامـەی سـایکس- پیکـۆ، رۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت و ناوچـەی شـام و عێـراق، پێویسـتی بـە سیسـتەمێکی نوێیـە و هـەر لـەم سـۆنگەیەوە بـاس لـە گۆڕانـی ڕێتیچـووی سـنووره سیاسـییەکانی سـایکس- پیکـۆ دەکرێـت. ڕێتێچووترینـی ئەوانـە بـە بـڕوای مـن لەوانەیـە لـە عێـراق و لـە باکـووری ئـەو وڵاتـە بێتەئـاراوە، چونکـە کـوردی باشـوور لـە مـاوەی جووڵانـەوەی 98 سـاڵەیاندا، هـەرکات توانیبێتیـان پەنجەشـکێنی لەگـەڵ دەوڵەتـی ناوەنـدی بکـەن، باسـیان لـە سـەربەخۆیی کـردووە و هـەرکات دەسـەڵاتی دەوڵەتـی ناوەنـدی بەیارمەتیـی هاوپەیمانـە دەرەکییەکانـی زیاتـر بـووە، کـورد خوازیـاری ئۆتۆنۆمـی بـوون و لەتـەواوی ئـەم سـاڵانەدا هیچـکات ئـەوان وەك ئەمـڕۆ دەرفەتـی باشـیان بـۆ نەڕەخسـاوە. هـەر لـەم سـۆنگەیەوە بـوو کـە مەسـعود بارزانـی پـاش کەوتنـی موسـڵ ڕایگەیانـد، مێـژووی عێـراق خاڵـی وەرچەرخانـی مێژوویی بەسـەرداهاتووە و ئەویـش عێراقی پـاش و پێـش کەوتنـی موسـڵە. هەروەهـا "محەممـەدی حاجـی مەحمـوود"، سـکرتێری پارتـی سوسیالیسـت دیموکراتـی کوردسـتانی عێـراق، لـەو بڕوایەدایـە کـە تەنیـا ئـەو کەسانەی بـە سـواری فڕۆکـە بەسـەر ئاسـمانی عێراقـدا تێدەپـەڕن، عێـراق لـە دوورەوە بـە یەکپارچەیـی دەبینـن، بـەڵام ئەگـەر بتـەوێ بـە سـەیارە لـە عێراقـەوە تێپـەڕی، دەبینـی وڵاتیکـی یەکپارچە

نییـە، چونکـە عێـراق لەکـردەوەدا بووەتـە سـێ بـەش و هـەر بەشـەش یاسـا و چیرۆکـی تایبـەت بـە خـۆی هەیـە. بـەڵام بابەتەکـە لێرەدایـە کـە سـەرهەڵدانی داعـش بـۆ کـورد لـە تەنیشـت چەرمەسـەری و کێشـەکانیان، سـوود و پێگـەی باشـی بـۆ ئـەوان پێکهێنـاوە و ئەوانـی لـە داخوازییەکانیـان نزیکـتر کردۆتـەوە. هەڵبـەت ئەمـە بـە مانـای گەیشـتن بـە خاڵـی کۆتایـی نییـە و ئـەوان هەروەهـا کێشـەی جۆراوجـۆر، قۆنـاغ و ڕێگەگەلـی دژواریـان لەبەردەمدایـە. ڕێگەیـەك کـە بەرلـە هـەر شـتێك دەردەکـوردی مێژوویـی کورد، واتـا نەبوونی یەکێتیـی ناوخۆیـی، وەك گەورەتریـن کۆسـپ لـە هەلومەرجـی ئێسـتادا بەرچاودەکەوێـت. کەواتـا دەبـێ بزانیـن کـورد لـە هەرێمـی کوردسـتان تـا چ ڕادەیـەك دەتوانـن لـە دەرفەتـە هەنووکەییـەکان و ڕێنسانسـی دەسـتپێکراو بـۆ گۆڕینـی پێگـەی خۆیـان و بـوون بـە ڕۆڵگێڕیکـی فەرمـی لـە پانتایـی گۆڕانکارییـە نێونەتەوەییـەکان گۆڕانکارییەکانـی ڕۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت کەڵـك وەردەگـرن؟

وەرگێڕانی لە فارسییەوە : هەژێر ڕەسووڵپوور

# ئایندەی کورد دوای شەڕی ڕەققە و موسڵ

**د.عوسمان عەلی**
مامۆستای زانکۆی سەڵاحەدین و زانکۆی ساکاریا لە تورکیا

پێدەچێـت ئـەو رۆڵـە گرنـگ و دەسـتکەوتە هەنووکەییانـەی بزووتنـەوەی کـوردی لـە رۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت بەدەسـتیهێنابوون، دوای دەرکەوتنـی میحوەرێکـی هەرێمیـی دژی بزووتنـەوەی کـوردی بەشـێوەیەکی رێژەیـی بچووك ببێتەوە. پـاش دەرکەوتنی مەترسـییەکانی رێکخـراوی دەوڵەتـی ئیسـلامی (داعـش) لـە ناوچەکـە و ئـەو بۆشـاییە ئەمنـی، سیاسـی وسـەربازییەی لـە رۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت دروسـتبوون، بزووتنـەوەی کـوردی کـە خـاوەن هێزێکـی گەشەسـەندووە لـە هەریـەك لـە عێـراق وتورکیـا وئێـران وسـووریا، چەندیـن دەسـتکەوتی گرنگـی بەدەسـتهێنا. هەندێـك لـە دەسـتکەوتەکانی بزووتنـەوەی کـوردی زۆر گەورەتـرن لـەوەی بـە ئاسـانی یـان بەهـۆی هاوپەیمانییـە هەرێمییـەکان کۆتاییـان پێبهێنرێـت. چونکـە دەرفـەت لەبـەردەم بزووتنـەوەی کـوردی مـاوە تاوەکـو پارێـزگاری لـە هەندێـك لـە دەسـکەوتەکانی بـکات، ئەگـەر بەشـێوەیەکی زیرەکانـە مامەڵـە لەگـەڵ رەهەندەکانـی گەمـەی هەرێمیـی بـکات و هەوڵبـدات بۆچوونـە دژبەیـەك وکێشمەکێشـمە نێوخۆییەکانیـان چارەسـەربکات و بـۆ مامەڵەکـردن لەگـەڵ رووداوە نوێیەکان لەسـەر ئاسـتی ناوخۆیـی وهەرێمی،خـاوەن پڕۆژەیەکـی جیـددی و واقعبینانـە بێـت.
پێشکەشـکردنی یارمەتـی سـەربازی بەهێـزە کوردییـەکان لەلایـەن ئەمریـکاوە، متمانـەی گـەورەی ئەمریـکا لەشـەڕی دژ بـە رێکخـراوی داعـش بـەو هێزانـە دەسـەلمێنێت. لـەم پەیپـەرەدا پێشـبینی ئاینـدەی بزووتنـەوەی کـوردی دەکەیـن لـە روانگـەی رووداوە هەرێمـی و نێودەوڵەتییەکانـەوە کـە لـە گۆڕانکارییـە ریشـەییەکانەوە سـەرچاوەیان گرتـووە، بـەڵام لەهەمانکاتیشـدا دەبێـت ئـەوە بزانیـن کـە لـە سیاسـەتدا هەندێـك شـتی نهێنـی هـەن کـە تەنیـا خـاوەن بڕیـارەکان زانیارییـان لەسـەری هەیـە و هەندێکجـار تووشـی شـۆك دەبیـن

بەهۆی بڕیارەکانیانەوە کە لە پێشبینی شیکردنەوە سیاسییەکاندا نابێت. هەندێکجار رووداوە کتوپڕەکان بارودۆخێک دەسەپێنێت کە لە پێشبینی خاوەن بڕیارەکانیشدا نەبووە، بۆنموونە هیچ لە شیکەرەوە سیاسییەکان پێشبینی رووداونی ئەو گۆڕانکارییە ناوخۆیی و دەرەکیانەیان نەدەکردن کە لە سیاسەتەکانی تورکیا روویانداوە.
لەسەرەتادا باسی ئەو فاکتەرە تێکەڵ و پەیوەستانە بە شەڕی رەققە وموسڵ دەکەین. دواتر باسی سیناریۆ پێشبینکراوەکانی ئەنجامی ئەو شەڕانە لە هەریەک لە سووریا و عێراق دەکەین وکاریگەرییەکانیان لەسەر بزووتنەوەی کورد دەخەینەڕوو. لەکۆتاییدا باسی ئەوە دەکەین کورد چۆن دەتوانێت خۆی لەگەڵ رووداوە نوێیەکانی ناوچەکەدا بگونجێنێت.

## شەڕی موسڵ و رەققە

هەندێک لە چاودێران پێشبینی رووداونی شەڕی موسڵ پێش رەققە دەکەن، بەڵام هەندێکی دیکەیان لەبەر هەندێک هۆکاری سیاسی وسەربازی و لێکەوتەکانی، پێشبینی ئەوە دەکەن کە شەڕی موسڵ و رەققە لەیەک کاتدا رووبدات. چونکە پێیانوایە ئەنجامدانی هەردوو شەڕەکە لەیەک کاتدا داعش ناچاردەکات هێزەکانی دابەشبکات و تواناکانی بۆ دارشتنی پلانی بەرگری کەمدەکاتەوە. بەڵام ئەوانەی کە پێیانوایە بەشێوەیەکی جیا هەردوو شەڕەکە روودەدەن ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن ئەگەر هێرشەکە بەجیا رووبدات ئەوا پاش کەوتنی یەکێک لە بنکە سەرەکییەکانی داعش موسڵ بێت یان رەققە، دەتوانرێت سوود لە رووخانی ورەی ئەو رێکخراوە وەربگیرێت.

## رێگە بەرەو رەققە

پلانەکانی ئەمریکا بۆ کۆنترۆڵکردنی موسڵ و رەققە بە یەکێك لە گۆڕانکارییە گەورەکان لە سیاسەتەکانی باراك ئۆباما لەقەڵەمدەدرا و، ئەمریکا ئێستا بەشێوەیەکی فراوانتر بەشداری لە پرۆسە سەربازییەکاندا دەکات. تەنانەت ئاستی ئەو بەشداریکردنە زۆرجار بۆ کەناڵەکانی راگەیاندنی ئەمریکا ئاشکرا ناکرێت و لە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی ئەمریکا باسنەدەکرا. پێش ماوەیەك فەرماندەی ناوەندی هێزەکانی ئەمریکا مۆڵەتی لە کۆشکی سپی وەرگرتبوو بۆ بڵاوکردنەوەی راوێژکارە ئەمریکییەکان

لەگەڵ یەکە عێراقییەکان و یەکەکانی پاراستنی گەل و هێزەکانی سووریای دیموکراتی لەسەر ئاستی کەتیبەکان. ئەمەش مەترسییەکان لەسەر راوێژکار و راهێنەرە ئەمریکییەکان زیاددەکات، بەڵام لە بەرامبەردا ئەمریکا بەشێوەیەکی باشتر دەتوانێت کۆنترۆڵی گۆڕەپانەکانی شەڕ بکات. واتە جەنگی داهاتوو بەسەرپەرشتی و لەلایەن ئەمریکییەکانەوە بەڕێوەدەبرێت.

لە رۆژی 8 ئابی 2014ەوە تائێستا هێزەکانی هاوپەیمانان بەسەرۆکایەتی ئەمریکا دەیان گورزی ئاسمانیان لە ئامانجەکانی داعش داوە و گورزە ئاسمانییەکانی ئەمریکا چوار ئامانجی نزیك مەودایان دەستنیشانکردووە و سەرجەم ئەو ئامانجانە بەم نزیکانە جێبەجێدەبن کە سەقامگیرکردنی بارودۆخی ئەنبار وئامادەکردنی هیزە زەوینییەکانی هاوپەیمانان بۆ شەڕی موسڵ و رێکخستنی ئۆپەراسیونێکی زەوینی لە سووریا بەمەبەستی کۆنترۆڵکردنی شاری رەققە و زیادکردنی ئاستی ناردنی چەك بۆ هێزە زەمینییەکان کە دژی داعش دەجەنگێن لەخۆدەگرێت.[1] بەپێی پلانە نوێیەکەی ئەمریکا عەرەبی سوننە بەشێوەیەکی راستەوخۆ لەو جەنگدا بەشدارییان پێدەکرێت.

لە مانگی ئاداری 2016وە وڵاتانی هاوپەیمانان کۆبونەوەیەکی بەرفراوانیان لە واشنتن سازکرد و هەموو لایەنەکان لەو کۆبونەوەیەدا لەسەر زیادکردنی ئاستی هێرشە سەربازییەکان بۆسەر رەققە وموسڵ رێککەوتن و پلانی سەربازی بۆ جێبەجێکردنی ئەو ئامانجە دانرا، بەڵام لە عێراق بەهۆی بوونی کێشمەکێش لەنێوان هێزە شیعەکان پرۆسەی ئازادکردنی موسڵ دواخرا و لەجیاتی ئەوە جەخت لەسەر ئازادکردنی فەلووجە کرا.

پێش ماوەیەك ئەمریکا بەمەبەستی ئازادکردنی رەققە، دەستی بە راهێنان ودابینکردنی چەك بۆ هێزێکی کوردی - عەرەبی بەناوی هێزەکانی سووریای دیموکراتی کردبوو، کە ژمارەی ئەو هێزە 20 هەزار چەکدارە وشەش هەزاریان لە عەرەب ومەسیحی پێکهاتوون، بەڵام یەکەکانی پاراستنی گەل کە کوردن پێکهاتەی سەرەکی ئەو هێزەن. هێزەکانی سووریای دیموکراتی بە هاوئاهەنگی لەگەڵ هیزەکانی هاوپەیمانان ئامادەکارییەکانیان دەستپێکردووە بۆکۆنترۆڵکردنی شاری رەققە و ئەمریکا هەوڵیداوە پشتگیری وڵاتە عەرەبی و هەرێمییەکان بەتایبەتی وڵاتانی ئەندامانی ئەنجوومەنی هاریکاری کەنداو و تورکیا بۆئەم شەڕە بە دەستبهێنێت. بەڵام هەوڵەکانی بێسوود

1 -http://www.politico.com/magazine/story/201608//iraq-offensive-2016-mosul-islamic-state-isis-isil-obama-foreign-policy-kurdish-214121#ixzz4IYUGg7zf.

بـوون چونکـە تورکیـا مەرجـی ئـەوەی دانـاوە هێزەکانـی سـووریای دیموکراتـی هیـچ ڕۆڵێکیـان لـە شـەڕەکە نەبێـت و وڵاتانـی کەنـداو بەهـۆی ئـەوەی ئەمریـکا لەجەنگـی یەمـەن پشـتگیری نەکـردن، بایـەخ بـە شـەڕەکەی ڕەققـە نـادەن.

پێشـتر هێزەکانـی سـووریای دیموکراتـی بەمەبەسـتی کۆنترۆڵکردنـی چەنـد ناوچەیەکـی ژێـر دەسـتی داعـش لەدەوروبـەری شـاری ڕەققـە، چەنـد پرۆسـەیەکی سـەربازییان ئەنجامـدا و ئـەو هێزانـە بەهـاوکاری هێزەکانـی هاوپەیمانـان ناوچەکانـی عەین عیسـا و بەنـداوی تشرین و شـەدادیەیان ئازادکـرد. بەمـەش ئـەم هێزانـە بوونـە جێگـەی بایـەخ و ڕێـزی هاوپەیمانـان، بـەڵام بەپـێ، وتەکانـی پەیامنێـری (واشـنتن پۆسـت)ی ئەمریکـی، بەهـۆی بوونـی ناکۆکـی لەنێـوان ئەجینـدای ئـەو هێزانـەی کـە لـە هەوڵـی ئـەوەدان داعـش لەوشـارە دەربکـەن، پرۆسـەی هێرشـکردنە سـەر شـاری ڕەققـە دواخـراو و لەنێـوان کـورد وعـەرەب سـەبارەت بـەوەی کـێ بەشـداری لـە شـەڕی ئازادکردنـی شـارەکە دەکات وکـێ حوکمڕانـی دەکات ناکۆکـی هەیـە. یەکینەکانـی پاراسـتنی گـەل YPG ئامـاژە بـۆ ئـەوە دەکـەن کـە بەنیـازن ئـەو شـارە بخەنـە سـەر ئـەو هەرێمـەی کـە بەنـاوی کانتۆنەکانـەوە دروسـتیانکردووە.

لـە مانگـی ئابـی 2016 دا ژەنـەراڵ شـۆن مەکڤارلانـد فەرمانـدەی هێزەکانـی هاوپەیمانـان دژی داعـش ڕایگەیانـد، بـەم نزیکانـە کۆتایـی بەکۆنترۆڵـی داعـش لـە شـاری منبجـی سـنووریی دەهێنرێـت کـە ڕێگـە بـۆ هێرشـکردنە سـەر شـاری ڕەققـە ڕاستەقینەی دەوڵەتـی ئیسـلامی پایتەختـی خـۆش دەکات [1]و ڕاشـیگەیاند هێزەکانـی سـووریای دیموکراتـی توانیویانـە ناوچەکانـی حەسـەکە و شـەدادیە و بەنـداوی تشریـن کۆنـترۆڵ بکـەن و گرتنـی شـاری مونبیـج سـەرەتایەکە بـۆ کۆتایـی داعـش لـە سـووریا. گوتیشـی لـە مـاوەی سـاڵی ڕابـردوودا ئەمریـکا 50 هـەزار هێرشـی ئاسـمانی دژی داعـش ئەنجامـداوە ولەمـاوەی 11 مانگـی ڕابـردوودا نزیکـەی 25 هـەزار چەکـداری داعـش کـوژراون. [2]

لەکانونـی یەکەمـی ڕابـردوو هێزەکانـی سـووریای دیموکراتـی توانییـان ناوچەیەکـی بچـووك لـە ڕۆژئـاوای بەنـداوی تشریـن کۆنترۆڵبکـەن، لەبەرامبـەردا تورکیـا هەڵوێسـتی وەرگـرت و هەڕەشـەی کـرد کـە نابێـت ئـەو هێزانـە ئـەو کارە بکـەن، بـەڵام دواتـر تورکیـا ڕازیبـوو بـە ڕوونکردنـەوەی ئەمریکییـەکان کـە ڕایانگەیاندبـوو ئـەو پرۆسـەیەی لەلایـەن

---

1 -In Syria and Iraq, the Islamic State is in retreat on ... - Washington Post https://www.washingtonpost.com/...syria.../a0e33774-f1011-..

2 -US Commander: Retaking Manbij will set the stage for attack on ISIS ...aranews.net/.../us-commander-retaking-manbij-will-set-stag..

هێزێکـی غەیـرە کـوردەوە لـە هێزەکانـی سـووریای دیموکراتـی ئەنجامـدراوە و بەڵێنـی ئەوەیـان دابـوو کـە رێگـری لـە هـەر پێشـڕەوییەکی هێـزە کوردییـەکان بکـەن. لـە مانگـی ئایـار لەلایـەن هێزەکانـی سـووریای دیموکراتیـەوە، ناوەنـدی داعـش لـە شـاری مونبیـج کۆنترۆڵکـرا و پـاش گەمارۆدانێـك کـە دوو مانگـی خایانـد لـە نێوەڕاسـتی مانگـی هەشـت شـاری مونبیـج کۆنترۆڵکـرا. لەبەرامبـەردا ئەمریکییـەکان و تورکـەکان ئاماژیـان بـۆ ئـەوە کردبـوو کـە کـورد بەڵێنیانـداوە شـارەکە چۆڵبکـەن و لەلایـەن هێـزە غەیـرە کوردییەکانـی نـاو هێـزی سـووریای دیموکراتـەوە کۆنترۆڵبکرێـت کـە لایەنگـری پارتـی یەکێتـی دیموکراتـی PYD نیـن. مەولـوود چاوشـئۆغلۆ وەزیـری دەرەوەی تورکیـا لـە 15ی ئـاب ئامـاژەی بـەوە کـرد کـە ئـەوان چاوەڕوانـی ئـەوە لـە هێـزە کوردییـەکان دەکـەن کـە پابەنـدی بەڵێنەکانیـان بـن. ئەمریـکاش بەڵێنـی ئەوەیدابـوو رێگـری لـەوە بـکات هێزەکانـی سـووریای دیموکراتـی شـاری جەرابلـۆس کۆنترۆڵبکـەن و لەبەرامبـەردا تورکیـا بـۆ لەنێوبردنـی داعـش بەڵێنـی یارمەتیدانـی بـە ئەمریـکا دابـوو.

[1]لەبەرامبـەردا رووسـەکان زۆر چـاك دەزانـن کـە داعـش بـەرەو کۆتایـی دەڕوات بۆیـە، لەمـاوەی رابـردوودا پشـتگیری سـەربازییان بـۆ رژێمـی سـووریا و میلیشـیا هاوپەیمانەکانـی زیادکـردووە بەمەبەسـتی کرۆنترۆڵکردنـی رەققـە و لـە 10ی شـووباتی رابـردوودا، هێزەکانـی رژێمـی سـووریا لـە باشـوور و رۆژئـاواوە هێرشـەکانی بـۆ سـەر شـاری رەققـە زیادکـردووە. بـە درێژایـی رێگـەی خێـرای ژمـارە 42 کـە سـەلامیە بـە رەققـەوە دەبەسـتێتەوە و لـە 28ی ئایـاری رابـردوو، هێزەکانـی سـوپای سـووریا پێـش گەیشـتن بـە شـاری رەققـە تەنیـا 15 میلیـان مابـوو بـۆ گەیشـتن بـە شـاری رەسـافە کـە گەورەتریـن شـارە لەسـەر ئـەو رێگـە خێرایـە. واتـە تەنیـا 30 میـل لـە شـاری رەققـەوە دوورن، جگـە لـەوەش سـوپای سـووریا تەنیـا 20 کـم لـە باشـووری رۆژئـاوای بەنـداوی تەبقـە دوورن.

لەلایەکـی دیکـەوە داعـش ئـەو بەنـداوەی کـردووە بـە قەڵایەکـی سـەربازی و لەنێـو بەنداوەکـە چـەك و تەقەمەنیـی شـاردووتەوە. لـە نزیـك ئـەو بەنـداوە دەریاچـەی ئەسـەد هەیـە کـە گەورەتریـن دەریاچەیـە لـە سـووریا و تەنیـا 40 کـم لـە رەققـەوە دوورە و هێـزە ئاسـمانییەکانی رووسـیا و ئەمریـکا لەترسـی ئەگـەری زیـان گەیانـدن بـە بەنداوەکـە و دروسـتبوونی لافاوێکـی گـەورە، هێرشـی ئاسـمانی ناکەنـە سـەر مۆڵگەکانـی داعـش لـەلای

1 -بعد الدبلوماسية الغامضة، تركيا تتدخل في سوريا | ترك برس
www.turkpress.co/node/25371

ئـەو بەنـداوە. چەکدارانـی داعشـیش هەڕەشـەی تەقاندنـەوەی بەنداوەکەیـان کـردووە ئەگـەر هێـرش بکرێتـە سـەر رەققـە.
بۆیـە شـەڕی رەققـە شـەڕێکە کـە نوێنەرەکانـی ئەمریـکا و رووسـیا ئەنجامـی دەدەن و ئەگـەر سـوپای سـووریا رەققـە کۆنـترۆڵ بـکات ئـەوا دەیسـەلمێنێت کـە رووسـیا سـەرکەوتوو بـووە لـە دەسـتوەردانەکەی لـە سـووریا وسـەرکەوتن بـۆ هێرشـەکانی رووسـیا دژی داعـش وگرووپـە چەکـدارە ئیسـلامییەکانی دیکـە تۆمـاردەکات و وەك شکسـت بـۆ سیاسـەتەکانی ئۆبامـا و کۆشـکی سـپی دەکەوێتـەوە.
لەبەرامبـەردا سـەرکەوتنی یەکینەکانـی پاراسـتنی گـەل رێگـە بـە ئیـدارەی ئەمریکـی دەدات کـە ئـەوە رابگەیەنێـت کـە لـە شـەڕی دژی داعـش سـەرکەوتوو بـوون و بـە پێچەوانـەی رووسـەکان ئـەوان بەکەمتریـن زیانـی سـڤیل ئـەو کارە ئەنجامـدەدەن. هەندێـك لـە رۆژنامـە لۆکاڵییەکانـی ئەمریـکا شـەڕی رەققەیـان بـە کێبڕکـێ بـەرەو رەققـە لەنێـوان لایەنگرانـی هاوپەیمانـی ئەمریـکا وهێزەکانـی رژێمـی ئەسـەد کـە هاوپەیمانـی رووسـیا وئێرانـن، لەقەڵەمـداوە.[1]
هەندێـك لـە چاودێـران پێیانوایـە بۆئـەوەی پرسـی کۆتاییهێنـان بەبوونـی داعـش لـەو دوو شـارە وەکـو دەسـتکەوت بـۆ سـەرۆك ئۆبامـا و دیموکراتـەکان تۆماربکرێـت، هێرشـی سـەر موسـڵ لـە دەسـتپێکردنی هێرشـەکان بۆسـەر شـاری رەققـە هـاوکات دەبێـت. ئەمـە یارمەتیـدەر بـوو بـۆ هەڵمەتـی هەڵبژاردنـی هیـلاری کلینـتن کـە کاندیـدی دیموکراتـەکان بـوو لـە هەڵبژاردنەکانـی سـەرۆکایەتی ئەمریـکا کـە لـە مانگـی تشرینـی دووەمـی رابـردوو ئەنجامـدرا. بۆیـە لەوانەیـە کاتـی هێرشـەکەی موسـڵ لـە مانگـی تشرینـی یەکەمـی داهاتـوو بێـت. [2]

## رێگە بەرەو موسڵ

پێدەچێـت یەکنەگرتوویـی سیاسـی و بوونـی ئەجێنـدای دژ بەیـەك لـە نێـوان ئـەو هێزانـەی کـە بەنیـازن موسـڵ ئازادبکـەن گەورەتریـن لەمپـەر لەبـەردەم شـەڕەکە بێـت. جگـە لـەوە رووبەڕبوونـەوەی 10هـەزار چەکـداری داعـش کـە خۆیـان لـە نـاو شـارێکدا حەشـارداوە

1 -اتبع جوزیف ف. میکالیف علی تویتر: www.twitter.com/JosephVMicallef

2 -ww.politico.com/magazine/story/201608//iraq-offensive-2016-mosul-islamic-state-isis-isil-obama-foreign-policy-kurdish-214121

کـە دانیشـتووانەکەی نزیکـەی یـەك ملیـۆن کەسـە و ئەگـەری ئـەوە هەیـە وەك قەڵغانـی مرۆیـی بەکاربهێنرێن،کارێکـی ئاسـان نابێـت.
پێدەچێـت ئیـدارەی ئۆبامـا بەنیازبێـت پرسـی دەرکردنـی داعـش لـە عێـراق بکاتـە یەکێـك لـە دەسـتکەوتەکانی لـە دەسـەڵات، ئەمـەش بەپێچەوانـەی سیاسـەتە پێشـووەکانیەتی کـە بە دوورەپەرێـزی ناسرابـوو. ئۆبامـا، لـە یەکێـك لـە وتەکانی پێشـوویدا ئامـاژەی بۆ ئـەوە کردبوو کـە ئیـدی سـەربازی ئەمریکـی لەسـەر خاکـی وڵاتانیـت دیکـە و رۆژهەڵاتی نێوەڕاسـت نابن، بـەڵام ئێسـتا ئیدارەکـەی بەمەبەسـتی کۆتاییهێنـان بـە تیرۆریسـتان سیاسـەتی هێرشـبەرانە لـە عێـراق وسـووریا جێبەجێـدەکات. لەمـاوەی چەنـد مانگـی رابـردوودا ژمارەیەکـی زۆر لـە گـەورە بەرپرسـانی سیاسـی و سـەربازی ئەمریـکا سـەردانی بەغـدا و هەولێریـان کردبـوو. بەشـێوەیەکی چاوەڕواننەکـراو حکومەتـی ئەمریکـی بڕیـاری ناردنـی 560 سـەربازی لـە هێـزە تایبەتەکانـی ئەمریـکا کـە بەدەلتـا نـاسراون بـۆ عێـراق دەرکـرد. ژمارەیەکـی دیکـەش لـە هەلیکۆپتـەری ئەپاچـی نـارد و دەسـتی بـە دروسـتکردنەوەی بنکـەی سـەربازی نزیـك شـارۆچکەی گەیـارە کـرد کـە 40 کـم لـە باشـووری شـاری موسـڵ دوورە تـا وەکـوو بنکەیـەك بـۆ هێـزە عێراقیەکانـی بەشـدار لـە پرۆسـەی ئازادکردنـی موسـڵ بەکاریبهێنێـت. [1]
لەلایەکیـت دیکـەوە، هاوشـێوەی ئـەوەی سـاڵی 2006، کـە ئەمریـکا هـۆزە عەرەبـە سـوننەکانی ئەنبـاری دژی قاعیـدە بەکارهێنا، ئەفسـەرەکانی سـوپای ئەمریکا دەسـتیانکردووە بەدابەشـکردنی پـارە بەسـەر هـۆزە سـوننەکانی موسـڵ وناوچەکانـی دەوروبـەری. لـە دوایین سـەردانەکەی بـۆ عێـراق، ئاشـتون کارتـەر وەزیـری بەرگـری ئەمریـکا گوتی"هەمـووان ئـەوە دەزانـن کـە شـەڕی عێـراق لـە پێنـاو ئازادکردنـی موسـڵە وسـەرکەوتن لـە موسـڵ واتـای کۆتایـی گەمەکـە لـە عێـراق دەدات." [2]
بـەدەر لـە کات و چۆنیەتـی دەرکردنـی داعـش لـە شـاری موسـڵ، قۆناخـی دوای ئازادکردنـی موسـڵ یەکێـك لـەو گرنگتریـن کێشـانەیە کـە ئێسـتا رووبـەڕووی عێـراق دەبێتـەوە. تـا ئێسـتا ئـەو پرسـە لەلایـەن حکومەتـی عێـراق و هێزەکانـی هاوپەیمانانـەوە باسـنەکراوە. سـەرەڕای ئـەوەی ئەمریـکا ئامـاژە بـۆ ئـەوە دەکات کـە حەیـدەر عەبـادی سـەرۆکوەزیرانی عێـراق

1 -US Army›s elite Delta Force counter-terrorism unit sent in ... - Daily Mail
www.dailymail.co.uk/.../US-Army-s-elite-Delta-Force-counter-terrorism-unit-unleashed-..

2 -US Pressuring Syrian Arab Tribesmen to Join Kurdish-led SDF: Source
syrianobserver.com/.../US_Pressuring_Syrian_Arab_Tribes...

پـلان وکاتـی شـەڕەکە و هێـزە بەشـداربووەکانی دەستنیشـانکردووە، بـەڵام بەپێچەوانـەی ئامادەکارییـەکان بـۆ شـەڕی ڕەققـە، پێدەچێـت پلاندانـان و بەڕێوەبردنـی شـەڕەکەی موسـڵ لەلایـەن ئەمریـکاوە ئەنجامبدرێـت.
بەرپرسـە سـەربازییە ئەمریکییـەکان کـە پلانـی شـەڕەکەی موسـڵیان دانـاوە، ئامـاژە بـۆ ئـەوە دەکـەن، پلانەکەیـان جیاکردنـەوەی شـاری موسـڵ وگەمـارۆدان وکوشـتنی سـەرجەم داعشـەکان دەگرێتـەوە. ئەفسـەریکی بـاڵا لـە فەرماندەیـی ناوەنـدی ئەمریـکا بـە ڕۆژنامەیەکـی ڕاگەیاندبـوو کـە شـاری موسـڵ لە لایەن سـوپای عێـراق و هێـزە کوردییەکانەوە گەمارۆدەدرێـت. هەروەهـا جـۆن پـۆل دبیـرۆ ئەفسـەری پرۆسـەکان لـە هاوپەیمانـی دژی داعـش ئامـاژەی بـۆ ئـەوە کردبـوو" کـە شـەڕی موسـڵ زۆر زەحمـەت دەبێـت.[1]"
بـە پشتبەسـتن بـە ئەزموونـی ڕابـردوو لـە شـەڕی ئازادکردنـی تکریـت و ڕوومـادی، پێشـبینی ئـەوە دەکرێـت کـە شـەڕی موسـڵ ماوەیەکـی درێـژ بخایێنێـت و شـەڕی کـۆڵان بەکـۆڵان و بەکارهێنانـی بۆمبـی چێنراو و بەکارهێنانـی تونێـل دژی سـوپای عێـراق تێیـدا ئەنجامبدرێت.
ئەگـەری ئـەوەش دانرابـوو کـە دوو مانـگ بخایێنێـت یـان لەوانەیـە بگاتـە سـاڵی 2017. لەوبارێـەوە پاتریـك مارتـن لـە پەیمانگـەی لێکۆڵینەوەکانـی جەنـگ کـە دامەزراوەیەکـی توێژینەوەیـە لـە واشـنتن" پێیوایـە داعـش زۆرچـاك دەزانێـت کەوتنـی موسـڵ واتـە کۆتایـی مانـەوەی لـە عێـراق، بۆیـە هەوڵـدەدات بەپێـی تواناکانـی ئـەوە دوابخـات.[2]"
لەگـەڵ شـەڕی موسـڵ، کێشـەکان لەنێـوان حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان و بەغـدا ئاڵۆزتـر ببوون.کـورد حکومەتـی عێراقـی بـە هەوڵـدان بـۆ فەرامۆشـکردنی کـورد لـە شـەڕی موسـڵ تۆمەتبارکـرد. حکومەتـی عێراقـی سـەرکردەکانی هەرێمـی کوردسـتان، بەتایبەتـی مەسـعود بارزانـی تۆمەتبارکـرد بـەوەی شـەڕەکە بـۆ کۆنترۆڵکردنـی ناوچـەی دیکـە لـە ناوچـە کێشەلەسـەرەکان بەکاردەهێنێـت. هەندێـك لەسـەرکردە عێراقییـەکان، کـورد تۆمەتبـار دەکـەن بـەوەی هەندێـك مەرجـی قـورس "وەك جیاکردنـەوەی 15 یەکـەی ئیـداری لـە دەشـتی نەینـەوا کـە کـورد وکەمینەکانـی دیکـە تێیـدا دەژیـن" [3] دادەنێـن.

1 -Iraq puts northern offensive against Islamic State on hold - Yahoo!
https://ca.news.yahoo.com/iraq-puts-northern-offensive-against-islamic-state-hold-15

2 -Islamic State in Iraq: The last battle - The Economist
www.economist.com/.../21696951-long-fight-retake-iraqs-second-biggest-city-mosul-

3 -بغداد تردّ على «شروط» أربيل قبل معركة الموصل: البيشمركة قوة إرهابية إذا ...
www.al-akhbar.com/node/261972

پاش ئازادکردنی گەیارە وکۆنترۆڵکردنی بنکەی سەربازی ئەو شارە، پێیانوایە کە حکومەتی عێراقی هەست بەوە دەکات ئێستا بۆ هێرشکردنە سەر موسڵ پێویستی بە خاکی هەرێمی کوردستان نەماوە. پێشتر حکومەتی ناوەندی نوێنەری هەرێمی کوردستانی لە کۆبوونەوەی هاوپەیمانی دژ بەداعش دوورخستەوە کە لە واشنتن سازکرا. لە یەکەم رۆژی کۆبوونەوەکەدا خالید عوبەیدی وەزیری بەرگری عێراق، لە وتەیەکیدا بۆ رۆژنامەڤانان ئاماژەی بۆ ئەوەکردبوو کە "رێگە بە هێزە کوردییەکان نادەن بەشداری شەڕی موسڵ بکەن." [1] عەلی بدێری ئەندامی پەرلەمان لەسەر لیستی دەوڵەتی یاسا لە پەرلەمانی عێراق، ئاماژەی بۆ ئەوە کردبوو کە "ئەگەر پێشمەرگە رێگری لە پرۆسە سەربازییەکانی موسڵ بکەن ئەوا بە هێزێکی لەدەرەوەی یاسا لەقەڵەمدەدرێن و بەو شێوەیە مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت."[2]

لەبەرامبەردا ئەمریکییەکان هەوڵی زۆریاندا بۆ پشتگیری هێزەکانی پێشمەرگە تاوەکو بەشداری شەڕەکە بکەن. لە 12ی تەمموزی رابردوو، ئەمریکا "پرۆتۆکۆڵێکی سەربازی فەرمیی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان واژۆکرد"[3] کە بەلێکتیگەیشتنێکی سەربازی بۆ مسۆگەرکردنی بەشداریکردنی هێزەکانی پێشمەرگە لەشەڕی موسڵ لە قەڵەمدرا.

بەرپرسە ئەمریکییەکان و لە نێوانیاندا جۆزیف دانفۆرد سەرۆکی دەستەی ئەرکانی هاوبەشی سوپای ئەمریکا، بەشێوەیەکی نهێنی نێوانگیرییان لە نێوان بارزانی وحکومەتی عێراقی کرد و یەکێك لەخاڵەکان کە لەسەری رێککەوتوون ئەوەیە کە پێشمەرگە وەك هێزێکی پاڵپشت بۆ سوپای عێراقی بەشداری شەڕی موسڵ بکات. لە 30ی تەمموز، کاتێك بارزانی کۆبوونەوەی لەگەڵ ژمارەیەك بەرپرسی ئەمریکی ئەنجامدا، ئاماژەی بۆ ئەوە کرد بەبێ بەشداریکردنی پێشمەرگە ئەستەمە موسڵ ئازاد بکرێت و ئەوان بێ ئەوەی بچنە ناو شارەکە بەشداری لە شەڕەکەدا دەکەن.

---

1 -Iraqi-Kurdistan Baghdad-Erbil bickering overshadows Mosul battle
www.al-monitor.com/pulse/.../iraq-government-marginalize-kurds-mosul-battle.html

2 -بغداد تردّ على «شروط» أربيل قبل معركة الموصل: البيشمركة قوة إرهابية إذا ...
www.al-akhbar.com/node/261972

3 -US-KRG military deal ‹unconstitutional› claim Baghdad MPs ...
rudaw.net/english/kurdistan/18072016

جەبـار یـاوەر ئەمنیـداری وەزارەتـی پێشـمەرگەش ئامـاژەی بـۆ ئـەوە کردبـوو کـە 50هـەزار پێشـمەرگە بەشـداری لـە شـەڕەکەدا دەکـەن. لـە 13ی تەممـووزی رابـردوودا، مەسـعود بارزانـی سـەرۆکی هەرێمـی کوردسـتان لـە هاوینەهـەواری پیرمـام لـە هەولێـر بەئامادبوونی ئەمریکییـەکان، پێشـوازی لـە فالـح فەیـاز راوێـژکاری ئەمنـی نیشـتمانی حەیـدەر عەبـادی کـرد و هـەردوولا لەسـەربوونی هاوئاهەنگـی لەنێـوان هـەردوولادا لەشـەڕەکەدا رێککەوتـن. بـەو پێیـە "ئەرکـی هێزەکانـی پێشـمەرگە تەنیـا پاڵپشـتیکردنی سـوپای عێـراق دەبێـت و ناچێتـە نـاو شـاری موسـڵەوە.[1]" بـەڵام ئـەو لێکتێگیشـتنانە بـە ناڕوونـی ماونەتـەوە و هـەردوولا بەپێـی تێگەیشـتنی خۆیـان شـێکردنەوەی بـۆ دەکـەن. لـە تەممـووزی رابـردوودا عەبـادی ئامـاژەی بـۆ ئـەوە کردبـوو کە بەپێـی لێکتێگەیشـتنەکە لەگـەڵ هەرێمی کوردسـتان، دەبێـت هێزەکانـی پێشـمەرگە لەسـەرجەم ناوچـە کێشـە لەسـەرەکان کـە بەپێـی مـادە 140 دیاریکـراون بکشـێنەوە کـە لەژێـر کۆنترۆڵیـان دایـە. لەبەرامبـەردا سـەرکردە سـەربازی و سیاسـییەکانی کـورد ئەوەیـان رەتکردووەتـەوە و ئامـاژە بـۆ ئـەوە دەکـەن کـە ئـەوان لـە هـەر ناوچەیـەك کـە بەخوێنـی هێزەکانـی پێشـمەرگە ئـازاد کرابێـت ناکشـێنەوە. شـێخ جەعفـەر شـێخ مسـتەفا کـە بەرپرسـی هێزەکانـی 70 لـە هێزەکانـی پێشـمەرگەیە، ئامـاژەی بـۆ ئـەوە کـردووە "هیـچ کەسـێك ناتوانێـت ناچارمـان بـکات بکشـێینەوە لـە یـەك بسـت لـە ناوچـە ئازادکراوەکانـی کوردسـتان وعەبـادی ناتوانێـت ئـەو ئەمانجـە بەدەسـتبێنێت و، بـۆ ئـەوە دەبێـت بەسـەر لاشـەکانماندا بـڕوات"[2] .

فاکتەرێکـی دیکـە هەیـە کـە چارەنووسـی شـەڕی موسـڵ دیاریـدەکات و پـاش جەنگەکـە کاریگـەری لەسـەر رێـڕەوی رووداوەکان دەبێـت، پەیوەنـدی سـوپای عێراقـی و هێزەکانـی پێشـمەرگە و بوونـی میلیشـیای حەشـدی شـەعبیە. پێشـتر عەبـادی لـە لایـەن ئەمریـکا وکەسـایەتییە سـوننەکانی موسـڵ ئاگادارکراوەتـەوە کـە میلیشـیا عێراقییـەکان لـە موسـڵ پێشـوازی ناکرێـن و بەشـداریکردنیان تەنیـا کاتـی شـەڕەکە درێژدەکاتـەوە .

لەبەرامبـەردا گرووپـە شـیعەکان هەڕەشـەی هێرشـکردنە سـەر ئەمریکییـەکان و هێزەکانیـان لـە عێـراق کردبـوو. موقتـەدا سـەدر ئامـاژەی بـۆ ئەوەکردبـوو کـە "ئەمریکییـەکان دەبنـە

---

1 -Barzani: Post-liberation Mosul will not accept the old order - Rudaw
rudaw.net/mobile/english/kurdistan/130820163

2 -قيادي كوردي: البيشمركة لن تنسحب من مناطق حررتها بالدم ...
www.rudaw.net/.../قيادي-كوردي--البيشمركة-لن-تنسحب-من-مناطق

ئامانجی هێرشەکانییان"[1] و هادی عامری سەرۆکی ڕێکخراوی بەدر کە لایەنگری ئێرانە، ئاماژەی بۆ ئەوە کردبوو کە ئەوان بەشداری لە شەڕی موسڵ دەکەن وکەس ناتوانێت ڕێگرییان لێبکات. ئەبو مەهدی موهەندیسی جێگریشی ئاشکرایکردبوو کە "ئێمە بێ ڕەچاوکردنی خواستی تیرۆریست، بەعسی، سعودی و تورکەکان لە موسڵ دەبین.[2]"
لەسەرەتادا عەبادی لەترسی دووبارە بوونەوەی توندوتیژی تایفەگەری کە لەکاتی ئازادکردنی تکریت و روومادی وفەللوجە روویاندا، هەوڵی ئەوەیدا رازییان بکات بەشداری لە شەڕی موسڵ نەکەن. بەڵام ناوبراو لەلایەن پیاوە ئایینییە شیعەکان و ڕێکخراوە سیاسییە عێراقییەکان کە لایەنگری ئێرانن و لیستی دەوڵەتی یاسا بەدیاریکراوی، کەوتە ژێر گوشاریکی زۆرەوە. ئەمەش ناوبراوی ناچارکرد ئاماژە بۆ ئەوە بکات کە "حەشدی شەعبی بەشداری لەو کارە نیشتیمانییە دەکات وکەس ناتوانێت لە بەشداریکردن لەشەڕی موسڵ بێبەشی بکات.[3]"
سەرەڕای ئەوەی کە هەڵسوکەوتەکانیان لەوەی لەشارە سوننییەکانی دیکە روویاندا هیچ جیاوازییەکی نابێت، بەڵام ئەگەری ئەوە هەیە هەریەك لە عەبادی و ئەمریکا رێگە بەحەشدی شەعبی بدەن بەشداری ئەوشەڕە بکات، چونکە بەهۆی ئەزموونەکانی حەشدی شەعبی لەبواری شەڕدا، هەردوولا مەبەستیانە سەرکەوتنێکی خێرا بەدەستبێنن. هاوبەشییەکی ئەمری واقیعی رانەگەیێندراو لەنێوان ئێران و ئەمریکا لەشەڕی دژ بە داعشدا هەیە.

## سیناریۆ پێشبینکراوەکان دوای دەرکردنی داعش لە رەقە وموسڵ

زۆربەی چاودێرەکان پێشبینی ئەوە دەکەن کە دەرکردنی داعش لە موسڵ و رەققە ئەگەری لەنێوبردنی داعش زیاتردەکات، بەڵام داعش سەلماندی کە توانای دووبارە خۆڕێکخستنەوەی هێزە هێرشبەرەکانی لە ناوچەکە وگواستنەوەی چالاکییەکانی لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی دیکە لەنێوان سووریا وعێراق یان بۆ وڵاتانی جیهانی ئیسلامی و رۆژئاوا هەیە. ئەو هێرشانەی کە لە شارە ئەوروپییەکان و ئەمریکا و

1 -العراق: مقتدى الصدر يهدد بضرب الجنود الأمريكيين فى القيارة |اليوم ...
www.youm7.com/.../العراق...الصدر-يهدد...الأمريكيين-فى.../28046

2 -http://www.nrttv.com/AR/Detail.aspx?Jimare=25643

3 -http://aynaliraqnews.com/index.php?aa=news&id22=59923

باکـووری ئەفریقیـا روویانـدا، لەسـەر ئـەو بۆچوونـە بەڵگـەن. [1]
بۆیـە لەنێوبردنـی داعـش پێویسـتی بـە بەرنامەیەکـی گشـتگیرە کـە سـەرجەم هۆکارەکانـی دروسـتبوونی داعـش لەنێوببـات، بـەڵام ئـەو بەرنامەیـە لـە ئایندەیەکـی نزیکـدا لـە عێـراق و سـووریا نییـە. ماڵپـەڕی میـدل ئیسـت بریفینـگ لـە واشـنتن لـە مانگـی حوزەیرانـی رابـردوو راپۆرتیکـی مانگانـەی بـە ناونیشـانی (کێڵگـە مینـە سـتراتیژییەکان لـە قۆناخـی پـاش داعـش لەسـووریا وعێـراق) بڵاوکـردەوە و ئـەم راپۆرتـە خوێندنەوەیەکـی وردی بـۆ داهاتـووی هەریـەك لـە عێـراق وسـووریا ئەنجامـداوە و ئـەو کەسانەی ئـەو راپۆرتەیـان سـازکردووە پێیانوایـە "شکسـتەکانی رێکخـراوی داعـش واتـای کۆتایـی کێشـەکان لـەو دوو وڵاتـە ناگەیێنێـت. راپۆرتەکـە ئامـاژە بـۆ ئـەوە دەکات کـە تەنگـژەی داعـش قۆناخیکـی کـورت وخوێنـاوی لـە بەرەوپێشـچوونی پرۆسـەیەکی قووڵـتر و ئاڵۆزتـری گۆڕانکارییـە سیاسـییەکان لـە عێـراق وسـووریا پێکدەهێنێـت."
ئـەو ئەرکـەی بـۆ کۆنترۆڵکردنـی نێوەڕاسـتی عێـراق بـە سـولەیمانی دراوە، لـە سـووریا بـە بەشـار ئەسـەد دراوە و ناوبـراو لـە 7 حوزەیرانـی رابـردوودا گوتـی "هەمـوو بسـتێك لـە خاکـی سـووریا کۆنترۆڵدەکاتـەوە."[2] هەمـوو ئەوکارانـە خزمەتـی سـتراتیژی ئێـران لـە ناوچەکـە دەکات کـە لـە ئامانجەکانـی ئەمریـکا جیـاوازە کـە لـە هەوڵـی بەدەسـتهێنانی سـەقامگیری لـە عێـراق وسـووریادایە. بـەڵام ئەگـەری ئـەوە هەیـە بەهـۆی پشـوودرێژی ئێرانییـەکان لەجێبەجێکردنـی سـتراتیژیەکانیان، سـتراتیژی ئەمریـکا جێبەجێنەبێـت و بەهەمـان شـێوەی عێـراق، ئێـران لەرێگـەی میلیشـیای عێراقـی ولوبنانـی وئێرانـی و ئەفغانـی پشـتگیری لـە رژێمـی ئەسـەد دەکات تاوەکـو درێـژە بەدەسـەڵاتی کەمینـەی عەلـەوی لـە سـووریا بـدات. بەمـەش هـەردوو پـڕۆژەی ئێـران دژی پـڕۆژەی ئەمریکایـە کـە لـە هـەردوو وڵات دەردەکەوێـت. ئێـران هەوڵـی دووبـارە سـەپاندنی کەمینـەی عەلـەوی لـە سـووریا و زۆرینـەی شـیعە لەعێـراق دەدات کـە هەردووکیـان لـە دروسـتبوونی توونـدڕەوی سـوننەدا بەشـداربوون کـە لـە سـەرەتادا وەك قاعیـدە و دواتـر وەك داعـش دەرکـەوت. بۆیـە پێشـبینی ئـەوە دەکرێـت توونـدڕەوی لەنێـوان کەمینـەی سـوننی لـە عێـراق و زۆرینـەی سـوننە لـە سـووریا کـە دووچـاری لەنێوبـردن و فەرامۆشـکردنی سیاسـی بوونەتـەوە وەك خـۆی بمێنێتـەوە.

1 -Isil - Huffington Post www.huffingtonpost.com/news/isil/

2 -Iraq›s Shia Militias Accused of War Crimes in Fight Against ISIS - The ...
www.thedailybeast.com/.../iraq-s-shia-militias-accused-of-w...-

لەلایەکـی دیکـەوە کێشمەکێشـێکی توونـد لەنێـوان هەژموونـی ئەمریـکا و ئێـران لـە عێـراق و سـووریا هەیـە. هـەردوولا بۆچـوون و ئامانـج وسـتراتیژی جیاوازیـان سـەبارەت بـە سـووریا و عێـراق هەیـە. ئەجێنـدای ئەمریـکا جەخـت لـە شکسـتهێنان بـە داعـش و مسـۆگەرکردنی سـەقامگیری سیاسـی بەمەبەسـتی پاراسـتنی بەرژەوەندییەکانـی لەرێگـەی پشـتگیریکردنی سیسـتەمێکی دیموکراسـی عەلمانـی فیدراڵـی لەهـەردوو وڵات لـە ناوچەکـە دەکاتـەوە. پلانێکیشـی بـۆ سـووریا دانـاوە و بـە هاوئاهەنگـی لەگـەڵ رووسـیا لـە هەوڵـی جێبەجێکردنیدایـە و دەیەوێـت سیسـتەمێکی نامەرکـەزی عەلمانـی پـاش لەنێوبردنـی رێکخـراوی داعـش لـەو وڵاتـە دروسـتبکرێت.

پڕۆژەکـەی ئەمریـکا بـۆ سـووریا بیرۆکـەی دەسـتوورێکە و لەگـەڵ رووسـەکان و هێزەکانـی دیکـەی پەیوەسـت بـەو پرسـە تاوتوێدەکرێـت. بەپێـی ئـەو دسـتوورە سـووریا بـۆ چەنـد ناوچەیەکـی جیـاواز دابەشـدەکرێت و هـەر لـە یەکـە ئیدارییـەکان لەلایـەن لیژنەیەکـی هەرێمییـەوە بەڕێوەدەبرێـت و ئەندامانـی لیژنـە هەرێمییـەکان بەشـێوەیەکی سـەربەخۆ بـە هەڵبـژاردن دەستنیشـان دەکرێـن. جگـە لـەوەش دوو دەسـتەی نیشـتمانی درووسـتدەکرێت کـە نوێنەرانـی هـەر لیژنەیەکـی هەرێمـی و ئەنجوومەنـی گەلـی نیشـتمانی، نوینەرایەتـی تێـدا دەکـەن و هەندێـك لـە بەرپرسـیارێتی دەخرێتـە ئەسـتۆی حکومـەت کـە پێشـتر تایبەت بـوو بـە سـەرۆك و بەپێـی ئـەو پڕۆژەیـە سـەرۆك مافـی دەسنیشـانکردنی وەزیرەکانـی دەبێـت و بەشـێوەیەکی نیمچـە رەهـا سەرپەرشـتی سـوپا وئاسـایش دەکات.[1]

لەبەرامبـەردا ئێـران لەهەوڵـی ئەوەدایـە لەرێگـەی پـارت و میلیشـیا شـیعەکانەوە هێڵێـك لـە نێـوان خانەقینـەوە کـە دەکەوێتـە سـنووری عێـراق وئێرانـەوە تاوەکـو سـنووری سـووریا کۆنترۆڵبـکات بەمەبەسـتی دروسـتکردنی هێڵێـك کـە ئێـران بـە سـووریا و دەریای نێوەڕاسـت ببەسـتێتەوە. ئێـران ئینـکاری ئـەو نیـازەی نـاکات و بەمەبەسـتی جێبەجێکردنـی ئـەو سـتراتیژیە دەبێـت پەیوەندییەکانـی لەگـەڵ حیزبوڵـڵای لوبنانـی بەهێزبـکات و ئـەو ئەرکـە بـە فەیلەقـی قودسـی ئێرانـی و قاسـم سـولەیمانی سـپێردراوە تاوەکـو جێبەجێبـکات. بـە پێـی ئـەو سـتراتیژییە دەبێـت بەشـێك لـەو ناوچـە سـوننییانە لـە دانیشـتووانی چۆڵبکرێـت و لەلایـەن میلیشـیا شـیعەکانەوە کۆنترۆڵبکرێـت. بۆیـە میلیشـیا شـیعەکان چۆڵکردنـی ئـەو ناوچـە سـونییانە رەتدەکەنـەوە کـە لـە داعش ئـازاد دەکرێن و زۆرجـار رێگری لـە گەڕانەوەی

---

1 -الأسد يتعهد بمواصلة القتال و"استعادة كل شبر من سوريا" | أخبار | DW ...
www.dw.com/ar/الأسد-يتعهد...كل-شبر-من.../a-19312456

دانیشتووانی ئەو ناوچانە دەکەن کە بەهۆی شەڕەوە ناوچەکانیان چۆڵکردبوو.[1]
سەبارەت بەکورد، ئێران لە هەوڵی ئەوەدایە پێکهاتەی کوردی سوننی لە عێراق وسووریا فەرامۆش بکات[2] وئەگەری ئەوە هەیە پەنا بۆ پاڵپشتی تورکی بۆ لەنێوبردنی هەر هەوڵێکی کوردی لەسووریا ببات کە پارتی یەکێتی دیموکراتی PYD سەر بە پارتی کرێکارانی کوردستان PKK نوێنەرایەتی دەکات و ئەگەری ئەوە هەیە پرۆسەی قەڵغانی فرات بچێتە قۆناخیکی پێشکەوتووتر وفراوانتر بێت. بەڵام لەهەمانکاتدا بەهۆی پشتگیری تورکیا لە هەوڵە سیاسییەکانی عەرەبی سوننە لە سووریا وەکو ئەنجوومەنی نیشتمانی سووری و سوپای ئازاد، هاوپەیمانی تورکی- ئێرانی لاوازە.
تاران لەهەولی ئەوەدایە لەرێگەی پشتگیریکردنی دامەزراوە نادیموکراتییەکان ومیلیشیاکانەوە کە ئەو وڵاتەیان کۆنترۆڵکردوە، لەسەر شێوازی ئێرانی، دووبارە عێراق بنیاتبنێتەوە. ژمارەی گرووپە میلیشیاییەکان گەیشتۆتە 37 و ژمارەی چەکدارەکانی دەگاتە 100 هەزارکەس و ئەو میلیشیانە سەر بەچەندین لایەن وگرووپن و زۆربەیان بەشێوەیەکی راستەوخۆ[3] لەژێر دەسەڵاتی ویلایەتی فەقی و سوپای پاسداران و فەیلەقی قودسدان.
سەبارەت بە عێراق، ئەمریکا پشتگیری لە حکومەتەکەی عەبادی و سوپای عێراق دەکات و هەوڵەکانی بۆ پشتگیریکردنی عەبادی بۆ بیناتنانی دەسەڵاتێکی دیموکراسی مەدەنی بەردەوامە و دەیەوێت لە قۆناخی پاش داعش حەشدی شەعبی بخرێتە سەرسوپای عێراق و لەرێگەی لامەرکەزیەتی پارێزگاکان لە بەڕێوەبەردنی کارەکانیان و هاندانی سیستەمی هەرێمەکان لە عێراق کۆتایی بە فەرامۆشکردنی سوننەکان بهێنێت و وەك ئەوەی لەدەستووری عێراقی دا ئاماژەی پێکراوە، بەشداریکردنی عەرەبی سوننە لە پرۆسەی سیاسی مسۆگەربکات. هەروەها خوازیاری دامەزراندنی هێزێکە بۆعەرەبی سوننە بەناوی گاردی نیشتمانی و دەیەوێت پەیوەندییەکان لەگەڵ هەرێمی کوردستان

1 -Strategic Minefields in the Post-ISIL Syria and Iraq | Middle East Briefing
mebriefing.com/?p=2372

2 -The regional impact of U.S. policy toward Iraq and Syria | Brookings ...
https://www.brookings.edu/.../the-regional-impact-of-u-s-po...

3 -Iran›s Role in Iraq: Room for Cooperation? - RAND Corporation
www.rand.org/content/dam/rand/pubs/.../RAND_PE151.pdf

باش بێت، بەڵام هێزە سیاسییەکان کە لایەنگری ئێرانن دژی ئەو ئامانجانەن وعەبادی ناتوانێت لەوبارەیەوە هیچ کارێك بکات. [1]
دەربارەی ئەو پرسە مایکل نایت لێکۆلینڤان لە دامەزراوەی واشنتن بۆ لێکۆڵینەوە ئەمنی وسەربازییەکان دەڵێت" ئێران لەهەوڵی ئەوەدایە عێراق ببێتە نموونەیەکی هاوشێوەی لوبنان و حیزبوڵلایەکی گەورەی لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست لێ دەرچێت، ئەمەش یارمەتیدەر دەبێت بۆ ئێران کە ئەجێنداکانی لە ناوچەکە جێبەجێبکات. بەهۆی ئەوەی عێراق خاوەن سامانێکی نەوتی زۆرە و دانیشتووانی لە لوبنان زۆرترە، بەو نزیکانە میلیشیاکان دەبنە بەهێزترین هێز لە عێراقدا. وتیشی ئەوەی جێگەی داخە ئەوەیە کە سیاسەتە ناڕاستەکانی ئۆباما لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست یارمەتی ئێران دەدەن تاوەکو ئەجێنداکانی لە عێراق جێبەجێبکات وهێزە ئەمریکییەکان بەتایبەتی هێزە ئاسمانییەکانی ئەمریکا بۆ جێبەجێکردنی ئەو ئەجێندایە یارمەتی ئێران دەدەن."[2]
سەبارەت بە رۆلی پێشمەرگە لە شەڕەکەی موسڵ، بەپێی لێدوانی بەرپرسە شیعەکان لە حکومەتی عێراقی، لە قۆناخی پاش دەرکردنی داعش لە شاری موسڵ ئاڵۆزی لەنێوان کورد وحکومەتی عێراقی دەربارەی چەندین پرس کە لە لایەن هەردوولاوە بەهۆی هەڕەشەکانی داعش دواخراوە، دەردەکەوێتەوە. حکومەتی ناوەندی سوورە لەسەر گەڕانەوەی ئەو سیستەمە ئیدارییەی کە پێش کۆنترۆڵکردنی لەلایەن داعشەوە لەنێو شاری موسڵ هەبووە و شیعە تێیدا باڵادەست بوو. ئەمەش جێگەی نیگەرانی هێزە سوننەکان وحکومەتی هەرێمی کوردستانە. دێڤید پترایۆس کە پاش داگیرکردنی عێراق لە موسڵ ئەفسەرێکی هەواڵگری سەربازی باڵادەستبوو، هۆشداری دا لە دووبارە پەیڕەوکردنی سیاسەتەکانی مالیکی لە موسڵ و پێیوایە دووبارە جێبەجێکردنی ئەو سیاسەتانە دەبێتە هۆی مانەوەی بارودۆخی ئێستا و بەهێزبوونی توندڕەوی سوننەکان و پێشنیازی دروستکردنی جۆرێك لامەرکەزیت بۆ ئەو پارێزگایە دەکات کە رێگە بە پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییە جیاوازەکان دەدات خۆیان بەڕێوەببەن[3]. لەلای خۆیانەوە

1 -The regional impact of U.S. policy toward Iraq and Syria | Brookings ...
https://www.brookings.edu/.../the-regional-impact-of-u-s-po

2 -Iranian Influence in Iraq: Between Balancing and Hezbollahzation ...
www.washingtoninstitute.org/.../iraq-and-iranian-influence-

3 -Mosul After the Islamic State: The Kurdistan Region›s Strategy ...
carnegieendowment.org/.../mosul-after-islamic-state-kurdista ...-

هەندێك لە بەرپرسە سوننەکان داوای ئەوە دەکەن لەڕووی ئیدارییەوە موسڵ بکرێتە هەرێمێکی سەربەخۆ.[1] لەبەرامبەردا حکومەتی هەرێمی کوردستان داوای ئەوە دەکات کە یەکە کوردییەکانی ئەو پارێزگایە بخرێنە سەر هەرێمی کوردستان وداوای ئەوە دەکات دەشتی نەینەوا و شنگال بکرێنە پارێزگایەك تاوەکو مافی نەتەوەیی وئایینی ئێزدی و شەبەك و مەسیحییەکان پارێزراوبێت.[2] حکومەتی ناوەندی دژی ئەو داواکارییە دەردەکەوێت وچەندین بەرپرسی شیعە لەحکومەتی عێراقی ئەو داوکارییەی مەسعود بارزانی بە ئیستفزازی لەقەڵەمدەدەن و پێیانوایە گوزارشت لە بۆچوونی پێکهاتەکان ناکات.[3] رێکخراوە شیعەکان یەکەی حەشدی شەعبییان لە تورکمانە شیعەکانی موسڵ، شەبەك، ئێزدی ومەسیحییەکان دروستکردووە تاوەکو پاش شەڕەکەی موسڵ دژی هێزەکانی پێشمەرگە بەکاریان بهێنن.

لە پارێزگاکانی کەرکووك و سەلاحەددین چەندین شوێن هەن کە لەنێوان حەشدی شەعبی و پێشمەرگە کێشەی تێدایە و پاش شەڕەکەی موسڵ دەتەقێتەوە. جێی وەبیرهێنانەوەیە کە حکومەتی ناوەندی چەند یەکەیەکی تورکمانی شیعە چەکدار دەکات بەمەبەستی هێرشکردنە سەر پێشمەرگە لە ناوچە کێشە لەسەرەکان لەکەرکووك، سەلاحەددین و شنگال کە دەبێتە ئامانجی داهاتووی حەشدی شەعبی. چەندین بەرپرسی شیعە ئاماژەیان بۆ ئەوە کردووە کە لەبەرامبەر داگیرکردنی نامەشروعی ناوچە کێشەلەسەرەکان بێدەنگ نابن. حەیدەر عەبادی لە 17ی ئابدا ئاماژەی بۆ ئەوە کردبوو کە دەبێت هێزەکانی پێشمەرگە لە سەرجەم ئەو ناوچانە کە لەکاتی شەڕی دژی داعش ئازادییان کردوون بکشێنەوە و، کازم مەعینی گوتەبێژی هێزەکانی بەدر رایگەیاند هەرگیز بەرامبەر ئەوەی لە کەرکووك روودەدات بێدەنگ نابن .[4]

حکومەتی ئێران سوود لە کرانەوەی حکومەتەکەی بینالی یلدرم لە تورکیا بەرەو ئێران

---

1 -US ex-spy chief urges US influence in running Mosul in ...
https://article.wn.com/.../US_exspy_chief_urges_US_inf...

2 -Mosul minorities call for independent administration post-ISIS - Rudaw
rudaw.net/english/middleeast/iraq/210720162 -

3 -بغداد تردّ على «شروط» أربيل قبل معركة الموصل: البيشمركة قوة إرهابية إذا ...
www.al-akhbar.com/node/261972

4 -بغداد ترد على رفض الاقليم الانسحاب من «المناطق المحررة» - NRT
www.nrttv.com/AR/Detail.aspx?Jimare=27067

و عێراق دەبینێت تاوەکو ڕێگری لەسەربەخۆیی سیاسی و ئابووری هەرێمی کوردستان و گشتپرسیی هەرێمی کوردستان بکات. ئەردۆغان بەنیازە بەم نزیکانە سەردانی هەریەك لە بەغدا و تاران بکات و پێدەچێت بەغدا ئۆفەریکی ئابووری بخاتە بەردەم تورکیا کە لەبەشداریکردنی کۆمپانیا تورکییەکان لە بواری دەرهێنان و هەناردەکردنی نەوت و ئاودانکردنەوەی پاش قۆناخی داعش پێکدێت و لەوانەیە هەریەك لە ئێران وعێراق لە بواری ڕووبەڕووبوونەوەی پارتی کرێکارانی کوردستان یارمەتی تورکیا بدەن و ئەم شتانەش بۆ تورکیا زۆر سەرنجڕاکیش دەبن.

لەلایەکی دیکەوە حکومەتی عێراق کێشە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان دەقۆزێتەوە بۆ لاوازکردنی هەرێمی کوردستان کە بەهۆی کێشەکانی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و هاوپەیمانیی بزووتنەوەی گۆڕان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان دروستبووە. هەندێك لە پارتە شیعەکان، لە ڕێگەی ئۆفەری ئابووری و مامەڵەکردن بەشێوەیەکی جیا لەگەڵ پارتەکانی سلێمانی، هەوڵی ڕاکێشانی هاوپەیمانی بزووتنەوەی گۆڕان و یەکێتی نیشتمانی بەلای خۆیان دەدەن و ئەمەش زۆر بەڕوونی لەسەردانەکەی نووری مالیکی بۆ سلێمانی دەرکەوت کە تێیدا بەرامبەر بە بەستنی هاوپەیمانی لەگەڵ فراکسیۆنەکەی لە پەرلەمانی عێراق، هەندێك بەڵێنی بەلایەنە کوردییەکان داوە.[1] ئێرانیش بەمەبەستی پەرتکردنی یەکڕیزی لایەنە کوردییەکان لە ڕێگەی هەندێك ئۆفەری ئابووری بۆ پارێزگای سلێمانی، پاڵپشتی هێزە شیعەکان دەکات تا ئەو ڕۆڵە بگێڕن.

پێدەچێت حکومەتی عێراقی بەنیازبێت هەمان ئەزموونی حکومەتە عێراقییەکان لە شەستەکانی سەدەی رابردوو دووبارە بکاتەوە کە توانیبووی لە ڕێگەی دوولەتکردن، بزووتنەوەی کوردی لاوازبکات. پێش ماوەیەك حکومەتی عێراق پەیوەندی بە هەندێك لەکۆنە جاشەکان لە ناوچەکانی دەروبەری موسڵ و بادینان و ئەو سەرۆك هۆزانە کردووە کە دوژمنایەتیان لەگەڵ بنەماڵەی بارزانی هەیە و بەشێوەیەکی نافەرمی و لە ڕێگەی کەناڵی ناڕاستەوخۆوە بانگهێشت کراون بۆ بەغدا تاوەکو یەکەی حەشدی شەعبی دروستبکەن. ئەگەر مێژوو هاوکاریمان بکات لە تێگەیشتنی کێشەمەکێش وئەگەری ڕووبەڕووبوونەوەی کورد وحکومەتی ناوەندی، دەتوانین پێشبینی ئەوە

1 -Baghdad Assists Tehran in Dividing the KRG: Why Nouri al-Maliki ...
www.orsam.org.tr/index.php/Content/Analiz/4733?c=orsam%7Carabic

بکەیـن حکومەتـی ناوەنـدی لـە دروسـتکردنی کێشـە لەگـەڵ حکومەتـی هەرێمی کوردسـتان سـەبارەت بـە ناوچـە کوردییەکانـی موسـڵ دەستپێشـخەر دەبێـت. دەسـتپێکردنی شـەڕ لەگـەڵ پیشـمەرگەکانی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان، دەبێتـە مایـەی دروسـتکردنی کێشـە لەنێـوان لایەنـە کوردییـەکان وحکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان بەرامبـەر بەغـدا لاوازدەکات. بـەڵام ئەنجامدانـی ئـەو کارە لەلایـەن حکومەتـی عێراقـەوە بەمەبەسـتی لاوازکردنـی هەرێمـی کوردسـتان کارێکـی ئاسـان نییـە و مەترسـیدارە، چونکـە حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان پەیوەنـدی ئابـووری وئەمنـی وسیاسـی لەگـەڵ ئەمریـکا و وڵاتـە ڕۆژئاواییـەکان هەیـە و ئـەو وڵاتانـە بەرامبـەر هـەر هەڕەشـەیەك لـەو چەشـنە لەلایـەن حکومەتـی عەبادییـەوە بێدەنـگ نابـن. ئەگـەری ئـەوە هەیـە ئـەو ڕووبەڕووبوونەوەیـە ببێتـە خاڵیـك بـۆ کۆکردنـەوەی لایەنـە کوردییـەکان وکشـانەوەی کـورد لەبەغـدا. لەوانەیـە هەندێـك لایەنـی هەرێمـی بەتایبەتـی تورکیـا هەمـان داواکاری ئاراسـتەی لایەنـە عەرەبـە سوننەکان بکـەن وحکومەتـی عێـراق متمانـە لەدەسـتبدات و لەوکاتەشـدا بەئاسـانی لەلایـەن هەندێـك سیاسـەتمداری تووندڕەی وەکـو نـووری مالیکـی کـە لایەنگـری ئێرانـن کۆنترۆڵبکرێـت.

## پێشنیازەکانی لێکۆڵینەوەکە

لەڕاسـتیدا دانانـی سـتراتیژی وسیاسـەتێك بـۆ قۆناخـی داهاتـووی بزووتنـەوەی کـوردی لـەم قۆناخـە هەسـتیارەدا لـە مێـژووی بزووتنـەوەی کـوردی کارێکـی ئاسـان نییـە و دەبێـت هەندیـك دامـەزراوەی تایبـەت ( think tank )ئەنجامـی بـدەن. بـەڵام ئەنجامـی ئـەم لێکۆڵینەوەیـە لـە دانانـی هەندێـك پلانـی گشـتی وسـەرەتایی بـۆ سـتراتیژی بزووتنـەوەی کـوردی دوای داعـش، سـوودبەخش دەبێـت و پێمانوایـە دەبێـت ئـەم پرسـە ببێتـە جێگـەی وتوێـژی لایەنـە پەیوەندیـدارەکان تاوەکـو دەوڵەمەنـد بکرێـت.

## بارودۆخی ڕۆژئاوای کوردستان

هێـزە کوردییـە سـوورییەکان هەندێـك سـەرکەوتنیان لـە بـواری چەسـپاندنی مافـە نەتەوەییەکانیـان لـە ڕۆژئـاوای کوردسـتان بەدەسـتهێناوە. ئەمـەش کاریکـی ئاسـان نەبـووە. ئەنجوومەنـی نیشـتمانی کـوردی لـە سـووریا ENKS لـە بـواری سیاسـیدا ژمارەیـەك دەسـتکەوتی بەدەسـتهێناوە و یەکێك لـە دەسـتکەوتەکانی ئەوەیـە کـە نوێنەرایەتـی کـوردی

لە کۆنگرەی جنێڤی دووەم کرد و YPG کە سەر بە PYDیە لەلای خۆیانەوە ژمارەیەك دەستکەوتیان بەدەستهێناوە وەك کۆنترۆڵکردنی ناوچەیەکی بەرفراون لە باکووری سووریا بەدرێژایی سنوورەکان لەگەڵ تورکیا و ئەو پارتە توانی پەیوەندی زۆر بەهێز لەگەڵ لایەنەکانی هاوپەیمانی نێودەڵەتی دژی داعش دروستبکات کە لەتوانایدایە لە قۆناخی پاش کۆتاییهێنان بەداعش سوودیان لێ ببینێت، ئەگەر ئەو پارتە لە سیاسەتەکانی داهاتوویدا هەندێك خاڵ رەچاوبکات. وەکو:

1 - لە دروشمەکان و لە مامەڵەکردن لەگەڵ هێزەکانی ناوخۆی سووریاش و هێزە هەرێمییەکاندا واقعبین بێت.

2 - پێداچوونەوەیەکی بوێرانە و ریشەیی بە سیاسەتەکانی لەگەڵ پارتە کوردییەکان و دەوڵەتەکانی ناوچە و وڵاتانی دیکەدا بکات.

پێمانباشە ئاماژە بۆ لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانی بکەین کە پەیمانگەی واشنتن بۆ سیاسەتەکانی رۆژهەلات و رۆژهەڵاتی نێوەڕاست ئەنجامیداوە کە بەهەردوو زمانی عەرەبی وئینگلیزی بە ناونیشانی (ئاییندەی کورد دوای داعش لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست و مانەوەی کوردستانی سووریا و ستراتیژی پارتی کریکارانی کوردستان) بڵاوکراوەتەوە. گرنگترین خاڵەکانی ئەو لێکۆڵینەوەیە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە دامەزراندنی هەر قەوارەیەك ئەگەر ئیدارەی زاتی بێت یان کانتۆن یان قەوارەیەکی فیدراڵی یان دەوڵەتێك لە سنووری ئێستادا، بەهۆی نەبوونی رێژەیەکی دانیشتووانی گەورە لە کورد لەو ناوچەیەدا زەحمەتە بمێنێتەوە. چونکە لە هەندێك لە شوێنەکانیدا رێژەی غەیرە کورد لە سەرووی 70% ە و لەوانەیە بۆ PYDئاسان بێت سوورییانییەکان رازیبکات پاش شەڕی داعش لە ناو ئەو پێکهاتەیە بمێننەوە، بەڵام زەحمەتە تورکمان و عەرەب بەو کارە رازیبکرێن. جگە لەوەش ئەو قەوارەیە بەهۆی نەبوونی بنەمایەکی ئابووری تەواو توانای مانەوەی نییە.کەمی ئاو و زەحمەتی هەناردەکردنی هەندێك کاڵای خاو وەك نەوت وگازی سرووشتی بەهۆی نەبوونی هیچ دەروازەیەك، کێشەی بۆ دروستدەکات و تەنیا دەروازەی زەوینی لەگەڵ هەرێمی کوردستان و تورکیا هەیە.

پێش شەڕ، رژێمی ئەسەد بە ئەنقەست ناوچە کوردییەکانی فەرامۆشکردبوو تاوەکو کورد بۆ کۆچکردن بەرەو شارە گەورەکان هانبدات و بەشێوەیەکی ئاسانتر پرۆسەی بەعەرەبکردنی ئەو شوێنانە سەربگرێت. بەهەمان شێوە ناوچەی جزیرە کرابووە ئۆردووگایەکی ناوخۆیی بۆ بەرهەمهێنانی گەنم ولۆکە و تائێستا کشتوکاڵ لەوناوچەیە بەشێوازیکی زۆرکۆن دەکرێت وگرفتی کەمیی ئاو لەو ناوچەیە هەیە. لەسەرەتای

ئـەم سـەدەیەوە، بەکارهێنانـی زۆری ئـاو لەلایـەن تورکیـاوە، ئـاوی لـە باکـووری سـووریا کەمکردووەتـەوە. رژێمـی ئەسـەد هێـچ هەوڵێکـی بـۆ چارەسـەرکردنی ئـەم کێشـەیە نـەداوە و بـە پێچەوانـەی دۆڵـی فـرات کـە جوتیـاران برێکـی زۆر وهەرزانـی ئاویـان بەهـۆی بوونـی پـرۆژەی ئاودێری حکومەتـەوە دەسـتدەکەوێت، جووتیارانـی ناوچـەی جزیـرە پشـت بـە ئـاوی بیـرە تایبەتەکانیـان دەبەسـتن و لـە سـاڵانی پێـش شـەڕی داعـش وشکەسـاڵی و بەرزبوونـەوەی نرخـی سـووتەمەنی بـۆ سـێ هێندە،کەمبوونـەوەی رووبـەری کێڵگـە کشـتوکاڵییەکانی لەنێوچـەی حەسـەکە لێکەوتووەتەوە.کۆنترۆڵکردنـی بەنـداوی تشریـن لـە لایـەن کـوردەوە رێگـە بـە بەرەوپێشـچوونی سیسـتەمی ئاودێـری لـە رۆژئـاوای کوردسـتان دەدات، بـەڵام ئەگـەری دروسـتبوونی کێشـەی لەگـەڵ جووتیـارە عەرەبـەکان لێدەکەوێتـەوە کـە لەسـەر کەنـاری رووبـاری فـرات گـوزەران دەکـەن. بۆیـە بەمەبەسـتی ئەنجامدانـی ئـەو کارە، پێویسـتە پەیوەنـدی باشـی لەگـەڵ هـەر حکومەتێـك هەبێـت کـە لـە دیمەشـق دروسـتدەبێت .

PYDلەرێگـەی بەسـتنەوەی کانتۆنەکانـی کۆبانـێ و عەفریـن لەرێگـەی جەرابلۆسـەوە، لەهەوڵـی ئەوەدابـووە بگاتـە دەریـای نێوەڕاسـت، بـەڵام پـاش پرۆسـەی قەڵغانـی فـرات کـە بـە رەزامەنـدی رۆژئـاوا و وڵاتـە هەرێمییـەکان و تەنانـەت پشـتگیرییەکی نهێنـی لەلایـەن ئەسـەدەوە، لەتوانایـدا نییـە ئـەو کارە ئەنجامبـدات. بارودۆخـی نێودەوڵەتـی و هەرێمـی لەبـەردەم گەیشـتن بـەو ئامانجـە رێگـرن.

بۆیـە لـە ئاینـدەی نزیکـدا لەبـەردەم رۆژئـاوای کوردسـتاندا بژارەی سیاسـی زۆر نییـە جگە لە مامەڵەکـردن بـە واقعیانـە لەگـەڵ هێـزە ناوخۆیـی وهەرێمـی و نێودەوڵەتییـەکان و دەبـێ پرۆژەکانـی لەگـەڵ پێشـهاتە نوێیـەکان بگونجێنێـت و دەتوانێـت هەندێـك پێداچوونـەوەی بوێرانـە و ریشـەیی لـە سیاسـەتەکانی سـەبارەت بـە هەندێـك پـرس ئەنجامبـدات:

1 -بەهێزکردنی یەکڕیزی نیشتمانی

دەبێـت سـەرجەم لایەنەکانـی ئەنجوومەنـی نیشـتمانی کـوردی لـە سـووریا ENKS قەبـارەی سیاسـی وسـەربازی خۆیـان زۆر چـاك بزانـن ومامەڵەکـردن لەگـەڵ PYDبەشـێوازی واقعیانـە بێـت و پشـوودرێژ بـن. هەروەهـا دەبێـت PYDگۆڕانـکاری لـە دامـەزراوە ئەمنـی و سـەربازییەکان بـکات کـە لـە رۆژئـاوای کوردسـتان دایمەزرانـدوون و وای لێبـکات کـە دیموکراتـی بـن و بـۆ هەمـووان بـن.

2 - ئەگـەر PYDخوازیـار بێـت پـاش شـەڕی داعـش پەیوەندییەکانـی لەگـەڵ رۆژئـاوا بـەردەوام بێـت، دەبێ خـۆی لـە پارتـی کرێکارانـی کوردسـتان PKK جیابکاتـەوە کـە لـە

ئاستی جیهانـدا بـە ڕێکخراوێکـی تیرۆریسـتی لەقەڵەمـدراوە. چونکـە ئێسـتا ڕۆژئـاوا وەکـو هاوپەیمانێکـی سـەربازی دژی داعـش تەماشـای دەکـەن، بۆیـە دەبێـت لـەرووی ڕێکخسـتن و سـەربازی و سیاسـی خـۆی لـە PKK جیابکاتـەوە و ئـەو کارەش واتـای دووژمنایەتـی لـە نێوانیانـدا نـادات.

3 - ئەگـەر ڕۆژئـاوای کوردسـتان خوازیـار بـوو وەکـو هەرێمێکـی فیدراڵـی بمێنێتـەوە، دەبێت لەگـەڵ هەرێمـی کوردسـتان بەتایبەتـی لەگـەڵ PDKو مەسـعود بارزانـی پەیوەندییەکانـی بـاش بـکات، چونکـە ئـەو ناوچانـەی کـە لەژێـر کۆنترۆڵـی پارتیدایـە لەگـەڵ ڕۆژئـاوای کوردسـتان هاوسـنوورن کـە دەروازەیەکـی ئابـووری و سیاسـی و ئەمنـی گرنگـە بـۆ ڕۆژئـاوای کوردسـتان وناتوانرێـت لـە قۆناخـی داهاتـوودا پشـتگوێبخرێن.

4 - هەرێمـی ڕۆژئـاوای کوردسـتان سـنوورێکی هاوبەشـی لەگـەڵ تورکیـا هەیـە بـە درێژایـی 600 کـم و تورکیـاش دەروازەیەکـی گرنـگ بـۆ ئـەو هەرێمـە پێکدەهێنێـت. تورکیـا وڵاتێکـی هەرێمـی و نێودەوڵەتـی گرنگـە و دووژمنایەتـی لەگەڵیـدا خزمەتـی هیـچ لایەنێـك نـاکات. بۆیــە هــەردوولا دەبێــت پیداچوونــەوە بــە سیاســەتەکانیان بەرامبــەر یەکــتری بکــەن و دەتوانـن سـوود لـە ئەزموونـی پەیوەندییەکانـی هەرێمـی کوردسـتان وتورکیـا ببینـن کـە لەسـەرەتادا نیگەتیـڤ بـوو، بـەڵام لەگـەڵ تێپەڕبوونـی کاتـدا لۆژیـك وبەرژەونـدی هاوبـەش بوونـە بنەمـای پەیوەندییەکانـی نێـوان هـەردوولا. تورکیـا قەناعەتێکـی لـە لا دروسـتبووە کـە هەرێـم نـەك تەنیـا بـۆ سـەر ئاسایشـی تورکیـا هەڕەشـە نییـە، بەڵکـو فاکتەرێکـە بـۆ پرۆسـەی ئاشـتی لـە تورکیـا وهاوبەشـێکی ئابوورییـە کـە ناتوانـن پشـتگوێی بخـەن .

بەمەبەسـتی ئاسـاییکردنەوەی پەیوەندییـەکان لەگـەڵ تورکیـا، دەبێـت پەیوەندییەکانـی نێـوان PYDو لایەنەکانـی ENKS بەهێـز بکرێـت و مەسـعود بارزانـی دەتوانێـت ڕۆڵێکـی گرنـگ لـە ئاسـاییکردنەوەی پەیوەندییەکانـی نێـوان PYDو تورکیـادا بگێڕێـت.

جگـە لـەوەش ئاسـاییکردنەوەی پەیوەندییـەکان لەنێـوان PYDو تورکیـا کاریگـەری باشـی لەسـەر زیندووکردنـەوەی پرۆسـەی ئاشـتی لـە تورکیـا دەبێـت و پێمانوایـە کـە کاتەکـە گونجـاوە بـۆ ئـەوی PKKئاگربەسـتێکی تـاك لایەنانـە ڕابگەیێنێـت تاوەکـو بـارودۆخ بـۆ نێوانگیـری مەسـعود بارزانـی ولایەنـە نێودەوڵەتییـەکان بـۆ پێشکەشـکردنی پـڕۆژەی ئاشـتی ئامادەبێـت. چونکـە بارودۆخـی نێودەوڵەتـی لەبەرژەونـدی کـورددا نییـە و پێویسـتە بەشـێوەیەکی واقعیانـە مامەڵـەی لەگـەڵ بکرێـت. تائێسـتا، پارتـی داد وگەشـەپێدانی تورکیـا تاکـە لایەنـە کـە توانـای ئـەوە هەیـە لەگەڵیـدا چارەسـەرێکی سیاسـی بـۆ دۆزی کـورد بدۆزرێتـەوە.

## ئایندەی بارودۆخی هەرێمی کوردستان

هەرێمـی کوردسـتان تووشـی تەنگژیەکـی سیاسـی بەهێـز بووەتـەوە و ئەگـەر بەزوویـی چارەسـەر نەکرێـت ئـەوا بارودۆخـی هەرێمـی کوردسـتان بـەرەو خراپبـوون دەڕوات و دووژمنـە ناوخۆیـی و هەرێمییـەکان سـوود لـەو تەنگژەیـە دەبینـن.

ئـەوەی لـەم لێکۆڵینەوەیە تێبینیمان کرد ئەوەیە کە پاش شـەڕی موسـڵ رووبەڕووبوونەوەیەك لـە نێـوان کـورد وحکومەتـی ناوەنـدی روودەدات و چەندیـن هـۆکار هەیـە بـۆ روودانـی ئـەو رووبەڕووبوونـەوە سـەربازییەی کـە لـە نێـوان هـەردوولا و لەچەندیـن شـوێن لـە نێـوان هێزەکانـی پێشـمەرگە وسـوپای عێـراق بەتایبەتـی لەگـەڵ هێزەکانـی حەشـدی شـەعبی روودەدات. ئـەو هێـزە کۆنـترۆڵ نەکـراوە وخـاوەن ئایدیۆلۆژیایەکـی خۆسـەپێنە ودژی کـوردە. دوای شکسـتەکانی داعـش و پەرتبوونـی ماڵـی سـوننی لـە عێراقـدا، کـورد بووەتـە هێـزی سـەرەکی کـە لەهەمـوو عێراقـدا، رووبـەرووی هەژموونـی ئێـران دبێتـەوە و چەندیـن ئامـاژە هەیـە کـە ئـەوە نیشـاندەدات عەبـادی جیـددی نییـە و لـە توانایـدا نییـە کێشـەکان لەگـەڵ حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان چارەسـەر بـکات. لـە جیاتـی چارەسـەرکردنی کێشـەکانی بەشـێوەیەکی ئاشـتیانە، ئەگـەری ئـەوە هەیـە حکومەتـی عێراقی رووبەڕووبونـەوەی سـەربازی لەگـەڵ حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان ئەنجامبـدات. بەهـۆی کاریگـەری توونـدڕەوە شـیعەکان لـە لیسـتی دەوڵەتـی یاسـا و ئـەو رووبەڕووبوونەوەیـە بـێ ویسـتی عەبـادی وهاوپەیمانـی نێودەوڵەتـی دژ بەداعـش و بـە هاندانـی لایەنگرانـی ئێـران روودەدات.

سـەرەڕای ئـەوەی پێمانوایـە گشتپرسـی مافێکـی رەوای گەلـی کـوردە، بـەڵام لەهەمانکاتـدا پێمانوایـە هاوپەیمانییـە هەرێمییـەکان لـە بەرژەونـدی گشتپرسـی نیـن وباشـترە ئـەو پرسـە بـۆ کاتێکـی گونجاوتـر دوابخرێـت. ئەگـەری ئـەوە هەیـە ئـەو کارە وڵاتـە هەرێمییـەکان بوروژێنێـت وهانیانبـدات کارێکـی دووژمنکارانـە دژی هەرێـم ئەنجامبـدەن. بۆیـە دەتوانرێـت ئـەو کارە لـە داهاتـوودا ئەنجامبدرێـت، ئەگـەر بارودۆخێکـی گونجاوتـر بێتـە پێشـەوە بەتایبەتـی لـەم بارودۆخانـەدا:

1 -کۆتاییهێنـان بـە تەنگـژەی سیاسـی لـە هەرێمـی کوردسـتان بەهـۆی لەکارکەوتنـی پەرلەمـان، ئەمـەش لـە رێگـەی دەسپێشـخەرییەکی بوێرانـە لـە لایـەن مەسـعود بارزانییـەوە بەمەبەسـتی کۆتاییهێنـان بـە کێشـەکانی لەگـەڵ هاوپەیمانیـی بزووتنـەوەی گـۆڕان و ی.ن.ك. دەکرێـت ئـەوە لەلایـەن سـەرۆکی پـارت وکەسـایەتییە کوردییەکانیشـەوە بکرێـت،

چونکە هەرێمی کوردستان لەبەردەم بەرەو پێشچوونێکی چارەنووسسازدایە و پێویستی بە بەرەیەکی ناوخۆیی یەکگرتووە. پێمانوایە دووژمنی داهاتوومان کە هێزەکانی حکومەتی عێراق و حەشدی شەعبین، زۆر لە داعش توندتر دەبێت، چونکە لە لایەن حکومەتی ناوەندەوە پشتگیری دەکرێن و پشت بە شەرعیەت ویاسا ونیشتمانپەروەری دەبەستن و خاوەن هێزی ئاسمانی وتۆپخانەن و لە لایەن ئێرانەوە پشتگیری دەکرێن. راستە حکومەتی هەرێمی کوردستان لەلایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە دژی داعش پشتگیری دەکرێت، بەڵام زۆر ئەستەمە ئەو پشتگیریە دژی حکومەتی ناوەندی بەدەستبهێنێت و زۆر لە هاوپەیمانانی هەرێمی کوردستان لەوکاتەدا هەر رووبەڕووبەوونەوەیەك لەگەڵ حکومەتی ناوەندی بە پرسێکی ناوخۆیی لەقەڵەمدەدەن. وەکو پێشتر باسمان کرد، ئێران و هاوپەیمانەکانی پێش و لە کاتی رووبەرووبونەوە کە لەگەڵ حکومەتی ناوەندی هەوڵدەدەن تەنگژەی سیاسی ئێستای هەرێمی کوردستان بۆ پەرتکردنی یەکریزی کورد بقۆزنەوە.

2 -تەقینەوەی بارودۆخ لە عێراق لەکاتی کەوتنی بەغدا یان بەریەککەوتنی پێکهاتە شیعیە چەکدارەکان یان لەکاتی خراپبوونی باری ئەمنی بەشێوەیەکی گەورە کە تێیدا دەسەڵات کۆنترۆڵ لە دەستبدات، شەڕیکی تایفەگەری بەشێوەیەکی زەقتر لەوەی ئێستا روودەدات. بارودۆخی عێراق لەنێوان 2014-2016 باشترین کات بوو بۆ راگەیاندنی سەربەخۆیی وئەنجامدانی گشتپرسی، بەڵام کورد تارادەیەك ئەو هەلەی لەدەستچووە. بۆیە دەبێت کورد چاوەڕوانی کاتی گونجاو بکات و پرسی گشتپرسی ئێستا پێشکەشنەکات.

3 - چاوەڕوانی حکومەتی تازەی ئەمریکا بکەین تاوەکو بزانین چۆن مامەڵە لەگەل کورد وعێراق دەکات.

4 -پاش چارەسەرکردنی تەنگژەی سیاسی هەرێمی کوردستان وچاوەڕوانیکردنی رووداوەکانی پاش شەڕی داعش، دەبێت حکومەت گشتپرسییەکە ئەنجامبدات و پاشان شاند بۆ وڵاتانی هەرێمەکە و هێزە گەورەکان بنێریت بەمەبەستی شیکردنەوەی ئەنجامەکانی گشتپرسییەکە وهۆکاری هەوڵەکانیان بۆ سەربەخۆیی شیبکەنەوە. دواتر لەگەڵ حکومەتی عێراق دانوستاندن بکرێت بەمەبەستی جیابوونەوەیەکی ئاشتیانە لەگەڵ عێراق. سەرەڕای ئەوەی کوردستان گەورەترین لەمپەر لەبەردەم لایەنە شیعەکان دروستدەکات، ئەگەرقەوارەیەك دروستبکەن کە لەژێر دەسەڵاتی ویلایەتی فەقی بێت وهەژموونی ئێرانی بەسەرەوە دەبێت. بەڵام ئەوان بەمەبەستی کۆنترۆڵکردنی ناوچە

کێشەلەسـەرەکان بەتایبەتـی لەکەرکـووك وسـەڵاحەدین رووبـەڕووی کـورد دەبنـەوە و بـۆ ئـەو مەبەسـتە بەشـێك لـە عەرەبـە سـوننەکان وتورکمانـە شـیعەکان پڕچـەك دەکـەن وئەگـەر شـیکردنەوەیەك بـۆ چۆنیەتـی مامەڵەکردنـی میلیشـیا شـیعەکان لەگـەڵ عەرەبـی سـوننە بکەیـن زۆر چـاك بۆمـان رووندەبێتـەوە کـە بەشـێوەیەکی واقعیانـە مامەڵـە لەگـەڵ نەیارەکانیـان دەکـەن ودەزانـن عێراقێکـی دیموکراتـی ونیشـتمانی کـە بۆهەمـووان بێـت بوونـی نییـە، بۆیـە ئـەوان دەزانـن کـە جەنگیـان لەگـەڵ نەیارەکانیـان لـە سـوننە وکـورد، جەنگـی دیاریکردنـی سـنوورەکانیان بەخوێـن دەبێـت.
5 -ئەگـەری ئـەوە هەیـە کـە کرانـەوەی تورکیـا لەگـەڵ بەغـدا و تـاران و بەسـتنی رێککەوتننامـەی هەرێمـی ببێتـە مایـەی تێکچوونـی پەیوەندییـەکان لـە نێـوان هەرێمـی کوردسـتان وتورکیـا. بۆیـە ئێسـتا هەرێمـی کوردسـتان پێویسـتی بەهەندێـك دەستپێشـخەری هەیـە تاوەکـو گرنگـی هەرێمـی کوردسـتان بـۆ تورکیـا زیادبـکات. وەك پێشکەشـکردنی دەستپێشـخەریەك بـۆ تورکـمان لەکەرکـووك کـە تێیـدا لـە بەڕێوەبردنـی کەرکـووك گرنگـی زیاتریـان پێبدرێـت. هەروەهـا بەشـداریکردن لـە زیندووکردنـەوەی پرۆسـەی ئاشـتی لـە تورکیـا و پێدانـی تایبەتمەنـدی زیاتـر بـە کۆمپانیـا تورکییـەکان هاوشـێوەی ئـەوەی کـە حکومەتـی بەغـدا پێیانـدەدات.
بەکورتـی قۆناخـی پـاش شـەڕی رەققـە وموسـڵ قۆناخیکـی هەسـتیار وچارەنووسـاز وقـورس دەبێـت بـۆ بزوزتنـەوەی کـوردی و کـورد لەتوانایدایـە هەندێـك لـە دەسـتکەوتەکانی بپارێزێـت کـە دەسـتیکەوتوون، بەمەرجێـك بەشـێوەیەکی واقعبینانـە مامەڵـە لەگـەڵ پێشـهاتە نوێیـەکان بـکات. بەهێزکردنـی یەکڕیـزی گەلـی کـورد و هێنانەخـوارەوەی ئاسـتی دروشـمە نەتەوەییـەکان ئێسـتا گرنگـە. هەروەهـا سـەرەڕای تێکچوونـی پرۆسـەی ئاشـتی لـە تورکیـا، دەبێـت بەشـێوەیەکی جیـددی لەپینـاو دووبـارە زیندووکردنـەوەی ئـەو پرۆسـەیە کاربکرێـت و پەیوەندییەکـی پۆزەتیـڤ لەگـەڵ پارتـی داد وگەشـەپێدان بـۆ هەرێمـی کوردسـتان و رۆژئـاوای کوردسـتان و تورکیـا سـوودبەخش دەبێـت. ئـەو پەیوەندیانە باشـترین دڵنیاکـەرەوەن بـۆ رووبەڕووبونـەوەی هەوڵەکانـی ئێـران بـۆ چەسـپاندنی هەژموونەکـەی و بڵاوکردنـەوەی بیروبـاوڕی تاکڕەوانـەی لـە رۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت کـە پێمانوایە وەك داعشـە.

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە : میران حسێن

(2)

# کورد و ئۆپەراسیۆنی موسڵ

# ئۆپەراسیۆنی موسڵ:
# ڕوانگەی کورد و شەڕی موسڵ

**د. سێس جەی فرانتزمان**[1]
لێکۆڵەر و پسپۆڕی سیاسی، مامۆستای زانکۆی ئەمریکی لە جیرۆسلیم

## پووختە

ماوەی دوو ساڵە هێزەکانی پێشمەرگەی سەربە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە گرد و دەشتاییەکانی دەوروبەری موسڵدا شەڕی دەوڵەتی ئیسلامی دەکەن. لەو کاتەی شاری شنگال لە پاییزی ساڵی 2015دا کۆنترۆڵکراوەتەوە، بەرەکانی پێشەوەی شەڕ نزیکتربوونەوە لە پایتەختی داعش لە عێراق. بەڵام سیاسەت و پێشڕەوی سوپای عێراق، ڕێگری بۆ هێرشی کۆتایی بۆ ئازادکردنی شارەکە دروستکرد. ئاشکرایە کە ڕەنگە شەڕی کۆتایی بۆ کۆنترۆڵکردنەوەی موسڵ داهاتووی عێراق دەستنیشانبکات و بۆ دیاریکردنی چارەنووسی کورد زۆر گرنگ دەبێت. ئەمەش پەیوەندییەکانی نێوان بەغدا و هەولێر بەرەو ئاڵۆزی دەبات و هێزە ناوچەییەکانی وەك تورکیا و ئێران نیگەران دەکات. لێکۆڵینەوەکە لەسەر بنەمای سێ سەردانی نووسەر بۆ بەرەکانی پێشەوەی جەنگ لە شنگال، تلسقۆف، خازر و مەخموور و هەروەها هەڤپەیڤینەکان لەگەڵ فەرمانده و سیاسییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بنیاتنراوە.

---

1 -نووسەر: بەکالۆریۆسی هەیە لەزانکۆی ئەریزۆنا و دکتۆراشی هەیە لەزانکۆی هێربرو لەقودس و وانەبێژیکردووە لەخوێندنی ئەمریکی لەزانکۆی قودس. سێ جار سەردانی کوردستانی کردووە. سەبارەت بە کوردستان بۆ (ناشناڵ ئینترێست) و (جەزیرە)و (جوراسلیم پۆست) و چەندین بڵاوکراوە و ڕۆژنامەی دیکە بابەتی نوسیووە.

# پێشەکی

لە وتەیەکیدا لە مانگی تشرینی دووەمی ساڵی 2008دا لە کۆمەڵگەی شاهانەی ئەدنبەرە، لیوا سیمۆن مایاڵ کە ئەوکاتە سەرۆکی ئەرکانی گشتی وەزارەتی بەرگریی بەریتانیا بوو، هەوڵیدا وەسفێك بکات بۆ هێرشە سەرکەوتووەکانی تێکشکاندنی یاخیبوانی عێراق لەساڵی 2007دا. دوای 12 خولەك لە گوتارەکەی ئاماژەی بۆ سلایدێك سەبارەت ناوچەی دەوروبەری موسڵ کرد و گوتی: ئەوە موسڵ و دەوروبەریەتی، ڕەنگە ئێمە ئێستا باشتر بتوانین بڵێین ئەو ناوچەیە دواپێگەی ڕێکخراوی قاعیدەیە لە عێراق. کۆنترۆڵکردنی ئەو ناوچە سنوورییە کراوەیە لەگەڵ سووریا سەختە و هێشتا چەکدارە بیانییەکان لەوێوە بۆ عێراق دزەدەکەن. "[1]گوتیشی:" توندڕەوەکان خۆیان لە موسڵ بەهێزکردووە."  هەر لە ساڵی 2007 ەوە موسڵ بووەتە سەنتەرێکی بیرۆکراسیەتی دەوڵەتی ئیسلامی و هەوڵی شەڕی لەگەڵ عێراقی ئەمڕۆ داوە. ئەو شارە لە 10ی حوزەیرانی 2014 ەوە بووەتە سەنتەرێکی چالاکی داعش کە توانیبووی بە ژمارەیەکی کەمیی وەك 1500 شەڕکەرەوە کۆنترۆڵی بکات. لایەنگرانی داعش پێشتر دزەیان کردبووە نێوشارەکە بۆیە لەوێ پشتیوانیی لێدەکرا.
هەرەسی سوپای عێراق لە ساڵی 2014 دا، هەڕەشەیەکی مەترسیداری داعشی لەسەر هەرێمی کوردستان دروستکرد. شەڕکەرانی بیانی و چەکدارانی خۆبەخش بە ئازادیی لەودیو سنووری سووریاوە بە لێشاو هاتنە نێو موسڵ و بە کۆمەڵکوژکردنی کەمینەکان دەستیانپێکرد و هەڕەشەیان بۆ سەر بەغدا دروستکرد. لەسەرەتای هێرشەکەی داعشدا، زیاتر لە نیو ملیۆن کەس لە شاری موسڵ و دەشتی نەینەواوە هەڵاتن. ئەمەش قەیرانێکی پەنابەر و ئاوارەکانی دروستکرد کە تاوەکو ئەمڕۆ بەردەوامە و لەوکاتەی داعش چووەتە نێو موسڵ نزیکەی دوو ملیۆن ئاوارەی ناوخۆیی هاتوونەتە نێو هەرێمی کوردستان.[2] پێشتریش لە ئەنجامی سەرکوتکردنی کەمینەکانی موسڵ و نەینەوا

1 -سیمۆن مایاڵ، وتار لە کۆمەڵگەی شاهانەی ئەدنبەرە، 7ی تشرینی دووەمی 2008، لە 15ی حوزەیرانی 2011 دا بەشێوەی ئۆنلاین بڵاوکرایەوە https://www.youtube.com/watch?v=ZxiX0Y2yFpo

2 -بارەگاکانی نوێی تیرۆر، ئیکۆنۆمیست، 14ی حوزەیرانی 2014.-http://www.economist.com/news/leaders/21604160 iraqs-second-city-has-fallen-group-wants-create-state-which-wage-jihad ، کۆتا مەسیحییەکان لە 24ی تەممووزدا هەڵاتن. فازڵ هەورامی ، ئەو مەسیحییانەی لەلایەن داعشەوە ناچارکراون لە موسڵ هەڵبێن دەڵێن « ئەوان دڕندەن»، گاردیان 24ی تەممووزی 2014 ، -https://www.theguardian.com/world/2014/jul/24/iraqi-christians-mosul-isis-convert-islam-or be-executed

لەسـاڵانی 2007-2009دا ئـاوارەی ناوخۆیـی هەبـوون، بـەڵام ئـەو ژمـارە زۆرەی ئـاوارەی عـەرەب کـە بـۆ هەرێمـی کوردسـتان هاتـن، پێشـبینی نەکـراو بـووە.

بەهـۆی شکسـتی سـوپای عێـراق، هەرێمـی کوردسـتان بەتەنیـا مایـەوە و کـەس لـە هێرشـەکانی داعـش بەرگریـی لێنەکـرد. ئـەوە کێشـەیەکی تاکتیکـی نەبـوو، چونکـە حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان هێزەکانـی پێشـمەرگەی خـۆی هەیـە. بـەڵام هاتنـی داعـش بۆشـاییەکی فراوانـی دەسـەڵاتی لەنێـوان ئـەو ناوچانـەی داعـش داگیـری دەکـردن دروسـتکرد کـە زۆربـەی ناوچـەکان شـار وشـارۆچکەی عەرەبـی سـوننەی وەك فەللوجـە و تکریـت و ناوچـە جێناکۆکـەکان وەکـو کەرکـووك، شـنگال و چەنـد بەشـێکی نەینـەوا بـوون کـە کـورد دەیانویسـت کۆنترۆڵـی بکـەن. هەروەهـا چەنـد ناوچەیەکـی گرتـەوە کـە زۆربـەی دانیشـتووانەکانی لـە کەمینەکانـی وەك مەسـیحییە ئاشـوورییەکان و ئێزدییـەکان و شـەبەکەکان بـوون. لـە حوزەیرانـی سـاڵی 2014 دامەسـعود بارزانـی فەرمانـی دایـە پێشـمەرگە بـۆ ئـەوەی " ئـەو بۆشـاییە ئەمنییـە پڕبکەنـەوە" کـە بەهۆی پاشەکشـەی سـوپای عێراقـەوە لـە کەرکـووك و ناوچەکانـی دیکـە دروسـت ببـوو.[1]

هێرشـەکەی داعـش بۆسـەر کـورد لـە سـێی ئـاب و جینۆسـایدی ئێزدییـەکان ئـەم شـەڕەی ئێسـتای لێکەوتـەوە کـە روودەدات. ئـەم شـەڕە بـە سـەدان هـەزار لـە کـوردی بـۆ بەرەکانـی پێشـەوەی شـەڕ نـارد و هێزەکانـی پێشـمەرگە لـە سـەقامگیرکردنی 1000 کمـی بەرەکانـی پێشـەوە هـەر لەباشـووری کەرکووکـەوە بـۆ چەنـد ناوچەیەکـی دەوروبـەری شـنگال سـەرکەوتووبوون. لـە سـەرەتای مانگـی ئەیلوولـی 2016ەوە، داعـش بـەزۆری کەوتووەتـە هەڵوێسـتی بەرگریـی لەخۆکـردن و بـە یارمەتـی گـورزە ئاسـمانییەکانی هاوپەیمانـان و لـە رێگـەی سـەنتەری هاوئاهەنگـی و مەشـقپێکردنی کوردسـتانەوە KTCC کـە پرۆگرامـی مەشـقپێکردنی هێزەکانـی هاوپەیمانانـە بـۆ بەهێزکردنـی توانـای هێزەکانـی پێشـمەرگە، لـە هەمـوو بەرەیەکـەوە پێشـمەرگە بەسـەر داعشـدا سـەرکەوتووبووە.[2] ئەمـە بەودواییانـە لـە هێرشـەکەی نزیـك گوێـڕ زۆر بەئاشـکرایی بەدیکـرا کـە تێیـدا کورد لـە رۆژانـی 14-15ی ئابدا

---

دیکستەر فیلکینس، « شەڕ بۆ ژیانیان: کۆشکی سپی دەیەوێت کورد یارمەتی رزگارکردنی عێراق لە داعش بدەن، ڕەنگە کورد زیاتر خوازیاری جیابوونەوە بن.» نیویۆرك تایمز، 29ی سێپتەمبەر ، 2014.
fight-lives/29/09/http://www.newyorker.com/magazine/2014

2 -سەردانی نووسەر بۆ سەنتەریKTCC لە بنەسڵاوە لە 19 ی حوزەیرانی 2016. دیدار لەگەڵ وتەبێژی هێزی هاوبەشی شەڕکەر لە ئۆپەراسیۆنی ئیرادەی پۆڵایین (ئۆپەراسیۆنی هاوپەیمانان لەدژی داعش لە عێراق و سووریا) لە 19ی تەممووزی 2016 .سەردان بۆ پێگەکانی بەرەکانی پێشەوەی شەڕ، 18ی تەممووزی 2016. سەردان بۆ ناوچەکانی بەرەکانی پێشەوە لە مەخموور، 20ی تەممووزی 2016.

بەبەشداری پێنج هەزار پێشمەرگە 12 گوندیان رزگارکرد و بەوەش کورد لەشارۆچکەی قەرەقوش (حەمدانییە) نزیکتر بوونەوە. چەند گوندێکی دیکەش هەبوون کە دەکەونە نزیك زنجیرەیەك لە گوندەکانی کاکەییەکان لە بەرەی خازر کە ئەوانیش لە کۆتایی مانگی ئابی ئەمساڵدا ئازادکران.[1]

بەڵام لەگەڵ هەموو هەنگاوێکی نزیکتر بەرەو موسڵ، ناکۆکی لەگەڵ بەغدا لەسەر ئۆپەراسیۆنی موسڵ زیاتردەبێت. بۆ نموونە، لە نێوەڕاستی ئابدا، حەیدەر عەبادی، سەرۆکوەزیرانی عێراق، دەڵێ دەبێت پێشمەرگە"لە شوێنەکانی ئێستای خۆیان بمێننەوە و بوونی سەربازیی خۆیان فراوانترنەکەن."[2] گوتەبێژی جێگری وەزیری دەرەوەی ئەمریکاش رایگەیاند کە دەبێت پێشمەرگە گوێ لە بەغدا بگرن و گوتی:"من پێموایە زۆر گرنگە و ئێمە هەمیشە جەختمان لەسەر ئەمە کردووەتەوە کە پێشمەرگە و هەموو گرووپە جیاوازە شەڕکەرەکانی دیکەی عێراق پێویستە لەژێر کۆنترۆڵ و فەرماندەیی حکومەتی عێراقدا بن."[3] ئەمەش لەگەڵ دەستووری عێراق و رۆڵی ئاسایی پێشمەرگە لەساڵی 2003 و پێشتریش لەو بەروارەدا ناکۆکی هەیە.

[4]سەفین دەزەیی، وتەبێژی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە 21 ی ئابدا ئاماژەیکرد بەوەی دوای ئەوەی داعش تێکدەشکێنرێت، ئەو ناوچانەی لەلایەن پێشمەرگەوە ئازادکراون لەژێر دەستی کورددا دەمێنێتەوە[5]. محەمەد سەیهود، پەرلەمانتاری عێراق کە شیعەیە و سەربە هاوپەیمانی دەوڵەتی یاسایە و هاوپەیمانی نوری مالیکی سەرۆکوەزیرانی پێشووی عێراقە، بانگەشەی ئەوەی کردووە کە کورد لەو ناوچانەی ئازادیان کردوون وەك "داگیرکەر" سەیر دەکرێن. ئەمە شاری موسڵیش دەگرێتەوە

---

1 -سەردان و دیدارەکانی نووسەر لەگەڵ پێشمەرگە لە گوندی وەردەك، بەرەی خازر، 18ی تەمموزی 2016.

2 -دڵشاد عەبدوڵڵا، «هەولێر داواکەی بەغدا بۆ وەستاندنی پێشڕەوی پێشمەرگە بەرەو موسڵ رەتدەکاتەوە»، 20ی ئابی 2016، 22ی ئاب خوێندراوەتەوە.

article55356781/erbil-rejects-baghdads-request-stop-peshmerga-advance-/08/http://english.aawsat.com/2016 towards-mosul

3 -وەزارەتی بەرگری ئەمریکا: پێویستە پێشمەرگە لەژێر کۆنترۆڵی حکومەتی عێراقدا بێت. رووداو، 19ی ئاب 2016 ، //:http rudaw.net/english/kurdistan/19082016

4 -»وەزارەت: پێشمەرگە لەژێر فەرماندەیی و کۆنترۆڵی کورددا دەمێنێتەوە. 19ی ئاب 2016 ، رووداو /http://rudaw.net english/kurdistan/190820162

5 -»پێشمەرگە وەك داگیرکەر لەقەڵەمدەدرێت»، 21 ئابی 2016.

4708-a61e-8435950df436/Iraqi-MP--Peshmerga-will-be--81e6-http://www.kurdistan.net/en/news/e30c8de8 considered-occupiers

ئەگەر کورد بەشدارییان لە ئۆپەراسیۆنی موسڵداکرد. ئۆفیسی مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە 20ی ئابدا مەسەلەکەی خاوکردەوە و رایگەیاند حکومەتی هەرێمی کوردستان بە رێککەوتننامەکانی پێشووتر کە لەنێوان کورد و بەغدا و هاوپەیمانان بە سەرۆکایەتی ئەمریکا واژۆکراون پابەنددەبێت. [1]

## پێنج رێگە بۆ گەیشتن بە موسڵ

فەرماندە سەربازییەکانی کورد جەختدەکەنەوە کە ئەوان پێنج رێگەیان بۆ چوونە نێو موسڵ هەیە، بەڵام سوپای عێراق تەنیا یەك رێگەی هەیە. [2]لە رێگەی یەکەمەوە هێڵێك بە هێڵی 47 ەوە لە رۆژهەڵاتی تەلەعفەرەوە گرێدەدرێتەوە و موسڵ لە تەلەعفەر دادەبڕێت و بە 25 کم بۆسەر ئەو رێگەیە دەچێت بۆ گەڕەکەکانی قەراخ دیکەی ئەم رێگەیە بریتییە لە هێرشبردن لە باشووری رۆژهەڵاتی ئەسکی موسڵ و شاخی بادۆشەوە بۆ موسڵ کە 20 کم لە شارەکە دوورە. رێگەیەکی دووەم لە تلسقۆفەوە هەیە کە داعش لە مانگی ئازاردا هێرشی کردەسەر و تێیدا سەربازێکی ئەمریکی کوژرا.[3] ئەمەش واتە جوڵان بەرەو خوارەوە بۆ رێگەی دووەم کە رێگەی سەرەکییە لە موسڵەوە بۆ دهۆك. رێگەی سێیەمیش بریتییە لەوەی لە رۆژهەڵاتەوە واتە لە باشیکەوە کە نزیکەی 17 کم لە موسڵ دوورە هێرش بۆ ئەو شارە بکرێت. ئەمەش سوودی بۆ گرتنی گەڕەکەکانی رۆژهەڵاتی موسڵ هەیە کە ژمارەیەکی زۆر لە کورد و کەمینەکان لە پێش حوزەیرانی ساڵی 2014 دا لەوێ دەژیان. [4]

---

1 -میوان دۆڵەمەری، « پێشمەرگە پابەند دەبێت بە رێککەوتنە واژۆکراوەکانی نێوان هەولێر- بەغدا و هاوپەیمانانەوە»، 20ی ئابی 2016 http://www.kurdistan24.net/en/news/9e90eee9-8b21-90a4-498b--Kurdistan-Region/5d99e97b27c8 Presidency-releases-statement-about-Mosul-offensive?platform=hootsuite

2 -»پێشمەرگە پێنج دەروازەی هەیە بۆ ئازادکردنی موسڵ»، کوردستان 24 ، 21 ئابی 2016، 22ی ئابی 2016 خوێندراوەتەوە. http://www.kurdistan24.net/en/news/01be23a1-5e47-%E2/df7265cdfad8-a12d-481b%80%98Peshmerga-have-%E2%80%99five-gates-to-free-Mosul--Iraqi-army-one شێخ جەعفەر مستەفا کۆمێنتی هاوشێوەی هەبوو لە 21 ئابی 2016 دا و ئاماژەیکرد بەوەی پێشمەرگە زۆربەی رێگەکانی بەرەو شارەکە بەدەستەوەیە و مشتومڕی ئەوەی کردووە عێراقییەکان نەیانتوانیوە شارۆچکەی گەیارە زیاتر لە 60 کم لە باشووری موسڵەوە کۆنترۆڵبکەنەوە.
http://rudaw.net/english/kurdistan/21082016

3 -ئەیوب نەسری «شەڕی قورسی پێشمەرگە و داعش لە تلسقۆف، سەربازێکی ئەمریکی کوژرا»، رووداو 3ی ئازاری 2015.
http://rudaw.net/english/kurdistan/030520162

4 -میکایل گۆڵدفارب، (موسڵ سەردەمانێك سیحراوی بوو، بەڵام ئێستا بەمەرگ تەنراوە) 13ی حوزەیرانی 2014، گاردیان.

ڕێگەی چوارەم بۆ هێرشکردن بریتی دەبێت لە هێرشبردن لە ڕێگەی کەڵەك-هەولێرەوە کەلەوێوە بەرەکانی شەڕ نزیکەی 30 کم دوورن. لێرەوە دەکرێت بەناو دەشتەکانی نەینەواو گوندی کەمینەکاندا، راستەوخۆ بۆ گەڕەکەکانی رۆژهەڵاتی موسڵ پێشڕەوی بکرێت.

بژاردەی پێنجەم بریتییە لە جووڵان بەرەو سەرەوەی رووباری دیجلە لە بەرەکانی پێشەوەی گوێڕ-خازرەوە کەکۆنترۆڵکردنەوەی قەرەقوش شاری گەورە و گرنگی مەسیحییەکانی لێدەکەوێتەوە. ئەندازیارە ئەمریکییەکان بەودواییانە هاوکاری چاککردنەوەی پردێکیان لەسەر رووباری زابی گەورە کرد کە بۆ هێرشە چاوەڕاوانکراوەکانی پێشمەرگە لە ئۆپەراسیۆنەکانی ئەم ناوچەیەدا یارمەتیدەر دەبێت.[1] لەکاتێکدا پێشمەرگە دەتوانێت لە هەموو لایەکەوە هێرش بکاتە سەر شارەکە، سوپای عێراق تەنیا لە گەیارەوە کە لە25 ی ئابدا کۆنترۆڵکرا، بەرەو سەرەوە دەجولێت. سوپای عێراق لەوکاتەی لە 10ی تەمموزەوە بنکەی ئاسمانی گەیارەیان کۆنترۆڵکردەوە، بەهێواشی پێشڕەویان کرد. ئەمریکا رایگەیاند کە 560 سەرباز لە بنکەی ئاسمانی گەیارە جێگیردەکات. زۆرجار ئەم بنکەیە لەلایەن نزیکەی 6000 سەربازی ئەمریکییەوە کە ئێستا لەعێراقدان وەك بەشێك لەهێزی هاوبەشی شەڕکەر لە ئۆپەراسیۆنی ئیرادەی پۆڵاین (ئۆپەراسیۆنی هاوپەیمانان لەدژی داعش لە عێراق و سووریا) بە رۆژئاوای گەیارە (Q-West) ناودەبرێت.[2] ئەو راستییەی کە بۆ پێشڕەویکردن لە بنکەی ئاسمانی گەیارەوە بۆ نێو شاری گەیارە مانگێکی خایاند و نیوەی سوپای عێراق بەشداری تێداکرد، پێشڕەویی خاوی سوپای عێراق بەرەو موسڵ ڕووندەکردەوە.

پێشڕەویکردن بە ئاراستەی موسڵ لە لایەن پێشمەرگە و سوپای عێراقەوە پێشبڕکێ و جەنگێك نییە بۆ کۆنترۆلکردنەوەی شارەکە، بەڵکو خنکانێکی لەسەرخۆو هێواشی شارەکەیە. ئەمەش لە پلانی وینفیڵد سکوت ئەناکۆدا بۆ شکستپێهێنانی کۆنفیدراڵی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە جەنگی ناوخۆی ئەو وڵاتە دەچێت.

پێویست بە هێرشێکی خێرا ناکات بۆ سەر شارێکی گەورە کە سەردەمانێك دوای

---

https://www.theguardian.com/commentisfree/2014/jun/13/mosul-iraq-stalked-by-death-armed-isis-militants

1 -ستیفن کالین، (سەربازە ئەمریکییەکان بەردەوام لە چالاکیدان لەکاتێکدا شەڕی موسڵ نزیکدەبێتەوە) رۆیتەرز، 1ی ئەیلوولی 2016 . http://www.reuters.com/article/us-mideast-crisis-iraq-usa-idUSKCN1175LN

2 -دان لامۆس لەڤەدەی مۆریس، (پنتاگۆن بە سەدان سەربازی دیکە بۆ عێراق دەنێرێت دوای کۆنترۆڵکردنی بنکەیەکی ئاسمانی گرنگ) ، واشنتن پۆست، 11ی تەمموزی 20016.

بەغـدا گەورەتریـن شـاری عێـراق بـوو. لەبـەر فرەیـی گرفـت وئاسـتەنگەکان، داعـش هەمـوو شـارۆچکەکانی قایمکـردووە و خـودی موسـڵی بـە تونێـل و بۆمبـی چێـنراو تەنیـووە و لابـردن و پاککردنـەوەی ئـەم بۆمبانـە لەنێوچـەکان وەکـو فڕۆکەخانـەی گەیـارە هێـواش و ماندووکـەرە و پێـش تەواوکردنـی ئەمانـە راوێژکارانـی ئەمریـکا ناتوانـن بگەنەجـێ کـە بڕیـارە پشـتیوانی پێشـڕەوییەکان بکـەن. هێزەکانـی پێشـمەرگە بەهـۆی تەقینـەوەی بۆمبـە چێـنراوەکان لـەو گوندانـەی کـە لـە داعشـی پاکـی کردووەتـەوە، تائێسـتا چەندیـن ئەندامـی لەدەسـتداوە. [1]

داعـش لەموسـڵ بـەرەو لاوازی زیاتـر دەچێـت و لەسـەر کاری دڕندانـە وتاوانەکانـی لـەدژی دانیشـتووانی نـاو موسـڵ، وەك سـەربڕینی بەکۆمەڵـی دانیشـتووانی ئـەو شـارە بەردەوامـە. سـەرکردەکانی داعـش بـەردەوام لەلایـەن هاوپەیمانانـەوە دەکرێنـە ئامانـج، بۆنموونـە ئەبوبەحیـا ئەلوەیـزی لـە بۆردومانێکـی ئاسـمانیدا لـە 27ی ئابـدا کـوژرا.[2] لەگـەڵ ئەوەشـدا، لەکاتێکـدا کـە هاوپەیمانـان لـە چوونـە نێـو شـارەکە نزیـك دەبنـەوە، هـەزاران پەناربـەری موسـڵ و ناوچەکانـی دەوروبـەری هەڵدێـن. هەرێمـی کوردسـتان جێگـەو پەناگـەی بـۆ زیاتـر لـە نیـو ملیـۆن پەنابـەری نێوخۆیـی ئامادەکـردووە کـە لـە شـەڕی داهاتـووی موسـڵ هەڵدێـن. [3] نووسـینگەی هاوئاهەنگـی کاروبـاری مرۆیـی لەعێـراق OCHA رایگەیانـد کـە لەمانگی حوزەیرانەوە تا ئێستا 84 هەزار هەڵاتوون . [4]

پێدەچێـت هاوپەیمانیـی ئەمریـکا کاری زۆری کردبێـت بـۆ هاندانـی حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان تاوەکـو دوای ناکۆکییەکانـی نێوەڕاسـتی مانگـی ئـاب لـە بەغـدا، لەسـەر پلانـەکان لەگـەڵ حکومەتـی ناوەنـدی عێـراق رێککـەون. برێـت ماکگـۆرك نێـردەی تایبەتـی ئەمریـکا بـۆ هاوپەیمانێتـی شـەڕی دژی داعـش، لـە تویتێکـدا لـە 29ی ئـاب گوتـی:" پێشـوازی لـە دانووسـتاندنەکانی نێـوان حەیـدەر عەبـادی سـەرۆکوەزیرانی عێـراق و نێچیرڤـان بارزانـی سـەرۆك وەزیرانـی هەرێمـی کوردسـتان سـەبارەت بـە جەختکردنـەوە لەسـەر ئۆپەراسـیۆنی

---

1 -دیدار لەگەڵ تیمەکانی ئەندازیاری پێشمەرگە و مین هەڵگرتنەوە، 15ی کانوونی یەکەمی 2015.

2 -(گورزە ئاسمانییەکانی هاوپەیمانان سەرکردەیەکی داعش لە موسڵ دەکوژێت)، رووداو 27ی ئابی 2016. /http://rudaw.net english/middleeast/iraq/270820161

3 -پشتیوان جەمال (حکومەتی عێراق خۆی ئامادەدەکات بۆ شەپۆلێکی نوێی ئاوارەکان لە دوای هێرشی موسڵ)، رووداو/ 1ی ئازاری 2016. http://rudaw.net/english/middleeast/iraq/01032016

4 -OCHA لە عێراق، تویت،30ی ئابی 2016،
https://twitter.com/OCHAIraq/status/770607319272988673

موسـڵ دەكـەم."[1] بەگوێـرەی راپۆرتێكیـت دیكـە كۆشـكی سـپی رایگەیانـدووە كـە:" سـەركردەكان جەختیـان لەسـەر پێویسـتی بەدیهێنانـی پێشـڕەوی زیاتـر و بـەردەوام لـە شـەڕی دژی داعـش كـردووە. هەروەهـا بەرەوپێشـچوون و ژیانـەوەی ئابـووری عێـراق و پێشكەشـكردنی خزمەتگـوزاری و كۆمەكـە مرۆییـەكان بـۆ ئـاوارەكان و هاوئاهەنگـی بـۆ ئازادكردنـی موسـڵ بـە پێویسـت زانیـوە." [2]

جۆزێـف ڤۆتێـل ژەنەراڵـی ئەمریكـی دووپاتیكـردەوە كـە " سـەرۆك وەزیرانـی عێـراق دەیەوێـت تاوەكـو كۆتایـی ئەمسـاڵ موسـڵ ئـازاد بكرێتـەوە. بـەڕای مـن، ئەگـەر ئـەوە بـڕیارەی سـەرۆك وەزیـران بێـت بـۆ جێبەجێكـردن، دەتوانیـن لـە ئاسـت بەدیهێنانـی ئامانجەكەیـدا بیـن." [3]

## ناوچە جێناكۆكەكان لە ساڵی 2009دا (گرووپی قەیرانی نێودەوڵەتی )

ناوچە جێناكۆكەكان و كلیلی موسڵ بۆ چەسپاندنی ئاسایش و ئارامی لە عێراق هەشت لایەنی تایبەتی پەیوەندیدار بە پێگەی موسڵەوە بۆ كورد هەن:

• موسـڵ سـەنتەرێك بـووە بـۆ نائارامـی و كاریگـەری لەسـەر حكومەتـی هەرێمی كوردسـتان هەبـووە و هەیـە و بـۆ بەغـداش كلیلـی یەكگرتوویـی عێـراق بووە.
• پێگەی بەهێز و هەژموونگەرایی نەریتیی عەرەبە سوننەكانە.
• ژمارەیەكی زۆر كورد لەشارەكە دەژین.
• ناوچەیەكی جیاكەرەوەیە لەگەڵ حكومەتی ناوەندی عێراق.
• لەسەر رێگەیەكی بازرگانی ستراتیژییە و شنگال، هەولێر و نەینەوا پێكەوە دەبەستێتەوە.

1 -هەروەها ئۆفیسی سەرۆكوەزیرانی عێراق بەیاننامەیەكی بڵاوكردەوە2016 htm.2016-8-29/http://www.pmo.iq/press
بۆ تویتەكەی ماكگۆرك بڕوانە
https://twitter.com/brett_mcgurk/status/770297651501764609

2 -بەختیار گۆران، (بارزانی، عەبادی، بایدن، ئۆپەراسیۆنی موسڵ تاوتوێدەكەن)، هەواڵی كوردستان 24 ، 31 ی ئابی 2016. http://www.kurdistan24.net/en/news/cec4371b-91a0-4545-a6bc-645d44df0fb5/Barzani--Abadi--Biden-discuss-Mosul--operation

3 -فیل ستیوارت و ئیدریس عەلی، (عێراق بەنیازە ئەمساڵ موسڵ كۆنترۆڵبكاتەوە، ژەنەراڵێكی سوپای ئەمریكی وادەڵێت)، رۆیتەرز 300ی ئابی 2016.
http://mobile.reuters.com/article/idUSKCN115254

• دانیشتووانە سوننییەکەی بۆ کاریگەرییەکانی ئێران لەسەر بەغدا باڵانسێکی پێچەوانە و دژن.
• تورکیا بەرژەوەندییەکی مێژوویی تێدا هەیە.

هەڵوێستی کورد لەسەر موسڵ بەدەوری دوو بابەتی ناوەندیدا دەخولێتەوە کە ئەمانەن: مەسەلەی یەکەم پەیوەندی بە مافەکانی کورد لە موسڵ هەیە. چونکە ژمارەیەکی زۆری کورد لەوێ نیشتەجێن و سەروەت و سامانیان لەوێیە. دووەمیان بریتییە لە رۆڵی تەقلییدی موسڵ لە باکووری عێراق وەك سەنتەرێکی حوکم و فەرمانڕەوایی. جگە لەوە سەنتەرێك بۆ نائارامی و پشێوی بووە. لە دەستپێکردنی جەنگ لەگەڵ داعش لە ساڵی 2014ەوە، هێزەکانی کورد هاتنە نێو ئەو ناوچانەی کە لەدوای ساڵی 2003ەوە لەگەڵ حکومەتی ناوەندی عێراق ناکۆکییان لەسەریان هەیە. زۆربەی ئەم ناوچانە ژمارەیەکی زۆری کوردی تێدایە یان ئەو ناوچانەن کە رووبەڕووی هەڵمەتەکانی "تەعریب"ی سەدام حوسێن بوونەتەوە .ئەوەش بەتایبەتی بۆ کەرکووك راست و دروستە، بەڵام لە موسڵیش روویداوە.

لەسەردەمی سەدام حوسێندا، ئەم شارە ئامانجێکی هەڵمەتەکانی تەعریب بوو. دانیشتووانەکەی لە رەگ و ریشەوە هەڵکەنران و لابران. ئێزدییەکان، ئاشووری، تورکمان و کورد دەرکران و لادێیەکانیان وێرانکران، یاخوود لە ناوچەیەکی نوێ کۆکرانەوە. هۆزە عەرەبەکانی باشووری موسڵیش هاندران بۆ ئەوەی لەو شارە نیشتەجێ بن. [1]

پێش ساڵی 2014 کەناری رۆژهەڵاتی شاری موسڵ کە زۆرجار بە کەناری لای چەپ ناسراوە، وەکو ناوچەیەکی جێناکۆك بابەتێکی جێگەی بایەخی کورد بووە. لەسەردەمی نوری مالیکیدا حکومەتی عێراقی نەك هەر بەدوای ئەوەدا دەگەڕا کە کۆنترۆڵی خۆی بەسەر موسڵدا بسەپێنێت بەڵکو بەشوێن ئەوەدا دەگەڕا کە کۆنترۆڵی بەسەر ناوچەکانی وەکو مەخمووریشدا بسەپێنێت. خەریکبوو لەساڵی 2009دا سەربازە کورد و عێراقییەکان لەسەر ئەو ناوچەیەی باشووری موسڵ لە یەك بدەن. [2]

لەساڵی 2014دا کاتێك شارەکە کەوتە دەستی داعش، لێپرسراوێکی ئەمریکا بە ئاژانسی هەواڵی رۆیتەرزی راگەیاند کە کورد " زۆر گرنگی و بایەخ بە موسڵ نادەن." ئاماژەی

1 -(چەند بانگەشەیەکی دژبەیەك: پێچەوانەکردنەوەی پاکتاوکردنی رەگەزی لە باکووری عێراق)، رێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ، ئابی 2014، بەرگی 16،ژمارە4 (ئینگیزی). زیاتر لە 1400 گوندنشینی کورد نیشتەجێکرانەوە. https://www.hrw.org/ htm.4/reports/2004/iraq0804

2 -ئەنتۆنی شەدید، ( سەرکردەکانی کورد هۆشداری دەدەن لە بارگرژی لەگەڵ مالیکیدا)، 17ی تەمموزی، 2009. http://www. AR2009071604369.html/16/07/washingtonpost.com/wp-dyn/content/article/2009

بـۆ ئەوەشـکرد کـە هێزەکانـی پێشـمەرگە لـە کەرکـووك بڵاودەبنـەوە و جێگیردەبـن، بـەڵام لە ڕێگـەی چوونـە نێـو موسـڵەوە عێـراق ڕزگار ناکـەن. [1] هەمـان تێڕوانیـن و بۆچـوون لەلایـەن شـارەزایان و چاودێرانـەوە لـە مانگـی حوزەیرانـی 2014دا خراوەتـەڕوو. ئوسـامە گوڵپـی نووسـەری کـورد لـە نووسـینێکدا لـە ڕووداو لـە کانوونـی یەکەمـی 2014دا ڕایگەیانـدووە کـە دەبێـت کـورد شـەڕی موسـڵ نەکـەن و دەڵێـت:" دەسـەڵاتدارانی کـورد ئەوەیـان ڕونکردووەتـەوە لـە شـەڕی موسـڵدا هـاوکاری حکومەتـی بەغـدای گەمـارۆدراو ناکـەن"[2]. هەروەکـو زۆربـەی کـورد، ئـەو نووسـەرە دژی ئەوەیـە کـە ژیانـی کـورد بـۆ شـارێك کـە ڕادەسـتی بەغـدا بکرێتـەوە بەفیـڕۆ بدرێـت. لـە ڕابردووشـدا ژمارەیـەك لەکـورد لـەو شـارە، لەپێنـاو یارمەتیدانـی عێـراق لـە شـەڕی دژی یاخیبووانـدا گیانیـان لەدەسـتداوە. دواتریـش تەنیـا ئەوەمـان دی کـە کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتـی داوای پاشەکشـەکردنی کـوردی کـرد."
گوڵپـی ئـەوە وەبیـر خوێنـەران دەهێنێتـەوە کـە پارتـی حەدبـا لەسـاڵی 2009دا کاری لەسـەر بەرنامـە و لیسـتێك دەکـرد لـە موسـڵ کـە پێیدەگوتـرا " دەنـگ بـدە بـە ئێمـە، دەنگبـدە تاوەکـو کـورد بـە زۆر دەربکرێـن." [3]سـەبارەت بـە سـەرهەڵدانی داعـش، زۆرکـەس ئۆباڵەکـە دەخەنـە ئەسـتۆی سیاسـەتەکانی مالیکـی، چونکـە بەخشـینی ئۆتۆنۆمـی زیاتـری بـە سـوننەکان ڕەتدەکـردەوە.[4] هەندێکیـش سـەبارەت بـە هۆکارەکانـی کەوتنـی موسـڵ لەسـاڵی 2014دا لۆمـەی ئەمریـکا و ئێرانیـش دەکـەن و ئەوانیـش بـە خەتابـار دەزانـن.
لـە11ی حوزەیرانـی سـاڵی 2011دا عیسـمەت ڕەجـەب لێپـرسراوی لقـی PDKلەموسـڵ، لەهەڤپەیڤینێکـدا ڕایگەیاند:"لەوبـاوەڕەدام مالیکـی خـۆی ویسـتویەتی موسـڵ لەلایـەن داعشـەوە بگیرێـت تاوەکـو پەرلەمـان ناچاربـکات بـاری نائاسـایی ڕابگەیێنێـت." [5]
ئـەو شـێواز و ڕێگـەی کـە تێیـدا موسـڵ کەوتـە دەسـت داعـش، لەگـەڵ خـودی مێـژووی شـارەکەدا وەکـو پەناگەیـەك بـۆ توونڕەویـی و حەشـارگەیەك بـۆ ڕێکخـراوی قاعیـدە

1 -نێد پارکەر، (کورد خەونێك بەدیدەهێنن لەکاتێکدا بەغدا کۆنترۆڵی باکووری عێراق لەدەستدەدات)، ڕۆیتەرز، 13ی حوزەیرانی 2014. http://www.reuters.com/article/us-iraq-security-kurds-idUSKBN0EO2MJ20140613

2 -بیڵ پارك، (موسڵ و مالیکی و داعش: تێڕوانینی ئەمڕۆ لە هەولێرەوە). ئۆپن دیمۆکراسی، 20ی حوزەیرانی 2014. https:// www.opendemocracy.net/arab-awakening/bill-park/mosul-maliki-and-isis-view-today-from-erbil

3 -ئوسامە گوڵپی، (ئایا پێویستە کورد شەڕی موسڵ بکەن)، 24ی کانوونی یەکەمی 2014. ڕووداو، http://rudaw.net/english/ opinion/24122014

4 -دەیڤید ڕۆمانۆ، (موسڵ و شکستی سیاسەتی ئەمریکا لەبەرامبەر عێراق)، ڕووداو، 12ی حوزەیرانی 2014. http://rudaw.net/ english/opinion/12062014

5 -زانکۆ سەمەد ، ( دیدار لەگەڵ سیاسییەکی باڵای کورد)، نیقاش، 11س حوزەیرانی 2014 http://www.niqash.org/en/ articles/security/3456/

دەگونجێت. موسڵ وەکو کلیلێك بۆ ئارامی و ئاسایشی هێزی هەرێمی لە عێراق وایە. لەسەردەمەکانی عوسمانیدا موسڵ سەنتەرێکی هەرێمی بووە بۆ ویلایەت و لە پەیماننامەی سیڤەریشدا لە1920، پێشبینی گشتپرسییەك دەربارەی موسڵ کرابوو تاوەکو بەو شێوازە لەسەر نەخشەی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی دابنرێت. بەریتانیا لە ساڵی 1920دا، دەستبەجێ وازی لەو بیرۆکەیە هێنا و دەستبەرداری بوو.[1] دواتریش، موسڵ تاوەکو 2003، وەك سەنتەرێکی سەرەکی پشتیوانیکردن لە سەدامی لێهات و تەنانەت دوای داگیرکاری ئەمریکاش هەروابوو.کوڕەکانی سەدام لە موسڵ خۆیان حەشاردەدا و سەرئەنجامیش لەهەڵمەتێکی سەربازیدا لەوێ کوژران. لەساڵی 2004دا، موسڵ بەشێوەیەکی کرداری سەنتەرێك بوو بۆ یاخیبووان لەدژی ئەمریکا و کورد و هێزەکانی ئەمریکا لە کانوونی یەکەمی 2004دا لەو شارەشەڕی یاخیبووانیان کرد. گرووپەکانی ئەنساروسوننە و قاعیدە بە ڕۆژنامەنووسانیان ڕاگەیاند کە جگە لە ئەمریکا ڕقیان لەکورد و کەمینەکانی دیکەش دەبێتەوە و دەیانگوت:"کورد لە نیشتمانی ئێمەدا بوونەتە فەرمانڕەوا و ئەمریکای بێباوەڕ و کافرەکانیش نەوتەکەمان دەدزن و تاڵانی دەکەن"[2]. لەدوای2004، شارەکە نوقمی تیرۆر بوو. لەدوای 2007یشەوە نوقمی پاکتاوی ڕەگەزی بووە و تێیدا پەلاماری ڕێکخراو بۆسەر کورد و گرووپە ئایینییەکانی وەکو مەسیحی، شەبەك و ئێزدییەکان ئەنجامدراوە.[3]بەگوێرەی ئامارێك نزیکەی 2هەزار و400 کورد لەنێوان 2003 و 2009دا لەوێ کوژراون. [4]

## ئەنجام

ئەرکی پێشینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەوەیە کە لە پاککردنەوەی شارەکە لەداعش دڵنیابێتەوە تاوەکو ئیتر هەڕەشەی لەسەر دروستنەکات.[5] ئەمە واتای

---

1 -پیتەر سلوگلێت، بەریتانی لە عێراق 1914-1932، چاپخانەی ئیساکا، چاپی 1976، لاپەڕە 116.

2 -ئەحمەد هاشم، یاخیبوون و دژە یاخیبوون لە عێراق، لاپەڕە 101.

3 -لەسەر خاکی هەڕەشەلێکراو: (توندتیژی لەدژی کەمینە نەتەوەکان لە خاکەکانی پارێزگای نەینەوای جێناکۆك)، هیومان ڕایتس وۆچ، 20ی تشرینی دووەمی 2009، https://www.hrw.org/report/2009/11/10/-vulnerable-ground/violence-against minority-communities-nineveh-provinces-disputed

4 -سپێنسەر توکەر، سایکلۆپیدیای شەڕەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، دەروازەیەك بۆ موسڵ نووسەران کیس مۆرفی و سانتا باربارا، ABC-CLIO، 2010 لاپەڕەکانی 842-844.

5 -ڕێناد مەنسوور، (موسڵ دوای دەوڵەتی ئیسلامی، ستراتیژی هەرێمی کوردستان)، دامەزراوەی کارینگی بۆ ئاشتی نێودەوڵەتی، 20ی ئایاری 2016.

بەهێزبوونی حکومەتی هەرێمی کوردستان دێت لە ناوچە جێناکۆکەکان و لەنێو کەمینەکاندا کە زۆربەیان حکومەتی هەرێمی کوردستان بە گرەنتی بەرگریکاری خۆیان دەزانن. هەروەها بەمانای پاراستن و ئارامگرتنی سنوورەکانیش لەگەڵ سووریا دێت و رێگری لە هاتنی گریمانەیی توندڕەوەکانی وەك شەڕکەرە بیانییەکانی هاوپەیمانی گرووپە جیهادییەکان دەکات.

لەهەمانکاتدا زۆرکەس لەسەرکردە کورد و هێزە هەرێمییەکانی وەکو سعودیە، سەبارەت بە رۆڵی میلیشیا شیعەکان و گرووپەکانی وەکو حەشدی شەعبی لەهەر ئۆپەراسیۆنێکی سەربازی بۆ گرتنەوەی موسڵدا نیگەرانیان دەربڕیوە. لێپرسراوانی سوننەی عێراق وەك ئوسامە نوجەیفی، لەچەندین بۆنەدا هەموو لایەکیان لەدژی هەر هێرشێکی میلشیا شیعەکان لەشارەکە ئاگادارکردووەتەوە.[1] پێدەچێت حکومەتی ناوەندی عێراق دەرکی بەوە کردبێت کە بەکارهێنانی میلیشیاکانی شیعە وەك بەشداریکردنیان لە فەللوجە و شوێنەکانی دیکە، سوننەکان دەڕەنجێنێ و پلان و خشتەی کاتی کۆنترۆڵکردنەوەی موسڵ دوادەخات. لە هەمانکاتدا حکومەتی هەرێمی کوردستانیش بەتایبەت لەدوای پێکدادانەکانی خورماتوو، نیگەرانی خۆی لە هەبوونی میلیشیا شیعەکان دەربڕیوە[2]. میلشیا شیعەکانیش کوردیان ئاگادارکردووەتەوە کە ئەوانیش دژی بەشداریکردنی کورد لە ئۆپەراسیۆنی موسڵ دەوەستنەوە. [3]

ناکۆکی لەگەڵ میلیشیا شیعەکان وای لەحکومەتی هەرێمی کوردستان کرد کە لەنزیکترەوە پەیوەندی لەگەڵ ئەسیل نوجەیفی، پارێزگاری پێشووی پارێزگای نەینەوا ببەستێت. بەر لەساڵی 2014، نوجەیفی پەیوەندییەکی خراپی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان هەبوو، بەڵام لەو کاتەوەی کە لە هەولێر نیشتەجێیە، پەیوەندی تۆکمە و نزیکی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان بەستووە و میلیشیایەکی بەناوی حەشدی وەتەنی دامەزراندووە کە تێیدا هەزاران کەس بۆبەشداریکردن لە ئۆپەراسیۆنی موسڵ

---

mosul-after-islamic-state-kurdistan-region-s-strategy-pub-63615/19/05/http://carnegieendowment.org/2016

1 -سیاسەتمەدارێکی عێراقی بانگەشەی ئەوە دەکات بۆ شەڕی موسڵ پێویست بە میلیشیا شیعەکان ناکات.رووداو، 8ی شوباتی 2016. http://rudaw.net/english/middleeast/iraq/080220161

2 -مەحموود بۆزئەرسڵان، ( پێکدادانەکانی خورماتوو بۆچی لە شەڕە تەقەیەکی ئاسایی زیاترن) ئەلمۆنیتەر، 5ی ئایاری 2016 . turkey-iraq-tuz-khurmatu-new-sunni-shiite-front.html/05/http://www.al-monitor.com/pulse/originals/2016

3 -(میلیشیایەکی شیعە هۆشداری دەدات لە بەشداری پێشمەرگە لە شەڕی موسڵدا)، رووداو 24ی حوزەیرانی 2016. http:// rudaw.net/english/middleeast/iraq/240720161

مەشـقیان کـردووە.[1] نوجەیفـی پەیوەنـدی نزیکیشـی لەگـەڵ حکومەتـی تورکیـا هەیـە کـە بەهەمـان شـێوە ئەویـش نیگەرانـی چارەنووسـی سـوننەکانە لـە موسـڵ. ئەندامانـی حەشـدی وەتەنـی لـە ئۆپەراسـیۆنەکانی نزیـك مەخمـوور بەشـداریانکردووە. رەنگـە ئـەوەش بتوانێـت دڵنیایـی بـدات سـەبارەت بـەوەی کـە دیمەنەکانـی 2014 دووبارەنابنـەوە کـە تێیـدا پەراوێزخسـتن و دژایەتیکـردن، رێگـەی بـۆ دەرکەوتنـی توونـدڕەوی کـردەوە.

ئەنجامـی کۆتایـی ئۆپەراسـیۆنی موسـڵ رێگـە بـۆ نەخشەکێشـانەوەی باکـووری عێـراق دەکاتـەوە. [2] ئـەو ئۆپەراسـیۆنە کاریگەریـی لەسـەر خواسـتی ئەنجامدانـی گشتپرسـییەك بـۆ سـەربەخۆیی کوردسـتان دەبێـت. هەروەهـا رێگـە بـۆ زیاترکردنـی ململانـێ سیاسـییەکان لـە نێـوان بەغـدا و هەولێـردا خۆشـدەکات. هەروەهـا گـرژی لـە دانوسـتاندنی سیاسـی ناوخۆیـی لەنێـوان PDKو ی.ن.ك و گـۆڕان و گرووپەکانـی پەیوەسـت بـە PKKزیاتـر دەکات. دیاریکردنـی چارەنووسـی موسـڵ پەیوەنـدی بـە چەنـد هێزێکـی هەرێمـی وەکـو ئێـران و تورکیـاوە هەیـە ئێـران دەیەوێـت "یەکێتـی" خاکـی عێـراق بپارێزێـت و تورکیـاش دەخوازێـت هەژموونـی مێژوویـی خـۆی لـە موسـڵ بپارێزێـت. [3]

ئەنجامـە کۆتاییەکانـی ئۆپەراسـیۆنی موسـڵ لەسـەر ئـەرزی واقیـع بریـاری لێدەدرێـت. ئەگـەر داعـش لاوازبێـت و شـارەکە بـە ئاسـانی بەدەسـتەوە درا، ئـەوا لـەو کاولکارییانـەی بەسـەر رووومـادی و فەللوجـەدا هاتـن دوور دەبێـت. بـەڵام ئەگـەر داعـش شـەقام بەشـەقام بەرگریکـرد، رەنگـە شـارەکە وێرانبێـت. تەنانـەت زیاتـر لـە زیانەکانـی داعـش کـە لـەم شـارە وەك سـەنتەرێکی بازرگانـی و شارسـتانییەکی دێرینـی داوە، زیانـی بەردەکەوێـت. ئەوانـەش وادەکات کـە گەڕانـەوەی ئـاوارەکان قورسـتر بێـت و حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتانیش خوازیـاری ئەوەیـە کـە ئـەو دوو ملیـۆن ئاوارەیـە زووتـر بگەڕێنـەوە.

لەبـەر رۆشـنایی ئـەوە شـەڕی موسـڵ و ئەنجامـە خێراکانـی لەبەرژەوەنـدی کـوردە، بـەڵام رەنگـە کۆمەڵێـك ململانـێ و کێشـمەکێش و نائارامـی نـوێ لەنێـوان بەغـدا و هەولێـر

---

1 -سێس فرانتزمان، (گوللەی زیوی عێراق لەشەڕی دژی داعشدا)، ناشناڵ ئینتریست، 20ی حوزەیرانی 2016 . http:// nationalinterest.org/feature/iraqs-silver-bullet-the-isis-fight-17053

2 -سوزانا جۆرج و قاسم عەبدول زەهرە، (شەڕی موسڵ نەخشەی باکووری عێراق دەکێشێتەوە) ، ئەسۆشێتد پرێس، 27ی ئابی 2016. http://bigstory.ap.org/article/5271b7f7d7e244e5a9be573ea8919058/mosul-fight-already-redrawing-map-northern-iraq?utm_campaign=SocialFlow&utm_source=Twitter&utm_medium=AP

3 -رەیدەر ڤیسەر، (سنوورە ئیدارییەکانی دەوڵەتی عوسمانی، فیدراڵیی شیعە و سنوورەکانی وزە) لە بنەڕەتدا بە زمانی تورکییە لە ستراتیجیك ئەنالایز، ئەنقەرە، تشرینی دووەمی 2006. وەرگێڕدراوە لەسەر ماڵپەڕی http://www.historiae.org/vilayet.asp- رۆبەرت دەبلیو ئۆلسن، بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردی لە ساڵانی نەوەتەکاندا، چاپخانەی زانکۆی کنتاکی، لێگزینگتۆنـ 1996، لاپەڕە 109.

دروستبکات و پەیوەندییەکان لەگەڵ هاوپەیمانیی دژی داعش بەسەرۆکایەتی ئەمریکا، ئێران و تورکیاش ئاڵۆزتر بکات.

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە : دانا مەنمی

# کاریگەری ئۆپەراسیۆنی موسڵ لەسەر هەرێمی کوردستان

عەبدولڕەحمان کەریم دەروێش[1]

## پووختە

هەمـوو جیهـان بەئۆپەراسـیۆنی موسـڵەوە سـەرقاڵە و هێزەکانـی ئەمریـکا وچەندیـن وڵاتـی دیکـە لـە بەرەکانـی جەنگـدان لەبـەرەی موسـڵ . سـەرجەم وڵاتانـی رۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـتیش بـاس لـە وردەکارییەکانـی ئـەم جەنگـە دەکـەن. ئـەم ئۆپەراسـیۆنە وەك ئۆپەراسـیۆنی کۆتایـی قۆناخـی داعـش باسـی لێوەدەکرێـت و بـاس لەئامادەکاریەکانـی قۆناخـی دوای ئـەوە دەکرێـت . کوردیـش بەپەرۆشـەوە چاوەڕوانـی ئـەو قۆناخەیـە کـە تێیـدا لـە هەڕەشـەکانی داعـش رزگاری ببێـت ودەیـان دیلـی کـورد رزگاریـان ببێـت وچەندیـن گونـد وشـاری کوردسـتانی لەچەپۆکـی تیـرۆر رزگاریـی بـن . ئـەم لێکۆڵینەوەیـە تایبەتـە بـە خوێندنەوەیەکـی گریمانەیـی بـۆ قۆناخـی پـاش گرتنـەوەی موسـڵ ودۆخـی کوردسـتان لەوکاتـە و دیاریکردنـی هەڕەشـەکانی سـەر کوردسـتان و ئـەو دەرفەتانـەی کـە چاوەڕواندەکرێـت لـەدوای نەمانـی داعـش لەموسـڵ بێنـە کایـەوە.

## پێشەکی

جەنـگ خـۆی گرنـگ نییـە، بەڵکـو ئـەو بەرەنجامـەی پێیـدەگات گرنگـە. ئـەو دۆخـەی راسـتەوخۆ وناڕاسـتەوخۆ لێیدەکەوێتـەوە گرنگـە . جەنگـی موسـڵیش بەتایبەتـی جەنگێکـی سیاسـییە و بەرەنجامـی باڵانسـگیریەکی هەرێمییـە و هەمـوو هێزێـك دەیەوێـت وەك خاڵـی

1 -مامۆستای زانسە سیاسیەکان- زانکۆی سەلاحەدین

وەرچەرخـان بـۆ بەهێزکردنـی هەژموونـی خـۆی لەنێوچەکـەدا بەکاریبێنێـت. دوای هەمـوو جەنگێـك قۆناخیکــی نــوێ دەســتپێدەکات. ئەوهێزانــەی جەنگەکــە دەبەنــەوە ئــەوان دەتوانــن رۆڵیــان لەقۆناخــی دوای جەنــگ هەبێــت. [1]ئۆپەراسـیۆنی موسـڵ زۆر گرنگـە ، چونکـە داهاتـووی عێـراق دیاریـدەکات و سرووشـتی هەژموونـی ئیقلیمـی ونێودەوڵەتـی لەسـەر عێـراق رووندەکاتـەوە. لەمـاوەی دوو سـاڵی رابـردوودا قەیرانـە سیاسـییەکانی عێـراق زۆر قووڵـتر بـوون و لـەدوای موسـڵ هەموویـان دەتەقنـەوە، چونکـە پێشـتر بەبیانـووی جەنگـی تیـرۆرەوە کێشـەکان چارسـەرنەکراون.

جگــە لــەوەش ئۆپەراســیۆنی موســڵ چارەنووســی جەنگــی داعــش یەکلاییدەکاتــەوە. کۆنترۆڵکردنــی چارەنووســی جەنــگ لــە دیاریکردنــی داهاتــووی هێــزەکان لــە قۆناخــی دوای جەنــگ و دابەشــکردنەوەی ناوچەکانــی هەژمــوون و کۆنترۆڵــدا زۆر گرنگــن . ئــەم توێژینەوەیــە گریمانــە دەکات کــە قۆناخــی دوای گرتنــەوەی موســڵ زۆر دەرفــەت و هەڕەشــەی جۆراوجــۆر لەگــەڵ خــۆی دێنێــت. هەرگیــز قۆناخیکــی ئــارام نابێــت، بەڵکــو قۆناخیکـی دیکـە لـە ململانـێ و کێشمەکێشـی سیاسـی دەسـتپێدەکات. ئـەو میتـۆدەی لـەم توێژینەوەیــەدا بەکاردەهێنرێــت میتــۆدی مێژوویــی و شــیکاری هێــز و میتــۆدی شــیکاری شــوێن و پێگەیــە، بــۆ ئــەوەی پەیوەندییەکانــی نێــوان لایەنەکانــی ململانــێ دەربخرێــت.

## یەکەم: موسڵ (نەینەوا)

نـاوی نەینـەوا ناوێکـی زۆر کۆنـە و دەگەڕێتـەوە بـۆ خوداوەنـدی (نینـا) . ئـەم نـاوەی لـە ناوچەیەکـی بەرفـراوان نـراوە کـە موسـڵیش دەگرێتـەوە.[2] نەینـەوا لـە مێـژەوە گرنگییەکـی سـتراتیژی و بازرگانــی و شارســتانی هەبــووە و لەنێــو ئایینــە ئاســمانییەکاندا پێگەیەکــی تایبەتـی هەیـە. موسـڵ نـاوی ناوچەیەکـی بەرفراوانـە کـە سـەرجەم باشـووری کوردسـتان لەگـەڵ چەندیـن ناوچـە لـە رۆژئـاوای کوردسـتانی ئێسـتا دەگرێتـەوە کـە تاوەکـو 1926،

---

1 -بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: فاضل زكي محمد، السياسة من وراء الاستراتيجية، دار الحرية، بغداد، 1986.

2 -لە باشوری عێراق لە کەنارەکانی زەلکاوە مەزنەکان شارێك هەبووە بەناوی (نینا) کە زۆر لە نەینەوی کۆنترە. گریمانە دەکرێت پێشتر وڵاتی نوح بووبێت ودوای تۆفانە مەزنەکە ناوچەکانی باشوری جودی ولەسەر دۆڵأی دیجلە ناوی نینای هەڵگرت، نینا بەواتای ماسیەکی گەورە (نەهەنگ) وهەندێ جار بە دەریا دێت. لەزۆر جێگا تاوەکو ئێستا کورد بە داپیرە(دایەگەورە) نینا دەڵێت.بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

Van De Mieroop Marc. A History of the Ancient Near East.Oxford:Blackwell،2007.P235

ئـەو کاتـەی لکێنـدرا بـە عێراقـەوە ، وەك ولایەتێکـی سـەربەخۆ دەنـاسرا.[1] حکومەتەکانـی عێـراق بەجیاکردنـەوەی پێکهاتەکانـی و دابەشـکردنیان لەسـەر چەندیـن پارێـزگا، کاریـان لەسـەر پەرتکردنـی ئـەم ولایەتـە کـرد. زۆربـەی دانیشـتووانی موسـڵ کـوردن ، هەروەهـا عـەرەب ، تورکـمان ، کلـدان ، ئاشـووری و ئەرمـەن. موسـڵ وەك بنیـات جیۆسـتراتیژی بریتییـە لـە تـەواوی باشـووری کوردسـتان کـە لەسـەرەتای سـەتەی بیسـتەمەوە بەتایبـەت دوای جەنگـی جیهانـی یەکەمـەوە بەپرسـی موسـڵ نـاسرا. [2]بـەڵام دواتـر بەهەوڵـی حکومەتـە یـەك لـەدوای یەکەکانـی عێـراق توانـرا هەرێمـی کوردسـتان لـە موسـڵ جیـا بکرێتـەوە بۆئـەوەی چیـتر بەپرسـی کوردسـتانەوە نەبەسـترێتەوە،[3] بۆیـە ئێسـتا کاتێـك بـاس لـە موسـڵ دەکرێـت، زیاتـر بـاس لـە ناوچـەی جەزیـرەی نەینـەوا دەکرێـت.[4] کـە هەمـوو ئـەو ناوچانـەی "دەکەونـە رۆژئـاوای دیجلـە لەنێـوان هێڵـی ئاسـۆیی(3 ¯33° –37°) بـەرەو باکـوور و هێڵـی شـاقوولی(-41° ¯7 43°)بـەرەو رۆژهـەڵات، بەپانتایـی(49721) کـم2 دەگرێتـەوە کـە لـە رۆژئـاوای رووبـاری دیجلـە تاوەکـو باکووری دەریاچـەی سەرسـار و زنجیـرە شـاخی مەکحول وشـۆرە و بەعـاج پێکدێـت. [5]پێگـەی سـەربازی و ئەمنـی ناوچـەی جەزیـرە زۆر ئاڵـۆز و گرنگـە. لەمـەودای هـزری سـەربازی پێگەیەکـی زۆری هەیـە و هێـزە سـەربازییەگرنگەکان لەجیهـان وناوچەکـە بایەخـی سـتراتیژییان بـەم ناوچەیـە داوە وبیریـان لێکردووەتـەوە. ئەمـەش بەڕوونـی لـە هـزری سـەربازییاندا دەرکەوتـووە[6]. ئـەم ناوچەیـە لەسـەر چەندیـن هەرێمـی شارسـتانی وەك وڵاتـی شـام و ئەنـادۆل و ئێـران و مێزۆپۆتامیـا و جەزیـرەی عەرەبـی دایـە. جگـە لـەوەش یەکێکـە لـە دەروازەکانـی رۆژهەڵاتـی دەریـای نێوەڕاسـت و جوگرافیـا سـەربازییەکەی زۆر ئاڵـۆزە چونکـە ناوچەیەکـی شـاخاوی و بیابانییـە و چەندەهـا بونیـادی تۆبۆگرافـی جۆراوجـۆری تێدایـە. [7]

---

1 -ستيفن هيملس لونكريك، اربعة قرون من تاريخ العراق الحديث، ت: جعفر الخياط، ط4، بغداد، 1968.

2 -بەپێی لیژنەی موسڵ پانتایی موسڵ بە 87890کمخەملێندرا، بڕوانە:

- د.فاضل حسين، اثار مؤتمر لوزان على البلاد العربية، قاهرة، 1958.

- راكلان سكواير، الموصل ام الربيعين، ت: جرجيس فتح الله، الموصل، 1972.

3 -بڕوانە:

- د. عبدالعزيز المفتي، ولاية الموصل، والحقوق الكردية بعد الحرب العالمية الاولى، عمان، 2010.

4 -شایەنی باسە دەشتی نەینەوا بەشێکە لە جەزیرەی نەینەوا . بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

- دبليؤ. اي . ويكرام، مهد البشرية الحياة في شرق كوردستان، ترجمة: جرجسي فتح الله، بغداد، 1971.

5 -د . سعدون شـــلال، الاهميةالسياسيةلمنطقةالجزيرةمنالعراق، مجلةالبحوث الجغرافية، عدد20،بغداد. 2013.

6 -David Stevenson، Weth our backs to the wall،theBelknappressof Harvard University Press، Cambridge،Massachusetts USA.2011.

7 -بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:




نەخشەی ژمارە(1) پارێزگای موسڵ لەسەردەمی عوسمانی سنوورەکەی بەرفراون بووە، بەڵام لەسەردەمی عێراقدا تەنیا بەشێکی کەم لەو نەخشەیە نەینەوای پێدەگوترێت.

- شاکر خصباك، العراق الشمالي، دراسة لنواحيه الطبيعية والبشرية، بغداد، مطبعة شفيق، ط1، 1973.

## دووەم: پێگەی جیۆستراتیژی نەینەوا(موسڵ) لەسەردەمە جیاوازەکاندا

نەینەوا ناوچەیەکی شارستانی گرنگ بووە لە جیهانی کۆندا و لەماوەی نزیکەی 1500 ساڵدا وەك ناوەندی جیهانی کۆن هەژمار کراوە، چونکە مەڵبەندی سەرەکی دەوڵەتی ئاشووری بووە کە لەو سەردەمەدا زلهێزێکی جیهانی بووە.[1] ئاشووریەکان لەترسی هێرشەکانی باشوورەوە کە لەلایەن بابلییەکان وعەشیرەتەکانی ناو بیابان ئەنجامدەدران، بنیاتی جیۆستراتیژی پاراستنیان بۆ موسڵ داناوە و زنجیرە شاخی حەمرین و مەکحولیان وەك سنوورێکی پیرۆز بۆ ئەو مەبەستە دیاریکردووە. بابلییەکان لەگەڵ مادەکان هاوپەیمانییەکیان دامەزراند و نەینەوایان گرت و دەوڵەتی ئاشووریان رووخاند. هەڵمەتە سەربازیەکەیان لە رۆژهەڵاتەوە کرایە سەر نەینەوا و لەوێوە ئابلۆقەیاندا. ئەوێ دوایی بووە سەربازگەیەی سەرەکی بۆ بەرگریکردن لە دژی رۆمان و بیزەنتییەکان کە لە حەلەبەوە هێرشیان دەکردە سەر نەینەوا . لەو سەردەمەدا ئەسکەندەری مەقدۆنی لەباکوورەوە هێرشیکرد و لە دۆڵی دیجلەوە دابەزییە سەر دەوڵەتی ئێرانی و لەگۆگا گامێلا جەنگێکی یەکلاکەرەوە روویدا کە تێیدا ئێرانییەکان تێکشکان.[2]

شانشینی هەدیاب لەسەرەتای سەردەمانی نێوەڕاستدا،[3] بنیاتی جیۆستراتیژی ئەم ناوچەیەیان پێکدەهێنا. ئیسلامییەکان لە باشوورەوە و لە رێگەی تکریت وبێجی هێرشیانکردە سەر ناوچەکە و ئەو کات موسڵیان وەك سەربازگەیەکی پێشکەوتوو بۆ داگیرکردنی ناوچەکانی باکووری خۆیان دانا. بەمەش رۆڵ و پێگەی جیۆپۆلیتیکی و جیۆسەربازی نەینەوا گۆڕدرا. ئەم رۆڵەش کەم تاوەکو زۆر سەردەمی ئیسلامی گرتەوە و هەر هەمان پێگەیە کە داعش دەیویست بۆ موسڵ دووبارەی بکاتەوە. موسڵ لە سەردەمی عەباسی و ئەمەویدا بووە سەنتەرێکی ململانی لەنێوان باڵەکانی دەسەڵاتی ئیسلامی و مەڵبەندی زۆر شۆڕش . هەموو بزوتنەوەکانی ئەو سەردەمە لەو ناوچەیە کاریان دەکرد بۆ ئەوەی بیکەنە پایتەختی خۆیان. بەڵام ئەوەی گرنگی ئەم سەردەمە دەخاتەڕوو، هەوڵی شۆڤینیستە عەرەبەکان و ئیسلامییە توندڕەوەکانە بۆ

---

1 -سيف لقمان، اصلتسميةمدينةنينوى وموقعها، ترجمةواعداد: د. حسيبالياسحديد، 15 /8/ 2016 ،.http://nala4u /15/08/com/2016

2 -زبيربلالاسماعيل،تاريخاربيل،مطبوعاتمجلةهولير،مطبعةالثقافة، اربيل، 1988.

3 -شانشینی هەدیاب پایتەختەکەی شاری هەولێر بوو.

زیندووکردنـەوەی رۆڵـی موسـڵ لـە سـەردەمی فتوحاتـی ئیسـلامی، بۆیـە وەك بنکەیەکـی جەنگـی لێدەکـەن. لەڕاسـتیدا لـە دوو سـاڵی رابردووشـدا بـۆ کوردسـتان دەرکـەوت کـە ئەگـەر موسـڵ ببێتـە دەروازەیـەك بـۆ ئـەو هێزانـە، چ جەنگێـك بەرۆکـی کوردسـتان دەگرێـت.

لـە سـەردەمی نوێـدا موسـڵ لـە باکـوورەوە هێرشـی بـۆ دەهـات و لـەدوای جەنگـی چاڵدێـران لەلایـەن عوسـمانییەکانەوە داگیرکـرا و وەك دەروازەی داگیرکردنـی بەغـدای لێهـات و بـووە مەڵبەنـدی ململانـێ لەنێـوان ئێـران و عوسـمانییەکان و چەندیـن جـار لەلایـەن ئێرانییـەکان هێرشـیکرایە سـەر. جارێکیـان لـە 1733 بەسـەرکردایەتی نرگـز خـان و دواتـر لـە 1743 بەسـەرکردایەتی نـادر شـا ئابلۆقـەدرا.[1] هـەردوو جارەکـەش موسـڵییەکان لەبەرگریکردنـدا خۆیـان بەبەرگریـکار لـە ئاییـن و مەزهەبـی سـوننی هەژمـار دەکـرد و تائێسـتاش یادەکـەی بەزیندوویـی لەنێـو بیـر و ئـاوەزی سـتراتیژی عـەرەب و ئێرانییەکانـدا ماوەتـەوە. ئێرانییـەکان تائێسـتا دەیانەوێـت لـەو رێگەیـەوە بـەرەو حەلـەب پێشرەوی بکەن وسـوننەکانیش رێگـری دەکـەن.[2] چەندەهـا پلانـی جۆراوجـۆر بـۆ بەسـتنەوەی ئـەم ناوچەیـە بەئەورووپـا دانـراوە[3]. مۆڵتکـەی گەورەگرفتـی جیۆسـەربازیی موسـڵی بەهـۆی هەڕەشـەی عەشـیرەتە بەدەویەکانیـی عەرەبـەوە هەژماردەکـرد و لـە وەسـفێکدا باسـی ئەوەیدەکـرد کـە چـۆن ئەمانـە "لـە بیابانـەوە دێـن وخۆیـان دەخزێننـە نێـو شـارەکان و بەتـرس وتۆقانـدن داگیریدەکـەن و ئەگـەر هێرشـی سـەختکرایە سـەریان ئـەوا بەجێیدەهێڵـن ودەگەڕێنـەوە بیابـان و ژن و پـارە و خـۆراك دەدزن".[4] هـەر لەوبـارەوە باسـیدەکرد کـە موسـڵ هەمیشـە لەباشـوور لـە قەراخەکانـی دیجلـە و لـە باشـووری رۆژئـاواوە هەڕەشـەی داگیـرکاری مەترسـیداری لەسـەرە. موسـڵییەکان رێگەیـان نـەدەدا عـەرەب بێنـە نـاو شـارەکەیان و بازاڕێکیـان لـەدەرەوەی ئـەو شـارە بـۆ دانـان.[5] ئـەم گرفتـەش تائێسـتا بەرۆکـی شـاری

1 -حسين شهيد، حصارالموصل أياما لاحتلال عثماني2013/10/http://www.alsabaah.iq/ArticleShow.aspx?ID=5551801

2 -بۆ زانیاری زیاتربروانە:

- د. ابراهيم علاف، حصارالموصل.. الصراع الاقليمي واندحار نادر شاه.. صفحة لامعة في تكوين العراق الحديث، بين الموصل للنشر، الموصل، 1990.

- أ.د.إبراهيم خليل العلاف، في الذكرى 267 لصمود الموصل بوجه غزو نادر شاه 1743: صمود مدينة .. وتلاحم شعب !! مدونةد. ابراهيم العلاف، الثلاثاء، 9 /4/ html.1995-2010http://wwwallafblogspotcom.blogspot.com1908

3 .For More Information see; Evans Lewin،the German Road to the East، London;1961.P77-

4 -ابو بكر رشاد، الجغرافيا العسكرية للجمهورية العراقية، كلية القيادة والاركان الملكية الاردنية الهاشمية، عمان، 2006.

5 -ادمند فونماخ،مولتكةفي الموصل، ت:صلاح سليم علي، بيت الموصل2013/10/http://www.baytalmosul.com/30.

موسـڵی گرتـووە و کاریگـەری تـەواوی لەسـەر بنیاتـی دیمۆگرافـی ئـەو شـارە کـردووە. موسـڵ لـە زهنییەتـی عوسـمانی و ئێرانـی هێشـتا بەزیندوویـی ماوەتـەوە و وەك چـۆن لەسـەدەکانی پێشـوو وێنایانکـردووە، تائێسـتا کار بـۆ ئـەو ئاواتـە دەکـەن.




نەخشەی ژمارە (2)موسڵ لەنێو نەخشەی جیۆستراتیژی تورکیا وئێران .


لـە جەنگـی جیهانـی یەکـەم نەینـەوا بـووە کەیسـێکی ئاڵـۆزی نێودەوڵەتـی و تاوەکـو 1925 چارەسـەر نەکـرا و بـە لیژنەیەکـی نیودەوڵەتـی و بـە گوشـاری بەریتانیـا بـە عێراقـەوە لکێـنرا. لـە رێککەوتننامـەی سـایکس پیکـۆ جێگـەی مشـتومڕێکی گەورەبـوو، بەریتانیـا دوودڵ بـوو لـەوەی موسـڵ بـۆ خـۆی بەرێـت و فەرەنسـاش زۆر پابەنـدی نەبـوو. لەکۆتاییـدا بەریتانییـەکان بـۆ خۆیـان بردیـان وەك هەرێمێکـی جیاکـەرەوەی هەژمـوون بەرامبـەر تورکیـا بەکاریانهێنـا بۆئـەوەی ناوچـەی کەنـداو لەئەنـادۆڵ جیابکاتـەوە.[1] بەریتانیـا لـە باشـوورەوە هێرشـیکردە سـەر موسـڵ و یەکـەم رووبەڕووبوونـەوە لـە ناوچەی بێجـی و دوای ئـەوەش لـە شـەرگات روویـدا. بەریتانییـەکان هێرشـێکی لابەلایـان لـە نزیـك مەخمـوور ئەنجامـدا بۆئـەوەی سـوپای عوسـمانی خـۆی نەگرێـت وئامادەیـی نـەکات. هێـزی سـەرەکی داگیرکردنــی موســڵ بــە (هێــزی دیجلــە) ناونــرا و لــە 1919دا بەپێــی هەموارکردنــی رێککەوتننامـەی سـایکس پیکـۆ بڕیـاری گواسـتنەوەی دەسـەڵاتی موسـڵ بـۆ ژێـر دەسـەڵاتی بەریتانـی درا و بەمـەش بەریتانیا بەپێـی پرۆسـەیەك کـە لـە 1926 تەواوبـوو، دەسـتی بـە لکاندنـی موسـڵ بـە عێراقـەوە کـرد. بەپێـی رێککەوتنێـك لەنێـوان فەرەنسـا و بەریتانیـا لــە1933، لــە رۆژئــاوای ســنووری موســڵەوە ســنووری عێــراق - ســووریای دیاریکــرا کــە سـنوورەکانی موسـڵی لەبـەری رۆژئـاواوە دیاریکـرد و چەندیـن ناوچـەی کوردنشـین لـە موسـڵ درانـە سـووریا .[2] بەبەسـتنەوەی موسـڵ بەعێـراق ژمـارەی سـوننە مەزهەبـەکان زیادیانکـرد و رێگـەی لەبـەردەم دروسـتبوونی دەوڵەتێکـی شـیعی لـە باکـووری کەنـداو گـرت. بەوشـێوەیەش موسـڵ بـووە قەپانـی تـەرازووی مەزهەبـی و دواتـر رابەرانـی عێـراق ئـەم قەپانەیـان گۆڕییـە سـەر بنەمـای نەتەوەگەرایـی عەرەبـی تاوەکـو شـیعە و سـوننە تێکەڵبکـەن کـە ئـەم سیاسـەتەش زیانـی کـوردی تێدابـوو. حکومەتـی عێـراق لەوناوچەیـە پشـتیوانی عەرەبـی کـرد و پرۆسـەی تەعریبـی دەسـتپێکرد، بۆیـە ژمـارەی عـەرەب لـە موسـڵ بەشـێوەیەکی بەرچـاو زیـادی کـرد، بـەڵام هەسـتی خـۆ بەجیازانیـن لەعێـراق هێشـتا لەنێـو موسـڵ ماوەتـەوە. لەسـەردەمی بەعـس موسـڵ بـووە پاڵپشـتی سـەرەکی حکومەتـی عێـراق تاوەکـو باشـووری وڵات کۆنترۆڵبـکات و دەسـەڵات لـە بەغـدا بپارێزێت کە قەڵەمڕەوی خۆی لەسـەر هێڵـی موسـڵ- تکریـت- بەغـدا -روومـادی دانابـوو. ئێسـتا بنیاتـی جیۆپۆلیتیکـی

1 -کامەران احمد حمدامین، کوردستان لەنێوان ململانیی نێودەوڵەتی وناوچەیی 1890-1932، دەزگای چاپی سەردەم، سلێمانی، 2000.

2 -بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

- عمار شريف كاظم، الحدود العراقية- السورية ، رسالة ماجستير كلية الاداب قسم الجغرافيا جامعة بغداد، 2007.

عێراقی گۆڕدراوە و بە هێڵی بەغدا- نەجەف- بەسرە پێچەوانە بووە.[1] هەربۆیە موسڵ کەوتە پەراوێزی گوشاری بەغدا و بزووتنەوەی یاخیبوون تێیدا سەریهەڵدا. دواییش لەلایەن داعشەوە داگیرکرا و لە عێراق جیاکرایەوە و لەنێو دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی وەك پایتەختێکی لێهات.




نەخشەی ژمارە(3) ڕێککەوتننامەی سایکس پیکۆ

## سێیەم: ڕەهەندی جیۆسەربازی ئێستای شوێنکەوتەی نەینەوا

ئەم ناوچەیە لەڕووی سەربازییەوە ئامانجی ستراتیژی زۆری هەیە و جەنگی داعش سەلماندی کە چۆن دەتوانرێت لەم ناوچەیەوە دەیان ئامانجی سەربازی لە بەغداوە تاوەکو هەولێر و تاوەکو نزیك دێرەزۆر لە سووریاوە لێبدرێت. لەمێژوودا موسڵ چەنجار ڕووبەڕووی ئۆپەراسیۆنی سەربازی بووەتەوە. لە سەدەی حەوتی پێش زایینیدا لەلایەن هێزێکی هاوبەشی مادی - بابلی لە باشوور و لە ڕۆژهەڵاتەوە هێرشێك ئەنجامدرا و نەینەوای پێ رووخێندرا. لەدوای هێرشەکە مادەکان بۆ بەرژەوەندی

---

1 -جوان كول، رؤية تاريخية: من المسؤول عن سقوط الموصل؟ت: نون بوست، نونبوست /https://www.noonpost.net 2014/7/content/297314

بابلییەکان کشانەوە وهەموو دەستکەوتەکانیان لەدەستدا. دواى ئەوەش چەندین جار لە رۆژهەڵات و باشوور و باکوور و رۆژئاواوە لەشکرکێشی بۆئەو ناوچەیە کراوە. ئەم هەموو شاڵاوانە تائێستا لە ناو یادەوەری خەڵکی موسڵ کاریگەرییان ماوە. زۆربەی هەرە زۆری ئۆپەراسیۆنەکانی داگیرکردنی موسڵ خێرابوون و هۆکارەکەشی بۆ بەرگرینەکردنی ئەو هێزەی کە دەبووایە بەرگری بکردبایە و بەئاسانی بەجێیهێشتبوو بۆ هێزەکەی دیکە دەگەڕێتەوە.[1] بەڵام بەهەموو حاڵەتەکان ئەو جەنگەی لەموسڵ ئەنجامدراوە گۆڕانکاری ریشەیی لەهەموو ناوچەکە دروستکردووە.

| ز | هێزی هێرشبەر | ئاراستەی هێرش | ئامانج | ئەنجام | توانای بەرگری | کاریگەری |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | ماد + بابلیەکان | باشـــــــور- رۆژهەڵات | داگیرکردن | داگیرکردنی نەینەوا وروخاندنی دەوڵەتیئاشور | بەرگری زۆر کرا | ســـەردەمێکی نـــوێی دامەزراند |
| 2 | ئێرانیەکان | باشـــــــور- رۆژهەڵات | = | داگیرکردن نەینەوا | بەرگری کەم | = |
| 3 | یۆنـانی، ئەسـکەندەری مەقدۆنی | باکوری خۆرئاوا | = | داگیرکردنی ناوچەی نەینەوا | = | = |
| 4 | ئیسلامی عەرەبی | باشور | = | داگیرکردن | = | = |
| 5 | مەغول/ هۆلاکۆ | باشـــــــور- رۆژهەڵات | = | داگیرکردنی موسـڵ وسـەرجەم ناوچەکە | = | = |
| 6 | مەغول/تەیمورلـەنگ | رۆژهـــەڵات- باکور | = | داگیرکردنی سەرجەم ناوچەکە | = | = |
| 7 | عوسمانیەکان | باکور | = | داگیرکردنی سەرجەم ناوچەکە | = | = |
| 8 | ئێران نادر شاە | باشـــــــور- رۆژهەڵات | = | تێکـــشکاندنی هێرشـــبەران وکشانەوەیان | بەرگری زۆر کرا | قۆنـــاغێکی نـــوێی لەناوچەکە دامەزراند |
| 9 | بەریتانیا | باشـــــــور- رۆژهەڵات | = | داگیرکردنی ناوچەکە | بەرگری کەم | ســـەردەمێکی نـــوێی دامەزراند |
| 10 | ئەمریکا | باشور | = | داگیرکردنی عێراق | بێ بەرگری | = |
| 11 | داعش | باشوری خۆرئاوا | = | داگیرکردنی سەرجەم ناوچەکە | بێ بەرگری | = |
| 12 | هاوپـــــــەیمانی نێودەوڵەتی+عێراق | باشـــــــور- رۆژهەڵات | = | هێشتا نەهاتۆتەدی | ؟ | چـاوەروان دەکرێـت قۆنـــاغی نـــوێ دامەزرێنێت |

خشتەی ژمارە (1) ئەنجامی گرنگترین لەشکرکێشیەکانی سەر نەینەوا

## چوارەم: گرفتی جیۆسەربازی ئەم ناوچەیە

لەم ناوچەیە چەندین گرفتی سەربازی هەیە و ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ دوو هۆکاری

1 -جرترود بيل، احتلال الموصل عام 1918، ت: صلاح سليم علي، http://wwwallafblogspotcom.blogspot. html.1743-267/03/com/2010

سـەرەکی:
1.جیاکردنـەوەی لەگـەڵ ناوچەکانـی رۆژهەڵاتـی دیجلـە کـە قوڵایی جیۆسـتراتیژی سـەرەکین بـۆ موسـڵ چونکـە ئەمبـەر و ئەوبـەری دیجلـە یـەك هەرێمـن و یـەك یەکـەی ئۆرگانیـن و بـە جیاکردنەوەیـان لەیـەك، هـەردوولا لاواز دەبـن. بەبوونـی شۆڕشـی کوردسـتان ئـەم ناوچەیـە وەك بنکەیەکـی لێدانـی شۆڕشـی لێهـات. حکومەتـی عێـراق بۆگەرەنتیکردنـی ئـەم ناوچەیـە" دەسـتی بـە تەعریـب و دەرکردنـی دانیشـتوانە رەسـەنەکانی کـرد" بۆیە نەخشـەی دیمۆگرافـی بەتـەواوی گـۆڕا. بـە بڵاوبوونـەوەی هـزری توونـدڕەوی ئیسـلامی، ئـەم ناوچەیـە وەك هێڵـی گڕکانـی تیرۆریسـتانی قاعیـدە و دواتـر داعشـی لێهـات.
گرنگترین میحوەرەکانی ستراتیژیی سەربازی ئەم ناوچەیە بریتییە:
- موسـڵ- حەلـەب کـە میحوەرێکـە بەدرێژایـی نزیکـەی 200کـم و سـێ رێگـەی سـەرەکی هەیـە. یەکێکیـان رێگـەی موسـڵ- رەققەیـە[1] کـە 310 کـم درێـژە (ئێسـتا میحـوەری سـتراتیژیی داعشـە) و ئۆپەراسـیۆنی هاوپەیمانیـی نێودەوڵەتـی لەسـەر ئـەم میحـوەرە ئەنجامدەدرێـت. هێزەکانـی پێشـمەرگەی کوردسـتان لەسـەر ئـەم میحـوەرە زاڵـن، بۆیـە پێگەیەکـی جیۆسـتراتیژی گرنگیـان هەیـە. تورکیـاش بـە ناردنـی هێـز بـۆ جەرابلـوس ویسـتی باکـووری حەلـەب داگیربـکات بـۆ ئـەوەی بەشـێکی ئـەم میحـوەرە کۆنترۆڵبـکات و لـە باشـیك بنکـەی سـەربازی دانـا تاوەکـو لەپرۆسـەی گرتنـەوەی موسـڵ و بەدیهاتنـی ئاواتـە دێرینەکانـی رۆڵـی گرنـگ بگێڕێـت.
- بەغـدا -موسـڵ: لەنێوچـەی فەتحـە دەکرێـت بەرگـری پێشـڕەویەکانی ئـەم میحـورە بکرێـت. ئـەم میحـورەش410 کیلۆمەتـرە. ئەمریـکا لـە 2003 بـە فڕۆکـە هێـزی بۆگرتنـی گەیـارە وهەمـوو فڕۆکەخانەکانـی ناوچەکـە گواسـتەوە.[2] ئـەم ناوچەیـە بـە ناوچەکانـی دیکـە بەسـتراوەتەوە، بۆیـە جۆرێـك لەئاڵـۆزی دروسـتکردووە و لەکاتـی ململانـێ و گرفـت لەنێوچەیـەك، کێشـە لـە ناوچەکانـی دیکـەش دەردەکەوێـت. ئێـران بـۆ ئـەوەی خـۆی نزیکبکاتـەوە و کاریگـەری لەسـەر ئـەم میحـوەرە جیۆسـەربازیەی هەبێـت، بنکەی سـەربازی هەمەدانـی بـۆ رووسـیا کـردەوە تاوەکـو بەهێـزی ئاسـمانی، کاریگـەری لەسـەر ئـەم میحـورە دروسـتبکات. تورکیـاش 1300 سـەربازی بـۆ باشـیك نـاردووە و15000 میلیشـیای حەشـدی سـوننی ئامادەکـرد بـۆ ئـەوەی لەباکـوورەوە کاریگـەری لەسـەر ئـەم میحـوەرە هەبێـت.

---


١ -جامعة دفاع للدراسات العسكرية، سلسلة عروض الجغرافيا السياسية(الجغرافيا السياسية لمنطقة الحدود العراقية السورية)و (الجغرافيا السياسية للمثلث العراقي السوري التركي)، كلية الحرب ، بغداد، 2011.
2 -ليون هارد، عاصفة الصحراء، ت: سعدية الحسنية، الدار العربية للعلوم ناشرون، بيروت، 2005.

- بەغدا- کەرکووك- هەولێر- موسڵ: ئەم هێڵە لەبەرئەوەی شاری خورماتوو بەدەست پێشمەرگەوەیە لە پلانی جیۆسەربازی ئێستادا نییە و تەنیا بۆپشتیوانی لۆجستی بەکاردەهێنرێت.
- میحوەری- دیاربەکر- موسڵ: ئەم میحوەرە دوو ئاراستەی هەیە، ئاراستەیەکی لەنێو قامشلۆ بەرەو موسڵ دادەبەزێت و ئاراستەی دووەم لەگەڵ دۆڵی دیجلەوە بۆ موسڵ دەڕوات.
- چەندین میحوەری دیکە لە باکوور و رۆژهەڵات و رۆژئاواوە هەن. هەموو ئەو میحوەرانەش دوو سەرەن، واتە دەکرێت دەستپێکەکەیان لە موسڵیشەوە بێت.
2. بەشێوەیەکی گشتی گرفتی جیۆسەربازی موسڵ لە باشوور و باشووری رۆژئاوادایە، چونکە مەودایەکی کراوەی هەیە و تاوەکو رووباری فورات پاندەبێتەوە کە هەمیشە هەڕەشەی لەسەرە. باشترین هێڵی بەرگری لەنێوچەی جەزیرە بۆ هەڕەشەکانی باشوور، دەبێ لەسەر زنجیرە شاخی مەکحول لە ناوچەی فەتحە و حەمرین بێت. لەرۆژئاوا بەرگری گونجاو لە شەنگال و بەعاج دەبێت.[1] بەشێوەیەکی گشتی ناوچەی جەزیرەی موسڵ ناوچەیەکی زۆرلاوازە بۆ بەرگریکردن، بەڵام بۆ هێرشکردن بەتایبەت لەڕووی ئاسمانی وجوڵاندنی زریپۆش، بنکەیەکی گونجاوە. هەر بۆیە حکومەتی عێراق کاتی خۆی فیرقەی زریپۆشی لەوناوچەیە دانابوو. هەروەها چەندین بنکەی ئاسمانی وەك بنکەی گەیارە لەوێ دروستکردبوو.[2]


---

1 -فاضل حسين، مشكلة الموصل،ط2، مطبعة اسعد، بغداد، 1967.

2 -بروانة: عدنان عبدالجبارمحمد، تأثيرالعوامل الجيوبولتيكية للعراق على السوق العراقي،هيئة البحوث والدراسات السوقية،جامعة البكر للدراسات العسكرية العليا، 1989.




نەخشەی ژمارە(4) میحوەرە جیۆسەربازییەکانی سەر موسڵ




نەخشەی ژمارە(5) هێڵی کاریگەری جیۆستراتیژی لەسەر موسڵ

## پێنجەم: گرفتی گرتنەوەی موسڵ

### 1. گرفتی ناوخۆیی

بەڕێوبردنــی شــاری موســڵ لــە قۆناخــی داهاتــوو زۆر هەســتیارە چونکــە دەبێتــە خاڵــی وەرچەرخــان لەچارەنووســی ناوچەکــە و ئەگــەری هەڵگیرســاندنی جەنگــی تایفــی و نەتەوەیــی لەموســڵ لەئــارادا دەبێــت، چونکــە ژمارەیەکــی زۆر لــە کــورد و تورکــمان و مەســیحی ...تــاد، تووشــی زوڵــم و زۆر بوونــە و چاوەڕواندەکرێــت حاڵەتــی تۆڵەســەندنەوە دەرکەوێــت. دیــارە ئامانجــی سیاســی لایەنــەکان لــە گرتنــەوەی موســڵ دژ بەیەکــن، بۆیــە مەترســی زۆر لەئالۆزبوونــی دەرەنجامــەکان هەیــە. هەریــەك لــە لایەنــە عێراقییــەکان تێروانینــی جیۆپۆلیتیکــی تایبەتــی خۆیــان بــۆ موســڵ و دەوروبــەری هەیــە.[1] دۆخــی ناوخۆیی عێــراق زۆر خراپــە و هەرگیــز ناتوانرێــت کۆنترۆڵبکرێــت، بۆیــە حکومەتــی عێــراق هەمــوو تواناکانــی تەرخانــدەکات بــۆ ئــەوەی میللەتــی عێــراق رایەڵــە بــکات بــە تەواوبوونــی هەمــوو نەهامەتییــەکان دوای ئــەوەی موســڵ لەدەســت داعــش دەردەهێنرێــت. بۆیــە هەمــووی لــە چاوەڕوانــی ئــەو دۆخەدایــە.[2] لــە پرســی گرتنــەوەی موســڵدا تاڕادەیــەك هاوســەنگی لەدەســتدراوەو هەمــوو رێککەوتنــەکان جۆرێــك لــە دڵەڕاوکێیــان پێوەدیــارەو ئەگــەری هەڵوەشــانەوەیان زۆرە . بەتایبــەت زۆر لایــەن پابەنــدی رێککەوتنــە مێژووییەکانــی خۆیــان نەبــوون.

### 2. گرفتە دەرەکییەکان

عێراقییــەکان دەزانــن کــە ناتوانــن بەبــێ یارمەتــی، موســڵ بگرنــەوە.[3] دەشــزانن بەهــۆی گرنگــی ســتراتیژی و ســەربازی و جوگرافییەوەیــە، بایەخــی جەنگــی موســڵ زۆرە بــۆ زلهێــزەکان. هەروەهــا بەئــاگان لــەوەی هەمــوو دەوڵەتانــی هەرێمــی چاویــان لەســەر موســڵە و خۆشــیان وەك ئەوانیدیکــە رەفتــار دەکــەن . بەوشــێوەیەش چاوەڕواناکرێــت

---

1 -المحرر، الجيش العراقي قرب الموصل. استعجال معركة الموصل .. بين التخطيط العسكري ومبررات ابعاد الحشد؟2016/06/20 انطلاق معركة تحريرالموصل واجماع على ضرورة عدم مشاركة الحشد، الخلاصة،2016/06/15 6:36 http://www.alkulasa.net/ / /artical/1994

2 -د. أحمد الميالي،هوا جسال مشهد السياسي العراقي.. بين آفاق الحلو مأزق الانسداد 16-7-2016-5-24 http://mcsr.net/ news148

3 -ليزدوسيت كبيرة المراسلين الدوليين- بيبيسي، العراق بحاجة لمزيد من المساعدة قبل معركة الموصل، مركزالرافدين للدراسات والبحوث الإستراتيجية، 21-07-2016 11:46 مساء http://www.alrafedein.com/news.php?action=view&id=10014

موسڵ ئاینده‌یه‌كی پرشنگداری هه‌بێت و رزگاركردنیشی، ئه‌م شاره‌ پڕده‌كات له‌ ئاڵۆزی . هه‌موو لایه‌نه‌كان هه‌وڵده‌ده‌ن دوای رزگاركردنی، رۆڵێكیان له‌نێو موسڵ هه‌بێت.[1] هه‌موو هێزه‌ هه‌رێمییه‌كانی رۆژهه‌ڵاتی نێوه‌ڕاست راسته‌وخۆ یان ناڕاسته‌وخۆ به‌شداری له‌م جه‌نگه‌دا ده‌كه‌ن. ئێران له‌ دامه‌زراندنی پێگه‌یه‌ك بۆ هاوپه‌یمانه‌كانی له‌نێوچه‌ی موسڵدا مه‌به‌ستی جیۆستراتیژی هه‌یه‌ بۆ ئه‌وه‌ی بتوانێ له‌ رێگه‌ی ئه‌وانه‌وه‌ توانای ئه‌وه‌ی هه‌بێت كاریگه‌ری هه‌بێت له‌ هاوكێشه‌ ستراتیژیه‌كاندا . توركیاش به‌هه‌مان شێوه‌ كارده‌كات . هێزه‌ نێوده‌وڵه‌تییه‌كان راسته‌وخۆ له‌لایه‌ن هاوپه‌یمانه‌ لۆكاڵییه‌كانیان، یان ناڕاسته‌وخۆ له‌ رێگه‌ی هاوپه‌یمانه‌ هه‌رێمییه‌كانیان پێگه‌یه‌ك بۆ خۆیان له‌نێوچه‌كه‌ داده‌مه‌زرێنن. ئه‌مریكا به‌چه‌ند ئامرازێك له‌نێوچه‌كه‌ كارده‌كات و هێزی سه‌ربازی و هاوپه‌یمانی لۆكاڵی و هاوپه‌یمانی هه‌رێمیی هه‌یه‌، بۆیه‌ توانای كاریگه‌ری له‌هه‌موو لایه‌نه‌كان زۆرتره‌.

## شه‌شه‌م: مه‌به‌ستی جیۆستراتیژی حكومه‌تی عێراق له‌ رزگاركردنی موسڵ

حكومه‌تی عێراق دوای گرتنی گه‌یاره‌ به‌ره‌و شۆره‌ و شه‌رگات و حه‌زه‌ر هێرشیكرد، تاوه‌كو له‌وێوه‌ ته‌له‌عفه‌ری گرت . چونكه‌ ته‌له‌عفه‌ر بۆ گه‌مارۆدانی موسڵ زۆر گرنگبوو. داعشییه‌كانیش هه‌وڵیاندا بۆ قۆناخی داهاتوو خۆیان له‌نێو بیابان قایم بكه‌ن.[2] له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌شدا ئه‌مریكا پێیباشبوو به‌پێی بڕوای سه‌ربازی خۆیان "له‌ گه‌یاره‌وه‌ راسته‌وخۆ هێرشبكرێته‌ سه‌ر موسڵ و له‌نێو موسڵ جه‌نگێكی خێرا ئه‌نجامبدرێت و داعشی پێته‌فروتونا بكرێت و شاره‌كه‌ رزگار بكرێت. به‌وشێوه‌یه‌ش هێڵی سه‌ره‌كی هێر، هێڵی هێرشكردن له‌ باكووری به‌غدا به‌ره‌و سامه‌ڕا ، دواتریش به‌ره‌و تكریت وبه‌له‌د وعه‌له‌م و بێجی و زنجیره‌ شاخه‌كانی حه‌مرین ومكحول ده‌ستیپێكرد و هه‌ر له‌باشووره‌وه‌ چوار هێڵی رووبه‌ڕووبوونه‌وه‌ی بۆ ئابڵوقه‌دانی گه‌یاره‌ كرده‌وه‌ تاوه‌كو به‌قسه‌ی خۆیان موسڵ رزگار بكه‌ن "[3]. له‌ كاتێكدا رۆژهه‌ڵات و باشووری رۆژهه‌ڵاتی

---

1 -جميل مطر، معركة الموصل: صراع معلن بين تركيا وإيران، 2016/8/15 في المركزالاعلامي. عبدالجبارالجبوري، الصراع الدولي والاقليمي في معركة الموصل، 28/8/ 2016 - 3:29 مhttp://www.iraqakhbar.com/writings/46080.html

2 -غسان شربل» استراتيجية المواجهة الجديدة لتنظيم الدولة الاسلامية في العراق | |http://www.alqishlah.com/?p=1081

3 -اميرالخفاجي، تحريرالقيارة لها بعاد استراتيجية علي معركة الموصل الحاسمة، بغداد /http://www.mesopot.com/old htm44.9/adad13

گەیارە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی داعشە و شاری گرنگی وەك حەویجە و ریاز و عەباسی،[1] لەخۆ دەگرێت، عێراقییەکان دەیانویست هاوشێوەی داعش هێرشبکەنە سەر موسڵ و لە باشوور و رۆژئاواوە دەستیپێبکەن، چونکە ئەوان باس لەوە دەکەن کە عێراق دوو تابلۆی جیۆپۆلیتیکی هەیە و "ئەمەش ئەوە دەردەخات کە لەگەڵ داعشیەکان یەك ئاراستەی جیۆپۆلیتیکیان هەیە".

1. تابلۆی عێراقی کە لە باشوورەوە بەرەو باکوور پێشڕەوی دەکات و دەڵێن ئەم هێڵە تاوەکو هێڵی بروکسل ناوەستێت.

2. تابلۆی باکوور کە لەباکوورە بەرەو باشوور ئاراستە دەبێت . ئەم هێڵەش لای ئەوان تەمەنی کورتە ناویان لێناوە هێڵی کورد، کە دەیانەوێت وڵاتی خۆیان لە عێراق جیابکەنەوە.

1 -شونم عبدالله، مقابلة مع عبدالجبارالجبوري حول تحرير قيارة، رووداو، أربيل2016/7/3،www.rudaw.com




نەخشەی ژمارە (6)ئاراستە جیۆسەربازیەکانی سەر بەغدا لەباکوورەوە بەپێی هزری سەربازی عێراقی

بەوشـێوەیەش عێراقییـەکان متمانەیـان بـە کـورد نییـە، چونکـە تابلـۆی دووەم لای ئـەوان زۆر مەترسـیدارە و بـۆ شـێواندنی کار دەکـەن . بـۆ ئـەم مەبەسـتە رەنگـە لەشکرکێشـی ئەنجامبـدەن و کوردسـتان داگیـر بکـەن. لەوانەیـە دەسـت بـە هاندانـی شـۆڤینییەکان دژی کـورد بکـەن و موسـڵ وەك سـەنتەرێك بـۆ دژایەتیکردنـی بزووتنـەوەی کـوردی لێبکـەن[1] . تاوەکـو هەرگیـز لەنێـوان رۆژهـەڵات و رۆژئـاوای دیجلـەدا یەکگرتنێـك روونـەدات. چونکـە ئەگـەر ئەمـە رووبـدات، تابلـۆی جیۆپۆلیتیکـی باکـوور روونده‌بێتـەوە و ئـەوکات ناوچەکـە لەدەسـتدەدەن . هـەر بۆیـە حکومەتـی عێـراق دژی کـورد پشـتیوانی عەشـیرەتە

1 -عبدالمنعمال اعسم، موصل منغير اكراد.. شوفينية محسنة،6 /6/ 2016،العدد .154528616http://gilgamish.org/printarticle.php?id=1

عەرەبییـەکان دەکات و هانـی ئێـزدی و شـەبەك و ئاشـوورییەکان دەدات دژی کـورد بـن و پشـتیوانی PKK دەکات تەنیـا بـۆ ئـەوەی حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان نەتوانـێ لـە رۆژئـاوای دیجلـە و لەنێوچـەی جەزیـرەی موسـڵ هەژموونـی هەبێـت[1]. هەمـوو ئامـاژەکان نیشـاندەدەن کـە دوای پرۆسـەی رزگاری موسـڵ راسـتەوخۆ حکومەتـی عێـراق شـاڵاوێکی دڕندانـە دژی کوردسـتان ئەنجامـدەدات بـۆ ئـەوەی کوردسـتان بـۆ نـاو سـنووری ( ئۆتۆنۆمـی 1974) پاڵپێوەبنێـت [2]. دواتـر کوردسـتان بـۆ دوو زۆنـی لاواز لەتبـکات ، تاوەکـو داوای کەرکـووك و موسـڵ نەکـەن.[3] بۆئـەم مەبەسـتەش حکومەتـی عێـراق پەنـای بردووەتـە بـەر بەمیلیشـیاکردنی پێکهاتەکانـی عێـراق لـەو ناوچەیـە ودەیەوێـت لـەو رێگەیـەوە هەڕەشـە لـە کوردسـتان بـکات و ئابڵوقەیەکـی سـەربازی و ئەمنـی لەسـەردابنێت.[4] هەربۆیـە زۆر سـوورن لـە بەشـداری حەشـدی شـەعبی موسـڵ و دواتـر جێگیرکردنیـان لـەو ناوچەیـە. [5]لەبەرامبەریشـدا زۆر بـە پێشـڕەوییەکانی پێشـمەرگە دڵگـران دەبـن و کاری تـەواو بـۆ لاوازکردنـی هێـزی پێشـمەرگە دەکـەن[6] و دەیانـەوێ ئۆپەراسـیۆنی موسـڵ و ئـەو تەنازولاتەی بـۆ ئەمریـکا دەیکـەن، بیقۆزنـەوە بۆئـەوەی داوابکـەن دەسـتکاری نەخشـەکانی سـایکس پیکـۆ نەکرێـت.[7] ئـەوەی سـەیرە، لایەنـە عێراقییـەکان هەڕەشـەی هەڵگیرسـاندنی جەنـگ دژی کوردسـتان لـە دوای تەواوبوونـی قۆناخـی داعـش دەکـەن تاوەکـو دانیشـتووانی عێـراق ئامادەیـی دەروونییـان بـۆ حەتمیبوونـی هەڵگیرسـانی ئـەو جەنگـە هەبێـت کـە دەبـێ دژی کـورد بکرێـت. بەمـەش بەڕوونـی دەردەکەوێـت کـە عێـراق خـۆی بـۆ جەنـگ دژی کـورد ئامـادە دەکات و هەمووشـیان موسـڵ وەك بیانـوو بەکاردەهێنـن. هەڕەشـەکانی عەبـادی لـە پێشـڕەویەکانی پێشـمەرگە بـەرەو ناوچەکانـی شـەبەك لـە نزیـك موسـڵ باشـترین

---

1 -نزارحاتم، کرکوك والموصل برزخ بين فريقين.. وإيران تحذر، القبس، بـغـداد 2008/01/19 12:00 http://archive.alqabas.com/Articles.aspx?ArticleIDr=1

2 -سنوری حکم زاتی 1974 ئەو ناوچانەدەگرێتەوە کە رژێمی صدام حسین بە کوردنشینی هەژمارکرد، سەرکردایەتی شۆرشی کوردستان ئەو کاتە رەتی کردەوە وجەنگی 1974-1975 هەڵگیرسا وبەپیلانێکی نیودەوڵەتی شۆڕش تووشی نسکۆ بوو. ئەو سنورە سەپێندرا کە نزیکەی 35% خاکی کوردستانی عێراق دەگرێتەوە. ئەوەی بەدیدەکرێت ئەوەیە کە لە دەسەڵاتدارانی عێراق دەیانەوێت هەمان پلان بەسەر کورد بسەپێننەوە.

3 -باسم عبد عون فاضل، سيناريوهات تحريرمدينة الموصل: قراءة استشرافية http://non14.net/68668


4 -الوسوم :اشتون کارترالعراق معرکة الموصل، وحدة الدراسات العراقية، مرکزالروابط للبحوث والدراسات الاستراتيجية، http://rawabetcenter.com/archives/29545

5 -معرکةالموصل وصراعإ حکام النفوذعلى العراق، 20 /2016/7 w.middle-east-online.com/?id=229820

6 -المليشيات المسلحة واستقرارالعراق، 8 أغسطس،2016 http://fk-news.com/34059.html

7 -مسلم عباس، معرکة الموصل والرغبة الجماعية بتجميد تحديثا تسايکس بيکو 2016-05-17http://annabaa.org/arabic/analyses/6389

نموونەیە. وەك ئەوەیە دەڵێ ئێوە چاوەڕێبکەن تاوەکو ئێمە دێین داعش دەردەکەین دوایش هێرشدەکەینە سەرتان.[1]




نەخشەی ژمارە(7)ئاراستەکانی ناوچەی فڕینی سەربازی کە تێیدا ئاراستەی هەمەدان - ڕەققە لەگەڵ بە ناوندگرتنی گەیارە دەردەکەوێت.

## حەوتەم: جیۆستراتیژیی ئەمریکا لە ئۆپەراسیۆنی گرتنەوەی موسڵدا

پلانی جۆی فۆتێل ڕەهەندێکی نێودەوڵەتی هەیە ، چونکە بڕیاری جەنگی گرتنەوەی موسڵ بڕیارێکی نێودەوڵەتییە کە لەلایەن ئەمریکاوە سەرکردایەتی دەکرێت .[2] بۆئەم

1 -د. علي فارس حميد، معركة الموصل. محطة التوازن الأخيرة، صحيفة العرب اللندنية 22-4-2016http://mcsr.net/news144

2 -عمرسلمان، تحريرالموصل: أكبرمنكونها معركةhttps://www.noonpost.net/content/13380

مەبەستەش چەندین کۆبوونەوەی نێودەوڵەتی بۆ دیاریکردنی چارەنووسی موسڵ ئەنجامدران.[1] ئەوە دوو ساڵە ئەمریکا بۆ لاوازکردنی بەرگری داعش و کوشتنی ئەو سەرکردانەی کە دەتوانن بەرگری سەختبکەن ، گورزی ئاسمانی دەوەشێنێت و گەمارۆ لەسەر داعش توندتر دەکات . ئەفسەر و جەنگاوەری خۆی لە بنکەی بێل لە مەخموور و لە بەنداوی موسڵ و گەیارە و هەریر جێگیرکردووە و چەندین جۆری چەکی تازەی ناردووە و لەڕووی مەشق و پلانەوە ئامادەیی بەهێزی کردووە و کەناڵی راگەیاندنی تەلەڤزیۆنی حەدبای داناوە تاوەکو پڕوپاگەندەی جەنگ بکات. راوێژکارەکانی ئەمریکا بۆ ماوەی دوو ساڵە پلانی داگیرکردنی موسڵ ئامادە دەکەن و ئەمریکا لە سەرکردایەتیکردنی جەنگی موسڵدا زۆر جدییە . هەر خۆیشی دواتر دەستکەوتەکان بەسەر هاوپەیمانەکانیدا دابەشدەکات.[2] ئەمریکا بەنیازە گەورەترین بنکەی سەربازی خۆی لە هیلالی خەسیب لەگەیارە دامەزرێنێت. [3]ئەمریکییەکان پێیانوایە گرتنەوەی موسڵ ئاسان نییە، ئەمەش نەك لەبەرئەوەی داعش توانای بەرگری هەیە، بەڵکو بەهۆی ئاڵۆزی دەرەنجامی ئەو جەنگە لەسەر هەموو لایەنەکان.[4] هەر بۆیە ئەمریکا و رووسیاش لەسەر میحوەری موسڵ - رەققە پشتیوانی سەرەکییان بۆ هێزی سەربازی فەرمی ئەو وڵاتانەیە تاوەکو ئەجیندای لایەنەکانی دیکە کە بە هێزە هەرێمییەکان بەستراونەتەوە ، جێبەجێ نەبێت. هێزەکانی عێراق بەپشتیوانی ئەمریکا 50کم لە موسڵ دوورن و لەهەمانکاتیشدا هێزەکانی سووریا بەپشتیوانی رووسیا 50کم لە رەققە دوورن. لەگەل ئەوەشدا ئەمریکا پشتیوانی هێزەکانی سوننە و هێزی پێشمەرگەش دەکات و مەشق و راهێنان و پشتیوانی دارایی و لۆجستیان بۆ دەکات . دوای گرتنەوەی موسڵ، ئەمریکا لەنێوچەکە توانایەکی بەهێزی دەبێت و رەنگە هەڵوێستی بەرامبەر سووریا بگۆڕێت، چونکە دەتوانێ لە بنکەی گەیارەوە گورز لە سووریا بوەشێنێت و هێڵی پەیوەندی ئاسمانی نێوان ئێران و سووریا بپچڕێنێت، یاخود ئەم بنکەیە بکاتە

---

1 -رادیوسوا، دول التحالف تجتمع لبحث تحضیرات معركة الموصل.http://www.alhurra.com/a/iraq-us-anti-isis-/315531 2016/6/html19

2 -الجبوري، هل یهزم داعش في معركة الموصل،27 /2016/3، https://www.kitabat.com/ar/print/73471.php

3 -بنکەی سەربازی گەیارە گەورەترین بنکەی سەربازی بووە لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەحەفتاکان دروستکراوە. لەناوەراستی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە و لەرووی جوگرافی لەناوەندی ناوچەی شارێیە لەنێوەندی نیوان دەریاری سپی وکەنداو ودەریاری رەشدایە، جگە لەوەش لەرووی قایمی وتوندوتۆڵی هێڵەکانی بەرگرییەی یەکێکە لەبەهێزترین بنکەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست. لەماوەی 35 ساڵ عێراق ئەوبنکەیە بەرفراواندەکات ودەیان عەمبار و ژووی سەرکردایەتی وژێرخانی لەژێرعەرزبۆداناوە.عبدالامیر رویح، تحریر مدینة الموصل.. معركة و توقعات2053 02https://telegram.me/nabaa_news-2016

4 -النهرین، لماذا الإنتصارفي الموصل لایحل معضلة العراق بالنسبة لأمریكا 17 /8/ 2016، http://www.alnahrain.iq/?p=3116

سـەربازگەیەك دژی ئێـران و، پێویسـتییەکەی بـە تورکیـا کەمبێـت.
پێشـبینیدەکرێت بـە گرتنـەوەی موسـڵ، پێویسـتی و پەنـای ئەمریـکا بـە کـورد کەمبێتـەوە و ئـەوکات لـە هەڵوێسـتێکی نێوەنـد لەنێـوان لایەنـەکان بوەسـتێت و سـەروەری دەوڵەتـی عێـراق بـە پێـوەر بگرێـت ، ئەمـەش وادەکات کوردسـتان هەسـت بەپەراوێزخـراوی بـکات .
ئەمریـکا دەبێتـە خـاوەن بنکەیەکـی سـەربازی بەهێـز لـە باکووری ڕۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت و ئـەوکات تواناکانـی بۆپشـتیوانیکردن و رایەڵەکردنـی دانیشـتووانی ناوچـەی جەزیـرەی موسـڵ دەچێـت بۆئـەوەی هەڕەشـە لەسـەر ئـەو بنکەیـە دروسـتنەکەن و بۆئیشـوکاری پەیوەندیـدار بـەو بنکەیـە سـوودیان لێوەربگرێـت. بەوشـێوەیەش گرنگیـی جیۆسـتراتیژی موسـڵ زۆر زیـاد دەکات و ڕەنگـە شۆڤینیسـتەکان ئـەم دەرفەتـە بـۆ بەدەسـتهێنانی پشـتیوانی ئەمریکـی بـۆ لێدانـی کـورد بقۆزنـەوە. بـەڵام ئەمریـکا لانیکـەم بـۆ عێراقێکـی ئاینـدە دەیەوێـت سیسـتەمی فیدراڵـی لەهەمـوو عێـراق بەرجەسـتە ببێـت.




نەخشەی ژمارە(8) هێڵی جیۆستراتیژی بنکەی گەیارە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست

## هەشتەم: سناریۆکانی داعش لەموسڵ

داعــش وەك هێزێکــی تیرۆریســتی تۆقێنــەر، خــاوەن پێگــەی ســتراتیژی خــۆی بــووە. کاریکــردووە بــۆ دامەزراندنــی دەوڵەتێکــی ئیســلامی کــە ســنوورەکانی هەمــوو جیهانــی ئیســلامی بگرێتــەوە. ئــەم ڕێکخــراوە وەك هەوڵێــك بــۆ زیندووکردنــەوەی ســەردەمی خیلافەتــی ئیســلامی، کــە لەســەردەمی نێوەڕاســتدا دروســتبوو، ســەیردەکرێت. ئــەم هێــزە تۆقێنــەرە، جەنگێکــی گشــتگیری ڕاگەیانــدن دژی هەمــوو هێزێــك دەکات کــە ڕێگــری بــۆ جێبەجێکردنــی ئاواتەکانــی دروســتدەکات.[1] بۆیــە هەرگیــز گرتنــەوەی موســڵ کۆتایــی بەداعــش ناهێنێــت، بەڵکــو وەك جــاران دەیگەڕێنێتــەوە بــۆ ڕێکخراوێکــی تیرۆریســتی و توانــای ئەنجامدانــی تیــرۆر هــەر دەمێنێــت و جەنگــی پارتیزانــی ئەنجامــدەدات ، چونکــە:

1. بیروبــاوەری داعــش هێشــتا مــاوە و توانــای دروســتکردنی لایەنگیــری هەیــە و پشــتیوانی هەرێمــی و نێودەوڵەتــی لەئاســتی کەســایەتی و ڕێکخــراوی ئیســلامیدا هەیــە.
2. داعــش و چەندیــن ڕێکخــراوی تیرۆریســتی دیکــە توانــای بەردەوامیــان هەیــە، چونکــە هــۆی بوونیــان وابەســتە نەبــووە بەجوگرافیایەکــەوە، بەڵکــو بەتێپەڕاندنــی حوکمــی جوگرافیــا بــووە و ئــەم توانایەشــیان هەرمــاوە،[2] چونکــە:

- ناوچــەی ســەربازی راســتەوخۆیان هەیــە. هەندێــك لــەو ناوچانە ئاشــکران و هەندێکیشــیان نهێنێن .
- شــانەی چالاکیــان هەیــە و توانــای ئەنجامدانــی کاری تیرۆریســتیان لــە ناوچــە جیاجیــاکان هەیــە.
- شانەی نوستوویان هەیە کە مەترسییەکانیان زۆر کوشندەن.
- دەزگای هەواڵگرییان هەیە.
- دەزگای ڕێکخســتن ودارایــی و راگەیاندنــی جۆراوجــۆر، تەنانــەت پارتی سیاســی و ڕێکخراوی مەدەنیشــیان هەیە.
- ناوچەی فەرمانڕەواییان هەیە کە تێیدا دەسەڵاتی ڕاستەوخۆ بەکاردەهێنن.

هەرچەنــدە ئــەم ڕێکخراوانــە وەك دەوڵەتــن، بــەڵام دەوڵــەت نیــن و بــە داگیرکردنــی

1 -بۆ زانیاری زیاتر لەسەر داعش بڕوانە::
- ابي بكر ناجي، ادارة التوحش اخطر مرحلة ستمر بها الامة، مركز الدراسات والبحوث الاسلامية، د.ن.د.ت.

2 -بشيرالوندي، مخاطرمعركةالموصلبينالتكتيكوالاستراتيجية، براثا، 2015-02- 25http://burathanews.com/arabic/ articles/260078

پایتەختەکەیـان کۆتاییـان پێنایـەت و نارووخێـن، بەڵکـو ئاسـت و جـۆری چالاکییەکانیـان دەگۆڕدرێـت. بزووتنـەوەی تاڵیبـان ودەوڵەتەکـەی باشـترین نموونەبـوون. کاتێـك دەوڵەتەکەیـان رووخـا ، گەڕانـەوە بـۆ دۆخـی یەکەمیـان وتوانییـان تائێسـتا بەردەوامـبن و لـە هەمـوو ئاسـتەکان بوونیـان هەیـە (ناوچـەی فەرمانڕەوایـی، ناوچـەی سـەربازی، شـانەی چـالاك و نوسـتوو، دەزگای هەواڵگـری، دەزگای سیاسـی و ئیعلامـی و دارایـی و کۆمەڵایەتی). هەنـدێ سـەرچاوە بـاس لـە ئەگـەری کشـانەوەی داعـش لەنێـو موسـڵ دەکـەن . هەڵبـەت بـەر لـەوە، لەژێـر ناونیشـانی بەرگـری کەرامـەت هەنـدێ بەرگـری دەکـەن. ئـەم گریمانەیـە لـەوە سـەرچاوە دەگرێـت کـە داوودەزگاکانـی داعـش هەمـوو هەنگاوەکانـی جێبەجێکردنـی شـەرعیان لەنێـو موسـڵ پەسـتاندووە و بانگەوازیشـیان لەنێـو خەڵـك کـردووە کـە دەبـێ پشـتیوانی حکومەتـی عێـراق نەکـەن ، ئەگینـا دەیانکـوژن وەك چـۆن پیشـتر ئـەو جـۆرە کارەیـان کـردوون. بەخەڵکیـان گوتـووە ئـەوان دەکشـێنەوە بـۆ نـاو بیابـان و بەشـاراوەیی دەمێننـەوە و دەتوانـن دژی کافـر و مورتـەدەکان بجەنگـن. داعـش لـە فەلوجـە و گەیـارە و ئەنبـار سـەرەرای بەرگرییەکـی زۆر، هێـزە سـەرەکییەکەی کشـاندەوە. ئەمـە ئەگـەر بەپێـی ئەزموونـی مێـژووی ئیسـلامی شـیکاری بـۆ بکەیـن". دەبینیـن داعـش وەك سـوپا ئیسـلامییەکانی پێشـتر دەجوڵێتـەوە کـە کاتێـك زانیویانـە دەیدۆڕێنـن کشـاونەتەوە. ئەگـەر هەیـە داعـش بکشـێتەوە بۆئـەوەی خەڵکـی موسـڵ رووبـەڕووی شـیعەکان بکەنـەوە[1]. یـان لایەنـی کـەم موشـاغەلە و ئیسـتینزافێکی زۆری هێـزی هێرشـبەر بـکات.

1 -سربازيوسف،مقربون منتنظيم الدولةالإسلامية: سننسح بمنال موصل ويأتي ‹الروافض›منبعدنا أخباردولية. اربيل، //:http 14/02/2016/02/aranews.org/2016

| ز | ناوچەی بەریەککەوتن | ئاستی بەرگری | یارمەتی بەرگریکاران | کشانەوە |
|---|---|---|---|---|
| 1 | سامەڕا وتکریت | ئیستنزاف - موشاغلە | داعش یارمەتی نەنارد بۆ جەنگاوەرەکانی کە بەرگرییان دەکرد | کشانەوەی هێزی سەرەکی لەبەرگریپاش جەنگی بەرگری |
| 2 | ئامرلی | ئابڵوقەدان - ئیستنزاف | یارمەتی هێزی هێرشبەریان نەدا | کشانەوەپاش جەنگ |
| 3 | جەلەولا وقزرەباد | ئیستنزاف - موشاغلە | یارمەتی هێزی بەرگرییان نەدا | = |
| 4 | حەمرین | = | = | = |
| 5 | شەنگال و زومار | ئیستنزاف | = | = |
| 6 | ئەنبار وفەلوجە | ئیستنزاف وموشاغلە | = | = |
| 7 | گەیارە وخالدیەشەرگات | = | = | = |
| 8 | میحوەریگوێر وباشیك مخمور | = | هێزی هێرشبەر هەمیشە نوێ دەکرێتەوە | = |
| 9 | جرف الصخر | = | هێزی بەرگرییارمەتی نەدرا | = |
| 10 | کۆبانی وگرێسپی تەدمور | = | = | = |
| 11 | منبەج | = | = | = |
| 12 | جەرابلوس | راکێشان | = | کشانەوە بەبێ جەنگ |
| 13 | موسڵ | ؟؟ | ؟؟ | ؟؟ |

خشتەی ژمارە (2) رەفتاری جیۆسەربازی داعش لە هەندێ رووبەڕووبوونەوەدا

داعــش تائێســتا جەنگــی یەکلاییکــەرەوەی نەکــردووە و رەنگــە هــەر نەیــکات، چونکــە بەپێــی دەقــە ئایینیــەکان کار دەکات . ئەویــش دەبــێ دووژمنەکانــی بــەرەو ئــەو جەنگــە یەکلاییکەرەوەیــە رابکێشــێت کــە لــە دەقــە پیرۆزەکانــی خۆیانــدا باســکراوە. ئــەو جەنگانەش کــە دەیــکات تەنیا بــۆ لاوازکردنــی توانــای دووژمنەکانیەتــی.[1] بۆیــە پێشــبینیدەکرێت داعــش بــە چەندیــن گۆڕانکاریــەوە لــەڕووی ئەزمــوون و توانــا و شــارەزایی دارایــی و ئیدارییــەوە خــۆی بــۆ گەڕانــەوە بــۆ دۆخــی جارانــی ئامــادە بــکات. جگــە لــەوەش لــەو ماوەیــەی کــە دەوڵەتەکەیــان دامەزراندبــوو، دانیشــتووانی ناوچەکــە باشــتر و لەنزیکــەوە داعشــیان ناســی و ئەندامانــی ئــەو رێکخــراوە بەبــێ وچــان کاریــان بــۆ دروســتکردنی لایەنگیــر و رێکخســتنی کەســانی ســەر بەخۆیــان کــردووە و شــانەی جۆراوجۆریــان دامەزرانــدوون. ســەدان و هەزاران خێزانــی عەرەبــی دانیشــتووی بیابانەکانــی نێــوان عێــراق و ســووریا و شــارە ســوونیەکان خوێنیــان تێکەڵــی نێــو مێــژووی ئــەم رێکخــراوە بــووە. جگــە لــەوەش داعــش پێــش ئــەوەی خیلافــەت دابمەزرێنێــت بەچەندیــن ســاڵ تیۆرســازیی بــۆ هەنــگاوە ســتراتیژییەکانی کــردووە. تەنانــەت بەشــێوەیەك تیــۆری بــۆ دۆڕاندنیــان لــە جەنــگ دروســتکراوە کــە هەمــووی لــە

1 -بۆ زانیاری زیاتر لەسەر جەنگی کۆتایی بڕوانە:

-هشام الهاشمي، عالم داعش، دار الحکمة، لندن، 2015.

قازانجـی پـڕۆژەی ئیسـلامیدایە. داعـش لەمـاوەی رابـردوودا لـە سـێ کیشـوەر شـانەی نوسـتووی دانـاوە و لەبەرئـەوەی هەمـوو جیهـان جەنگـی دژی داعـش راگەیانـدووە، توانیویەتـی دەنگـی ناڕەزایـی دژی سیسـتمی جیهانـی بـۆ لای خـۆی رابکێشـێت و خـۆی بکاتـە لایەنـی شـەرعی ئایینـی ئیسـلام. تۆڕێکـی بەرفراوانـی لـە رێکخسـتن و لایەنگیـر هەیـە کـە هەموویـان باوەریـان بـە جەنگـی کۆتایـی لەنێـوان جیهانـی کوفـر و جیهانـی ئیسـلامی هەیـە، بۆیـە بـەو رووخاندنانـەی کـە لـە موسـڵ تووشـیان دەبێـت زۆر کاریگـەر نابـن.

بـەڵام لەبەرامبـەردا گریمانەیەکـی دیکـە هەیـە، بـاس لـەوەدەکات کـە لەبـەر چەندیـن هـۆی خـودی و ئایینـی و ئایینزایـی و نێودەوڵەتـی، داعـش لـە موسـڵ بەرگرییەکـی بێوێنـە دەکات. داعـش پێویسـتی بـە بەرگرییەکـی زۆر لەنێـو موسـڵ هەیـە بـۆ ئـەوەی بتوانـێ زۆرتریـن نێوبانگـی لەمـاوەی رووماڵکردنـی جەنگەکـەدا بڵاوبێتـەوە. بەهەمانشـێوە داعـش ناتوانـێ لـە کاریگـەری جیهانـی خـۆی بەدووربگرێـت ، چونکـە خـۆی بەزلهێزێکـی جیهانـی هەژمـاردەکات و هەمـوو هەنگاوەکانـی بۆئـەو مەبەسـتەش دادەڕێژێـت. گریمانەیەکـی دیکـەش دەکرێـت کـە رەنگـە داعشـییەکان هاوشـێوەی رێککەوتنیـان لەگـەڵ تورکیـا لـە جەرابلـوس، لەگـەڵ ئەمریـکا بۆیەکلاییکردنـەوەی چارەنووسـی داعشـە بیانییـەکان وخێزانەکانیـان رێککەوتنێـك بکـەن.

## نۆیەم: ئۆپەراسیۆنی گرتنەوەی موسڵ و گرفتی یاخیبوونی سوونەکان

سـوونەکان لەدۆخێکـی زۆر خـراپ و هەسـتیاردان و کێشـە ناوخۆییەکانیان بە ئاراسـتەیەکی خـراپ هەڵاوسـاوە. چەندیـن گرووپـی یاخیبـووی سـوونە مەزهـەب هـەن کـە خۆیـان ماتـداوە و چاوەڕوانـی قۆناخـی دوای داعـش دەکـەن بـۆ ئـەوەی وەك جـاران چـالاك ببنەوە. بوونـی هاوپەیمانـی نێودەوڵەتـی دژی داعـش، هیـوای سـەرکەوتن و توانـای سـوونەکانی دژی نەیارەکانیـان بەهێزکردووەتـەوە ، چونکـە ئـەوان دەڵێـن گـورزی ئاسـمانی و چەندیـن دەوڵـەت، ئینجـا توانیویانـە شکسـتیان پێبێنـن ئەگەرنـا نەیـارە راسـتەوخۆکانیان هیچیـان پێناکرێـت. بەوشـێوەیەش خۆیـان بـۆ جەولەیەکـی دیکـەی ململانـێ ئامـادە دەکەن کـە تێیدا بتوانـن ئەمریـکا بێلایـەن بکـەن و هاوپەیمانـی جیهانـی ئیسـلامی سـوونە بەدەسـتبێنن. عەرەبـی سـوونە ئەجێنـدای جۆراوجـۆری بـۆ دارشـتنەوەی ناوچەکـە هەیـە و بەتەنیـا

سـایکس پیکـۆ ناپارێـزن[1]. سـەرەڕای ئـەوەی سـوپای عێـراق ئـەو ناوچانـەی رزگارکـردووە، بـەڵام داعـش و هێـزە یاخیبووەکانـی سـووننە کـە پێشـتر لـەو ناوچانـە لـە هێزەکانـی عێراقیـان دەدا کۆتاییـان پێنەهاتـووە و نەتوانـراوە بناسرێنـەوە و چارەسـەر بکرێـن. بەمـەش ئەگـەری سـەرهەڵدانەوەیان زۆر زۆرە. زۆر لـە دانیشـتووانی ئـەو ناوچانـە بـاس لەوەدەکـەن ئـەو هێزانـە دەبنـەوە هێـزی عەشـایرە سـوونەکان و چـەك و پـارە لـە حکومەتـی عێـراق وەردەگـرن.[2] ئەگـەر هەیـە حکومەتـی عێـراق لـە دژی کـورد دیسـانەوە پشـتیوانی هێـزە سـوونییەکان بـکات، بـەڵام سـوونەکان ئەجێنـدای جۆراوجۆریـان هەیـە و لەنێـو یەکیشـدا ئەجێنـدای دژ بەیەکیـان زۆرە. گرنگتریـن ئەجینداکانیـان بەوجۆرەیـە:

- کۆنترۆڵکردنـەوەی دۆخـی عێـراق وەك پێـش 2003 و دامەزراندنـەوەی دەوڵەتێکـی مەرکـەزی کـە ئەویـش هەڕەشـەیەك بـۆ سـەر کـورد دروسـتدەکات.

- دامەزراندنـی هەرێمـی عەرەبـی سوونی، کـە تێیـدا لەگـەڵ کـورد رەنگە تووشـی ململانێی سـنوور ببێتـەوە، چونکـە پێشـتر حکومەتەکانـی عێـراق لـە سیاسـەتێکی بەنێوبانگـدا بـە نـاوی تەعریـب، سـوونەکانیان لـە ناوچـە کوردسـتانییەکان جێگیرکـردووە.


- دامەزراندنـی هەرێمێکـی سـوونی کـە کوردسـتان و ناوچـەی عەرەبـە سـوونەکان لەخۆبگرێـت. بەمـەش هەڕەشـە لەسـەر سـەربەخۆیی هەرێمـی کوردسـتان دروسـتدەبێت.

- بەشـێك لەعەرەبـی سـوونە، ئەوانـەی دانیشـتووی باکـووری زنجیـرە شـاخی حەمریـن و مەکحولـن، پێیانباشـە ناوچەکانیـان بگەڕێتـەوە سـەر کوردسـتان و بەوشـێوەیە پارێـزگای موسـڵ دەبێتـە بەشـێك لـە هەرێمـی کوردسـتان و چەنـد پڕۆژەیەکـی هاوشـێوەش بـۆ ناوچەکانـی دیالـە و تکریـت هەیـە.

---

1 -د. ماجدالسامرائي ، خرائطجديدةيرسمهاعرب، المركزالاعلامي 16 /2016/8..


2 -لە کاتی وەرگرتنی لێدوانی تایبەت، چەندین کەسایەتی خەڵکی ئەو ناوچانە جەختیان کردوە لەسەر ئەوەی هێزەجەنگاوەرەکان زۆر بەئاسانی دەتوانن جل وپێناسی خۆیان بگۆڕن وجارێك لەگەڵ حکومەتدان وجارێکش دژی دەجەنگێن و هێزی ستراتیژیان لەناو بیابانەکان ماون وهەموو پێداویستیەکانی ژیانیان هەیە.




نەخشەی ژمارە(9) سنووری هەرێمی سووننە ، تێیدا سنووری کوردستان بێ موسڵ و کەرکووکە .




نەخشەی ژمارە (10) هەرێمی سووننە وەك سوونەچییەكان دەیانەوێت




نەخشەی ژمارە (11) سنووری هەرێمی سوونە بەپێی سنووری پێنج پارێزگا کە بە پارێزگای سووننی هەژمار دەکرێن.

## دەیەم: کاریگەری موسڵ لەسەر پەیوەندی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق

هەرچەندە لە راگەیاندنی عێراقی و ئەمریکیدا زۆر بەگەشبینییەوە باس لەپرۆسەی گرتنەوەی موسڵ دەکرێت ، بەڵام ئاماژەکان ئەوە نیشان نادەن کە کێشەکانی عێراق کۆتاییان پێبێت. بەڵکو هەمان کێشە پێشووەکانی عێراق کە هێشتا ماون، لەگەڵ ئەو هەموو ئالۆزییەی کە دوو ساڵە بەسەریدا کەڵەکە بووە دووبارە دەردەکەونەوە.[1] پرۆسەی گرتنەوەی موسڵ هاتووەتە ئاراوە و هێشتا هیچ پرسێك لەنێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و بەغدا چارەسەر نەکراوە. ئەمەش گرفتێکی گەورەیە. سەرۆکی حکومەتی کوردستان لەسەردانەکەیدا بۆ بەغدا تەنیا گرفتی فرۆشتنی نەوتی

1 -عبدالجليل زيد المرهون، معركة الموصل وصراع إحكامال نفوذ على العراق،2016/7/20،وحدة الدراسات العراقية، مركز الروابط للبحوث والدراسات الاستراتيجية http://rawabetcenter.com/archives/32025

کەرکووکی بەشێوەیەکی کاتی چارەسەرکرد، ئەمەش بەهۆی ئەوەیە کە حکومەتی عێراق چاوەڕواندەکات بەگرتنەوەی موسڵ هێڵێ گواستنەوەی نەوتی کەرکووك کارا بکاتەوە. هەروەها چاوەڕوانیشدەکات لە کێڵگەکانی نەوتی موسڵ و دەوروبەری نەوت لە تورکیاوە بفرۆشێت. بەوشێوەیەش تورکیا بەرەو لای خۆی رادەکێشێت و ئابلوقە لەسەر کوردستان زیاتر دەکات. پێشبینیدەکرێت عێراق لەنێو گێژەڵێکی نوێی ململانێ و جەنگی نوێ بخنکێتەوە، چونکە میلیشیا شیعیەکان سوپایەکی بەهێزن و هەموو جۆرە چەکێکیان هەیە و توانای مرۆیی و داراییەکی یەکجار زۆریان هەیە. گەورەترین هێزی سیاسی عێراقی کە شیعەکانن لەپشتیانەوەن، بەڵام ناکۆکی لەنێوان شیعەکان لەئاستێکی زۆر مەترسیداردایە و رەنگە بۆ کپکردنی ئەمە، ململانێی ئایدلۆژی و مەزهەبی زیاتر دەرخەن تاوەکو دۆخی ناوخۆیی خۆیان یەکخەنەوە. لەوبارەوە حیزبی دەعوە گێچەڵ بە کورد دەفرۆشێت بۆئەوەی نەتەوەخوازە عەرەبەکان و شیعە توونددڕەوەکان و عێراقچییەکان لەژێر چەتری خۆی کۆبکاتەوە، تاوەکو بۆ وڵاتە هەرێمییەکان بیسەلمێنێت کە تاکە هێزن توانای رووبەڕووبوونەوەی کوردیان هەیە. جەنگی داعش دەیان شاری وێران و هەزاران خێزانی بێکار و ئاوارەی دروستکردووە و ملیارەها قەرز و سەدان هەزار چەکداری بەجێهێشتووە، ئەم ئاڵۆزیەش هەڕەشەیەکی سەرەکییە بۆ قلیشانەوەی ململانێیەکی چەکداری. لەعێراق هیچ ناکۆکییەکی سیاسی چارەسەر نەکراوە و چاوەڕواندەکرێت دوای کۆتایی جەنگی داعش ، بەئاڵۆزییەکی زۆرترەوە بتەقنەوە. جگە لەوەش ناکۆکییە نەتەوەیی و ئایینی وکۆمەڵایەتییەکان لەماوەی جەنگی داعش زۆر ئاڵۆزتر بوونەتەوەو هەمووشیان چاوەڕوانی چارەسەری دەکەن. [1]

عێراق لە قۆناخی دوای گرتنەوەی موسڵ دەکەوێتە بەردەم تاقیکردنەوەیەکی زۆر قورس تاوەکو بزانرێت تاوەکو چەند دەتوانێ کێشەی کەمینەکان چارەسەر بکات. گومانیشی تێدا نییە هێشتا نازانێ چۆن گرفتی کەمینەکان چارەسەربکات ، بەڵکو تەنیا ئەوە دەزانێت کێشەی کەمینەکان دژی کوردستان بەکاربێنێت بۆ ئەوەی گرفت و کێشەی جۆراجۆری بۆ دروستبکات. بۆیە ئەگەر هەیە حکومەتی عێراق لە کوردستان و موسڵ ململانێیەکان قەتیس بکات و هەموو تواناکانی بخاتەگەڕ تاوەکو هەر لەو ناوچەیە

1 -شیعەکان ململانیەکی سەخت لەنێوانیاندا هەیە لە 2006 تاوەکو 2008 تووشی جەنگی ناوخۆیی بوونەوە، سوونەکانیش بەهەمان شێوە گرفتی ناوخۆییان زۆرە وململانی سەخت لەنێوانیاندا هەیە، کوردیش ئەو ململانیە ناوخۆییەی هەیە، هەموو ململانیەکان لەنێوان پێکهاتەکان چاوەروانی یەکلاکردنەوەیە بەهەر جۆرێك بێت.

ململانێیەکان بەردەوامبن و وەك دەرفەتێك بۆ یەکخستنەوەی تواناکان وسەپاندنی دەسەڵاتەکان بەسەر هەموو ناوچەکەدا بەکاربێنێت. حکومەتی عێراق زۆر دەترسێ موسڵییەکان پەنا بۆ کوردستان بەرن و بەرەو یەکبوونی موسڵ و هەرێمی کوردستان هەنگاو بنێن، بۆیە هەموو تواناکانی دەخاتەگەڕ بۆ تێکدانی ئەو ئەگەرە کە زۆر بەهێزە. بۆیە ئەگەرێکی بەهێز ئەوەیە کە تورکیا دەیەوێت موسڵ بەرەو لای خۆی رابکێشێت و حکومەتی عێراقیش کە دەیەوێت موسڵ بەرەو لای خۆی رابکێشێت ململانییەکی سەخت لەسەر موسڵ بکەن و کوردیش کە دەیەوێت لە ئاگری ئەم ململانێیە دوورکەوێتەوە تووشی کێشمەکێشێکی گەورە بێت.

## یازدەیەم : کورد لەقۆناخی پاش گرتنەوەی موسڵ (دەرفەت وئیشکالییەتەکان):

کورد لەو هێزانەیە کە لەماوەی دوو ساڵی رابردوودا رووبەڕووی شاڵاوی داعش بووەتەوەو چەندین ئۆپەراسیۆن وشاڵاوی داعشیان بۆ سەر کوردستان پووچەڵکردوونەتەوە. لەو پێناوەشدا قوربانییەکی زۆریانداوە و ئاگری جەنگی تیرۆر چەندین شار و گوندی کوردستان گرتەوە. بەدرێژایی نزیکەی 2000 کیلومەتر کورد بەرەی بەرگری دژی داعشی قایمکردووە. لە ستراتیژیەتی داعشدا، دەبووایە کوردستانی داگیربکردبایە بۆ ئەوەی بەرەو ئەنادۆل و قەفقاس و ئێران پێشڕەوی بکردایە و تاوەکو دەروازەکانی ئەورووپا رانەوەستایە. [1]بەوشێوەیەش کوردستان بووە هێڵی بەرگری یەکەم دژی داعش و لەجیاتی هەموو جیهان ، پێشمەرگە بەرگری کرد. پێشمەرگەی کوردستان سەلماندی کە هێزێکی سەرەکییە بۆ لەنێوبردنی داعش و لەنێو ستراتیژیەتی هاوپەیمانی نێودەوڵەتیدا وەك هیزێکی سەرەکی بۆ لەنێوبردنی داعش پێگە و پایەیەکی بەرزی بۆ دانرا.[2] بەڵام بە نەمانی داعش ئاراستەکانی ململانێی هێز گۆڕانکاری بەسەردادێت و زۆر پێویستە کورد ئاراستە سیاسییەکانی خۆی بۆ قۆناخی داهاتوو ئامادە بکات.

---

1 -بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

- عبدالرحمن بكري، داعش ومستقبل العالم بين الوضع السياسي والحديث النبوي الشريف، دار الغرباء للنشر، كولن-لمانيا،2014.

2 -پێشمەرگە جیاواز لەهێزەکانی دیکەی کە رووبەڕووی داعش دەبنەوە، یەکەم هێز بوو ئەفسانەی داعشی تێکشکاند وورووبەڕووی راستەقینەی ئەنجامدا. پێشمەرگەسەرەتا بەتەنها بەرگریکرد، جگە لەوەش پێشمەرکەپابەندبونێکی مرۆیی بێ وێنەی ئەنجامداوە لەجەنگ، بۆیە هێزەنێودەوڵەتیەکان پیشمەرگەیان هەڵبژارد وەك هێزێك لەجیاتی جیهان رووبەرووی تیرۆر دەبێتەوە.

## 1. دەرفەتەکانی بەردەم کورد پاش گرتنەوەی موسڵ:

هەمــوو جیهــان لــە کێشــەی کوردســتان تێگەیشــتووە و زانیویانــە کــورد قوربانــی دەســتی توونــدڕەوی و دیــدگای هێــزە شــۆڤینییەکانە و ئێســتا هەمــوو جیهــان ئــاگاداری دۆخــی کوردســتانن، بەوشــێوەیەش کوردســتان دەتوانــێ لــەم دۆخــەدا داواکاری نەتەوەیــی خــۆی ئاراســتە بــکات بــۆ هەمــوو جیهــان و گوشــار بخاتــە ســەر عێــراق بۆئــەوەی مافــی چــارەی خۆنووســین بداتــە گەلــی کوردســتان . لەهەمانکاتــدا بەشــێکی زۆری دانیشــتووانی کوردســتان لەگــەڵ جیابوونــەوەن لــە عێــراق.[1] بەشــێوەیەکی گشــتی، دەتوانیــن بڵێیــن دوای گرتنــەوەی موســڵ دەرفەتــی یەکخســتنەوەی خاکــی باشــووری کوردســتان دێتــە ئــاراوە، بۆیــە زۆر پێویســتە کوردســتانییەکان ئــەم دەرفەتــە لەدەســتنەدەن.

## 2.گرفتی کورد پاش گرتنەوەی موسڵ:

کــورد لەپــاش گرتنــەوەی موســڵ ڕووبــەڕووی چەندیــن هەڕەشــە دەبێتــەوە، وەك هەڕەشــە ناوخۆییــەکان ، کــە بەهــۆی ململانێــی سیاســی نێــوان پارتــە سیاســییەکان ســەریهەڵداوە. بــەدەر لــەوە گوشــارەکانی دارایــی ئابــووری لــە کوردســتانیش لــە ئــارادان . هــاوکات بــۆ یەکەمجــار هەرێمــی کوردســتان لەســەر کەرکــووك و موســڵ و خانەقیــن ڕووبــەڕووی هەڕەشــەی عێراقــی دەبێتــەوە. بەشــێك لــە هێــزە سیاســییەکانی کوردســتان کــە بەهــۆی کاریگەریــی مەبەســتە شــاراوەکانەوە، بــۆ لەتکردنــی یەکڕیــزی ماڵــی کــورد کاردەکــەن، ڕووبــەڕووی هەنگاوەکانــی پێشخســتنی کوردســتان دەبنــەوە. ڕوونــە کــە کــورد یەکدەســت نییــە و بەداخــەوە لایەنــە سیاســییەکانی کوردســتان، بەهــۆی بەرچاوتەســکی ناوچەگــەری، بایــەخ بــە بوونێکــی بەهێــزی کــورد لەناوچــەی موســڵ نــادەن و هەندێکیــان هەوڵــدەدەن بــۆ قۆناخــی دوای موســڵ بەجیــا لەگــەڵ حکومەتــی عێراقــی ڕێککەون. بەشــێوەیەکی گشــتی دەکــرێ هەڕەشــەکان بەوشــێوەیە پۆلێــن بکرێــن:

---

1 -بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

Renda Mansour،Mosul After the Islamic State: the Kurdish Regions Strategy،- Carnegie Endowment for International Peace،(May 2016)،available at: http://carnegieendowment.org/2016/05/19/mosul-after-islamic-state-kurdistan-region-s-strategy-pub-63615

**- هەڕەشەی سەربازی کە لەوبارەوە پێشبینی حەوت ئەگەری نەخوازراو دەکرێن:**

- جەنگ لەنێوان پێشمەرگە و حکومەتی عێراق، ئەم ئەگەرە زۆر لەپێشە.

- جەنـگ لەنێـوان پێشـمەرگە ومیلیشـای حەشـدی شـەعبی کـە لەجیاتـی سـوپای عێـراق ئـەم جەنگـە دەکـەن.

- جەنـگ لەنێـوان پێشـمەرگە و تیـرۆری داعش لەماوەی سـێ سـاڵێ رابردوو دەسـتیپێکردووە و بـەردەوام دەبێـت تاوەکـو داعـش یـان ئەوانـە هەبـن کـە لەسـەر هەمـان بیروبـاوەڕ جێگـەی دەگرنـەوە.

- جەنگ لەنێوان پێشمەرگە و میلیشیای حەشدی سوونی و پاشماوەی بەعسییەکان.

- جەنگ لەنێوان پێشمەرگە و هێزە میلیشیاییەکانی ئێزدی وهێزەکانی PKK.

- جەنگ لەنێوان پێشمەرگە و PKK بەپشتیوانی چەند هێزێکی دیکە لەکوردستان.

- جەنـگ لەنێـوان پێشـمەرگە و هێـزە لۆکاڵییـەکان لەکوردسـتان بەپشـتیوانی عێـراق و چەند هێزێکـی دیکە.

- جەنــگ لەنێــوان پێشــمەرگە و هێــزە چەکدارەکانــی کەمینــەکان بەپشــتیوانی هەنــدێ لایەنــی دەرەکــی.

**- هەڕەشەی تێوەگلان لە کێشمەکێشی هەرێمی:**

- نێوان تورکیا و ئێران.

- نێوان تورکیا و عێراق.

- نێوان ئێران و سعودیە

- نێوان تورکیا و میسر.

- نێوان سووریا و عێراق.

**- هەڕەشەی تێوەگلان لە کێشمەکێشی نێودەوڵەتی:**

- نێوان رووسیا و ئەمریکا.

- نێوان ئەمریکا و یەکێتی ئەورووپا.

- نێوان ئەمریکا و وڵاتانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست.

## دوازدەیەم: داهاتووی موسڵ دوای دەرکردنی داعش:

دوای دەرکردنـی داعـش لـە موسـڵ هێـزی توونـدڕەو لەنێـو موسـڵ بەپشـتیوانی هەرێمیـی هـەر دەمێنـێ وکاریگەریشـان لەسـەر ئاسـتی ئارامـی لەنێـو شـاری موسـڵ دەبێـت. چەندین ئەگـەر هـەن بـۆ داڕشـتنەوەی دۆخـی موسـڵ کـە گرنگترینیـان بەوشـێوەیە دەبـن:

1. موسـڵ ببێتـە هەرێمێکـی سـەربەخۆ بـە رابەرایەتـی و سـەرکردایەتی موسـڵییە نەتەوەخـوازەکان و ئەوکاتـەش دەبـێ کـورد بەجیـدی بیـر لە داهاتـووی پەیوەنـدی لەگەڵیان بکاتـەوە و چارەنووسـی کـوردی دانیشـتووی ئـەوێ بپارێزێـت و ئامـادەکاری بـکات بـۆ قۆناخێکـی پـڕ لەئاڵـۆزی و گرفـت لەسـەر یەکلاییکردنـەوەی سـنوور لەگـەڵ ئـەو هەرێمـە، بـەڵام دەتوانرێـت رێککەوتنیـان لەگـەڵ بکرێـت.

2. موسـڵ ببێتـە بەشـێك لـە هەرێمێکـی نەتەوەیـی عەرەبـی سـوونی کـە ناوچەکانـی ئەنبار و تکریـت بگرێتـەوە. ئەوکاتـە گرفتـی کـورد و کەمینـەکان و گرفتـی سـنوور یەکجـار سـەخت دەبـن و رەنگـە کوردسـتان تووشـی زیانێکـی گـەورە ببێت.

3. موسـڵ وەك پارێزگایەکـی عێـراق وەك پێشـوو بمێنێتـەوە و لەلایـەن بەغـداوە ئاراسـتە بکرێـت، ئـەوکات هـەروەك پێشـوو چەقێکـی نائـارام دەمێنێتـەوە و بزووتنـەوەی یاخیبوونـی توونـدڕەو هـەر کۆنترۆڵـی دەکاتـەوە.

4. موسـڵ دابەشـبکرێت بـۆ سـەر سـێ پارێـزگا. دوو پارێـزگای لـە باکـووری موسـڵی ئێسـتا بـن، یەکێکیـان بۆئێزدیـەکان و ئەوەیدیکـەش بـۆ مەسـیحییەکان بێـت و هـەردوو پارێـزگا یان ببنـە بەشـێك لـە هەرێمـی کوردسـتان یـان پارێزگایەکـی عێراقـی بـن. لـە ئەگـەری دووەمـدا ئـەو کوردانـەی دانیشـتووی ئـەو ناوچانەبـن تووشـی گرفتێکـی گـەورە دەبـن. مەسـیحی و کـوردی شـەبەکی و ئێـزدی لـە جەسـتەی کوردبـوون و کوردسـتانیبوون جیادەکرێنـەوە.

5. بەهەمـوو ئەگـەرەکان جەنگێکـی قـورس چاوەڕێـی موسـڵ دەکات بـۆ کۆتاییهێنـان بـە گرووپـە چەکـدارەکان کـە لـە بیابانەکانـی جەزیـرە خۆیـان حەشـارداوە. هەرگیـز ئـەم جەنگـەش کۆتایـی نایێـت ئەگـەر سـنووری باشـووری موسـڵ یەکلایینەکرێتـەوە و ناوچـەی گەیـارە و فەتحـە و بیابانـی جـەڵام نەگەڕێندرێتـەوە سـەر سـنووری موسـڵ و لـە تکریـت جیانەکرێنــەوە.

## سێزدەیەم: پڕۆژەکانی بەردەم کوردستان لەداوی ئۆپەراسیۆنی موسڵ

یەکـەم: پـڕۆژەی رزگای کوردسـتان بەئەنجامدانـی گشتپرسـی و رزگارکردنـی سـەرجەم خاکەکانـی کوردسـتان. ئـەم پڕۆژەیـەش حکومەتـی کوردسـتان بـە فەرمی کاری لەسـەردەکات بەپێـی بنەماکانـی یاسـای نێودەوڵەتـی و ئەعرافـی کاری سیاسـی ئاشـتیخوازانە. هەرچەنـدە تووشـی چەندیـن گرفتـی ناوخۆیـی بووەتـەوە، بـەڵام باشـترین و گونجاوتریـن سیاسـەتە کـە دەبـێ ئەنجامیـدات . دەکرێـت بـە هێـزی سـەربازی ئـەم پڕۆژەیـە سـەربخرێت.

دووەم: پـڕۆژەی دامەزراندنـی دەوڵەتێـك کـە سـەرجەم ناوچەکانـی ولایەتـی موسـڵ، بەشـێك لـە عەرەبـی موسـڵ و هەمـوو کـورد و تورکـمان و مەسـیحییەکان بگرێتـەوە. بـۆ دیاریکردنـی داهاتـووی موسـڵ، یەکێـك لـە پـڕۆژەکان کـە باسـی لێوەدەکرێـت ئەوەیـە کـە بـە دروسـتکردنی دەوڵەتێـك کـە تـەواوی ولایەتـی موسـڵ بگرێتـەوەو پێیبگوترێـت دەوڵەتی کـوردی- عەرەبـی و سـەرجەم کەمینـە و نەتەوەکانـی ناوچەکـە[1] و جیۆپۆلیتیکـی ناوچەکـە یەکبخرێـت . چونکـە ئـەوکات هەمـوو ناوچەکانـی باکـووری زنجیـرە شـاخی مەکحـول و حەمریـن دەبنـە یـەك دەوڵـەت . ئـەم تێڕوانینـە لـەڕووی جیۆسـتراتیژییەوە گونجاوتریـن هەنـگاوە بـۆ دروسـتکردنی قەوارەیەکـی فیدراڵـی یـان دەوڵەتێـك کـە بەهێـز و موتەکامیـل بێـت و هیـچ هەڕەشـەیەکی دەرەکـی نەتوانێـت بیڕووخێنێـت.[2] ئـەم پڕۆژەیـە بـۆ ئەمریـکا زۆر بەسـوود دەبێـت ، ئەگـەر ویسـتی بنکـەی گەیـارە بکاتـە گەورەتریـن بنکـەی سـەربازی ئەمریـکا لەناوچەکـەدا.

1 -مشروع تفتيتي خطيرلإقامة دولة مشتركة للعرب والكرد السنة (وثيقة)2015-09-19 14:03:53 ج.http://www.wijhatnadhar.org/article.php?id=4354. د. وديع بتيحنا، الاكرادوسهل نينوي بمنال خطوبة البالزواج
http://www.bethsuryoyo.com/articles/WHBKurdsNinevehPlains/WHBKurdsNinevehPlains.html

2 -ئەم بیرۆکەیە زۆر کۆنە بەڵام بەهۆیەکی نادیار لەلایەن کوردەوەپشتوانی لێناکرێت، بەمەرجێك دەبێتە دەوڵەتێك خۆیان تیایدا زۆرینەن.




نەخشەی ژمارە(12) پڕۆژەکەی مەکین بۆ دابەشکردنی عێراق بۆ سەر
سێ هەرێم و ناوەندەکەی هەرێمی بەغدا بێت.

سێیەم: پڕۆژەی جۆن مەکین. چەندین بۆچوون باس لەوە دەکەن کە بیرۆکەی جۆن مەکین بۆ ڕێکخستنەوەی عێراق بەپێی سێ ولایەتی فیدرالی سەرەکی بۆ کورد و شیعە و سوونە ئەگەرێکی زۆر بەهێزە، بەوشێوەیەش هەر پێکهاتەیەکی سەرەکی عێراق هەرێمێکی فیدرالی تایبەت بەخۆی دەبێت، بەڵام تائێستا روون نییە سنووری نێوان ئەو فیدراڵیانە چۆن دادەنرێت. ئایا پێویستی بە ململانێی سەربازییە یان بە شێوازێکی دیکە چارەسەر دەکرێت. ئەمریکا لەنێو قوڵایی سنووری هەرێمی سوونە لانیکەم دوو بۆ سێ بنکەی سەربازی بەرفراوانی (وەك بنکەی عیدالاسد و تکریت و بلد)ی هەیە و لەکوردستانیش بنکەی سەربازیی وەك بنکەی هەریر و مەخمووری هەیە و بوونی دیپلۆماسیشی لە هەولێر هەیە. ئەمریکا بەشێوەی دیپلۆماسی و سەربازیش لەنێو بەغدا هەیە . بەریتانیا و ئەمریکا لە بەسرەش هەن.[1] بەڵام ئەم پڕۆژەیە گرفتی سنووری بەروونی چارەسەر نەکردووە و دەبێ کورد بەئاگاییەوە مامەڵە لەگەڵ ئەم پڕۆژەیەدا بکات بۆ ئەوەی گرفتی سنوور لەگەڵ هەرێمی شیعە و هەرێمی سوونە

1 -تسريبات: تقسيم العراق شرط واشنطن لحسم ملف داعش26/01/2016 http://uruknews.net/index.php/7969.html

چارەسـەر بـكات.




نەخشەی ژمارە(13) سێ هەرێمە سەرەکییەکەی عێراق بەپێی تێڕوانینی هەندێ لە عەرەبە سوونەکان

چـوارەم: مانـەوەی دۆخ وەك خـۆی. هەرێمـی كوردسـتان لـە سـنوورەكانی پێـش 2003 بێـت یـان ببێتـە دوو ئیدارەیـی وەك نەوەتـەكان و هـەر ئیدارەیـەك بدرێتـە حیزبێكـی سیاسـی . ئـەم ئاراسـتەیە بـۆ بەرژەوەنـدی مانـەوەی سـنوورەكانی سـایكس پیكۆیـە و زۆر لایەنـی هەرێمـی و لۆكاڵـی پشـتیوانی لێدەكـەن. ئـەم پرۆژەیـە پشـتیوانییەكی هەرێمـی و ناوخۆیـی دەكرێـت ، بـەڵام كوشـندەیە بـۆ كوردسـتان ، چونكـە چەندیـن گرفتـی گـەورە بەرۆكـی كوردسـتان دەگـرن و لەكۆتاییـدا دەڕووخێـت.

پێنجـەم: حكومەتـی عێراقـی لـە موسـڵ و مەخمـوور و جەلـەولا و خورماتـووەوە هێرشـبكاتە سـەر هەرێمـی كوردسـتان و دوای جەنگێكـی خوێنـاوی كـە رەنگـە بەشـێك لەكوردسـتان بەخیانـەت لـە جەنگـی بەرگـری بەشـداری نەكـەن و تەسـلیمی عێـراق ببنـەوە، كوردسـتان داگیـر بـكات . بەوشـێوەیەش قۆناخێكـی دیكـەی شۆڕشـی چەكـداری لەكوردسـتان دەسـتپێدەكاتەوە، ئەگـەری زۆر هەیـە لایەنـە كوردسـتانییەكان لـە بەشـەكانی دیكـەی كوردسـتان رۆڵێكـی نەرێنـی زۆر ترسـناك لـەوەدا بگێـڕن.




نەخشەی ژمارە(14) دوو پڕۆژە، یەکەمیان هەرێمی کوردستان و پارێزگای موسڵ و دیالە دەگرێتەوە ودووەمیشیان تەنیا هەرێمی کوردستانە.

## بەرەنجام:

ئۆپەراسیۆنی موسڵ هەرچۆنێك بێت گرفتێکی جیۆپۆلیتیکی بۆ کوردستان دروستدەکات . لەبەرئەوەی موسڵ دەبێتە ناوچەیەکی سەربازی و ئەوەش گەورەترین مەترسییە. چەندین هێزی سەربازی لەو ناوچەیە دروستدەبن و بنکەی سەربازی دادەنێن. کوردستان دەبێ زۆر بەئاگابێ لەو شتانەی دوای تەواوبوونی ئەم ئۆپەراسیۆنە سەرهەڵدەدەن و هەموو ئەو رووداوە مەزنانەی لەدوای ئەو ئۆپەراسیۆنە دێنە کایەوە . لەم قۆناخە چاوەڕوانکراوەدا کورد دەبێ خۆی لە ئاگرێك بپارێزێت کە ناوچەکە دەگرێتەوە. باشترین خۆپاراستنیش خۆدەرکردنە لە چنگی عێراق ، دەبێ خۆی لە گرفتی ململانێی سوونە و شیعە دووربگرێت و ئەمەش بە سەربەخۆبوون دەبێت. ئەوکاتیش دەروازەیەکی کراوە دەبێ بۆ هەر گەلێك کە خوازیاری ژیانێکی هاوبەشە لەگەڵ کورد. لەبەرامبەردا تەواوی ناوچەکە دەیانەوێ سایکس پیکۆ دەستکاری نەکرێت، واتە کورد نەبێتە هیچ . ئەوانەش کە لە عەرەب و تورك و فارسن و ، دەیانەوێ دەستکاری سایکس پیکۆ بکەن، ئەوانەن کە دەیانەوێت ئیمپراتۆریەتێك لە ناوچەکەدا دابمەزرێنن کە ئەویش بەهەمانشێوە لە بەرژەوەندی کورد نابێت. ئەم هەموو خۆزگە

دژ بەیەکانە دژی یەکتری کاردەکەن وململانێی سەختیان لێدەکەوێتەوە. لەناوچەکەدا چەندین پرۆژەی جۆراوجۆر هەن تاوەکو رادەیەك کە هەندێکیان لە مافەکانی کورد نزیکدەبنەوە و هەندێکیدیکەشیان بەپێچەوانەوە، لەبەرژەوەندی کورد دەبن.
لەدوای جەنگی گرتنەوەی موسڵ، خاوەنی ئاراستەکان کار بۆ سەپاندنی ویستی خۆیان دەکەن. هەموو ئاراستەکانیش پێویستیان بەهێزی جەنگاوەر هەیە تاوەکو ئاواتەکەیان جێبەجێبکەن. لەبەرئەوەی هەموو ئاراستەکان لەسەر خاکی کوردستان دەبن، ئەوە هەر هێزێکی سەربازی بەکاربهێنرێت، خاکی کوردستان و پێشمەرگەش تێوەدەگلێت، بەڵام بەهەموو حاڵەتەکان کوردستان دەبێ سیاسەتێکی حەکیمانەی بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ دۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی نوێ هەبێت و بزانێت کە نابێ لەنێو ململانێیەکانی ئەو سێ پارێزگایەی بەدەستییەوەیەتی خۆی قەتیس بکات. دەبێ بایەخ بە عەرەبی سوننە و کوردی شیعە و شەبەك و ئێزدی و مەسیحی و تورکمانی شیعە و سوننە بدات و رێگە نەدات هێزە دەرەکییەکان دەست لە دۆخی ناوخۆی کوردستان وەربدەن. دەبێ کورد کاربکات بۆ ئەوەی دەسەڵاتی حکومەتی بەغدا لەسەر موسڵ بەهێز نەبێت، تاوەکو وەك سەردەمی بەعس هەڕەشە بۆ کورد دروستنەکات. کورد دەبێ کاربکات بۆئەوەی لایەنێکی دژ بە کورد یان شۆڤێنی حوکمی موسڵ نەکات، چونکە بۆ کورد دەرکەوت لەماوەی سێ ساڵی رابردوودا کە چۆن دەتوانرێت لەموسڵەوە جەنگێکی نەگریس دژی کورد هەڵبگیرسێنرێت. دەبێ کورد لە موسڵ کاربکات بۆ رزگارکردنی کەمینەکان لەژێر چەپۆکی ستەمکاری و توندڕەوی ئایینی کار بکات.
وەك هەموو قۆناخێکی گوزەر، ئەم قۆناخە کاریگەری نەرێنی و ئەرێنی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتووە و پێویستە کوردستان تەواوی تەرکیز و توانای مرۆیی و ئابووری و سیاسی و سەربازی خۆی بۆ ئامادە بکات و پرۆژەیەکی روون بۆ داهاتووی چارەنووسی کوردستان بخاتەڕوو بۆ ئەوەی ببێتە بنەمای مامەڵەکردنی دەوروبەر لەگەڵ کوردستان و لە کۆتاییدا شێوازی پەیوەندییەکان رێکبخرێنەوە.

# موسڵی دوای داعش و
# ئاسایشی هەرێمی کوردستان

**کامەران محەممەد عەزیز**

## پێشەکی

پڕۆژە جیاوازەکان لەسەر ئایندەی موسڵ و تەواوی ناوچە تازە کۆنترۆڵکراوەکانی ژێردەستی داعش کێشەی زۆر بۆ سەر هەرێمی کوردستان دروستدەکەن . ژینگەی ئەمنی و ستراتیژی موسڵ و پڕۆژەکانی ئیدارەکردنی شارەکە لە قۆناخی دوای داعش پانتایی سەرەکی سەرهەڵدانی نادڵنیایی و ئاڵۆزییەکانە . ئەم ژینگەیە کۆمەڵێك تۆڕی هەڕەشە و ریسکی بۆ سەر هەرێمی کوردستان لەخۆگرتووە، لەگەڵ چەندین ئەگەر و سیناریۆ کە تێیدا زیاتر لە ئەکتەرێکی هەرێمی و نێودەوڵەتی لەپشتەوەی دروستبوونیانەوەیە و شێواز و سرووشتی ئۆپەراسیۆنەکە کاریگەری گەورەی لەسەر بەرژەوەندییەکانی کورد لە ئایندەی ئەو ناوچانە دەبێت. بەکورتی، ئاسایشی هەرێمی کوردستان لەبەردەم کەشێکی زۆر سەختدایە، بە "بارگۆڕان، نادڵنیایی، ئاڵۆزی و ناڕۆشنی" VUCA دەناسرێتەوە . [1]

گریمانەی سەرەکی ئەم لێکۆڵینەوەیە ئەوەیە هەموو ئەو هێزانەی لە ئۆپەراسیۆنەکە بەشدار دەبن: سوپای عێراقی، پێشمەرگە، حەشدی نیشتمانی و عەشائیری سوننە، حەشدی شەعبی و PKK، لە قۆناخی دواتر بەریەکدەکەون و ژینگەیەکی زۆر ئاڵۆز و بێمتمانە دروستدەکەن ئەگەر ئەمریکا نەیتوانی شارەکە بە تەواوی کۆنترۆڵبکات. ئەم

1 -بیرۆکەی VUCA کە مەبەست لێی ژینگەیەکەی ئەمنی و ستراتیژییە دەناسرێتەوە بە ‹بارگۆڕان، نادڵنیایی، ئاڵۆزی و ناڕۆشنی›، لە لایەن the U.S. Army War College پەرەپێدراوە و چوارچێوەیەکی تیۆری بۆ داندراوە. VUCA گوزارشت لە ژینگەیەکە تێیدا ‹‹هەڕەشەکان زۆر بڵاون و نادیارن و ململانێ بەقووڵی جێگیربووە بەڵام لەگەڵ ئەوەش زۆر پێشبینەکراوە و توانای ئێمە لە سەرخستن و پاراستنی بەرژەوەندییە نیشتیمانییەکان سنووردارە ....››. بڕوانە:
.hambach, S. (2004) Strategic Leadership Primer, 2nd edition. Carlisle Barracks, PA: U.S. Army War College

لێکۆڵینەوەیـە پێشـبینی ئـەوە دەکات ئەمریـکا ناتوانـێ لـە قۆناخەکانـی دوای رزگاکردنەوەی موسـڵ نەخشـەڕێگەیەك بـۆ هەمـوو هێـزە بەشـداربووەکانی لـە ئۆپەراسـیۆنەکەدا دابنێـت. پێشـبینیدەکرێت هیـچ بەرنامەیەکیـش بـۆ یەکخسـتنی گرووپـە چەکـدارەکان و عەدالەتـی ئینتیقالـی و ئاشـتەوایی و بنیاتنانــەوە نەبێــت . لەکاتێکــدا ئەمریــکا ناتوانـێ رێگــری لــە پێکدادانـی گرووپـە جیـاوازەکان بـکات کـە پەیوەندییەکـی زۆری بـە ئامانجـی سـتراتیژی هێـزە جیاوازەکانـەوە هەیـە لەسـەر ئاینـدەی موسـڵ، دۆخێـك دروسـتدەبێت هیـچ کـەس لـە رەفتـاری هیـچ کـەس دڵنیـا نەبێـت، بـۆ نموونـە هەنـگاوی پێشـمەرگە بـۆ پاراسـتن و بەرگریکـردن لـە ناوچـە کوردسـتانییەکان رەنگـە بـۆ هێزەکانـی دیکـە وەك هەڕەشـەیەك لەسـەر بـوون و ئاسایشـیان دەربکەوێـت. ئـەو دۆخـە لـە ئەدەبیاتـی ئاسایشـدا بـە کێشـەی دووسـەرەی ئاسـایش (Security Dilemma) نـاسراوە، کـە بنەمـای تیـۆری گریمانـەی ئـەو لێکۆڵینەوەیـە .[1]

لەبـەر بوونـی چەندیـن دیـدگا و پـڕۆژەی جیـاواز، ئەگـەری زۆر هەیـە ژینگـەی ئەمنـی، ئیـداری و سیاسـی شـاری موسـڵ ژینگەیەکـی خۆژیـەن و خۆبەڕێوەبـەر بێـت، تێیـدا هەمـوو هێــزەکان رووبــەڕووی 'نادڵنیاییــەك' دەبنــەوە دەربــارەی ئامادەکارییــە ســەربازییەکانی گرووپەکانـی دیکـە، ئایـا بەمەبەسـتی بەرگریکـردن لـە خۆیانـە؟ یـان بەشـێك لـە پلانـی هێرشـکردن و دەسـتدرێژییان؟ چونکـە نادڵنیایـی هیـچ چارەیەکـی خـودکاری نییـە و، ئەگـەر ئــەو بێمتمانەییــە دوولایەنــە بــوو، ئــەوا دەبێتــە هــۆی ســەرهەڵدانی هاوکێشــەی کار-کاردانــەوە کــە ترســی لایەنــەکان لــە یەکــتر دەباتــە ئاســتێکی مەترســیدارەوە .[2]

لـەو ژینگەیـەدا، هەرێمـی کوردسـتان بـۆ ئـەوەی ئاسایشـی پارێزراوبێـت، دەبـێ خـۆی بـۆ خراپتریـن سـیناریۆ لـە شـارەکە ئامادەبـکات . بـۆ ئـەوەی لە شـێوەی ئـەو سـتراتیژیە تێبگەین

---

1 -چەمکی Security Dilemma یەکەم جار لە رێگای (جۆن هێرز)ەوە هێنرایە نێو نووسیاری ئاسایش و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە نووسینێکدا بە ناوی: نێودەوڵەتییگەرایی ئایدیالیستی و کێشەی دووسەرەی ئاسایش لە ساڵی (1950). هێرز دەنووسێت:

‹‹لە هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی ئاسایش لە بەرامبەر هێرشی ئەوانی دیکەوە، وڵاتەکان پاڵپێوەدەنرێن بۆ بەدەستهێنانی هێز و هێزی زیاتر لە پێناو رزگاربوون لە دەست کاریگەری هێزی ئەوانی دیکەوە. ئەمە لە بەرامبەردا، وا لە ئەوانی دیکە دەکات زیاتر ناپارێزراو بن و ناچاریان بکات خۆیان بۆ خراپترین بار ئامادەبکەن. لەوکاتەی هیچ یەکێک هەست بە پارێزراوی ناکات لە جیهانێک کە پڕە لە رکابەریی ئەکتەرو یەکە جیاوازەکان، رکابەری هێزی بەدواوە دێت و هەروەها خولانەوەیەکی داخراوی ئاسایش و هەوڵی کۆکردنەوەی هێز›› (1950: 157).

.180-Herz, J. (1950) ‘Idealist internationalism and the security dilemma’, World politics, 2(2), 157

2 Baylis, J. et al (eds.) (2010) Strategy in the Contemporary World: An introduction to Strategic Studies, 3rd-edition. Oxford, Oxford University Press.

کـە هەرێمـی کوردسـتان دەبـێ کاری لەسـەربکات، پێویسـتمان بـە شـیکردنەوەی ئامانجـە سـتراتیژییە باڵاکانـی پێنـج ئەکتـەری جیهانـی و هەرێمیـی وەك ئەمریـکا، رووسـیا، ئێـران، تورکیـا و سـعودیە دەبێـت. ئـەو هێزانـە کاریگـەری گەورەیـان لەسـەر ئاراسـتەکانی شـەڕی داعـش هەبـووە و دەبێـت. لـە ئاینـدەی موسڵیشـدا کاریگـەری گەورەیـان لەسـەر هێـزە لۆکاڵییـەکان دەبێـت. سـتراتیژیەتی کـوردی دەبێـت بەرمەبنـای تێگەیشـتنێکی واقیعیانـە دروسـتببێت ئەگەرنـا لەنێـو ئـەو پـڕۆژە جیاوازانـەدا رووبـەڕووی کێشـەی زۆر دەبێتـەوە. تێگەیشـتنی دروسـت لەسـەر ئامـراز و تواناکانـی هەرێمـی کوردسـتان زۆر گرنگـە لەسـەر بڕیاردانـی ئـەوەی پێویسـتمان بـە چـی دەبێـت و دەتوانیـن چـی بکەیـن؟

## بەشی یەکەم: دیدگا ئەمنییە جیاوازەکان لەسەر ئایندەی داعش لە عێراق

لێـرەدا ناتوانرێـت وردەکاری تـەواوی دیـدگا جیاوازەکانـی هێـزە هەرێمـی و جیهانییـەکان لەسـەر ئاینـدەی داعـش و رووداوەکانـی نێو ئـەو جەنگـە روونبکرێتەوە، بەڵکـو زۆر بەکورتی ئامانجـە سـتراتیژییەکانی هێـزە هەرێمـی و جیهانییـەکان خراوەتـەڕوو کـە چەنـدە پێکـدادان و بەریەککەوتـن لـە نێوانیانـدا هەیـە، بەشـێکیان پێشـبینیدەکرێت لـە قۆناخـی دوای داعـش لـە موسـڵ و عێراقیشـدا کاریگـەری گەورەیـان هەبێـت. بـۆ کوردیـش گرنـگە زۆر بـەوردی ئـاگاداری پـڕۆژە جیـاوازەکان بێـت، چونکـە سـەرکەوتنی هـەر هـەوڵ و ئامانجێکـی کـورد لـە موسـڵ دەوەسـتێتە سـەر ئـەوەی تاوەکـو چەنـد ئـەو پڕۆژەیـە واقیعییـە و بـە لەبەرچاوگرتنی پێکدادانـی پـرۆژەی هێزەکانـی ئـەو ناوچەیـە دروسـتبووە. یەکێـك لـە ترسـە گـەورەکان لـە کاریگـەری ئـەو بەرژەوەندییـە جیاوازانـە ئەوەیـە کـە لـە مەیدانـی جەنگدا، بەرژەوەندییـە جیـاوازەکان گرووپـی چەکـداری جیاوازییـان لـە شـەڕی داعشـدا دروسـتکردووە، نـەوەك هـەر لەبەرامبـەر داعشـدا وایکـردووە کێشـەی گـەورە هەبێـت، بەڵکـو لـە ئاینـدەدا قەیرانـی شـەرعیەت و دووبـارە بنیاتنانـەوەی ناوچـە تـازە ئازادکراوەکانـی ژێردەسـتی داعشـی لێدەکەوێتـەوە .[1]

---

1 -بڕوانە:

Khatib, L. (2016) ‹‹Outsourcing the War Against ISIS: A Dangerous Dependency››, Foreign Affairs, July 13. outsourcing-war-against-isis (Accessed/13-07-Available at: https://www.foreignaffairs.com/articles/syria/2016 .(2016/8/date: 15

## یەکەم: دیدگای ئەمریکا

ستراتیژیەتی ئەمریـکا لـە لاوازکـردن و لەنێوبردنی داعش ترسـێکی زۆر لـە پێکدادانی ئامانجە ستراتیژییە جیاوازەکانـی رووسـیا، ئێـران، سـعودیە و تورکیـا هەبـووەو ئـەو دۆخـە تائێسـتاش تەحەدییەکـی گەورەیـە لەسـەر سـتراتیژیەتی ئەمریـکا لـە شـەڕی داعـش. بەپێچەوانـەی تێگەیشـتنی بـاو، ئەمریـکا خۆی لە کێشـەکانی سـووریا و عێـراق دوورنەخسـتووەتەوە، بەڵکو لـەو ژینگـە سـەختەدا کـە چەندیـن بەرژەوەنـدی هەرێمـی و جیهانـی بەریەککەوتـووە، زۆر زەحمەتبـووە بـۆ ئەمریـکا بتوانێ بەرژەوەندییـە سـتراتیژییەکانی پارێزراوبـکات .[1] ئیـدارەی ئۆبامـا بەپێچەوانـەوەی سیاسـەتەکانی ئەمریـکا لـە قۆناخـی دوای 2003ی عێـراق کـە زیاتـر ئامانجێکـی کورتخایەنیـان هەبـوو، بیـر لـە چارەسـەری درێژخایـەن دەکاتـەوە. ئیـدارەی بـاراك ئۆبامـا بـە تێگەیشـتن لـە ژینگـەی سـتراتیژی و ئەمنـی هاوچـەرخ کـە ژینگەیکـی ئاڵـۆز و ناڕۆشـن و تێکەڵـە مامەڵـەی لەگـەڵ داعـش کـردووە. بەکورتـی، ئامانجـە سـتراتیژییە باڵاکانـی ئەمریـکا لـە هەڵمەتـی لەنێوبردنـی داعـش لـە سـووریا و عێـراق بریتییـە لـە:

1. لەنێوبردنــی گرووپــە تیرۆریســتییەکانی هاوشــێوەی داعــش لــە مــەودای درێــژدا و ڕێگەگرتــن لــە دروســتبوونەوەیان.

2. دەرهێنانـی عێـراق و سـووریا لـە ململانێـی هەرێمیـی شـیعە و سـوننە لـە رۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت، چونکـە ئەگـەر ئـەو کارە نەکرێـت ئـەوە سرووشـتی توندوتیـژی و خوێنـاوی ململانێـی شـیعە و سـوننە وادەکات هەلومەرجێـك دروسـتببێتەوە کـە داعشـخوازەکان و قاعیـدە، هەروەهـا میلیشـیا و گرووپـە توونـدڕەوە نانیزامییەکانـی شـیعە و سـوننە جارێکـی دیکـە لەچـاوی خەڵکانێکـی زۆرەوە لەهـەردوو بـەرەدا شـەرعیەت وەربگـرن و توانـای کۆنترۆڵکردنـی خەڵکیـان لـە جوگرافیایەکـی دیاریکـراودا هەبێـت.

3. لاوازکردنی رۆڵی رووسیا و ئێران لە رووداوەکانی نێوخۆی سووریا و عێراق.

---

1 -لەگەڵ ئەوەش، لێکدانەوەی زۆر هەیە کە پێیوایە جەنگەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست (ئەفغانستان، عێراق، سوریا، لیبیا و یەمەن) گرنگی ستراتیژیەتی خۆیان لە چوارچێوەی ستراتیژیەتی مەزنی ئەمریکا لەدەستداوە، تەنانەت لە هەڵمەتەکانی سەرۆکایەتی ئەمریکا لەلایەن هەردووک هێلاری کلینتۆن و دۆناڵدا ترەمپ ئەولەویەتی ژمارە یەکی پێنەدراوە. بڕوانە:
Cordesman, A. (2016) ‹›U.S. Wars in Iraq, Syria, Libya, and Yemen: What Are The Endstates?‹›, Center for Strategic and International Studies, available at: https://www.csis.org/analysis/us-wars-iraq-syria-libya-and-.(2016/8/yemen-what-are-endstates (Accessed date: 20

## ئۆپەراسیۆنی موسڵ لە ژێر رۆشنایی
## ئامانجە ستراتیژییەکانی ئەمریکا لە شەڕی داعش:

جگە لەو خوێندنەوانەی پێیانوایە ئازادکردنەوەی موسڵ زۆر گرنگە بەر لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمریکا ڕووبدات، یان باشترین حاڵەتی دووەم ئەوەیە تاوەکو ئەوکاتە بە لایەنیکەم داعش لەو شارەدا زۆر لاواز کرابێت. لەگەڵ ئەوەش، ئەمریکا نایەوێ ئەو ئۆپەراسیۆنە بەشێوەیەك بەڕێوەبچێت لەگەڵ ئامانجەکانی یەکنەگرێتەوە: "رێگەنەدان بە سەرهەڵدانی ژینگەیەك کە چەندین گرووپی توندوتیژ و رادیکال دروستببنەوە لە قۆناخی دوای داعش". ئەمریکا لە دروستبوونەوەی شەڕێکی تایفی لەنێوان هێزە لۆکالییە سوننەکان لەگەڵ هێزی حەشدی شەعبی دەترسێت. تائێستاش سوپای عێراق بەتەواوی ئامادە نییە و حکومەتەکەی عەبادیش قەیرانی گەورەی هەیە. ئەمریکا لە روومادی و لە موسڵیش وەك سەردەمی سەحوە لەگەڵ عەشیرەتە سوننییەکان دانەنیشتووە. بەشێوەیەکی گشتی هاوکاری حەشدی شەعبیشی نەکردووە. بوونی چەند ناوچەیەکی شیعە لە تەلەعفەر و دەشتی موسڵ وادەکات ئەگەری بەشداری حەشدی شەعبی زیاتر بکات لە کاتێکدا هێزە سوننەکان و تەنانەت کوردەکانیش ئەوە رەتدەکەنەوە.

ئەگەری بەشدارییپێکردنی PKK و دەستتێوەردانی تورکیا، هەموو ئەوانە تەحەدی گەورەن لەسەر ئامانجی باڵای ئەمریکا لە شەڕی داعش. لەگەڵ ئەوەش، ئەمریکا دەزانێ بۆ ئەوەی ئۆپەراسیۆنی رزگارکردنەوەی موسڵ زۆر دوانەکەوێت، دەبێ بەشێوەیەکی واقیعیانە مامەلە لەگەڵ هێزە لۆکاڵییە جیاوازەکانیشدا بکات و سنوور و نەخشەی کارکردنیان دابڕێژێت، بەڵام تاوەکو ئەو جێگەیەی نەبێتە هەڕەشە لەسەر بنیاتنانەوەی ناوچەکە لە قۆناخی دوای داعش.

ئەمریکا پێویستی بە هاوئاهەنگییەکی زۆر کارای نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدایە. هاوئاهەنگی نێوانیان نە تەنیا کاریگەری لەسەر بەڕێوەبردنی هەڵمەتەکە دەبێت، بەڵکو کاریگەری راستەوخۆی لەسەر قۆناخی دوای ئازادکردنەوەی شارەکەش دەبێت. لە ئاستێکی بەرز لە قۆناخە سەرەتاییەکانی هەڵمەتی گرتنەوەی موسڵ و هەروەها ئیدارەکردنی شارەکە، ئەمریکا دەیەوێ ئەم پرۆسەیە بە هاوئاهەنگییەکی تەواو لەنێوان حکومەتی بەغدا و هەرێمی کوردستاندا بێتەکایەوە. پرۆتۆکۆڵی لێکتێگەیشتنی نێوان ئەمریکا و هەرێمی کوردستانیش یەکێك لە هۆکارەکانی ئەوەبوو کە دەبێ هەرێمی

کوردستان و بەغدا هاریکاربن نە تەنیا لە گرتنەوەی موسڵ بەڵکو لە ئیدارەکردنی شارەکەش. پێناچێت ئەمریکا لەگەڵ هیچ پرۆژەیەکی بەهەرێمکردنی شارەکەدا یان دابەشکردنی بۆ چەند پارێزگایەك بێت. راستە دەرکردنی داعش لە موسڵ دەبێتە هۆی ئەوەی بەتایبەت لە عێراق پێگەیەکی زۆر بۆ ئەنجامدانی کردە تیرۆریستییەکانی لەدەستبدات و نەتوانێ پلان و بەرنامەی عەسکەری بۆ کۆنترۆڵکردنی خەڵك و پێگەیاندنیان دابنێت، لە هەمووی گرنگتر سەرچاوەیەکی دارایی زۆر لەدەستدەدا و توانای ئاراستەکردنی خەڵکیشی بۆ شوێنەکانی دیکەی نێو عێراق و دەرەوەی عێراقیش لەدەستدەدات.

بەڵام ئەوە مانای ئەوە نییە داعش بە تەواوی لەناودەچێت، پێدەچێ ساڵێك بخایێنێت تاوەکو بەتەواوی داعش لە شوێنە جیاوازەکانی شارەکە و ناوچەکە کۆتایی پێدەهێنرێت و ژینگەی دوای داعشیش تاوەکو کاتێکی زۆر ژینگەیەکی زۆر لەبار نابێت بۆ هەر گۆڕانکارییەکی گەورە لەسەر ئایندەی ناوچەکە. لەبەرئەوە تاوەکو ئەوکاتە پێشبینیدەکرێت ئەمریکا لەگەڵ هیچ بەرنامەیەکی نوێ بۆ شارەکە نەبێت، بەڵکو پشتگیری لە بەشداری هەموو پێکهاتەکان لە ئیدارەکردنی شارەکەدا دەکات. ئەگەر هەر بەرنامەیەکی دابەشکردنیش لەئارادابێت، ئەمریکا دەیەوێ بەپێی رێککەوتنی سیاسی نێوان لایەنەکان خۆی سەرپەرشتی بکات.

## دووەم: دیدگای رووسیا

ئامانجە ستراتیژییە باڵاکانی رووسیا لە شەڕی داعش:

1. بەدەستهێنانەوەی مەجالی هێز و نفووزی رووسیا لە ناوچەکە
2. لاوازکردنی ئەمریکا لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست
3. بنیاتنانەوەی هێزی سەربازی رووسیا
4. ترساندنی رۆژئاوا لە هەڕەشەکردن لە رووسیا

لەڕاستیدا ئامانجە ستراتیژییەکانی رووسیا لەگەڵ ئامانجە ستراتیژییەکانی ئەمریکا لە شەڕی داعش لە سووریا و عێراق یەکناگرێتەوە. لەبەرئەوە دەتوانین لەوە تێبگەین بۆچی تائێستا جەنگی سووریا کۆتایی پێنەهاتووە، تەنانەت داعشیش نەمێنێت ئەوا پێکدادانی نێوان ئامانجە ستراتیژییەکانی ئەمریکا و رووسیا دەمێنێتەوە کە کاریگەری راستەوخۆی لەسەر ئایندەی ئەو ناوچەیە دەبێت. چونکە لەسەر ئاستێکی ستراتیژی

فراوانـدا حکومەتـی بەغـدا، ئێـران و ئەسـەد لـە ناوچەکـە هاوپەیمانـی رووسـیان، بۆیـە پێدەچـێ سیاسـەتی رووسـیا لـە ئۆپەراسـیۆنی موسـڵ زۆر لـە سیاسـەتی بەغـدا و ئێـران نزیـك بێـت.
پێشـبینیدەکرێت رووسـیا لەگـەڵ بەغـدا لـە گرتنـەوەی موسـڵ و لـە ئیدارەکردنیشـی لـە قۆناخـی دوای داعشـدا هاوئاهەنـگ بێـت. رووسـیا لەمـاوەی رابـردوودا وەجبەیـەك لـە هەلیکۆپتـەری جەنگـی Mi-28NE داوەتـە عێـراق و بـۆ گرتنـەوەی موسـڵ بەڵێنـی هـاوکاری زیاتـری سـوپای عێراقیشـی داوە. تەنانـەت هاوکارییەکانیشـی بـۆ پێشـمەرگە بـە رەزامەنـدی و لـە رێگـەی بەغـداوە بـووە.

## سێیەم: دیدگای ئێران

ئامانجـە سـتراتیژییەکانی ئێـران لـە شـەڕی داعـش بەتـەواوی پێچەوانـەی ئامانجـە سـتراتیژییەکانی ئەمریـکا و رۆژئـاوا، تورکیـا و سـعودیەیە.
1. دامەزراندنی هەژموونی هەرێمی ئێران و پارێزگاریکردن لە قوڵایی ستراتیژی خۆی
2. پارێزگاریکردن و بەهێزکردنی گرووپە چەکدارییە شیعەکان لە ناوچەکە
3. لاوازکردنی سعودیە و دەوڵەتە سوننەکانی ناوچەکە
ئامرازەکانی ئێران:
1. باشـترکردنی ئابـووری وڵات، لەرێگـەی هەڵگرتنـی سـزا ئابوورییـەکان، فـرە رەهەندکردنـی سـەرچاوەکانی ئابـووری وڵات.
2. هاندانـی گرووپـە چەکدارییـە شـیعەکان لـە یەمـەن، سـووریا، لوبنـان و عێـراق بـۆ سـەرقاڵکردنی دەسـەڵاتی سـعودیە و هاوپەیمانەکانـی.
3. زامنکردنی حکومەتێکی عەلەوی- شیعەی لایەنگری ئێران لە سووریا و عێراق.
ئـەو ئامرازانـەی ئێـران خـۆی لـە هاوپەیمانییەکـی زۆر جیـاواز لـە هاوپەیمانییەکانـی دیکـە دەبینێتـەوە، ئـەو هاوپەیمانییـەی ئێـران لەگەڵ دەوڵـەت – نەتـەوە تەقلیدییەکانـی ناوچەکە نییـە، بەڵکـو لەگـەڵ چەنـد هێـز و میلیشـیا و گرووپـی چەکـداری نانیزامییـە لـە سـووریا، عێـراق، لوبنـان و یەمـەن، ئەمـە نـەوەك لەگـەڵ ئامانجـە سـتراتیژییەکانی ئەمریکا و سـعودیە و تورکیـا هـەر یەکناگرێتـەوە، بەڵکـو هەڕەشـەیەکی گەورەشـە لەسـەر ئاینـدەی سیسـتەمی دەوڵەتـان (states-system) لـە رۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت . "Institute for the Study of War لـە دوا راپۆرتەکانـی بارودۆخـی عێـراق ئامـاژەی بـەوە کـردووە کـە قاسـم سـولەیمانی لـە

دەوروبەری پارێزگای موسڵ لە 2016/8/4 بینراوە کە لەگەڵ هێزە ئەمنییەکانی عێراق و حەشدی شەعبی کۆبووەتەوە بۆ خۆئامادەکردن بۆ ئۆپەراسیۆنی موسڵ . [1]

لە واقیعدا، ئەگەر لە قۆناخی سەرەتای دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنەکەش ڕێگە بەوە نەدرێت حەشدی شەعبی بەشدار ببێت، ئەوە لە قۆناخی دواتردا ئەگەری زۆر هەیە بەشدار بێت و تەنانەت لەو ناوچانەی شیعە تێیدا زۆرینەن لە تەلەعفەر و چەند شوێنێکی دەشتی نەینەوا جێگیرببێت . فەرمانی بە فەرمی ناساندنی هێزەکانی حەشدی شەعبی و کردنی بە بەشێك لە هێزە ئەمنییەکانی عێراق لەلایەن عەبادییەوە لە 2016/7/26 ، ئاماژەیەکە بۆ بەشدرایکردنی ئەو هێزانە لە ئایندەدا. هەروەها لە 2016/8/17 سەرکردەی میلیشیا شیعە جیاوازەکان بەسەرکردایەتی هادی عامری لە بەغدا کۆبوونەوە بۆ چۆنیەتی پێکهێنانی بەرەیەکی هاوبەش بۆ بەشداریکردن لە ئۆپەراسیۆنەکانی موسڵ .[2]

چۆن ئەو ئامانجە ستراتیژییە باڵایانەی ئێران و ئامرازەکانی بە دواداچوونیان لە ئۆپەراسیۆنی موسڵدا ڕەنگدەداتەوە:

1. دڵنیابوون لەوەی هەرێمێکی سوننە دانامەزرێت لە موسڵ کە تێیدا تورکیا و سعودیە لە پشتیەوە بن

2. دۆزینەوەی ڕێگەیەك بۆ بەشدارپێکردنی حەشدی شەعبی و جێگیرکردنی لەو ناوچانەی شیعە تێیدا زۆرینەن.

3. ڕێگەگرتن لەوەی کە کورد و سوننەکان زۆرترین دەستکەوتیان لە قۆناخی دوای داعش بەربکەوێت.

لێرەدا دەردەکەوێت ئامانجە ستراتیژییەکان و ئامرازەکانی ئێران لەگەڵ پڕۆژە جیاوازەکانی قۆناخی دوای داعش لە موسڵ یەکناگرێتەوە. تێوەگلانی ئێران لە ئۆپەراسیۆنەکانی موسڵ و قۆناخەکانی دواتر وادەکات ئەو ململانێیە سرووشتێکی مەزهەبی توندوتیژ و خوێناوی وەربگرێت. هەروەها دەبێتە هۆی دەرکەوتنی گرووپی چەکدرای توندڕەوی زیاتر. لەبەرئەوە ئەگەر چوارچێوەیەکی واقیعی و ورد بۆ دەستتێوەردانی ئێران دانەنرێت، ئەگەرێکی زۆر هەیە سرووشتێکی توندوتیژ بە قۆناخی بنیاتنانەوەی شارەکە بدرێت.

---

1 -Iraq Situation Report: August 32016 ,8-, Institute for the Study of War. Available at: http://www.understandingwar.org/backgrounder/iraq-situation-report-august-32016-8- (Accessed date: 152016/8/).

٢ -Iraq Situation Report: August ٢٠١٦ ,٢٢-١٦, Institute for the Study of War. Available at: http://understandingwar.org/sites/default/files/iraq%20SITREP%20201622-08-.pdf (Accessed date: 232016/8/).

## چوارەم: دیدگای تورکیا

ئامانجە ستراتیژییە باڵاکانی تورکیا لە شەڕی داعش
1. کردنی تورکیا بە هێزێکی هەرێمی و سەرکردایەتیکردنی جیهانی سوننە
2. پاراستنی بواری فراوانبوون و نفووز و قوڵایی ستراتیژی تورکیا لە سووریا و عێراق
3. ڕێگرتن لە دروستبوونی کیانێکی کوردی لە سووریا
ئامانجـی بـاڵای تورکیـا لەنێوبردنـی داعـش نییـە، بەڵکـو دوای پارێزگاریکـردن لـە قوڵایـی سـتراتیژی خـۆی و ڕێگرتـن لـە دروسـتبوونی قەوارەیەکـی کـوردی لـە سـووریایە. لـە ڕوانگەی سیاسـەتی دەرەوەی تورکیـا، قەوارەیەکـی کـوردی لـە سـووریا نـەوەك داعـش، هەڕەشـەیە لەسـەر ئاسایشـی تورکیـا. تەنانـەت ئـەو ئامانجـەی تورکیـا بەشـێکە لـە چوارچێـوەی ئامانجـە سـتراتیژیە باڵاکانـی تورکیـا لـە ڕۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت ، بوونـی قەوارەیەکـی کـوردی بەسـەرکردایەتی YPG و PKK ڕێگـر دەبێـت لـە پارێزگاریکـردن لـە قوڵایـی سـتراتیژی تورکیـا لـە ڕۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت . تورکیـا بـاوەڕی وایـە موسـڵ دەروازەیەکـی گرنگـە بـۆ بـە دواداچوونـی ئامانجـە سـتراتیژییەکانی لـە تـەواوی ڕۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت .
تورکیـا بەرژەوەنـدی گـەورەی لـە موسـڵ هەیـە، بـەڵام توانـای لـە ڕووداوەکانـی موسـڵدا بەسـتراوەتەوە بـەوەی کـە تاوەکـو چەنـد لەگـەڵ هەرێمـی کوردسـتان دەتوانێـت بەرژەوەنـدی هاوبـەش بدۆزێتـەوە، چونکـە بەبـێ هـاوکاری هەرێمـی کوردسـتان ناتوانـێ بـەدوای بەرژەوەندییەکانیـدا بچێـت. لەبەرئـەوەی سـوننە دابەشـبووە و ناتوانـێ کۆنتڕۆڵـی هەمـوو دەنگـەکان بـکات . پێدەچـێ باشـترین سـیناریۆ بـۆ تورکیـا ئەوەبـێ کـە موسـڵ ببێتـە هەرێمێکـی سـەربەخۆ لـە چوارچێـوەی ئیـدارەی شـارەکە . لـەو ڕێگەیەشـەوە دەتوانـێ کاریگەرییەکـی زۆری لەسـەر ناوچەکـە هەبێـت. نیگەرانـی گـەورەی تورکیـا لـە بەشـدارییپێکردنی PKK و هەروەهـا حەشـدی شـەعبییە لـە موسـڵ، بۆیـە بـە هەمـوو شـێوەیەك یارمەتـی هێـزە سـوننەکان دەدات تاوەکـو لـە قۆناخـی دواتـردا ڕووبـەڕووی PKK و حەشـدی شـەعبیش ببنـەوە.

## پێنجەم: دیدگای سعودیە

ئامانجـە سـتراتیژییەکانی سـعودیە لـە شـەڕی داعـش لـە چەنـد ڕەهەندێکـەوە لەگـەڵ ئامانجەکانـی ئەمریـکا یەکناگرێتـەوە و بەتەواویـش لەگـەڵ ئامانجەکانـی ئێـران و ڕووسـیا

دژە.
1. پاراستنی دەسەڵاتی ئالی سعود و پاراستنی سەقامگیری ناوخۆی وڵات
2. سەرکردایەتیکردنی جیهانی ئیسلامی
3. هاندانی سەلەفی وەهابی
4. ڕێگرتن لە پەلهاوێشتنی ئێران[1]

لەڕاستیدا، سعودیە لە عێراقدا بەرژەوەندییەکی زۆری هەیە، بەڵام نفووزی کەمترە وەك لە سووریا هەیەتی و توانیویەتی کاریگەری لەسەر ئۆپۆزسیۆنی سوننەی سووریا هەبێت. لە عێراقدا لەبەرئەوەی سوننە تەواو دابەشبووە تائێستا نەیتوانیوە کاریگەری گەورەی لەسەر دروستکردنی بڕیاری سوننەکان هەبێت، بەڵام دەتوانێ لەڕێگەی پشتگیری ماددی بەشێك لە سوننەکان کۆبکاتەوە بۆ ئەوەی بتوانن لەبەرامبەر پڕۆژە ئێرانییەکان بوەستنەوە و لە موسڵ و ناوچە سوننینشینەکانی عێراق. ڕەنگە سعودیە بۆ ئەوەی بتوانێ کاریگەرییەکانی زیاتربێ هەوڵبدات بەرژەوەندی هاوبەش بە تایبەت لەگەڵ تورکیا، دواتر قەتەر و ئیمارات و ئوردن، (ڕەنگە هەرێمی کوردستانیش) ببینێتەوە.

## بەشی دووەم: ئەولەویەتەکانی ئاسایشی هەرێمی کوردستان لە ئۆپەراسیۆنەکانی موسڵدا

چونکە هەڵمەتی ڕزگارکردنەوەی موسڵ کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆی لەسەر ئایندەی داعش دەبێ لە عێراق لەبەرئەوە پێشبینیدەکرێت چەندین پڕۆژەی جیاواز هەبێت نەوەك هەر لەسەر چۆنیەتی دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنی موسڵ، بەڵکو لەسەر ئایندەی شارەکە و چۆنیەتی بنیاتنانەوەی یەکە ئیدارییەکانی شارەکەش. بەڵام هیچ یەك لەو دیدگا و پڕۆژە جیهانی و هەرێمییانە بەبێکارکردن لەگەڵ هێزە لۆکالییەکان

1 -سەرچاوەی سەرەکی شیکردنەوەی دیدگا جیاوازەکان و ئامانجە ستراتیژییەکانی ئەمریکا، ڕوسیا، ئێران، تورکیا و سعودیە بریتییە لە:

Frederick W. Kagan et al (2016) U.S. Grand Strategy: Destroying ISIS and al Qaeda, Report Two: Competing Visions for Iraq and Syria: The Myth of Anti-ISIS Grand Coalition, the Institute for the Study of War. Available at: http://www.understandingwar.org/report/competing-visions-syria-and-iraq-myth-anti-isis-grand-coalition (Accessed date: 202016/7/).

سـەرناکەوێت. لـە ئۆپەراسـیۆنی موسـڵ عەرەبـی سـوننە و حەشـدی نیشـتمانی، حکومەتـی عێراقـی و حەشـدی شـیعە و هەروەهـا کـورد سـێ بـەرەی دیـارن کـە ئامانجـی جیاوازیـان هەیـە.

ترسـێکی زۆر لـە گەڕانـەوەی ناسـەقامگیری و توونـدوتیـژی لـە موسـڵی دوای داعـش هەیـە. سـەرچاوەی سـەرەکی ئـەو ترسـە بوونـی چەنـدیـن گـرووپ و میلیشـیای چەکـداری جیـاوازە لـە بـەرەی هەمـوو هێـزە لۆکالییـەکان، بەتایبـەت لـە نەبوونـی متمانـە بـە تواناکانـی هێـزە ئەمنییـە عێراقییـەکان و تەنانـەت ئەمریـکاش بـە کۆنترۆڵکردنی ئاراسـتەکانی ئۆپەراسـیۆنەکە و هەروەهـا ئیدارەکردنـی ئاراسـتە جیـاوازەکان.[1] یەکێـك لـە کێشـە گـەورەکان لەبـەردەم هـەر پڕۆژەیـەك لەسـەر ئاینـدەی داعـش لـە شـاری موسـڵ ئـەوە دەبـێ چـۆن بتوانـن جارێکـی دیکـە پێکهاتـە و کەمینـە جیاوازەکانـی شـارەکە رازیبکرێنـەوە لـە چوارچێـوەی ئیـدارەی پێشـوودا بمێننـەوە، ئێزدییـەکان لـە شـنگال، تورکمانـەکان لـە تەلەعفـەر، مەسـیحی، کاکەیـی و شـەبەکەکان لـە دەشـتی نەینـەوا، ئەمـە لەکاتێکـدا نیـوەی زیاتـری دانیشـتوانی موسـڵ ئاوارەبـوون و لـە هەرێمـی کوردسـتاندا نیشـتەجێبوون. یەکێـك لـەو هۆکارانـەی وایکـردووە ئاینـدەی ئـەو پێکهاتانـە زیاتـر ناڕۆشـن بێـت، ئەوەیـە ئـەو ناوچانـە بەشـێکن لـە ناوچـە جێناکۆکـەکان. هەروەهـا چەنـدیـن گرووپـی چەکـداری لـەو ناوچانـە بوونیـان هەیـە و دەبێـت.

بەکورتـی، رایەکـی بـاو هەیـە بـەوەی کـە پێکهاتـە و کەمینـەکان سـەربەخۆییەکی ئیدارییـان پێبدرێـت و لەژێـر سەرپەرشـتی نەتەوەیەکگرتـووەکان، واتە کردنی شـنگال و دەشـتی نەینەوا بـە دوو پارێـزگای جیـاواز. لەڕاسـتیدا، کردنـی شـنگال و دەشـتی نەینـەوا بـە دوو پارێـزگای سـەربەخۆ لەگـەڵ بەرژەوەندییـە سـتراتیژییەکانی کـورد لـە پارێزگاکـە یەکدەگرێتـەوە. ئەویـش دڵنیابوونـە لـەوەی کـە شـارەکە بەتـەواوی لـە دەسـتی یـەك پێکهاتـەدا نابـێ و ئەگـەری چوونـە پاڵـی ئـەو دووپارێزگایـە بـۆ سـەر هەرێمـی کوردسـتان زۆر زیاتـر دەبـێ لـە ئەگـەری مانەوەیـان بـە سـەربەخۆیی و چوونـە پـاڵ بەغـدا. لەبەرئـەوە یەکێـك لـەو پڕۆژانەیـە کـە کـورد دەبێـت پشـتگیری لێبـکات.

تەنانـەت ئەگـەر لەقۆناخـی دوای داعـش لـە شـارەکە هەڵبژاردنیـش بکرێـت، پێناچـێ

---

1 -بڕوانە:

An interview with Ned Parker, U.S.-based Enterprise Reporter, Reuters (2016) ‹‹Does Iraq Have a Plan for After the Islamic State?››, Council on Foreign Relations. Available at: http://www.cfr.org/iraq/does-iraq-have-plan-after-islamic-state/p38126 (Accessed date: 12/8/2016).

هیچ یەك لە گرووپە چەكدارییەكانی ئەو شارە دەستبەرداری هێزی چەكدارییان بن تەنانەت ئەگەر لە هەڵبژاردنیش دەرنەچوون. لەبەرئەوە رێگەی دیموكراسی، ئاسایی و شەرعی پێویستی بە كاتی زۆرە نەوەك هەر لە موسڵ بەڵكو لە تەواوی ناوچە رزگاركراوەكانی ژێر دەستی داعش. لە موسڵدا زیاتر لە گرووپێكی چەكداری هەیە، ئەمەش وایكردووە لەسەر ئاسایشی مرۆیی تاكەكان هەڕەشەیەكی گەورەبن و پێشبینی ناكرێت ئەو هێزانە بە ئاسانی دەستبەرداری چەكەكانیان بن بەتایبەت لە قۆناخە سەرەتاییەكانی دوای ئازادكردنەوەی موسڵ.

لە كەشێكی لەو شێوەیەدا زۆر سەخت دەبێ گرەنتی بەشدارییپێكردنی هەموو كۆمەڵگە و پێكهاتەكان هەبێت و پرسی عەدالەتی ئینتیقالیش یەكێك لە تەحەدییە گەورەكان دەبێت لەبەردەم سەرخستنی هەر پڕۆژەیەك. لە هەمووی گرنگتر، پرۆسەی بنیاتنانەوە و حوكمكردنی شارەكە زۆر سەخت دەبێت و كۆڵەكەكانی دەبێ لەسەر بنەمایەكی تۆكمەی لامەركەزیەت و بەرنامەیەكی ئاشتەوایی جیدی و راستەقینە دامەزرابێت. هەروەها بەرنامەیەكی زۆر ستراتیژی گرنگ هەبێت بۆ رێگەگرتن لە دروستبوونەوەی گرووپی تیرۆریستی و رێگەگرتن لە بەڕادیكاڵیكردنی گەنجەكان .[1] عەرەبی سوننە خاوەن مەركەزێكی بڕیاردانی یەكگرتوو لە موسڵ نییە و تەنانەت لە تەواوی عێراقیش. بەردەوام هەوڵی ئەوە هەبووە هێزە سوننەكان بەهێزبكرێنەوە چونكە تاكە رێگەی كاریگەر بۆ دەركردنی داعش لەنێو شاری موسڵن. بەڵام بەگشتی پڕۆژەی عەرەبی سوننە بریتییە لە بەهەرێمكردنی موسڵ لە چوارچێوەی سنووری ئیدارەی ئێستای پارێزگاكە، بە دەشتی نەینەوا، شنگال و مەخموور كە بەشێك لە ناوچە كوردستانییەكانی دەرەوەی هەرێمی كوردستانن، دواتر ئەو هەرێمە بۆ چەند پارێزگایەك دابەش بكرێت و مەخموور و شنگال و دەشتی نەینەواش ببن بە پارێزگای سەربەخۆ لەو هەرێمەدا. كێشەی گەورەی كورد لەگەڵ پڕۆژەی عەرەبی سوننە ئەوە دەبێت چۆن بتواندرێت ناوچە كوردستانییەكان بگەڕێندرێنەوە سەر هەرێم. لە لایەكی دیكەوە، بەشدارییپێكردنی حەشدی شەعبی بە كۆی دەنگی ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگای موسڵ رەتكراوەتەوە. لەبەر ئەوە لە ئەگەری بەشدارییپێكردنیدا پێكدادانی توندی هێزە ناوخۆكانی موسڵ زۆر مومكین دەبێت.

---

1 -بڕوانەی راپۆرتی دەزگای مێری:
O’Driscoll, D. (2016) The Battle for Mosul; Pre and Post ‘Liberation’ Planning. MERI Policy Brief. vol. 3, no. 11.

# ئەولەویەتەکانی ئاسایشی هەرێمی کوردستان

**یەکەم: ئاسایشی سنووری هەرێمی کوردستان و ناوچە کوردستانییەکان**
زۆربەی گرووپ و تاکە تیرۆریستییەکان کە لە ماوەی ساڵانی رابردوودا هەڕەشەبوون لەسەر هەرێمی کوردستان، سەرچاوە و پلانی کارکردنیان لە شاری موسڵ بەڕێوەبردووە، بۆیە دەبێ پاراستنی سنوورەکانی هەرێمی کوردستان بە گەورەترین ئەولەویەتی ئاسایشی نەتەوەیی دابنرێت. رێگرتن لە سەرهەڵدانەوەی گرووپی تیرۆریستی لەو ناوچانە و لاوازکردنی گرووپەکان بەر لەدەرکەوتنیان یان رێگەگرتن لە دووبارە خۆڕێکخستنەوەی گرووپە توندڕەوەکان لە سنووری پارێزگای موسڵ.

**دووەم: ئایندەی ناوچە کوردستانییەکان**
چونکە قۆناخی دوای داعش قۆناخیکی زۆر ناجێگیر دەبێت، لەبەرئەوە دەبێ لەڕووی ئەمنی و ئیدارییەوە بە هەر شێوازێك بێت لە ژێر کۆنترۆڵی کورد خۆیدا بێت، تاوەکو ئەوکاتەی ئایندەی شارەکە بەتەواوی دیار دەبێت. لە هەمووی گرنگتر ئامادەکردنی ئەو شارانەیە بۆ گەڕانەوەیان بۆ سەر هەرێمی کوردستان.

**سێیەم: خۆ ئامادەکردن بۆ رووبەڕووبوونەوەی شەپۆلی ئاوارەکان**
ئەگەر ئاراستەی ئۆپەراسیۆنەکە گۆڕا بۆ شەڕێکی تایفی، ئەوا پێشبینیدەکرێت خەڵکێکی یەکجار زۆر شارەکە دوای کۆنترۆڵکردنیشی بەجێبێڵن و رووبکەنە هەرێمی کوردستان. ئەگەر ئامادەکاری باشی بۆ نەکرێت ، هاتنی خەڵکێکی زۆر ببێتە هەڕەشە لەسەر ئاسایشی هەرێمی کوردستان ،بەتایبەت لە ئەگەری دزەکردنی تیرۆریستان بۆ نێو هەرێمی کوردستان. لەبەرئەوە دانانی بەرنامە و سیستەمێکی ئاوارتە بۆ دیاریکردنی ناسنامە و کەسایەتی ئاوارەکان کارێکی زۆر گرنگە.

## بەرەو داڕشتنی ستراتیژیەتێکی کوردستانی

بەر لەهەموو شتێك موسڵ ژینگەیەکی زۆر سەخت دەبێ بۆ هەموو پڕۆژەکان. پێشبینیناکرێت هیچ پڕۆژەیەك بەتەواوی بتوانێ لەسەر شارەکە جێبەجێببێت، بۆیە بەرلەوەی قسە لەسەر هیچ پڕۆژەیەکی کوردی بکەین ، دەبێ بپرسین ئامانجە

ستراتیژییەکانی کورد چین؟ بەهۆی بوونی چەندین هێز و ئەکتەری جیاواز کە لە زۆربەی حالەتەکاندا بەرژەوەندییەکانیان بەڕووی یەکدی دەوەستێتەوە، وایکردووە زۆر زەحمەتبێ سەقامگیری و ئاسایش لە موسڵدا هەبێت، چونکە هەموو ئەو پڕۆژانەی هەن جگە لە دیدگای ئەمریکا، هەموویان ئامانجی گەورەیان سەقامگیری سەرتاسەری نییە، چونکە دەبێ لەسەر بنەمای ستراتیژیەتێکی هەمەگیر و فراوان بەڕێوەبچێت نەك تەنیا ستراتیژیەتی لەنێوبردنی داعش. لەبەرئەوە کورد دەبێ باش ئاگاداری ئەوەبێ داعش لە موسڵ دەڕوات، بەڵام موسڵێکی ناسەقامگیر دەمێنێتەوە. ستراتیژیەتی کوردی دەبێ لەسەر بنەمای ئامانجی سیاسی باڵای کورد دابمەزرێت. دەبێ ئەو ئامانجەش دەرەنجامی واقیعی سەختی ناوچەکە بێت.

ئەرکی کورد نییە داعش لەنێوببات و لە توانای کوردیشدا نییە ئەو کارە بکات، بەڵکو لە فەرهەنگی سەربازیدا "لەنێوبردن" مەبەست لێی ئەوەیە کە دووژمن توانای هەڕەشەکردنی نەمێنێ تاوەکو ئەوکاتەی خۆی دووبارە دروستدەکاتەوە. بۆیە دەبێ ستراتیژیەتی لەنێوبردنی داعش لەسەر ئەوە بنیاتبنرێت کە جارێکی دیکە داعش نەتوانێ کارابێتەوە ، بەتایبەت لە سنووری ناوچە کوردستانییەکان. لەبەرئەوە شکستی داعش لە موسڵ بە مانای کۆتایهێنانی ئەرکی هیچ هێزێك نایێت، بەڵکو ئەو "شکستە" هەلومەرجێکی کاتی دەبێ تاوەکو ئەوکاتەی شارەکە لەسەر بنەمایەکی دروست بنیاتدەنرێتەوە کە پێناچێ لە ماوەیەکی نزیکدا رووبدات. بۆیە ئامانجی سیاسی کورد دەبێ لەسەر بنەمای دیدگایەك دابرێژرێت کە بگونجێ بۆ ئەو گۆڕانکارییانەی لەگەڵ دینامیکەکانی هێز لە شارەکە و لە عێراقیش لە دوو ساڵی دواتردا رەنگە رووبدەن.

دوای لێکدانەوەیەکی وردی ژینگەی ئەمنی، ستراتیژی، سیاسی، کۆمەڵایەتی و جوگرافی پارێزگای موسڵ و لێکدانەوەی پێگەی هێزە کوردستانییەکان لە شارەکە، هەروەها دوای پرۆتۆکۆلی لێکتێگەیشتنی نێوان هەرێمی کوردستان و ئەمریکا، لە باشرین حاڵەتدا پێشبینیدەکرێت کورد چوار ئامانجی ستراتیژی گەورەی هەبێت:

1. پارێزگاریکردن لە ناوچە کوردستانییەکان بەتایبەت لە شنگال، مەخموور و دەشتی نەینەوا، کردنی شەنگال و دەشتی نەینەوا بە پارێزگایەکی سەربەخۆ، چونکە لەو ئەگەرەدا پێشبینیدەکرێت لە ئایندەدا بگەڕێنەوە سەر هەرێمی کوردستان، هەم کوردانی ئێزدی ، هەروەهاش مەسیحیی و پێکهاتەکانی دیکەش لەدوای کارەساتی داعش و تەنانەت پێش ئەو قۆناخەش بەشێکبوون لە کوردستان و ئێستاش دوای ئاوارەبوونیان و تێکەڵبوونیان بە کۆمەڵگەی کوردستانی، هەنگاوێکی دیکە رێگەی بۆ

ئـەوە خۆشـکرد نـەوەك تەنانـەت لەسـەر ئاسـتی خەڵکـی ئـەو ناوچانـە، بەڵکـو لەسـەر ئاسـتی نێودەوڵەتیـش هەرێمـی کوردسـتان بـە شـوێنێکی دروسـتی لـە خۆگرتنـی پێکهاتـە و کەمینەکانـی شـاری موسـڵ دابنرێـت.

2. رێگەگرتن لە بەهێزبوونەوەی هەر گرووپێکی تیرۆریستی لە شاری موسڵ.

3. لـە هـەر ئەگەرێکـی گشتپرسـی و سـەربەخۆیی، ئـەو ناوچانـە بگەڕێنـەوە بـۆ سـەر هەرێمــی کوردســتان.

4. رێگەگرتـن لـەوەی ئیـدارەی موسـڵ تەنیـا لەدەسـت هێزێکـدا بێـت، بەڵکـو تاوەکـو چەند شـارەکە دابەشـبێ، هێنـدە ئامانجەکانـی کـورد لـەو ناوچانـە مومکینـتر دەبن.

## ئەنجام

بوونـی چەندیـن پـڕۆژەی جیـاواز لەسـەر ئاینـدەی موسـڵ وادەکات ئاڵـۆزی و نادڵنیاییەکـی زۆر رووبـەڕووی هەمـوو ئەکتـەرە نێوخۆییـەکان ببێتـەوە و لەبـەر بوونـی چەندیـن ئامانجـی سـتراتیژی جیـاواز کـە لـە بنەڕەتـدا سرووشـتی پێکدادانیـان هەیـە، وادەکات زۆر زەحمەتبـێ ئەولەویەتەکانـی ئاسایشـی ئەکتەرێـك لەگـەڵ ئەکتەرەکانـی دیکـە لـە عێـراق یەکبگرێتـەوە. پێشـبینیدەکرێت ئەمریـکا نەتوانـێ نەخشـەرێگەیەك بـۆ سـنووری هەمـوو هێـزەکان لـەو شـارەدا دابنێـت، بۆیـە پێشـنیاز دەکرێـت هەرێمـی کوردسـتان پڕۆژەیەکـی واقیعـی هەبێـت بـە رێککەوتـن لەگـەڵ ئەمریـکا بـۆ چۆنیەتـی ئیدارەکردنـی شـنگال و دەشـتی نەینـەوا.

لەتـەك ئەوەشـدا ئەولەویەتـی گـەورەی ئاسایشـی هەرێمـی کوردسـتان بریتـی دەبێـت لـە پاراسـتنی ئاسایشـی سـنوور و ناوچـە کوردسـتانییەکان، رێگرتـن لـە هاتنەنـاوەوەی کـەس و گرووپـە تیرۆریسـتییەکان. هەروەهـا ئامادەکردنـی ناوچـە کوردسـتانییەکان بـۆ پرۆسـەی گشتپرسـی و سـەربەخۆیی.

# سەرچاوەکان


Baylis، J. et al (eds.) (2010) Strategy in the Contemporary World: An introduction to Strategic Studies، 3rd edition. Oxford، Oxford University Press.

Cordesman، A. (2016) "U.S. Wars in Iraq، Syria، Libya، and Yemen: What Are The Endstates?"، Center for Strategic and International Studies، available at: https://www.csis.org/analysis/us-wars-iraq-syria-libya-and-yemen-what-are-endstates (Accessed date: 202016/8/).

IRAQ SITUATION REPORT: AUGUST 32016 ،8-، Institute for the Study of War. Available at: http://www.understandingwar.org/backgrounder/iraq-situation-report-august-32016-8- (Accessed date: 152016/8/).

Frederick W. Kagan et al (2016) U.S. Grand Strategy: Destroying ISIS and al Qaeda، Report Two: Competing Visions for Iraq and Syria: The Myth of Anti-ISIS Grand Coalition، the Institute for the Study of War. Available at: http://www.understandingwar.org/report/competing-visions-syria-and-iraq-myth-anti-isis-grand-coalition (Accessed date: 202016/7/).

Herz، J. (1950) 'Idealist internationalism and the security dilemma'، World politics، 2(2)، 157180-.

Iraq Situation Report: August 162016 ،22-، Institute for the Study of War. Available at: http://understandingwar.org/sites/default/files/iraq%20SITREP%20201622-08-.pdf (Accessed date: 232016/8/).

Khatib، L. (2016) "Outsourcing the War Against ISIS: A Dangerous Dependency"، Foreign Affairs، July 13. Available at: https://www.foreignaffairs.com/articles/syria/201613-07-/outsourcing-war-against-isis (Accessed date: 152016/8/).


O'Driscoll، D. (2016) The Battle for Mosul; Pre and Post 'Liberation' Planning. MERI Policy Brief. vol. 3، no. 11.

Ned Parker، U.S.-based Enterprise Reporter، Reuters (2016) "Does Iraq Have a Plan for After the Islamic State?"، Council on Foreign Relations. Available at: http://www.cfr.org/iraq/does-iraq-have-plan-after-islamic-state/p38126 (Accessed date: 122016/8/).

Shambach، S. (2004) Strategic Leadership Primer، 2nd edition. Carlisle Barracks، PA: U.S. Army War College.

# کەوانەی ئەمنی کوردستان لە دەوری موسڵ

زریان ڕۆژهەڵاتی




## پووختە

وەك چۆن نزیکەی سەت ساڵ بەر لە ئێستا موسڵ ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوەی لە بنیاتنان و پێکەوەلکانی سنوورەکانی عێراقی ئەمڕۆدا گێڕا و بابەتێکی گەرمی کێشمەکێشە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکان بوو، ئێستاش بۆ زۆر لە ئەکتەرە سیاسییە دەوڵەتی-نادەوڵەتییەکانیش ئایندەی موسڵ بابەخێکی ستراتیژی هەیە. ئەمەش وایکردووە تاوەکو

موسـڵ وەك شـوێنێكی گرنگـی كێشمەكێشـی ناوخۆیـی عێـراق و ململانێـی نێودەوڵەتـی لەسـەر ئـەو وڵاتـە بێـت.
بۆیـە ئۆپەراسـیۆنی موسـڵ رووداوێـك نییـە كـە تەنیـا بـە لەنێوبردنـی داعـش سـنووردار‌بێت، بەڵكـو رەهەنـدی كێشمەكێشـی ناوخۆیـی و نێودەوڵەتیشـی هەیـە. بـە ئەگـەری زۆر، بەریەككەوتنـی بەرژەوەنـدی ئەكتـەرە دەرەكـی و ناوخۆییـەكان لـە موسـڵی دوای داعـش كـە هـۆكاری بەهێـزی جیۆپۆلیتكـی- ئایدۆلـۆژی لـە پشـتە،"گرێكوێرەیەكی ئەمنـی" بـۆ حكومەتـی هەرێمـی كوردسـتان لـە پارێـزگای نەینـەوا دروسـتدەكات. لەگـەڵ ئەوەشـدا كەوانـەی سـتراتیژی رۆڵـی موسـڵ لـە باشـووری رۆژهـەڵات تاوەكـو باكـووری رۆژئـاوای پارێـزگای نەینـەوا، دەتوانـێ رۆڵـی گرنگـی لـە كردنەوەی"گرێكوێـرەی ئەمنـی" كـورد لـە موسـڵی دوای داعشـدا هەبێـت.

## سەرەتا

بابەتـی ئەنجامدانـی ئۆپەراسـیۆنی سـەربازی دژی داعـش لە موسـڵ وەك شـتێكی یەكلاكراوە سـەیر دەكرێـت، بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا ئـەو پرسـیارەی كـە ئایـا "ئۆپەراسـیۆنی موسـڵ" دەتوانـێ لـە عێـراق كۆتایـی بـە داعـش بێنێـت؟" بـە زەقـی دەمێنێتـەوە.
پرسـیاری سـەرەكی دیكـە لێرەدا ئەوەیـە كە ئۆپەراسـیۆنی موسـڵ دەتوانـێ چ كاریگەرییەكی هەبێـت لەسـەر ئاسایشـی هەرێمـی كوردسـتان؟ و باشـترین رێگـە بـۆ دابینكردنـی ئاسایشـی كوردسـتان لـە دوای داعـش لـە موسـڵ كامەیە؟
ئـەم بابەتـە لـە روانگەی"گرێكوێـرەی ئەمنـی"[1] كـە مەبەسـت لێـی بارودۆخێكـە تێیـدا هەوڵـی ئەكتەرێـك بـۆ بەدەسـتهێنانی ئاسایشـی رێژەیـی خـۆی، ئاسایشـی ئەوانیدیكـە كەمدەكاتـەوە.[2] سـەیری موسـڵی دوای داعـش دەكات. بەلەبەرچاوگرتنـی رۆڵـی ئەكتـەرە دەوڵەتـی و نادەوڵەتییـەكان لـە سیاسـەتی نێودەوڵەتیـدا، گریمانـەی وایـە كـە بەهـۆی هاوسـەنگی هێـزە ناوخۆیـی و دەرەكییـە "ناتـەرازەكان" لـە عێـراق، دوای ئۆپەراسـیۆنی موسـڵ "گرێكوێرەیەكـی ئەمنـی" بـۆ حكومەتـی هەرێمـی كوردسـتان وەك ئەكتەرێكـی "شـێوە دەوڵەتـی" دروسـتدەبێت و ناچـار دەبێـت لەلایـەك لەگـەڵ هەڕەشـەی سـەربازی

1 -Security Dilemma.

2 -Bilgiç, Ali, Güvenlik İkilemini Yeniden Düşünmek, Bilkent Üniversitesi Uluslararasi İlişkiler Akademik Dergisi, Cilt 8, Sayı 29, 2011, S. 123142-.

هێزە پارامیلیتارییەکانی وەك حەشدی شەعبی و حەشدی وەتەنی دەست و پەنجە نەرم بکات و لەلایەکی دیکەش خۆی بۆ گرفتە ئەمنییەکانی دەرئەنجامی" تالیبانیزە"بوونی داعش ئامادەبکات کە دەکرێت لە رێگەی ئەنجامدانی تەقینەوە و نائارامکردنی شار و شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستانەوە رەنگبداتەوە. هەر لەو چوارچێوەیەشدا ئەگەری قووڵبوونەوەی ململانێی کوردی - کوردی لە شەنگال خاڵێکی دیکەیە کە پێویستە رەچاو بکرێت.

هەڵبەت لەگەڵ ئەو گرێکوێرە ئەمنییەشدا کە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان دروستدەبێت، دەرفەتێکی زێڕین لە ئارادایە تاوەکو بتوانێ بەهۆی کەوانەی ستراتیژی دەوری موسڵ بەشێوەیەکی "رێژەیی" ئاسایشی خۆی دابین بکات.

# 1 – موسڵی دوای داعش و گرێگوێرەی ئەمنی کوردستان

## 1 - 1 - ئۆپەراسیۆنی موسڵ و ئەگەری تالیبانیزەبوونی داعش

ستراتیژی سەربازی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی بۆ بەرەنگاربوونەوەی داعش پشت بەهێزی ئاسمانی - زەوینی دەبەستێ و لەمەشدا فڕۆکە جەنگییەکانی ئەمریکا - هاوپەیمانی نێودەوڵەتی وەك هێزی ئاسمانی و هێزی پێشمەرگەی کوردستان و هێزە ئەمنییەکانی عێراق رۆڵی هێزی وشکانی و پیادەیان گێڕاوە. ئەمریکا بۆ بەرەنگاربوونەوەی داعش بەشێوەیەکی پراگماتی لەگەڵ زۆر لە هێز و گرووپە چەکدارییە جیاوازەکانی ناو عێراق هاوکاریکردووە کە دەکرێت زیاتر لە هێزە ناوخۆییەکانی عێراق، راستەوخۆ و ناراستەوخۆ پەلی بۆ هاوئاهەنگی لەگەڵ هێزە ناوچەییەکانی وەك ئێران کێشابێت. لە ئەنجامی ئەوەشدا داعش کۆنترۆڵی زۆر لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆی لەدەستداوە و دەکرێت بگوترێت ئەڵقەی گەمارۆی داعش بەرتەسکبووەتەوە.

بارودۆخی سیاسی - سەربازی عێراق و فراوانبوونی هاوپەیمانییە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکان بۆ روبەڕوبوونەوەی داعش، وایانکردووە تاوەکو مانەوەی کۆنترۆڵی داعش لەسەر موسڵ بە شتێکی ئەستەم سەیر بکرێت، بەڵام مەسەلەکە تەنیا بابەتێکی سەربازی - ئەمنی نییە و روویەکی ئایدۆلۆژی- کۆمەڵایەتی بەهێزیشی هەیە. بۆیە لەنێوچوونی داعش، تەنیا بەهۆی ئۆپەراسیۆنی موسڵ مومکین نابێت.

بە ئەگەری زۆر داعش کۆنترۆڵی جوگرافی موسڵ لەدەستدەدات، بەڵام وەك هێزێکی

چەکـداری - جیهـادی درێـژە بـە مانـەوەی خـۆی دەدات و "تالیبانیـزە" دەبێـت. بـەو واتایـەی کـە هاوشـێوەی تالیبـان لـە ئەفغانسـتان لـە هێـز- دەسـەڵاتێکی جێگیـر بەسـەر جوگرافیایەکـی دیاریکـراوەوە، بـەرەو هێزێکـی گـەڕۆك و ناجێگیـر دەڕوات و لەوانەیـە ئەمـەش، گرفتـی ئەمنـی لـە ناوخـۆی هەرێمـی کوردسـتان زیاتـر بـکات.

## 1-2 - ململانێی ناوخۆیی لەسەر موسڵی دوای داعش

شکسـتخواردوویی دەوڵـەت[1] لـە عێـراق هۆکارێکـە بـۆ ئـەوەی موسـڵ وەك شـوێنی یەکلاییکردنـەوەی کێشمەکێشـی ناوخۆیـی شـیعی - سـوننی، کـوردی -شـیعی و کـوردی -سـوننی لەسـەر خـاك و باڵادەسـتیی بێـت. ئایندەی موسـڵ دەتوانـێ کاریگەری راسـتەوخۆی هەبێـت لەسـەر ویسـتی کـورد بـۆ سـەربەخۆیی، داواکاری عەرەبـی سـوننە بـۆ دامەزراندنـی هەرێمـی تایبـەت بـە خۆیـان و باڵادەسـتیی شـیعی لـەم وڵاتـەدا.
لەڕاسـتیدا دەوڵەتـی عێـراق هـەر لـە سـەرەتای دامەزراندنییـەوە، لـەڕووی بونیـاد و پێکهاتـەوە درز و کەلێنـی گـەورەی تێدابـووە و وایکـردووە تاوەکـو بـەردەوام زەوینـەی وەرگـۆڕانـی بـۆ "دەوڵەتـی شکسـتخواردوو"[2] ی تێدابێـت. ئەگـەر دەوڵەتـی شکسـتخواردوو بـە دەوڵەتێـك پێناسـە بکەیـن کـە" نەتوانـێ یەکپارچەیـی خـاك یـان بەشـێکی خاکـی وڵات و ئاسـایش و سـەقامگیری دابیـن بـکات" [3]و، توانـای دەسـتەبەرکردنی بەشـێك یـان هەمـوو خزمەتگوزارییـە گشـتییەکانی نەبێـت و کێشـەی رەوایـی هەبێـت. ئـەوا دەتوانیـن بـاس لەوە بکەیـن کـە دەرکەوتنـی داعـش و کەوتنـی موسـڵ، دەوڵەتـی عێراقـی بـەرەو دەوڵەتێکـی "مەیلەوشکسـت" بـرد[4]. لەدەسـتدانی کۆنترۆڵـی بەشـێك لـە خاکـی وڵات و نەبوونـی توانـای دابینکردنـی ئاسـایش و خزمەتگوزارییـە سـەرەکییەکان، گەندەڵـی، دابەشـبوونی سیاسـەتی لەسـەر بنەمـای تایفـی و نەتەوەیـی دەتوانـن پاسـاوی شکسـتخواردوویی دەوڵـەت بـن لـە عێراقـدا .
هەرچەنـدە لـە دوای سـاڵی 2003ەوە هەوڵـی دامەزراندنـی دەوڵەتـی عێـراق لەسـەر بنەمایەکـی دیموکراتـی پەرلەمانـی - فیدراڵـی درا، بـەڵام بەکـردەوە ئـەو هەوڵانـە شکسـتیان

1 -دەکرێت لاوازی، مەیلەوشکستبوون و رووخان بە قۆناغەکانی پرۆسەی شکستهێنانی دەوڵەتێك دیاری بکرێت.

2 -failed state

3 -Osman N. Özalp, Uluslararası İlişkilerde Başarısız Devletler Sorunsalı ve Bu Sorunsalın Uluslararası Hukuka Etkileri, (İÜHFM) C. LXXII, S. 1, s. 3492014 ,362-.

4 -failing state

خـوارد. بەشـێوەیەکی گشـتی لەلایـەك کـورد و عەرەبـی سـوننە لـەو پێگەیـەی کـە ئێسـتا لـە دەسـەڵاتی ناوەنـدی عێـراق هەیانـە ناڕازیـن و سیسـتەمی سیاسـی جۆرێکـی لێهاتـووە کـە تێیـدا هێـزی شـیعی، بنەمـا و فەتـوا ئایینییەکانـی مەزهەبـی شـیعە رۆڵێکـی کاریگەریـان هەیـە. فەتـوای مەرجەعـە ئایینییـەکان لـە عێـراق سـەبارەت بـە کێشـە سیاسـییەکان و تەنانـەت دروسـتکردنی هێـزی چەکـداری وەك "حەشـدی شـەعبی" [1]نموونەیەکـی ئاشـکرای ئـەو رووداوانانـەن کـە لـە دەرەوەی میکانیزمـە دیموکراتییـەکان شـکڵیان گرتـووە. بەوشـێوەیەش دەوڵـەت لـە عێـراق خەریکـە رەنگێکـی ئایینی-شـیعی بەخـۆوە دەگرێـت.
هەرچەنـدە هاوسـەنگی سیاسـەتی نێودەوڵەتـی رێگربـووە لـەوەی کـە تائێسـتا دەوڵەتـی عێـراق بـە فەرمـی شکسـتبێنێ، بـەڵام بەکـردەوە ئـەو دیدگایـەی بـاس لـە "کۆتایـی دەوڵەتـی عێـراق" دەکات راسـت دەرچـوو.
لێـرەدا پرسـیاری سـەرەکی ئەوەیـە کە ئۆپەراسـیۆنی موسـڵ دەتوانـێ چ کاریگەرییەك لەسـەر هاوسـەنگیی هێـزە ناوخۆییەکانـی عێـراق وەك دەوڵەتێکـی "مەیلەوشکسـت"دابنێت؟ کلیلـی وەڵامـی ئـەم پرسـیارەش لـەوە درکـی ئەوەدایـە کـە پێگـەی جوگرافـی، هەبوونـی سـنوور لەگـەڵ سـووریا و نزیکـی لـە تورکیـا، فـرە پێکهاتەبوونـی موسـڵ و هەبوونـی سـەرچاوەی سرووشـتی وەك نـەوت و ئـاو لەگـەڵ رێگـەی بازرگانـی و زەوی فـراوان بـۆ کشـتوکاڵ، گرنگی سـتراتیژی موسـڵ دەردەخـەن.
موسـڵ دەتوانـێ خاڵێکـی وەرچەرخـان لـە ململانێیەکـی شـیعی - سـوننی لـە لایـەك و کـوردی - عەرەبی(شـیعی - سـوننی) لەلایەکـی دیکـە بێـت کـە رەهەنـدی ئایدیۆلـۆژی -ناسـنامە و ئەمنـی بەهێزیـان هەیـە. کـورد کـە خاوەنـی هێـزی چەکـداری و حکومەتـی خۆیەتـی، بـژارەی سـەربەخۆیی لـە پێـش خـۆی دانـاوە و بەشـێك لـە عەرەبـە سـوننەکانیش باسـی دامەزراندنـی هەرێمـی سـوننە دەکـەن[2] و پەنایـان بـۆ دروسـتکردنی هێـزی چەکداری خۆیـان بـە نـاوی حەشـدی نیشـتمانی بـردووە کـە تورکیـا بەشـێوەی سـەرەکی پشـتیوانی لێـدەکات. دامەزراندنـی هەرێمێکـی سـوننی کـە هاوپەیمانـی لەگـەڵ هەرێمـی کوردسـتان هەبێـت دەتوانـێ ئەڵقـەی ئاسایشـی حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان بەهێزتـر بـکات، بـەڵام لەمـاوەی درێژخایەنـدا گرفتـی خـاك لەنێـوان ئـەو دووانـەدا روودەدات.
لەلایەکـی دیکـەوە شـیعەکانی عێـراق هێشـتا هیـوای بونیاتناوەنـەی دەوڵەتـی عێراقیـان لـە

---

1 -لەسەر فەتوایەکی عەلی سیستانی مەرجەعی باڵای شیعەکان لە عێراق، حەشدی شەعبی لە 17ی کانوونی دووەمی 2015 بۆ رووبەڕووبونەوەی داعش دامەزرا.

2 -http://burathanews.com/arabic/news/229075 -(52016-9-)

دەستنەداوە و خوازیاری دەوڵەتێکن کە تێیدا هەژموونی و باڵادەستی شیعی هەبێت و عێراق وەك "دووەمین دەوڵەتی شیعەی" ناوچەکە بمێنێتەوە. شەڕی داعش پاساوێکی بەهێزی دروستکردووە تاوەکو هەوڵەکانیان بۆ ڕێگرتن لە پرۆژەی کوردی و عەرەبی سوننە بخەنە گەڕ. دەکرێ پێداگرییەکانی "حەشدی شەعبی" بۆ بەشداریکردن لە ئۆپەراسیۆنی موسڵ لەو چوارچێوەیەدا لێکبدرێتەوە، چونکە موسڵ دەتوانێ کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر سەرگرتن و سەرنەگرتنی هەریەك لە پرۆژەی شیعی، کوردی ، سوونی لە عێراق دابنێت.

## 3 - 1 - ئۆپەراسیۆنی موسڵ و هاوسەنگی ناتەرازی هێزەکان لە عێراق

ڕوونکردنەوەی بارودۆخی عێراق، بەپێی" هاوسەنگی ناتەرازی هێزەکان" ئاسانتر دەبێت. بەوپێیەی عێراق وەك دەوڵەتێکی لاواز کە لە لێواری شکستدایە، توانای زاڵبوونی بەسەر ئاسایش و کۆنترۆڵی وڵاتی لەدەستداوە، وەك مەیدانێکی ململانێ و دەستوەردانی هێزە ناوچەیی و سەرووناوچەییەکانی لێهاتووە. بەجۆرێك کە ژمارەیەك لە دەوڵەتە بەهێزەکانی جیهان و ناوچەکە بۆ سەرخستنی بەرژەوەندییەکانیان، پشتیوانی لە گرووپێکی سیاسی و چەکداری جیاواز دەکەن و ئەمەش لەسەر موسڵ ڕەنگیداوەتەوە. بەئەگەری زۆر لە دوای ئۆپەراسیۆنی موسڵ و دەرکردنی داعش، بەریەککەوتنی بەرژەوەندی ئەو وڵاتانەی لەسەر عێراق کاریگەرییان هەیە زیاتر دەبێ و هەوڵدەدەن لە ڕێگەی هاوپەیمانە ناوخۆییەکانیان لە عێراق بەرژەوەندییەکانیان بپارێزن.

### 1 - 3-1 - ئەمریکا و ڕاگرتنی هاوسەنگی لە عێراق

ئەگەری باڵادەستیی حەشدی شەعبی و حکومەتی ناوەندیی عێراق لە موسڵ، دەتوانێ لە هێڵی بەسرە- موسڵ- حەلەبدا گرفتی جیدی بۆ بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا دروستبکات و شوێنی نفوز و کاریگەی ئێرانی - ڕووسی بێت. هەبوونی نفوز وکۆنترۆڵی ئەمریکا لە موسڵ دەتوانێ لەو هێڵەدا دابڕانێك دروستبکات و بۆ ئەمەش پێویستی بە کورد و سوننەکان دەبێت وەك یاریکەری لۆکاڵی و ، تورکیا و سعودیە وەك ئەکتەری ناوچەیی. پێدەچێت تاوەکو ئەوکاتەی داعش موسڵی بەدەستەوەبێت ڕەفتاری پراگماتیکانەی ئەمریکا بۆ ڕێککەوتنی تەکتیکی لەگەڵ هێزە جۆراوجۆرە لۆکاڵییەکان

درێـژە بکێشـێت، بـەڵام دوای داعـش بەرژەوەندییـە جیۆپۆلیتیکییەکانـی خـۆی لـە ناوچەکـە بـە بنەمـا وەربگرێـت.
پێداگـری ئەمریـکا بـۆ بەشـداریکردنی پێشـمەرگە لـە شـەڕی موسـڵ و تەنانـەت ئیمزاکردنـی پرۆتۆکۆلـی فەرمـی لەنێـوان وەزارەتـی بەرگـری و وەزارەتـی پێشـمەرگە و چاوپۆشـی لـە هاتنـی سـوپای تورکیـا بـۆ باشـیك و راهێنانـی هێزەکانـی حەشـدی نیشـتمانی، دەتوانـن ئاماژەیـەك بـن بـۆ ئـەوەی کـە بـۆ رێگرتـن لـە باڵادەسـتیی ئێـران لـە باکـووری عێـراق، لەوانەیـە ئەمریـکا خوازیـاری راگرتنـی هاوسـەنگییەك لەنێـوان هێـزی کـوردی - سـوننی و دەسـەڵاتی حکومەتـی ناوەنـدی و گرووپـە شـیعییەکان بێـت. بەلەبەرچاوگرتنـی دانوسـتاندنەکانی ئەمریـکا - رووسـیا سـەبارەت بـە سـووریا، پەیوەنـدی ئێـران و ئەمریـکا و ، ئەمریـکا و تورکیـا، مـەرج نییـە راگرتنـی ئـەو هاوسـەنگییە لەگـەڵ ویسـت و داوکارییەکانـی کـورد سـەبارەت بـە خـاك و دابینکردنـی ئاسایشـدا بـە تـەواوی یەکبگرێتـەوە.

## 2 - 3-1 - ئێران، باڵادەستیی شیعی و پشتیوانی حەشدی شەعبی

پەلامـاری داعـش بـۆ کوردسـتان و گرتنـی جەلـەولا و نزیکبوونـەوەی لـە سـنوورەکانی ئێـران، مەترسـییەکی راسـتەخۆی ئەمنـی بـۆ تـاران دروسـتکرد و هـاوکات لەگـەڵ ئەوەشـدا ئـەو هەڕەشـەیەی کـە داعـش لەسـەر بونیـادی دەوڵەتـی عێـراق دروسـتیکردبوو، مەترسـیی جیۆپۆلیتکـی ئێرانـی لـە عێـراق زیندووکـردەوە. ئەگـەر عێـراق بکەوتایەتـە دەسـتی داعـش وەك هێزێکـی سـوننەی رادیـکاڵ، ئەوکاتـە نـەك هـەر دەسـتکەوتە ناوچەییەکانـی ئێـران لـە دوای رووخانـی سـەدام دەکەوتنـە مەترسـییەوە، بەڵکـو هەڕەشـەیەکی راسـتەوخۆ بـۆ تـاران دروسـتدەبوو.
بۆیـە ئێـران هاوشـێوەی ئەمریـکا، لـە عێـراق لـە رێگـەی هـاوکاری هێـزە لۆکاڵییـەکان هەوڵێکـی جیـدی بـۆ بەرەنگاربوونـەوەی داعشـدا. لـە قۆناخی ئێسـتادا کـە ئیدی بە ئاسـانی دەتوانرێـت بـاس لـە سـەردەمی پۆسـت داعـش بکرێـت و ئـەو رێکخـراوە لاوازبـووە، ئێـران بـە دوای قایمکردنـی پێگـەی خـۆی لـە عێـراق و پاراسـتنی بەرژەوەندییەکانیـدا دەگەڕێـت. رێگرتـن لـە جیابوونـەوەی کـورد و ئەگـەری دامەزراندنـی هەرێمـی سـوننە، باڵادەسـتیی شـیعی و پاڵپشـتیکردنی هێـزی چەکـداری "حەشـدی شـەعبی" وەك کۆپییەکـی هێـزە ئایدیۆلـۆژی - چەکدارییـە شـیعییەکانی ناوچەکـە هاوشـێوەی حیزبوڵـڵای لوبنـان و سـوپای پاسـدارانی ئێـران، لـە میحـوەرە سـەرەکییەکانی سیاسـەتی ئێـران لـە دوای داعـش دەبـن.

هـەم بـۆ ڕێگرتـن لـە جیابوونـەوەی کـورد، هـەم بـۆ پێشـگرتن لـە دامەزراندنـی هەرێمـی سـوننە لـە عێـراق و لەبـەر حیسـابەکانی خـۆی سـەبارەت بـە گەیاندنـی جوگرافیـای نفـوزی خـۆی لـە عێـراق تاوەکـو سـووریا، موسـڵ وەك خاڵـی بـە یەکگەیانـدن، گرنگییەکی سـتراتیژی بـۆ ئێـران هەیـە. جـا لەبەرئـەوە بەشـداریکردنی حەشـدی شـەعبی لـە شـەڕی موسـڵ و زۆربوونـی کۆنترۆڵـی حکومەتـی ناوەنـدی عێـراق لەسـەر ڕووداوەکانـی دوای موسـڵ، دەتوانـێ ڕێگـە بـۆ بەدیهاتنـی ئامانجەکانـی تـاران خۆشـبکات کـە ئەمـەش لـە واتایەکـی دیکـەدا لەگـەڵ بەرژەوەندییەکانـی کـورددا یەکناگرێتـەوە.

## 3 - 3-1 - کورد و پەراوێزی ئەمنیی تورکیا لە موسڵ

سـتراتیژی تورکیـا لانیکـەم تاوەکـو دوو سـاڵ دوای دەرکەوتنـی داعـش، بەرەنگاربوونـەوەی ڕاسـتەوخۆی ئـەو ڕێکخـراوەی تێـدا نەبـوو. تورکیـا هاوشـێوەی ئێـران و ئەمریـکا لـە عێـراق بەشـداری شـەڕی دژی داعشـی نەکـرد، بـەڵام هاتنی داعـش پاسـاوێکی بۆ دروسـتکرد تاوەکو هێـزی سـەربازی ڕەوانـەی باشـیك لـە 25 کیلۆمەتریـی شـاری موسـڵ بـکات.[1] ڕەوانەکردنـی ئـەو هێـزەش زیاتـر لـە شـەڕی دژی داعـش، بـۆ گەرەنتیکردنـی ڕۆڵـی ئەنقەرەبـوو لـە موسـڵی ئاینـدەدا .

ڕوانگـەی مێژوویـی ئەنقـەرە بـۆ موسـڵ بـە جۆرێکـە کـە بـە بەشـێك لـە سـنوورە مێژووییەکانـی خـۆی دەیزانێـت و ئەگـەر توانـای پێکەوەلکاندنـەوەی بـە خاکـی خۆیشـی نەبێـت، ئـەوا پێویسـتە کاریگـەری و نفـوزی لەسـەری هەبێـت و بـۆ ئـەوەش باڵادەسـتیی عەرەبـی سـوننەی عێـراق بـە گرنـگ دەزانێـت.

گرنگـی موسـڵ بـۆ تورکیـا وەك شـوێنێك بـۆ ڕێگرتـن لـە پەرەسـەندنی دەسـەڵاتی کـورد و لەلایەکـی دیکـەوە بـۆ پێشـگرتن لـە باڵادەسـتیی ئێرانـی لـە ناوچەکـەدا، لـە ئاسـتێکی بەرزدایـە.

لـەڕووی تەکتیکییـەوە هەبوونـی ڕۆڵـی تورکیـا لـە موسـڵ دەتوانـێ بـۆ ڕاگرتنـی هاوسـەنگی هەڕەشـەی حەشـدی شـەعبی - حکومەتـی ناوەنـدی بـۆ ئاسایشـی هەرێمـی کوردسـتان گرنـگ بێـت، بـەڵام لـە مـاوەی درێژخایەنـدا هەڕەشـەی سـەربازی تورکیـا - هێـزی چەکداری سـوننی دروسـتدەکات کـە ڕەهەنـدی سـەرزەوینی و ئایدیۆلـۆژی هەیـە.

---

1 -http://www.bbc.com/turkce/haberler/2015151218/12/_irak_basika_musul - (52016-9-)

## 4 - 1-3 - کورد و رکابەریی ناوچەیی سعودیە لەگەڵ ئێران

سـەبارەت بـە سـعودیە وەك یاریکەرێکـی دیکـەی ناوچەیـی دەتوانرێـت بگوترێـت کـە لەوانەیـە هەرێمـی کوردسـتان کاریگـەری گرنگـی لەسـەر سـتراتیژی سـعودی سـەبارەت بـە عێـراق و سـووریا هەبێـت. هەرێمـی کوردسـتان دەتوانـێ وەك شـێوەدەوڵەتێکی پەرژینـی رۆڵـی قەڵغانێکـی بەرگـری لەبـەردەم پەلهاویشـتن و بەیەکـەوە بەسـتنەوەی ناوچەکانـی جێـی نفـوزی ئێـران لـە عێـراق بـەرەو سـووریا بگێڕێـت و لـە هەمانکاتیشـدا بـۆ ئێـران دەتوانـێ وەك پردێکـی پەڕینـەوە و ناوچەیـەك بـۆ یەیەکـەوە بەسـتنەوەی مەیدانەکانـی نفـوزی رۆڵـی هەبێـت.

هـاوکات لەگـەڵ ئەوەشـدا لاوازی رۆڵـی سـوننەکان لـە عێراقـی ئێسـتا، ئەگـەری گۆڕینـی دیموگرافیـای ناوچـە سوننەنشـینەکان وادەکات کـە هەرێمـی کوردسـتان بژارەیـەك بـۆ راگرتنـی هاوسـەنگی هێـز لەنێـوان سـعودیە و ئێـران بێـت. درکـی بەرپرسـانی سـعودی بـەو راسـتییەش لـە پێشـوازی شـای سـعودیە لـە سـەرۆکی هەرێمـی کوردسـتان لـە ئاسـتی سـەرۆکی دەوڵەتێکـدا و[1] کردنـەوەی کونسـوڵخانەی سـعودیە لـە هەولێـر [2]بـە ئاشـکرا دەردەکەوێـت.

لەلایەکـی دیکـەوە سیاسـەتی سـعودیە لـە عێـراق بـۆ پشـتیوانیکردن لـە عەرەبـە سـوننەکان سـەرکەوتنێکی ئەوتـۆی بەدەسـتنەهێنا و پێگـەی سـوننەکان لەبـەردەم مەترسـییەکی جیدیدایـە. لـە دوای 2006بـەدواوە وردە وردە پرۆسـەی دوورخسـتنەوەی سـوننەکان لـە دەسـەڵات و لـە دوای دەرکەوتنـی "داعـش" ئەگـەری گۆڕانـی دیموگرافیـای ناوچـە سوننەنشـینەکان وەك دوو فاکتـەری گرنـگ لەوبـارەوە رۆڵیـان هەبـووە. لـە رووداوەکانـی بڕیـاری دەسـتگیرکردنی تـارق هاشـمی[3] جێگـری سـەرۆککۆمار تاوەکـو رافـع عیسـاوی و ئەحمـەد عەلوانـی بـە پاسـاوی جۆراوجـۆر بەشـێکی زۆر لـە سـوننەکان لـە دەسـەڵات دوورخـراون. لـەدوای دەرکەوتنـی "داعـش" بەشـێکی زۆر لـە عەرەبـە سـوننەکان ئـاوارەی هەرێمـی کوردسـتان و ناوچەکانـی دیکـەی عێـراق و دەرەوەی عێـراق بـوون. لەگـەڵ ئەوەشـدا رەفتـاری هێـزە ئەمنییەکانـی عێـراق و حەشـدی شـەعبی بەرامبـەر سـوننەکان بـەردەوام مشـتومڕی لێکەوتووەتـەوە.

---

1 - -http://www.qoraish.com/qoraish/2015-12/معاملة مسعود بارزاني بمستوى رئيس دولة في زيارته الى السعودية(9-8-2016)

2 -http://rudaw.net/arabic/kurdistan/220220162

3 -http://www.bbc.com/arabic/middleeast/2011111219/12/_iraq_latest.shtml(92016-8-)

بۆیـە بەشـێوەیەکی گشـتی دەتوانرێـت بگوترێـت کـە حیسـابی سـعودیە بـۆ دروسـتکردنی هاوسـەنگییەك لەبەرامبـەر ئێـران لـە عێـراق لـە ڕێگـەی سـوننەکانەوە کـەوا بەشـێکی بەرچاویـان لـە هەرێمـی کوردسـتان نیشـتەجێن لانیکـەم لـە مـاوەی کورتخایەنـدا ئاسـتەنگی جیـدی لەبەردەمدایـە.
سـەبارەت بـە موسـڵ وەك ناوەندێکـی گرنگـی عەرەبـی سـوننە، لەوانەیـە سـعودیە لەلایـەك خوازیـاری ئـەوە نەبێـت کـە حەشـدی شـەعبی دەربـازی نـاو شـاری موسـڵ بێـت و ئەمـەش لـە بەژەوەنـدی کـورددا بێـت. بـەڵام ڕەهەنـدی ململانێـی کوردی-عەرەبـی سـوننی لەسـەر خـاك بابەتێکـە کـە سـەرئەنجام وادەکات بەرژەوەندییەکانـی سـعودیە لەگـەڵ کـورد بەریـەك بکەوێت.

# 4 – 1 – ئۆپەراسیۆنی موسڵ و ململانێی کوردی –کوردی


ئەگـەری بەریەککەوتنـی هێـزی کـوردی - کـوردی لـە شـەنگال، یەکێکـی دیکـە لـەو هۆکارانەیـە کـە دەتوانـێ گرێکوێـرەی ئەمنـی حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان لـە دوای ئۆپەراسـیۆنی موسـڵ زیاتـر بـکات.
پەلهاوێشـتنی ململانێـی PKK- PDK بـۆ شـەنگال دەتوانـێ زیـان بـە بەرژەوەندی سـتراتیژی هەرێمـی کوردسـتان بگەیێنێـت. ئـەو دوولایەنـە، وەك دوو هێـزی کاریگـەر لـە ئاسـتی هەمـوو کوردسـتان خاوەنـی دنیابینـی و سیاسـەت و پـڕۆژەی جیـاوازن سـەبارەت بـە کـورد و پێکـەوە لـە ململانێـدان. پەلامـاری داعـش بـۆ کوردسـتان و کەوتنـی شـەنگال، دەرفەتێکـی بـۆ PKKڕەخسـاند تاوەکـو لـەوێ خـۆی ڕێکبخـات و هێـزی چەکـداری پێکەوەبنێـت کـە ئەمـەش تەگـەرەی بـۆ نفـوزی PDKلـەوێ دروسـتکردووە و پێدەچـێ لـە دوای دەرکردنـی داعـش" وەك دووژمنـی هاوبەش"یـان ناکۆکییەکانـی ئـەو دوو هێـزە قووڵـتر ببنـەوە.
ئەگـەر ناکۆکـی هێـزە کوردییـەکان لـە شـەنگال تەنیـا ڕەهەندێکـی ناوخۆیـی هەبێـت ئـەوا دەرفەتـی چارەسـەرکردنی کێشـەکان پەیـدا دەبێـت، بـەڵام کاتێـك ئـەو ناکۆکیانـە ڕەهەندێکـی دەرەکـی وەربگـرن و دەسـتی عێـراق و ئێـران و تورکیـای تێبکەوێـت، ئەوکاتـە مەترسـییەکی جیـدی دروسـتدەبێت کـە لەوانەیـە پێکدادانـی کـوردی -کـوردی لێبکەوێتـەوە.

# 2 – کەوانەی ئاسایشی ستراتیژی کوردستان لە دەوری موسڵ

## 1 - 2 - رەهەندی دیمۆگرافی و جوگرافی

کەوانـەی سـتراتیژی کوردسـتان لـە دەوری موسـڵ پانتاییەکـی جوگرافـی زیاتـر لـە 10000کم چوارگۆشـە[1] لـە باشـووری رۆژهـەڵات تاوەکـو باکـووری رۆژئـاوای پارێـزگای نەینـەوا بـە دەوری موسـڵدا دەگرێتـەوە. ئەمـە لـە مەخمـوورەوە دەسـتپێدەکات و حەمدانییـە، باشـیك، شـێخان، ئەلقـووش، و زومـمار، رەبیعـە و شـەنگال لەخۆدەگرێـت. زۆرینەیەکـی مەسـیحی و کـوردی شـكڵی بـە پێکهاتـەی دیمۆگرافـی ئـەم کەوانەیـە داوە کـە گرنگییەکـی زۆری بـۆ ئاسایشـی هەرێمـی کوردسـتان هەیـە.

لـە حاڵەتێکـدا کـە ئـەم ناوچەیـە لـە کۆنترۆڵـی حکومەتـی ناوەنـدی عێراقـدا بمێنێتـەوە، ئـەوا ئاسایشـی هەرێمـی کوردسـتان لـەڕووی هەڕەشـەی ئیحتمالـی حکومەتـی ناوەنـدی عێراقـەوە لاواز دەبێـت. بۆیـە لـە چوارچێـوەی "دیـدگای پێویسـتی پەرەپێدانـی سـەرزەوینی و فـەزای حەیاتـی"[2] بـۆ دەوڵەتـەکان دەکرێـت بگوترێـت کـە هەرێمـی کوردسـتانیش وەك یەکەیەکـی سیاسـی شـێوە - دەوڵەتـی بـۆ مانـەوەی خـۆی ناچـارە رەچـاوی سیاسـەتی "دابینکردنـی فـەزای حەیاتـی" بـکات.




1 -الوحدات الإدارية ومساحتها، 5.1/http://www.cosit.gov.iq/AAS/AAS2012/section_10) ،htm/2016/9)

2 -ئاماژەیە بە دیدگای لبنسروم ی راتزل.


بەگوێـرەی ئامارێکـی فەرمـی حکومـەت بێـت ئـەم ناوچەیـە بـە ئەنـدازەی یـەك لەسـەر چـواری سـنووره فەرمییەکانـی ئێسـتای هەرێمـی کوردسـتان دەبێـت[1]. ئەمـەش بـۆ دابینکردنـی "فـەزای حەیاتـی" کوردسـتان لـە ملـی باکـووری ڕۆژئـاواوه بایەخێکـی زۆری هەیـە. هاتنـی داعـش و کارەسـاتی جینۆسـایدی کـورد لـە شـەنگال و مەترسـی لەنێوچوونـی مەسـیحییەکانی دەشـتی نەینـەوا، بوونەتـە هـۆکاری ئـەوەی تاوەکـو لـە سـەرووبەندی ئۆپەراسیۆنی موسـڵ و مشـتومڕەکان سـەبارەت بـە ئاینـدەی عێـراق، بارودۆخـی مەسـیحی و کـوردی دەشـتی نەینـەوا جێگـەی بـاس بـن.
دیـدگای حکومەتـی ناوەنـدی عێـراق لەگـەڵ ئەوەدایـە کـە تـەواوی پارێـزگای نەینـەوا بـە ئیدارەیەکـی هاوبـەش لەژێـر کۆنترۆڵـی خۆیدابـێ و بەشـێك لـە عەرەبـە سـوننەکانیش دەیانەوێـت لـە دووتوێـی هەرێمـی سـوننەدا بمێنێتـەوه. بـەڵام کـورد و مەسـیحییەکانی ئـەو ناوچەیـە داوای بـە هەرێمکردنـی ناوچەکانیـان دەکـەن. لـە مانگـی 8 ئەمسـاڵدا شـەش حیزبـی مەسـیحی ڕێككەوتـن لەسـەر ئـەوەی کـە پێویسـتە هەرێمێکـی مەسـیحی لـە دەشـتی نەینـەوا دابمەزرێـت و داواکاری کوردانـی ئێـزدی بـە سـەربەخۆیی ئیـداری شـەنگال مێژوویەکـی کۆنـتری هەیـە. ئەگـەر ئـەم کەوانەیـە وەك هەرێمێـك یـان دوو هەرێمـی مەسـیحی- کـوردی لـە دەشـتی نەینـەوا دروسـتببێ، پێدەچـێ لـە داهاتـوودا بـە هەرێمـی کوردسـتانەوه بلکێـن. ئەمـەش بـۆ کوردسـتان لەلایـەك واتـای ئاسـانتربوونی گەرەنتیکردنـی پشـتیوانی ڕۆژئـاوا و چەتـری ئەمنـی ئەمریکـی دەدات و لەلایەکـی دیکـەش واتـای گەڕاندنـەوەی بەشـێکی جوگرافیـای مێژوویـی کـورد بـۆ سـەرخاکی نیشـتمانەکەی دەگەیێنێـت. ئەگـەر هەرێمـی مەسـیحی - کـوردی + شـەنگال بـە سـەربەخۆییش بمێننـەوە، ئـەوا کەوانەیەکـی سـتراتیژی بـە دەوری موسـڵدا بـۆ دابینکردنـی ئاسایشـی کوردسـتان دروسـتبکەن و لەبـەردەم هەڕەشـەی تیـرۆردا ڕۆڵـی قەڵغانێـك بـۆ هەرێمـی کوردسـتان بگێـڕن.
پەیوەنـدی بـە هێـزی کـورد و مەسـحییەکان، هەبوونـی دەرەفەتـی پێکەوەژیانـی ئایینـی لـە کوردسـتان و ڕۆڵـی کـورد لـە بەرەنگاربوونـەوەی داعـش وەك گەورەتریـن هەڕەشـەی سـەر مەسـیحییەکان و پەیوەنـدی کـورد لەگـەڵ ئەمریـکا و دنیـای ڕۆژئـاوا بەگشـتی و پشـتیوانی حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان لـە نوخبـەی سیاسـی مەسـیحی لـە عێـراق لـەو هۆکارانـەن کـە وادەکـەن مەسـیحییەکانی دەشـتی نەینـەوا زیاتـر خۆیـان لـە هەرێمـی کوردسـتان نزیـك ببینـن و ئەمـەش وەك زەمینەیەکـی کۆمەڵایەتـی- سیاسـی ڕۆڵـی گرنگـی لـە قایمبوونـی

1 -http://cabinet.gov.krd/p/page.aspx?l=13&s=050000&r=327&p=238&h=1(52016-9-)

کەوانەی ستراتیژی دەوری موسڵ بۆ ئاسایشی هەرێمی کوردستان هەیە.

## 2 - 2 -گرفتە سەربازییەکانی بەردەم کەوانەی ئەمنی کورد لە موسڵ

لەکەوانەی ستراتیژی دەوری موسڵدا چەند تەگەرەیەك لەبەردەم کورد دەردەکەون کە پێویستە کار بۆ لابردنیان بکرێت. بەهۆی هەبوونی دانیشتوانی شیعی لە تەلەعفەر و ئەگەری بەشداریکردنی حەشدی شەعبی لە ئۆپەراسیۆنی موسڵ، هێڵی ئەلشووره- تەلەعفەر دەتوانێ هەڕەشە بۆ کورد دروستبکات. ئەگەر ئەم هێڵە بەرەو رەبیعە درێژ ببێتەوە ئەوسا کەوانەی ئاسایشی ستراتیژی کوردستان لەتدەکات و خۆی تاوەکو سنووری سووریا دەگەیێنێت. بەوپێیەی کە ئێستا دەسەڵاتی کورد بەسەر ئەو ناوچانەدا هەیە و هەروەها لەبەر "گرنگیی رێڕەوی" ئەو ناوچەیە پێدەچێت یەکێك لەشوێنە گەرمەکانی ململانێی حەشدی شەعبی- پێشمەرگە لە داهاتوودا هێڵی تەلەعفەر- رەبیعە دەبێت.




نەخشەی ژمارە (2)

وەك لە نەخشەكەدا دەردەكەوێت مەترسییەكی دیكە لە هێڵی باشیك- موسڵ بۆ سەر كەوانەی ئەمنی كورد لە ئارادایە. هەبوونی سوپای توركیا لە باشیكبەشێوەیەتەكتیكی بۆ ڕێگرتن لە باڵادەستی حكومەتی ناوەندی عێراق - حەشدی شەعبی لە پارێزگای نەینەوا، گرنگییەكی زۆری بۆ كورد هەیە. بەڵام لە ماوەی درێژخایەندا دەتوانێ ڕێگە بۆ بەهێزبوونی حەشدی نیشتمانی و نفوزی عەرەبی سوننی بكاتەوە كە ئەمەش كەلێن لە كەوانەی ئاسایشی ستراتیژی كورد لە دەوری موسڵ دروستدەكات.

## ئەنجام

ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە عێراق، هاوسەنگیی هێزی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست تێكدا و پاش تێپەڕبوونی زیاتر لە یەك دەیە بەسەر ئەو ڕووداوەدا هێشتا ململانێی نێودەوڵەتی بۆ ئاراستەدانی گۆڕانكارییەكانی عێراق درێژەی هەیە و تائێستا یەكلا نەبووەتەوە. چاوەڕواندەكرێت لە قۆناخی دوای داعشدا ململانێ جیۆپۆلیتیكی و ئایدۆلۆژییەكان سەبارەت بە ئایندەی عێراق دووبارە تۆختر بێتەوە كە مەرج بە قازانجی كورد بێت. ئەگەر كورد لە دوای داعش، بتوانێ كەوانەی مەخموور- شەنگال بە دەوری موسڵ لە دەستی خۆیدا بهێڵێتەوە یان ئەو كەوانەیە لەژێر نفوز و كاریگەری خۆی بهێڵتەوە و ڕێگە لە هەوڵەكانی دەرخستنی پێكدادانی كوردی - كوردی لە شەنگال بگرێت، ئەوا دەتوانێ لەگرێكوێرەی ئەمنی موسڵدا بەشێوەیەكی ڕێژەیی ئاسایشی خۆی دابینبكات.

# داعش و دیمۆگرافیای هەرێمی کوردستان

شنۆ عوسمان

## سەرەتا

لە دوای هاتنی داعش بۆ عێراق، هەرێمی کوردستان گۆڕانێکی جۆری بەسەردا هاتووە. تائێستا یەك ملیۆن و نیو هاووڵاتی بەجیاوازی رەنگ، ئایین و زمانەوە هاتوونەتە خاکی کوردستان. ئەوانەی گەڕاونەتەوە نزیکەی 200000 کەسن و ئەوەندە ژمارەیان کەمە کە زۆر کاریگەری لە سەر دیمۆگرافیای ئێستای هەرێمی کوردستان دانەناوە. زانستی دیمۆگرافیا باسی جوگرافیای مرۆیی و کۆمەڵناسی لەسەر ژمارەی هاونیشتمانیان دەکات. کەواتە گرنگە هەرێمی کوردستان بەوشێوەیە دەست بەکارکردن لەمەڕ لێکۆڵینەوەی نوێ بکات بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ نێوەڕۆکی دیمۆگرافیای ئایندەی هەرێمەکە. لەبەرئەوەی لەنێوخۆی هەرێمی کوردستان ژمارەیەکی بەرچاوی هاووڵاتی کورد لەنێو شارەکانەوە کۆچیان بەرەو دەرەوەی هەرێمی کوردستان کردووە. لەدوای قەیرانی ئابووری، لەدوای ترس لە نائارامی و بەردەوامی شەڕی داعش، هاتنی ئاوارەی شارەکانی دیکەی عێراق بۆ ناوخۆی کوردستان بەهۆی جەنگی داعشەوە ئەمە روویداوە. ئەمە لەگەڵ مردن و لەدایکبوونی رۆژانەش هاوتەرییە.

ئایا ئەوانەی کۆچیان کرد بەرەو دەروەی هەرێمی کوردستان گەنجەکان بوون؟ ئایا ئەوانەی رۆژانە دەمرن تەنیا بەساڵاچوانن؟ ئایا ئەوانەی لەدایکدەبن چەندیان رەگەزی نێر و چەندیان مێن؟ ئایا ئاستی لەدایکبوونو مردن لە هەرێمی کوردستان چەند لەیەکەوە نزیکن؟ ئەو ئاوارانەی هاتوونەتە کوردستانەوە، دەستی کارن یان سەرمایەدار یان بەتاڵن؟ ئایا ئاوارەکان چینی خوێندەوار و خاوەن بڕوانامەن یان نەخوێندەواری شارەکانن؟ هاتنی داعش چی بۆ هێنایەن، دانیشتووانی نوێ یان گرفتی نوێ؟ چۆن ئەو دانیشتووانە تازەیە بژێنین و چۆن تەبایی کولتووری دەستەبەر بێت؟ ئایا چۆن

خوێندنــەوەی تــازە بــۆ جوگرافیــا بکەیــن. خــاك بــەس خاکــی کــورد و ئــەو کەمینانــەن کــە پێشــتر لــە کوردســتان بــوون یــان خاکــی هەرێمــی کوردســتان خاکــی ئەوانەشــە کــە لەکوردســتان جێگیــر دەبــن؟ زۆرن ئــەو پرســیارانەی پێویســت بــەوەدەکات بەقووڵــی بیــری لێبکەینــەوەو لێیبکۆڵینــەوە لــەوەی کــە ئایــا جوگرافیــا وەك زانســتی دابەشــکردن بۆهەمــوو مرۆڤێکــە کــە بەهــۆکاری هــەر قەدەرێــك بێــت کــە لــە وڵاتێکــدا دابەشــدەبن؟ یــان تەنیــا بــە مێــژوو کاردەکەیــن و بــۆ ئەوانەیــە کــە لــە دێرزەمانــەوە لەســەری دەژیــن؟ داعــش ئەگــەر بەقەســتی سیاســی بێــت یــان بەهــۆی ئامانجــە دینییەکــەی بێــت (کــە رەنگــە لەســاڵانی داهاتــوودا ئــەو وەڵامــە وەربگرینــەوە) کاریگــەری ریشــەیی لەســەر دیمۆگرافیــای هەرێمــی کوردســتان دانــاوە.

## داعش لەنێوان داگیرکاری وگۆڕانکاری

ســەرهەڵدانی داعــش و چەکەرەکردنــی بــۆ بیرۆکــەی گرووپــە ئیســلامییەکانی رابردووتــر دەگەڕێتــەوە کــە خاوەنــی بیــری جیهــادی ئیســلامیبوون. ئێــران و وڵاتانــی کەنــداوی عــەرەب هەرجــارە و هــاوکاری بیرۆکەیــەك بــوون لــە دژی یەکــتر تاوەکــو لەکۆتاییــدا بــە قاعیــدە، تاڵیبــان و داعــش بەرامبــەر یەکــتر وەســتانەوە. بەشــێکی دیکــە لــەو هۆکارانــەی کاریگــەری لەســەر فراوانبوونــی ئــەم بیرۆکــە جیهادیانــە هەبــووە، پەیوەنــدی بــە نێوەڕۆکــی شۆڕشــەکانی بەهــاری عەرەبییــەوە هەبــووە، لەبەرئــەوەی ئامانجــی شۆڕشــەکە بــۆ ململانــێ لەســەر دەســەڵات گــۆڕاوە.


ئــەو بارودۆخــەی بەهــاری عەرەبــی دروســتیکرد، بریتیبــوو لــە رۆڵێکــی ســەرنەکەوتوو و فەوزایەکــی خوێنــاوی لەنێوچەکــەدا. ئێــران و وڵاتانــی کەنــداو لەگــەڵ وڵاتانــی رۆژئــاوا، بەپێــی ویســتی خۆیــان رۆڵیــان تێــدا بینــی و ئامانجــی شۆڕشــەکەیان ونکــرد و ئاراســتەیان بــەرەو عەســکەرتاریەت و توونددوتیــژی چەکــداری بــرد. ئــەم ژینگــە نالەبــارە مرۆییــە باڵــی بۆدروســتبوونی گرووپــی جیهــادی بــەرەو دەوڵەتــی ئیســلامی کێشــاوە و بنکــەی فراوانبوونیش بــۆ ئــەم گرووپانــە عێــراق و ســووریا بــووە. ئــەم دوو وڵاتــە جۆرێك لــە سایکۆلۆژیاییان هەیە. لەبەرئــەوەی هــەردوو رژێمــی بەعســی بــە یــەك کولتــوور و یــەك ئامانــج فەرمانرەوایــی عێــراق و ســووریایان کــردووە، لەســەر یــەك ئاســت گەلەکەیــان فێــری تــرس و تۆقانــدن کــردووە. یەکێــك لــە ژینگــە بێباکــەکان لــەڕووی ئیــداری و گەندەڵییــەوە ئــەم دوو وڵاتــە بــووە کــە بووەتــە مۆڵگــە بــۆ فراوانبــوون و راگەیاندنــی ئــەم دوڵەتــە ئیســلامییە کــە بــە

داعـش نـاسراوە.
هاتنـی داعـش بـەرەو موسـڵ لەدواییـدا بـەرەو هەولێـر مەبەسـتداربووە بەئامانجـی بێزارکردنـی ئیـدارەی ئەمریـکا لەلایـەن داعشـەوە. ئامانجیـان گەیشـتن بـوو بـە هەولێـر بـۆ دەسـتگرتن بەسـەر حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان و بیـرە نەوتەکانـی. ئـەم هەنـگاوەی داعـش ناویەتـی، وایکـردووە کـە دەزگا هەواڵگرییەکانـی ئەمریـکا دانیـان بـەوە دانـاوە کـە لـە پێشـبینیان بۆهەڵسـەنگاندنی هێزەکانـی داعـش هەڵەبوون.(عەبدولبـاری عەتـوان).
فراوانبوونـی داعـش و بەهێزبوونـی ڕێکخسـتنەکانی لـە زۆربـەی وڵاتانـی جیهـان وایکـرد بتوانـن وەك دەوڵـەت خۆیـان بناسـێنن. ئـەو فـەوزا سیاسـی و سـەربازییەی سـووریا کـە لەلایـەن وڵاتانـی ڕۆژئـاوا، کەنـداو، ئێـران و رووسـیا بەکراوەیـی هێڵرایـەوە، داعـش سـوودی لێبینـی و تێیـدا گەشـەی کـردووە. بەشـێك لـەو زەویـەی داگیریکـردووە بـەرەو عێراقـی هێنـاوە. لێـرەوە هاتنـی هاووڵاتیانـی سـووریا بـەرەو عێـراق و هەرێمـی کوردسـتان دەسـتپێکردووە. هێـواش هێـواش دیمۆگرافیـای عێـراق و هەرێمـی کوردسـتان گۆڕانـکاری بەسـەردا هاتـووە و دواتـر خـۆی لـە داگیرکردنـی موسـڵدا بینیوەتـەوە.

## موسڵ کوێیەو داعش چی بەسەر هێناوە؟

جـان موریـس الدومنیکـی (Jean Maurice Fiey 1914-1995)دەڵێـت (مارشـیل) ناوێکـی بابلـی بـووە کـە لـەدوای رووخانـی نەینـەوا لەسـاڵی 612 پیـش زاییـن بەکارهاتـووە. دواتـر یۆنانییـەکان پیتـی (ش)یـان گـۆڕی بـە (س) و بـووە موسـیل. دواتـر گۆڕانـکاری بەسـەریدا هاتـووە و پیتـی (س) بـووە (ص) و بـووە (موصـل). ناوەکانـی دیکـەی موسـڵ بریتیـن لـە (حەدبـا، فیحـا، ئـوم رەبیعەیـن، خـەزرا، بیـزا، حصنیـن، حسـنا عبرایـا، نوئەردەشـیر، خـولان، مسـبیلا).
موسـڵ، خاوەنـی 27 بیـری ئاشـکرایە: تەنیـا چـوار لـە بیرەکانـی نـەوت بەرهەمدەهێنێـت و ئەوانیـش ئێسـتا لەژێـر دەسـتی داعشـدان. دووریـی موسـڵ لەبەغـدای پایتەختـەوە 465کیلۆمەتـر دووجایـە. موسـڵ دەکەوێتـە بەشـی باکووری ڕۆژئـاوای عێـراق و تاوەکو پێش ئاوارەبوونـی خەڵکەکـەی، دانیشـتووانەکەی نزیکـەی دووملیـۆن و نیـو دەبـوون. بـەدووەم شـاری گـەورەی عێـراق دەناسرێـت. خاوەنـی شـێوەزاری تایبەتـی خۆیەتـی و جیـاوازە لەشـێوەزاری عەرەبـی عێـراق و شـام . پیتـی (ر) دەکەنـە (غ). زماننـاسـان دەڵێـن ئەمـە رەسـەنیی موسـڵییەکانی پاراسـتووە. نەینـەوا بـە شـاری پێخەمبـەران نـاسراوە و جگـە لـەوە

خاکێکـی بەپیتـی هەیـە بـۆ کشـتوکاڵ. رووبـەری شـاری موسـڵ 32308 کـم چوارگۆشـەیە. قەزاکانیشــی ئەمانــەن: باشــیك، حــزر، جروانــە، جهەنــە. هاتووچــۆ و گواســتنەوە بەهــۆی پێنـج پـردی دروسـتکراوی سـەردەمی ئینگلیـز و پـردی شەشـەم کـە تـەواو نەبـووە دەکرێـت. رێگــەی شــەمەندەفەر و بــە فڕۆکەیــش هاتووچــۆی بــۆ دەکرێــت . لــەڕووی سیاســییەوە ئەنجوومەنـی پارێـزگا هەڵبژێـردراون و هاوپەیمانـی کوردسـتانی، سـاڵی2005، کورسـییان 34 لەکـۆی 41 کورسـی هەبـووە.[1]
بەنــداوی موســل کــە هەمیشــە بەهێزتریــن چەکــی دەســتی داعــش بــوو و جیهــان و عێراقییەکانــی بــە تەقاندنــەوەی دەترســاند، ســاڵی1983 بــەدووری 50کــم لــە باکــووری شــارەکەوە لەســەر رێــڕەوی رووبــاری دیجلــە، بەبــەرزی 131م دروســتکراوە. یەکێکــە لــە بەنــداوە گەورەکانــی عێــراق و چوارەمیــن بەنــداوی رۆژهەڵاتــی نێوەڕاســتە. هەرچەنــدە لەســاڵانی هەشــتاکاندا دوای لێکۆڵینــەوە لــە کێشــەکانی ئــەم بەنــداوە حکومەتــی عێراقــی ئــەوکات بــۆی دەرکەوتــووە کــە ئــەم بەنــداوە لەســەر زەویەکــی کشــتوکاڵی دروســتکراوە، هەربۆیـە ئەگـەری رووخانـی بەهـۆی گوشـاری ئـاوی رووباری دیجلـەوە هەیـە و هەرچەندە بەکۆنکرێــت چاکســازی بۆکــراوە، بــەڵام پیشــبینی ئــەوە کــراوە کــە ســەرکەوتوو نابێــت.2 دابەشــبوونی هێــزە چەکــدارەکان لــە ســنووری موســڵ، لــە راســت و چــەپ و رۆژهــەڵات و رۆژئــاواوە بەســەر نزیکــەی40 گەڕەکدایــە. ئــەو هێــزە چەکدارانــەش بریتیــن لــەم هەشـت هێـزە (داعـش، قاعیـدە، هێـزی ئیسـلامی، جەیشـی موجاهدیـن، جەیشـی پیاوانـی نەقشـبەندی، حـوراك شـەعبی، مەجلـس سـوار عەشـایر، ئەنسـار سـوننە، بەهێزتریینیـان (داعشــو پیاوانــی تەریقەتــی نەقشــبەندیو ئەنسارســوننەن).[2]
داعـش، ئـەو ناوچانـەی بەدەسـتەوەبوو کـە بـە ئاراسـتەی دهـۆك و هەولێـر و کەرکووکـن. لەوانـە ناوچـەی پیشەسـازی، مشـیرفە،17ی تەممـووز، هەرمـات، ئیسـڵاحی زراعـی، جامیعـە، الدنــدان، حــی العربــی، بــە ئاراســتەی دهۆکــن. گوگجەلــی ئاراســتەی بــەرەو هەولێــرە و سـۆمەر رووەوە کەرکـووك هەڵکەوتـووە.[3]
بەگشـتی هێـزەکان بـڵاون، بـەڵام لەژێـر ئـاڵای داعشـدان . هەمـوو داوودەزگاکان لەئێسـتای موســڵدا ســەر بەسیســتەمی خەلافەتــی داعشــن. تەنیــا ناوچــەش ناوچــەی رەشــیدیەیە کــە لەژێــر ســێبەری دەســەڵاتی عەشــایەری تورکماندایــە. داعــش دەســتی بەســەر ناوچــە سـنووریەکان و هەروەهـا ئاراسـتەی بەغداشـدا گرتـووە، واتـە رۆژهـەڵات و رۆژئـاواو باکـوور و باشــووری موســڵی بەدەســتەوەیە.




نەخشەی ژمارە (1) دابەشبوونی هێزە تیرۆریستییەکان لەنێو موسڵدا بەر لە ئۆپەراسیۆنی موسڵ

ساڵی 1925 کۆمەڵەی نەتەوەکان بڕیاری کۆتاییدا و ئەنجوومەنی کۆمەڵەی نەتەوەکان دانی بە هێڵی برۆکسل وەك سنووری هەمیشەیی نێوان عێراق و تورکیا دانا و، ویلایەتی هەکاری وەك ناوچەیەکی تایبەتی تورکیا مایەوەو ناوچەی موسڵیش وەك تەواوکاری باکووری عێراق لە قەڵەمدرا. ساڵی 1926 عێراق و تورکیا و بەریتانیا پەیمانێکی سێقۆڵیان لەبارەی موسڵ لە ئەنقەرە مۆرکرد. تورکیا بەو مەرجەی ڕێژەی 10%ی داهاتی نەوتی عێراق بۆماوەی 25 ساڵ بدرێتە کۆماری تورکیا بەو بڕیارە ڕازیبوو.[4]

## هاتنی داعش و تێکچوونی دیمۆگرافیای عێراق

لەدوای ئەوەی موسڵ دەکەوێتە ژێردەستی تیرۆریستان، ئەم داگیرکارییە لەڕووی ئەمنی و ئابوورییەوە کاردەکاتە سەر عێراق و هەرێمی کوردستان. یەکێك لە ئەنجامەکانیشی ئەوەبوو کە زیادبوونی کۆچی لێکەوتەوە و کۆچبەری لەعێراق سەریهەڵدا.

هاتنی داعش و ئازاردانی هاووڵاتیانی عێراق وایکرد کە کۆچکردن و ئاوارەبوون لەنێوخۆی عێراق بۆ دەرەوە دەستپێبکات. چاودێرانی سیاسی دەڵێن ماوەی 30 ساڵە کۆچکردن لە عێراق بەهۆکاری تووندوتیژی جەنگەکان هەروەك جەنگی ئێران –

عێراق لـە هەشـتاکان، کوێـت – عێـراق لـە سـاڵی 1991، جەنگـی دووەم و سـێیەمی کەنـداو بەردەوامبـووە. دوایـین جەنگیـش کـە حکومەتـی عێـراق و حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان بەرەنگاریبوونـەوە جەنگـی داعـش بـوو. ئـەم جەنگـە زیاتـر لەهەمـوو جەنگەکانـی دیکـە عێراقـی رووبـەڕووی کارەسـاتی مرۆیـی کـردەوە. جەنگـی دژی داعـش زیاتـر رۆڵـی لەسـەر گۆڕینـی دیموگرافیـای عێـراق هەبـووە. هاتنـی داعـش و داگیرکردنـی بەشـێك لـە باکـوور و رۆژئـاوای عێـراق وەك شـارەکانی نەینـەوا، ئەنبـار، سـەلاحەدین و بەشـێك لـە دیالـە، وایکـرد هاووڵاتیانـی ئـەم شـارانە بەسـەر شـارەکانی دیکـەی عێـراق دابەشـبن و واز لـە هەمـوو شـتێکی خۆیـان لـە زێـدی خۆیـان بێنـن.
وەزارەتـی کـۆچ و کۆچبەرانـی عێـراق رایگەیانـدووە کـە 200هەزار کـەس روویان لـە ئەوروپا کـردووە و بەگشـتی سـێ ملیـۆن 3000000 هاووڵاتـی لـە ماڵەکانـی خۆیـان هەڵاتـوون و ئاوارەبـوون. 1500000 یـەك ملیـۆن و پێنجسـەت هـەزار هاووڵاتـی ئـاوارەش روویـان لەهەرێمـی کوردسـتان کـردووە. 500 هـەزار عـەرەب و 540 هـەزار کـورد، 255 هـەزار کـوردی فەیلـی و 5000 ئاشـووری و 2000 تورکـمان، 14000 کلدانـی و 42000 سـووریانی و 47000 شـەبەك ئـاوارە بـوون و لـە هەرێمـی کوردسـتان نیشـتەجێبوون. ئـەم جێگۆرکێیـە رەنگـە زیـاد و کەمـی بەسـەردا هاتبێـت، لەبەرئـەوەی جەنـگ بەردەوامـە و گەڕانـەوەی ئاوارەکانـی بـە خـاوی دەکرێـت. گۆڕینـی رووخسـاری مرۆیـی و دانیشـتووانی شـار لەلایـەن ئاوارەکانـەوە هەسـتی پێدەکرێـت. ئـەم هەڵاتـن و کۆچکردنـە ئەوەمـان پێدەڵێـت کـە ئێسـتا کولتوورێکـی نـوێ بـۆ عێراقییـەکان دروسـتبووە، ئەویـش کولتـووری خۆگونجاندنە لە شـوێنی تـازە و بەتەنگەوەهاتنـی یەکترییـە. عێراقییـەکان لـەوە تێدەگـەن مـەرج نییـە جارێکـی دیکـە ئـەو خەڵکانـەی جێگەیـان گۆڕیـوە بچنـەوە شـوێنی خۆیـان و ئەگـەری ئـەوە هەیـە، ئـەم گۆڕانکاریـە بنەمـای کۆمەڵگەیەکـی تازەبێـت و ئاسـتەنگەکانی عێـراق وەك خـۆی لێبێتـەوە، چونکـە بەشـێك لـە ئـاوارەکان لـە شـوێنی تازەیانـدا داکوتـراون و دەمێننـەوە.
بەهـۆی زیادبوونـی ژمـارەی هاووڵاتیانـی شـارەکانی دیکـەی عێـراق و هەرێمـی کوردسـتان، ئەگـەری ئـەوە هەیـە نەخشـەی سیاسـی و مرۆیـی ئـەم وڵاتـە بگۆڕێـت! عێـراق، عێراقـی پێـش جەنگـی داعـش نییـە. کوردسـتانیش کوردسـتانی پێـش داعـش نابێـت. دەکرێـت مامەڵـەی جیـاواز لەگـەڵ عێراقـدا بکرێت. لەم دابەشـبوونە نوێیـە دیمۆگرافییـەدا، ئەوەندەی دیکـە نەتـەوە و ئاییـن و کولتـووری جیـاواز خـۆی نیشـانداوە. ئێسـتا عـەرەب، کـورد، تـورك، ئاشـووری، ئێـزدی، شـەبەك، ئاشـووری و کلدانـی لـە زۆربـەی شـارەکانی عێراقـدا دەبینرێـن. ئەمـەش گۆڕانکارییەکـی کۆمەڵایەتییـە. پێشـتر هەریـەك لەوانـە لـە شـوێن و ناوچـەی

جوگرافیـای دیاریکـراوی خۆیانـدا بـوون. ئـەم دیمۆگرافیایـە کاریگـەری لەسـەر پرۆسـەی بڕیـاردان، داوونەریـت و شـێوەی ئازادییەکانیـش دادەنێـت.[6-5] قۆناخەکانـی ئاوارەبـوون بـەرەو کوردسـتان لـەدوای داگیرکردنـی موسـڵ بەچـڕی دەسـتیپێکرد. زەنـون بـن مەتـا بەوشـێوەیە باسـیدەکات:"گرووپی یەکـەم، خەڵکانـی وەك پزیشـك و مامۆسـتایانی زانکـۆ و دەوڵەمەنـدەکان و ئەندامانـی ئەنجوومەنـی پارێـزگا و فەرمانبەرانـی دەزگا ئەمنییـەکان لـە وەزارەتـی ناوخـۆ و بەرگـری، (تورکـمان و شـەبەك و هەنـدێ لـە کورد)بـوون و زۆرینەیـان بـەرەو پاریـزگای دهـۆك و ڕێژەیەکیـش بـەرەو هەولێـر و ژمارەیەکـی کەمیشـیان بـەرەو بەغـداو شـارەکانی باشـووری عێـراق ئاوارەبـوون.

گرووپـی دووەم مەسـیحییەکان بـوون و لەسـەرەتادا هەموویـان شـارەکەیان چۆڵنەکـرد تاوەکـو ئەوکاتـەی سـێ مەرجەکـەی ئیسـلامیان لەلایـەن داعشـەوە پێڕاگەیێنـدرا کـە ئەمانـە بـوون: یـان ببنـە موسـڵمان، یـان جزیـە بدەنـە خەلافـەت، یـان بەهێـزی شمشـێر موسـڵمان بکرێـن. لەسـەرئەنجامدا و لـەڕۆژی هەینیـدا لـە ڕۆژی 18ی تەممـوزی سـاڵی 2014دا هەموو مەسـیحییەکان دەرکـران و سـەروەت و سـامانیان وەك غەنیمـە دەسـتی بەسـەرداگیرا.

گرووپـی سـێیەمی ئـاوارەکان بریتیبـوون لـە: ڕۆژنامەنـووس و ئـەو فەرمانبەرانـەی حکومـەت کـە پێـش داگیرکردنـی موسـڵ هـاوکاری داعشـیان نەکـردووە. کاندیـدی حیزبـەکان هەڵبژاردنەکانـی سـاڵانی (2003-2014)، ئەندامانـی حیزبـەکان و فەرمانبەرانـی کۆمیسـیۆن، زۆربـەی پۆلیـس و پیـاوە ئەمنییـەکان کـە مووچەکانیـان لەلایـەن داعشـەوە بـڕا لـەم گرووپـەدا جێبوونـەوە. ئاوارەکانـی تەلەعفـەر و بەعـاج، پـاش چەنـد ڕۆژێـك لـەدوای داگیرکردنـی موسـڵ جارێکیـتر ئاوارەبوونـەوە، چونکـە تەلەعفەریـش گیـرا. ئـاوارەکان بـەرەو شـنگال رایانکـرد و دوای گرتنـی ئەوێـش، زۆربـەی خەڵکەکـەی بـەرەو هەرێمـی کوردسـتان و بەغـدا هاتـن.

دوای ئـەوەی داعـش زوومـمار و شـنگال و ڕەبیعـەی گـرت و خەڵکەکـەی بـەرەو هەولێـر ئاوارەبـوون، دانیشـتووانەکەی بوونـە دووبەشـەوە: خەڵکـی شـەبەك لەبـەر نزیکیـان لـە مەزهەبـی شـیعە بـەرەو بەغـدا و کەربـەلا و نەجـەف ڕۆیشـتن. کاکەیـی و مەسـیحییەکانیش لـە شـاری هەولێـر مانـەوە. ئێزدیەکانیـش لـە باشـیکەوە بـەرەو شـێخان و هەندێکیشـیان بـەرەو کەمپەکانـی سـنووری سـووریا ئاوارەبـوون بـەرەو شـارەکانی دیکـەی هەرێمـی کوردسـتان و بەغـدا و باشـووری عێـراق ڕۆیشـتوون. ئێزدیـەکان گەورەتریـن قوربانـی دەسـتی داعـش بـوون. 150 بـۆ 200 هەزاریـان لـە شـاخی شـنگال ئابلۆقەیـان خرایەسـەر و زیاتـر لـە سـێ هـەزار ئێزدیـش بوونـە قوربانـی جەنـگ و بیسەروشـوێن کـران. ئێزدیـەکان

بەهـۆكاری تایبـەت بەخۆیـان هەمیشـە لـە شـوێنی خۆیـان نیشـتەجێبوون. ڕەنگـە ئەمـە هۆكارێـك بێـت بـۆ ئـەوەی بەگشـتی بـاری دارایـی لاواز و مامناوەندیـان هەیـە.
بەهـۆی ئـەو زوڵـم و سـتەم و داگیركارییانـەی لەكاتـی جەنگـدا كردوونـی، داعـش ڕۆڵـی لــە گۆڕینــی دیمۆگرافیــای كوردســتاندا هەیــە. بەشــێك لەدانیشــتووانی شــارەكانی وەك ئەنبـار، تكریـت، موسـڵ، جەلـەولا، قەرەتەپـە و فەللوجـە بەسـەر شـار و بەشـەكانی دیكـەی عێراقـدا بڵاوبوونـەوە. بەشێكیشـیان ڕوویـان لەتوركیـا و ئەوروپـا كـردووە. بۆهـەر شـارێك داعـش ڕووی تێبـكات، ئەگـەر هەیـە هاووڵاتیـان لەشـوێنی خۆیـان نەمێنـن. لـەدوای هاتنـی داعـش، ئاسـتەمە ژمـارەی خەڵكـی عێراقـی بەتـەواوی بزانرێـت، لەبەرئـەوەی سـوورییەكان و كوردانـی ڕۆژئـاوای كوردسـتانیش ڕوویـان لـە عێـراق كـردووە كـە مـەرج نییـە هەمـووی ناونـووس یاخـود سـەرژمێری كرابـن. پێشـبینیدەكرێت لـە ئایندەیەكـی نزیكـدا هەڵاتـن و ئاوارەبـوون بەهـۆی ئۆپەراسـیۆنی شـاری موسـڵەوە زیاتربێـت.
بورهـان غەلیـون لەكتێبێكیـدا باسـی كەمینـەكان دەكات و دەڵێـت: بەهـۆی بڵاوبوونـەوەی دیـن، زمـان وكولتـووری نەتـەوە بچووكـەكان لـە كۆمەڵگەیەكـدا، پێویسـتی نـوێ دێنـە پێشـەوە. بـۆ نموونـە باشـترە بۆكەمكردنـەوەی بەركەوتـن و گرفتـی سیاسـی و كۆمەڵایەتـی یاسـای نـوێ دابنرێـت. واتـە بەیاسـا مافـی هەمـوو هاووڵاتیـان بپارێزرێـت و كـەس هەسـت بەكەمـی و غـەدر نـەكات.
ئەگـەری ئاوارەبـوون و كۆچـی زیاتـری هاووڵاتیـان لەئاینـدەدا زیاتـرە. ئەویـش بەهـۆی بەشـداری حەشـدی شـەعبی لـە ئازادكردنـی موسـڵدا كـە ئەمـە كاریگـەری لەسـەرگۆڕینی دیمۆگرافیــای هەرێمــی كوردســتان دەبێــت. حەشــدی شــەعبی وەك یەكێــك لەهێــزە سـەربازییەكانی ئەمـڕۆی عێـراق دەبینرێـت كـە دوای شكسـتی سـوپای عێـراق لـە شـاری موســڵ دروســتكراوە. تاڕادەیەكــی زۆر پشــتیوانی ناوخۆیــی و نێودەوڵەتیــان هەیــە و دانیشـتنیان لەگـەڵ هێـزە نێودەوڵەتییـەكان هەیـە و بودجەیـان لـە ئەنجوومەنـی وەزیرانـی عێـراق بـۆ دیاریكـراوە. لەسـاڵی 2016دا بـە ملیـار دیناریـان وەك بودجـەی تایبـەت بـۆ دیاریكـراوە . ئـەم هێـزە مقۆمقۆیەكـی سیاسـی و سـەربازی لەگـەل خۆیـدا هێنـاوە و جگـە لـە هێـزە شـیعەكانی عێـراق بەشـێكی كـەم لەعەشـایەری سـوننەی ئەنبـاری و گەنجانـی نێوەڕاسـت و باشـووری عێـراق تێیـدا هــەن و بەچەكـی ئێرانـی و ڕووسـی و ئەمریكـی دەجەنگـن. ڕاهێنانیـان لەلایـەن ئێرانـەوە پێكـراوە. هـادی عامـری و موقتـەدا سـەدر لـەو سـەركردە دیـارە شـیعانەن كـە پشـكی خاوەندارێتیـان لەنێـو ئـەم هێـزەدا هەیـە. ژمارەیـان زیاتـر لـە سـەت هـەزار چەكدارەبێـت و خاوەنـی هـەزاران خۆبەخشـی دیكـەن. ئەزمـوون

و ڕەفتـاری جەنگـی ئـەم هێـزە بریتییـە لـە توونەوتیـژی بەرامبـەر هێـزە نەیـارەکان، وەك ئـەوەی بەرامبـەر سـوننەکان لـە فەللوجـە، جەلـەولا و ئەنبار کردیـان و لێـدان، گوێچکەبڕین، کوشـتن و سـووتاندنیان بەرامبـەر ئەنجامـدان . تەنانـەت پێشمەرگەیەکیشـیان شـەهیدکرد کـە تۆمـارە ڤیدیۆییەکـەی بڵاوکرایـەوە.

ئەزموونـی ئـەم سـوپایە ئەزموونێکـی پـڕ توونەوتیژیـە . بـە هـاوکاری هێزەکانـی هاوپەیمانـان ، توانییـان چەنـد ناوچەیەکـی عێـراق لـە داعـش پاکبکەنـەوە. ڕەنگـە ئـەم ئەزموونـە مەترسـیدارە وابـکات سـوننەکانی موسـڵ هەوڵـی هەڵاتـن لەدەسـت حەشـدی شـەعبی بـدەن. ئەمـەش کاریگـەری لەسـەر زیادبوونـی ئـاوارە و هاتنیـان بـۆ نـاو هەرێمـی کوردسـتان دادەنێـت، چونکـە لەنێوچـە شیعەنشـینەکانی عێـراق پارێزراوتـر دەبـن. ئەگـەری گۆڕینـی دیمۆگرافیـای دانیشـتووانی کوردسـتان بەهـۆی هاتنـی ژمـارەی زۆری سـوننەکانەوە دەبێـت. ئـەوەی حەشـدی شـەعبی کـردی لـە ڕەفتارەکانـی داعـش زۆر کەمـتر نەبـوو. بەشـێکی گۆڕینـی ئـەم دیمۆگرافیایـە تاڕادەیـەك پێشـبینیکراوە یـان سرووشـتییە و بەهـۆکاری جەنگەوەیـە، ڕەنگـە بەشـێکی دیکەیشـی دروسـتکراوبێت و جۆرێـك هاندانـی لەپشـتەوە بێـت. لەکاتـی ئازادکردنـی ئەنبـار و فەللوجـە، بـە فرۆکـە ئـاوارەکان بـۆ نـاو خاکی کوردسـتان گوێزرانـەوە. ڕەنگـە بەشـێك لەوانـە خاوەنـی دەسـەڵات بـن بۆیـە توانیویانـە بـە فرۆکـە بگەنـە کوردسـتان و لەوانەیـە پۆسـتی نهێنـی سیاسـیان لەگـەڵ حیزبێکـی سیاسـی هەبووبێـت! یـان سـەرمایەداربووبن! یـان بـۆکاری جیـاواز هاتـبن!

ئەگـەری ئـەوە هەیـە کـە هاتنـی ئـەم شـێوە کۆچکردنـە بەپـلان بێـت . ڕەنگـە حکومەتـی ناوەنـدی خاوەنـی ئـەم پلانـە بێـت و بەمەبەسـت ئـەم کارە بـکات بـۆ ئـەوەی ژمـارەی عـەرەب و ئاسـتی کاریگـەری دانانیـان لـەم ناوچەیـە زیاتـر بـکات. ڕەنگـە حەشـدی شـەعبی بـۆ گۆڕینـی دیمۆگرافیـای ناوچـە سوننەنشـینەکان بیـەوێ عەرەبـە سـوننەکان لـە زێـدی خۆیـان دووربخاتـەوە و تەگـەرە لەبـەردەم گەڕانەوەیـان دابنێـت. ئـەم عەرەبانە سـەرئەنجام بەشـێنەیی دەبنـە بەشـێك لـە پێکهاتـە کۆمەڵایەتییەکانـی کوردسـتان و دەمێننـەوە. ئەگـەر بـە پـلان هەوڵـی گێڕانەوەیـان نەدرێـت، ئـەوا کۆمەڵێـك گرفتـی جیۆسیاسـی، کولتـووری، سیاسـی و کۆمەڵایەتـی بەرۆکـی هەرێمـی کوردسـتان دەگرێـت. بەشداریکردنیان لـە هـەر سـەرژمێرییەك کەلـە داهاتـوودا بکرێـت بـۆ باسـی جیابوونـەوەی هەرێمـی کوردسـتان لـە عێـراق بەکـردەوە کۆسـپێکی جیۆسیاسـی دەخوڵقێنێـت. لەوانەیـە ژمارەیەکیـش لـە عـەرەب کـە ڕەنگـە بـە هـۆکاری بازرگانـی یـان هاوسـەرگیری بێـت، بێنـە هەرێمـی کوردسـتان و نەگەڕێنـەوە، چونکـە بـە بـەراورد بـە بارودۆخـی ئێسـتای نێوەڕاسـت و باشـووری عێـراق

تائێستا هەرێمی کوردستان باشترین و گونجاوترین ناوچەی عێراقە بۆ ژیان و لەڕووی کێبڕکێی ئایینی و ژینگەی سروشتی وئەمنیشەوە جیاوازە.[7]

## بەردەوامبوونی جەنگ و ئاوارەبوونی خەڵکی موسڵ بۆ کوردستان

پێشبینیدەکرا لەکاتی ئۆپەراسیۆنەکانی موسڵدا، پەنابرێتە بەر بەکارهێنانی هاووڵاتیانی ناوخۆیی موسڵ لەلایەن داعش وەك قەڵغانی مرۆیی و رێگری لەهاتنە دەرەوەی دانیشتووانی شاری موسڵ بکات. بۆ ئەوەی گوشاریك بۆکەمکردنەوەی بەکارهێنانی هێزی ئاسمانی لەسەر خۆی دروستبکات. لە ماوەی داگیرکاریی شاری موسڵدا، داعش بەشێك لەمنداڵان و گەنجەکانی شاری موسڵی وەك سەربازی خۆی بەکارهێناوە و وەك بەشێك لە هێزەکەی دایناون . پێدەچێ داعش ئەم هەوڵانەی بەمەبەستی رێگریکردن لە هەر کودەتایەك بێ کە لەوانەیە لەکاتی جەنگدا لەلایەن خەڵکی ناڕازی و هێزەکانی سوننەوە ئەنجامبدرێت. هەروەها وەك گوشاریکیش بەکاریاندەهێنێ تاوەکو خەڵکی موسڵ شارەکە چۆڵنەکەن بۆ ئەوەی ئاگایان لە منداڵەکانیان بێت.
شارەزایەکانی داعش کە لە وێرانکردن و تاکتیکی کاری تیرۆریستیدا، ئەگەری ئەوە دروستدەکات کە بە رێگەی بەکارهێنانی ژن و منداڵ، کەلوپەل، بینا، تەقینەوە و چەکی تازە رێگری لە دانیشتووان بکرێت. لەسەرەتادا هەرچەندە وەزیری کوچ و کۆچبەرانی عێراق رایگەیاند کە پێشبینیدەکرێت پرۆسەی ئازادکردنی موسڵ دوو مانگ بخایێنێ و نزیکەی 500 هەزار کەس ئاوارە بن. بەڵام باس لەو ئەگەرەش کرا کە ئەگەر جەنگەکە لەوماوەیە زیاتر درێژەبکێشێ و شەڕی کۆڵان بە کۆڵانی تێبکەوێت، ئەوا ژمارەی ئاوارەکان دەگاتە 1000000 یەك ملیۆن کەس. جاسم محەممەد کە بەرپرسێکی وەزارەتی کۆچ و کۆچبەرانی عێراقە، گوتی:"ئاوارەکانی شاری نەینەوا لەشارەکانی هەرێمی کوردستان نیشتەجێ ناکرێن." ئەم بۆچوونەی ناوبراو ئەگەرێکی تیۆری بوو، بەڵام ئایا جەنگەکە چۆن دەبێت؟ ئایا رووداوەکان بەوشێوازە دەبن کە پێشبینی بۆ دەکرێت؟ لەکاتێکدا هەر خودی وەزیری کۆچ و کۆچبەران، ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە چوار کەمپ دەکەنەوە کە سیانیان لە نزیك شاری هەولێر و دهۆکن . بەتایبەتی چۆن پێشبینی ئەوە نەکرێت کە ئاوارەکان ناکشێنە هەرێمی کوردستان؟ ئەگەر زەبروزەنگ و هێز بەکاربهێنرێت بۆسەر داعش یان لەکاتی جەنگدا شپرزەیی و ئاڵۆزی یان جیابوونەوە لەنێوانیاندا رووبدات، ئەگەری ئەوە هەیە کە داعش هەموو

هێزەکانی بۆ بەرگریکردن بەکاربێنێت. ڕەنگە ڕێگەکانی ڕزگاربوون بۆ هاتنی ئاوارە بەرەو کوردستان کراوەبن و ئەگەری گەورەش ئەوەیە ئۆپەراسیۆنی موسڵ ژمارەیەکی یەکجار زۆر ئاوارە بۆ کوردستان رابکێشێت. بێگومان موسڵ لە کوردستان نزیکە و ئەگەری هاتنی 50 هەزار تاوەکو 100 هەزار ئاوارە لەسەرەتاوە دانرابوو .
ئەوەی بۆ کورد جێگەی پرسیاربوو ئایا پێشمەرگە بەشداری لە ئازادکردنەوەی موسڵدا دەکات یان نا؟ ئەگەر بەشداریکرد لە میحوەری هەولێر، دهۆك و شنگالەوە کە نزیکترین سنووری حەمدانییە و خازر و مەخموور و تەلەعفەرن و ناوچە کێشە لەسەرەکانن، ئایا دواتر بەدەست هێزی پێشمەرگەوە دەمێننەوە یان نەخێر؟ ڕەنگە ئەم گومانە لەکورد وایکردبێ کە حکومەتی عێراق تائێستا بڕیاری نەدابێت پێشمەرگە بەشداری ئازادکردنەوەی موسڵ بکات.[8]

## ئەو ناوچانەی مەترسی گۆڕینی دیمۆگرافییان لەسەرە

هاتنی ئاوارە بۆ شارەکانی هەولێر، کەرکووك و دهۆك پێشبینیکرابوو، بەتایبەت کە خودی وەزیری کۆچ و کۆچبەران باسی گرنگی ئەو چوار میحوەرەی کردبوو کە بۆ هاوکاریکردن و داڵدەدانی ئاوارەکان دیاریکراون. ناوچەی یەکەم: موسڵ و قەزای مەخموور . ناوچەی دووەم:ناوچەی زومار و ڕەبیعەیە، لەباکووری نەینەواش ناوچەی سێیەمە کە پێکدێت لە ناوچەی تەماسی نێوان باشووری شنگال و ڕۆژئاوای تەلەعفەر، ناوچەی چوارەمیش باکووری پارێزگای سەلاحەدین.
هەروەها باسی پلانی دارایی کرد و گوتی وەك وەزارەتی کۆچ و کۆچبەران ، پلانی پێشوەختەیان هەیە. خودی وەزیریش بۆ ئەو مەبەستە سەردانی مەخمووری کرد. گوتوویەتی حکومەتی عێراق بۆ هەر 250 هەزار ئاوارە، بەگشتی 280 ملیۆن دۆلاری تەرخانکردووە. نەتەوە یەکگرتووەکانیش ئاشکرایکردووە کە پێویستیان بە 280 ملیۆن دۆلارە تاوەکو پشتیوانی پلانی وەڵامدانەوەی مرۆیی لەکاتی پرۆسەی ئازادکردنەوەی نەینەوادا بکەن. وەزیری کۆچ و کۆچبەران لەگەل باڵیۆزی ئەمریکا لەعێراق گوتیان دڵنیاین لەوەی لەکاتی ڕزگارکردنەوەی نەینەوا ڕووبەڕووی ئاستەنگی مرۆیی دەبینەوە. باسی ئەوەشیانکردووە کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەڵێنیداوە 2 ملیار و 100 ملیۆن دۆلار بۆ عێراق تەرخانبکات.[9]
بەپێی ئەو دانیشتنانەی خودی نوێنەرایەتی نەتەوەیەکگرتوەکان لەگەل وەزیر، پێشبینی

هاتنـی ئـاواره ده‌كرێـت. ره‌نگـه كاره‌سـاتی مرۆیـی روبـدات . ئه‌گـه‌ری گۆڕانـكاری لـه دیمۆگرافیـای ئـه‌و ناوچانـه هه‌یـه كـه راسـته‌وخۆ سـنووری هه‌رێمـی كوردسـتان و عێـراق پێكده‌هێنـن. ئه‌مـه‌ش واده‌كات ئه‌گـه‌ری ئـه‌وه روبـدات كـه ته‌نیـا ئـه‌و كه‌مپانـه بـه‌س نه‌بـن یـان هاووڵاتیـان نه‌یانه‌وێـت لـه‌و كه‌مپانه‌دابـن یـان كه‌مپـه‌كان وه‌ك پێویسـت به‌شـی ژمـاره‌ی ئـاواره‌كان نـه‌كات و روو له‌نـاو شـاره‌كانی هه‌رێمـی كوردسـتان بكـه‌ن و له‌نێـو شـاره‌كاندا نیشـته‌جێبن. له‌به‌رئـه‌وه‌ی شـاری كه‌ركـووك بارودۆخـی ئه‌منـی باش نییـه و داعش لـه سـنووره‌كانییه‌وه نزیكـه، بۆیـه ئه‌گـه‌ر هه‌یـه شـه‌ڕ روبـدات و دانیشـتووانی حه‌ویجـه و ده‌وروبـه‌ری روو لـه كه‌ركـووك بكـه‌ن . هه‌رچه‌نـده شـاری كه‌ركـووك نزیكـه‌ی 71 هـه‌زار ئـاواره‌ی شـاره‌كانی دیالـه ، سـه‌لاحه‌ددین و فه‌للوجـه‌ی لێیـه، مه‌ترسـی زیادبوونـی ئـاواره بـۆ نـاو شـاری كه‌ركـووك له‌وه‌دایـه بۆخـۆی كه‌ركـووك كێشـه‌ی له‌سـه‌ره‌و لـه چاوه‌ڕوانـی سـه‌رژمێریدایه و هیـچ گریمانه‌یـه‌ك نییـه بـۆ ئـه‌وه‌ی به‌نـاوی هاتنـی ئـاواره‌وه، ژمـاره‌ی دانیشـتووانی كـورد له‌كه‌ركـووك بـه بـه‌راورد له‌گـه‌ڵ عـه‌ره‌ب یه‌كسـان بكرێتـه‌وه . بـۆ داهاتـووش ئـه‌و واقیعـه بریـار ده‌دات نـه‌ك مێـژوو. ئـه‌و كه‌مپـه‌ی كـه بڕیـاردرا بكرێـته‌وه سـنووره‌كه‌ی ده‌كه‌وێتـه رۆژئـاوای سـه‌لاحه‌ددین و باشـووری نه‌ینـه‌وا و ئه‌گـه‌ری زۆر هه‌یـه له‌رێگه‌یـه‌وه ئـاواره‌كان بـه‌ره‌و كه‌ركـووك بچـن.[10]

به‌پێـی پلانـی وه‌زاره‌تـی كـۆچ و كۆچبـه‌ران و نه‌ته‌وه‌یه‌كگرتـوه‌كان بڕیـاردرا كـه سێ كه‌مپـی دیكـه بـه‌ڕووی دهۆكـدا بكرێتـه‌وه، سـه‌رباری ئـه‌وه‌ی پێشـبینیده‌كرا دهـۆك پشـكی گـه‌وره‌ی لـه ئاواره‌كانـی به‌ربكه‌وێـت. واتـه هاتنـی ئـاواره بـۆ نێـو كه‌مپـه‌كان بگاتـه 100 بـۆ 150 هـه‌زار ئـاواره . لـه هه‌ولێـر كه‌مپـی مه‌خمـوور له‌شـاری موسـڵه‌وه نزیكـه و كاریگـه‌ری له‌سـه‌ر هاتنـی ئـاواره بـه‌ره‌و هه‌ولێـر هه‌یه كـه پایته‌ختـه و شـارێكی گه‌وره‌یه. پێشـبینیده‌كرا 50هـه‌زار بـۆ 100 هـه‌زار كـه‌س روویتێبـكان. ئـه‌وه‌ی رووده‌كاتـه هه‌ولێریـش پێشـبینیده‌كرا كـه سـوننه ده‌وڵه‌مه‌نـده‌كان بـن. له‌به‌رئـه‌وه‌ی ده‌سـكه‌وتنی ژیـان لـه پایته‌ختـی هـه‌ر وڵاتێكـدا له‌بـه‌ر چـڕی و گرانـی ئاسـته‌نگه، بۆیـه ره‌نگـه ئه‌وانـه‌ی روویانكردووه‌تـه هه‌ولێـر، پێشـتر بڕیـاری خۆیـان دابێـت كـه ئـه‌وه بكـه‌ن. ره‌نگـه به‌شێكیشـیان مه‌سـیحییه‌كان بـن له‌به‌رئـه‌وه‌ی به‌شـێكیان له‌هه‌ولێـر نیشـته‌جێن.

## داعش و گۆڕینی دیمۆگرافیای كوردستان

دیمۆگرافیـای هه‌رێمـی كوردسـتان لـه‌ڕووی ژمـاره‌ی دانیشـتووان و لـه‌ڕووی زیاتربوونـی

ژمـارەی کەمینـەکان لەبـەردەم گۆڕانـکاری واقیعییانەدایـە. ئەمـەش خۆئامادەکردنێکـی ژیرانـەی لەلایەنـە سیاسـی و ئیدارییەکانـی هەرێمـی کوردسـتانەوە پێویسـتە. چـۆن ئـەم گۆڕانکاریـە قبوڵدەکرێـت؟ چـۆن رێکخسـتنی بـۆ دەکرێـت و چـۆن دانیشـتووانە تـازەکان بـە هاونیشـتیمانی پلەیـەك دیاریدەکرێـن؟ ئایـا چـۆن سـنوور بـۆ ئەگـەری بەرکەوتنـە کۆمەڵایەتـی، ئایینـی و سیاسـییەکان دادەنرێـت؟ چـۆن پێداویسـتییەکانیان بـۆ ژمارەیـەك مـرۆڤ بەداواکارییەکانیانـەوە دابیندەکرێـت؟ ئایـا چـۆن کاریگـەری لەسـەر پرۆسـەی دەنگـدان دادەنێـن؟ بەرکەوتنـە کۆمەڵایەتییـەکان چ مەترسـییەکیان دەبێـت؟ ئەمانە بەشـێك لـەو پرسـیارانەن کـە دەمانگەیێننـە دانانـی پلانێـك بـۆ ئاینـدەی هەرێمـی کوردسـتان.

ئـەوەی داعـش کردوویەتـی راوەدوونانـی ئـەو خەڵکانەیـە کـە ئەگـەری لەنێوچوونیـان هەبـووە وەك کاکەیـی، مەسـیحی و ئێـزدی . گۆڕینـی ئـەم دیمۆگرافیایـە لـە کاتێکدایـە بێبـازاڕی و بارودۆخێکـی خـراپ بەرۆکـی هەرێمـی کوردسـتانی گرتـووە. ئاینـدەی ئابـووری هەرێمـی کوردسـتان ئاسـۆیەکی روونـی نییـە، ئایا بـەرەو کـوێ دەڕوات و تاچەنـد گۆڕانکاری بەسـەردا دێـت؟ ئـەم دۆخـە ئابوورییـە جێگـەی مەترسـییە بەتایبـەت ئەگـەر ژمـارەی دانیشـتووانی هەرێمـی کوردسـتان زیـاد بێـت. دەکرێـت رەهەنـدە کۆمەڵایەتـی و ئابـووری و دەروونییەکانـی کـە لـە ئاینـدەدا بەرۆکـی ئـەم کۆمەڵگەیـە دەگـرن گرنگـبن و لـە پلانـی پەروەردەیـی و میدیاییـدا وەك خـۆی وەربگیرێـت. سـەبارەت بـە رەهەنـدە نیشـتیمانییەکەی یـان سیاسـییەکەی، ئەگـەر دروسـتکردنی قەوارەیەکـی سـەربەخۆ لـەم نزیکانـەدا نەبێـت زەحمەتـە دوای گۆڕینـی دیمۆگرافیـای هەرێمـی کوردسـتان دروسـتبکرێت.

زۆربوونـی لەنـاکاوی ژمـارەی دانیشـتووان کاریگـەری بۆسـەر بارودۆخـی دەروونـی خەڵکـی هەرێمـی کوردسـتان دەبێـت. زۆر بەخێرایـی کولتـووری جیـاواز دروسـتدەبێت. رەنگـە شـپرزەیی کۆمەڵایەتـی دروسـتبکات، ئەگـەری ئـەوە دەکرێـت کـە ئاسایشـی کۆمەڵایەتـی لاوازبـکات و بەگشـتی خەڵـك هەسـت بـە نائارامـی بکـەن. شـڵەژانی نەتەوەیـی لـەلای کـورد دروسـتدەبێت. مەترسـی ئـەوە دەکرێـت نەتەوەیـەك بەرلـەوەی خـۆی رابگەیێنێـت، لەنێوبچێـت. ئەویـش نەتـەوەی کـوردە لەباشـووری کوردسـتان.

## مەترسی ئەمنی ناوخۆیی هەرێمی کوردستان

لەگۆڕینـی دیمۆگرافیـای هەرێمـی کوردسـتاندا پێشـبینی لەنێوچوونـی رێژەیـەك لـە ئارامـی نـاو هەرێمـی کوردسـتان دەکرێـت. لەوانەیـە گرفتـە کۆمەڵایەتییـەکان باڵبکێشـێت

بـۆ توونـدوتیـژی کۆمەڵایەتـی، بەتایبـەت لەکاتـی هاتنـی ئـاوارەکان بـۆ دەوروبـەری شـارەکانی هەولێـر، کەرکـووك و دهـۆك، ئەگـەری هاتنـی شـانە و خانـەی گرووپـە تیرۆریستیەکان دەکرێـت کەبەشێوەیشاراوە خۆیـان بنوێنـن و هەوڵـی بڵاوکردنـەوەی بیـری تیرۆریستییان بـدەن. ڕەنگـە بارودۆخـی ئایینـی لـە کوردسـتان کەمێـك گرفـت دروسـتبکات. پێشـبینیدەکرێت توونـدوتیـژی ئایینـی سـەرهەڵبدات، لەبەرئـەوەی لەکوردسـتان تائێسـتا حیزبێکـی عەلمانـی بەمانـای حیزبـی عەلمانـی نییـە. ئـەوەی هەیـە موجامەلـەی ئاییـن و ڕۆشـنبیری ئایینـی دەکات. لەئێسـتاوە دەبینرێـت مەسـەلەی ڕووپـۆش بەبـەراود بەسـاڵانی رابـردوو کـە لەسـاڵانی 1960 ڕووپۆشـی (مەقنـەع) نەمـاوە، بـەڵام لێـرەوە بەهـۆی کولتووری عەرەبـی ئیسـلامی و ئیسـلامی جیهـادی زیندووبووەتـەوە و لەنێـو شـارەکاندا دەبینرێـت. لێـرەوە پێویسـتە ئەگـەری داخـراوی کۆمەڵگـە بەهەنـد وەربگریـن. لەبەرئـەوەی بـە هاتنـی ئـاوارەکان دیسـانەوە کاکەیـی و مەسـیحییەکان ژمارەیـان کەمـترە لـە عەرەبـە سـوننەکان. بۆیـە ئەگـەری ئاشـتی کۆمەڵایەتـی زۆر بەهێـز نییـە. ئەگـەری ڕوودانـی کاری تیرۆریسـتی و هەوڵـی تەقینـەوە هەیـە و ئەمـەش کاریگـەری لەسـەر پایەکانـی ئاسایشـی نیشـتمانی دادەنێـت.

لەئەنجامـی هاتنـی ئـاوارە بـۆ نـاو خاکـی کوردسـتان، یـان بـۆ هەرێمـی کوردسـتان، ئەگـەر هەیـە ناسـنامەی جوگرافـی خاکـی باشـووری کوردسـتان بگۆردرێـت. لەبەرئـەوەی هاتنـی ئـەو ژمـارە زۆرەی ئـاوارە و ئەگـەری مانەوەیـان و هاتنـی ئـاوارەی دیکـە دەمانخاتـە بـەردەم ئـەم بۆچوونـە کـە جگە لـە گۆڕینـی دانیشـتووان، ئەگـەری گۆڕینـی جوگرافیـاش لەگۆڕێدایە.

## دۆستی تازەی کورد کێیە؟

لـەدوای ئـەم گۆڕانکارییانـەی ڕوودەدەن لەعێـراق، دەکرێـت کـورد بەمەبەسـتی پاراسـتنی بەرژەوەندییەکانـی دەسـت بـە پەیوەندییەکانییـەوە لەگـەڵ شـیعە بگرێـت. گرنگـە بـە وەرگرتنـی ئـەو ئەزموونـەی لەگـەڵ دۆسـتایەتی شـیعە هەیبـووە، هەوڵـی دروسـتکردنی دۆسـتایەتی تـازە لەگـەڵ سـوننەکان بـدات. هاتنـی سـوننە و مانەوەیـان جێگـەی پرسـیارە و هەمیشـە کـورد پێویسـتە چاوبڕێتـە ئامانجـی هاتنـی هـەر عەرەبێـك بـۆ کوردسـتان و مانـەوەی، تەنانـەت هاتنـی سـەرمایەداری سـوننە و خسـتنەگەڕی سـەرمایەکانیان بـۆ نـاو کوردسـتان دەکرێـت مەرجـی لەسـەر بێـت . ئایـا جـۆری ئـەو پڕۆژەیـەی دەیـکات چییـە؟ چەنـد گرنگـە؟ چەنـد گرنگـە بـۆ گۆڕانـکاری ژیانـی ئابـووری خەڵکـی کوردسـتان؟ پاشـان

نەهێنانـی دەسـتی کاری عـەرەب بـۆ نـاو پڕۆژەکانـی گرنگـی خـۆی هەیـە. دەبـێ هەمیشـە مەترسـی ئەوەبکرێـت کـە یـەك عـەرەب کاریگـەری ئایندەیـی بۆسـەر کاری نەتەوەیـی هەیە و بـەم بیرکردنەوەیـەوە پێشـوازی لـە سـەرمایەداری سـوننە بکـرێ کـە گونجـاوە. بیریشـمان نەچێـت کـە سـوننەکان بیرکردنـەوەی ئایینیـان لـە شـیعەکان میانڕەوتـرە . ئاسـاییە بـۆ کاری بەرهەمهێنـان لەبـەر بەرژەوەنـدی ئابـووری، پیشـوازی لـە ژمارەیەکـی دیاریکراویـان بکرێت.

## پێشنیازەکان

• پێویسـتە حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان بەپەلـە سـەرژمێریەك لەسـەر ژمـارەی ئـاوارەی عـەرەب لـە هەرێمـی کوردسـتان ئەنجامبـدات و بەپێـی ئەمـە پلانسـازی بـکات.

• پێویسـتە حکومەت بۆ ئۆپەرایسـیۆنی موسـڵ و ئۆپەراسـیۆنەکانی دوای موسـڵ ئامادەکاری تـەواوی هەبـێ و لەرێگـەی دیاریکردنـی کەمپـی ئاوارتـە، هەمیشـە توانـای پێشـوازیکردنی لـە ئـاوارەکان هەبـێ و ژیانێکـی شـەرەفمەندیان بـۆ دەسـتەبەر بـکات.

• پێویســتە هەوڵــی ئــەوە بــدرێ لــە ئیســتا و ئایندەشــدا ئــاوارەکان لــە کەمپــەکان نیشـتەجێبکرێن و ئاوێتەبـوون و نیشـتەجێبوونیان لەنێـو شـارەکان پرۆسـەیەکی سـەختی بـۆ دیاریبکرێــت.

• پێویسـتە دوای ئۆپەراسـیۆنەکانی نەهێشـتنی داعـش و هێوربوونـەوەی بارودۆخـی ئەمنـی موسـڵ، ئەنبـار، سـەلاحەددین و دیالـە لەگـەڵ بەغـدا کارئاسـانی بـۆ گەڕانـەوەی ئـاوارەکان بکرێـت.

• ئـەو هاووڵاتیانـەی دەیانـەوێ لـە هەرێمـی کوردسـتان بمێننـەوە پێویسـتە ئـەم مەرجانـەی لای خوارەوەیـان بەسـەردا بسـەپێنرێت:

1. زمانی کوردی فێر بن و ئاوێتەی کۆمەڵگەی کوردستان بن.

2. ئـەوەی سـەرمایەدارە سـەرمایەکەی بـۆ پێشخسـتنی ئابـووری کوردسـتان بـۆ درێژمـاوە وەگەڕبخـات.

3. ئەوانـەی دەسـتی کارن، لەچوارچێـوەی مافـی کرێـکاری ناوخۆیـی مامەڵەیـان لەگـەڵ بکـرێ و هەلومەرجـی ئەمنـی بیانگرێتـەوە.

4. ئەوانەی دەیانەوێ بمێننەوە مانەوەیان بەپێی بڕیار و یاسای تایبەت رێکبخرێت.

# ئەنجام

ئۆپۆراسیۆنی موسڵ دەستپێکرد ، هەرچەندە بەهۆی لابردنی وەزیری بەرگری عێراق لە رۆژی 25-8-2016 ، دواکەوت .
لە جەنگەکانی دیکەیدا لە عێراق ، داعش شکستیهێنا، پێش کۆتایی جەنگ کشاونەتەوە بەرەو سووریا هەڵاتون. پێشبینیدەکرا سەرەتا شەڕێکی قورس لە موسڵ بکات ، زیان بەشارەکە و خەڵکی موسڵ بگات، بەڵام دواتر بەرەو سووریا بکشێتەوە. بۆیە هەمیشە جێگەی هەڕەشەن و تاوەکو ئەم هەڕەشەیە هەبێ، ئاسایشی کوردستان لەمەترسیدا دەبێت. واتە دەبێ هەمیشە چاوەڕێی ئاوارەی زیاتر و گۆڕانی دیمۆگرافی زیاتر بکەین. ئەگەری هاتنی نزیکەی 500 هەزار کەس بۆ کەمپەکانی نزیك شارەکانی هەولێر ، دهۆك و کەرکووك دەکرێت. ئەگەری ئەوەش هەیە دەیان هەزار کەس بێنە نێو شارەکانەوە. ئەمە جگە لە شاری کەرکووك کە بەردەوام کۆچبەر و ئاوارە وەردەگرێت! باشترە هەرێمی کوردستان بەئاگابێ لە سنوورەکانی لەشێوەی بەڕێوەبردنی کاروباری ناوخۆ و چاککردنی دۆخی ئیداری و خۆئامادەکردن بۆ گرفتەکان و ئەگەری رووداني هەر رووداوێکی نائاسایی لەم دۆخەدا.
گۆڕانکاری لە ژمارەی هاونیشتمانیانی هەرێمی کوردستاندا روودەدات و دیمۆگرافیای هەرێمی کوردستان دەگۆڕێت. ئەگەری رووداني کێشەی ئابووری، کێشەی ئاو و کێشەی کۆمەڵایەتی، کێشەی تەندروستی و ئاشتی کۆمەڵایەتی دەکرێت. ئەمە بۆ ئایندەی نزیك هەڕەشەیە. هەرێمی کوردستان پێویستی بە دەرکردنی یاسای نوێ دەبێ بۆ دیاریکردنی مافەکانی هاووڵاتیان و دەرکردنی دەستوور.
گرنگە ئەم چەقبەستووییە ساسییەی هەرێمی کوردستان چارەسەربکرێت و خاوبکرێتەوە، چونکە گۆڕانکاری لەنێوچەکە و لە هەرێمی کوردستان روودەدات. بۆیە پێویستە هەرێمی کوردستان بۆ هەر گۆڕانکارییەکی لەناکاوی دیمۆگرافی ئامادەکاری هەبێت بۆ ئەمەش پێویستی بە سیاسەت و یاسای تایبەت دەبێت.

## سەرچاوەکان:


1. قاموس المحافظات المختصر،.

1.ميزوبوتاميا،بلادنهرين. ،. ويكيپيديا ، الموسوعة الحرة التى يستطيع الجميع تحريرها.

2. قريش،جريدة العربية مستقيلة تصدر في لندن ،.12اب 2014

3. ماڵپەری وەزارەتی کۆچ و کۆچبەرانی عێراق/12-7-2016، 22-7-2016، 17-7-2016، 14-8-2016

4. ولایەتی موسل،کۆمەڵەی نەتەوەکان/لەئینگلیزیەوە، مینە. ل16 ساڵی 2012.

5. عێراق بریس.23--8

6. شبكة عراقنا الحر.8 تموز2015-

7. ویکیپیدیا .2016.

8. رادیۆ سوا /-3دیسمبر- 2014.

9. مركزالفرات للتنمية والدراسات الاستراتيجية/2004 2016-. www.fcdrs.com

10. ماڵپەری خەندان ،2-8-2016

11. عبدالباری عطوان، الدولة الاسلامية الجذور،التوحش،المستقبل. 2015 دارساقي.

12. برهان غليون،المسالة الطائفية ومشكلة الاقليات، 2013 بيروت.

13. ذنون بن متى الموصلي ،الموصل بين احتلالين 2003-2014 مذكرات مواطن العراقي.

14. د.احمد موسى محمودخليل، مقدمة في الجغرافيا البشرية المعاصرة، المكتب العربي للمعارف،2014 م .

# تێڕوانینێك لە دوارۆژی
# هەرێمی سوننە لە عێراق

**د.عەبدوڵڵا شمەری**
توێژەر و ئەکادیمی سعودی

## ڕێژەی پاڵپشتیکردن لەلایەن دانیشتووانەوە بۆ سەربەخۆیی

تایفـەی سـوننە پێشـتر دژی بیرۆکـەی بـە هەرێمکـردن بـوو. وایدەزانـی ئەمـە سـەرەتای پارچـە پارچـە بـوون و کۆتایـی عێراقـە، بـەڵام دوای ئـەوەی لەلایـەن حکومەتـی عێـراق بـە سـەرکردایەتی حیزبـە شـیعەکان پەراوێزخـرا، پەشـیمانبووەوە و داوای بـە هەرێمبوونـی کـرد. سـوننەکان لـە خۆپیشـاندانەکانی ڕوومـادی لـە 2013/4/3 داوای بـە هەرێمبوونیـان کـرد و پـاش کۆنترۆڵکردنـی موسـڵ ، دووەم گـەورە شـاری عێـراق لەلایـەن داعـش لـە حوزەیرانـی 2014، سـوننەکان جدیتربـوون و توانـای هێـزە عێراقییەکانیـان بـۆ بەرگری بـە کەمدەزانـی و هەسـتکردن بـە پێویسـتیی هەرێمێـك بـۆ پاراسـتنیان لای ئـەوان زیادیکـرد.

## ڕێژەی نەیاربوون لەلایەن دانیشتوانی هەرێم بۆ سەربەخۆیی

هەندێـك لـە سـوننییەکان دژی پێکهێنانـی هەرێمێکـی سـوننی وەك هەرێمـی کوردسـتانن ، بـۆ ئـەوەش هەندێـك هـۆکار هەیـە کـەوا بیـر بکەنـەوە. وەك ئـەوەی کـە هەرێمـی سـوننە بـە پێچەوانـەی ناوچـە شـیعەکان هیـچ سـەرچاوەیەکی ئابـووری و خۆژیاندنـی نییـە و پێویسـتی بـە سـەرچاوەیەکی ئابـووری و پشـتیوانییەکی نێودەوڵەتـی گەورەیـە. ئەمـەش لـەم کاتـەدا نایێتـەدی ئەگـەر لەلایـەن وڵاتانـی پاڵپشـت بـۆ بیرۆکـەی بـە هەرێمبوون دەسـتەبەر نەکرێـت.

## سرووشتی پەیوەندییە ئایندەییەکان لەگەڵ هەرێمی کوردستان

وا مەزەنـدە دەکرێـت پەیوەندییەکانـی نێـوان هەرێمـی کوردسـتان و هەرێمـی سـوننە بەهێزبێـت، چونکـە هەرێمـی کوردسـتان پشـتیوانی سـەرکردە سـووننەکان دەکات و زۆربەی کەسـایەتییەکانی حەواندووەتـەوە کـە لەدەسـت زوڵمـی حکومەتـی بەغـدا رایانکـردووە. ئـەم هـاوکاری و نزیکبوونەوەیـە لەکاتـی دروسـتبوونی هەرێمـی سـوننەدا بـەردەوام دەبێت، بـەڵام گرفتـی گـەورە دیاریکردنـی ناوچـە کێشـە لەسـەرەکانی نێـوان عـەرەب و کـوردە. ئـەو ناوچانـە لـە رۆژئـاوای موسـڵەوە درێـژ دەبنـەوەو بـە دەوروبـەری باشـووری کەرکووکـدا دەربـاز دەبـن. هەروەهـا بەشـی باکـووری دیالـە و هەندێـك بەشـی رۆژهەڵاتـی واسـت دەگرێتـەوە. دیاریکردنـی ئـەو سـنوورانە لـە دوارۆژدا گرفـت لەنێـوان هـەردوو هەرێمـدا دروسـتدەکات ، بـەڵام ئەگـەر هـەردوولا لەسـەر کاروبـار و بەرژەوەنـدی هاوبـەش پێکهاتـن، دەتوانـن بەتایبەتـی بـە ئەنجامدانـی راپرسـی میللـی بـۆ هاووڵاتیانـی ناوچەکـە کێشـەکان چارەسـەر بکـەن.

## سرووشتی پەیوەندییە ئایندەییەکان لەگەڵ هەرێمی شیعە

بەهـۆی کەڵەکەبوونـی رق و کینـە، پەیوەندیەکانـی سـوننە و شـیعە خراپبـوون. بـە تایبەتـی دوای سـەرهەڵدانی بیرۆکـەی هەرێمـەکان و مەحاڵبوونـی ژیانـی هاوبـەش لەنێـوان هـەردوولادا، ئـەوە زیاتربـووە. بـەڵام سرووشـتی پەیوەندییـە ئایندەییـەکان لەنێـوان شـیعە و سـوننەدا تاوەکـو دوای دروسـتبوونی هەرێمەکانیـش هـەروا بـەردەوام دەبێـت. پەیوەنـدی نێـوان هەرێمـی سـوننە و هەرێمـی کوردسـتان لـە پەیوەنـدی نێـوان هەرێمـی سـوننە و هەرێمـی شـیعە باشـتر و نزیکـتر دەبێـت، لەئەنجامـی ئـەو هەمـوو ئـازار و مەینەتییـە کـە سـوننەکان بەدەسـت حکومەتـی شـیعەوە چەشـتوویانە. کاتێکیـش سرووشـتی نەتەوەیـی لـە تایفـی داماڵـرا، ئەوکاتـە هـەردوولا دژی هەرێمـی کوردسـتان یەکدەگـرن چونکـە دووژمنـی هاوبەشـیانە. ئەمـەش ئەگەرێکـی لاوازە، بـەڵام رێگەشـی تێدەچێـت.

# سرووشتی پەیوەندییە ئایندەییەکان لەگەڵ ئێران و تورکیا

## پەیوەندی لەگەڵ ئێران

گوتـاری ئێسـتای سـوننە بەشـێوەیەکی گشـتی هێرشـبردنە بـۆ سـەر شـیعە و بەتایبەتیـش بـۆ سـەر ئێـران و، لەوباوەڕەدایـە ئێـران بەرپرسـە لـەو کارەساتانەی کـە بەسـەریان هاتـووە. دوای ڕووداوەکانـی ئەودووایيـە و دەسـتوەردانی ڕاسـتەوخۆی ئێـران لـە هێرشـکردنە سـەر شـارە سـوننییەکان ، ئـەو گوتـارە توندتربـوو. تەنانـەت ئێـران بـەوە تاوانبارکـرا کـە بـۆ داگیرکردنـی عێـراق و دروسـتکردنی سـیخوڕ و نۆکـەر یارمەتـی ئەمریـکای داوە. ئەمانـە وایکـرد کـە ئەگەرچـی پەیوەندییەکـی لاوازیـش هەیـە، بـەڵام پەیوەنـدی لەگـەڵ ئێـران زۆر زەحمـەت بێـت. ئەگـەر بیرکردنـەوەی زۆربـەی دانیشـتووانی هەرێمـە سـوننەکان گۆڕانکاری بەسـەردابێت، دەکرێـت دەرگای گفتوگـۆ لەگـەڵ ئێـران بکرێتـەوە.

## پەیوەندی لەگەڵ تورکیا

تورکیـا پشـتیوانی هەرێمـی سـوننە دەکات چونکـە دەروازەیەکـی ئاسـان و ئەمینـە بـۆ ناردنە دەرەوەی نـەوت و گاز لـە وڵاتانـی کەنـداو بـۆ خاکـی تورکیـا و لەوێشـەوە بـۆ ئەوروپا. ئەمە لـە تانکـەرەکان ئاسـانترە ، چونکـە تانکـەر خەرجیـی زۆرە و خاوتـرە. لەلایەنـی ئابووریيـەوە تورکیـا پێویسـتی بـە هەرێمـی سـوننەیە چونکـە لـەڕووی سیاسـییەوە لـە خۆیـەوە نزیکـە. لەلایەکـی دیکـەوە تورکیـا دەسـتبەرداری خەونـی ویلایەتـی موسـڵ نەبـووە و زۆرجـار گوێـمان لـە لێدوانـی بەرپرسـە تورکـەکان دەبـێ کـە دەڵێـن موسـڵ و کەرکـووك خاکـی تورکیـان. دوا لێـدوان قسـەکانی داود ئۆغلۆبـوون ، ئەوکاتـەی وەزیـری دەرەوە بـوو لـە سـاڵی 2014 کـە گوتـی " کەرکـووك دڵـی تورکیایـە و تورکمانەکانیشـی هاووڵاتـی تورکـن ". زۆربـەی سـوننەکانی ئەمـڕۆ ، تورکیـا وەك دەوڵەتـی عوسـمانی تـازە دەبینـن، هـەر بۆیـە هەرێمـی سـوننە ئەگـەر دروسـتبکرێت پەیوەنـدی لەگـەڵ تورکیـا بەهێـز دەبێـت، چونکـە بەرژەوەنـدی هاوبەشـیان هەیـە.

## پەیوەندی لەگەڵ سعودیە

بەشێوەیەکی گشتی هەرێمی سوننە پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ وڵاتانی کەنداوی عەرەبیدا دەبێت، چونکە وڵاتانی کەنداو دەیانەوێ دەسەڵاتی ئێران لە عێراق و ناوچەکە دووربخەنەوە. باشترین رێگەش بۆ ئەوە پشتیوانیکردنی هەرێمی سوننەیە بە هەموو رێگەیەك تاوەکو بکەوێتە سەرپێ. هەرێمی سوننە دەبێ پەیوەندیەکی پتەوی لەگەڵ سعودیەدا هەبێ ، چونکە هیچ سەرچاوەیەکی ئابووری نییە تاوەکو پشتی ببەستێت.

## پەیوەندی لەگەڵ ئەمریکا

پێشتر گوتاری سوونە بەرامبەر ئەمریکا زۆر توندبوو. ئەوان لەو بڕوایەدابوون ئەمریکا دووژمنە و بەتایبەتی دوای ساڵی 2003 عێراقی وێرانکردووە. بەڵام ئەمڕۆ گوتارەکە گۆڕاوە. یەکێك لە سەرکردە دیارەکانی سوننە (نەیویست ناوی ئاشکرا بێت)، گوتی "ئێستا باجی ئەوە دەدەین کە هاوکاری ئەمریکامان نەکرد. ئێمە و هەندێك سەرکردەی شیعەیان بۆ واشنتن داوەتکرد، لەوێ چاومان بە هەندێك لێپرسراوی ئەمریکی کەوت هەندێك کاریان خستە بەردەممان. ئێمە رەتمانکردەوە ، بەڵام شیعەکان ئامادەی هاوکاری بوون و بەوجۆرە بوونە فەرمانڕەوا و ئێمەش پەراوێز خراین".
ئەو سەرکردە سوننەیە بە گێڕانەوەی ئەوە دەیەوێت لاپەڕەیەکی تازە لەگەڵ ئەمریکادا بکەنەوە ، چونکە درکیان بەوەکردووە کە دروستبوونی هەرێمی سوننە پێویستی بە پشتیوانی ئەمریکایە. سوننە ئێستا گوتاریان دژی ئێران زۆر توندە و ئەمەش هۆکارێکە بۆ ئەوەی زیاتر لە ئەمریکا نزیکببنەوە.

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە : ئیسماعیل بەرزنجی

# کورد و خەونی نیشتمانی نەتەوەیی

**د.عاید مەنناع**
ئەکادیمی و توێژەری سیاسی -کوێت

کـورد نەتەوەیەکـن لـە گەورەتریـن و کۆنتریـن نەتەوەکانـی ڕۆژئـاوای ئاسـیا کـە لـە 427-355 پ.ز هەبـوون. رووبـەری جوگرافـی شـوێنی ئـەو نەتەوەیـە لەنێـوان 409650 – 500000 کـم2 کـە لـە رووبـەری عێـراق زیاتـرە و نیـوەی رووبـەری ئێرانـە، بـەڵام ئـەو جوگرافیایـە لەنێـوان دەوڵەتـی هەرێمـی و دراوسـێی کوردسـتانی گـەورەدا (194400 کـم2 لـە تورکیـا، 124950 کـم2 لـە ئێـران، 72000 کـم2 لـە عێـراق، 23000 کـم2 لـە سـووریا) دابەشـبووە. ئـەو جوگرافیایـە دابەشـکراوەی نێـوان وڵاتـە هەرێمییـەکان 30-35 ملیـۆن هاووڵاتـی کـورد لەخۆدەگرێـت. بـاس لـە قووڵایـی مێـژوو و میرنشـینەکان و ئیمپراتۆریەتەکان ناکەیـن، ئەوانە چەنـد لاپەڕەیەکـی کۆنـی مێـژوون ، بـەڵام لێـرەدا بەکورتـی باسـی بارودۆخـی کوردسـتانی گـەورە لـەدوای ڕێککەوتنامـەی سـایکس بیکـۆ 1918 و کۆنگـرەی ئاشـتی لـە پاریـس 1919 و ڕێککەوتنامـەی سـیڤەر 1920 و کۆنگـرەی لەنـدەن 1921 و کۆنگـرەی لـۆزان 1923 دەکەیـن. کـورد هەوڵیـدا لـە بەریتانیـا نزیکبێتـەوە و شـەریف پاشـا دیپلۆماتـی کـورد، سـاڵی 1914 لەگـەڵ ئینگلیـزەکان کۆبـووەوە و ئامادەیـی خـۆی بـۆ هـەر هاوکارییـەك پیشـاندا ، بـەڵام ئینگلیـز تاوەکـو داگیرکردنـی عێـراق لەسـاڵی 1918 وەڵامیـان نەدایـەوە. دوای ئـەوە باڵیـۆز پێرسـی کوکـس چـاوی بـە شـەریف پاشـا کـەوت و تەنیـا گوێـی لێگـرت.

سـاڵی 1916، کۆبوونـەوەی وەزیرانـی دەرەوەی وڵاتانـی رووسـیا و بەریتانیـا و فەرەنسـا، ڕێککەوتنامـەی سـایکس -پیکـۆی لێکەوتـەوە، کـە بـۆ دابەشـکردنی میراتـی دەوڵەتـی عوسـمانی بـوو. عوسـمانی و ئەڵمانیـای هاوپەیمانـی لـە شـەڕدا بەزیـن. بەشـی هـەرە زۆری کوردسـتانی گـەورەش کـە لەژێـر دەسـتی ئیمپراتۆریـای عوسـمانی بـوو ، بەبـێ ئـەوەی لایەنـی تایبەتمەنـدی نەتەوەیـی کـورد لەبەرچاوبگـرن ، وەبـەر دابەشـکردن کـەوت. سـەرەڕای ئـەوەی کـە ڕێککەوتننامەکـە هیـوای کـوردی لـە بەدیهێنانـی دەوڵەتێکـی

یەکگرتوو هەڵپڕووکاند، بەڵام کورد بۆ بەدیهێنانی ئەو خەونە جوانە هیوابڕاو نەبوو. ساڵی 1919هەوڵێکیدا دەنگی خۆی بگەیێنێتە کۆنگرەی ئاشتی لە پاریس . عەشایەر و کۆمەڵە سیاسییەکان ، شەریف پاشایان وەك نوێنەری خۆیان لە کۆنگرەکەدا هەڵبژارد و شەریف پاشاش دوو نەخشەی کوردستانی خستە بەردەم کۆنگرە. یەکەم لە 21\3\1919 ، دووەم لە 1\3\1920 و داوای لە سەرۆکایەتی کۆنگرە کرد ، لێژنەیەکی نێودەوڵەتی بۆ نەخشەکێشانی سنووری ئەو هەرێمانە پێکبێنێت کە کوردستانیان لێپێکهاتووە و زۆربەیان کوردن. سەرەڕای ئەوەی کە جۆرج کلیمنسۆ ، سەرۆکی کۆنگرە لەمەڕ هەڵسوکەوت لەگەڵ کەمینەکان دەوڵەتی تورکیای سەرکۆنە کرد ، بەڵام بارودۆخ بە نیسبەت کوردەوە نەگۆڕا.

پەرەسەندنێکی دەگمەن لە کێشەی کورد، لە پەیماننامەی سیڤەری ساڵی 1920 دا روویدا. لەو پەیماننامەیەدا بڕیاردرا بە چەند قۆناخیك کێشەی کورد چارەسەر بکرێت و ئەگەر کورد ئەو قۆناخانەی تێپەڕاند و داوای سەربەخۆیی کرد و وڵاتانی هاوپەیمان زانییان کە کورد شیاوە بۆ ئەوە، ئەوکاتە سەربەخۆیی دەبێتە ئەمری واقیع و دەبێ حکومەتی تورکیا دانی پێدابنێت. ئەمە یەکەم دانپێدانانی نێودەوڵەتی بوو بۆ گەلی کورد لە دیاریکردنی مافی دیاریکردنی پاشەڕۆژی خۆی، بەڵام پەیماننامەی سیڤەر وەك کەمال ئەتاتورك بە لەسێدارەدانی تورکیای وەسفکرد، کاری بەم بەندانە نەکرد و، تورکیا لە کۆنگرەی لەندەنی ساڵی 1921دا توانی وا لە بەشداربووان بکات رێگر نەبن لەوەی ئەنقەرە، کەمە نەتەوەکان لە پێشی هەمووشیانەوە کورد کۆنترۆڵبکات. نەك هەر ئەوە بەڵکو تورکیا سەرجەم پابەندبوونەکانی بە رێککەوتننامەی سیڤەر هەڵوەشاندەوە و لە پەیماننامەی لۆزانیش لە 1923دا، توانی سەربکەوێت. چونکە بەڵێنیدا کە ئازادی تەواو بداتە دانیشتوانی تورکیا، بەڵام هیچ ئاماژەیەکی بۆ کورد نەکرد و کوردیش ئەوەی بە زەبرێکی کوشندە بۆ خواستە نەتەوەییەکانی لە قەڵەمدا.

لەو رێککەوتننامە و پەیماننامە و کۆنگرانەی کە ئاماژەمان بۆکردن ، روونبووەوە کە وڵاتانی هاوپەیمانی رۆژئاوا (فەرەنسا – بەریتانیا) کە لە یەکەم شەڕی جیهانیدا (1914-1918) ئیمپراتۆریەتی عوسمانیان بەزاند و میراتەکیان دابەشکرد ، کوردیان لە مافی چارەسەری خۆنووسین بێبەشکرد. وڵاتانی هاوپەیمان، رۆژئاوای کوردستانی ئێرانیان وەك خۆی هێشتەوە کە لەدوای شەڕی چاڵدێران لەنێوان دەوڵەتی سەفەوی و دەوڵەتی عوسمانی لە1514 دیاریکرا. وڵاتانی رۆژئاوایی ، میراتی کوردیان لە دەوڵەتی عوسمانی بەسەر چەند وڵاتێکی دراوسێ ( تورکیا – عێراق – ئێران – سووریا) دابەشکرد. لێرەدا

دەپرسین: ئەگەر هاوپەیمانە رۆژئاواییەکان میراتی دەوڵەتی عوسمانیان لەنێوان خۆیان دابەشکرد ، ئەی بۆچی کوردستانی گەورەیان بەسەر وڵاتە دراوسێیەکانیدا دابەشکرد؟ بۆچی هاوپەیمانان داواکاری کوردیان بۆ دروستکردنی دەوڵەتێکی نەتەوەیی یەکگرتوو لەسەر هەموو پارچەکان بەهەند وەرنەگرت؟

دروستنەبوونی دەوڵەتێکی نەتەوەیی یەکگرتووی کوردی و بێبەشکردنی نەتەوەی کورد لە مافی چارەی خۆنووسین پاساوێکی لۆژیکی نییە. چەمکی مانەوەی ئەو ناوچانەی کە لە عێراق و سووریا ، کە زۆربەیان کوردن، لە بندەستی ئەو دوو دەوڵەتەدا ، ئەگەر پاساوێکی هەبێت، ئەی لەبەرچی هاوپەیمانە سەرکەوتووەکان تورکیای بەزیویان ناچار نەکرد دەست لەو ناوچانە بەربدات کە زۆربەیان کوردن ؟

بەرای ئێمە، هاوپەیمانان دابەشکردنی کوردستانی گەورەیان لەڕووی جوگرافی و دانیشتووانەوە بە باشزانی ، بۆ ئەوەی دوو هێزە گەورە هەرێمییەکە واتە تورکیا و ئێران قەڵس نەکرێن.

دوای شەڕی جیهانی دووەم لە 1939-1945، چەند هەوڵێك بۆ گۆڕینی ئەمری واقیع درا ، کە گرنگترینیان راگەیاندنی سەربەخۆیی کۆماری کوردستان لە مەهاباد لە 22\6\1946 لەلایەن قازی محەممەد و مستەفا بارزانی بوو. تەمەنی ئەو کۆمارە هەر 11 مانگ بوو و لەباربرا و، قازی محەممەد لەسێدارە درا.

لە عێراقدا کورد لە پێناو مافەکانیدا بۆ ماوەی 20 ساڵ جەنگا ، تاوەکو هەردوولا لە 11ی ئاداری ساڵی 1970 لەسەر ئۆتۆنۆمی ناوچەی کوردستان رێککەوتن، بەڵام هەردوولا پابەندی رێککەوتنەکە نەبوون. کورد بە پشتیوانی ئێران شەڕی دەسپێکردەوە. ئەمەش تاوەکو رێککەوتننامەی جەزائیر لە 6ی ئاداری 1975 بەردەوامبوو ، لەو کاتەشدا کۆتایی بە یاخیبوونی کورد هات.

سێیەم شەڕی نێوان عێراق و کورد، دوای دەستپێکردنی شەڕی نێوان عێراق و ئێران لە ئەیلولی 1980 سەری هەڵدا. سەدام سەرەڕای سەرقاڵی بە شەڕەوە لەگەڵ ئێران، بەڵام زەبری لە کورد دەوشاند و لێنەدەگەڕا بە ئاسوودەیی دابنیشن. دوای بەزینی سوپای سەدام لە شەڕی رزگارکردنی کوێتدا لەساڵی 1991، باکوور و باشووری عێراق راپەڕین، بەڵام کاردانەوەی سەدام زۆر توندبوو. هاوپەیمانان بە سەرۆکایەتی ئەمریکا ناوچەی پارێزراو و دژە فڕینیان بۆ کورد دروستکرد. لە دوای رووخانی سەدام لە 9\4\2003ەوە هەرێمی کوردستان وەك دەوڵەتێکی سەربەخۆیە.

هێرشی داعش وای لە کوردانی عێراق کرد، ناوچە کێشە لەسەرەکانی وەك کەرکووك

و شنگال بخەنەوە ژێر دەسەڵاتی خۆیان. هەروەها شەڕی داعش لە سووریا هەلێکی بۆ کوردستان رەخساند کە وەك هێزێکی سەربازی حیساب بۆکراو لە هاوکێشەکاندا سەیر بکرێت. بەڵام کێشەی کوردی سووریا لەوەی عێراق ئاڵۆزترە. ئەمەش لەبەر هەستیاری تورکیا لە دروستبوونی هەر قەوارەیەکی کوردی سەربەخۆ یان خاوەن ئۆتۆنۆمی لەسەر سنوورەکەی و کورد بە تورکی شاخاوی ناو دەبات. هەر ئەمەش وایکرد تورکیا هێزی سەربازی بنێرێتە شاری جەرابلوس تاوەکو وەك خۆی دەڵێ هێزە تیرۆریستییەکان کە زیاتر مەبەستی پارتی کرێکارانی کوردستان PKKیە لە سنوورەکەی نزیك نەبنەوە.

پێکهێنانی دەوڵەتێکی نەتەوەیی یەکگرتووی کوردی تاوەکو نەخشەی تازەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست دانەڕێژرێتەوە ناکرێت. ئەمریکا و رووسیا و هەندێك وڵاتی رۆژئاوایی و ئیسرائیل، هێزی سیاسی و سەربازی شیاون تاوەکو رۆڵی سایکس پیکۆ-یەکی تازە بگێڕن. هەرچەندە خەونی نیشتمانێکی نەتەوەیی کوردی تاوەکو رادەیەك لە عێراق و سووریا چووزەرەی دەرکردووە، بەڵام قورسایی جوگرافی و دانیشتووانی کوردی تورکیا و ئێران، ئەمڕۆ لەو خەونە دوورن و لە ئۆتۆنۆمی بەولاوە ناتوانن داوی هیچی دیکە بکەن.

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە : ئیسماعیل بەرزنجی

**سەرچاوەکان:**


1) اتفاقيه سايكس- بيكو 1918

2) مؤتمر الصلح فى باريس 1919

3) اتفاقيه سيفر 1920

4) مؤتمر لندن 1921

5) مؤتمر لوزان 1923

6) محمد أمين زكى - تاريخ الدول والإمارات الكورديه.

7) مذكرة شريف باشا إلى مؤتمر باريس.

8) عبدالله محمد العلباوى - جذور المشكله الكورديه.

# کاریگەری میلیشیا شیعەکان لەسەر فۆرمی داهاتووی دەوڵەتی عێراقی

**کاردۆ کەریم رەشید**
مامۆستای زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی

## پێشەکی

لە دوای 2003ەوە سیستەمی سیاسی لە عێراق بەجۆرێکە کە لە وڵاتێکی تاکحیزبییەوە بووەتە وڵاتێکی فرەحیزبی و فرە ئایدیۆلۆژیا گۆڕا و بنەمای سیستەمە سیاسییەکەی لەسەر" دروستکردنی سیستەمێکی حکومڕانی کە گرووپە جیاوازە نەتەوەیی و ئایینییەکانی عێراق لە خۆبگریت "[1] دانرا. بەڵام بەهۆی ویستی پاوانخوازی شیعەکان و سووربوونی سوننەکان لەسەر بایکۆتکردنی پرۆسەکە، سیستەمە نوێیەکەی عێراق نەیتوانی هەموو نەتەوە و مەزهەبە جیاوازەکان لەیەك کاتدا کۆبکاتەوەو بیانگونجێنیت. دەرئەنجامەکەشی ئەوەبوو کە ئاڵوزی و نائارامی سیاسی بەسەر هەموو عێراقدا باڵیکێشا و شەڕ و پێکدادان لەنێوان سوننە و شیعەکان دروستبوو. لە 2006 بەدواوە نوری مالیکی سەرۆك وەزیرانی ئەوکاتە، توانی بەیارمەتی ئەمریکییەکان تاوەکو رادەیەك ئارامی و ئاسایش بۆ شارێکی گەورەی وەك بەغدا بگێڕێتەوە. لە هەمانکاتدا توانی چەند لایەنێکی جیاوازی ناو سوننەکان رازیبکات بەشداری لە پرۆسەی سیاسیدا بکەن و ئەنجامی ئەم کارەش وەك ئارامییەکی کاتی لە ناوچە سوننەنشینەکان دەرکەوت. بەڵام کاتێك هێزە ئەمریکییەکان لە 2011دا کشانەوە، سیستەمی سیاسی عێراقی بە وەچەرخانێکدا تیپەڕی و ئامانجی سیاسی شیعەکان گۆڕانکارییەکی رادیکاڵی بەسەرداهات . نوری مالیکی کە سەرۆك وەزیرانی عێراق بوو، لە 2011 بەدواوە سیاسەتیکی رەگەزپەرستانەی دژی سوننەکان و

1 -Brancati, 2005: 7- 21

نەیارە سیاسییەکانی لە نێو شیعەکان وەك سەدرییەکان و هەروەها کورد پەیڕەوکرد. بەناوی جەنگی تیرۆرەوە کەسە دیارە سوننەکانی لە پۆستەکانیان دەرکرد و کارگەیشتە ئەوەی مالیکی و حیزبەکەی بەشە بودجەی کوردستانیشیان بڕی. رەفتاری تۆتالیتەرانەری مالیکی و ویستی پاوانخوازی شیعەکان لەعێراق ئەوەی هێنایە ئاراوە کە هەریەك لە کورد و سوننە بەدوای رێگەچارەیەکدا بگەڕێن تاوەکو لە هێزی شیعە و مالیکی دەربازیان بێت. کاتێك داعش لە 2014 دا هاتە نێو موسڵ، سوننەکان هێزەکانی سوپای عێراقیان بەردبارانکرد و لە پاش راکردنی هێزە عێراقییەکان لە موسڵ و بەشێکی دیکەی ناوچە سوننییەکان، سوپای عێراق، مۆراڵی جەنگکردنی لەدەستدا. تاوەکو کار گەیشتە ئەوەی مەترسی لەسەر شاری بەغدا دروستبێت. بەڵام فتواییەکی مەرجەعی باڵای شیعەکان لە عێراق کە داوایکرد شیعە مەزهەبەکان، دەستبدەنە چەك و پارێزگاری لە شەرەفی خۆیان بکەن، سیستەمی سیاسی عێراقی تووشی بوومەلەرزەیەکی سیاسی کرد. لەبەرئەوەی شوێنی داوودەزگاکانی سوپای دەوڵەت بە کۆمەڵێك رێکخراوی دیکە کە لەسەر بنەمای فتواکەی سیستانی دروستکرابوون پڕکرایەوە. فتواکەی سیستانی بەبنەمای سیاسی دروستکردنی ئەو هێزە چەکدارە شیعانە دادەنرێت و بەشداریکردن لەو هێزانەدا لەلایەن زۆرینەی شیعە وەك بەجێگەیاندنی ئەرکێکی ئایینی سەیرکرا. لەم قۆناخە بەدواوە سوپای عێراق کەوتە ژێر کۆنترۆلی هیزە چەکدارە شیعەکانەوە و هەموو خزمەتگوزارییەکانی سوپا بو میلیشیا شیعەکان کە لە ژێر ناوی حەشدی شەعبی کۆکرابوونەوە تەرخانکرا.

## 1: هۆکارەکانی دروستبوونی میلیشیا لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست

لەم بەشەی تویژێنەوەکەماندا تیشکدەخەینە سەر ئەو فاکتەرانەی کە هاندەرن بۆ دروستبوونی میلیشیا لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست و بەسەر دوو بڕگەدا دابەشیدەکەین:

### 1/2: تیۆرییەکانی پشت دروستبوونی میلیشیا:

ئاریال ئەهرام نووسەری بواری زانستە رامیارییەکان بە تیۆری ( میلیتەری سێنترالیزەیشن)[1]

---

1 -Ahram, 2011. P: 34-

کە سوودی لە چارلس تیلی وەرگرتووە، تیشك دەخاتە سەر هۆکارەکانی دروستبوونی میلیشیا و بڕوای وایە کە پرۆسەی ملیتەری سێنترالیزەیشن لە ئەوروپا سەرکەوتووبووە، بەڵام لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا تاوەکو رادەیەکی زۆر شکستیهێناوە. لە دوای هاوپەیمانی وێستڤیلیا لە 1648، دەوڵەتی نەتەوەیی لە ئەوروپا دروستبوو. ژینگەی ئەوکاتەی ئەورووپا هاندەربوو بۆئەوەی لە یەك کاتدا گەشەکردنی سەربازی و دروستکردنی دەوڵەت تێهەڵکێشی یەکتر بکرێن. بەواتایەکی دیکە ، دۆخی دروستبوونی دەوڵەت و سێنترالیزەکردنی سوپا پرۆسەیەکی سرووشتی بوو. ئەرکی سوپا وەك پارێزگاریکردنی سنووری دەوڵەتی نەتەوەیی لە دووژمنەکانی دەرەوە دیاریکرا. بەڵام ئەم قۆناخی دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەییە لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا بە دۆخێکی ناسرووشتیدا تێپەڕی. لەدوای جەنگی جیهانی یەکەمەوە، وڵاتانی کۆلۆنیالیست سنووری وڵاتە ژێردەستەکانی خۆیان دیاریکرد و هەرخۆشیان پارێزگارییان لێدەکردن. بۆ نموونە هەریەك لە بەریتانییەکان و فەرەنسییەکان لەسەر دیاریکردنی سنووری عێراق و سووریا رێککەوتن. هەر چۆن لەسەرەتای بیستەکاندا سنووری عێراقیان دیاریکرد، بەهەمان شێوە بەریتانییەکان سوپای عێراقیشیان دامەزراند کە ئامانج لێی کەمکردنەوەی ئەرکی بەریتانییەکان لەبەرامبەر هەڕەشەی ئەو عەشیرەت و تیرانە بوو کە لە عێراق دژایەتیکردنی بەریتانییەکان و دەسەڵاتی پادشاییان دەکرد .[1] بەوشێوەیە ئەرکی سوپا لە پارێزەری دەوڵەتی نەتەوەییەوە بۆ داپڵۆسین و سەرکوتکردنی نەیارانی سیستەمی سیاسی گۆڕا و لە هەمانکاتدا ناسنامە و سایکۆلۆژیای سوپا لە عێراق و وڵاتانی دیکەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست لەسەر ئەو تیگەیشتنانە دروستبوو کە نەیارەکانی سیستەمی سیاسی وەك دووژمنە دەرەکییەکانی دەرەوەی سنوور سەیر بکرێن و بەرەنگاریان ببێتەوە. لەبنەڕەتدا لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا زەمینەی لەبار هەبوو بۆئەوەی سوپا نەك وەك هیزی نیشتمانی و پارێزەری دەوڵەتی نەتەوەیی بەڵکو وەك میلیشیایەك کاربکات.

## 2/2: فاکتەرەکانی دروستبوونی میلیشیا لە عێراق

ئەوەی کە تایبەت بێت بە عێراق ئەوەیە کە سیستەمی سیاسی لەسەردەمی نوری مالیکیدا دۆخێکی زۆر ئاڵۆزی لەخۆگرت. مالیکی هەموو تواناکانی بۆ قۆرخکردنی

1 -بۆ زیاتر زانیاری لەسەر ئەم بابەتە سەیری کتیبەکەی چارلس تریب ( مێژووی عێراق) بکە بەتایبەتی بەشەکانی 1 و 2.

هەرسێ دەسـەڵاتەكە ( یاسـادانان ، دادوەری ، جێبەجێكـردن) خسـتبووەگەڕ و پۆسـتە ئیـداری و ئەمنییەكانـی نێـو شـارەكانی وەك بەغـدای بەشـێوەیەكی تایفـی و مەزهەبـی دابەشـكردبوو. تاوەكـو كارگەیشـتە ئـەوەی لـە شـارێكی گـەورەی وەك بەغـدا زۆر لـە دانیشـتووانە سـوننەكانی بچنـە دەرەوە و بـەوەش "پرۆسـەی بەتایفیكـردن لەلایـەن مالیكییـەوە ، گۆڕینـی شـاری بەغـدای بـۆ شـارێكی گـەورەی شیعەنشـین "[1] لێكەوتـەوە. مالیكـی هـەر لەسـەرەتای دەسـتبەكاربوونییەوە لـە 2006، دەسـتی بـە دژایەتیكردنـی چەكـدارە شـیعە و سـوننەكانی نـاو بەغـدا كـرد و تاوەكـو رادەیەكـی زۆر توانـی هێـزە ئەمنییـە عێراقییـەكان رێكبخاتـەوە، بـەوەش توانی متمانـەی ئەمریكییـەكان بەدەسـتبێنێ و وایكـرد تاوەكـو ئەمریكییـەكان پۆزەتیڤانـە سـەیری مالیكـی بكـەن. لـە هەمانكاتـدا توانـی بە هـاوكاری هێزەكانـی سـەحوە كـە لـە سـوننەكان پێكهاتبـوون، قاعیـدە لەعێـراق لەنێوبەرێت. ئـەوەی مالیكـی دەیویسـت پیشـانی ئەمریكییەكانـی بـدات ئەوەبـوو كـە ئـەو دەوڵەتێكـی بەهێـزی دەوێـت و رێگەنـادات هیـچ هێزێكـی دیكـە لـە دەرەوەی داوودەزگا شـەرعییەكانی دەوڵـەت هەبـن . بۆیـە مامەڵەكردنـی لەگـەڵ میلیشـیاكانی سـەدر زۆر توونـدبـوو. بەنـاوی بەرەنگاربوونـەوەی تیـرۆرەوە هێـزە چەكـدارە سـوننەكانی نێـو شـاری بەغـدای لـە چـەك داماڵـی، بـەڵام "میلیشـیا شـیعەكان ئـەم هەلەیـان قۆسـتەوە و پاكسـازییەكی نەژادییـان دژی سـوننەكانی نێـو بەغـدا ئەنجامـدا كـە دەرەنجامەكـەی رێـژەی سـوننەكانی نـاو شـاری بەغـدا كـە لەسـاڵی 2003دا 45% بـوو ، دابەزانـد بـۆ 25% لـە سـاڵی 2007 ". [2]

سیاسـەتە رەگەزپەرسـتییەكانی نـوری مالیكـی، رق و كینەیەكـی زۆری لـەلای سـوونەكان كۆكـردەوەوە. لـەدوای دەركردنـی قاعیـدە و هێـزە توونڕەوەكانـی دیكـە لـە ناوچـە سـونییەكان لەلایـەن هێزەكانـی سـەحوەوە، مالیكـی رێگـەی نـەدا ئـەو هێزانـە لەگـەڵ هێزەكانـی ئاسـایش و سـوپا تیهەڵكێـش بكرێـن.

لەهەمانكاتـدا بڵاوبوونـەوەی گەندەڵـی و گەشەكردنیبەشێوەیسـتوونی (لـە ئاسـت پلەبەرزەكانـی دەوڵـەت وەك وەزارەتـەكان) و بەشـێوەیەكی ئاسـۆیی ( لەسـەر ئاسـتی تاكەكانـی كومەڵگـە) وەك فاكتەرێكـی دیكـەی لێكترازانـی كۆمەڵگـەی عێراقـی دەوری هەبـوو." لـە توێژینەوەیەكـی دەزگای ئابـووری و ئاشـتەوایدا دەركەوتـووە كـە پەیوەندییەكی بەهێـز لەنێـوان گەندەڵـی لەنێـو پۆلیـس ، سـوپا ، دادگا و ئاسـتی ئاشـتی لەنێـو كۆمەڵگـەدا

---

1 -http://www.juancole.com/201408//mistakes-maliki-country.html

2 -Ibid

هەیـە" .[1]

ئـەو سـێکتەرانەی کـە زۆرتریـن گەندەڵییـان تێـدا بڵاوبـووەوە، سـێکتەرەکانی سـوپا، پۆلیـس و دادگاکان بـوون. دەرنجامــی گەندەڵــی لەنێــو ئــەم ســێکتەرە گرنگانــە، قۆرخکردنیــان بـۆ ئاینزایەکـی دیاریکـراو، بەکارهێنانیـان بـۆ لاوازکـردن ئاینـزا یـان کەمینەیەکـی دیکـەی دیاریکراوبـوو. چەندیـن بەڵگـەی ڕێکخراوەکانـی مافـی مـرۆڤ پێداگرییـان لەسـەر ئـەو راسـتییە دەکـردەوە کـە سـوننەکان زۆرتـر قوربانـی دەسـتی یاسـای بەرەنگاربوونـەوەی تیـرۆر بـوون و رەشـبەگیرییان لێکـراوە.

بـە بەراوردێـك لەگـەل وڵاتانـی ئەمریـکای لاتیـن لەگـەڵ عێـراق، دەگەینـە ئـەو دەرەنجامـە کـە لـە هەنـدێ وڵاتـی وەك بەرازیل،کۆڵۆمبیـا، مەکسـیك لەدەرەنجامـی ئەوگەندەڵییانـەی کــە لەنێــو پۆلیــس و دادگاکانــدا بڵاوببوونــەوە، دۆخێکــی بــە مافیاکردنــی کومەڵگــە دروسـتببوو ،[2] لـە عێراقـدا زیاتـر هەسـتی کەمینـەکان بـەرەو جۆرێـك لـە پێکهێنانـی هێـزی چەکـداری رۆیشـتووە. بـۆ نموونـە سـوننەکان لـە پارێـزگا سـونییەکان، لەپـاش بێهیوابوونیـان لـەوەی بتوانـن ببنـە بەشـێکی چالاك و کاریگـەر لەگـەڵ حکومەتەکـەی مالیکـی، بیرۆکـەی گەڕانـەوە بـۆ چـەك و بەرەنگابوونـەوەی حکومەتـی مەرکـەزی بەشـێوەی چەکدارییـان لا دروسـتبوو. ئەمـەش وایکـرد کـە ناوچـەی سـوننەکان پێشـوازی لـە هێزیکـی توونـدڕەوی وەك داعـش بکـەن.

کەمـە نەتـەوەکان بـو پارێزگاریکـردن لـە خۆیـان، هانایـان بـۆ بیروبۆچوونـە مەزهەبـی و تایفییەکانیـان بـرد. پاکتـاوی مەزهەبـی و لاوازی هەسـتی بەشـدارییپێکردن لـە حکومەتەکـەی مالیکیـدا عێراقـی گەیانـدە ئـەم دۆخـەی ئێسـتا کـە دووەمیـن شـاری ئـەو وڵاتـە کـە شـاری موسـڵە لـە ماوەیەکـی زۆر کورتـدا دەسـت ڕێکخراوێکـی تیرۆریسـتی وەك داعـش بکەوێـت. ئـەو سـوپایەی کـە چەنـد سـاڵە بـە بودجەیەکـی خەیاڵـی پـڕ چـەك دەکـرا هـەڵات و نەیتوانـی بەرگـری بـکات.

1 -Some researchers, 2013: 58-

2 -Domínguez & Shifter, 2013. 341345-

## 3 – جۆرەکانی میلیشیا [1]

بۆ پۆلێنکردنی ئەو میلیشیایانەی کە لەعێراقدا هەن دەتوانین سوود لەم پۆلێنەی ئاریال ئەهرام و سەبینا کاری و نیل میتچل و ول لوی وەرگرین.

| جۆرەکانی میلیشیا |
| --- |
| Quasi-Official Militiasمیلیشیای نیمچە رەسمی |
| State-Sponsored Militiasمیلیشیا بەسپونسەری دەولەت |
| Paramilitariesهێزی نیمچە سپای |
| Warlordsسەرکردەکانی جەنگ |
| Pro-Government Militiasمیلیشیای سەر بە حکومەت |

هەریەك لە سەبینا کاری و نیل میتچل و ول لوی لەدەرەنجامی توێژینەوەیەکیان کە ئەنجامیانداوە لەسەر پەیوەندی نێوان دەوڵەت و سێکتەری ئاسایش و مۆنۆپۆلی توندوتیژی لەلایەن دەوڵەتەوە، بەو خاڵانەی خوارەوە میلیشیا بەتایبەتی (پرۆ گەڤرمانت میلیشیا)یان کردووە:

أ- سەر بە حکومەتن یان لەلایەن حکومەتەوە ( ناوەندی یان هەرێمی) پشتیوانیدەکرێن.

ب- بەشێك لە هێزەکانی ئاسایشی دەوڵەت نین.

ج- چەکدارن ( پڕچەککراون).

د- تاوەکو رادەیەك خەسڵەتی رێکخراوەییان پێوە دیارە. [2]

ئەو میلیشیایانەی کە لە عێراقدا هەن زیاتر لە جۆری پێنجەم دەچن، چونکە زۆریان ئینتیمایان بۆ حکومەتی زۆرینەی شیعە لە بەغدا هەیە و لەڕووی دارایی و سەربازییەوە راستەوخۆ لەلایەن حکومەتەوە پشتیوانی دەکرێن. لە روانگەی (یوکیم ئیکمان و جان فرانسیس گاگنە و لیوناردۆ مورلین)ەوە ئەو وڵاتانەی کە وەك عێراقن

1 -Sabine C. Carey, Neil J. Mitchell & Will Lowe, (2013): 46-

2 -Sabine C. Carey, Neil J. Mitchell & Will Lowe, (2013): 56-

فۆرمـی ( هایبریـد) وەردەگـرن کـە بەوشـێوەیە دەناسرێنـەوە:
"دیـاردەی دەوڵەتـی هایبریـد بریتییـە لـەو دۆخـەی کـە دەوڵـەت لەنێـوان دوو پێکهاتەدایـە: یەکێکیـان دیموکراسـی و ئەویدیکەیـان نادیموکراسـی. کاتێـك داوودەزگاکانـی دەوڵـەت دەیانـەوێ بـەرەو دیموکراسـی بـڕۆن، بەهـوی باکگراونـدە ئۆتۆریتەرییەکەیانـەوە تووشـی شکسـت دەبـن." [1]
ئەم خاڵانەی خوارەوەش وەك خەسڵەتەکانی رژێمێکی (هایبرید) لە قەڵەم دەدرێن:
1 - هەڵبـژاردن ئەنجامدەدرێـت و گۆڕانـکاری روودەدات ، بـەڵام بە رێژەیەکـی زۆر گەندەڵی تێـدا دەکریت.
2 - بنەما گرنگەکانی دیموکراسی وەك لێپرسینەوە لە حکومەت لە ئارادا نییە.
4 - مەودایەکی ئازاد بۆ میدیا نییە و لەلایەن دەسەڵاتەوە کۆنترۆڵکراوە.
5 - رێکخـراوە پیشـەیی و خوێندکارییـەکان و رێکخراوەکانـی دیکـەی کۆمەڵگـەی مەدەنـی لەلایـەن دەسـەڵاتەوە کۆنترۆڵکـراون.
ئەمیـن مەسـعود نووسـەری تونسـی وڵاتـی هایبریـد لـە جیهانـی عەرەبـی و رۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت بەوجـۆرە پێناسـە دەکات: [2]
1 -میلیشیا شوێنی سوپای سیستەماتیك دەگرێتەوە.
2 -حکومەتی ناوەندی لە کۆمەڵێك هەرێمی ئایینی/ نەتەوەیی پێکدێت.
3 -سیسـتەمی یاسـادانان زیاتـر وابەسـتەی کۆمەڵێـك عورفـی کومەڵایەتییـە و بنەمـا دەسـتوورییەکان پێشـێلدەکرێن.
4 - چینـی فەرمانـڕەوا ( ئـەو پارتانـەی لـە دەسـەڵاتدان یـان ئۆپۆزیسـۆنن) سـەبارەت بـە دەوڵەتێکـی مۆدێـرن و سـەرکەوتوو هەڵگـری بیرۆکەیەکـی نـوێ نیـن .
بەوپێیـە دروسـتبوونی هێزێکـی میلیشـیای وەك حەشـدی شـەعبی و بوونـی ئـەم هێـزە بـە بەشـێکی سـەرەکی جەنگـی دژ بـە داعـش لـە عێـراق، وەك کاردانەوەیەکـی سرووشـتی سـەیر دەکرێـت. لـە روانگـەی (ماکس ڤیبـەرەوە) دەسـەڵاتی دانپێدانـراو کـە مۆنۆپۆلـی بەکارهێنانـی هێـزی هەبێـت دەوڵەتـە[3]، بـەڵام ئـەو دەوڵەتـە لەعێراقـدا مۆنۆپۆڵـی بەکارهێنانـی هێـزی لەدەسـتداوەو دەرنجامەکەشـی دروسـتبوونی میلیشـیاییەکە کـە ئەرکەکانـی دەوڵـەت جێبەجێـدەکات . ڤیبـەر پێیوایـە "میلیشـیا لـە ئەنجامـی شکسـتهێنانی

1 -Morlino, Leonardo, (2007) P:3
2 -2015 ،بن مسعود. http://www.alarab.co.uk/m/?id=53177
٣ -Balcells. (411-٤٠٦ :(٢٠١٢

دەوڵەتــەوە دروســت دەبێــت." [1]

بــۆ ســەلماندنی ئــەم قســەیەی ڤیبــەر دەتوانیــن وەك نموونــە ســەیری لوبنــان بکەیــن کــە چــۆن لــە غیابــی دەوڵەتــدا هێــزە میلیشــیاکانی حیزبوڵــڵا بەشــێکی زۆری ئــەو ئەرکانەیــان پڕکردووەتــەوە کــە دەوڵەتــی لوبنانــی ناتوانێــت جێبەجێیــان بــکات. [2]

## 4. تێڕوانینی ئەمریکییەکان بۆ ئەم هێزە شیعیانە:

جــۆن کیــری وەزیــری دەرەوەی ئەمریــکا پێشــنیازی دروســتکردنی هێزێکــی ســەربازی لەژێــر نــاوی گاردی نیشــتمانی بــە عێراقییــەکان کــرد . لــە روانگــەی ئەمریکییەکانــەوە بەرەنگاربوونــەوەی داعــش پیویســت بــەوە دەکات کــە هێــزە ســوننەکانیش بەشــداری پێبکــەن . پلانەکــەی جــۆن کێــری ئەوەنــدە فراوانبــوو کــە تەنانــەت داوای لــە هێزەکانــی پێشــمەرگەش دەکــرد لەنێــو گاردی نیشــتمانیدا جێبگــرن.

بیرۆکــەی گاردی نیشــتمانی دەگەڕێتــەوە بــۆ گرنگــی پێدانــی ئەمریکییــەکان بــە عێــراق . ئەگــەر چاوێــك بــە بەرنامــەی ســتراتیژی ئاسایشــی ئەمریــکا لە 2015دا بخشــێنین کــە لەلایەن ئیــدارەی ئوبامــاوە لــە مانگــی شــوباتی 2015 راگەیێنــدرا، گرنگــی ســەرکەوتن و لەنێوبردنــی داعــش لــە عێــراق بەشــێوەیەکی زۆر بەرچــاو جەختــی لەســەر کراوەتــەوە. بــۆ نموونــە وەك لــە خشــتەی 1 و 2دا هاتــووە، بــە بــەراورد لەگــەڵ وڵاتانــی وەك ســووریا، ئێران ، ئەفغانســتان ، لیبیــا و ســۆماڵ، نــاوی عێــراق زوورتریــن جــار دووبــارە بووەتــەوە. بــە هەمــان شــێوە بــە بــەراورد بــە رێکخــراوی قاعیــدە نــاوی دەوڵەتــی ئیســلامی زیاتــر دووبــارە بووەتــەوە. [3]

1 -Sabine C. Carey, Neil J. Mitchell & Will Lowe, (2013): 45-

2 -بۆخویندنەوەی زیاتر لەسەر ئەم بابەتە سەیری بەمیلیشیاکردنی سپای عێراق و کاریگەری لەسەر پێکەوە ژیانی نەتەوە جیاوازەکان، گۆڤاری زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی ژمارە (3) لاپەرەکانی 77-102.

3 -بەشیکی ئەم تویژینەوەیە وەرگیراوە لەم تویژینەوەییەم بەمیلیشیاکردنی سپای عێراق و کاریگەری لەسەر پێکەوە ژیانی نەتەوە جیاوازەکان، کە لەسەرەوە ئاماژەم پیداوە.

| ستراتیژی ئاسایشی نەتەوەیی 2015[2] | |
|---|---|
| ناوی وڵات | چەندجار ناوی هاتووە |
| عێراق | 13 |
| سوریا | 7 |
| ئێران | 11 |
| ئەفغانستان | 10 |
| لیبیا | 2 |
| سومال | 3 |

خشتەی 1

| ستراتیژی ئاسایشی نەتەوەیی 2015[3] | |
|---|---|
| ناوی ڕیکخراوی تیرۆریستی | چەندجار ناوی هاتووە |
| دەوڵەتی ئیسلامی – داعش | 11 |
| قاعیدە | 7 |

خشتەی 2

گرنگـی ڕزگارکردنـی عێـراق بـۆ ئەمریکییـەکان، دەگەڕێتـەوە بـۆ هەسـتکردنی مۆراڵیـی ئـەوان بەرامبـەر عێـراق دەگەڕێتـەوە. لەبەرئـەوەی ئـەوان ڕژێمـی پێشـوویان لابـرد و بەڵێنـی دەوڵەتێکـی مۆدێـرن و دیموکراتییـان بـە عێراقییەکانـدا و ئێسـتا ئـەو گەلـە تووشـی مەترسـی داعـش بووەتـەوە.

تێڕوانینـی ئەمریکییـەکان بـۆ میلیشـیا شـیعەکان لـەو بیروبۆچوونـە ڕیالیسـتیانەوە

1 -https://www.whitehouse.gov/sites/default/files/docs/2015_national_security_strategy.pdf. P 135-

2 -Ibid.

دەردەکەوێت کە ستیفان والت لە نووسینێکیدا لە فورن پۆلسی ئاماژەی بۆکردووە. لە روانگەی ستیفان والت، بەشی هەرە زۆری وڵاتانی رۆژهەڵات وەك عێراق، سووریا، لوبنان، فەلەستین، لیبیا و میسر لە جەنگێکی ناوخۆییدان و ئیتر ئەمریکییەکان ناتوانن یارمەتییان بدەن. دەبێ خۆیان چارەسەری کێشەی خۆیان بکەن . هەر کاتێك دەستوەردانێکی ئەمریکی دەبێت، ئەوا جەنگی ناوخۆیی زیاتر دەبێت، بۆیە لێدانی داعشەکان واتە بەهێزبوونی میلیشیا شیعەکان و ئەمەش چارەسەر نییە. بەڵکو دەبێ ئەمریکا ریالیستانە کاربکات و نەکەوێتە ژێر کاریگەری ئەو بۆچوونەی کە کام هێزیان دیموکراتخوازە (حەشدی شەعبی یان داعش) بەڵکو گرنگ ئەوەیە کە کامیان کەمتر دەتوانن زیان بە بەرژەوەندی ئەمریکییەکان بگەیێنن .[1] ئەم بۆچوونەی والت تاوەکو رادەیەکی زۆر لە سیاسەتی ئۆباما لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەتایبەتی عێراق رەنگیداوەتەوە. هەرچەندە حەشدی شەعبی هێزیکن کە وەلائیان بۆ ئێران هەیە، بەڵام لەدوای هێزەکانی پێشمەرگەوە تاکە بژارەیە کە ئەمریکییەکان پشتیان پێببەستن . خاڵێکی دیکە ئەوەیە کە هەر لە سەرەتای گرتنە دەستی دەسەڵات، باراك ئۆباما سیاسەتی کەمکردنەوەی سوپای لە ناوچەکانی وەك عێراق و ئەفغانستان راگەیاند. ئەمەش وایکرد کە جەنگکردن بەرامبەر داعش بە میلیشیا شیعەکان بسپێرێت نەك ئەوەی سوپای ئەمریکا بێتەوە سەر زەوی عێراق و لەوێ بجەنگێت.

## 5. مەترسی ئەم میلیشیایانە بۆ سەر هەرێمی کوردستان

مەترسی هەرە گەورەی ئەم میلیشیایانە ئەوەیە کە هێزە ناوچەییەکانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەتوانن وەك ئامرازێك بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتەکانیان بەکاریانبێنن. بۆ نموونە حیزبوڵڵای لوبنانی لەژێر کاریگەری سیاسەتی ئێراندا چەندین جار پرۆسەی سیاسی لە لوبنان وەستاندووە و شکستی پێهێناوە و ئێستاش زۆر بەئاشکرا لەسەر داوای ئێرانییەکان بەشداری لە جەنگی سووریادا دەکات. ئەم میلیشیایانە وەك هێزی بەکرێگیراو بەکار دەهێنرێنەوە. بەڵگەشمان بۆ ئەمە ئەو راپۆرتە هەواڵگرییەیە کە رۆژنامەی (دەیلی مەیل)ی بەریتانی لەسەر کارەکانی ئێران لەنێو خاکی سووریا بڵاویکردووەتەوە. لە راپۆرتەکەدا باسی ئەو سیاسەتەی ئێران دەکرێت کە چۆن

1 -http://foreignpolicy.com/201407/08//do-no-more-harm/

توانیویەتـی سـوود لـە شـیعەکانی نێـو ئەفغانسـتان ، پاکسـتان، عێـراق و لوبنـان[1] وەرگرێـت و بـۆ جەنگکـردن بەنـاوی پاراسـتنی شـوێنە پیرۆزەکانـی شـیعەوە ئامادەیـان بـکات. ئەمـە ئـەو زەنگـە مەترسـییە کـە هەرێمـی کوردسـتان دەبـێ لێـی ئـاگادار بێـت. هەرکاتێـك هەرێمـی کوردسـتان نەچـووە ژێـر بـاری داواکاری ئێرانییـەکان، ئـەوا زۆر بەئاسـانی ئـەوان دەتوانـن هێـزە میلیشـیا شـیعەکان بـەرەو هەرێمـی کوردسـتان بجوڵێنـن و مەترسـی لەسـەر دروسـتبکەن. لـە هەرێمـی کوردسـتاندا کەمینـەی کـوردی شـیعە مەزهـەب هەیـە. بـۆ ئـەوەی پابەندیـی ئـەم کەمینەیـە نیشـتمان و خـاك بێـت نـەك مەزهـەب، پێویسـتە هەرێمـی کوردسـتان پەنـد لـەو هەڵانـە وەرگرێـت کـە هەریـەك لـە وڵاتەکانـی بەحرێـن و سـعودیە دەرهـەق بـەو هاونیشـتمانیانەی کـە شـیعە مەزهەبـن ئەنجامییـان داوە. سیاسـەتی پەیڕەوکـراوی ناوخـۆی بەحرەینـی و سـعودی تاوەکـو رادەیەکـی زۆر بێبەشـکردنی شـیعە مەزهەبەکانـی تێدابـووە. بـۆ نموونـە پۆسـتە ئیدارییەکانـی نێـو داوودەزگاکانـی دەوڵـەت بـۆ ئـەو هاووڵاتیانـەی کـە سـوننە مەزهەبـن تەرخانکـراوە، هـەر ئەمـەش بـوو وایکـرد کـە شـیعە مەزهەبەکانـی ئـەو وڵاتانـە هانـا بـۆ ئێـران ببـەن و ریخۆشـکەربن تاوەکـو ئێـران و حیزبولـڵا دەسـت لـە وڵاتەکەیـان وەربـدەن. دەبـێ هەرێمـی کوردسـتان ئـاگاداری ئـەو خاڵە بزوێنـەرە بێـت و رێگـە نـەدات بیـری سـوننی بەسـەریدا زاڵبێـت و بیخاتـە ئـەو دۆخـەی کـە هەڵگرانـی مەزهەبەکانـی لـە خانـەی هاووڵاتیانـی گومانلێکـراودا دابنێـت.

خاڵێکـی دیکـە لەسـەر مەترسـی ئـەم میلیشـیانە ئەوەیـە کـە ئـەوان ئێسـتا بـەدوای فراوانکردنـی ئـەو پانتاییـە جوگرافییـەوەن کـە لەجەنگـی دژی داعـش بەدەسـتیان هێنـاوە. لـە مـاوەی پێشـوودا کەوتنـە سـەنگەرگرتن لەهێزەکانـی پێشـمەرگە لەشـاری خورماتـوو و داواکارییـان ئەوەبـوو لـە بەڕێوەبردنـی شـارەکەدا بەشـداربن. مەترسـییەکی دیکـەی ئـەم میلیشـیایانە بـۆ سـەر هەرێمـی کوردسـتان ئەوەیـە کـە ژمارەیـان زۆرە. بەپێـی دواییـن راپۆرتـی سـەنتەری رەوابـت کـە تایبەتـە بـە عێـراق، 66 جـۆر میلیشـیای شـیعە هەیـە کـە لـە دوای فتواکـەی سیسـتانییەوە خۆیـان رێکخسـتووە . هـەر لـە راپۆرتەکـەدا هاتـووە کـە هەریـەك لـەم میلیشـیایانە ناوێـك و سـەرکردەیەکی هەیـە و لەهەمانکاتـدا شـوێنی چالاکییـان دیاریکـراوە. هەریـەك لـەو میلیشـیایانە سـەر بـە مەرجەعێکـی ئایینییـە کـە لـەم خشـتەیەی خـوارەوەدا چەنـد نموونەیەکیـان خراوەتـەڕوو.

1 -http://www.dailymail.co.uk/news/article-3718583/Leaked-intelligence-dossier-reveals-location-secret-Iranian-spymasters-HQ-Syria-codenamed-GLASSHOUSE-Iran-fighters-ground-Assad.html

| ژمارە | ناوی ڕێکخراو | سەرکردە | شوێنی چالاکی | مەرجعی ئاینی |
|---|---|---|---|---|
| 1 | سەرایا سەلام / تەیاری سەدری | کازم حسین عیساوی | عێراق/ بەشی سامەرا | لە عێراق: محمد سادق سەدر<br>لە ئێران: ئایەتولا خامنەیی |
| 2 | فیرقەی عەباسی جەنگاوەر | مەیسەم زەیدی | عێراق/ نوخەیب | لە عێراق: ئایەتولا سیستانی |
| 3 | عەسائبی ئەهلی حەق | قەیس خەزعەلی | عێراق/ ناوچەی سەلاحەدین/ نوخەیب، هەروەها لە سوریا | لە ئێران: ئایەتولا خامنەیی |
| 4 | فەیلەقی بەدر/ بەشی سەربازی ریکخراوی بەدر | هادی عامری | عێراق/ ناوچەی سەلاحەدین، دیالی و سوریا. | لە ئێران: ئایەتولا خامنەیی |
| 5 | لیوای گەنجانی رسالی | مەیسەم عەلاق | عێراق/ کەربەلا | لە عێراق: ئایەتولا محەمەد عەلی یەعقوبی |

خشتەی 3

لەکاتی گفتوگۆکردن و ڕێککەوتن لەگەڵ ئەم میلیشایانە، هەرێمی کوردستان تووشی چەندین کێشە دەبێتەوە، چونکە هەریەکێك لەم هێزانە سەرکردە و مەرجەعی جیاوازی خۆیان هەیە. گفتوگۆکان لەکاتی ئاڵۆزییەکانی شاری خورماتوو ئەوەی سەلماند کە گفتوگۆکردن لەگەڵ ئەم هێزانە زۆر ئاڵۆزە و تاوەکو لەگەل یەکێکان ڕێککەوتن بکرێت، لەوانەیە ڕێکخراوێکی دیکەیان پەشیمان ببێتەوە.

هەرچەندە ئێستا هێزەکانی پێشمەرگە لە زۆر ناوچە لەگەڵ میلیشیا شیعەکان هاوکاری دەکەن، بەڵام جیاوازییان زۆرە. نەك لە روانگەی ئایینزاییەوە بەڵکو تەنانەت لەڕووی تێڕوانینیشەوە بۆ جەنگی دژی داعش جیاوازن . بۆ نموونە ئەم هێزە چەکدارە شیعانە وەك بزووتنەوەیەکی رزگاری نەتەوەیی ناجەنگن و زیاتر لە چوارچێوەی کۆمەڵێك دەقی ئایینییەوە شیکاری و پاساو بۆ کارەکانیان دەهێننەوەو هەر ئەمەش وایان لێدەکات گوێنەدەنە یاساکانی جەنگ و یاسا نێودەوڵەتییەکان و بە ویستی خۆیان بجوڵێنەوە. بەپێچەوانەی ئەم هێزە، تێگەیشتن و شیکاری هەرێمی کوردستان بۆ جەنگی دژ بە

داعــش نــەك لەســەر پرەنســیپی ئایینــی یــان مەزهەبــی، بەڵکــو لــەڕووی بەرژەوەنــدی نەتەوەییــەوە بینــا دەکرێــت.

## دەرەنجام

لــە کۆتایــی ئــەم توێژینەوەیــەدا دەگەینــە ئــەو ئەنجامــەی کــە بڵێیــن داهاتــووی دەوڵەتــی عێــراق زۆر ئاڵــۆز و قــورس دەبێــت. حکومەتێکــی مەرکــەزی لاواز دەکەوێتــە چنگــی میلیشــیاکانەوەو داوودەزگاکانــی حکومــەت بــۆ خزمەتکردنــی ئەندامانیــان بەکاردەهێنــن. بەوشــێوەیەش حکومــەت وەك ئامرازێــك بــۆ بەئامانــج گەیاندنــی ویســت و خواســتەکانی میلیشــیاکانی لێدێــت. هــەر لەئێســتاوە ئــەوە روونبووەتــەوە کــە بەشــێك لــەم میلیشــیایانە بــە ویســتی هێــزی دەرەکــی دەجوڵێنــەوە و بــۆ چالاکــی ســەربازی لــە دەرەوەی ســنووری عێراقیــش بەکاردەهێنرێــن . ئەمــەش ئاماژەیــە بــۆ ئــەو مەترســیە کــە عێــراق ببێتــە ســەرچاوەی هەناردەکردنــی چەکــداری شــیعە مەزهــەب بــۆ وڵاتانــی هاوســێ و ئــەوە هەرێمــی کوردســتانیش دەگرێتــەوە. ئامــاژەکان بــۆ ئــەوە دەچــن کــە لــە هەڵبژاردنــی داهاتــووی عێراقــدا کــە لــە 2018 ئەنجامبدرێــت، ئــەم هێزانــە بتوانــن بێنــە نــاو پەرلەمــان و هاوکێشــەی سیاســی لــە عێــراق بگــۆڕن. هــەروەك ماڵپــەڕی ئەلمۆنیتــەر ئاشــکرایکردوە بەشــێك لــە ســەرکردەکانی میلیشــیا عێراقییــەکان بــۆ قســەکردن لەســەر داهاتــووی عێــراق لەگــەل نوێنــەری وڵاتانــی رۆژئــاوا کۆبوونەتــەوە. ئــەم لێکنزیکبوونەوانــەی نێــوان وڵاتانــی رۆژئــاوا و میلیشــیا عێراقییــەکان بەڵگەیــە لەســەر ئــەوەی کــە ئەوانــە لــە ئێســتاوە هەوڵــی خۆگونجانــدن لەگــەل سیاســەتی نێودەوڵەتــی دەدەن و دەیانــەوێ لەکاتــی بردنــەوەی هەڵبژادنــەکان خۆیــان لــە پێکــدادان لەگــەڵ بەرژەوەنــدی وڵاتانــی زلهێــز بپارێــزن.[1] دەرەنجــام فۆرمــی داهاتــووی دەوڵەتــی عێراقــی نزیکــە لــەوەی کــە دەوڵەتــی ویلایەتــی فەقیهــی پێدەگوترێــت و ئــەم هێــزە چەکدارانــەش خویــان بــە پاســەوانی ئــەو ویلایەتــە دادەنێــن .

1 -What are Iraq›s Popular Mobilization Units doing in Beirut?
http://www.al-monitor.com/pulse/originals/201608//lebanon-host-secret-meeting-iraq-pmus-western-diplomats.html

## سەرچاوەکان:


1. Brancati، Dawn. (2005). "Can Federalism Stabilize Iraq?" Washington Quarterly ، Vol. 28، Issue 2.

2. Ahram، Ariel L. (2011). "Proxy Warriors: The Rise and Fall of State-Sponsored Militias". Stanford University Press.

3. Tripp، Charles. (2007). " A History of Iraq". Cambridge University Press; 3 edition.

4. Domínguez، Jorge I. & Shifter، Michael. (2013). "Constructing Democratic Governance in Latin America". Johns Hopkins University Press; fourth edition.

5. Some researcher. (2013). "Pillars of Peace: Understanding the key attitudes and institutions that underpin peaceful societies". Institute for Economic & Peace

6. Carey، Sabine C.، Mitchell، Neil J. & Lowe، Will. (2013). "States، the Security Sector، and the Monopoly of Violence: A New Database on Pro-Government Militias. Journal Of Peace Research.

7. Morlino، Leonardo. (2007). " Hybrid Regimes or Regimes in Transition?". Working Paper، FRIDE publication.

8. Balcells، Laia. (2012). Book Review " Ariel Ahram: Proxy Warriors: The Rise and Fall of State-Sponsored Militias (Stanford، CA: Stanford University Press، 2011); Timothy D. Sisk: International Mediation in Civil Wars: Bargaining with Bullets (Abingdon: Routledge، 2009); Amalendu Misra: Politics of Civil Wars: Conflict، Intervention and Resolution (Abingdon: Routledge، 2008).

9. Golkar، Saeid. (2015). "Captive Society: The Basij Militia and Social Control in Iran". Columbia University Press.

10. Shultz Jr، Richard H. & Dew، Andrea J. (2006). "Insurgents، Terrorists، and Militias: The Warriors of Contemporary Combat". Columbia University Press; First Edition.

11. Davis، Diane E.، Pereira، Anthony W. (2003). "Irregular Armed Forces and their Role in Politics and State Formation" Cambridge University Press.

12. By U.S. Government، Department of Defense and U.S. Army. ( 2015). "Tribal Militias: An Effective Tool to Counter Al-Qaida and its Affiliates? The Iraqi Experience، Sahwa، Patron-Client Relationship، ISIS Onslaught، Yemen، Taking the Fight to al-Qaeda، Golden Swords. Progressive Management.


## سەرچاوە ئەلیکترۆنییەکان:


1. Top 10 Mistakes of former Iraq PM Nouri al-Maliki (That Ruined his Country) http://www.juancole.com/201408//mistakes-maliki-country.html

2. National Security Strategy 2015 https://www.whitehouse.gov/sites/default/files/docs/2015_national_security_strategy.pdf. P 135-

3. Do No (More) Harm
http://foreignpolicy.com/201407/08//do-no-more-harm/

4. Inside 'the Glasshouse': Iran 'is running covert war in Syria costing BILLIONS from top secret spymaster HQ near Damascus airport'
http://www.dailymail.co.uk/news/article-3718583/Leaked-intelligence-dossier-reveals-location-secret-Iranian-

spymasters-HQ-Syria-codenamed-GLASSHOUSE-Iran-fighters-ground-Assad.html

5. Forget ISIS: Shia Militias Are the Real Threat to Kurdistan http://nationalinterest.org/feature/forget-isis-shia-militias-are-the-real-threat-kurdistan-11982?page=show

6. Popular Crowd Forces in Iraq ( Al-Hashd al-shaabi ) .. Origin and Future “survey” http://rawabetcenter.com/en/?p=1037

7. What are Iraq's Popular Mobilization Units doing in Beirut?
http://www.al-monitor.com/pulse/originals/201608//lebanon-host-secret-meeting-iraq-pmus-western-diplomats.html

8. Sudan: Liberation Movements، Regional Armies، Ethnic Militias & Peace
https://www.jstor.org/stable/4006985?seq=1#page_scan_tab_contents

9. Power failure in Iraq as militias outgun state
http://www.reuters.com/investigates/special-report/iraq-abadi/

10 - عن (الدول الهجينه) فى العالم العربى
http://www.alarab.co.uk/m/?id=53177

## بەشی سێیەم

# ئۆپەراسیۆنی رەقەه

# ڕەققە و خەونی ڕزگاربوون

**فەرحان مەتەر**
ڕۆژنامەڤان و لێکۆڵەری سیاسی- سوریا

## دەروازە

ڕەققەی ئەمڕۆ ، لە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی ئیسلامی ناسراو بە داعشدا لە ترۆپکی ناخۆشیدا دەژی، داعش بە پێوەری خۆی نموونەیەکی ژیان لەوێ نمایشدەکات کە لەژێر هیچ دەسەڵاتێکی داخراوی ئیسلامیدا شێوەی نەبووە، خەڵکی گەڕاندووەتەوە سەردەمانی لەنێوچوون و تەنیا لە کتێبەکانی مێژوودا باسیان دەکرێت.
داعش، ئەمڕۆ لە ڕەققەدا دەیەوێت ڕق و کینە لە دەروونی خەڵکیدا بچێنێت، ئەمەش بە ڕۆژانە کوشتنی خەڵکە لە گۆڕەپانە گشتییەکاندا، وێنەی سەری بڕاو و هەڵواسینی بە عاموودەکانەوە ، بووەتە کارێکی ئاسایی. کار گەیشتووەتە ئەو ڕادەیەی کە ئاهەنگی گوللەبارانکردن بووەتە کەشێکی ڕەش و لە دڕەندەییدا وێنەی نەبووە. عەلەویەکانیان سەربڕی ، هەر لەبەرئەوەی عەلەوی بوون، کوردیان دەرکرد هەر لەبەرئەوەی کورد بوون. تۆمەت بەخشین لەهەر کاتێکدا بۆ هەمووان ئامادەیە، هەر جارێك تۆمەتێکی تازە دەبیستین و دەبینین، ئاسانترین تۆمەتیش هەڵگەڕانەوەو هاریکاری لەگەڵ سوپای ئازاد و هاوپەیمانی و کوردە.
لە سەرەتاوە، دوای زنجیرەیەك لەسێدارەدان. خەڵکیان ناچارکرد شار بەجێبێڵن، دەستیان بەسەر ماڵی ئەو کەسانەدا گرت کە لە ترسی مردن هەڵاتبوون ، ئینجا دەستیان بە بڕینی هەموو شێوەیەکی ژیان بەتایبەتی پەیوەندی نێوان ڕەققە و جیهانی دەرەوە کرد. هەموو شتێك وەك حوکمی بەعس و ئەسەد، خرانە ژێر چاودێرییەوە، هۆڵەکانی ئینتەرنێت، جگە لەوانەی ژێر دەستیان، هەموو داخران، تەلەفۆنی خەڵك دەپشکنن و ژمارەکان دەزانن و نامەکان دەخوێننەوە، وای لەوەی کە دژ بە ڕێنماییە

وەحشـیگەراکەیان دەوەسـتێت.
ئامێـری تەلەڤزیۆنیـان لـە مـاڵان هێنایـە دەرەوە، شـکاندیان و لـە گۆڕەپانـدا سـووتاندیان، مەفـرەزەی پۆلیـس "پۆلیســی داعـش " ماڵــەکان دەپشــکنن و رۆژ و شــەو بــە شــاردا دەسـووڕێنەوە. کەتیبـەی هەیئـەی ژنـان بەنـاوی (خەنسـا) چاوەڕێـی ژنـان دەکـەن تاوەکـو بزانـن یاسـاکانی ئیسـلامەتی جێبەجێدەکـەن یـا نـا. جگـە لـەوەش دەزگاکانـی ئاسایشـی سـەر بـە دەوڵەتـی ئیسـلامی، کـە هیـچ جیاوازیـان لەگـەڵ دەزگای موخابەراتـی سـووریدا نییـە، خەڵـك دەسـتگیر دەکـەن و بـەزۆر وای لێدەکـەن کـە پـێ لەکارەکـەی بنێـت. کەسـی دەسـتگیرکراو یـان لـە گۆڕەپانـی گشـتیدا جەڵـدەی لێدەدرێـت، یاخـود دەیبەنـە نێـو هۆڵـی دەورەی شـەرعی کـە بـەزۆر هەندێـك ئایەتـی قورئـان و حەدیسـی پـێ ئەزبـەر دەکـەن، پاشـان لەژێـر رۆشـنایی ئـەوەدا بڕیـاری ئازادکـردن یاخـود درێژکردنـەوەی سـزای بـۆ دەدەن. ئـەوە لـەکاری ئاسـاییدا وەك "جگـەرە کێشـان " و پۆشـینی جلوبەرگـی دژ بـە شـەریعەتی ئیسـلام یـان ریـش بەرنەدانـەوە، کـە بـە رای ئـەوان بـەلای کەمـەوە نابـێ لـە مستەدەسـت کەمتربێـت، یاخـود ئـەو ژنـەی بـە تەنیـا بەشـەقامدا دەڕوات، بـەڵام ئـەوەی پەیوەنـدی بەلایەنـی ئەمنییـەوە هەبێـت، وەك دۆزینـەوەی شـتێك کـە بیسـەلمێنێت پەیوەنـدی بەلایەنێکـەوە هەیـە، وەك "سـوپای ئـازاد " و چالاکـە مەدەنییـەکان، دژ بـەوان بێـت بـە تایبەتـی عەلمانییـەکان، ئـەوا چارەنووسـی ئـەوان کوشـتن و شـوێن بزرکردنـە. دەبـێ کەسوکاریشـیان لەبیریـان بکـەن و رۆژێـك لـە رۆژان چاوەڕوانـی گەڕانەویـان نەبـن.
قوتابخانـە داخـران و خوێنـدن قەدەخەکـرا ، کڵێسـاکان داگیرکـران، چەنـدان پیشـە رێیـان لێگیـرا. بـە جۆرەهـا هەنجـەت ئازووقـەی خەڵکیـان بـڕی. بـە زەبـر خزمەتـی سـەربازییان لـە ریزەکانـی سـوپای ئیسـلامیدا، بەسـەر ئـەو لاوانـەدا سـەپاند کـە توانـای هەڵگرتنـی چەکیـان هەبـوو. هەروەهـا بـە بەکارهێنانـی پڕوپاگەنـدە مێشـکی لاوانیـان شوشـتەوە. وایـان لێکـردن لـەو زریانـی گۆڕانکارییانـەدا کـە بەخێرایـی روویانـدا، بێئـەوەی لـە مەسـەلەکە بگـەن یـان شرۆڤـەی بکـەن خۆیـان ونبکـەن.
کار گەیشـتە ئـەو رادەیـەی کـە بـاوك و کـوڕ خەبـەر لەیەکـتر بـدەن تاوەکـو بـە تۆمەتـی هەڵگەڕانـەوە لەسـێدارە بدرێـن. یاخـود تۆمەتـی جوێنـدان بـە خـودا و هاندانـی بـاوکان تاوەکـو کوڕەکانیـان لەسـەربازی رابکـەن. بەردبارانکردنـی ژنـان ، بـە تۆمەتـی زینـا لـە شـوێنە گشـتییەکاندا بووەتـە شـتێکی ئاسـایی، داعـش رێگـەی بـە ئەندامـە دڕەندەکانیـدا بەبیانـووی هاوسـەرگیری کچـان بکـڕن. رەققـەی ئەمـڕۆ لەژێـر زەبـری ئـەو مردنـەدا دەژی کـە لـە ئاسـمانەوە بـۆی دێـت. ئەویـش هێرشـی فڕۆکەکانـی رژێمـی سـووریا و رووسـیای

هاوپەیمانـی و هاوپەیمانـی نێودەوڵەتییـە کـە هەمـووی بەبیانـووی لەنێوبردنـی تیـرۆر و داعـش دەیکـەن. هـەر بـۆ نموونـە:
فڕۆکەکانـی رژێمـی سـووریا رۆژی سێشـەممە 2014/11/26، هەشـت هێرشـیان هێنایـە سـەر ناوچـەی جیـا جیـا و لـە ئەنجامـدا 150 کـەس کـوژران و برینـدار بـوون کـە زۆربەیـان سـیڤیل بـوون. خەڵکـی رەققـە ئـەو راسـتییە دەزانـن کـە ئـەو قوربانیانـە خەڵکـی سـیڤیل و بێدەسـەڵاتبوون، بـەڵام بـارەگا ئاشـکراکانی دەوڵەتـی ئیسـلامی کـە هەمـوو دەزانـن لـە کوێـن و پێویسـتی بـە مانگـی دەسـتکردیش نییـە نەکەوتنـە بـەر ئـەو هێرشـە، ئەمـەش پرسـیاری جیـدی لەوبـارەوە دروسـتدەکات.
پرسیاری رەوا ئەوەیە:
فڕۆکەکانی سووریا بۆ ئەو هەموو هێرشە دێننە سەر رەققە؟
لیوا فائیز ئەلدوەیری شارەزای بواری سەربازی، ئەمە بۆ دوو هۆکار دەگەڕێنێتەوە:
یەکـەم: بـەلای رژێمـی سـووریاوە شـاری رەققـە پایتەختـی دەوڵەتـی خەلافەتـە، ئـەم هێرشـانە دەبنـە هـۆی ئـەوەی هاوپەیمانـان بڕوانامـەی رەوشـت باشـی پێببەخشـن و واپیشـانبدات کـە هێزێکـی کاریگـەرە بـۆ لەنێوبردنـی تیـرۆر.
دووەم: جەختکـردن لەسـەر رەققـە، هەوڵدانـی رژێمـی سـووریایە بـۆ دەربازبـوون لـەو بێزاریـەی لـە ئەنجامـی ئـەو هەمـوو زیانانـەی سـاڵانی رابـردوو لـە کۆمەڵگـە دروسـتبووە. لەئەنجامـدا خەڵـك بوونەتـە بارمتـە، چونکـە دەرچـوون لەشـار قەدەخەیـە. بـە قاچاخبردنـی خەڵـك لـە رەققـەوە بـۆ دەرەوە بووەتـە بازرگانییەکـی بەسـوود. بردنـی یـەك کـەس و بڕینـی سـەت کیلۆمەتـر تاوەکـو خاکـی سـووریا ، هـەزار دۆلاری ئەمریکـی دەوێـت ، دنیـاش وەك بڵێـی ئەوانـە هـەر مـرۆڤ نەبـن، ئەوانـە نابینێـت.

## رەققە لەژێر سێبەری بەعسدا

رەققـە بـەلای رژێمـی بەعـس و حافـز ئەسـەد و پاشـان بەشـار ئەسـەدەوە، لـە کۆگایەکـی مرۆیـی زیاتـر بـەولاوە هیچـی دیکـە نەبـووە و لـەزۆر لاوە سـوودیان لێدەبینـی. دەیانـبردن بـۆ ریزەکانـی سـوپا، یـان وەك کۆمەڵگـەی مرۆیـی لـە بۆنـە تایبەتییەکانـی بەعسـدا بەکاریاندەهێنـان و بـە پـاس و لـۆری دەیانبردنە گردبوونەوە و فیسـتیڤاڵی گوتـار خوێندنەوە. بەشـار ئەسـەد یەکەمجـار سـەردانی ئـەو شـارەی کـرد و نوێـژی هەینـی لـە یەکێـك لـە مزگەوتەکانیـدا کـرد. سـەرەڕای گرتنەبـەری رێوشـوێنێکی ئەمنـی توونـد، نەیانتوانـی دەنگـی

لاوانــی ئــەم شــارە کپبکــەن کــە درووشــمیان بــۆ رووخاندنــی ئەســەد کێشــا.
رەققــە ، ئــەو شــارەیە کــە لەســەر دەســتی بەعــس و ئەســەد، بێبەشــی و پەراوێزخســتنی بــۆ مایــەوە. یەکێــك لــە رۆڵەکانــی ئــەم شــارە نەگەیشــتە پلەیەکــی بــاڵا لــە ســوپا و پۆلیــس و کەســیان نەبوونــە وەزیــر، تەنانــەت وەزیفــە سادەکانیش بــە پلــەی یەکــەم بــۆ خەڵکــی شــارەکە نییــە و دەبــێ بــە بەرتیــل و پەیوەنــدی گومانلێکــراو ئــەو پۆســتانە وەربگــرن. تەنانــەت بوونــە ئەنــدام لــە ئەنجوومەنــی گەل(پەرلەمــان)ی ســووریاش ، پێویســتی بــە بەرتیــل و پەیوەنــدی گومانلێکــراوە.
لــە ئەنجامــی ئــەم بێبەشــی و پەراوێزخســتنە، چەنــدان رۆڵــەی ئــەو شــارە ســاڵانێکی تەمەنیــان لــە بەندیخانــە بەســەربرد. تۆمەتــی گەورەشــیان ئەوەبــوو کــە ســەر بــە بەعســی عێراقــن یــان ئیخوانــن.
ئەمە ناوی هەندێك کەسە کە 9 تــاوەکو 16 ساڵ لە بەندیخانەکانی ئەسەد بەندکرابوون:

- د.ئەحمــەد فائیــز ئەلفــەواز : پزیشــك – ئەندامــی لێژنــەی مەرکــەزی و مەکتەبــی سیاســی 17، ســاڵ
- یاسین حاجی ساڵح ، پزیشك و نووسەر ، 16 ساڵ
- مستەفا حاجی ساڵح ، 10 ساڵ
- خالید حاجی ساڵح ، 9 ساڵ
- نەبیل ئەلفەواز ، 14 ساڵ
- خەلەف جەربوع ، 9 ساڵ
- هەیسەم خۆجە ، 10 ساڵ و لە بەندیخانە مرد.
- مەعبەد ئەلحەسون ، 12 ساڵ
- راشد سەتوف ، رابیتەی کاری شیوعی ،15 ساڵ
- فازیل ئەلفازیل ، 15 ساڵ
- عەدنان عەلیان ، بەعسی عێراق ، 14 ساڵ
- عەبدولڕەحمان عەلیان : 12 ساڵ
- عەقلــە عەبــود ، ئەندامــی ســەرکردایەتی بەعــس لــە رەققــە، بەعســی عێــراق و نەیــاری محەممــەد ســەلمانی پارێــزگاری رەققــە.
- خدر ئەلمەعاش.
- محەممەد ئەلجەدوع.

## ڕەققە لە شۆڕشی سووریا

لە یەکەم هەفتەی هەڵگیرسانی شۆڕشی سووریادا ، یەکەم خۆپیشاندان لە 2011/3/25دا لە ڕەققە داوای رووخانی رژێم کرا، بەڵام لەڕووی راگەیاندنەوە بایەخی پێنەدرا. لەعنەتی پەراوێزخستن دیسانەوە وەبەر ئەو شارە کەوت و رژێم وایپیشاندا کە شارێکی هێمنە و لایەنگری لە دەوڵەت دەکات . ئەو کەسانەی پەیوەندییان بەشۆڕشی سووریا کرد، لەلایەن دەزگا ئەمنییەکان و میلیشیاکانی بەعس بە توندی سەرکوتکران، رژێم بەشێوەیەکی سەرنجڕاکێش خەڵکی گوندەکانی بۆ سەرکوتکردنی خۆپیشاندانەکان بەکارهێنا. ڕەققە، لە چاو شارەکانی دیکە لەڕووی خۆ ئامادەکردنی سەربازییەوە زۆر دواکەوت. تەنانەت ئەو کەسانەی کە چەکیان هەڵگرتبوو لەلایەن خەڵکەوە بەجیدی سەیر نەدەکران . ئەوانە ژمارەیان کەمبوو و شارەزاش نەبوون. توانای دارایی و پاڵپشتیان نەبوو ، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرسوڕمان بوو، ئەو کۆمەڵەیە توانییان شاری گرێسپی سەر سنوور کۆنترۆڵبکەن. ئەو شارە لەڕووی ئابوورییەوە گرنگبوو چونکە کەوتبووە سەر بەنداوی فرات. پاشان شەڕی رزگارکردنی ڕەققە لە 2013/3/2 تاوەکو 2013/3/4 دەستپێکرد و کەس چاوەڕوانی ئەو ئەنجامە نەبوو. چۆن هێزەکانی رژێمی سووریا تەفروتونا بوون؟ ئەو کۆمەڵە بچووکە چۆن توانییان بارەگا و ماڵی پارێزگار کۆنترۆڵبکەن و پاشان پارێزگار و ئەمینداری لقی حیزبی بەعس بەبێ هیچ بەرەنگاریەك دەستگیربکەن؟ ئەو هێزەی رژێم کە لەوێبوو بەتایبەتی فیرقەی 17 گاڵتەی پێنەدەکرا و جگە لەوەش فڕۆکەخانە و پۆلیس و ئەمن و میلیشیاکانی بەعس لەوێبوون.

ڕۆژی یەکەمی دەستپێکردنی شەڕ بەوجۆرە بوو:

کاژێر 5ی بەیانی ڕۆژی 2013/3/2، شەڕی توند لە باکووری ڕۆژئاوای شار و لای کەتیبەی هەجانە، بەربەستی فرووسیە و ماڵە ئەفسەرەکان دەستپێکرد. ئەو هێزە لە (بزووتنەوەی ئازادیخوازی شام) و (لیوای پارێزەرانی ڕەققە) و (بەرەی یەکێتی ئازادی) و (لیوای شۆڕشگێرانی ڕەققە) پێکهاتبوون.

کاژێر 1ی دوای نیوەڕۆ ، هەجانە ، ماڵی ئەفسەران و بەربەستی فرووسییە کۆنترۆڵکران و گەیشتە سایلۆ کە هێڵی جیاکەرەوەی نێوان فیرقەی 17 و شاری ڕەققەیە و هیچ لە هێزەکانی رژێم لەسەر شەقامەکان نەبینران. کەتیبەکانی حەزیفەی کوڕی یەمان یەکەم لایەن بوون کە چوونە ماڵی پارێزگار، ئینجا بەرەی نوسرە هاتن و پارێزگار و ئەمینداری بەعسیان دەستگیرکرد. پاشان لیوای یەکێتی و رزگاری بەسەرکردایەتی لیوا

سـامر مەتیـران و لیـوا عەدنـان عەرسـان هاتـن .
دوای دوو رۆژ، دوا مەفـرەزەی ئەمنـی سـەربازی رژێـم بەزیـن و ئەوانـەی لـەوێ دەسـتگیرکرابوون ئازادکـران. بەوجـۆرە رزگارکردنـی رەققـە راگەیێنـدرا. خەڵـك ئاهەنگـی رزگاری و سـەرکەوتنیان گێـرا. (بەکورتـی لـە ماڵپـەڕی جەزیـرە لـە 2016/9/1 لـە وتارێکـی عەبیـدە ئەلمـوشرف چالاکـی بـواری راگەیانـدن لـە رەققـە بـە ناونیشـانی چـاوی شـەوو خۆڵـی ئـەو خاکـە وەرگیـراوە). بـە بینینـی ئـاڵای شـەکاوەی شۆڕشـی سـووریا لـە شـەقام و گۆڕەپانـەکان دڵشـاد بـوون. نـاوی "رەققـە پایتەختـی رزگاری"یـان لـە شـارەکە نـا، چونکـە یەکـەم شـاری سـووریا بـوو کـە لەبـن کۆنترۆڵی رژێـم دەرچـوو. دەبـێ تێبینی ئەوەشـبکرێت کـە فیرقـەی 17ی ئابلۆقـەدرا و هـەر لەشـوێنی خـۆی بـوو و فڕۆکـەکان رۆژانـە شـارەکەیان بۆردوومـان دەکـرد.
پێکهاتـە سـەربازییەکانی ئیسـلامی کـە شـارەکەیان کۆنترۆڵکـرد، بەخێرایـی دەسـتیان بـە تاڵانکـرد و یەکەمجـار ئازادیخوازانـی شـام بانکـە گشـتی و تایبەتیەکانیـان لەبـەر چـاوی خەڵـك فەرهـوود کـرد. ئەوانیدیکـەش موڵکـی دەوڵەتیـان تاڵانکـرد. ئاوازێکـی تـازە لـە شـار بـە ناونیشـانی تەکبیـر پەیدابـوو، ئەوانیـش بـەو نەزمـە ئـەوەی هەبـوو بردیـان.
لێـرەدا پێویسـتە جیـاوازی لەنێـوان دووجـۆر لـە دەسـت بەسـەرداگرتن بکرێـت. پرۆسـە گـەورەکان وەك دزینـی بانکـەکان لەلایـەن ئازادیخوازانـی شـامەوە بـوو. بـەڵام دزینـی ئۆتۆمبێـل و دووکان کاری میلیشـیاکان بـوو. کاتێـك دەسـتیان بەسـەر ئۆتۆمبێـل یـان مـاڵ و خانوویەکـدا دەگـرت، چەکدارەکـە سـێ جـار هـاواری دەکـرد " اللـە اکـبر" ئەمـەش دەبـووە حەڵاڵـی خـۆی.
دوای 3 رۆژ لـەو رێکەوتـە بـە کارێکـی رۆژنامەڤانـی سـەردانی رەققـەم کـرد. دیمەنەکانـم لەسـەر زەوی و بەواقیعـی بینیـن . لـەو 6 رۆژەی کـە لەوێبـووم، فڕۆکەکانـی سـووریا لـە بۆردوومـان بەردەوامبـوون. ژیـان تائێسـتا تروسـکەی هیـوای پێوەبـوو. ئـاڵای شۆڕشـیش شانبەشـانی ئاڵاکانـی قاعیـدە و داعـش دەشـەکانەوە. بـە داوەتنامـەی لایەنـی بەهـاری رەققـە، لـە سـەعات 8،5ی ئێـوارەی 2013/6/10 ، کۆڕێکـم بـە ناونیشـانی " شۆڕشـی سـووریا، ئاراسـتە و ئاسـتەنگەکان" لـە هۆڵـی دواناوەنـدی خەدیجـەی کوبـرا سـازدا.
لـەو کـۆڕەدا جەختـم لەسـەر ئـەوە کـردەوە، کـە خەڵکی شـار داوا لـە هاوپەیمانی نیشـتمانی سـووریا بکـەن بەپەلـە بگەنـە رەققـە و حکومـەت پێکبێنـن، دەنـا بـا بڕژێنـە سـەر شـەقام. هێـزە گـەورەکان سـەرەتا بـە پـارە پێکهاتـە بچووکەکانیـان بـۆ لای خۆیـان پەلکێـش دەکـرد و دواتـر ئەگـەر وانەبووایـە هێزیـان بەکاردەهێنـا.

دوای بینینـی ئـەو دیمەنـە تۆقێنەرانـە، لـە ترسـی رفاندنـم بەخێرایـی گەرامـەوە. پێـش مانگێـك پارێـزەر عەبدوڵـڵا ئەلخەلیـل سـەرۆکی ئەنجوومەنـی خۆجێیـی شـاری رەققـە و پارێـزەر و چالاکـی مەدەنـی ئەوێیـان رفانـد و چارەنووسـی نادیـارە. پێشـبینییەکانم راسـت دەرچـوون. دوای ئـەوەی شـارەکەم بەجێهێشـت ، هەڵمەتـی دەسـتگیرکردنی چـالاکان دەسـتپێکرد. نرخیـان بـۆ هیـچ کەسـێك دانەنـا . قەشـە (باولـۆ دالیلـۆ) و د.ئیسـماعیل حامـز و فیـراس حاجـی سالم-یان رفانـد. کار گەیشـتە ئـەو رادەیـەی چالاکڤانـەکان شـارەکە بەجێبێڵـن و مەیـدان بـۆ ئـەو چەکدارانـە چۆڵبـوو کـە لـە هەمـوو لایەکـی دونیـاوە بـۆ پێکهێنانـی خەلافەتـی ئیسـلامی هاتبـوون.

بـەرەی نـوسرە بـە کوشـتنی سـەت ئەندامـی ئازادیخوازانـی شـام، قەسـابخانەیەکی دروسـتکرد. شـاربەدەری کـردن و ئەوانـەی مانـەوە بـۆلای خۆی رایکێشـان. پاشـان نـووسرە و داعـش بەشـەڕهاتن و داعـش سـەرکەوت و ئەمیرەکەیـان کـوژرا. بەوجـۆرە داعـش رەققـەی کۆنترۆڵکـرد و بـۆ چەسـپاندنی پێگـەی خـۆی قەسـابخانەی دروسـتکرد.

دەوڵەتـی ئیسـلامی ، توانـی بارودۆخـی رەققـە بـە تـەواوی کۆنترۆڵبـکات. لەکاتێکـدا شۆڕشـگێران لـە گۆڕەپانەکانـدا چالاکیـان دەکـرد، داعـش خەڵکـی دەگـرت و ئـازاری دەدان و هەڕەشـەیان دەکـرد. لەکاتێکـدا کەتیبەکانـی ئـازاد فیرقـەی 17یـان ئابلۆقەدابـوو، ناکۆکـی توونـد لەنێـوان هـەردوو ئەنجوومەنـی خۆجێیـی لـە رەققـەدا دروسـتبوو. ئەمـەش دەسـتگیرکردنی فـراس حاجـی سـاڵح و ئیبراهیـم ئەلغـازی سـەرۆکی ئەنجومەنەکـەی لێکەوتـەوە. لـە بەرامبەریشـدا داعـش بـاج و پۆشـینی جوببـە و لێکجیاکردنـەوەی کـوڕ و کچـی لـە قوتابخانـەکان سـەپاند.

لـە 2013/10/17دا، دەوڵەتـی ئیسـلامی داوای لـە چالاکڤـان و بەسـاڵاچوانی شـارەکە کـرد کـە لـە هۆڵـی Negative کۆببنـەوە. بـە ئامادەبوونـی 300 چـالاك و نوێنەرانـی داعـش، هـەردوو چـالاك حـازم ئەلحوسـێن و موهەنـەد حەبایبنـا پرسـیار و روبەڕووبوونـەوەی توونديـان سـەبارەت بـە تاوانەکانـی دەوڵەتـی ئیسـلامی کـرد، بـەڵام دوای دوو رۆژ تیرۆرکـران.

## رەققـە و رزگـاربـوون لـە دواڕۆژدا

ئەمـڕۆ بـەلای دانیشـتوانی رەققـەوە، رزگاربـوون و بەدەسـتهێنانی ئـازادی لـە هەمـوو شـتێك گرنگـترە. بەشـەوقەوە چاوەڕوانـی گەڕانـەوەی لێبووردەیـی و دڵفراوانـی و ژیانـی هاوبـەش دەکـەن. بـە پلـەی یەکـەم شـێوەی داهاتـووی فەرمانڕەوایـی گرنـگ نییـە، چونکـە لـە

شۆڕشـی سـووریادا دژی رژێمـی بەعـس بەشـداربوون و ئەمـەش لـە پێودانگـی ئـەوەی کـە بەشـێکن لـە کۆمـاری سـووریا و دابەشـبوون لـە بیرکردنـەوەی ئەوانـدا نییـە و رەققەیـان لەچوارچێـوەی کۆمـاری سـووریا دەوێـت. بـەڵام ئەگـەر کارەکـە لەدەسـت ئـەوان دەرچێـت و وڵاتـە زلهێـزەکان سـووریا دابەشـبکەن، ئەمـە کارێکـی دیکەیـە. بەنیسـبەت دروسـتبوونی قـەوارەی سیاسـی تـازەش، رەققـە ناتوانـێ لەژێـر هـەر پێشـهاتێکدا، سـیما عەرەبییەکـەی دابتەکێنێـت. لـە بەرژەوەنـدی کەسـدا نییـە یـاری بـە مێـژوو بـکات. رەققـە بـە دانیشـتوان و مێـژوو و شارسـتانییەتەکەی هـەر عەرەبییـە و هـەرواش دەمێنێتـەوە.
خەڵکـی رەققـە هیـوادارن کـە لەشـەڕی رزگاری پاشـەڕۆژدا جێگـەی دەسـتیان دیاربێـت. دەسـتی یارمەتـی بـۆ هـەر هێزێکـی نیشـتمانی و دیموکراسـی درێـژ دەکـەن کـە بیانەوێـت سـووریای تـازە بنیاتبنێـت. هەروەهـا خەڵکی رەققـە بە جیـاوازی بیروڕای سیاسـی خۆیانەوە، دژ بەهـەر هەوڵێکـن وەك فیدراڵـی و کۆنفیدراڵیـن کـە شـارەکەیان لـە چوارچێـوەی کۆمـاری سـووریا دابڕێـت.

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە : ئیسماعیل بەرزنجی

# بەشداری کوردانی تورکیا
# لە خەباتی رۆژئاوای کوردستاندا

**د.دەنیز چیفچی**
لێکۆلینڤانی سەردانیکەر لە زانکۆی سانت ئەندرووسی شانشینی یەکگرتوو (بەریتانیا)

کورد لە سووریا کە بە رۆژئاوا یان رۆژئاوای کوردستان ناودەبرێت ،[1] دانیشتووانەکەی نزیکەی دوو بۆ دوو ملیۆن و 500 هەزار کەس دەبێت (کە دەکاتە 8.5% بۆ 10%ی دانیشتووانی سووریا) و بچووکترین بەشی کوردستان پێکدەهێنێت. بە رەچاوکردنی ناسیۆنالیزمی عەرەبی، رژێمەکانی سووریا بەتایبەت حیزبی بەعس بەشێوەیەکی سیستەماتیك، لە رێگەی گوشارە سیاسی و سەربازییەکان و کۆچپێکردنی بەزۆرەوە هەوڵی سڕینەوەی ناسنامەی ئەتنی کوردی داوە.
لەپێناو ئەمەش، لە رێگەی پڕۆژەی "پشتێنەی عەرەبی" و گۆڕینی ناسنامەی نەتەوەیی زۆر لە کورد هەوڵیانداوە پێکهاتەی دیمۆگرافی ناوچە کوردییەکە بگۆڕن. رژێمی بەعس نەگەیشتە ئامانجەکەی، بەڵام لەکپکردنەوەی سیاسەتی کوردی بۆ ماوەیەکی درێژ سەرکەوتوو بوو. هەر لەبەرئەوەش لەکاتی سەرهەڵدانی راپەڕینەکەی سووریا لەساڵی 2011دا زۆر لە سیاسی و چالاکڤانەکانی کورد، یان لە بەندیخانەدا بوون یان لەو وڵاتە دوورخرابوونەوە. لەئەنجامی ئەمە و کێبڕکێی نێوان خودی گرووپە کوردییەکانیش سیاسەتی کوردی زیاتر پارچەپارچە ببوو.
ئەم پارتانەش لە دەوری دوو کوتلەی سیاسیدا کۆبوونەتەوە ئەوانیش یەکیان بزووتنەوەی کۆمەڵگەی دیموکراتی (تەڤدەم)بوو کە پارتی یەکێتی دیموکراتی PYDش لە خۆدەگرێت و لە ساڵی 2003دا دامەزراوە. ئەوی دیکەیان ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردی سووریا

1 -لەبەرئەوەی ناوی رۆژئاوا بەشێوەیەکی بەربڵاو لەلایەن زۆرێکەوە لەناویشیاندا ئەکادیمی و سیاسی و میدیاکانیش بەکاردەهێنرێت ، ئەم دەروازەیە زاراوەی رۆژئاوا بەکار دەهێنێت بۆ گوزارشتکردن لە ناوچە یان هەرێمە کوردیەکە لە سوریا.

ENKSیـە کـە لەسـاڵی 2011دا دامـەزراوە. بـەڵام یەکـەم کوتلەیـان ڕێکخراوتـرەو لـە دووەمیـان بەهێزتـرە . PYDو ڕێکخـراوە سـەربازییەکەی کـە یەکینەکانـی پاراسـتنی گـەل YPGیـە و لەسـاڵی 2011دا دامـەزراوە، ئێسـتا گرووپێکـی کاریگـەر و لەپێشـی نوێنەرایەتـی کوردانـی سـووریا یـان ڕۆژئـاوای کوردسـتانن.
لەگـەڵ دەسـتپێکی هێرشـە توندەکانی گرووپـە توندڕەوەکانـدا لەسـاڵی 2012ەوە، خەباتی سیاسـی ڕۆژئـاوای کوردسـتان پێـی نایـە قۆناخیکـی نـوێ. هەروەهـا ئەمـەش یەکێـك لـەو خاڵـە چەخماخیانـە بـوو کـەوای لـە کوردانـی تورکیـا یـان باکـووری کوردسـتان کـردووە [1]، پەیوەنـدی بـە خەباتـی ڕۆژئـاوای کوردسـتانەوە بکـەن.
هەرێمـی ڕۆژئـاوای کوردسـتان، بەتایبەتـی شـاری عەفریـن لـە کۆتاییەکانـی سـاڵی 2012 ەوە کەوتـە بـەر شـاڵاوی هێزەکانـی بـەری نـوسرە و ئەمـەش هێرشـەکانی داعشـی بـۆ سـەر ناوچـە کوردییـەکان لـە کۆتاییەکانـی سـاڵی 2012دا بـەدوای خۆیـدا هێنـا.
بـەرەی نـوسرە و داعـش لـە گەڵێـك ناوچـە پەلامـاری کوردیانـدا. YPG، لەبەرامبـەر ئـەو هێرشـانەدا بەرگریکـرد، بـەڵام بەهـۆی سیاسـەتی دژەکـوردی تورکیـا و گوێنەدانـی وڵاتانـی ڕۆژئـاوا و ئەمریـکا بـە هەرێمـی ڕۆژئـاوای کوردسـتان، ئـەوان چـەك و کەلوپەلـی پێویسـتیان پێنـەدرا و لەئەنجامـی ئـەوەش کۆنترۆڵـی هەندێـك لـە ناوچـە کوردییەکانیـان لەدەسـتدا. ئەمـەش بـووە هـۆی ئاوارەبوونـی هـەزاران کـورد و مردنـی سـەدان هاووڵاتـی مەدەنـی دیکـە. بـۆ نموونـە، تەنیـا لەکاتـی هێرشـەکانی داعشـدا لـە کۆبانـی، 200 هـەزار کـەس مـاڵ و حاڵـی خۆیـان بەجێهێشـت. هێرشـەکانی داعـش بـۆ سـەر کۆبانـی و بەرگـری YPG بـووە خاڵـی وەرچەرخـان لـە خەباتـی ڕۆژئـاوای کوردسـتاندا. لەگـەڵ بەرگـری کۆبانێـدا، ڕۆژئـاوای کوردسـتان لەسـەر ئاسـتی هەرێمـی و نێودەوڵەتـی بایەخـی زیاتـری پەیداکـرد.
سیاسـەتی ئابڵوقەدانـی ڕۆژئـاوای کوردسـتان لەلایـەن توکیـا و هەروەهـا چاوپۆشـیکردن لـە گرووپـە توونـدڕەوەکان لەڕێگـەی سـنوورەکانییەوە لەگـەڵ سـووریا ( تەماشـای خۆبەڕێوبـەری دیموکراتـی ڕۆژئـاوا – کۆمیسـیۆنی پەیوەندییەکانـی دەرەوە 2016 بکـە) [2] و هەروەهـا گوێنەدانـی وڵاتانـی ڕۆژئـاوا و هاوپەیمانێتـی دژبـە داعـش بـۆ دابینکردنـی چەکی قـورس بـۆ YPG و پشـتیوانی هێـزی ئاسـمانی لەمـاوەی سـێ مانگـی یەکەمـی ئابڵوقەدانـی کۆبانـێ لەلایـەن داعشـەوە، دەسـتکەوتەکانی ڕۆژئـاوای کوردسـتان کەوتنـە مەترسـییەوە.

---

1 -لەبارەی گوزارشتکردن لە هەرێم یان ناوچە کوردیەکەی تورکیا یان کوردی تورکیا ، ناوەکانی وەك کوردستانی تورکیا یان باکور ، کوردانی تورکیا یان ئەو کوردانەی خەڵکی تورکیان بەکارهێنراوە. ئەم دەروازەیە دەخوازێت ناوەکانی وەك کوردی تورکیا یان ئەو کوردانەی کەلەتورکیاوە هاتوون بەکاربهێنێت.

2 -داعش و جەبهەتولنوسرە زۆرێك لە خەڵکی بەڕەگەز تورکیان ناونوس کردووە بۆناو ڕیزەکانیان( تەماشای Marks 2016 بکە)

ئەمـەش توڕەییەکـی زۆری لەنێـو کـورددا بەگشـتی و بەتایبـەت لەنێـو کـوردی تورکیـادا دروسـتکرد و کاردانەوەکانیشـیان ، مـردن و برینداربـوون و دەسـتگیرکردنی زۆر لـە کوردانـی لێکەوتـەوە. زۆر لـە گەنجانـی کـورد کـە لـە تورکیـا لەدایکبـوون، بـە هەڵگرتنـی چـەك بەجۆرێـك لـە جـۆرەکان بۆشـاییەکی گرنگیـان لـە ریزەکانـی YPG پڕکـردەوە و لـە هەندێـك لـە بەرەکانـی پێشـەوەدا بەتایبەتـی لەکاتـی بەرگریکـردن لـە کۆبانێـدا بەشـدارییان کـرد. هەروەهـا کوردانـی تورکیـا رۆڵێکـی گرنگیـان لـە کۆکردنـەوەی کـورد و بەشـداربوون لـە بەرزکردنـەوەی هۆشـیاری لەبـارەی رۆژئـاوای کوردسـتانەوە لـە وڵاتانـی رۆژئـاوا گێـڕا. وەك چالاکتریـن و رێکخراوتریـن گرووپـی سیاسـی لە تاراوگـە، کوردانی تورکیا کەمپەینێکی سیاسـی چالاکیـان بەڕێوەبـرد. بـەوەش، وایـان لـە حکومەتەکانـی نێـو یەکێتـی ئەوروپـا و رێکخـراوە کۆمەڵایەتـی و سیاسـییەکان و هەروەهـا میدیـا بەنێوبانگەکانیـش کـرد کـە دەنگـی خەباتـی رۆژئـاوای کوردسـتان ببیسـتن. ئەمـەش گەیشـتە ئـەو رادەیـەی کـە گوشـاری سیاسـی لەسـەر حکومەتەکانـی نێـو یەکێتـی ئەوروپـا دروسـتکرد تاوەکـو پشـتگیری لـە رۆژئـاوای کوردسـتان بکـەن و هەروەهـا گوشـاریش بـۆ سـەر تورکیـا دروسـتبوو بـۆ ئـەوەی رێگـری لـە داعـش و نـوسرە بـکات تاوەکـو لـە سـنوورەکانی نەپەڕنـەوە. کاریگـەری کوردانـی تورکیـا لەسـەر بەرخـۆدان یـان بەرگـری رۆژئـاوای کوردسـتان دەکرێـت لـە زۆر رووەوە روونبکرێتـەوە. وەك لـەڕووی سیاسـی، سـەربازی، ئابـووری و فیزیۆلـۆژی و هیدیکـەوە، بـەڵام ئـەم بەشـە تەنیـا تیشـك دەخاتـە سـەر دوو لایەنـی یەکـەم (سیاسـی و سـەربازی. بـەوەش، لـەو چوارچێوەیەدا ئـەم بەشـە لەسـەرەتاوە بـە تێگەشـتنێکی کـورت بـۆ نێـو پاڵنـەرە گرنگـەکان بـۆ هەبوونـی پەیوەندییەکـی بەهێـز لەنێـوان کوردانـی تورکیـا و کوردانـی سـووریا دەسـتپێدەکات. دووەم، ئـەم بەشـە دواتـر ئـەو پاڵنەرانـەی پشـت بەشـداریکردنی کوردانـی تورکیا بـۆ نێـو YPG روونـدەکاتـەوە. لەکۆتاییشـدا بـاس لـە رۆڵ و بەشـداری کوردانـی تورکیـا لـە خەباتـی رۆژئـاوای کوردسـتاندا دەکات.

## پەیوەندییەکان و هاوبەشییەکانی نێوان رۆژئاوای کوردستان و کوردانی تورکیا

کوردانـی تورکیـا و سـووریا کە هاوبەشـی هەمـان ئەتنیکن، هەرچەنـدە لـەڕووی ناوچەییەوە دابەشـبوون، بـەڵام لـە پەیوەندییەکـی کۆمەڵایەتـی و سیاسـی نزیك لەگـەڵ یەکتریدان. گومانـی تێـدا نییـە کـە سـەرەڕای گوشـاری توونـد و سیاسـەتی دابڕینـی ئـەو دوو وڵاتـە

لەبەرامبـەر کەمـە نەتەوەییـە ئەتنییەکانیـان، ئەتنیـك پاڵنـەری سـەرەکییە لەپشـت ئـەو تێکەڵاویـە چڕوپـڕەی نێـوان کوردانـی سـووریا و تورکیـا.

هەروەهـا کوردانـی سـووریا و تورکیـا بەبـەراورد بـە پەیوەندییەکانیـان لەگـەڵ ناوچـە کوردییەکانـی دیکـە وەك لـە عێـراق و ئێـران، پەیوەسـتییەکی هاوسـۆزانەی زۆر نزیکیـان پێکـەوە هەیـە. هەرچەنـدە ئەتنیـك کاریگەرییەکـی یەکلاکـەرەوەی لەسـەر پەیوەندییەکانـی نێـوان کوردانـی تورکیـا و سـووریا هەبـووە، بـەڵام ئـەوەش تەنیـا پاڵنـەر نییـە بـۆ لێکدانەوەی پەیوەندییـە بەهێزەکەیـان . نیشـتەجێبوونی ژمارەیەکـی بەرچـاو لـە کوردانـی تورکیـا و دەسـەڵاتی PKK و ڕێکخراوەکـە لـە ڕۆژئـاوا لـەوڕووەوە گرنگییەکـی زیاتـری هەیـە.

هــەر زوو لەپـاش شکسـتی یاخیبوونەکـەی شـێخ سـەعید لەسـاڵی 1925، زۆر لـە کـورد چـوون بـۆ سـووریا. بەهـۆی سـزای بـە کۆمەڵـی ئەتنیکـی کۆمـاری تورکیـاوە، هـەزاران کـورد بـەرەو سـووریا کۆچیـان کـردووە.

لەنێـو ئەوانیشـدا، زۆر کەسـایەتی وەك ئەندامانـی بنەماڵـەی بەدرخـان و جەمیـل پاشـا هەبـوون کـە ڕابەڕایەتـی خەباتـی نەتەوەیـی ئەتنیکـی کوردیـان لەسـەردەمی ئیمپراتۆریەتی عوسـمانیدا کـردووە (Tejel 2007، 17).

ئـەم کوردانـە بـەردەوام لەنێـو سیاسـەتی کوردیـدا چالاکبـوون، بەجۆرێـك کـە بزووتنـەوەی خۆیبوونیـان لەسـاڵی 1927دامەزرانـد کـە ڕابەرایەتـی یاخیبوونـی ئاگـری لەسـاڵانی 1927 بـۆ 1930 کـرد (Tejel ، 2009، 16-27). بەهـۆی ئـەو ڕاسـتییەی کـە ژمارەیەکـی بەرچـاوی کوردانـی تورکیـا لـە سـووریا ژیـاون، ئـەو کوردانـە کاریگەرییەکـی ڕۆشـنگەری یـان فیکـری و سیاسـییان لەسـەر سیاسـەتی کوردانـی سـووریا دانـاوە کـە دواتـر و یـەك لـە دوای یـەك لـە گەشـەکردنی پەیوەندییەکـی بەهێـز لەنێـوان هـەردوو ناوچـە کوردییەکـە "کوردانـی تورکیـا و سـووریا" بەشـداربوون.

ئەمـەش بـەزۆری بەهـۆی ئەوەبـووە کە پارتـی کرێکارانـی کوردسـتان PKK لەساڵی 1978دا هاوسـۆزیەکی لەنێـو کوردانـی سـووریا دروسـتکرد. ئـەوەش ئەوکاتـە بـوو کـە سـەرکردەی گرووپەکـە عەبدوڵـڵا ئۆجـەلان لەسـاڵانی 1979 بـۆ 1980 لـەوێ نیشـتەجێبوو. یەکـەم پارتـی سیاسـی کـوردی سـووریا کـە نـاوی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان - سـووریا PDK-S، هەرچەنــدە زۆر پێــش PKK-ش لەســاڵی 1957دا دامەزرابــوو ، بــەڵام هــەرزوو پەرتبــوو (Sinclair and Kajjo 2011) و نـە PDK-S و نـە ئەوانـەی کەبـەدوای خۆیـدا هاتـن وەك جێگرەوەکانـی، نەیانتوانـی زۆر چالاکـی بەرچـاو بکـەن . PKK لـە ڕێگـەی سـوود وەرگرتـن لەچاوپۆشـییەکانی ڕژێمـی سـووریا لەساڵانی 1979بـۆ 1998 خـۆی بـە باشـی لەنێـو کوردانی


سووریادا ڕێکخست و بووە یەکێك لەو هێزە پێشەنگانەی کە نوێنەرایەتی سیاسەتی کوردانی سووریا دەکات.
مەزەندە دەکرێت کە 20% جەنگاوەرانی PKKکوردانی سووریابن و لەنێویشیاندا ژمارەیەکی بەرچاویان جەنگاوەری ئافرەتن . زۆریش لەو جەنگاوەرانەی PKKکە لە سووریا لەدایکبوون لە شەڕی گرووپەکەدا لەگەڵ تورکیا گیانیان لەدەستداوە. هەموو ئەوانە زیاتر سنووری سیاسی نێوان کوردانی سووریا و تورکیای کاڵکردەوە و لەئەنجامدا ئەمەش سەریکێشا بۆ گەشەکردنی ئەجێندایەکی سیاسی هاوبەش لەدەوری هەمان ڕێکخراوی سیاسی و سەربازی PKK بۆ ماوەیەکی درێژ. هەرچەندە PKK هیچ چالاکییەکی سەربازی لەدژی سووریا ئەنجامنەداوە، بەڵام تاکە گرووپی سەربازی کوردیبوون کە ئەو ژمارە زۆرەی کوردانی سووریا لەنێو ڕیزەکانیدا لەخۆبگرێت و ببێتە نوێنەریان.
ئیمزاکردنی ڕێککەوتنامەی ئەدەنەی نێوان تورکیا و سووریا لەساڵی 1998دا ، مەودایەکی کەمی بۆ مانەوەی PKKلەنێو سووریادا هێشتەوە. هەر زوو ڕێککەوتننامەکە بووە هۆی دەرکردنی عەبدوڵلا ئۆجەلان و قەدەخەکردنی چالاکییەکانی PKKو ئەوەش بووە هۆی دەستگیرکردنی زۆر لە ئەندامانی گرووپەکە کە پەیوەندییان بە PKK-ەوە هەبووە.
ئەمەش لەلایەکی دیکەوە، زەوینەیەکی بۆ دامەزراندنی ڕێکخراوێکی دەستەخوشك لەڕووی ئایدیۆلۆژییەوە لەگەڵ PKKدروستکرد لەنێو کوردانی سووریادا لەساڵی 2003دا کە ئەویش PYDیە و لەکاتی ڕاپەڕینی سووریادا، ڕێکخراوە سەربازییەکەشی دامەزراند لەساڵی 2011 دا کە ئەویش YPG بوو.
PYDبەشێکە لە کۆما جڤاکێن کوردستان KCK کە ئەمەش ڕێکخراوێکە لە ژێر ڕابەرایەتی عەبدوڵلا ئۆجەلان کە چەتری کۆکەرەوەی PKKو ڕێکخراوە پەیوەندیدارەکانیەتی. سەرەڕای هەموو دەنگۆکان، بەتایبەتی دەنگۆکانی نێو تورکیا، YPG و PKKلەڕووی سەربازییەوە دوو ڕێکخراوی جیاوازن.
هاوسەرۆکی PYDساڵح موسلیم دەڵێ هەردووکیان لەهەڵگرتنی فەلسەفەی سیاسی و ئایدیۆلۆژی عەبدوڵلا ئۆجەلاندا هاوبەشن و داوای هەمان مۆدێلی سیاسی "خۆسەری دیموکراسی "بۆ کورد بەگشتی دەکەن، بەڵام ئەوان دوو ڕێکخراوی جیاوازن.
هاوبەشیکردن لە هەمان ئایدیۆلۆژیا و فەلسەفەی سیاسی ، کەوتنە ژێر کاریگەری سیاسی و سەربازی PKKبۆ ماوەیەکی درێژ، زیاتر هاوسۆزی نێوان کوردانی تورکیا و

ڕۆژئـاوای کوردسـتانی بەهێزکـردووە و پەیوەندییەکانیـان بـۆ ئەودیـو ئەتنیـك هەڵکشـاوە.

## کوردانی تورکیا لەنێو YPG دا

لەگـەڵ شۆڕشـی ڕۆژئاوای کوردسـتاندا بەتایبـەت لـەدوای هێرشـەکانی داعـش لـە ڕۆژئـاوای کوردسـتان ، زۆر لـە کـورد کـە زۆرینەیـان گەنـج بـوون لەهەمـوو پارچەکانـی کوردسـتانەوە و لـە ئەوروپاشـەوە پەیوەندییـان بـە ریزەکانـی YPGەوە کـرد. ژمـارەی ئـەو گەنجـە کوردانەی لـە تورکیـاوە کـە پەیوەندییـان بـە YPGەوە کـرد بەڕێژەیەکـی بەرچـاو زیاتربـووە لەوانـەی لـە پارچـە کوردییەکانـی دیکـەوە بەشـداریان کـردووە. ژمـارەی قوربانیانـی YPG لەنێـوان کانوونـی دووەمـی سـاڵی 2013 ەوە بـۆ 2016 ، ئـەوە پشتڕاسـتدەکاتەوە.
ئـەو خاڵانـەی کـە لـە بەشـی پێشـتردا روونکرانـەوە وادەکات کـە ئـەو ئاسـتە بـەرزەی بەشـداری کوردانـی تورکیـا زیاتـر روونبێـت، چونکـە پەیوەنـدی کولتـووری و ئایدیۆلـۆژی و تاوەکـو رادەیەکیـش سیاسـی نێـوان کوردانـی تورکیـا و سـووریا زیاتـر پەرەیسـەندووە.
ئـەو کوردانـەی تورکیـا کـە پەیوەندییـان بـە YPGەوە کـردووە لـە زۆر ناوچـەی جیـاوازەوە هاتـوون و هاوسـۆزییان بـۆ PKKهەبـووە.
هەندێـك لـەو کوردانـە یـان چالاکبـوون یـان پەیوەندییـان بـە تەڤگـەری گەنجانـی وڵاتپارێزی شۆڕشـگێرەوە هەبـووە کـە بـە ڕێکخراوێکـی سـەر بـە PKKسـەیر دەکرێـت و سـاڵی 2013 دامـەزراوە. (هەڤپەیڤیـن لەگـەڵ چالاکڤانانـی – YDG-H، دیاربەکـر ، شـوباتی 2015).
جانییـە (ناوێکـی خـوازراوە ) کە کەسـێکی چالاکبووە لـە بەڕێوەبردنی کەمپەینە سیاسـییەکان بـۆ کۆبانـی لـە دیاربەکـر گوتـی:" هەندێـك لـە گەنجانـی کـورد کـە هەرچەنـدە خێزانەکانیان لـەڕووی سیاسـییەوە خۆیـان لـە PKKیـان HDP دوورگرتـووە، بـەڵام پەیوەندییـان بـە YPG ەوە کـردووە . " هۆشـیارییەکی کوردسـتانی لەنێـو بەشـداربوواندا هەبـوو، بـەڵام هەموویـان ئەندامـی – YDG-H نەبـوون".( هەڤپەیڤیـن لەگـەڵ جانییـە، دیاربەکـر، ئابـی 2016).
ئـەو خاڵـەی کـە جانییـە تیشـکی خسـتە سـەر بەهەمـان شـێوە لەلایـەن زۆر کـوردەوە باسـکران. ژمارەیەکـی بەرچـاوی ئـەو گەنجانـەی کـە پەیوەندییـان بـە YPGەوە کـردووە، حەزیانکـردووە کـە کەناڵەکانـی خۆیـان بـۆ پەیوەندیکـردن بەکاربێنـن نـەك لـە ڕێگـەی YDG-H ەوە یـان زانیاریەکانـی ئەوانـەوە بێـت. بـۆ نموونـە، جـودی (ناوێکـی خـوازراوە) کە کەسـێکی چالاکبـووە لەنێـو گرووپـە سیاسـییەکانی گەنجانـی کـورددا، ئـەوەی روونکـردەوە کـە هەرچەنـدە ئـەو چالاکبـووە لەنێـو ڕێکخـراوە سیاسـییە کوردییەکانـدا و هەروەهـا

بەشداربووە لەنزیکەی هەموو چالاکییەکاندا سەبارەت بە رۆژئاوای کوردستان، بەڵام زۆربەی گەنجەکان کە لەنێویاندا خوێندکارانی ئامادەیی و زانکۆ هەبوون لە ڕێگەی دەستپێشخەری کەسی خۆیانەوە پەیوەندییان بە YPGەوە کردووە.
ئەوەشیگوت کە نازانێ ژمارەی ئەو گەنجانە چەندن کە چوونەتە روژئاوای کوردستان (هەڤپەیڤین لەگەڵ جودی کە ناوێکی خوازراوە، دیاربەکر شوباتی 2015 ). لەنێو بەشداربوواندا، سیاسەتمەدارەکانی HDP و سەرۆك شارەوانی و منداڵانی ڕێگەپێدراو هەبوون. بە گوتەی جودی خۆی " شۆڕشی رۆژئاوا وەك موگناتیس گەنجانی بۆخۆی رادەکێشا" ، بەوجۆرەش زۆر لە گەنجانی کورد لە سنوورەکان پەڕینەوە و لەریزەکانی YPGدا چەکیان هەڵگرت.
لەلایەکی دیکەوە و سەرەڕای بەشداری فراوانیان ، هێشتا داتایەکی ورد و پشتپێبەستراو لەبارەی ژمارەی ئەو کوردانەی تورکیا کە پەیوەندییان بە YPGەوە کردووە لەبەردەستدا نییە. بەپێی یەکە هەواڵگرییەکان کە (حورییەت دەیەلی نیوز) ئاماژەی بۆ دەکات، 4500 کوردی تورکیا بەشدارییان لە YPGدا کردووە. هەمان راپۆرت ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە 4000 جەنگاوەری PKKیش پەیوەندییان بە YPGەوە کردووە . سەرچاوەکانی رۆژئاوای کوردستان (PYD- YPG) داتایەکی تایبەت لەسەر ژمارەی کوردانی تورکیا لەنێو ریزەکانیاندا نادەن، بەڵام نووسینگەی راگەیاندنی PYDدەڵێ 49،24% کە دەکاتە 359 ی قوربانیانی نێوان کانوونی دووەمی 2013 – 2016 کوردی تورکیا بوون.




خشتەکە داتای قوربانیانی PYDو YPG لەنێوان کانوونی دووەمی 2013 بۆ 2016 نیشاندەدات.
سەرچاوە : (Mepa News 2016)

بەشـیکردنەوەی ئـەو داتایانـەی کەلەلایـەن نووسـینگەی میدیایـی YPG، بڵاوکراونەتـەوە، شـتاین و فۆلـی دەڵێـن 38.95%ی قوربانیانـی YPG لەکاتـی بەرگریکـردن لـە کۆبانـێ، بوونەتـە قوربانی و 44.4%یشـیان کـوردی تورکیا بـوون. (Stein and Foley 2016) ئەلبوومی شـەهیدانی YPGش ئـەوە پشتراسـتدەکاتەوە کـە ئـەم داتایـە تاوەکـو رادەیـەك راسـتە، چونکە تەنیا کورتەیـەك لـە ژیاننامـەی جەنـگاوەران لەخۆدەگرێـت ئـەوە نیشـاندەدات کە زۆربەیـان خەڵکـی تورکیـا بـوون.

لەکاتـی کارە مەیدانییەکـەم لـە دیاربەکـر، پێیانگوتـم کـە زۆر لـە بریندارەکانـی YPG لـە نەخۆشـخانەکانی دیاربەکـر چارەسـەرکراون. لـە سەردانیشـمدا بـۆ هەندێـك لـەو نەخۆشـخانانە، پێیانگوتـم کـە نزیکـەی نیـوەی ئـەو ئەندامانـەی YPG کـوردی تورکیـان. یەکێـك لـە شـەڕڤانانی YPG کـە خەڵکـی قزڵتەپـەی مێردیـن بـوو، گوتـی کـە تەنیـا لـە

قزڵتەپەوە لەساڵانی 2013 بۆ 2014 نزیکەی 250 گەنج پەیوەندییان بە YPG کردووە. ئەندامێکی دیکەی YPG کە بەسەختی بریندار بوو، خەڵکی شاری مێرسین بوو. گوتی ئەو شایەتحاڵی ئەوەیە کە زیاتر لە 200 گەنجی خەڵکی مێرسین چوون بۆ رۆژئاوای کوردستان . دایکێك پێیگوتم کە گەنج لەسەر شەقامەکان نەماون هەموویان چوون بۆ رۆژئاوای کوردستان .

جودی جەخت لەوە دەکاتەوە کە لەکاتی بەرگریکردن لە کۆبانێدا مەحالبوو 20 بۆ 30 گەنج لەدیجلەی دیاربەکر بدۆزیتەوە. لەبەرئەوەی زۆربەی گەنجان چووبوونە رۆژئاوای کوردستان (هەڤپەیڤین لەگەڵ جودی (ناوێکی خوازراوە)، دیاربەکر، شوباتی 2015).

بۆ زۆر لە گەنجان، شۆڕشی رۆژئاوای کوردستان هەر ئەوەندە نییە کە بریتی بێت لە پارێزگاریکردن لە پارچەیەك لە زەوی یان ناوچەیەك، بەڵکو ئەوە مەسەلەیەکی شەرەفیشە بۆ ئەوان. " رۆژئاوا لەو رۆژانەدا نوێنەرایەتی شەرەفی کوردستان و تەنانەت جیهانیش دەکات". ئەمە گوتەی شەڕڤانێکی YPGیە کە لە تورکیا لەدایکبووە. (هەڤپەیڤین لەگەڵ ئەندامێکی YPG، هەولێر، ئازاری 2015) بە تیشکخستنە سەر ئەم خاڵەش ساریا (ناوێکی خوازراوە) جەخت لەوەدەکاتەوە کە کوردانی تورکیا وایاندەبینی کە شۆڕش لە رۆژئاوای کوردستان کاریگەری لەسەر ناوچە کوردییەکانی دیکەش دەبێت. ئەوەشیان بۆ دەرکەوت کە سەرکەوتن و ئازادی لە رۆژئاوای کوردستان هەیە. سیستەمێك لە رۆژئاوای کوردستان دامەزراوە. گەنجانی کورد ئەم هیواو باوەڕەیان لە رۆژئاوای کوردستان بینی. هەر لەبەرئەوەش، سەرەڕای بەربەست و مینەکان، سنووریان بڕی و پاڵەوانانە شەڕیان کرد.

هێرشە توندەکانی داعش کە کوشتن و رفاندنی خەڵکی مەدەنیشی لەخۆدەگرت ، بەتایبەتی کوشتن و رفاندنی ژنان و منداڵان ، هاوکات لەگەڵ هەڵوێستە تەواو توندەکانی دەسەڵاتی تورکیش لەدژی بەرگری رۆژئاوای کوردستان کاریگەرییەکی زۆریان کردە سەر گەنجان.

رق لە دەوڵەتی تورك، بەتایبەتی لەکاتی بەرگریکردن لە کۆبانێ، هانی گەنجانیدا کە پەیوەندی بە YPGەوە بکەن. لەبەرئەوەی تاوەکو رادەیەك یەکەم جاربوو کە کورد هەندێك دەستکەوتی هەبێت و ئەوەشی بە شەڕکردن بەدەستهێنابێت. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو دەوڵەتە "تورکیا"بەرەنگاری ئەمە دەبووەوە. ئەمەش تووڕەییەکی زۆری لەلای خەڵك دروستکرد و کاریگەریەکی وەهای لەسەر هەندێك کورد دروستکرد کە

لـە ریزەکانـی YPGدا چـەك هەڵبگـرن .
بـۆ نموونـە، لـە وتارێکـدا، دەسـتەواژەیەکی سـەرۆکی تورکیـا رەجـەب تەیـب ئەردۆغـان کـە گوتـی " کۆبانـێ نزیکـە بکەوێـت" ، تائێسـتاش بووەتـە مایـەی تووڕەیـی لەنێـو کوردانـدا، چونکـە ئـەوان دەڵێـن تورکیـا چـاوی بـە هیـچ دەسـتکەوتێکی کـورد هەڵنایێـت و داعشـی پێپەسـەندترە. لەکاتـی کارە مەیدانییەکـەم، زۆر لـە کـوردان پێیانگوتـم کـە ئـەو گوتـارەی ئەردۆغـان هەندێـك کـوردی بەجۆرێـك تووڕەکـرد کـە لـە ریزەکانـی YPGدا چـەك هەڵبگـرن و دەسـتبەجێ بچنـە کۆبانـی.
بەرگـری کۆبانـێ لـەو رووەوە بـووە خاڵـی وەرچەرخـان لەهـەردوو خەباتـی رۆژئـاوای کوردسـتان و پەیوەندیکردنـی کوردانـی تورکیـا بـە YPGەوە . لـە لێدوانیـدا بـۆ ئاژانسـی فرانـس پرێـس، رامـی عەبدولڕەحـمان دەڵێـت" لانیکـەم 800 شـەڕڤانی کـورد سـنووری تورکیـا- سـووریایان بڕیـوە بـۆ ئـەوەی هـاوکاری هەڤاڵەکانیـان لـە عەیـن عـەرەب بکـەن "کـە بەکـوردی پێیدەگوترێـت کۆبانـێ" و لەژێـر ئابڵۆقەیەکـەی تـەواوی جیهادییەکانـی دەوڵەتـی ئیسـلامیدا بـووە.
بەشـداریکردنی کـورد لـە بەرگـری رۆژئـاوای کوردسـتاندا ، بـەڵام بەتایبـەت لـە کەیسـی کۆبانێـدا ئـەوەی نیشـاندا کـە " کـورد هـەم لـە هزریانـدا و هـەم لـە واقیعیشـدا ئـەو سـنوورانەیان تێکشـکاند کەلەنێـوان ناوچـە کوردییەکانـدا دروسـتکرابوون" بـە گوتـەی چیوانـی نوێنـەری PYDلـە بەریتانیـا " نیشـتمانپەروەری کـورد ئـەو سـنوورانە ناناسـێت" کـە بەبـێ رەزامەنـدی ئـەوان دروسـتکراون. لەبەرئـەوە، هەرچەنـدە هێشـتا داتایەکـی تـەواو لەبەردەسـتدا نییـە لەبـارەی ژمـارەی کوردانـی تورکیـا لەنێـو YPGدا، بـەڵام کارە مەیدانییەکانـم لـە تورکیـا و عێـراق و هەروەهـا چاوپێکەوتنـم لەگـەڵ کوردانـی سـووریا ئـەوە نیشـاندەدەن کـە زۆر لـە کـوردان پەیوەندییـان بـە YPGەوە کـردووە. هەندێکیشـیان ژیانیـان لەشـەڕکردنندا لەدەسـتداوە و هەندێکیشـیان هێشـتا بەشـدارن. ئەمەش لـە کاتێکدایە کـە هەندێکـی دیکەیـان بەتایبـەت لەپـاش ئازادکردنـی کۆبانـی گەڕاونەتـەوە بـۆ تورکیـا.

## بوونـە دەنگـی رۆژئـاوای کوردسـتان

هەرچەنـدە PYDهێزێکـی چالاکبـووە لەنێـو کـورددا، بەڵام کاتێك شـەڕ لەنێـوان گرووپەکانی ئۆپۆزیسـیۆنی سـووریا و بەتایبـەت لەنێـوان سـوپای سـووریای ئـازاد و هێزەکانـی رژێمـی سـووریا روویـدا، کوردانـی سـووریا هیـچ رێکخراوێکـی سـەربازییان نەبـوو.

لەگەڵ گۆرانی ئاراستەی راپەڕینەکە بۆ ململانێیەکی سەربازی و سەرهەڵدانی دڵەڕاوکێ یان نەمانی دڵنیایی لەو وڵاتە، یەکەم رێکخراوی سەربازی کوردی لە سووریا، واتە YPG دامەزرێندرا. بەهۆی هێرشەکانی داعش و نوسرە بۆ سەر رۆژئاوای کوردستان لەزۆر قۆڵ و بەرەوە و درێژی سنووری رۆژئاوای کوردستان ، YPG پێویستی بە شەڕڤانی زیاتربوو.

بەشداریکردنی کوردانی تورکیا لەم کاتەدا زیاتر ریزەکانی YPG-ی بەهێزکرد و وایکرد کە گرووپەکە لەزۆر قۆڵەوە لەدژی گرووپە توندڕەوەکان بجەنگن.

کوردانی تورکیا گرنگییەکی زۆریان بۆ شۆڕشی رۆژئاوای کوردستان نیشاندا و لە ئەنجامی ئەم گرنگییە زۆرەش کەمپەینێکی چالاکیان لە تورکیا و یەکێتی ئەورووپاش بەڕێوەبرد. هەزاران کەسیان کۆکردەوە و تاڕادەیەکیش کاریگەریان لەسەر سیاسەتی یەکێتی ئەورووپا لەبارەی کوردەوە دروستکرد.

لەگەڵ ئەم کەمپەینەدا زۆر لە هاووڵاتیانی رۆژئاوای کوردستان بەرە- بەرە دەربارەی کورد لەسووریا بە ئاگابوون. بەئاگابوون لە بەرگریان لە بەرامبەر داعش و ژنانی شەڕڤانی کورد. لەگەڵ ئەمانە و بە بەکارهێنانی دەسەڵاتی سیاسی و تۆڕبەندی دیپلۆماسی خۆیان لە تاراوگە، کوردانی تورکیاش زۆر کۆبوونەوەیان لە پەرلەمانەکانی وڵاتانی یەکێتی ئەورووپا رێکخست و کۆمیسیۆنێکی سیاسییان لەگەڵ تۆڕبەندی لەنێو سیاسەتی رۆژئاوادا دروستکرد.

هەمووئەم هۆکارە بەشدارانە گوشاریان خستە سەر وڵاتانی یەکێتی ئەورووپا و ئەمریکا بۆ ئەوەی هەنگاوی زیاتر بۆ هاوکاریکردنی رۆژئاوای کوردستان بنێن.

تاڕادەیەکیش بەهۆی ئەم گوشارانەوە بوو کە یەکێتی ئەورووپا و ئەمریکا بەردەوام گوشاریان دەخستە سەر تورکیا کە رێوشوێنی زیاتر لەدژی چالاکییەکانی داعش لەسەر سنوورەکانی لەگەڵ سووریا بگرێتەبەر. هەروەها ئەمریکا گوشاری خستەسەر تورکیا کە لەکاتی بەرگریان لە کۆبانێ رێگە بە پەڕینەوەی هاوکاری لۆجیستی سەربازی و مرۆیی بۆ جەنگاوەرانی PYDبدات. (Bombey، Solomom، and Darahagi 2014)

چالاکییەکانی کوردانی تورکیا لەتورکیا و یەکێتی ئەورووپا گوشاریکی بەرچاوی خستەسەر یەکێتی ئەورووپا بۆئەوەی زۆر لەتورکیا بکەن دووبارە چاو بە سیاسەتە توندەکانیدا لەبەرامبەر رۆژئاوای کوردستاندا بخشێنێتەوە. لەگەڵ هەڵکشانی تووڕەیی یەکێتی ئەورووپا و هەروەها لەگەڵ بەئاگابوونیش لە ئەگەری ململانێیەك لەگەڵ کوردانی خۆی، تورکیا رێگەیدا حکومەتی هەرێمی کوردستان لەکاتی بەرگریکردن لە کۆبانیدا

یارمەتـی YPG بـدات.
هەمـوو ئەمانـە لـە ئەنجامـدا، کاریگەریەکـی زۆرگەورەیـان لەسـەر شۆڕشـی رۆژئـاوای کوردسـتان بەجێهێشـت. " یەکـەم شـت ئەوەبـوو کـە خەڵکـی رۆژئـاوا بینیـان ئـەوان بـە تەنیـا نیـن و زۆر لـە کـوردان پەیوەندییـان بـە خەباتەکەیانـەوە کـرد. ئەمـەش زیاتـر دەسـەڵات و پێداگـری و ئیـرادەی ئەوانـی بەهێزکـرد بۆبردنـەوەی جەنگەکـە لەبەرامبـەر داعـش". بەوجـۆرەش، زۆربـەی کـورد باوەڕیـان وایـە کوردانـی سـووریا بەشـێوەیەکی بەرچاو پشـتگیریان لـە خەباتـی کوردانـی تورکیـا کـردووە و بـە مەزەندەیـی 7 بـۆ 10 هـەزار کـوردی سـووریا لـە ریزەکانـیPKK دا گیانیـان لەدەسـتداوە.

## تێبینییە دەرئەنجامییەکان

کوردانـی تورکیـا کاریگەریەکـی گرنگیـان لەسـەر شۆڕشـی رۆژئـاوای کوردسـتان دروسـتکرد. لەرێگـەی راسـتەوخۆ بەشـداریکردنیان لـە YPG-دا پشـتگیری سـەرەکی ئـەوان بـۆ رۆژئـاوای کوردسـتان لـە رێگـەی سـەربازییەوە پەرەیسـەندووە. بەرەکانـی جەنگـی YPG بەبەشـداری کوردانـی تورکیـا زیاتـر بەهێزبـوو. هەروەهـا کوردانـی تورکیـا لـە وڵاتانـی رۆژئـاوادا بوونـە دەنگـی رۆژئـاوای کوردسـتانیش.
لەرێگـەی کۆکردنـەوەی هـەزاران کـەس، لەگـەڵ میدیـاکان و پەیوەندییـە سیاسـییەکانیان، کوردانـی تورکیـا بەتایبـەت لەکاتـی بەرگریکـردن لەکۆبانـێ ، رۆژئـاوای کوردسـتانیان لەنێـو ئەجێنـدای یەکێتـی ئەوروپـا دانـا. هەمـوو ئـەم لایەنانـە لـە جۆشـدانی شـەڕڤانانی YPG-دا زیاتـر بەشـداربوون. رۆژئـاوای کوردسـتان ئـەوەی بـۆ ئاشـکرابوو کـە ئـەوان لـە خەباتەکەیانـدا بـە تەنیـا نیـن و زۆر لـە گەنجانـی کـوردی تورکیـا ئامـادەن پەیونـدی بـە پرسـەکەیانەوە بکـەن.

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە : دانا مەمی

# سەرچاوەکان


Istanbul ."داPKK سـیمبوول و ئەکتـەرەکان و ژنـان لەنێـو" Alkan، Necati.2012. PKK’da Semboller، Aktörler Kadinlar
.: Karakutu

Washington: The Washington Institute for .32." سـەرهەڵدانی PYDو سـوپای سـووریای دیموکراتیـك".Barfi، Barak. 2016
Near East Policy

https://www.washingtoninstitute.org/uploads/Documents/pubs/ResearchNote32-Barfi.pdf.

Baser، Bahar.2011." چالاکی سیاسـی تاراوگـەی کـوردی لەئەوروپا بەتایبـەت بـە تیشکخستەسـەر بەریتانیـا". پـرۆژەی دیالۆگـی تاراوگـە بـۆ پەرەپێـدان و و ئاشـتی ، بەرلیـن ، Berghof Peace Support/Luzern : سـەنتەری ئاشـی و دیموکراسـی دادپەروەرانـە.

BBC News.2014." کوردانـی تورکیـا : خۆپیشـاندانەکانی کۆبانـێ بووەهـۆی مردنـی 19 کـەس; ".BBC News، October 8، sec. Europe. http://www.bbc.co.uk/news/world-middle-east-29530640.

Cockburn، Patrick.2015."ئۆبامـا داوادەکات کـە تورکیـا سـنوورەکانی لەگەڵ سـووریا دابخـات".The Independent.November 2 . http://www.independent.co.uk/news/world/europe/war-with-isis-president-obama-demands-that-turkey-close-stretch-of-frontier-with-syria-a6753836.html.

Dombey، Daniel، Erika Solomon، and Borzou Darahagi.2014."تورکیـا دەرگاکانـی وڵاکـرد بـۆ جەنگاوەرانـی کـورد بـۆ هازکاریکردنـی کۆبانـێ". Financial Times، October 20. http://www.ft.com/cms/s/0/581e-11e4-b331-64ed8d28-
.00144feab7de.html#axzz4JRxPMn4a

Geerdink، Frederike.2014a."کۆبانـی : تورەیـەکان زیاددەبـن لەکاتێـکدا کـە تورکیـا رێگەنـادات کـورد هـاوکاری میلیشـیاکان بـکات لـە سـووریا".The Guardian، October 8، sec.World news. https://www.theguardian.com/world/2014/oct/08/
.kobani-isis-turkey-kurds-YPG-syria-erdogan

--------------. 2014b." "پێشـرەویەکانی داعـش : 200 هـەزار کـورد پێشـوازیەکی ساردوسـڕیان لێکـرا لەکاتـی هەڵهاتنیـان و بڕینـی سـنووردا لـە کۆبانێـوە بۆنـاو تورکیـا . The Independent". independent، October 19.

http://www.independent.co.uk/news/world/middle-east/200000-syrian-kurds-find-a-cold-reception-as-they-flee-kobani-across-border-into-turkey-9805017.html.

Gunter، Micheal M.2014.دەرکەوتنێکی چاوەڕواننەکراو، کوردانی سووریا لە شەڕ و ئاشتیدا.London: Hurst&Company.

Haber Vakti.2016. Erdoğan: ‘Kobani Düştü Düşüyor’. Accessed September 6. https://www.youtube.com/watch?v=iDZc3kvSMrk.

Hossino، Omer، and Ilhan Tanir.2012." کەمایەتیـە یەکلایکەرەوەکـە : رۆڵـی کوردانـی سـووریا لـە شۆڕشـی دژی بەشـار ئەسـەد". The Henry Jackson Society. http://henryjacksonsociety.org/wp-content/uploads/2012/03/The-Decisive-
.Minority.pdf

Human Rights Watch.1996."سـووریا کوردانـی بێدەنگکـراو". Human Rights Watch/Middle East. Vol.8، No.4(E).
.https://www.hrw.org/sites/default/files/reports/SYRIA96.pdf

Hurriyet Daily News.2014."سـەدان کـورد دەچنـە ناوسـووریاوە بـۆ شـەڕکردن لـەدژی داعـش و تورکیـاش رێوشـوێنی ئەمنـی لەسـەر سـنووری رۆژئـاوا زیـاد دەکات". July 15. http://www.hurriyetdailynews.com/hundreds-of-kurds-enter-syria-
.to-fight-isil-as-turkey-increases-security-on-rojava-border-.aspx?pageID=238&nid=69143

International Crisis Group.2014. " ?فڕینـی ئیکاروس"سـەرهەڵدانە ناسـەقامگیرەکەی PYDلـە سـووریا". Middle East Report N 151. Brussels. https://www.crisisgroup.org/middle-east-north-africa/eastern-mediterranean/syria/
.s-precarious-rise-syria-پ.ی.د-flight-icarus

.Kizilkoyun، Fevzi.2015." ‘Türkiye’den YPG’ye 8 Bin 500 Militan’. Hürriyet. Haziran
.http://www.hurriyet.com.tr/turkiye-den-YPG-ye-8-bin-500-militan-29372989

Kurdis Info.2014.کچی هاوسەرۆکی شارەوانی بەدەپە لە رۆژئاوا کوژرا". Kurdish info. May 7

.http://www.kurdishinfo.com/daughter-bdp-co-mayor-killed-rojava
Kurdwatch.2011." چاوپێکەوتـن لەگـەڵ سـاڵح موسـلیم موحەمـەد ، سـەرۆکی پ.ی.د: پشـتکیرکەرانی تورکیـا لـە کوردسـتانی سـووریا بەرپرسـن لـە نائارامیەکانـی ئێـرە.October 20.
.http://www.kurdwatch.org/html/en/interview6.html
./Malpera Fermî Ya YPG ê'. 2016. Accessed September 5. http://YPGrojava.com/tr'
Marks، Monica.2016."داعـش و نـوسرە لـە تورکیـا ناونوسـکردن و وەرگرتنـی جیهادیـەکان و وەڵامـی ئەنکـەرە" Institute for ISDJ4677_Turkey_R1_WEB./07/Strategic Dialogue. http://www.strategicdialogue.org/wp-content/uploads/2016 .pdf
Mepa News.2016. 'پ.ی.د-/YPG Kayıplarının Analizi (İnfografik)'. May 21. http://www.mepanews.com -567/analizپ.ی.د-YPG-kayiplarinin-analizi-infografik.html.
Paasche، Till F.2015." کوردانی سووریا و عێراق : ململانێ و هاریکاری". 1)Middle East Policy XXII(1).

.04/Phillips، Christopher. 2012. 'Into the Quagmire: Turkey's Frustrated Syria Policy'. MENAP BP 2012 London: Chatham House. https://www.chathamhouse.org/sites/files/chathamhouse/public/Research/Middle%20 .East/1212bp_phillips.pdf
Phillips، Christopher.2012. " بۆنـاو بارودۆخـە ئاڵـوزە لیخنەکـە، سیاسـەتی پەشـێوی تورکیـا لەبـارەی سـووریاوە"، MENAP BP .04/2012 London: Chatham House. https://www.chathamhouse.org/sites/files/chathamhouse/public/Research/ .Middle%20East/1212bp_phillips.pdf
RT International.2014." داعـش لـە کۆبانـێ : چـۆن خۆپیشـاندانەکانی کـورد تەقیـەوە و بەهەمـوو ئەوروپـادا بڵاوبویـەوە( نەخشـەیەکی پێکەوەیـی). . July 10. https://www.rt.com/news/193940-kurdish-protests-europe-isis/.
Sinclair، Christain، and Sirwan Kajjo.2011." گەشـەکردنی سیاسـەتی کـوردی لـە سـووریادا" Middle East Research and Information Project، August 31. http://www.merip.org/mero/mero083111?ip_login_no_cache=134f66dbb7ac99 .f775f59d325d970a9f
Stein، Aaron، and Michelle Foley. 2016. 'پەیوەندیەکانـی نێـوان PKKو YPG'. Atlantic Council. January 26. http:// .www.atlanticcouncil.org/blogs/menasource/the-YPG-PKK-connection
Tejel، jordi.2009.مێـژووی کوردانـی سـووریا ، سیاسـەت و کۆمەڵگـە. Translated by Emily Welle and Jane Welle. London- .New York: Routledge

خۆبەڕێوبەری دیموکراسی رۆژئاوا – کۆمیسیۆنی پەیوەندیەکانی دەرەوە .2016." مەلەفی داعش و تورکیا".
.https://www.docdroid.net/iNcGakq/isis-and-turkey-.pdf.html
Vanly، Ismet Cheriff.1992.کـورد لـە وسـووریا و لوبنـان. In The Kurds A Contemporary Overview، edited by Philip .G. Kreyenbroek and Stefan Sperl، 112–34. London-New York: Routledge

# پاشکۆ

# لێکدانەوەی کۆمەڵناسانەی دیاردەی دەوڵەتی ئیسلامی (داعش)

محەممەد سالار کەسرایی

داعش یەکێک لە دیاردە تازەسەرهەڵداوەکانی پەڕگیری ئیسلامییە کە بە بەراورد لەگەڵ گرووپە پەڕگیرەکانی دیکە خاوەنی زۆر تایبەتمەندیی جێی سەرنجە. لە تایبەتمەندییە دەگمەن و جیاوازەکانی داعش، توندوتیژیی بێوێنەیە کە دەرهەق بە گرووپ و تاکەکانی دیکە دەینوێنێت. بابەتی جێی سەرنج لەم وتارەدا، تاوتوێی سەرهەڵدانی داعش و هۆکاری توندوتیژی نواندنی لەڕادەبەدەری ئەو گرووپەیە. وایدانێین کە پەیوەندییەکانی ناو سیستەمی جیهانی، سیستەمە سیاسییە جیاکارییەکانی رۆژئاوا و دیکتاتۆریی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست، میدیاکان و بیروبۆچوونی پاشداگیرکاری، بوونەتە هۆی پەیدابوونی ئەم گرووپە و بواری پێکهێنانی قەیرانی ناسنامە و هەست بە بێبەشی لەم کەسانەدا پێکهێناوە. ئەم توێژینەوەیە بە کەڵکوەرگرتن لە بەڵگەکانی بەردەست و نێوەڕۆکی میدیاکان و لەڕاستیدا بە لەبەرامبەر یەك دانانی راستییە ئەزموونکراوەکان و بنەما تیۆرییەکان، دەیەوێ گریمانەی باسەکانی ئەم بابەتە بسەلمێنێ و لە ئەنجامدا ئەم ئاکامانەی لێکەوتووەتەوە کە سیستەمی داگیرکاریی شاراوە لەنێو سیستەمی جیهانیدا و هەڵاواردن و جیاکاریی ناو سیستەمە سیاسییەکانی رۆژئاوا و هەروەها دیکتاتۆریی زاڵ بەسەر سیستەمە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست، لە ئەنجامدا قەیرانی ناسنامە و بارودۆخێکی تێکەڵ بە نارەزایی لەنێو تاکەکانی کۆمەڵگە جۆراوجۆرەکاندا لێکەوتووەتەوە. تەواوی ئەم تاکانە لە دووی پاڵەوانێکەوەن تاکو لەژێر ئالای ئەودا تۆڵەی خۆیان لە سیستەمە سیاسییەکانی ئێستا بستێننەوە. سەرهەڵدانی

گرووپێکی ڕادیکاڵی وەك داعش، وڵامدانەوە بە پێویستیی تۆڵەکردنەوە و سەربەخۆیی ژمارەیەکی زۆر لە سەرتاسەری جیهانە و هەر بەوهۆیەوە، پڕوپاگەندەی ئەم گرووپە لە ئاستی جیهانیدا لەگەڵ پێشوازیی بەربڵاو بەرەوڕووبوو. لە ئەنجامدا فۆڕمی زەق و بەرچاوی تۆڵەی ئەندامانی ئەم گرووپە لە نواندنی توندوتیژیی بێوێنەیاندا دەردەکەوێ کە لەڕاستیدا ئەم کردەوەیە وەك نواندنی ڕەفتاری قبوڵکردنی کۆمەڵگە لە سیستەمە سیاسییە توندوتیژەکانی ئەوانیش دەژمێردرێت.

## باسکردنی پرسەکە

ڕادیکالیزمی ئیسلامی بە پێشینەی نزیك بە سەت ساڵ و نێوەڕۆکێکی تێکەڵ بە نارەزایی، قۆناخی جۆراوجۆری بڕیوە. یەکەمین قۆناخی بیچمگرتنی ڕادیکالیزمی ئیسلامی دەگەڕێتەوە بۆ نێوەڕاستەکانی دەیەی 1930 و دامەزرانی "اخوان‌المسلمین" کە ئەوکات تێڕوانینێکی میانەڕۆیانەی هەبوو. قۆناخی دووەم لە ڕەوتی بیچمگرتنی ئەم گرووپانەدا، ڕێکخستنیان لە قاڵبی ڕێکخستنی چەکدارانەدایە کە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ دەیەی 1960ی زایینی. قۆناخی سێی بیچمگرتنی ڕادیکالیزمی ئیسلامی لە دەیەی 1990دا بناخەی بۆ دارێژرا و ڕێکخراوی قاعیدەی ئەفغانستان گرنگترین گرووپی ڕادیکاڵ لەو قۆناخەدایە (نەجەفزاد 1392: 4،3). تایبەتمەندیی بەرچاوی ئەم گرووپانە بوونی مودێلێکی سەرووئەتنیکی و بان‌ناوچەیی لەنێو ئەواندایە. بەدەربڕینێکی دیکە ، ئامانج لە تێکۆشانیان دامەزرانی حەتمی سیستمی دەوڵەتی لۆکاڵی نییە. هەروەها پێکهاتەی فرەنەتەوەیی و فرەکولتووریی لەنێو ئەواندا، دەرخەری پانتایی بەربڵاوی پەیوەندییەکانی ئەوانە. بوونی بەردوامی دووژمنێك، بۆ ئەوان گرنگی تایبەتی هەیە و بەردەوام لە هەوڵی پێناسەکردنی دووژمنێکی نوێدان بۆ خۆیان (هەمان سەرچاوە، 8). ئەمڕۆ گرووپی ڕادیکاڵی جۆراوجۆر لە ئاستی جیهاندا و بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا چالاکن. پاش کوژرانی ئوسامە بنلادن، ئەم گرووپە جیابوونەوەی تێکەوت و لقوپۆپی زۆری لێکەوتەوە، بەشێك لەوان لە پاکستان و بەشێکیان لە سووریا و عێراق و تەنانەت ئەفریقیا سەریانهەڵدایەوە. لەم نێوانەدا سووریا و گرووپە ڕادیکاڵە چالاکەکان، سەرنجێکی زۆریان لە سەرتاسەری جیهانەوە بەرەو خۆیان ڕاکێشا. بەرەی نووسرە کە خۆی یەکێکە لە لقەکانی قاعیدە، یەکێك لەو گرووپانەیە کە خۆی لە سووریا بەسەر چەند لقی دیکەدا دابەشبووە. یەکێك لەم لقانە گرووپی داعش یان دەوڵەتی ئیسلامیی

عێـراق و شـامە. هەرچەنـدە ئـەم دوو گرووپـە، لـە سـەرەتادا هاوپەیمانـی یەکتربـوون، بـەڵام پـاش ماوەیـەك بەهـۆی سـەرهەڵدانی هەندێـك ناکۆکـی ، بوونـە دووژمنـی قەستەسـەری یـەك و بەشـێك لـە تێکهەڵچوونەکانـی سـووریا بـۆ شـەڕی ناوخۆیـی نێـوان ئـەو دوو گرووپـە دەگەڕێتەوە.

داعـش زۆر ناوچـەی بەربـڵاوی لـە باکـووری سـووریا و رۆژئـاوای عێـراق داگیرکـرد و پـاش داگیرکردنـی موسـڵ، خەلافەتـی راگەیانـد. بـە بۆچوونـی بەشـێك لـە خاوەنڕایـان، داعـش بـە راگەیاندنـی خەلافـەت، دەیـەوێ لـە گـرێ دەروونییـە پەنگخواردووەکانـی وڵاتانـی عەرەبـی ـــ بەهـۆی بوونـی دەوڵەتـە ناکارامـە و بەسـتراوەکانەوە ـــ لەبەرامبـەر مودێرنیزاسـیۆنی رۆژئـاوا، کەمبکاتـەوە (مهرنامـە 37 _ تایبەتنامـەی خولیـای خەلافـەت). توندوتیژیـی بێوێنـە لـە رەوگـەی پێشـڕەوییەکانی داعـش، بـە یەکێـك لـە تایبەتمەندییـە دەگمەنەکانـی ئـەم گرووپـە رادیکاڵـە دەژمێردرێـت . بەپێـی راپۆرتـی ڤیـان دەخیـل ، نوێنـەری ئێزدییـەکان لـە پەرلەمانـی عێـراق: "داعـش 500 کـەس لـە پیاوانـی ئێـزدی شـەنگاڵی لەسـێدارەداوە و ژنانـی ئێـزدی و مەسـیحی ئـەو دەڤـەرەی وەك کـۆلا یـان کەنیـز و غەنیمەتـی جەنگـی فرۆشـتووە (هەواڵدەریـی ئیرنـا 1393). خاڵـی جێگـەی سـەرنج لـەم پەیوەندییـەدا، پەرەپێدانـی کەشـی توندوتیژانەیـە لـە رێگـەی ئینتەرنێـت و تـۆڕە کۆمەڵایەتییەکانـەوە. کەڵکوەرگرتنـی دیکـەی داعـش لەوجـۆرە میدیایانـە، هەوڵدانـە بـە ئاراسـتەی ئەنـدام پەیداکـردن لـە سەرانسـەری جیهانـدا. بوونـی زیاتـر لـە 12000شـەڕکەی دەرەکـی لـە 81 وڵاتـی دونیـاوە، پیشـاندەری سـەرکەوتنی ئـەم گرووپـە رادیکاڵەیـە لەبـاری پەلکێشـکردنی هێـز و ئەندامگیـری میدیاییـە (بـرت ب، 2014:6). بەدڵنیاییـەوە داعـش نـە یەکەمیـن گرووپـی رادیکاڵییـە کـە بانگەشـەی خەلافەتـی ئیسـلامی دەکات و نـە دواترینیشـیان دەبـێ، بـەڵام کردەوەکانـی ئـەم گرووپـە کاریگەرییەکـی زۆری لەسـەر بیـروڕای جیهـان دانـاوە. بەجۆرێـك کـە چۆنیەتـی بیچمگرتنـی ئـەم گرووپـە و کـردەوە زێدەڕۆییەکانـی، سـەرنجی زۆر لـە توێـژەران و لێکۆلینڤانانـی بـۆ لای خـۆی راکێشـاوە. لـە وڵامدانـەوە بـە چۆنیەتیـی بیچمگرتنـی ئـەم دیاردەیـە، تێڕوانینـی جۆراوجـۆری لـە ناوەنـدە زانسـتی و زانکۆییەکانـدا بـۆ دەکرێـت، کـە هەرکامـەو بەجۆرێـك لـە هەوڵـی وڵامدانـەوەی ئـەو پرسـەدان. گرووپێـك لـە توێـژەران لـەو بڕوایـەدان، بەهـۆی بوونـی چەنـدان دەوڵەتـی لـەرزۆك و بەرگەنەگـر کـە بـە دروسـتی ئەرکەکانـی دەوڵەتێکـی نیشـتمانی یـان نەتەوەیـی رانایەڕێنـن و هەروەهـا بۆشـایی دەسـەڵات لـە ناوچـەدا ـــ بەهـۆی نەبوونـی مەیلـی ئەمریـکا بـۆ دەسـتوەردان و رۆڵگێڕانـی هەژموونـی ـــ یـە کـە گرووپـی پەڕگیـر هەلـی سـەرهەڵدانیان بـۆ دەقۆزرێتـەوە. لـە روانگـەی ئـەم گرووپـەوە،

شـەپۆلی بەهـاری عەرەبـی کـە لـە بەرامبـەر دەوڵەتـە سـەرەڕۆکاندا شـێوەی گـرت، لـە هـۆکارە کاریگەرەکانـی بیچمگرتنـی داعـش دەژمێردرێـن . (یـەزدان فـام، 1993:1).
بەشـێکی دیکـە لـە لێکۆڵینڤانانیـش گرنگتریـن فاکتـەری سیاسـی بیچمگرتنـی گرووپـە رادیـکاڵ و تەکفیرییـەکان لـە نەبوونـی خەلافەتـی ئیسـلامی لەنێـو جیهانـی سـوننەدا دێننـە بەربـاس. لەلایەکـی دیکـەوە، بەسـتێنە فەرهەنگییەکانـی سـەرهەڵدانی گرووپـی لەوشـێوەیە، دەگێڕنـەوە بـۆ بڕشـت و دەسـتڕۆیشـتوویی کولتـووری رۆژئـاوا و پەرەسـەندنی بیرۆکـەی ئوومانیـزم و سـێکۆلاریزم (فرمانیـان، 1393:2). یەکێکـی دیکـە لـە هـۆکارە گرنـگ و کاریگـەرەکان لەمـەڕ سـەرهەڵدانی داعـش، تێگەیشـتنی سـەقەتی خەڵکـی ئاسـایی لـە دینـە، کـە بۆخۆیـان هێـزی پیـادەی ئـەو بیروبۆچوونـەن (نپـاری، 1393:1). توێژەرانـی زانسـتە سیاسـییەکانیش، ریشـەی بیچمگرتنـی داعـش بـە ئاکامـی رووبەڕووبوونـەوەی سـوننەت و مودێرنیتـە دادەنێـن و لەلایەکـی دیکـەوە بڕوایـان بـە تیـۆری دیالێکتیـك یـان قەیرانـی دەورەیـی هۆرکهایمێـر هەیـە. هۆرکهایمێـر لەوبڕوایەدایـە کـە هـەرکات جیهانـی ئیسـلام رووبـەڕووی قەیـران بووەتـەوە، هەوڵیـداوە بـە ئاراسـتەی بووژاندنـەوەی ئیسـلامیدا بجووڵـێ (مسـعودنیا، 1393:3).
بەشـێکی بەربڵاو لـە بیرمەندانیـش، تەتەڵـە و تاوتوێـی پێشـینەی مێژوویـی هـزری داعشـیان کـردووە و لەوبڕوایـەدان، ریشـەی بیروبۆچوونـی داعـش دەگەڕێتـەوە بـۆ بیرۆکەکانـی (ئیـبن تەیمیـە)، چونکـە داعشـەکان زۆر لـە کـردەوەی توندوتیژانـەی خۆیـان دەبەسـتنەوە بـە فتواکانـی ناوبـرا سـەبارەت بـە سـەربڕینی کافـران و ... لەلایەکـی دیکـەوە، بڕوامەندیـی بـە خەلافـەت کـە بـۆ عەرەبـەکان تایبەتمەندیـی نوسـتالۆژیی هەیـە، لەبەرامبـەر فـۆڕمـی رۆژئاوایـی حکومـەت واتـە دەوڵەتـدا شـێوەی گرتـووە (مهرنامـە 37 ـــ تایبەتنامـەی خولیـای خەلافـەت).
ئێسـپۆزیتۆ، گرنگتریـن هۆکارەکانـی گەشـەی گرووپـە پەڕگیـرەکان لـە سـووریا بەوجـۆرە دەخاتـەڕوو:
ـ توندوتیژی نواندنی رژێمی بەشار ئەسەد دژی خەڵك و گرووپەکانی ئۆپۆزیسیۆن.
ـــ سـەرنەکەوتنی کۆمەڵگـەی نێونەتەوەیـی لـە ئەنجامدانـی کردەوەیەکـی خێـرا و هاوکارینەکردنـی دەورگێڕانـی ناوچەیـی بەمەبەسـتی گرتنەپێشـی رێگەچارەیەکـی سیاسـی.
ـــ پشـتیوانی وڵاتانـی کەنـداو و ناوچەکانـی دیکـەی جیهـان لـە گرووپـە سـەلەفییە جیهادییـەکان.
خسـتنە پەراوێـزی موسـڵمانانی عەرەبـی سـوننە لـە عێـراق، لەلایـەن دەوڵەتـی مالیکییـەوە

(ئێسـپۆزیتۆ، 2014:4).

چاوخشـاندنێکی خێـرا بەسـەر بۆچوونـی ئـەم بیرمەندانـە و لێکۆلینڤانان و زۆر لـە توێژەرانی دیکـە کـە ناکـرێ لێـرەدا باسـی هەمـوو بۆچوونەکانیـان بکرێـت ، دەریدەخـات کـە ئـەوان زیاتـر لـە روانگەیەکـی سیاسـی و هزرییـەوە، تاوتوێـی دیـاردەی داعشـیان کـردووە. بەدڵنیاییـەوە شرۆڤـە و تەتەڵـەی دیاردەیەکـی وەك داعـش، ئـەوە دەخـوازێ کـە بـە تێڕوانینێکـی چەندلایەنـەوە تاوتوێبکرێـت، بـۆ ئـەوەی لـە ئەنجامـدا ئاکامـی جێسـەرنجی لێهەڵبهێنجرێـت.

ئـەم وتـارە دەیـەوێ لـە روانگەیەکـی کۆمەڵناسـانەوە، بـاس لـە چۆنیەتـی سـەرهەڵدانی داعـش و چیەتـی فاکتەرەکانـی کاریگـەر بەسـەر بیچمگرتنـی ئـەو رێکخـراوە بـکات. واتـە بـەدوای دۆزینـەوەی هـۆکارە کۆمەڵایەتـی و سیاسـییەکانی کاریگـەر لـە بیچمگرتنـی گرووپـە پەڕگیـرەکان و هەروەهـا وڵامدانـەوەی پەنابردنـی ئەوجـۆرە گرووپانـە بـۆ کـردەوەی توندوتیژیـی بێبەزەییانەیـە. گەیشـتن بـەم مەبەسـتانە لـە رێگـەی وڵامدانـەوەی ئـەم پرسـیارانەوە دەسـتەبەر دەبـێ: ئایـا سـنووردارەتییەکانی سیسـتمی سیاسـیی زاڵ بەسـەر وڵاتانـی ئیسـلامی، بەسـتێنی بیچمگرتنـی گرووپـە پەڕگیرەکانـی خۆشـکردووە؟ یـان جیاکارییەکانـی سیسـتمی جیهانـی لـە سەرانسـەری جیهـان خەڵکـی بـەو ئاراسـتەیەدا بـردووە کـە بـۆ دەسـتەبەرکردنی مافەکانـی خۆیـان، دژی نادادپەروەرییـەکان راپـەڕن؟ ئایـا دەکرێـت ئـەم بۆچوونـە بخەینـەڕوو کـە قەیرانـی ناسـنامە، سـەرچاوەکەی بـۆ ئـەو هـۆکارە دەرەکییانـە دەگەڕێتـەوە کـە هەسـتی بێبەشـی ڕێژەیـی لـە کەسـەکاندا بەهێزکـردووە؟ ئایـا دەکـرێ پەنابردنـی ئـەم گرووپـە پەڕگیرانـە بـۆ نواندنـی توندوتیژیـی لەڕادەبـەدەر، سـەچاوەکەی بگەڕێتـەوە بـۆ هەسـتی بێبەشـی رێژەیـی ئـەوان؟ گرووپـە پەڕگیـرەکان لـە چ رێگەیەکـەوە ئـەو ژمـارە زۆرەی هێـزی دەرەکیـان رەگـەڵ خۆیـان خسـتووە؟ رۆڵـی میدیاکان لـەم نێوانـەدا چۆنـە؟

## بنەما تیۆرییەکان

هـەر بەوجـۆرەی پێشـتر ئامـاژەی پێکـرا، توندوتیژیـی پەڕگیرانـە کـە لەلایـەن داعشـەوە رەچاودەکرێـت، سـەرنجی زۆر لـە توێژەرانـی بیاڤـە جۆراوجۆرەکانـی زانسـتە مرۆییەکانـی بـۆ لای خـۆی راکێشـاوە. تیـۆری جۆراوجـۆر سـەبارەت بـە هۆکارەکانـی توندوتیـژی نوانـدن خراونەتـەڕوو و هـەر کام لـە گۆشـەنیگایەکی تایبەتـەوە لـە هۆکارەکانـی پەنابـردن بـۆ

تووندوتیژییـان کۆڵیوەتـەوە. یەکێـك لـەو تیۆریانـەی کـە بەشـێوەیەکی بەربـڵاو پڕژاوەتـە سـەر تووندوتیـژی سیاسـی و هـۆکارە کاریگەرەکانـی سـەر ئـەو دیاردەیـەی لـە روانگـەی دەروونناسـانە ـــ کۆمەڵناسـانە تاوتوێکـردووە، تیـۆری بێبەشـی رێژەیـی "تێـد رابێرتگێـر"ە. گێـر لـەو بڕوایەدایـە کـە بێبەشـی رێژەیـی دەبێتـە هـۆی بیچمگرتنـی تووندوتیژیـی سیاسـی. سیسـتمی جیهانیـی بـۆ گەیشـتن بـە ئامانجەکانی، سـوودی لـە میدیـاکان وەرگرتـووە. تەواوی ئـەو هۆکارانـەی باسـکران کێشـەی ناسـنامەی لـە کۆمەڵگـە جۆراوجۆرەکانـدا لێدەکەوێتـەوە کـە خـودی ئەمــەش بـواری بــۆ بیچمگرتنــی هەسـتی بێبەشــی رێژەیــی خۆشــکردووە. بەوجـۆرە قۆناخـی دوایـی مودێلـی جێـی بـاس، بـە تیۆریـی بێبەشـی رێژەیـی کۆتایـی دێـت کـە ئەمـەش هـۆکاری تووندوتیژیـی سیاسـی لـە هەسـتکردن بـە بێبەشـی رێژەییـدا دەبینـێ. لـە راسـتای گەیشـتن بـە مودێلـی جێـی بـاس، لـە سـەرەتادا تیۆریـی سیسـتمی جیهانـی دەخەینــە بەربــاس. بەپێــی تیــۆری والێرســتین: "سیســتمی جیهانیــی جۆرێــك سیســتمی سـەرمایەدارییە کـە لـە ناخـی خۆیـدا بەسـەر سـێ بەشـی جیـاواز، بـەڵام پێکەوەبەسـتراودا دابەشـدەبێ: واتـە کۆمەڵگەکانـی ناوەنـد، کۆمەڵگەکانـی دەورووبـەر و کۆمەڵگەکانی نیمچە دەورووبـەر" (سـاعی، 1383:192). بـە بۆچوونـی والێرسـتین، نایەکسـانی بنەمـای سـەرەکی و هێــزی هانــدەری سیســتمی جیهانییــە. چونکــە تەنانــەت لەبــاری تیۆرییــەوە گەشــەی هاوکاتــی گشــت دەوڵەتــەکان شــتێکی نەگونجــاوە. کەلێنــی رووڵەزیادبــوو، میکانیزمــی هەمیشــەیی کــرداری ئابووریــی جیهانییــە (ئەزکیــا، 1380: 163).

بـە بۆچوونـی (ئانـدرێ فرانـك) تیۆریداڕێژێکـی دیکـەی جیهانـی، تایبەتمەندیـی پەیوەنـدی ناوەنـد ـــ دەورووبـەر، پێکهاتـەی پاوانخوازانەکەیەتـی و هـەر ناوەندێـك سـەبارەت بـە دەورووبـەری خـۆی پاوانـکارە. فرانـك، گەشـە لـە وڵاتانـی جیهانـی سـێیەمدا بـە سـنووردار دەبینێـت، چونکـە ئـەو وڵاتانـە بەهـۆی پێگـەی مێژوویـی خۆیـان لـە سیسـتمی جیهانیـدا، دەرفەتێکـی زۆر بەرتەسـکیان بـۆ زیادکردنـی هەنـدێ لـە تواناکانـی خۆیـان هەیـە (گۆندێـر فرانـك، 1366: 26ـ 24).

بۆچوونەکانــی والێرســتین و فرانــك بەڕوونــی ئامــاژە بــە پەیوەنــدی چەوســێنەرانە و داگیرکەرانـەی نێـوان وڵاتانـی دەورووبـەر و ناوەنـد دەکـەن. ئەوجـۆرە پەیوەندییـە، هـەر بەوجـۆرەی کـە لـە رەوتـی مێـژوودا سـەلمێنراوە، تەنیـا باڵادەسـتی ئابـووری لەخۆناگرێـت ، بەڵکـو وڵاتانـی داگیرکـەر، زۆر لـە روانگـە ئایینـی، راهێنـەری، سـەربازی و سیاسـییەکانی خۆیـان لەگـەڵ هێزەکانیانـدا دێننـە نێـو وڵاتانـەوە. بیچمگرتنی تیۆرییـە پـاش داگیرکارییەکان کـە نموونەیـەك لـە خەبـات دژی کولتـووری داگیرکـەر و داگیرکارییـە، لـە وڵامدانـەوەی

باڵادەستیی داگیرکەران بەسەر وڵاتانی داگیرکراودا شێوەی گرتووە. ئێدوارد سەعید، بە کەڵکوەرگرتن لە تیۆرییەکانی فۆکۆ، رۆژهەڵاتناسی وەك دەزگای مەعریفەی وڵاتانی داگیرکەر پێناسەکرد کە شتێکی لەژێر ناوی رۆژئاوا پێناسە کردووە و دواتر دەسەڵاتی خۆی بەسەردا سەپاندووە (ێریاییی‌نیا، 1388: 8).
ئێدوارد سەعید لەوبڕوایەدایە کە گوتاری رۆژئاوا سەبارەت بە رۆژهەڵات، کەوتووەتە خزمەت ئامانجە هێژموونیکییەکانەوە. بە وتەی گرامێشی، هێژموونی هەمان باڵادەستیی زاڵ بەسەر خەڵکی لە رێگەی رەزامەندییە. دەسەڵات سەپێنەکان لەوبڕوایەدان کە پەرە بە کولتوورێکی هاوبەش و بێلایەن دەدەن و توێیەکانی ژێرەوەی ئەو کولتوورە هەمان بایەخ و ویستەکانی ئەوانی لەخۆگرتووە. خەڵکی ژێردەست بە قبووڵکردنی ئەم کولتوورە و رازیبوون پێی، لە سەرکوتی خۆیاندا هاوبەشن (سەعید، 1987: 43).
گرنگترین وێنەی ئەم باڵادەستییە لە سەردەمی ئێستادا میدیاکانن. راگەیاندنەکان بە وێناسازیی، دەتوانن خوڵقێنەری جیهانی وانوێنراوبن. جیهانێك کە تێیدا سنووری راستی یان ناڕاستی خەوشدار دەبێ و بووەکان بە نەبوو و نەبووەکان بەهەبوو پیشاندەدرێن (تاجیك، 1387: 2). هابێرماس رەوتی گۆڕانی میدیاکان و بەرهەمهێنانی زانیاری لە سەدەی بیستەمدا بەرەو ئاراستەی بەهێزکردنی بەڕێوەبەریی بیروبۆچوونەکان و کەمکردنەوەی دێرانەی هزری رەخنەیی دەبینێت، چونکە لەوبڕوایەدایە کە نێوەڕۆکی زانیارییەکانی ئەم میدیایانە، نزمترین سەرگەرمییەکان بەرهەمدێنێ (فرقانی، 1383: 62). لەلایەکی دیکەوە، راگەیاندنەکان هەر بەوجۆرە دەتوانن ناسنامەسووتێن بن، لەهەمانکاتیشدا دەتوانن ناسنامەسازیش بن. (جان ئارِ گیبینز)، ئەوکاتەی باسی رۆڵی راگەیاندنە گشتییەکان دەکات، لە تەنیشت رۆڵەکانی دیکە، جەخت لە رۆڵی ناسنامەسازی و ماناسازی ئەم میدیایانە دەکاتەوە (تاجیك، 13867: 9). لەراستیدا لە جیهانی وانوێنراوی ئێستادا، مرۆڤەکان دەکەونە بەر جۆرێك ناسنامەسازی درۆیینەوە (تاجیك، 1387: 11).
ئینگلهات بە هێنانە بەرباسی چەمکی شۆڕشی دامرکاو، لەسەر ئەم بڕوایەیە کە هاتنی خێرای بایەخ و ئایدیا نوێیەکان، لە رێگەی تەکنۆلۆژییە نوێیەکانی تایبەت بە زانیاری و پەیوەندییەوە، دەتوانێ لە بنەماکانی ناسنامەی کۆمەڵگەدا، لێکپسانی نوێ دروستبکات. هەر بەوجۆرەی کە کاستلێز باسیکردووە، سەتەلایت و ئینتەرنێت بە گۆڕینی بنەڕەتی نێوەڕۆکی پەیوەندییەکان، رۆڵێکی دیاریکەر لە گۆڕین و بیچمدانی کولتوورەکان و ناسنامەی نەتەوەیی هاووڵاتیان دەگێڕن (کاستلێز، 138: 384 ـ 383).

جیا لـەوە، پاسـتێر جەختـی لەسـەر ڕۆڵـی ئینتەرنێـت لـە پەرەپێدانـی کولتـوور و ناسـنامە و شـێوازی نوێـی چێکرانـی ناسـنامەی نەتەوەیـی کـردووە. لـەم پەیوەندییـەدا، ناوبـراو پرۆسـەی بەجیهانیبوونـی ڕاگەیاندنەکانـی بـە پووکانـەوەی بەرەبـەرەی ناسـنامەی نەتەوەیـی شـیکردووەتەوە (پاسـتیر، 1377: 52).

هەرچەنـدە سیسـتمی جیهانـی و ڕاگەیاندنـەکان دەبنـە هـۆی پێکهێنانـی قەیرانـی ناسـنامە لەنێـو کۆمەڵگەکانـدا، بـەڵام سیسـتمە سیاسـییەکانی وڵاتانیـش لـە بێبەشـی خسـتنەوەی کۆمەڵگەکانـی خۆیانـدا دەسـتیان هەیـە کـە بەشـێك لـەم بێبەشـییە دەتوانـێ ئاڵۆزییـە ناسـنامەییەکانیش لەخۆبگرێـت . وڵاتانـی جێـی بـاس لـەم بەشـەدا، وڵاتانـی ڕۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـتن کـە زۆرجـار تواناییەکـی بەرچاویـان لـە پووچەڵکردنـەوە یـان سـەرکوتکردنی داواکارییـە شـیمانەییەکان لەخـۆ نیشـانداوە، وەك داواکاریەکانـی ئـازادی سیاسـی کە لەلایەن گرووپـە کۆمەڵایەتییـە جۆراوجۆرەکانـە دەخرێنـەڕوو. تاوەکـو ئەوکاتـەی کـە پێداویسـتییە بنچینەیـی و زەینییەکانـی زاڵبوونـی دەوڵـەت بەسـەر کۆمەڵگـە هـەروەك خـۆی بمێننـەوە، ویسـتی دەوڵـەت بـۆ ئـازادی سیاسـی زۆر کـەم دەبـێ (ئێسـپۆزیتۆ، 1391: 94 و 95). لەنێـو دەوڵەتـە نادیمۆکراتییەکانـی ڕۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـتدا، لـە ڕێگـەی ڕادیکاڵیزەبوونـی ڕووڵەزیادبـووی دژایەتـی سیاسـی و هـاوکات بەئیسـلامیبوونی گوتـاری سیاسـی، ئیسـلامی ڕادیـکاڵ گەشـەی کـردووە و پەڕگیـر ئیسـلامی دروسـتبووە (کامـروا، 1388: 340).

ژیانـی ناجێگیـری چینـە مامناوەندەکانـی کۆمەڵگـە دەبێتـە هـۆی ئـەوەی کـە ئـەوان بـەرەو ئەنجامدانـی چالاکی پەڕگیرانـە هانبدرێـن. ئەمـڕۆ لـە سەرانسـەری ڕۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت، چینــە مامناوەنــدەکان بــە ســەختی دەوام دێنــن. پەڕگیــری ئــەو ئەگــەرەی بــۆ چینــە مامناوەنـدەکان ـ چینـی دڵسارد و بێ هیـوا و بەرگەنەگر لەبـەر ژیانـی ئابووریـی زیاتـر و بێتوانـا لـە دەربڕینـی ناڕەزایـی دژی سیاسـەتەکانی دەوڵـەت ـــ دەڕەخسـێنێ کە بـە توندی دەوڵـەت بکەنـە ئامانـج و بـە سـەرنجدان بـە لەنێوچوونـی بەرەبەرەیـی لایەنەکانـی دیکـەی ئایدۆلـۆژی، ئـەم توندڕەوییـە نێوەڕۆکـی ئیسـلامی بەخۆوەگرتـووە. ئیسـلام سـەرەتا سیاسـی و پاشــان بەشــێوەی یەکســان ڕادیکاڵیزەبــوو. پەڕگیــری ئیســلامی بەهــۆی توندوتیــژی و نێوەڕۆکـە بانسـنوورییەکەی، زۆرتریـن سـەرنجی بـەلای خۆیـدا ڕاکێشـاوە. هـۆکاری سـەرەکی گەشـەی پەڕگیـری ئیسـلامی هەژارییە، هـەم هەژاری ئابـووری و هەمیـش هەژاری گوتـاری سیاسـی کـە لەلایـەن دەوڵەتـەوە دەسـەپێنرێت . تاوەکـو ئەوکاتـەی کـە هـەژاری و سـەرکوتی سیاسـی، ڕاسـتی بنەڕەتـی ژیـان بـن لـە ڕۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـتدا، هۆکارێـك نییـە کـە وایدانێیـن پەڕگیـری ئیسـلامی دادەمرکێتـەوە (هەمـان سـەرچاوە، 349 ـــ 348).

لەلایەکـی دیکـەوە، لـە وڵاتانـی ئەورووپـی و ئەمریکاییـدا ، سیسـتمە سیاسـییە جیاکاریخـوازەکان دەبنـە هـۆی ئـەوەی کـە رەنگینپێسـتەکان ، کۆچـەران، کەمینـە ئایینییەکان و کەمینەکانـی دیکـە تووشـی قەیرانـی ناسـنامە بـن و ئـەم هەسـتی بێبەشـییە لـە ئینتیـمای پتـەوی کۆمەڵایەتـی، ئـەوان بـەرەو نارەزایـی توونـدوتیژانـە و یـان ئەندامێتـی لـە گرووپـە پەڕگیـرەکان پاڵدەنـێ . هەرچـی ئەمـڕۆ بەهـۆی خەباتـی یەکسـانیخوازانەی کۆمەڵایەتـی و چوونەسـەرێی ئاسـتی فەرهەنگـی و ئاگایـی خەڵـك، نەژادپەرسـتی بەشـێوەیەکی بەرچـاو لـە کزیـداوە، بـەڵام هێشـتا بەشـێوەی شـاراوە و ئاشـکرا (لـە سەرانسـەری جیهـان، بەتایبەتـی لـە وڵاتانـی پیشەسـازیی پێشـکەوتوو)، دەبێتـە هـۆی سـووکایەتیکردن و بـە نـزم دانانـی گرووپـە نەژادییـە ناسپیپێسـتەکان و ئـەوان لـە تازیـاری و دەرفەتـە کۆمەڵایەتییـەکان بێبەشـدەکات (عچدانلـو، 1386: 614).

تـەواوی ئـەو تیۆریانـەی لـە سـەردێرەکانی سـەرەوەدا باسـکران، بەمەبەسـتی گەیشـتن بـە بێبەشـی رێژەیـی هاتوونەتـە گـۆڕێ. ئـەم بێبەشـییە کـە سـەرچاوەکەی دەگەڕێتـەوە بـۆ کێشـەکانی ناسـنامە، بەپێـی تیـۆری گێـر، بەسـتێنی بیچمگرتنـی توونـدوتیژیـی سیاسـی خۆشـدەکات. بەوجـۆرە دەکرێـت ئـەم مودێلـە لەسـەر بنەمـای ئـەو بابەتانـەی هاتنەگـۆڕێ، پێشـنیاز بکرێـت:

**تیۆرییەکانی دواى داگیرکاری**

**راگەیاندنەکان**

**قەیرانی ناسنامە** **سیستمی جیهانی**

لەو مودێلە ئەم خاڵانە هەڵدەهێنجرێت:

ـ سیسـتمی جیهانیـی لـە بیچمگرتنـی تیۆرییەکانـی دواى داگیرکاریـدا کاریگەریـی خـۆی هەیـە.

ـ لـە سیسـتمی جیهانیـدا، راگەیاندنەکانیـش بـە ئاراسـتەی ئامانجەکانـی ئـەو سیسـتمە پێناسـە دەکرێـن.

ـ ئـەو سیسـتمە سیاسـییە کۆچێخـوازە تارێنەرانـەی کـە کەوتوونەتـە ژێـر کاریگـەری سیسـتمی جیهانـی، نەتەوەکانـی خۆیـان سـەرکوتدەکەن.

ـ سیستمه سیاسییه جیاکاریخوازەکان، بە پشتیوانی سیستمی جیهانییە کە خۆیان بە لەسەرتر دادەنێن.
ـ سیستمی جیهانی، تیۆرییەکانی پاش داگیرکاری، میدیاکان، سیستمە سیاسییە کۆجێیخوازە تارێنەر و جیاکاریخوازەکان، دەبنە هۆی پێکهێنانی قەیرانی ناسنامە.
ـ قەیرانی ناسنامە دەبێتە هۆی چێبوونی هەستی بێبەشی رێژەیی.
ـ هەستی بێبەشیی رێژەیی، توندوتیژی سیاسی لێدەکەوێتەوە.

## شێوازی لێکۆڵینەوە

بەهۆی نێوەرۆکی بابەتەکە، ئەم توێژینەوەیە چەشنێك لێکۆڵینەوەی پشت ئەستوور بە چۆنایەتی و بەڵگەییيە کە لەودا، لێکدانەوەی پرسەکان لە رێگەی لێکۆلینەوە لە بەڵگەکانی بەردەست و هەروەها نێوەڕۆکی راگەیاندنەکان و هەواڵی بڵاوبووەوە لە چالاکییەکانی ئەم گرووپە، لە دەسپێکی چالاکییەکانیانەوە تاوەکو ئەمڕۆیە. لەلایەکی دیکەوە ، چونکە سەرچاوەی زانستی جێی متمانە لەم بوارەدا نییە، کەواتە کەڵك لە سەرچاوە ئینتەرنێتییەکان و کۆبوونەوەی زانستی زانکۆ جۆراوجۆرەکانی ناوخۆی وڵات، وەرگیراوە.
لەلایەکی دیکەوە، بۆ پەیوەندی نێوان بگۆڕەکان، جۆری هۆکرد لەبەرچاوگیراوە، چونکە هەر بگۆڕێك بەرپرسە لە گۆڕینی بگۆڕێکی دیکەدا. لەڕاستیدا، ئەم وتارە دەیەوێ پەیوەندی نێوان بگۆڕە جێ باسەکان تاوتوێ بکات.

## تاوتوێ و شیکاری داتاکان

گرووپی تیرۆریستیی داعش، لەسەرەتادا لە ناخی گرووپی (توحید و جهاد)ەوە هەڵقوڵا. جوڵانەوەیەکی بەرگریکارانە کە لەساڵی 2003 و بە مەبەستی بەرەنگاربوونەوەی هێرشی ئەمریکا بۆ سەر عێراق دامەزرابوو و بە لقی قاعیدەی عێراق دەناسرا، بەدوای ئەوەدابوو کە (ئەبو عومەر بەغدادی) ، دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق راگەیاند. بەڵام لەمەودای نێوان شەڕە ناوخۆییەکانی سووریادا، ئەم گرووپە بەسەرکردایەتی ئەبوبەکر بەغدادی، لەگەڵ گرووپی بەرەی نووسرە یەکیانگرت و بە خەیاڵی پێکهێنانی حکومەتێك لەسەر بنەمای شەریعەت لە ناوچەی شام و عێراق، چالاکییەکانی خۆی درێژە پێدا.

ڕێبەرانی داعش کە توانیبوویان زۆر لە دەوڵەمەندە پەڕگیرەکانی بیاقی کەنداوی فارس لە خۆیان نزیك بکەنەوە، لە سەرەتاکانی ساڵی 2014ی زایینی بەهاتنەناو ناوچەی فەلووجە، چالاکییەکانی خۆیان زیاتر لە پێشوو چڕتر کردەوە و لە نێوەڕاستەکانی بەهاردابوو کە ئەم گرووپە تیرۆریستییە جموجۆڵی سەرەکی خۆی دەستپێکرد. داعش لەو ماوەیەدا توانی موسڵ، یەکێك لە گرنگترین شارەکانی باشووری عێراق داگیربکا و بەخێراییەکی دوور لە زەین، بەرەو بەغدا پێشڕەوی بکا (مستوفی، 1393: 48).

ئەزموونە مێژووییەکان لە ناوچەدا، پیشاندەری سەرهەڵدان و لەنێوچوونی بەرەبەرەی هێزە تەکفیرییەکانە. ئەوجۆرە هێزانە، بە سەرنجدان بە تواناییان لە ئامادەسازیی دەروونی و هەروەها کەڵکوەرگرتن لە ناڕەزایەتییە کەڵەکەبووە سیاسی ـ ئابووری و کولتوورییەکان لە ناوچەدا، توانایی و شارەزاییەکی بێوێنەیان لە کۆکردنەوە و ئامادەسازی کۆمەڵایەتیدا هەیە. دروشمە سەرنجڕاکێشەکانی تەکفیرییەکان وەك خەبات دژی کوفر، سەرەڕۆیی و ستەمکاری، دانی وادەی زیندووکردنەوەی سوننەتە خوداییەکان، پێکهێنانی حکومەتێك لەسەر بنەمای شەریعەتی ئیسلامی و جێگیرکردنی دادپەروەری کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەدا، بتەوێ و نەتەوێ زۆر لە هێزە ئایینی و پەراوێزخراوەکان و تەنانەت رووناکبیرانی بەرەو داعش وەك بیروباوەڕ و جێ ئاواتی هزری ئیسلامی و دژەرۆژئاوایی کەمەندکێش دەکات.

هۆکاری ناڕازیبوونی خەڵکی ناوچەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست کە بووەتە هۆی پەیوەستبوونیان بە گرووپی تیرۆریستیی داعش، دەکرێ بەوجۆرە پاساو بدرێت: لە سیستمی جیهانییدا، وڵاتانی ناوچەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست، بەهۆی بوونی سەرچاوەی دەوڵەمەندی وەك نەوت و گاز، بەردەوام کەوتوونەتە بەر سەرنجی وڵاتانی گەورەی سەنعەتی یان بەدەربڕینیکی وردتر وڵاتانی داگیرکەر. لەڕاستیدا وڵاتانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست کە لە باکووری ئەفریقیا تاوەکو باشووری رۆژئاوای ئاسیادا هەڵکەوتوون، پێشینەیەکی درێژیان لە داگیرکاری و حوزووری بێگانەکان هەیە . ئەم پێشینەیە لە ناوچەی کەنداو دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای سەدەی شازدەهەم (ساعی، 1391: 78).

لە سەدەی بیستەمدا، بە دۆزرانەوەی نەوت لە ناوچەدا، رقەبەرایەتی ئەوجارەی هێزە گەورەکان بۆ دەستبەسەرداگرتنی تەڵای رەش، دەستپێکرد . هەموو هەوڵەکان بە ئاقاری دەستڕۆیشتن و سەپاندنی دەسەڵاتی زیاتر بەسەر ئەم وڵاتانەدا بوو. ئەم تامەزرۆییەی وڵاتانی داگیرکەر نەتەنیا لە بواری ئابووریدا، کاریگەری لەسەر ئەو وڵاتانە دانا و

ئەوانیکردە بازاڕی بەکارهێنانی کاڵا بەرهەمهێنراوەکانی ئەوان، بەڵکو پێکهاتەی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەوانی تووشی گۆڕانکاریی ناخۆشکرد. گرنگترین میراتی داگیرکەر بۆ ئەم وڵاتانە، ئەو گۆڕانکارییانەیە کە لەباری کولتووری و دەروونناسیی کۆمەڵایەتییەوە لەواندا روویداوە. مەبەست ئەو بارودۆخەیە کە بەهۆی بەردەوامی دەسەڵاتدارێتی هێزە بیانییەکان بۆ نەتەوە ژێردەستەکان هاتووەتە ئاراوە. تایبەتمەندییەکانی وەك خۆبەکەمزانی ئەتنیکی و کولتووری و هەوڵدان بۆ لاساییکردنەوەی بیانییەکان، پیلانبازی، داماڵینی بەرپرسایێتی، خۆپەڕاندنەوە و لەکۆڵ خۆکردنەوە، رەشبینی و قینلەدڵی و ... (ساعی، 1391: 88).

بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ ئەم کاریگەرییە کولتوورییانە بوو کە تیۆرییەکانی دوای داگیرکاری شێوەیان گرت و لەڕاستیدا هەوڵدان بۆ وەئاگاهێنان و رزگاربوونی خەڵکی لە لەخۆنامۆیی ئەم کۆمەڵگەیانە، دەستیپێکرد. وڵاتانی جیهانی سێیەم و بەتایبەتی وڵاتانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست، گوشاری دووقاتیان لەبواری دەستوەردانی وڵاتانی بیانی لەنێو وڵاتەکانیان لەسەربوو. هەرچەندە سیستمە سیاسییەکانی ئەم وڵاتانە، خۆیان لەژێر دەسەڵاتی راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی وڵاتانی داگیرکەردا بوون، بەڵام دەرهەق بە هاووڵاتیانی خۆیان، بەتەواوی سەرەڕۆیانە دەجووڵانەوە. داواکارییە سیاسی و غەیرەسیاسییەکانیان بە توندترین شێوە سەرکوتدەکرد. لە دۆخێکی بەوشێوەیەدا بوو کە دژایەتییە سیاسییەکان شێوەی رادیکاڵییان بەخۆوەگرت و زۆر لە گرووپە پەڕگیرەکان لە دۆخێکی بەوشێوەیەدا سەریانهەڵدا. ناوچەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست کە ماتەوزەی زۆری بۆ شێوەگرتنی گرووپی رادیکاڵی تێدایە، بەکردەوە بووەتە گۆڕەپانی خۆنوێنیی ئەوجۆرە گرووپانە. خاڵێك کە دەبێ لەبەرچاو بگیرێ ئەوەیە کە هاوکات لەگەڵ دژایەتی پەڕگیرانە لەلایەن هەندێ لە نەیارانەوە، ئیسلامیش لەبەرامبەر شکستهێنانی گوتارەکانی دیکەی ناوچە، بووەتە تەنیا گوتاری سیاسی و چالاك. بەوجۆرە، لەئاکامی کەڵکوەرگرتنی ئامرازیی گرووپی بەوشێوەیە توندڕۆ لە دین، گوتاری ئیسلام بۆ ئیسلامی رادیکاڵ دەگۆڕێت.

لەلایەکی دیکەوە ، خەڵکی وڵاتانی عەرەبی بەگشتی و بەتایبەتی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست، پەیوەندییەکی پشتئەستوور بە نەبوونی متمانەیان لەگەڵ دەسەڵاتدارانی خۆیان هەیە. لەڕاستیدا، خەڵکی ئەم وڵاتانە، متمانەیان بە حکومەتەکانیان نییە و هەر کە بۆشاییەك دروستدەبێ ، دێنە گۆڕەپانی دەسەڵاتەوە. لەنێو ئەم نەیارانەدا، گرووپە ئیسلامییە رادیکاڵەکان زیاتر لە گرووپەکانی دیکە، ئامادەییان بۆ ئەنجامدانی

بزاوتـی دەسـەڵاتخوازانە هەیـە (بێـرت (الـف)،2014: 6).
لـە بەرەنگاربوونـەوەی بابەتیانـەی ئـەم دیاردەیـەدا، دەكـرێ پەیوەسـتبوونی ژمارەیەكـی زۆر لـە خەڵكـی وڵاتانـی رۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت بـۆ نـاو ئـەم گرووپـە تیرۆریسـتیانە، بـە نیشـانەی بـێ متمانەیـی و قەیرانـی ناسـنامە لەنێـو خەڵكـی ئـەم وڵاتانـە دابنرێـت . هـەروەك بەوجـۆرەی باسـكرا، ئـەم نیشـتمانبێزی و هۆگـری بـە دەرخسـتنی ناسـنامەی نـوێ لەژێـر كاریگـەری ورەی كولۆنیلكـراو و تارێنـەری سیسـتمە سیاسـییەكانی ئـەم وڵاتانـەدا، پێكدێـت. زۆر لـە خەڵكـی ئـەم ناوچانـە، تامـەزرۆی حكومەتێكـن كـە ئـەوان لەژێـر نیـری ئـەم باڵادەسـتییە قورسـە دەربێنـن و ناسـنامەی بەتاڵانچوویـان بـۆ ببووژێنێتـەوە.
ناوەنـدی توێژینەوەكانـی سـوفان گـرووپ، لـە شـاری نیویۆركـی ئەمریـكا، راپۆرتێكـی بڵاوكـردەوە كـە ئەنجامـی ئامـاری رێكخراوەكانـی هەواڵگـری وڵاتـان لەخۆدەگرێـت . ئـەم راپۆرتـە رادەی تاكەكانـی سـەربە نەتـەوە جۆراوجـۆرەكان لـە گرووپـی تیرۆریسـی داعـش دەخاتـەڕوو. بەپێـی ئـەم راپۆرتـە، لەنێـو وڵاتانـی عەرەبیـدا ، سعودیە و توونـس بـە زیاتـر لە 2500 و 3000 كـەس زۆرتریـن پشـكیان لەنێـو داعشـدا پێدەبڕێـت . ئـەم ئامـارە تێكەڵەیـەك لـە تیرۆریسـتە چالاكەكانـی داعـش لـە شـەڕی ناوخۆیـی سـووریا لـە سـێ سـاڵی رابـردوو و هەروەهـا تیرۆریسـتە چالاكەكانـی ئـەم گرووپـە لـە عێراقـدا دەخاتـەڕوو. بەگوێـرەی راپۆرتـی سـوفان گـرووپ، پەیكـەرەی سـەرەكی تیرۆریستەكانی داعـش لـە خەڵكـی وڵاتانـی عەرەبـی رۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت و باكووری ئەفریقیـا پێكدێـت . لەنێـو وڵاتانـی عەرەبیـدا ، مەڕاكێـش بـە 500كـەس و جەزائیـر بـە 200كـەس لـە پلـەی خوارەوەتـردان و لـە توركیـاش 400كـەس لەنێـو ئـەم گرووپـە تیرۆریسـتییەدا چالاكـن. (بـرت (ب)، 2014: 23).
ئێسـپۆزیتۆ پێیوایـە: هەرچەنـدە ئاییـن لـە راكێشـان و ئامادەكردنـی ئەندامـان و هاندانیـان رۆڵـی گرنـگ دەگێـڕێ، بـەڵام گرنگتریـن پاڵنـەری كەسـەكان بـۆ پەیوەسـتبوون بـەم گرووپانە، لـە پێڕسـتی ناڕەزایەتییەكانـی ئەوانەوەسـەرچاوەدەگرێ: ناڕەزایـی لـە بەرامبـەر هێرشـی سـەربازیی دەرەكـی بـۆ سـەر ناوچەكـە و كوشـتنی دەیـان هـەزار كـەس لـە هاووڵاتیانـی عێـراق و سـووریا. هەروەهـا لێكۆلینـەوەكان دەریدەخـەن كـە هـۆكاری وەك، توونددوتیژیـی ئەخلاقـی (سـەرچاوەگرتوو لـە سـتەم)، ناڕەزایەتییـە سیاسـییەكان، گوشـارەكان و گـەڕان بـۆ دۆزینـەوەی ناسـنامەیەكی نوێ و هەسـتی بەسـتراوەیی و ئامانجـدار، لـە هۆكارەكانی دیكەن كـە هـەزاران لاوی بـۆ نـاو گرووپـە پەڕگیرەكانـی وەك داعـش پاڵپێوەنـاوە. (ئێسـپۆزیتۆ، 2014: 5).
لـە هەمانكاتـدا، خاڵـە سەرنجڕاكێشـە ئایدۆلۆژییەكانـی ئـەم گرووپـە و بۆشاییە ناسـنامەی و

واتاییەکان لە جیهانی مودێرندا، بواری بۆ پەیوەستبوونی زۆر لە گرووپە پەراوێزخراو و رەتێنراوەکان لە کۆمەڵ و سیاسەت لە رۆژئاوا و رۆژهەڵاتی جیهان، خۆشکردووە و ئەمانە بە وڵامدانەوە بە بانگەوازی داعش، لایەنی جیهانی و فرەرەگەزیان بە تۆڕی تیرۆریستی داعش بەخشیوە. چوونی گرووپ و تاکەکان لە ئەورووپا و ئەمریکاوە، نموونەی لە بەربڵاوی میدیایی داعش بۆ پەلکێشکردنی زیاتری ئەندامان دەخاتەڕوو، بەجۆرێك کە لەو دواییانەدا، میدیاکانی ئوسترالی باسیان لە پەیوەندیکردنی چەند کچێکی خەڵکی ئەو وڵاتەیان بۆ ناو داعش بڵاوکردەوە (بەری (ب)،1393: 2).

بەوجۆرە بەشێك لە هێزە رەگەڵکەوتووەکانی داعش، لە هاووڵاتیانی ئەورووپا و ئەمریکا پێکدێت . دەکرێ ئەم تامەزرۆییەی پەیوەستبوون بە داعش بەوجۆرە پاساوبدرێ کە گوشاری جیاکارانە دژی موسڵمانان، کۆچبەران و رەنگینپێستەکانی رۆژئاوا، یەکێك لە هۆکارەکانی دیکەی پەیوەستبوونی ئەوانبێت بەو گرووپانەوە، کە ئەگەری تۆڵە بۆ ئەوان دەرەخسێنێ. چالاکی سیاسەتڤانان و راگەیاندنە نەژادپەرەستەکانی وڵاتانی رۆژئاوا، رق و قینی ئایینی لە موسڵمانان، لەنێو ئەم وڵاتانەدا پەرەپێداوە و ئێستا موسڵمانان لە وڵاتانی ئەمریکا، بریتانیا، کەنەدا، فەرەنسا و هۆڵەندا بە کەسانی ناخۆیی دەژمێردرێن. لە ئەمریکاش بەشی زۆری موسڵمانان، بە دەست رق و قینی ئایینی، سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە دەناڵێنن. کۆمیسیۆنی مافەکانی مرۆڤی ئیسلامی رایدەگەیێنێ ، هەڵاواردن دژی موسڵمانان لە بەریتانیا، بووەتە بابەتێکی ئاسایی و دەوڵەتی ئەم وڵاتە یاساکانی دژی تیرۆریزم دژی 3 ملیۆن کەس لە موسڵمانان لەم وڵاتەدا جێبەجێدەکات (هەواڵدەریی مێهر، 1393).

لەلایەکی دیکەوە، لە سیستمی حکومەتی ئەمریکا و ئەورووپادا، ئەم جیاکارییە سەبارەت مافەکان، سیاسی، کۆمەڵایەتی و مەدەنی بەشێوەی گشتی هەیە و هەندێجار لە قاڵبی خۆپیشاندان و نائارامیدا دەردەکەوێت . لەڕاستیدا، سرووشتی سیستمی سەرمایەداری ئەوەیە کە لەڕووی ماف ، سیاسەت و کۆمەڵایەتییەوە، یەکسانی بەشێوەی یاسایی هەیە. بەڵام بەکردەوە جیاکاری و جیاوازی دانان دەبینرێت. ئەم رەوتە بەتایبەتی دەرهەق بە رەنگینپێستەکان و ئەو کۆچبەرانەی بەودواییە چوونەتە ئەمریکا، جێبەجێدەکرێت . کەواتە هەر چرکەساتێك دەتوانێ ئەم جیاکارییە بەرچاوە بەرەو سەرکێشی و تێکهەڵچوون لە تەواوی ئەمریکادا ببا (بەسیری، 1393: 3).

ئەم سیستمە جیاکارانە، هەلومەرجێك دەخوڵقێنن کە تاکەکان بەهۆی ناسنامەیانەوە دەکەونە ژێر گوشاری کۆمەڵایەتییەوە و، سرووشتییە کە ئەو کەسانە لە دۆخێکی

بەوشێوەیەدا هەست بە بێبەشی بکەن و بەدوای دەرفەتێکەوەبن کە ئەم بێبەشییە قەرەبوو بکەنەوە. بۆ وێنە باس لە گۆشەیەك لە کردەوەی جیاکارانە لە بەلجیکا و ئەنجامەکانی دەکەین: بەلجیکا بەردەوام تاڕادەیەك پەیوەندی دووفاقەی لەگەڵ کۆچبەرانی مەراکێش و تورکیا هەیە. لە بەلجیکا لەساڵانی 1960کاندا ، بەچڕی کار بۆ هێنانی خەڵك لە مەراکێش و تورکیاوە دەکرا. ئەوان بۆ پیشەسازی پۆڵا و خەڵووزی بەردین ، هێزی کاری هەرزانتربوون کە هەر ئەمەش بەلجیکای بەرەو بەشێکی گرنگی پێشڕەوانی ئەورووپا و یەکپارچەیی ئابوورییە ئەوروپاییەکان برد. کاتێك کە پیشەسازییە قورسەکان لەنێوچوون، ئەم خێزانە کۆچەرانە لە بەلجیکا مانەوە. ئێستا، هەندێك لە تاکەکانی نەوەی سێ و چواری ئەم کۆچەرانە، کەسانێکن کە لە پەراوێزەکانی کۆمەڵگەدا دەژین. دەوڵەتی بەلجیکا لەماوەی چەند دەیەی رابردوودا، هیچکات لە یەکپارچەکردنی کۆمەڵە ئیسلامییەکاندا سەرکەوتوو نەبووە. لە کۆتاییەکانی دەیەی 1980 و 1990، لاوانی مەڕاکێشی لەبەر تاوانی وەك کڕین و فرۆشتنی ماددەی هۆشبەر و دزی نێوبانگیان دەرکردبوو و زۆر لەم لاوانە بێکاربوون. یەکێك لە دیمەن و نیشانەکانی سەرنەگرتنی یەکپارچەیی، لە ماوەی چەند دەیەی رابردوودا، پێکهێنانی جوڵانەوەی سەلەفیگەراکانی شەریعەتی بەلجیکا لە 3ی مارسی 2010دا بوو. گوتەبێژی ئەو گرووپە، ( فوئاد بلقاسم – ئەبو عومران )، زۆر زوو وەك کەسێکی قبووڵنەکراو لە ناو کۆڕ و کۆمەڵە گشتییەکاندا دیاریکرا. لەژێر گوشاری لەڕادەبەدەری گشتی و پاش چەند کردەوەیەکی دەزگای دادی بەلجیکا دژی ئەو گرووپە، شەریعەتی بەلجیکا لە 7ی ئۆکتۆبەری 2012دا خۆی هەڵوەشاندەوە. لە 7ی مارسی 2013، ئەورووپییەکان لەسەرەتادا تەنیا ئەوەیان پشتڕاستکردەوە کە لەنێو ئەورووپاییە جیهادییەکانی ناو سووریادا، کەسانی بەلجیکیش هەن. لە 10ی ئەپریلی 2013دا ، گۆڤاری هەفتانەی بەلجیکا نەك Knack وتارێکی سەبارەت بە جیهادییە بەلجیکییەکانی سووریا بڵاوکردەوە و ئیددیعای ئەوەیکرد کە 12 کەس لەوان پێشتر کووژراون (وان ئێستاین، 2014، 4).

لە وڵاتانی دیکەی ئەورووپایی بۆ وێنە فەرەنساش، زۆر کەس حەزدەکەن پەیوەندی بەو گرووپە تیرۆریستیانەوە بکەن . لێکۆڵینەوە کۆمەڵایەتی و دەروونناسییەکان، دوو جۆر لە دەورگێڕە چالاکەکانی ناو ئەم گرووپە تیرۆریستییانەی دەسنیشانکردووە.

جۆری یەکەم ئەو لاوانەن کە لە پەراوێزی شارەکانی وەك پاریس، لیۆن، مارسیلیا، ستراسبۆرگ و ... دەژین و لەبنەڕەتدا موسڵمانن. ئەوان هەر لە منداڵییەوە لەنێو سیستمێکدا گەورەبوون کە بایەخە ئایینییەکانی لەخۆگرتووە. هەر لە سەرەتای

لەدایکبوونیانــەوە نــاوی خــودا و ئیســلام دەبیســتن و کاتێــك گــەورە دەبــن، دیســانەوە بــە هەمــان پێناســەی موســڵمان بــەدوای ناســنامەی خۆیانــەوەن. ئــەم کەســانە رەچــاوی یاســاکانی ئیســلام دەکــەن تاوەکــو هــەم بــە کەســانی دیکــە بســەلمێنن کــە موســڵمانن و هەمیــش ناســنامەی خۆیــان وەدەســتبێننەوە. بەوشــێوەیە هەندێــك لــەوان دەبنــە کارگــەی بەرهەمهێنانــی گوتــار و بابەتــی توونــدی رادیکاڵــی. ئــەم بەرهەمانــەش لــە فۆرمــی پەڕگیرییەکەیــدا تاوەکــو ســەربڕین و خۆتەقاندنــەوە، درێژەدەکێشــێ.
جــۆری دووەم ئــەو کەســانەن کــە لــە ریــزی توێژەکانــی مامناوەنــدی کۆمەڵگــە دەژمێردرێــن و لــە هەمــان ســەرەتاکانی منداڵییــەوە لــە پەراوێــزی شــارەکاندا گــەورە نابــن و لەنێــو چینــە کۆمەڵایەتییەکانــی مامناوەنــددا پــەروەردە دەبــن. بەپێچەوانــەی دەســتەی یەکــەم، ئەوانــە لــە رێگــەی ئینتەرنێــت و ئامادەبــوون لــە تــۆڕە کۆمەڵایەتییەکانــدا لەگــەڵ گرووپــی داعــش ئاشــنا دەبــن و بــەو ئایدیۆلۆژیــە پــەروەردە دەکرێــن. ئــەم گرووپــە توونــدڕەوە رادیکاڵانــە کــە خۆیــان بەنــاوی ئیســلامیزمی رادیــکاڵ دەناســێنن، لــەو هزرانــەن کــە دەیانــەوێ لــە رێگــەی توونددوتیــژی و شــەڕەوە کێشــەکانیان یەکلاییبکەنــەوە، ئــەوە لــە کاتێکدایــە کــە تــەواوی بیروبۆچوونــە توونــدڕەوەکان لــە ئەورووپــا، پەنابــردن بــۆ توونددوتیــژی چەکدارانەیان رەتکردووەتــەوە. بەوشــێوەیە، دەکــرێ بڵێیــن کــە ئەگــەر لــە رابــردوودا ئــەم گرووپانــە لــە ئەورووپــا، مەکۆیــەك بــۆ گرووپــە پەڕگیــر و توونددوتیژخــوازەکان بــوون، ئەمــڕۆ داعــش و بــەرەی نــووسرە ئــەم لاوانــە بــەرەو خۆیــان رادەکێشــن (باخــوان، 1393:3 ) .
ئێســتا، داعــش وەك ســەرچاوەی تەکفیریــزم، توانیویەتــی بــە پەلکێشــکردنی هێــز لــە زیاتــر لــە 81وڵاتــی جیهانــەوە، توانیویەتــی گەورەتریــن و پێشــکەوتووترین تــۆڕی تیرۆریســتان لــە مێــژووی مرۆڤایەتیــدا پێکبێنێــت. بــەڵام ژمارەیەکــی زۆریــش لــە وڵاتانــی دیکــەی جیهــان و بۆ نموونــە لــە وڵاتانــی ئەورووپایــی و ئەمریــکاوە چوونەتــە ریــزی ئەم گرووپــە تیرۆریســتیانەوە. لەنێــو وڵاتانــی ئەورووپاییشــدا 700 کــەس لــە فەرەنســا، 800 کــەس لــە رووســیا و 400 کــەس لــە هاووڵاتیانــی بەریتانیــا چووونەتــە نێــو ریزەکانــی داعــش لــە عێــراق و ســووریا. بەپێــی ئــەم راپۆرتــە، ئامــاری بەشــداری هاووڵاتیــان لــە وڵاتانــی دیکــەی جیهــان بەوجۆرەیــە:
بەلجیــکا 280 کــەس، ئوســترالیا 150 کــەس، کۆســۆڤۆ 120 کــەس، هۆڵەنــدا 120 کــەس، دانیــمارك 100 کــەس، ئەڵمانیــا 70 کــەس، ئەمریــکا 70 کــەس، ئیســوپانیا 51 کــەس، نەرویــج 50 کــەس و کەنــەدا، فینلانــدا، ئیرلەنــدا و ســوید هەرکامیــان 30 کــەس. بەپێــی ئــەم راپۆرتــە، لەنێــو ئــەو تیرۆریســتانەی کــە لــە وڵاتانــی ئەورووپاییــەوە رەگــەڵ داعــش کەوتــوون، تەنیــا ســەتا شەشــیان دواتــر بوونەتــە موســڵمان و ســەتا 94یــان موســڵمان بــوون و زیاتــر لــە

کۆچەرانی ئەوەی یەکەم، دووەم و سێیەمن کە بەرەو ئەورووپا کۆچیان کردووە. سوفان گرووپ لە راپۆرتەکەی خۆیدا جەخت لەوە دەکاتەوە کە شەڕی ناوخۆیی سووریا رێکۆردی پێشووی ئەفغانستانی لە چوونی شەڕکەرانی دەرەکی بۆ ناو گرووپەکانی ئەو وڵاتە بەزاندووە و لە سێ ساڵی رابردوودا، زیاتر لە 12 هەزار تیرۆریستی دەرەکی بۆ شەڕ لەگەڵ سوپای سووریا ، چوونەتە سووریا. ئەوە لەکاتێکدایە کە ئاماری هاتنی شەڕکەرانی دەرەکی بۆ ئەفغانستان لە سەردەمی داگیرکردنی ئەم وڵاتە لەلایەن سوپای سووری یەکێتی سۆڤیەتەوە 10 هەزار کەس بووە (بێرت (ب)، 2014: 23).

گرووپی دەوڵەتی ئیسلامیی عێراق و شام، بەو هۆیانە لە عێراق و سووریادا بەخێرایی گەشەی کرد: بوونی ئامادەیی تایبەتی ئەم ناوچانە بۆ رەگەڵکەوتن لەگەڵ گرووپە پەڕگیرەکان، هاوڕێیەتی و هاوکاری پاشماوەکانی بەعسی عێراق، کەڵکوەرگرتن لەو هەلانەی کە لە بەهاری عەرەبی و راپەڕینی بەهاری عەرەبەوە هاتەئاراوە، پشتیوانی وڵاتانی دەرەکی، ئەندامگیری لەنێو وڵاتانی دیکە و تەنانەت رۆژئاوا، وەدەستخستنی توانای سەربازی بە یارمەتی وڵاتانی عەرەبی و رۆژئاوا و هەروەها ئەو توانایە ئابوورییەی کە بەهۆی فرۆشی نەوتی ناوچە داگیرکراوەکان بۆ خۆیان دەستەبەرکردبوو . بەڵام ئەوەی کە زیاتر لە هەمووان، یارمەتی گەشە و پەرەسەندنی داعشیداوە، تەکنیکی میدیایی ئەم گرووپە تیرۆریستییەیە. داعش ئامادەیی چالاکانەی لە راگەیاندنەکاندا هەیە و لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی وەك فەیسبووك، تویتەر، یووتیووب و ... یان بە بەشاندنی هەواڵەکان، وێنە و ڤیدیۆکانی، پانتاییەکی میدیایی بەرین و بەربڵاوی بۆ خۆی پێکهێناوە. بەشداری هاووڵاتیانی وڵاتانی جۆراوجۆر لەنێو ئەم گرووپەدا و بڵاوکردنەوەی هەواڵ لەبارەیان ، بووەتە هۆی ئەوەیکە بەدواداچوون بۆ هەواڵەکانی ئەوانبکرێ و گرنگیدان بە رووداو و کردەوەکانی داعش، بەردەوام ئەم گرووپەی لە سەرەوەی هەواڵی راگەیاندنەکاندا راگرتووە. گرنگی کەڵکوەرگرتن لە پڕوپاگەندە و میدیاکان بۆ داعش بەڕادەیەکە کە لەنێوان ئەو هەشت هەیئەتە بەڕێوەبەریەی کە لەژێر دەستی ئەنجوومەنی داعشدا چالاکی دەکەن، دوو (هەیئەتی گەیاندنی زانیاری) و (هەیئەتی میدیایی) هەن کە یەکەمیان زانیاری کۆدەکاتەوە و دووەمیشیان ئەرکی چالاکی میدیایی و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی لەئەستۆیە. لەنێو گرووپە بنەڕەتخواز و پەڕگیرەکاندا کە زۆرجار دانوویان لەگەڵ دونیای مودێرن و مودێرنیتە ناکوڵێ، لەباری روانین بۆ پەیوەندییەکان و میدیاکان و پڕوپاگەندە، داعش بە دیاردەیەکی تایبەت و دەگمەن دەژمێردرێت. ئەوان بە کەڵکوەرگتن لە ئامرازی میدیایی و پڕوپاگەندەیی،

شـەپۆلێکیان لـە تـرس وەڕێخسـتووە و بـە پێکهێنانی کەشـێکی دەروونـی بە قازانجـی خۆیان، لـە کەشـێکی بەوشـێوەیەدا بـۆ بردنەپێشـی ئامانجـە سـەربازییەکان و بـوار رەخسـاندن بـۆ ئاسـانکاری لـە پێشـڕەوی و پەرەپێدانـی ناوچەکانـی ژێردەسـەڵاتی خۆیـان کەڵـك وەردەگـرن (میلانـی، 1393: 2).

بەشـێوەی سرووشـتی، کۆکردنەوەی کەسـەکان لەنێو نەتـەوە جیاوازەکاندا و پەلکێشـکردنیان بـۆ نێـو گرووپـی بەوشـێوەیە، پێویسـتی بـە بەرنامەڕێـژی ئامانجـدار و بەتـەواوی داڕێـژراوە. هـەر بەوجـۆرەی کـە پێشـتر باسـکرا، داعـش بـۆ ئەندامگیـری لەنێـو تـۆڕە کۆمەڵایەتییەکانـی وەك فەیسـبووك و تویتـەر کەڵکوەردەگرێت.

پڕۆفیسـۆر هـورگان کـە دەروونناسـی ناوەنـدی توێژینـەوە ئەمنییـەکان و تیرۆریزمـە لـە زانکـۆی ماساچۆسـێت، لەوبڕوایەدایـە کـە داعـش لـە سەرنجڕاکێشـییەکی راسـتەقینە لـە جیهانـدا بەهرەمەنـدە کـە لەم بـوارەدا وەك دیاردەیەکی نـوێ دەژمێردرێت . هـورگان یەکێك لـەو چەنـد دەروونناسـەیە کـە زیاتـر لـە بیسـت سـاڵە لەسـەر بیروزەینـی تیرۆریسـتەکان لێکۆڵینـەوە دەکات. ناوبـراو پـاش دیتنـی پەیامـی ڤیدیۆیـی یەکێـك لـە ئەندامانـی داعـش بـە نـاوی ئانـدرێ پاولیـن، 24 سـاڵە و خەڵکـی کەنـەدا، دانـی بەوەدانـا کـە لـەو ماوەیـەدا، لەگـەڵ پەیامـی هیـچ ئەندامێکـی رێکخـراوی تیرۆریسـتی بەرەوڕوونەبووەتـەوە کـە تاوەکـو ئـەو رادەیـە سـەرنجڕاکێش و گیرابـی. ئانـدرێ لـەو پەیامـەدا دەڵـێ کـە، خـودا ئـەوی بـۆ سـووریا پەلکێـش کـردووە. هەروەهـا رادەگەیێنـێ کـە بـەر لـە چوونـی بـۆ سـووریا هەمـوو شـتێکی هەبـووە، لـە پـارە ، خێـزان و هـاوڕێ و تاوەکـو هۆگـری بـە ماسـی گرتـن و خلیسـکێنی سـەر سـەهۆڵیش . بـەڵام ئـەوە ژیانـی دڵخـوازی ئـەو نەبـووە. ئـەو خـۆی بـە ئەنارشیسـت دەناسـێنێ. لـە کۆتاییشـدا رادەگەیێنـێ کـە: "ئێمـە پێویسـتیمان بـە ئەندازیـار و پزیشـکەکانە. هـەر کـەس بتوانـێ شـتێك پێشکەشـی دەوڵەتـی ئیسـلامی بـکات".

لەڕاسـتیدا پەیامەکـەی ئانـدرێ جەختدەکاتـەوە کـە، بـۆ هـەر کەسـێك جاددەیـەك هەیـە. ئـەم پەیامـە هەمـوو شـتێك لەخۆدەگرێـت لـە کۆمەڵگەبێزیـی ئازادکارانـە تاوەکـو ناچارکردن بـە مرۆڤدۆسـتیی ریالیسـتانە. لەڕاسـتیدا، کەسـەکان لـەم رێگەیـەوە و بەهـۆی نیـاز بـە بەسـترانەوەیان بـە شـتێکی تایبـەت، ناچـار بـە پەیوەسـتبوون بـە داعـش دەبـن. ئـەوان دەیانـەوێ بـۆ ژیانـی خۆیـان شـتێکی پڕمانـا بدۆزنـەوە (ئێسـمیت، 2014: 3ـ2).

ئابراهامـز کارنـاس لەبـواری تیرۆریـزم لـە زانکـۆی باکـووری رۆژئـاواش لـەو بڕوایەدایـە: بەپێـی زۆرتریـن لێکۆڵینـەوەکان لەبابـەت تیرۆریـزم، ئـەو کەسـانەی رەگـەڵ گرووپـە تیرۆریسـتییەکانی وەك داعـش دەکـەون، زۆرتـر کەسـانێکن کـە سـەبارەت بـە ئاییـن بـێ

زانیاریــن و زیاتــر وەك نوێتریــن ئەندامانــی داعــش دەژمێردرێــن (هەمــان، 4).
ئەگــەر بنەڕەتخــوازی وەك ئایدۆلۆژیایــەك لەبەرچاوبگریــن کــە لــەم بارودۆخــەی ئیســتادا بــەدوای وڵامێــك بــۆ قەیرانــی ناســنامە و دۆزینــەوەی ڕێکارێــك بــۆ دەربازبــوون لــە دۆخــی نادڵخــواز و ناخۆشــی ئــەم ســەردەمە مودێرنەدایــە، ئــەوا داعــش بەباشــی توانیویەتــی لــەم ئایدۆلۆژیایــە کەڵــك وەربگــرێ و بــە نواندنــی بەرهەڵســتی توونــد دژی هەلومەرجــی زاڵ بەســەر ناوچــەدا، بــەدووی پەرەپێدانــی ئایدۆلۆژیەکــەی و پێکهێنانــی حکومەتێــك بەپێــی پێوەرەکانــی خــۆی کــە بــۆ گەیشتن بەومەبەستەش لــە هەمــوو بەربژێــرە گونجــاوەکان کەڵك وەردەگرێــت. ئــەوان ئــاڵای ئیســلامی ســەلەفییان بەرزکردووەتــەوە و بــە نەریتــی ئیســلامی ســەلەفی خوازیــاری گەڕانــەوە بــۆ دواوە و پێشــینیانی خۆیــان و هەروەهــا ســڕینەوەی ڕواڵەتــی مودێــڕن لــە ســیمای ئیســلامن. تەنانــەت زۆر لــە دابودەســتووره ئایینیــەکان بــە بیدعــە دادەنێــن و ســیمایەکی وشــك و توندوتیژیــان لــە ئیســلام وێناکــردووە و بــە تێڕوانینــی "ڕەش" یــان "ســپی" لــە ئامــرازی پێکهێنانــی تــرس و توندوتیــژی وەك بەربژێرێکــی دڵخــواز کەڵــك وەردەگــرن. لەڕاســتیدا، ئــەوان بــۆ گەڕانــەوە بــەرەو دواوە و داڕشــتنی تیۆری ئیســلامی ســەلەفی خۆیــان، لەبەرامبــەر بەجیهانیبــوون دەوەســتنەوە و لــەوەڕا کــە ناتوانــن لەبەرامبــەر گەشــەی ڕوولەزیادبــووی زانیارییــەکان و پەرەســەندنی پەیوەندییەکانــدا، بەرگرییەکــی ســەرکەوتنانەیان هەبــێ و تووشــی شکســت دەبــن، پەنــا بــۆ توندوتیــژی دەبــەن. بــە چاوخشــاندنێك بــە جۆراوجۆریــی ئایینــی و ئــەو ناوچانــەی کــە داعــش تێیــدا چالاکــە، زۆرتــر لــەم بابەتــە دەگەیــن کــە پەیوەنــدی داعــش لەگــەڵ ئــەوان ئــەو ئامادەییــەی تێدایــە کــە توندوتیــژی و تێکهەڵچوونــی لێبکەوێتــەوە، هەرچەنــدە لــە هەنــدێ ناوچــەش ئەگــەری هاوڕێیەتــی و هاوڕایــی لەگــەڵ ئــەم گرووپــەش بەدیدەکــرێ (میلانــی، 1393: 2).
کەڵکوەرگرتنــی لەڕادەبــەدەری داعــش لــە کــردەوەی توندوتیژانــە دەکــرێ تاڕادەیــەك بــۆ تیۆرییەکانــی پاشداگیــرکاری بگێڕینــەوە. ئــەوان لــەو بڕوایــەدان کــە لــە ســەردەمی داگیــرکاری، ســەلامەتی دەروونیــی بەکۆلۆنیکــراو خەوشــدار دەبــێ و لــە تەناهــی و ئاسوودەیی بەتاڵدەبێتــەوە، لــە قۆناخــی خۆدۆزینــەوە و ســەرکەوتنی دووبارە بەســەر خود و گەڕانــەوەی کەسایەتی بــۆ خۆیــان، بەهــۆی گرفتــە دەروونییەکانــەوە ناتوانــێ پەیوەندییەکی دروســت لەگــەڵ خــۆی و کەســی دیکــەدا ســازبکات . لــەم قۆناخــەدا ئــەو لایەنــی ئەرێنــی بــە کولتــووری نیشــتمانی دەدا و وەك ڕۆژئاواییــەکان پەنــا بــۆ هۆنینــەوەی هەقایــەت دەبــات . بەدگومانــی و دڕدۆنگــی لــە تایبەتمەندییەکانــی نەخۆشــێکن کــە هێشــتا کەســێتی خــۆی نەدۆزیوەتــەوە. (ئاریایینیــا، 1388: 17).

لەڕاستیدا، کولۆنیلێداو، هێشتا باوەڕی بە خۆی نییە، خۆی لە مەستی و شێتی دەدا، بەوهۆیەی کە لە پێویستیی گەڕانەوە بۆ رابردوو دڵنیا نییە، بەتووندی پێداگیری لەسەر رابردوو دەکات، لەوەڕا کە ئەرخەیان نییە کە کەسانی دیکە رازی بکات، پەنا بۆ دنەدانەکان دەبات، بە جۆرێك بەدگومانی بنەمایی پێیوایە بەرامبەرەکەی نیازی دووژمنانەی هەیە. دوای ئەم بەدگومانییە دژکردەوە نیشاندەدا. چاوەڕوانی پشتڕاستکردنەوەی لە هاوڕێیانی خۆی هەیە، تەنانەت دەرهەق بەوەی لێشی بەگومانە یان ئیدانەی دەکات. لەوەڕا کە ساڵانێکی زۆر بێبەشیی مێژوویيان چەشتوە، بە نیگەرانییەوە راوێژێکی ئەربابانە بە داخوازییە مێژووییەکانی خۆی دەبەخشێ. (هەمان، 19).

بەسەرنجدان بەم بەشە لە تیۆرییەکانی پاشمودێرن، دەکرێ بەشێك لە توندوتیژییە نوێنراوەکان لەلایەن داعشەوە، رەپاڵ کاریگەرییە دەروونییەکانی داگیرکاری بدرێن . کەسی بەکولۆنیکراو، سەرەڕای گشت ئەو رەخنانەی کە لە پرۆسەی داگیرکاری و داگیرکەر هەیەتی، بەڵام لە کردەوەدا، خۆیشی وەك ئەوان دەجووڵێتەوە. ئەو ناتوانێ لەنێوان ئەوەی کە بووە و ئەوەی کە دەیەوێ ببێ، بەدروستی جیاوازی دابنێ و لەڕاستیدا تووشی جۆرێك قەیرانی ناسنامە بووە. لەڕاستیدا، بەکولۆنیکراو لە سەرەکیترین مافی کەسێك واتا ناسنامە، بێبەشە و ئەم بێبەشییەیە کە ئەو بەرەو ئاقارێك دەبا کە بتوانێ بۆ خۆی و بۆ کەسانی دیکە ناسنامە چێبکا و لەم رێیەدا لە هیچ ناپرینگێتەوە. گەرچی داعشییەکان بۆ زۆریك لە کردەوە توندوتیژەکانیان، بە لەقەمی دین، پاساوی بەهامەند دادەتاشن، بەڵام زۆر لە کردەوەکانیان نە تەنیا پاساوی ئایینی نییە، بەڵکو هیچ پاساوێکی مرۆییشی نییە.

هەر بەوجۆرەی کە پێشتر ئاماژەی پێکرا، زۆر لەم دژایەتی و توندئاژۆییانە دەگەڕێتەوە بۆ سیستمە سیاسییەکانی وڵاتانی دەورووبەر. توندئاژۆیی دینی کە وەك بنەڕەتخوازی ناوی دەبەن لە بۆشایی گوتاری سیاسی ـ هزریدا گەشەدەکا کە ئۆتۆریتەخوازیی دەوڵەت، پێش بە باس و تاووتوێی کێشە ئاڵۆزە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان بە شێوازی لۆژیکی دەگرێ. لەراستیدا، ترس و خۆفنانەوەی دەوڵەت دەبێتە هۆی ترس و خۆفخستنەوەیەکیتر لەلایەن ئەو کەسانەوە (کامرەوا، 1388: 348).

رێکخراوی نەتەوەکان، لە راپۆرتێکدا پێڕستێکی لە کردەوەی توندوتیژانە و خۆفهێنی داعش بڵاوکردەوە. ئەو راپۆرتە پشتی بە پێنجسەد کەس لە شایەتحاڵ و قوربانیانی ئەم گرووپە توندوتیژخوازە بەستووە. لەم راپۆرتەدا هاتووە: "هێرشەکانی گرووپی

داعش و گرووپە چەکدارەکانی بەستراوە بە ئەو، بریتییە لە پەلاماری راستەوخۆ بۆ سەر کەسانی مەدەنی، کردنە ئامانجی ژێرخانە ناسەربازییەکان، ئێعدام و قەتڵی مەبەستداری مەدەنییەکان، رفاندنی خەڵك، دەستدرێژی و شێوەکانی دیکەی توندوتیژیی جنسی و فیزیکی دژی ژنان و منداڵان، ناچارکردنی منداڵان بۆ کاری زۆرەملێ، لەنێوبردن و خاپوورکردنی شوێنە ئایینی و فەرهەنگییەکان و بەتاڵانبردنی سەروسامانی هاووڵاتیان".
بەپێی راپۆرتی رێکخراوی نەتەوەکان، رفاندنی بەکۆمەڵی ژنان و کچان و کەڵکوەرگرتن لە منداڵان وەك چەکدار، نموونەی بەرچاوی تاوانی جەنگیی رێکخراوەیین.
لەو نموونانەی کە لە راپۆرتی رێکخراوی نەتەوەکاندا، بەراشکاوی ئاماژەی پێکراوە، ئەوە بوو کە لە سەرەتاکانی مانگی ئووتی 2014دا، تیرۆریستەکانی داعش پەلاماری ئاواییەکی گچکەی ئێزدی‌نشینیان لە ناوچەی شەنگال دا و پاش داگیرکردنی، ژنەکانیان بەرەو بەندیخانەی بادووش لە موسڵ راگواست. سەدان ژن و کچی دیکەش بۆ ناوەندێکی سەربازیی ئەم گرووپە لە تەلەعفەر لە پارێزگای موسڵ راگوێزران. لەم ناوچەیەدا، گرووپێك پیکهاتوو لە 150 ژن و کچ کە زۆربەیان ئێزدی یان مەسیحی بوون، هەڵبژێردران و بۆ سووریا بەرێکران، تا وەك "پێشکەشی" بیانخەنە بەردەستی تیرۆریستەکان یان وەك کۆیلەی جنسی فرۆشران. ئەم دەستەیە لە قوربانیان، زیاتر لە گۆرەپانی شەرەکاندا بۆ یەکجار باسیان دەکرێ و لە رێککەوتنەکانی دوای شەڕیشدا هەندێجار لەبیردەبرێنەوە. بەپێی ئەم راپۆرتە تا کۆتایی مانگی ئووتی 2014، 2500 کەس لە خەڵکی ناوچەکانی باکووری عێراق لە شەنگال، تەلەعفەر، موسڵ و شیرخان لەلایەن داعشەوە رفێنراون کە زۆربەیان لە ژنان و کچان پێکدێن. هەروەها راگەیەنرا "تا ئووتی 2014، نزیکەی 1/8 میلیۆن عێراقی بەهۆی توندوتیژییە روولەزیادبوونەکانەوە ئاوارە بوونە". ئەوە لەکاتێك دایە کە راپۆرتەکەی رێکخراوی نەتەوەکان، گۆڕانکارییەکانی نۆڤەمبەری 2014ی لەخۆنەگرتووە.
رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە راپۆرتەکەی خۆیدا ئاماژە بەوەدەکا کە داعش کردەوەی جینایەتکارانەی زۆر بەدژی کەمینە ئەتنیکی و ئایینییەکانی عێراق ئەنجامدەدا کە کوشتن ، ئازاردانی جەستەیی و جنسی، بەتالان بردن، تێکوپێکدانی کەرەستەکان، تێکدانی بینا ئایینی و کولتوورییەکان، گۆڕینی بەناچاری ئایین و پێشگرتن لە دەسپێڕاگەیشتن بە خزمەتگوزارییە سەرەتاییە مرۆییەکان لەخۆدەگرێ. (ببری گنبد، 1393: 2).
داعش لەو دەگمەن گرووپە تیرۆریستییانەیە کە توانایی کاری رێکخستن، بنیات‌سازی و

حکومەتداری هەیە. لە ئێستادا زیاتر لە 8 ملیۆن کەس لەژێر دەسەڵاتی ئەم گرووپەدا دەژین و بەرینایی خاکی داگیرکراو لەلایەن ئەم گرووپەوە زیاتر لە پێگەڕی جوگرافیایی بەلجیکا و ئۆردۆنە. بەمدواییە راپۆرتێك لەم بابەتەدا لە گۆڤاری (فۆرن پۆلیسی)یەوە بڵاوبووەوە کە بەپێی بەڵگە و نیشانەکان، داعش سەرووتر لە گرووپێکی تیرۆریستیی رووتەوە جێدەگرێ. گرووپە تیرۆریستییەکان زیاتر لە پێگە و ئەندامی نەگۆڕ و دیاریکراو بەهرەمەندن و زۆرتر بەپێی پەیڕەوی لە رێبازیکی هاوبەش، یەکگرتوویی ناسنامەیان هەیە. ئەوە لە کاتیك دایە کە داعش خاوەنی هێز و رێکخستنی یەکگرتوو، پێتەختی سەربازی و ئابووری، لێدانی سککە، وەڕێخستنی قوتابخانە و زاکۆیە. ئەم فاکتەرانە ناوبردنی ئەم گرووپەی وەك گرووپێك تیرۆریستی دژوار کردووە.

## ئاکامگیری

بێگومان سەرهەڵدانی گرووپە تیرۆریستییەکانی وەك داعش لە ناوچەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست، وەك رووداوێکی نوێ لەم ناوچە پڕهەورازونشێوە ناژمێردرێ. چونکە گرووپگەلێکی وەك رێکخراوی قاعیدە پێشینەیەکی زۆرتریان لە توونداژۆیی و تیرۆریزم لە ناوچەدا هەیە. سەبارەت بە شێوەگرتنی ئەو گرووپانە و لێکەوتەکانیان، تیۆری جۆراوجۆر خراونەتەڕوو. بەپێی مودێلێ کە لەم وتارەدا هاتووە، بگۆڕگەلێکی زۆر لە بیچمگرتنی ئەم گرووپە و کردەوە توندوتیژییە بێوێنەکانی ئەواندا، رۆڵیان هەیە. بگۆڕی سیستمی جیهانی بەنۆرەی خۆی پاساودەری زۆر لەم بگۆڕانەیە. بیچمگرتنی کۆلۆنیالیزم و دواتر بەرخۆدانی نەتەوەکان لەبەرامبەریدا لەژێر کاریگەری وەها سیستمێك دایە. لەلایەکیترەوە بوونی سیستمە سیاسییە بەستراوە و دیکتاتۆرئاساکان لەنێو وڵاتانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست و سیستمە جیاکارەکانی وڵاتانی رۆژئاوا، هەموویان کاریگەرییان لە بیچمگرتنی ئەم گرووپانەدا هەیە. لەراستیدا، سەرچاوەی تەواوی ئەم بگۆڕانە دەگەڕێتەوە بۆ سیستمی جیهانی. بەهۆی مودێلی ئابووریی سیستمی جیهانییەوەیە کە وڵاتانی ناوەندی پاساوێك بۆ داگیرکردنی وڵاتانی دەورووبەر دەدۆزنەوە. لەلایەکیترەوە، وڵاتانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە سیستمە سیاسییە نادیمۆکراتیکەکانیانەوە یان بەواتایەکیتر سیستمە کۆجێییخوازە تارێنەرەکان، سەرکوت بە ئامرازێکی پێویست بۆ مانەوەی خۆیان دەزانن و خەڵکەکەیان لە کەمترین مافە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان بێبەشن. بوونی ئامارێکی زۆر لە حوزووری خەڵکی وڵاتانی

ڕۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت و عەرەبـی لـە نـاو ئـەم گرووپـە تیرۆریسـتیانەدا، سـەلمێنەری ئـەم ئیددیعایەیـە. لەلایەکیـترەوە، سیسـتمە سیاسـییە جیاکاریخوازەکانـی ڕۆژئـاوا، بـۆ کەمایەتییـە دینـی و ڕەنگینپێسـتەکان سـنووردارەتی سیاسـی و کۆمەڵایەتـی زۆر دادەنێـن و ئەوانـی خسـتۆتە نـاو قەیرانـی توونـدی ناسـنامەوە.
هەمـوو ئـەو هۆکارانـەی کـە هاتنـە بەربـاس، لـە مودێلـی ئـەم توێژینەوەیـەدا لەگـەڵ بەڵگە و نموونـە بابەتییەکانـدا وەك یـەك دێنـەوە. بوونـی وڵاتانـی وەك سـعودیە و توونـس بـە هەمـان شـێوازی سیسـتمی سیاسـیی دیکتاتۆرئاسـایانە کـە لـە مودێلەکـەدا هاتنەبەربـاس و بوونـی کەسـانێکی زۆری نـاو ئـەو دوو وڵاتـە لەنێـو گرووپی داعشـدا، دروسـتیی ئـەم مودێلە پشتڕاسـتدەکەنەوە. هەروەهـا وڵاتانـی ڕۆژئاوایـی وەك بەریتانیـا، بەلجیـکا و فەرەنسـا لـەو وڵاتانـەن کـە سیسـتمی سیاسـی جیاکارانەیـان هەیـە و خەڵکێکـی زۆری ئـەو وڵاتانـەش چوونەتـە ریـزی داعشـەوە . لەڕاسـتیدا داعـش بـە پشتبەسـتن بـە قەیرانـی ناسـنامە کـە ئـەم وڵاتانـەی داگرتـووە و بەکەڵکوەرگرتـن لـە میدیـا و تـۆڕە کۆمەڵایەتییـە نێونەتەوەییـەکان و پڕوپاگەنـدەی ئایدۆلـۆژی، کەسـەکان بـەرەو خـۆی ڕادەکێشـێت . ئەندامانـی ئـەم گرووپـە، بەهـۆی هەسـتی نەبەسـتراوەیی بـە وڵاتێکـی تایبـەت و ئەزموونـی ژیـان وەك هاووڵاتـی پەراوێزخـراو و پلـە دوو، بـەردەوام هەسـت بـە بێبەشـییەك دەکـەن کـە لـە ڕێگـەی توندوتیـژی نواندنـەوە لـە هەوڵـی قەرەبووکردنـەوەی دان.
لـە دۆخێکـی بەوشـێوەیەدایە کـە کەسـە بێبەشـەکان لـە سەرانسـەری دونیـا بـەدوای قارەمـان یـان قارەمانانێکـەوەن کـە ئـەوان لـە وەهـا دۆخێـك دەربێنـن یـان لانیکـەم مزگێنـی ژیانێکـی سەربەسـت و بـەدوور لـە جۆرەهـا سـەرکوت و سـووکایەتیی کۆمەڵایەتیـان بدەنێ. ژمارەیەکیـش لـەم توێـژە بێبەشـانە، دەنـگ هەڵدەبـڕن و خەڵکـی لـە سەرانسـەری جیهـان بـۆ خڕبوونـەوە لەژێـر ئاڵایەکـی یەکدەسـت، بانگهێشـت دەکـەن.
بـۆ گەیشـتن بـەم ئامانجـە گەورەیـە کـە تامـەزرۆی زۆری لـە سەرانسـەری دونیـادا هەیـە، کـردەوەی توندوتیژانـە بەشـێوەیەکی چاونەترسـانە ئەنجـام دەدرێ کـە زۆربـەی جـاران پاسـاوی ئایدۆلۆجـی بـۆ دێننـەوە. هەڵبەتـە بەوجۆرەیکـە لـە تیۆریـی گێـردا هاتـووە، سـەرچاوەی ئـەم توندوتیژییانـە تـەواوی ئـەو هۆکارانەیـە کـە هەسـتی بێبەشـیی لـە تاکەکانـدا پێکدێنـن.
لەراسـتیدا، دەکـرێ ئەمجـۆرە توندوتیژییـە وەك ناڕەزایەتـی بـەو چەرمەسـەری و مەینەتییانـەی کـە تووشـی ئـەو کەسـانە بـووە، چـاوی لێبکـرێ. بەوحاڵـەش ناکـرێ ئـەم توندوتیژییانـەش تەنیـا ڕەپـاڵ گرووپـە ڕادیکاڵـەکان بدەیـن. چونکـە ئـەم کەسـانە لـە

ڕەوگـەی کۆمەڵگەپەژرانـی و کولتوورپەژرانیـی خۆیانـدا، لـە ناخـی کۆمەڵگەیەکـدا ژیـاون کـە یـان بەهـۆی وڵاتانـی داگیرکـەرەوە لەبـەردەم توندوتیژیـدا بـوون و یـان بەهـۆی حکومەتـە ئۆتۆریتەخـواز و جیاکارەکانی خۆیـان، توندوتیژییـان بەرامبـەر کـراوە. کـردەوەی توندوتیژانـەی ئەمـڕۆی ئـەم گرووپانـە، کاردانـەوە و ڕەنگدانـەوەی توندوتیـژی داسـەپاو بەسـەر ئـەم کەسانە لـە مـاوەی مێـژوودا بـووە.